# چەند باسێکی وردی زمانەوانی کوردی

بەرگی یەکەم

عەبدوڵڵا حوسێن رەسول

# ئەرکەکانی مۆڕفیمی ( ە ) لە زمانی کوردیدا

## توێژینەوەیەکی مۆڕفۆسینتاکسیە

هەواڵنامەی کتێب

پرۆفیسـۆر دکتۆر

عـەبدوللا حوسـێن ڕەسـول

ئەم توێژینەوەیە یەکەم جار لە ژمارە ( ١ )ی گۆڤاری ( سابات )ی بەشی کوردیی کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەددین، بەهاری ( ٢٠٠٥ ) لاپەڕە ( ٣٨-٤٠ ) و دواتر لە لاپەڕە ( ١٦ )ی ڕۆژنامەی ( هەرێمی کوردستان )، ژمارە ( ١١٨ )، ڕۆژی پێنجشەممەی ڕێکەوتی ١٩٩٧/٧/٢٤، بڵاوکراوەتەوە.

# ﴿ئەرکەکانی مۆرفیمی (ە) لە زمانی کوردیدا﴾

هەمو وشەیەك واتایەکی گشتیی فەرهەنگی هەیە، بەڵام زۆر جار ئەم واتایە بە پێی ڕەوتی ئاخاوتن ئەگۆڕێ. واتا جۆراوجۆرەکانی زمان هەڵگیراون و لە بەکارهێنانی جیا جیادا، وردە واتاکان دەرەکەون.

واتای گشتیی مۆرفیمی (ە)ش نیشاندانی نزیکیە، بەڵام لە ڕۆنانی جۆراوجۆردا، واتای جیا جیا ئەبەخشێ، کە هەمویان گەردانکراوی چەمکی نزیکین. وەك:

**١ــ نیشاندانی چەمکی نزیکی:**

ڕاناوی جیای کەسی سێیەمی تاك (ئەو/ئەم)ە، کە هێمایە بۆ کەسێکی دورتر لە کەسی یەکەم و دوەم، بەڵام بەهۆی خستنەسەری مۆرفیمی (ە)، نزیکتر ئەبێتەوە و چەمکی نزیکی ئەبەخشێ:

ــ ئەو/ ئەم هات. ← ئەوە/ ئەمە هات.

ئەتوانرێ، فرێزە ناویەکە فراوانتر بکرێ:

ــ ئەو تابلۆمان هەڵبژارد. ← ئەو تابلۆیــەمان هەڵبژارد.

ــ پاسەوانەکە ئەو دزی گرت. ← پاسەوانەکە ئەو دزەی گرت.

**٢ــ چەمکی بەســتنەوە:**

ئەم مۆرفیمە ئەتوانێ، دو وشە لە یەك نزیك بکاتەوە و بە یەکیان ببەستێتەوە:

ــ گوڵ + گەنم ← گوڵــەگەنم، مێرگ + سور ← مێرگــەسور.

ــ گێل + پیاو ← گێلــەپیاو، شۆڕ + ژن ← شۆڕەژن.

هەروەها ئەم مۆرفیمە ئەتوانێ، دو بەشی ڕستە لەیەك نزیك بکاتەوە و بە یەکیان ببەستێتەوە:

ــ ئەچم + هەولێر ← ئەچمــە هەولێر.

ــ بەردێکم هاوێشت + گۆمەکە ← بەردێکم هاوێشـــتــە گۆمەکە.

**٣ــ چەمکی ناســـانـدن (ەکە):**

نیشانەی ناساندن، تاکە مۆرفیمێك نیە، بەڵکو لە دو مۆرفیمی (ە) و ناوێك پێکهاتوە:

فرێزی ناوی + مۆرفیمی نزیکی (ە) + دەنگێکی تاوبڕ (کـ) + مۆرفیمی نزیکی (ە):-

أ ــ (ە)ی **مۆرفیمی نزیکیی یەکەم**، ئەرکی نزیککردنەوە و دەستنیشانکردنی فرێزە ناویەکەی لە ئەستۆدایە. واتە؛ فرێزێکی ناوی لەناو هەمو فرێزە ناویەکانی تر، بۆ سەر شاشەی مێشك

نزيك ئەكاتەوە و لە پەردەی بیر تۆماری ئەكا. بۆ نمونە، كە وترا: (كـــورە هـــات، شـــوانـــە چـــو، دزە گـــيـــرا....)، لێرەدا، بە هۆی مۆرفیمی (ە)، كوڕێك لەناو هەمو كوڕان، شوانێك لەناو هەمو شوانان، یان دزێك لەناو هەمو دزان.... نزیك ئەكرێتەوە و لە مێشكی گوێگردا تۆمار ئەكرێ.

ب ــ (ە)ی مۆرفیمی نزیكیی دوەم، جارێكی تر هەمان شت (فرێزە ناویەكە)، نزیك ئەكاتەوە و لە شوێنی پاشەكەوتكردن و تۆماركردنی دەرینەهێنێتەوە و ئەیخاتەوە سەر پەردەی بیری گوێگر، بۆ بەكاربردنی. (كوڕەكە/ شوانەكە/ دزەكە)، واتە؛ (ئەو كوڕە/ شوانە/ دزەی ئێمە ئەیزانین).

ج ــ دەنگی (كـ)، كە لە نێوان ئەو دو بزوێنەدایە، ناوبڕە و ئەركێكی دەنگسازیی هەیە، كە لەیەك دابڕینی دو بزوێن و ئاسانیی گۆكردنیانە.

**٤ ــ چەمكی كاتی ئێستا:**

نزیكترین كات، دەمی ئاخاوتنە و پێی ئەوترێ (كاتی ئێستا). كە بە مۆرفیمی (ە) ئاماژەی بۆ كراوە. ئەم مۆرفیمە لەبەرئەوەی بزوێنێكی كورت و بێهێزە، كەم بە تەنیا دەرەكەوێ، بەتایبەتی چونكە كار لە زمانی كوردیدا، یا مۆرفیمی كاتی ڕابوردو (ا/ت/د/ی/و)یان لەگەڵدایە، یا مۆرفیمی كاتی داهاتو (ێ/Ø). مۆرفیمی كاتی داهاتو (ێ/Ø) و مۆرفیمی كاتی ئێستا (ە/ Ø)، جگە لە هەندێ شوێنی تر، بەردەوام بواری بەتەنیا دەركەوتنیان لە كاتێكدا ئەبێ، كە ڕاناوی لكاو لە ئاستی سەرەوەدا دەرنەكەوێ و وەك مۆرفیمی سفر (Ø) خۆی بنوێنێ. بۆ نمونە، لە ڕستەی هەواڵدان:

{فرێزی ناوی + ڕەگی چاوگی بون (Ø) + مۆرفیمی كاتی ئێستا (ە) + ڕاناوی لكاوی كەسی سێیەمی تاك (Ø)}

ــ پیاو + Ø + ە + Ø ← پیاوە.

ــ زیرەك + Ø + ە + Ø ← زیرەكە.

ئەوە لە بارێكدا، كە ڕاناوی لكاو، كەسی سێیەمی تاك بێ ە وەكو سفر (Ø) دەرنەكەوێ، بەڵام لە كەسەكانی تر، ڕاناوی لكاو دەرەكەوێ و لە ڕوی دەنگسازیەوە كار ئەكاتە سەر ئەو بزوێنە كورتە و ئەسوێ:

{فرێزی ناوی + ڕەگی چاوگی بون (Ø) + مۆرفیمی كاتی ئێستا (ە) + ڕاناوی لكاو(م/ی/ین/ن)}

ــ پیاو + Ø + Ø + م/ی/ین/ن ← پیاوØ م/ی/ین/ن.

ــ زیرەك + Ø + Ø + م/ی/ین/ن ← زیرەكـØ م/ی/ین/ن.

بەڵام ئەگەر ڕەگی چاوگی (بون) لە ئاستی سەرەوەدا دەرکەوێ، ڕستەکە لە هەواڵدان ئەگۆڕێ بۆ فەرماندان، کەسەکەش لە سێیەمی تاك ئەگۆڕێ بۆ کەسی دوەمی تاك و یاسای داڕشتنی ڕستەی فەرماندانەکە بەم شێوەیە:

{فرێزی ناوی + ڕەگی چاوگی بون (بـ) + مۆڕفیمی کاتی ئێستا (ە) + ڕاناوی لکاوی کەسی دوەمی تاك (Ø)}

ـــ پیاو + بـ + ە + Ø ← پیاو بە.

ـــ زیرەك + بـ + ە + Ø ← زیرەك بە.

دیسان ئەگەر ڕاناوی لکاو (ن)، بۆ کەسی دوەمی کۆ دەرکەوێ، دەنگی (ە) کە مۆڕفیمی کاتی ئێستایە ئەسوێ:

ـــ پیاو + بـ + Ø + ن ← پیاو بـØـن.

ـــ زیرەك + بـ + Ø + ن ← زیرەك بـØـن.

(ە)ی مۆڕفیمی کاتی ئێستا، لەگەڵ مۆڕفیمەکانی تری کاتیش ئەرکی خۆی ئەنجام ئەدا. بۆ نمونە:

هەواڵنامەی کتێب

۱ـــ ڕانەبوردو:

{مۆڕفیمی کاتی ئێستا (ە) + ڕەگ + مۆڕفیمی کاتی داهاتو (ێ/ Ø) + ڕاناوی لکاو (م/ی/Ø/ین/ن/ن)}

ـــ ە + ســوتــ + ێ + م/ی/Ø/ین/ن/ن ← ئەســوتـێـم/ی/Ø/ین/ن/ن.

ـــ ە + نـوســ + ێ/Ø + م/ی/Ø/ین/ن/ن ← ئەنـوسـØم/ئەنـوسـØی/ئەنـوسـØێ.....

بواری کارکردنی ئەم دۆخە لە ئێستا بەرەو داهاتوە.

۲ـــ ڕابوردوی بەردەوام:

{مۆڕفیمی کاتی ئێستا (ە) + ڕەگ + مۆڕفیمی کاتی ڕابوردو (ا/ت/د/ی/و) + ڕاناوی لکاو (م/ی/Ø/ین/ن/ن)}

ـــ ە + ســـوتــ + ا + م ← ئەســـوتـــام.

ـــ ە + چــ + و + Ø ← ئـەچـــوØ.

ئەوە بۆ تێنەپەڕ، بەڵام بۆ تێپەڕ:

{مۆڕفیمی کاتی ئێستا (ە) + ڕاناوی خاوەنی (بکەر) + ڕەگ + مۆڕفیمی کاتی ڕابوردو + ڕاناوی ڕێککەوتن (بەرکار)}

ـــ ە + مانـ + گر + تـ + ی ← ئەمانگرتی.

ـــ ە + یانـ + خوێنـ + د + Ø ← ئەیانخوێندØ.

**٣ـــ ڕابوردوی تەواو:**

**{ئاوەڵناوی کراو + مۆرفیمی کاتی ئێستا (ە) + ڕاناوی لکاو}.**

**واتە؛ {ڕابوردوی سادە + مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراو (و) + مۆرفیمی کاتی ئێستا + ڕاناوی لکاو}.**

**واتە؛ {ڕەگ + مۆرفیمی کاتی ڕابوردو + مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراو (و) + مۆرفیمی کاتی ئێستا + ڕاناوی لکاو}.**

**ـــ وەستـ + ا + و + ە + Ø ← وەستاوەØ.**

**ـــ بـو + و + ە + Ø ← بووەØ.**

**ـــ مـر + د + و + ە + Ø ← مردوەØ.**

**هەروەها مۆرفیمی (ە)، ڕۆنانی ئامرازی (ە+و+ە←ەوە)ی دوپاتیش ڕۆڵی خۆی ئەبینێ، کە (و) مۆرفیمی دوریە و هێمایە بۆ جاری یەکەمی ڕودانی کارەکە و (ە)ی کۆتاییش هێمایە بۆ دواجاری ڕودانەکە، بەڵام (ە)ی یەکەم، فرێزە کاریەکە و هەردو جارەکەی ڕودان کە لە (و+ە←وە)دا خۆی ئەنوێنێ، بەیەکەوە ئەبەستێتەوە.**

**ـــ هاتم⁀وە⁀هاتم ← هاتم + وە ← هاتم+ە+وە ← هاتمەوە.**

**واتە؛ ئەرکی مۆرفیمی (ە) یەکەم کە واتای نزیکی ئەدا، نزیکردنەوە و بەستنەوەی هەردو جاری ڕوداوەکەیە، پێشتر و ئێستا. ئەرکی مۆرفیمی (و)، کە واتای دوری ئەدا، ئاماژەکردنە بۆ هەبونی پێشتری ڕوداوەکە و ئەرکی مۆرفیمی (ە)ی دوەم کە هەمان واتای نزیکی ئەدا، ئاماژەکردنە بۆ ئێستای ڕوداوەکە یان جارە نزیکەکەی ڕوداوە کە دوبارە بوەتەوە.**

## ناوەڕۆك

بـــــابـــــــەت لاپەڕە

پێشەکی
بەشی یەکەم: پێناسەی ڕستە
بەشی دووەم: دارشتنی ڕستە
بەشی یەکەم: کار
جۆرەکانی کار
یەکەم: ڕەگی کاری تێنە پەڕ
تێنە پەڕی بکەری
تێنە پەڕی بەرکاری
دوەم: ڕەگی کاری تێپەڕ
بەشی دوەم: پێویستیەکانی کار
أ/ پێویستیە سەرەکیەکانی کار
١/کات
ستونی کاتی ڕابوردو
یاسای ڕۆنانی کاری ڕابوردو
١-ڕابوردوی سادە
٢-ڕابوردوی تەواو
٣-ڕابوردوی بەردەوام
٤-ڕابوردوی دور
ستونی کاتی ڕانەبوردو
١-ئێستا
٢- داهاتو
٣- ڕانەبوردو
٢/توخمەکان ( ڕاناوە لکاوەکان )
یەکەم: دەستەی ڕێککەوتن

دوةم: دةستةى خاوةنى
بةشى سيَيةم: بةشة ناسةرةكيةكانى رِستة
بةشى ضوارةم: رِستة و بةشةكانى ناخاوتن
نةخشةى بةشةكانى رِستة
ئةنجامةكان
سةرضاوةكان
ملخص **البحث**

# ڕستە١

## پێشەکی:

**لەم چەرخەدا هەر زانستێك زۆر لق و پۆپی لێ ئەبێتەوە و لە توانای هیچ مرۆڤێکدا نیە، شارەزای هەمو زانستەکان بێ، تەنانەت شارەزایی تاکە زانستێکیش بەتەواوی کارێکی ئاسان نیە، بۆیە، کاری زانا ئەوەیە، پسپۆری و تاییەتمەندی لە لە زانستێك یان لقێکی پەیدا بکا. پسپۆری و تاییەتمەندیش لە زانستێك واتە، دۆزینەوەی کەرەسەکانی و لێکۆڵینەوەیان و دەرخستنی چۆنیەتیی کارکردن و پەیوەندیی نێوانیان و توخمەکانی تر. لێکۆڵینەوەش بە زۆری لە سێ ڕوەوە ئەکرێ، مێژویی: واتە، چۆنیەتیی دروستبون و پەرەسەندنی کەرەسەکە. ئێستایی: واتە، چۆنیەتیی پێکهاتن و کارکردنی کەرەسەکان. بەراورد: واتە، بەرامبەرکردنی کەرەسە هاوشێوە و جیاوازەکان و دەرخستنی لایەنی لێکچون و جیاوازییان.**

**لە کۆندا، فەیلەسوف تاکە کەسێك بو کە شارەزایی لە هەمو بوارە زانستیەکان هەبو، چونکە زانستەکان هێشتا چڕ و فراوان نەبون، ئەبێ نکۆڵیش لەوە نەکەین کە بەرهەمی فەیلەسوفەکان بو، زەمینەیان بۆ سەرهەڵدانی زانایان خۆشکرد. بۆ نمونە، ئەفلاتون و ئەرستۆ لەو باوەڕەدا بون، - سروشتی هەستپێکراو دیمەنێکی سەرپێی ڕاستیە هونەریەکانی بنچینەییە، کە مرۆڤ بە سەرنجدان تێیان ئەگا، بە پێچەوانە، هیراقلیتس لەو باوەڕە بو- هیچ ڕاستییەکی بنچینەیی لە ئارادا نیە و جیهان لە گۆڕانێکی بەردەوام دایە(١-٧١)، کەواتە، هەمو زانیارییەك کاتیە و بەردەوام لە پیشکەوتندایە و هەرگیز ڕاستیی تەواو**

**١ لەم توێژینەوەدا مەبەستمان لە ڕستە، ڕستەی سادەیە بەگشتی و سادەترین ڕستەی کوردی بە تاییەتی. مەبەستیش لە سادەترین ڕستەی کوردی، ئەو ڕستانەن کە لە شێوەی وشەیەکدا دەردەکەون.**

دەستناکەویّ. بۆیە ناکریّ تویّژەر دەستبەرداری بەرهەمەکانی پیّش خۆی بیّ، وەك نیوتن ئەڵیّ: (ئەگەر من لە زانا مەزنەکانی پیّش خۆم پتر ببینم، هۆی ئەوەیە، من لەسەر شانی ئەوان وەستاوم)، بۆ ئەوەی- وەك هیراقلّیتس ئەڵیّ- (دوجار لە ڕوبارێکدا هەنگاو نەنیّین) (١-٧٠).

لە بەشی یەکەمدا: بە پیّناسەی ڕستە لای زمانەوانەکان ئەچینەوە و هەڵیانئەسەنگیّنین و لە کۆتاییدا پیّناسەیەکی نویّ ئەخەینەڕو.

لەبەشی دوەمدا: پیّناسە نوێیەکەی خۆمان شیئەکەینەوە.

لەبەشی سیّیەمدا: پیّویستیە ناسەرەکیەکانی ڕستە ئەخەینەڕو.

لەبەشی چوارەمدا: فراوانکردنی سادەترین ڕستە و گرنگیی بەشەکانی ئاخاوتن لەم ڕووەوە باسکراوە.

لە کۆتاییشدا: دەرەنجام و سەرچاوەکان و کورتەی عەرەبی و ئینگلیزیش پیّشکەشکراوە.

## بەشی یەکەم ــ پیّناسەی ڕستە:-

زمان دیاردەیەکی مرۆڤایەتیە و لیّکۆڵینەوە لەو سیستەمە کاریّکی ئاسان نیە، بۆیە زۆربەی قوتابخانە زمانەوانیەکان پەنا ئەبەنە بەر لیّکۆڵینەوەی ڕستە لەبری ئاخاوتن، بەڵام چەمکی ڕستە چەمکیّکی ڕون نیە و پیّناسەکردنی کاریّکی ئەستەمە(٢-٢٨٢)، بە تایبەتی پیّناسە، چونکە پیّناسە پوختەی دەرەنجامی ڕاستی ئەو چەمکانەیە، کە لیّکۆڵینەوە ئەیگاتیّ. هیچ پیّناسەیەکیش لە سەدا سەد ڕاست نیە. (٣-١٠). دەستنیشانکردنی کەموکوڕیەکانی هەر پیّناسەیەك و هەوڵدانی ڕاستکردنەوە و پڕکردنەوەی کەلیّنەکانی هەر پیّناسەیەك هەنگاویّك ئەو زانستە بەرەو پیّشئەبا.

ئەرکی زمانەوان دەستنیشانکردن و لیّکۆڵینەوەی کەرەسەکانی زمانە. ئەو کەرستانەی بەرجەستەین و ئەتوانریّ بپیّورێن، وەك: دەنگەکان، وشەکان و ڕستەکان، دەرەنجامی لیّکۆڵینەوەکانیان ڕاستتر و زانستیانەتر ئەبیّ، بەڵام ئەو کەرستانەی بەرجەستەیی نین و یەکەی پیّوانیان نیە ، وەك: بیر و چەمك و واتا، دەرەنجامی لیّکۆڵینەوەکەیان ڕیّژەیی و نازانستی دەرەچیّ. بۆیە، ئەو پیّناسەی ڕیّزمانی دیّرین، کە پتر پشتیان بە واتا بەستوە، لەلایەن قوتابخانە زمانەوانیەکانی دوای خۆیان کەوتنە بەر ڕەخنە، بۆ نمونە، (ڕستە: زنجیرە وشەیەکە بیرۆکەیەکی تەواو دەرەخا) (٤-٥٧)، (ڕستە ئەم ئاخاوتنەیە لە دوو ووشە

یان پتر پەیدا ئەبێ و مەبەستێك ئەدا بەدەستەوە)(٥-١١)، (ڕستە : کۆمەڵە ووشەییکە کە بە شێوەیەکی تایبەتی ڕیز دەکرێن، هەموویان بەسەر یەکەوە واتایەکی تەواو دەبەخشن)(٦-٨). (پەیڤ: ئەو چەند گوتنێ کو دروستە مرۆڤ ل داویا وان ڕاوەستی، ژ بەر کۆ داخوازێ پێك تینن)(٧-٢)، ئەو ڕەخنانەی لەم جۆرە پێناسانە ئەگیرێن، لەو خاڵانە کۆئەکرێنەوە:-

١- پێناسەکان هەمو ڕستەیەك ناگرنەوە، ئەگەرچی ڕستەمان هەیە، لە پتر لە وشەیەك پێکدێ، بەڵام ڕستەشمان هەیە لە تاکە وشەیەك پێکدێ، وەك: هات، چو، ئەتانبینمەوە...

٢- ئایا (واتا) یان (مەبەست) چیە؟ چۆن ئەپێورێ و چۆن پێناسە ئەکرێ؟ جیاوازیی نێوان واتای تەواو و ناتەواو چیە؟ ئایا دەستەواژەیەکی وەك: گوڵێکی جوان، شاری قەڵا و منارە، گۆرانی شاعیری سروشت و دەرون... هتد. واتایان هەیە، یان نا؟ ڕستەن یان نا؟ بۆ؟...

(أ) لە ئەنجامی ئەم پرسیار و کەموکوڕیانە زمانەوانەکان کەلێنێکیان لەو پێناسانە دۆزیوەتەوە، ئەویش، ئاماژە نەکردنە بە بونی کار لە ڕستەدا و هەوڵیاندا، کەلێنەکە پڕبکەنەوە، ئەوەش هەنگاوێك ئەو زانستەیان بردە پێشەوە، وەك، (بەو کۆمەڵە واژەیەی کە بە کاری ئەهێنین، وە فرمانێکی لەتەکا ئەبێت و مەعنایەکی تەواو ئەبەخشێ، ئەڵرێ: ڕستە)(٨-١٥). (بەو کۆمەڵە وشەیەی کە بەکار ئەهێنین و مەعنایەکی تەواو دەبەخشێ و کارێکی تێدا دەبێت پێی دەگوترێت ڕستە)(٩-٤٤٥). (ڕستە: ئەو ئاخافتنەیە، کە کاری تێدایە و واتایەکی تەواو ئەبەخشێ)(١٠-٣٠١). (ڕستەی سادە: ئەو ڕستەیە کە تەنیا فرمانێکی تیا هەیە و مەعنایەکی تەواویش ئەبەخشێ)(١١-٤٨).

هەرچەندە ئەو جۆرە پێناسانە مەرجی بونی کاریان خستەڕو، بەڵام گرفتی کۆمەڵە وشە و واتای تەواو و دەرنەکەوتنی کار لە هەندێ ڕستەدا هەر مایەوە، دوای هەستکردنی زمانەوانەکان بەم کەموکوڕیە، بەتایبەتی بە کارتێکردنی قوتابخانەی ئەزمونگەریی دەرونناسەکان (مدرسة علم النفس التجريبي) کە هەوڵی فەرامۆشکردنی واتایان ئەدا، چونکە بە ڕای ئەوان (واتا ناکەوێتە بەر شیکردنەوەی وردی زانستیانە)(٢-٢٩٥)، و ڕستە بریتیە (لەو کاردانەوەی لای گوێگر دروست ئەبێ)(١٢-١٣)، بەڵام ئەم جۆرە پێناسەیە، زمانەوانی سودی لێ نابینێ، چونکە ئاماژە بۆ کەرەسەکانی ڕستە ناکا. ئەوەش زەمینەی بۆ زمانەوانەکان خۆشکرد کە ئەو جۆرە چەمکانە لە پێناسەکانیان پەردەپۆش بکەن، وەك: (ڕستە شێوەیەکی زمانی سەربەخۆیە)(٢-٢٨٨). (ڕستە ئەوەیە ڕۆنانی ڕستەسازی دروستبێ)(١٣-١١٢)، بەوەش گرفتەکە چارەسەر نەکرا، چونکە ئەرکی ڕستەسازی،

لێکۆڵینەوەی کەرەسەکانی ڕستەیە. زمانەوانە هاوچەرخەکان بۆ دۆزینەوەی هاوڕێکی لە نێوان زمانەوانیی نوێ و کەرەسە پێکهێنەرەکانی ڕستە، ڕویانکردە جۆرێکی تر لە پێناسە. وەك: ( هەمو ڕستەیەك لەسەر دو بنچینە دادەمەزرێ بەشی یەکەمیان پێی دەگوترێ ( نیهاد ) بەشی دوەمیان پێی دەگوترێ گوزارە. )( ١٤-٢٤ ). ( ڕستە ئەو پێکهاتەیە کە بەلای کەمەوە لە بکەر و کارێکی ڕێککەوتو پێکهاتوە )( ١٥-٩٦ ). ( ڕستە پێکهاتوە لە پاڵدەر و پاڵدراو )( ٢-٢٨٨ )، ( ڕستەی ئەفرە ئەو ڕستەیە دەگرێتەوە کە تەنێ لە بەشەکانی سەرەکی ڕستە سەرکار ( نیهاد Subject ) وە ( گوزارە Predicate ) پێك دێ ) ( ١٦-١٢٥ ).

ئەم جۆرە پێناسانە، ئەگەرچی هەندێ گرفتیان چارەکرد، وەك: فەرامۆشکردنی واتا و ئاماژەکردن بۆ پێکهاتەکانی ڕستە، بەلام هەندێ گرفتی لاوەکیان نایەوە، وەك:

١- ئایا لەم ڕستانەدا ( کوردم، مامۆستاین، جوانن،... ) کامە فرێزی ناویە ( نیهاد ) و کامە فرێزی کاریە ( گوزارە )؟

٢- ئەگەر لە ڕستەی ( دایکەکە خەوت )، ( دایکەکە ) فرێزی ناوی ( نیهاد ) بێ، و ( خەوت ) فرێزی کاری ( گوزارە ) بێ، ئایا لە ڕستەی ( دایکەکە منداڵەکەی خەواند )دا، ( منداڵەکە ) چیە؟

بۆ چارەسەری ئەم گرفتە دو ڕێگاچارەیان دانا :-

١- بەرکاریان دایە پاڵ بەشە فرێزی کاری ( گوزارە )( ١٧-٧٤ ):






٢- لەبری دابەشکردنی دوانی، دابەشکردنی سیانیش سەریهەڵدا(١٧-٧٥):-




بەوەش گرفتەکان بنەبڕ نەبون، چونکە:-

١- هەندێ ڕستە جگە لە بکەر و بەرکار و کار، بەرکاری ناڕاستەوخۆ و ئاوەڵناو و دیارخەر و ئاوەڵکاری کات و شوێن و چۆنیەتی و ... هتد. تێ ئەکەوێ.

٢- هەندێ ڕستە لە کوردیدا لە تاکە وشەیەك پێکدێن و هەمو کەرەسە پێکهێنەرەکانی ڕستەیان تێدایە، وەك: چو، نایبێ، هەیە، ئەگەڕێینەوە،... هتد. جگە لەمەش لە هەندێ ڕستەدا تەنیا فرێزی ناوی (بکەر/ بەرکار) لە ئاستی سەرەوە ( Surface Structure ) دەردەکەوێ، وەك: (پ: کێ نانی خوارد؟ و: ئازاد.) (پ: ئازاد چی خوارد؟ و: نان،...هتد).

بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنانە و دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەکی گونجاو، پێناسەیەك ئەخەینەڕو کە هەمو کەرەسە پێکهێنەرەکانی ڕستە ئەگرێتەخۆی و هەمو ڕاستیە زانستیەکانی زمانەوانی ڕەچاوئەکا: (ڕستە: بریتیە لە ڕەگی کار و پێویستیەکانی).

## بەشی دووەم ـــ دارشتنی ڕستە[2]:

بۆ شیکردنەوەی هەر پێناسەیەك، ئەبێ، یەك بە یەك وشەکانی ئەو پێناسەیە هەڵبسەنگێنین. لە پێناسەی (ڕستە: بریتیە لە ڕەگی کار و پێویستیەکانی). ڕستە دابەشی دو بەش ئەکەین، کە یەکەمیان: ڕەگی کار و دوەمیان: پێویستیەکانی ڕەگی کارە.

### بەندی یەکەم ـــ ڕەگی کار:

مەبەست لە (کار) ڕەگی کارە. (ڕەگی کاریش: بریتیە لەو مۆرفیمەی گۆڕانکارییەك دەرەخا). ڕەگی کار، سەرچاوەی هەمو ڕۆنانەکانی کارە و هەمو کارێکیش تەنیا یەك ڕەگی هەیە[3]، کە بریتیە لەو چاوگەی، (ن)ی چاوگ و مۆرفیمی کاتی ڕابوردو (پیتەکەی پێش نونی چاوگ)ی لێ کرتاوە:

ڕەگ = چاوگ – (نونی چاوگ + مۆرفیمی کاتی ڕابوردو)

واتە: چاوگ = ڕەگ + مۆرفیمی کاتی ڕابوردو + نونی چاوگ

ڕەگی کاریش مۆرفیمێکی بەندە و تەوەرەی سەرەکیی ڕستەیە و هەمو مۆرفیم و وشەکانی تر بە پێی پێویست بە دەوری ڕەگی کاردا ئەخولێتەوە.

### جۆرەکانی کار:

ڕەگی کار، ئەو مۆرفیمەیە کە چەمکی ڕوداوێك ئەبەخشێ. واتە: واتای خودی کارەکە (ڕوداوەکە)، تەنیا بۆ ڕەگی کار ئەگەڕێتەوە. هەر چەمکێکی تر لە ناو فۆرمی کاردا هەبێ، وەك: (کات، کەس، دوپاتی، تێپەڕاندن، فەرماندان، بکەرنادیاری، ناکردن، ئاوەڵناوی کراو،... هتد) ئەگەڕێتەوە بۆ بونی مۆرفیمی تایبەت بەو چەمکە.

ڕەگی کارەکانیش لەناو خۆیاندا دو جۆرن:-

### یەکەم: ڕەگی کاری تێنەپەڕ:

ئەو ڕەگەیە، تەنیا توخمێك (کەس/ شت) وەرئەگرێ، ئەو توخمە ئەگەر بە خواست و ئارەزوی خۆی کارەکە ئەنجام بدا ، ئەبێتە بکەر، بەڵام ئەگەر کارەکە بەسەری دابێ و خۆی ئەنجامی نەدا ئەبێتە بەرکار، کەواتە تێنەپەڕ دو جۆرە:

---

٢ لەم توێژینەوەیەدا باسی ڕستەی ناسادە (لێکدراو و تێکەڵ) ناکەین، بۆیە، مەبەست تەنیا ڕستەی سادەیە.

٣ زمانەوانیی دێرین، بە هەڵە دو ڕەگیان بۆ کار دەستنیشان کردوە: ڕەگی ڕابوردو و ڕەگی داهاتو (ڕانەبوردو)، کە لە ڕاستیدا، کار تەنیا یەك ڕەگی هەیە و ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە ڕانەبوردودا بەسەر ڕەگی کاردا دێن، یان وشەسازین، وەك: (ناردن - نار - نێر، شاردنەوە - شار - شێر، ژماردن - ژمار - ژمێر)، یان دەنگسازی وەك: (کوشتن - کوش - کوژ، خواستن - خواس - خواز، نوستن - نوس - نوز)، یان هەردوکیان وەك: (ناشتن - ناش - نێژ، ڕشتن - ڕش - ڕێژ، گواستن- گواس - گوێز).

**١- تێنەپەڕی بکەری:-**

ئەو کارەیە، کە بکەری هەیە. واتە،تەنیا توخمێکی هەیە و توخمەکە بەخواست و ئارەزوی خۆی کارەکە ئەکا. ئەتوانێ، بیکا، یان نەیکا، یان هەرنەبێ، ئەتوانێ، پێش و دوای بخا. لەم جۆرە کارانەدا بیر بۆ بەرکار ناچێ. ئەمەش لە ئە نجامی ئەوەیە کە بەرکار لە خودی بکەردا تواوەتەوە.

لەم جۆرە کارانەدا تێبینی دو سەرنج ئەکرێ:-

أ/ دەرە نجامی کارەکە لە بەرژەوەندیی توخمی (بکەر)ە، بۆیە ئارەزوی ئە نجامدانی ئەکا.

ب/ ڕێژەی چاوگە (ا)ییەکان لە تێنەپەڕی بکەری کەمترە لە چاوگەکانی تری (ی، ت، د، و)یی، ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ جۆری دوەم (تێنەپەڕی بەرکاری). وەك لەم نمونانەدا دەرەکەوێ (ڕۆیشتن، چون، دانیشتن، چەقین، هەلـ/ ڕا/ وە/ ستان، خەوتن، نوستن، وەڕین، فڕین، سوڕانەوە، پاڕانەوە، جوڵانەوە، جەنگان، تۆران، خولانەوە، ...هتد)

**٢- تێنەپەڕی بەرکاری:-**

ئەو کارەیە کە بەرکاری هەیە و بکەری نیە. واتە، لە ڕوی ڕێزمانیەوە مۆڕفیمێك نیە، ئاماژە بۆ (بکەر) بکا. ئەشێ، لە ڕوی ژیربیێژیەوە (منطق) لیکدانەوەی بۆ بکرێ و بوترێ (هیچ کارێك لە خۆیەوە ڕونادا)، بەڵام ئەمە ئەرکی زمانەوان نیە٤، چونکە ئەگەر وابێ، بابەتەکە لە ڕستەسازی دەرەچێ و هەمو ناوێك ئەبێتە کارێك بۆ بکەرێکی پێش خۆی و ناو لە ئارادا نامێنێ(١٩-٢٦٨). لەبەرئەوەی بکەری ئەو جۆرە کارانە سروشتە، یا هۆ (وسیلة)یە، یان ئامێرە (٢٠-٢٤)...هتد، بیرت بۆ بکەر ناچێ. وەك: (کەوتن، خزین، پشکوتن، بارین، تەقین، ڕزین، کۆکین، پژمین، مردن، شکان، ڕژان، سوتان، دڕان، پسان، خنکان، بڕان، ترسان، کرتان، ڕمان، تکان، تاسان، بزڕکان، ترشان، قلیشان، ڕوخان، پچڕان، دامرکان، توانەوە، کوژانەوە، ڕوتانەوە، تلانەوە، زان، بۆرژان، پژان، خوسان، فەوتان، ...هتد).

لەم جۆرە کارانەدا، تێبینی دو سەرنجی پێچەوانەی جۆری یەکەم ئەکرێ:-

ا/ دەرە نجامی کارەکە لە بەرژەوەندیی توخمەکە (بەرکار)دا نیە، بۆیە ئارەزوی ئە نجامدانی کارەکە ناکا.

ب/ ڕێژەی چاوگە (ا)ییەکان زۆرە، تەنانەت زۆربەی چاوگە ئەلفیە تێنەپەڕەکان ئەگرێتەوە..

---

٤ ئەرکی زمانەوان: دەستنیشانکردنی کەرستەکانی زمان و لیکۆڵینەوەیانە، لیکۆڵینەوەکەش چ مێژویی بێ، چ ئێستایی (وصفی) و چ بەراوردی.

کاره تێنەپەڕەکانیش بکەری بێ، یا بەرکاری، تەنیا دەستە ڕاناوی ڕێککەوتن (م، ی، Ø، ین، ن، ن) وەرەگرن. لە تێنەپەڕی بکەری، ئەبن بە بکەر (هاتم، چوی، دانیشتØ، هەڵساین، تۆران،...) و لە تێنەپەڕی بەرکاری، ئەبن بە بەرکار (سوتام، کەوتی، مردØ، شکاین، ترسان،...).

**دوەم ــ ڕەگی کاری تێپەڕ:**

ئەو ڕەگەیە، کە ئاماژە بۆ ڕوداوێك ئەکا، کە ئەبێ دو توخم بەشداری بکەن بۆ ئەنجامدانی کارەکە: یەکەمیان ــ بە خواست و ئارەزوی خۆی کارەکە ئەبابەڕێوە، دەسەڵاتی بەسەر توخمی دوەمدا ئەڕوا و کارەکەی بەسەردا ئەهێنێ، ئەبێتە (بکەر)ی کارەکە، بەڵام توخمی دوەم ــ دەسەڵاتی بەسەر ڕودانی کارەکە ناڕوا و کارەکە بە خواست و ئارەزوی ئەو ناچێ بەڕێوە و کەتوەتە ژێر دەسەڵاتی توخمی یەکەم و کارەکەی بەسەردا ئەهێنێ، ئەبێتە (بەرکار). وەك لە (نوسین، کێڵان، کوشتن، گرتن، کردن، سوتاندن،...). لە کاری تێپەڕدا، ئەگەر ڕانەبوردو بێ، دەستە ڕاناوی خاوەنی (م، ت، ی، مان، تان، یان) ئەبن بە بەرکار و ئەکەونە پێش ڕەگی کار، دەستەی ڕێککەوتنیش (م، ی، Ø، ین، ن، ن) ئەکەونە دوای ڕەگی کار و ئەبن بە بکەر. وەك (ئەیکرم، ئەتنوسیØ، ئەیانکوژن، ئەمانبینن، ئەتانبەین.....)، بەڵام ئەگەر کارەکە ڕابوردو بێ و پێشگری نەبێ، هەردو دەستەکە ئەکەونە دوای ڕەگی کار و دەستەی ڕێککەوتن لە پێش دەستەی خاوەنی دێ و ئەبێتە بەرکار، بەڵام دەستەی خاوەنی لە کۆتایی دێ و ئەبێتە بکەر. وەك (گرتمت، خواردØی، خواردنی،...). لە هەندێ شێوە ئاخاوتنیشدا[٥]، هەردوکیان لە دەستەی خاوەنی وەردەگیرێن، وەك: (گرتمانی، بینیتمان، بینیمانت،...).

بە کورتی: دو جۆر کارمان هەیە:

ــ یان یەك توخم وەرەئەگرێ و کارەکە پێی ئەوترێ (تێنەپەڕ). ئەگەر توخمەکە خۆی کارەکە ئەنجام بدا، ئەبێتە بکەر و بە کارەکەش ئەوترێ (تێنەپەڕی بکەری)، وەك: (هەرێم هات، هۆزان چو، هاوار دانیشت، هەڵۆیەکە فڕی، هەژارەکە خەوت،...)، ئەگەر توخمەکەش خۆی کارەکە ئەنجام نەدا و بەسەریدا بێ، ئەبێتە بەرکار و بە کارەکەش ئەوترێ (تێنەپەڕی بەرکاری)، وەك: (هێژا سوتا، هێڤی خنکا، هیوا کەوت، هێمن مرد، هێرشەکە شکا، هەوێنەکە ڕژا، هەناسەی بڕا، هەوساری پسا،...هتد).

---

٥ وەك لە هەندێ ئاخێوەری ناوچەی گەرمیان دەبیسرێ.

ــ یان دو توخم وەرەگرێ و پێی ئەوترێ (تێپەڕ). دو توخمەکەش یەکێکیان، کارەکە ئە نجام ئەدا و ئەبێتە بکەر، دوەمیان، کارەکەی بەسەردا دێ و ئەبێتە بەرکار. وەك: (هەرێم هەڵۆیەکەی فڕاند. هێژا هێرشەکەی شکاند. هێڤی هەوێنەکەی ڕژاند. هیوا هێمنی کوشت. هەتاو هۆزانەکەی خوێندەوە. هۆنراو هاواری سەرخست...).

## بەندی دوەم ــ پێویستیەکانی کار:

مەبەست لە پێویستیەکانی کار، جگە لە ڕەگی کارەکە، کە خۆی مۆڕفیمێکی بەندی سەرەکی و تەوەرەیە و بەپێی جۆر و مەبەست، پێویستیەکانی دەستنیشانەکا، هەمو پێکهێنەرەکانی تری ڕستە، بریتین لە پێویستیەکانی ڕەگی کار. پێویستیەکانی ڕەگی کاریش دو جۆرن:

### ا/ پێویستیە سەرەکیەکانی ڕەگی کار:-

بریتین، لەو مۆڕفیمانەی کە ناتوانرێ، دەستبەرداریان بین و لە ڕستەدا لایانبدەین. لەبەرئەوە ڕەگی کار ناوی گۆڕانکاریە و گۆڕانکاریش واتە، گۆڕانی توخمێك یان زۆرتر لە کاتێکی دیارکراودا. کەواتە، پێویست بە مۆڕفیمەکانی کات و مۆڕفیمی توخمەکان (ڕاناوە لکاوەکان) هەیە:

**مۆڕفیمەکانی کات:**- لە ڕستەدا ئەتوانرێ، کاتی تایبەتی، بەهۆی ئاوەڵکارەکانی کات، کوتومت زۆر بەوردی دەستنیشان بکرێ، وەك: (دوێنێ بەیانی لەگەڵ خۆرهەڵات هاتم. سبەی بەیانی لەگەڵ خۆرهەڵات دێم.) لەگەڵ ئەوەشدا ئەبێ، بەشێوەیەکی گشتی کاتی ڕودای کارەکە بەهۆی مۆڕفیمەکانی کات دەستنیشان بکرێ. بۆ نمونە: ناتوانین بڵێین: (دوێنێ بەیانی لەگەڵ خۆرهەڵات دێم). ئەوەش وایکردوە، بتوانین دەستبەرداری کاتە تایبەتیەکان بین و بە زۆری مۆڕفیمەکانی کات بۆ چەمکی گشتی کات بەکاربێنین، چونکە بواری ڕودانی کارەکە لەگەڵ مۆڕفیمەکانی کات پترە (فراوان ترە)، هەروەها مۆڕفیمەکانی کات، کەرەسەی بچوکتر و ئاسانتر و مۆڕفیمی بەندن بەڕەگی کارەوە.

بەگشتی دو جۆر کات لە ئارادا هەن: ڕابوردو و ڕانەبوردو.

ڕانەبوردو دابەش ئەبێ بۆ ئێستا و داهاتو. بۆ هەر یەکەشیان مۆڕفیمی تایبەت هەن، وەك لەم هێلکاریەدا دەرەکەوێ:-




- بواری ڕودانی کاتی ئێستا، تەنیا دەمی ئاخاوتنە.
- بواری ڕودانی کاتی ڕابوردو، پێش دەمی ئاخاوتنە تاکو بێپایان.
- بواری ڕودانی کاتی داهاتوش، دواى دەمی ئاخاوتنە تاکو بێپایان.

مۆڕفیمەکانی کاتی ڕابوردو ئەمانەن: (ا، ی، و، ت، د٦)٧. مۆڕفیمی کاتی ئێستا (ە)یە، ئەگەر دەرنەکەوێ، ئەبێ بە سفر(Ø). مۆڕفیمی کاتی داهاتو (ێ)یە، ئەگەر دەرنەکەوێ، ئەبێ بە سفر(Ø):-

هەواڵنامەی کتێب

| ژ | ڕانەبوردو | ڕانەبوردو | |
|---|---|---|---|
| | | ئێستا | داهاتو |
| ١ | جوان بـــ ـو م<br>جوان بـــ ـو ی<br>جوان بـــ ـو Ø | جوانـــ Ø Ø ـم<br>جوانـــ Ø Ø ـی<br>جوانـــ Ø ـه Ø | جوان بـــ Ø ـم<br>جوان بـــ Ø ـی<br>جوان بـــێ Ø |
| ٢ | مر د Ø | (ئـ / د) ە مـــــر ێ Ø | ڕانەبوردو |
| ٣ | سوتـــا ن | (ئـ / د) ە ســـوت ێ | |

---

٦ لە دیالێکتی ژورودا، چاوگی (د)ی نیە، واتە، لە بری (د)، مۆڕفیمی کاتی ڕابوردو سفرە (Ø). وەك، (کرØ، برØ، مرØ، خارØ، ......)، هەندێ چاوگی (د)یش ئەبن بە (ت)ی. وەك (ناردن ← هنارتن، سپاردن ← سپارتن).

٧ ئەم پێنج مۆڕفۆفۆنیمە پێشیان ئەوترێ (نیشانەکانی چاوگ).

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | ین | |
| ٤ | کوشـــتـØـــی | ( ئـ / د ) ە یـکـــــوژ ێ Ø | |
| ٥ | گرتـــــمـــــت | ( ئـ / د ) ە مـــگـــــر Ø ێ | |

**شیکردنەوەکان :-**

**ستونی کاتی ڕابوردو؛**

١- بو(م/ ی/ Ø/ ین/ ن/ ن ) = {بـ ( ڕەگی چاوگی ( بون ) + مۆڕفیمی کاتی ڕابوردو ( و )٨ + ڕاناوی لکاوی دەستەی ڕێککەوتن٩ ( بەرکار )} .

٢- مردØ = {مر ( ڕەگی چاوگی ( مردن ) + ( د ) مۆڕفیمی کاتی ڕابوردو + ( Ø ) ڕاناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاك لە دەستەی ڕێککەوتن ( بەرکار )} .

٣- سوتـان = {( سو ) ڕەگی چاوگی ( سوتـان ) + ( ا ) مۆڕفیمی کاتی ڕابوردو + ( ن ) ڕاناوی لکاوی کەسی دوەم و سێیەمی کۆ لە دەستەی ڕێککەوتن ( بەرکار )} .

٤- کوشتی = {( کوش ) ڕەگی چاوگی (کوشتن) + ( ت ) مۆڕفیمی کاتی ڕابوردو + ( Ø ) سفر ڕاناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاك لە دەستەی ڕێککەوتن ( بەرکار ) +( ی ) ڕاناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاك لە دەستەی خاوەنی ( بکەر )} .

٥- نوسیت = {( نوس ) ڕەگی چاوگی ( نوسین ) + ( ی ) مۆڕفیمی کاتی ڕابوردو + ( Ø ) سفر ڕاناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاك لە دەستەی ڕێککەوتن ( بەرکار ) + ( ت ) ڕاناوی لکاوی کەسی دوەمی تاك لە دەستەی خاوەنی ( بکەر )} .

**یاسای ڕۆنانی کاتەکانی ڕابوردو؛**

بەر لە هەمو شتێك، ئەبێ ئەوە بزانین، کە هەمو کارێك لە کوردیدا چ ڕابوردو بێ، یا ڕانەبوردو، ڕستەیە، چونکە ئەتوانێ بە تەنیا دەرکەوێ. جگە لە کاری ڕابوردوی سادە، بەمەرجێ بکەر و بەرکار بە ئاشکرا لەگەڵیدا هاتبن، وەك: ( ئازاد نانی خوارد )، بەڵام ئەگەر بکەر و بەرکار بە ئاشکرا دەرنەکەوتن، ئەبن بە ڕاناوی لکاو و کارەکەش ئەبێتە ڕستە، چونکە پێویستیەکانی خۆی تەواو ئەکا و ڕستەکە ئەبێتە : خواردØی = ( خوار) ڕەگی چاوگی

---

٨ لە دیالێکتی سەرو و خوارودا، مۆڕفیمی ( و ) کاتی ڕابوردو ئەبێ بە ( ی )، وەك: ( بون- بین، چون - چین، دروون - دروین، گروون- گروین،... )

٩ ڕاناوە لکاوەکان لە دەستەی ڕێککەوتن، بریتین لە ( م، ی، Ø، ین، ن، ن )، ڕاناوە لکاوەکانیش لە دەستەی خاوەنی، بریتین لە ( م، ت، ی، مان، تان، یان ).

( خواردن ) + ( د ) مۆرفیمی کاتی ڕابوردو + سفر ( Ø ) ڕاناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاك لە دەستەی ڕێککەوتن ( بەرکار ) + ( ی ) ڕاناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاك لەدەستەی خاوەنی ( بکەر ).

لێرەدا، بە زۆری نمونە لەم ڕستانە ئەهێنینەوە کە لە شێوەی وشە دەرەکەون، چونکە هەرچەندە لە دەربڕیندا ئاسانن، بەلاَم لە ڕۆناندا ئاڵۆزن.

١- ڕابوردوی سادە / ( ڕوت ):

( أ ) لە کاری تێنە پەڕی بکەریدا:

ڕەگی کار+مۆرفیمی ڕابوردو+ڕاناوی ڕێککەوتن ( بکەر ).

وەست + ا + ( م/ ی/Ø /ین /ن /ن ) = وەستام

خەو + ت + ( م/ ی/ Ø/ ین/ ن/ ن ) = خەوتی

فـــڕ + ی + ( م/ ی/ Ø/ ین/ ن/ ن ) = فڕیØ

چـــ + و + ( م/ ی/ Ø/ ین/ ن/ ن ) = چوین

( ب ) لەکاری تێنە پەڕی بەرکاریدا:

ڕەگی کار+مۆرفیمی ڕابوردو+ڕاناوی ڕێککەوتن ( بەرکار )

سوت + ا + ( م/ ی/ Ø/ ین/ ن/ ن ) = سوتام

کەو + ت + ( م/ ی/ Ø/ ین/ ن/ ن ) = کەوتی

خـز + ی + ( م/ ی/ Ø/ ین/ ن/ ن ) = خزیØ

بـــ + و + ( م/ ی/ Ø/ ین/ ن/ ن ) = بوین

( ج ) لە کاری تێپەڕدا:

ڕەگی کار + مۆرفیمی ڕابوردو + ڕاناوی ڕێککەوتن ( بەرکار ) + ڕاناوی خاوەنی ( بکەر )

کێڵـ + ا + سفرØ + م = کێڵاØم

کوش + ت + مـ + ت = کوشتمت

کڕ + یـ + Ø + یان = کڕیـØـیان

درو + و + Ø + ی = درووØی

خوار + د + مـ + یان = خواردمیان

٢- ڕابوردوی تەواو:-

( أ ) لە کاری تێنە پەڕی بکەریدا:

{ئاوەڵناوی کراو = ڕەگی کار + مۆڕفیمی ڕابورد + (و)[10] مۆڕفیمی ئاوەڵناوی کراو} + مۆڕفیمی کاتی ئێستا + ڕاناوی ڕێککەوتن (بکەری).

وەست + ا + و + Ø + م = وەستاوØم

نوسـ + ت + و + Ø + ی = نوستوØی

فڕ + ی + و + ە + Ø = فڕیوەØ

چو + و + و + Ø + ین = چووØین

(ب) لە کاری تێنەپەڕی بەرکاریدا:

{ئاوەڵناوی کراو = ڕەگی کار + مۆڕفیمی ڕابورد + (و) مۆڕفیمی ئاوەڵناوی کراو} + مۆڕفیمی کاتی ئێستا + ڕاناوی ڕێککەوتن (بەرکاری).

ترس + ا + و + Ø + م = ترساوØم

کەو + ت + و + Ø + ی = کەوتوØی

ڕز + ی + و + ە + Ø = ڕزیوەØ

مـر + د + و + Ø + ن = مردوØن

لێرەدا تێبینی ئەوە ئەکرێ: ئەگەر ڕاناو دەرکەوێ، (ە)ی مۆڕفیمی کاتی ئێستا دەرناکەوێ، تەنیا لە کەسی سێیەمی تاکی دەستەی ڕێککەوتن، ڕاناو سفرە و دەرناکەوێ.

(ج) لە کاری تێپەڕدا:

{ئاوەڵناوی کراو = ڕەگی کار + مۆڕفیمی ڕابورد + (و) مۆڕفیمی ئاوەڵناوی کراو} + ڕاناوی خاوەنی (بکەری) + (ە) مۆڕفیمی کاتی ئێستا + ڕاناوی ڕێککەوتن (بەرکار).

هێنـ + ا + و + مـ + ە + Ø = هێناومەØ

گر + ت + و + تـ + ە + Ø = گرتوتەØ

بڕ + ی + و + یان + Ø + ن = بڕیویانـØن

٣- ڕابوردوی بەردەوام:

(أ) لەکاری تێنەپەڕی بکەریدا:

{د/ئـ}(ە) مۆڕفیمی کاتی ئێستا + ڕەگی کار + مۆڕفیمی ڕابوردو + ڕاناوی ڕێککەوتن (بکەر)

{د/ئـ}(ە) + گەڕ + ا + م = ئەگەڕام/ دەگەڕام

{د/ئـ}(ە) + سرەو + تـ + ی = ئەسرەوتین/ دەسرەوتین

---

[10] لە هەندێ ناوچە (سۆران، ژورو،...)(ی) لە بری (و) بەکاردێ.

پێـ{د/ئـ}(ه) + کەنـ + یـ + ن = پێـ(ئەکەنین/ دەکەنین)

(ب) لە کاری تێنە پەڕی بەرکاریدا:

{د/ئـ}(ه) مۆڕفیمی کاتی ئێستا + ڕەگی کار + مۆڕفیمی ڕابوردو + ڕاناوی ڕێککەوتن (بەرکار)

{د/ئـ}(ه) + شك + ا + ین = ئەشکاین/ دەشکاین

{د/ئـ}(ه) + تەقـ + یـ + Ø = ئەتەقی/ دەتەقی

{د/ئـ}(ه) + مر + د + ی = ئەمردی/ دەمردی

(ج) لەکاری تێپەڕدا:

{د/ئـ}(ه) مۆڕفیمی کاتی ئێستا + ڕاناوی خاوەنی (بکەری) + ڕەگ + مۆڕفیمی ڕابورد + ڕاناوی ڕێککەوتن (بەرکار).

(د/ئـ)ە + مانـ + خوار + د + ن = (د/ئـ)ەمانـخواردن

(د/ئـ)ە + یـ + کێشـ + ا + Ø = (د/ئـ)ەیکێشاØ

(د/ئـ)ە + تانـ + گر + تـ + ین = (د/ئـ)ەتانگرتین

(د/ئـ)ە + تـ + نوسـ + یـ + ی = (د/ئـ)ەتانوسیی

لێرەدا، ئەبێ چۆنیەتی نوسینی چاوگە (ی)یەکان ڕەچاوبکرێ. کاتێ بەرکارەکە کەسی دوەمی تاك، یان یەکەمی کۆ بێ، ئەبێ بە دو (یی) بنوسرێن، بۆ ئەوەی لەگەڵ ڕانەبوردو تێکەڵ نەبن، وەك:

| ڕابوردوی بەردەوام | ڕانەبوردو |
|---|---|
| ئەو تۆی ئەنوسی- ئەینوسیی | تۆ ئەو ئەنوسی- ئەینوسـØـی |
| ئەوان ئێمەیان ئەبینی- ئەیانبینیین | ئێمە ئەوان ئەبینین- ئەیانبینـØین |
| ئێمە ئەفرین- ئەفریین | ئێمە ئەفرین- ئەفرØین |
| تۆ ئەخزیی- ئەخزیی | تۆ ئەخزی- ئەخزØی |
| ئەو ئێمەی ئەناسی- ئەیناسیین | ئێمە ئەو ئەناسین- ئەیناسـØین |
| ئێمە ئەومان ئەدزیی- ئەماندزیØ | ئێمە ئەو ئەدزین- ئەیدزØین |

ڕابوردوی دور:

(أ) لەکاری تێنە پەڕی بکەریدا:

ڕەگی کار + مۆڕفیمی ڕابوردو + (بـ) ڕەگی (بون) + (و) مۆڕفیمی ڕابوردو + ڕاناوی ڕێککەوتن (بکەر)

وەست + ا + بـ + و + م = وەستابوم

نوس + تـ + بـ + و + ی = نوستبوی

پێکەن + ی + بـ + و + Ø = پێکەنیبوØ

**( ب ) لەکاری تێنە پەڕی بەرکاریدا :**

ڕەگی کار + مۆڕفیمی ڕابوردو + ( بـ ) ڕەگی ( بون ) + ( و ) مۆڕفیمی ڕابوردو + ڕاناوی ڕێککەوتن ( بەرکار )

شکـ + ا + بـ + و + ین = شکابوین

ڕز + یـ + بـ + و + ن = ڕزیبون

کەو + تـ + بـ + و + Ø = کەوتبوØ

جیاوازیی نێوان تێنە پەڕی بکەری و بەرکاری، تەنیا ئەوەیە : ڕاناوی ڕێککەوتن لە بکەریدا ئەبێتە ( بکەر ) و لە بەرکاریدا ئەبێتە ( بەرکار )، چونکە بکەر ئەو توخمەیە، خۆی کارەکە ئەکا و بەرکار ئەو توخمەیە، کارەکەی بەسەردا دێ.

**( ج ) لەکاری تێپەڕدا :**

ڕەگی کار + مۆڕفیمی ڕابوردو + ( بـ )ڕەگی ( بون ) + ( و ) مۆڕفیمی ڕابوردو + ڕاناوی ڕێککەوتن ( بەرکار ) + ڕاناوی خاوەنی ( بکەر ).

خوار + د + بـ + و + م + ی = خواردبومی

گر + تـ + بـ + و + Ø + یان = گرتبوØیان

نوسـ + یـ + بـ + و + نـ + ی = نوسیبونی

## ستونی کاتی ڕانەبوردو[11] :

کاتی ڕانەبوردو پێکدێ لە ئێستا و داهاتو. ئێستا : بریتیە لە دەمی ئاخاوتن و داهاتوش : بریتیە لە دواى دەمی ئاخاوتن تا کۆتایی بێپایان.

کەواتە، ڕانەبوردو پێکدێ لە سێ ستون :

**یەکەم ــ ئێستا :-**

ئاوەڵناو + ( Ø ) ڕەگی ( بون ) + ( ە/Ø ) مۆڕفیمی ئێستا + ڕاناوی ڕێککەوتن ( بەرکار ).

زیرەك + Ø + Ø + م = زیرەكØØـم.

پـیـاو + Ø + Ø + ی = پیاوØØـی.

جوانە + Ø + ـە + Ø = جوانـØـەØ.

لێرەدا دو سەرنج تێبینی ئەکرێن :

---

11 ڕانەبوردو ( المضارع )، ئێستا ( الحاضر )، داهاتو ( المستقبل ).

١- مۆڕفیمی کاتی ئێستا، تەنیا لەکەسی سێیەمی تاك بە ئاشکرا وەك ( ە ) دەرەکەوێ و لە کەسەکانی تر دەرناکەوێ، چونکە مۆڕفیمی ( ە )، دەنگێکی ناسك و بێهێزە، ئەگەر دەنگێکی تری بەدوادا بێ، لەناودەچن. لەم دۆخەدا ڕاناوی کەسی سێیەمی تاك سفرە ( Ø ) و دەرناکەوێ، بۆیە تەنیا لە کەسی سێیەمدا مۆڕفیمی ( ە )ی کاتی ئێستا دەرەکەوێ.

٢- ڕەگی کار لە ڕستەی کاتی ئێستا سفر( Ø )ە و لە ئاستی سەرەوە دەرناکەوێ، چونکە ئەگەر دەرکەوێ، ڕستەکە لە جۆری هەواڵدان ئەگۆڕێ بۆ جۆری نیازداری یان فەرماندان:

| ڕستەی هەواڵدان | ڕستەی نیازداری |
|---|---|
| زیرەك+Ø+Ø+م=زیرەکم | زیرەك+بـ+Ø+م=زیرەك بم |
| پیاو+Ø+Ø+ی= پیاوی | پیاو+بـ+Ø+ی= پیاو بی |
| جوانە+Ø+ـە+Ø=جوانـە | جوان+بـ+ـە+Ø=جوان بە |

ئەگەر ( بـ )ی ڕەگی چاوگی ( بون ) بە ئاشکرا دەرکەوێ، لە هەمو کەسەکان ڕستەکە ئەبێ بە نیازداری ( مەرجی )، تەنیا لە کەسی سێیەمی تاکدا نەبێ، جگە لەوەی ڕستەکە ئەبێتە فەرماندان، کەسەکەش لە سێیەم ئەگۆڕێ بۆ دوەم.

بۆ دڵنیا بونیش لەوەی ڕەگی چاوگی ( بون ) لەو شوێنە هەیە و دەرناکەوێ، ئەتوانین، لەگەڵ تافی ڕابوردو و داهاتو بەراورد بکەین:

| ڕابـــــوردو | ئێـــستا | داهـــاتـــو |
|---|---|---|
| زیرەك بـ و م | زیرەکـØØم | زیرەك بـØم |
| پیاو بـ و ی | پیاوØØی | پیاو بـØی |
| جوان بـ و Ø | جوانـØـەØ | جوانـ بـØـی |

دوەم ــ داهاتو:-

( ێ )ی مۆڕفیمی کاتی داهاتوش وەك ( ە )ی مۆڕفیمی کاتی ئێستا، ئەگەر ڕاناوێك لە دواوەی دەرکەوێ، مۆڕفیمی ( ێ ) دەرناکەوێ، بەڵام ئەگەر ڕاناوی دواوەی سفر( Ø ) بێ و دەرنەکەوێ، مۆڕفیمی ( ێ ) دەرەکەوێ.

ڕستەی داهاتو ( لە دیالێکتی ناوەڕاستدا ) تەنیا لە شێوەی نیازداری ( مەرجی ) بەرچاو ئەکەوێ:

( ئەگەر ) ژیـــر بــØـم/ بـخـوێـنــØـم...

( ئەگەر ) چالاك بــØـی/ تێ بکۆشـØـی...

( ئەگەر ) هێمن بـێØ / هەڵنەچێØ...

لەو ڕەگانەی کۆتاییان بە بزوێن هاتوە، (یْ)ی مۆرفیمی کاتی داهاتو لە کەسی سێیەمی تاکیشدا دەرناکەوێ:-

(ئەگەر) بشواØØ، بخواØØ، بڕواØØ، بداØØ، بباØØ، بکاØØ،...

**سێیەم ــ ڕانەبوردو:-**

کاری ڕانەبوردو دو مۆرفیمی کاتی تێدایە: (ە)ی کاتی ئێستا ئەکەوێتە پێش ڕەگ و (یْ)ی مۆرفیمی کاتی داهاتو ئەکەوێتە دوای ڕەگ:

**(أ) لە کاری تێنەپەڕی بکەریدا:**

(ە)ی مۆرفیمی ئێستا + ڕەگی کار + (یْ/Ø)ی مۆرفیمی داهاتو + ڕاناوی ڕێککەوتن(بکەر)

(ئـ/د) ە + چـ + Ø + م = ئەچـØم / دەچـØم.

(ئـ/د) ە + هـ + یـ + ی = ئەهێی / دەهێی.

(ئـ/د) ە + گەڕ + یـ + Ø = ئەگەڕیْØ / دەگەڕیْØ.

**(ب) لەکاری تێنەپەڕی بەرکاریدا:**

(ە)ی مۆرفیمی ئێستا + ڕەگی کار + (یْ/Ø)ی مۆرفیمی داهاتو + ڕاناوی ڕێککەوتن(بەرکار)

(ئـ/د)ە + سوتـ + یـ + ین = ئەسوتێین / دەسوتێین.

(ئـ/د)ە + خلیسکـ + یـ + ن = ئەئەخلیسکێن/ دەخلیسکێن.

(ئـ/د)ە + پسـ + یـ + Ø = ئە پسیْØ/ دە پسیْØ.

لێرەش تێبینی ئەوە ئەکرێ، لە چاوگە تێنەپەڕە (ا)بییەکاندا لە هەمو کەسەکان مۆرفیمی (یْ)ی کاتی داهاتو دەرەکەوێ.

**(ج) لە کاری تێپەڕدا:**

لە دیالێکتی ناوەڕاستدا، دو مۆرفیمی کات لە کاری ڕانەبوردودا هەن: (ە)ی مۆرفیمی کاتی ئێستا لە پێش ڕەگی کاردا دێ و (یْ)ی مۆرفیمی کاتی داهاتوش ئەکەوێتە دوای ڕەگی کار.

(ئـ/د)ە مۆرفیمی ئێستا + ڕاناوی خاوەنی بەرکار + ڕەگی کار + مۆرفیمی داهاتو + ڕاناوی ڕێککەوتن (بکەر)

(ئـ/د)ە + تانـ + بین + Ø + ین = (ئـ/د) ەتانبینـØین.

(ئـ/د)ە + یـ + گر + Ø + ن = (ئـ/د)ەیگرØن.

(ئـ/د)ە + تـ + ناسـ + یْ + Ø = (ئـ/د)ەتناسیْØ.

لە تافی ڕانەبوردودا، سێ تێبینی سەرنجمان ڕائەکێشن:

١- ئەو چاوگانەی تێپەڕێنراون، مۆڕفیمی (ا)ی کاتی ڕابوردو تیایاندا لە ڕانەبوردو ئەبێتە (یٚ)ی مۆڕفیمی داهاتو:

سوتـ(ا)ندم ← (ئـ/د)ەسوتـ(یـٚ)نم.

شکـ(ا)ندت ← (ئـ/د)ەشکـ(یـٚ)نی.

ڕوخـ(ا)ندیان ← (ئـ/د)ەڕوخـ(یـٚ)نن.

لە بنجدا ئەم دو دەنگە، (ا) مۆڕفیمی کاتی ڕابوردوە و (یٚ) مۆڕفیمی کاتی داهاتوە، بەڵام لە دوایدا بونەتە ناوگر (Infixes) (٢١-٨٨) و ڕۆلی خۆیان نابینن، بە تایبەتی چونکە مۆڕفیمی هاوئەرکیان بە شوێندا هاتوە. ئەم دیاریدەیە لەو چاوگانەش بەدی ئەکرێ کە بە مۆڕفیمی (اردن) کۆتاییان هاتوە:

سپـ(ا)ردم ← (ئـ/د)ەیسپـ(یـٚ)رم.

ژمـ(ا)ردت ← (ئـ/د)ەیژمـ(یـٚ)ری.

نـ(ا)ردی ← (ئـ/د)ەینـ(یـٚ)رێ.

بژ(ا)ردمان ← (ئـ/د)ەییژ(یـٚ)رین.

شـ(ا)ردتانەوە ← (ئـ/د)ەیشـ(یـٚ)رنەوە.

بەڵام ئەم یاسایە چاوگی (خواردن) ناگرێتەوە، چونکە لە بنجدا (خوەردن)ە.

٢- مۆڕفیمی (یٚ)ی کاتی داهاتو، تەنیا لە کەسی سێیەمی تاك دەرەکەوێ و لە کەسەکانی تر ئەبێ بە سفر(Ø) و دەرناکەوێ.

٣- لە دیالێکتی ژورودا ئەتوانرێ، مۆڕفیمی (ە)ی کاتی ئێستا کە لەسەرەتا هاتوە، بگۆڕێ بۆ (یٚ)ی مۆڕفیمی کاتی داهاتو تاکو بە تەنیا چەمکی داهاتو بدا:

(ئـ/د)ەچـــم - (ئـ/د)یٚچـم.

(ئـ/د)ەنوسی - (ئـ/د)یٚـنڤیسی.

هەروەها تێبینی ئەوەش ئەکرێ، کە دەنگی (ە)ی مۆڕفیمی کاتی ئێستا سواوە، چونکە کەوتۆتە نێوان دو دەنگ.

__مۆڕفیمی توخمەکان (ڕاناوە لکاوەکان)__: دوەم پێویستیی سەرەکیی ڕستە مۆڕفیمی توخمەکانە، واتە، ڕاناوە لکاوەکانە. لە دیالێکتی ناوەڕاستدا دو دەستە ڕاناوی لکاو هەیە:

**یەکەم ــ دەستەی ڕێککەوتن:-**

ڕاناوەکان کۆمەڵەی داخراون و هەر دەستەیەی لە شەش ڕاناو پێکدێن. وەك لەم خشتەیەدا دەرەکەوێ:-

__کەسەکان__ __تاك__ __کۆ__

| | | |
|---|---|---|
| یەکەم | م | ین |
| دوەم | ی | ن |
| سێیەم | سفرØ | ن |

ئەم دەستەیەمان ناو نا (ڕێککەوتن)، چونکە بە پێی پێویستیی کارەکە ئەرکی خۆیان لە بکەری و بەرکاری ئەگۆڕن. هەردەم ئەکەونە دواوەی ڕەگی کار(٢٢-٧٠) و بە دوای مۆرفیمەکانی کاتدا دێن:

**١- لە ڕۆلی بکەریدا:-**

ئەم دەستەیە لە دو شوێندا ئەرکی بکەر ئەبینن:

**(أ) لەگەڵ کاری ڕابوردو و ڕانەبوردوی تێنەپەڕی بکەری:**

چو(م) – ئەچـ(م)، خەوتـ(ی) - ئەخەو(ی)، هەڵستا(Ø) – هەڵەستێ(Ø)، دانیشتـ(ین) – دائەنیشـ(ین)، پێکەنیـ(ن) – پێئەکەنـ(ن)....

**(ب) لەگەڵ کاری ڕانەبوردوی تێپەڕ:**

ئەیانچێنـ(م)، ئەیا نخوێنـ(ی)ەوە، ئەمانبینێ(Ø)، ئەیگر(ین)، ئەیاننوسـ(ن)....

**٢- لە ڕۆلی بەرکاریدا:-**

ئەم دەستەیە لە دو شوێندا ڕۆلی بەرکاری ئەبینێ:-

**(أ) لەگەڵ ڕابوردو و ڕانەبوردوی تێنە پەڕی بەرکاریدا:**

شکا(م)، ئەشکێ(م)، کەوتـ(ی)، ئەکەو(ی)، خزی(Ø)، ئەخزێ(Ø)، بو(ین)، ئەبـ(ین)، مرد(ن)، ئەمر(ن)...

هەروەها لە ڕستەی ئاراییشدا (بونایەتی/ ڕستەی هەواڵدانی کاتی ئێستا) هەمان ڕۆلی بەرکار ئەبینن، چونکە لەو جۆرە ڕستانەدا چاوگی (بون) تێنەپەڕی بەرکارییە: باشـ(م)، باش بو(م)، باش ئەبـ(م)، جوانـ(ی)، جوان بو(ی)، جوان ئەبـ(ی)، زیرەکە(Ø)، زیرەك بو(Ø)، زیرەك ئەبێ(Ø).

**(ب) لەگەڵ ڕابوردوی تێپەڕدا:**

دەستەی ڕاناوە لکاوەکانی ڕێککەوتن لە ڕۆلی بەرکاریدا، ئەکەونە نێوان مۆرفیمی کاتی ڕابوردو و ڕاناوی لکاوی خاوەنی: کوشتـ(مـ)ـی، گرتـ(مـ)ـت، نوست(Ø)م، سوتاند(نـ)ـی،...

هەروەها لەگەڵ ڕابوردوی تێپەڕدا، ئەشتوانن، ببن بە بەرکاری ناڕاستەوخۆ (بەیاریدە): پێی کرد(م)، لێیان دا(ین)، بۆیان هێنا(ی)، لێیان خوارد(Ø)،...

ئەو تێبینیانەی لێرەدا سەرنج ئەدرێن، ئەمانەن:

١- له نوسینی كاتی ڕابوردوی ساده و بەردەوام له چاوگه تێنه پەڕە (ی)ییەكاندا، ئەبێ، ڕەچاوی ئەوە بكرێ، له كەسی دوەمی تاك و یەكەمی كۆدا دو پیتی (ی) بەدوای یەكدا دێن، یەكەمیان مۆرفیمی كاتی ڕابوردوە و دوەمیان ڕاناوی لكاوە، وەك:

| كەسی دوەمی تاك | | كەسی یەكەمی كۆ | |
|---|---|---|---|
| (تۆ) | پژمیی – ئەپژمیی | (ئێمە) | پژمیین – ئەپژمیین |
| (تۆ) | خزیی – ئەخزیی | (ئێمە) | خزیین – ئەخزیین |
| (تۆ) | فڕیی – ئەفڕیی | (ئێمە) | فڕیین - ئەفڕیین |

٢- ڕاناوی لكاوی كەسی دوەمی تاك تەنیا (ێ)یە، هەندێ جار دەنگی (ت)یشی لەگەڵدا بەكاردێ(٢٣-٨٨)، {(ت)ی ئەم ڕاناوە لەو جۆرەیە كە له زانستی زمانا پێی دەوترێ Optional واتا (إختياري) لابردنی له هەندێ حاڵەت دا كار له ڕێزمانیەتی و ماناكەی ناكات}(٢٢-١٩٥). لێرەدا دەرەكەوێ كە دانان و دانەنانی، كار له واتا ناكا. كەواتە، له ڕوی وشەسازیەوە هیچ ئەركێكی نیە و نابێتە هۆی واتاگۆڕین، ئەمەش بۆمان ئەسەلمێنێ كە مۆرفیم نیە، چونكە ئەگەر مۆرفیم بێ، (لادان یان گۆڕینی هەر بەشێكی ئەبێتە هۆی تێكچونی و هیچ پەیوەندیەكی بە بنجی توخمەكە نامێنێ)(٢٤-٢٩).

ئەم فۆنیمە له بنجدا دەنگێكی ناوبڕە و ئەكەوێتە نێوان بزوێنی (ی)، كە ڕاناوی لكاوی كەسی دوەمی تاكە و هەر بزوێنێكی تر كە بەدوایدا بێ، وەك: {(ە)ی ئامڕازی پەیوەندی: چویـ(تـ)ـە هەندەران؟} یان {(ەوە)ی ئامرازی دوپاتی: كەی ئەگەڕێیـ(تـ)ـەوە ؟}. ئینجا كاتێ پێویستیمان بە (ە)ی ئامرازی پەیوەندی، یا (ەوە)ی ئامرازی دوبارە نەما، ئەم دەنگی (ت)ە هەر ماوەتەوە ئەم هاوواتایەی (Allomorph) بۆ دروستكردوین، ئەگەرنا دەتوانین، ئەم جۆرە دەربڕینانە بەبێ ناوبڕی (ت)یش هەر دەربڕین، چونكە دەنگی (ی)، كە ڕاناوەكەیە نیمچە بزوێنە و ئەتوانرێ، لەم شوێنەدا بە نەبزوێنی دابنێین و پێویست بەو ناوبڕە نەكا: چویتە هەندەران؟/ چویە هەندەران؟، ئەخۆیتەوە؟/ ئەخۆیەوە؟، ئەبیتە مامۆستا./ ئەبیە مامۆستا.،.....

ئەوەی شایانی باسە: هەندێ جار ئەبێتە هۆی نەهێشتنی لێڵواتایی و تێكەڵنەبونی كەسی دوەم و سێیەمی تاك، چونكە بەمەش بۆ هەر یەكێكیان دو شێوەی دەربڕین دروستەبێ:-

| كەسی دوەمی تاك | كەسی سێیەمی تاك |
|---|---|
| (تۆ) گەڕایەوە – گەڕایتەوە | (ئەو) گەڕاØەوە – گەڕایەوە |
| (تۆ) سوڕایەوە – سوڕایتەوە | (ئەو) سوڕاØەوە – سوڕایەوە |
| (تۆ) شكایەوە – شكایتەوە | (ئەو) شكاØەوە – شكایەوە |

(٣) ئەگەرچی ڕاناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاك (Ø) سفرە، بەڵام زمانەوانەکان بە هەڵە چەند فۆڕمێکی تریان بە هاوواتای ئەم ڕاناوە داناوە، وەك:

١- (ە)ی مۆڕفیمی کاتی ئێستا:

کوردØØم، مەردØØم، سوتاوØØم، هاتوØم

کوردØØی، مەردØØی، سوتاوØØی، هاتوØی

کوردØـەØ، مەردØـەØ، سوتاوØـەØ، هاتوەØ

٢- (ی)ی مۆڕفیمی کاتی داهاتو:

بنوسـØـم، نەمرØـم، نەخوێنـØـم، ناچـØـم

بنوسـØـی، نەمرØـی، نەخوێنـØـی، ناچـØـی

بنوسـێØ، نەمرێØ، نەخوێنـێØ، ناچـێØ

٣- (ت)ی دەنگی ناوبڕی نێوان (ێ)ی مۆڕفیمی کاتی داهاتو و (موە)ی ئامرازی دوپاتی:

(من) بسوڕێمەوە ، نەگەڕێمەوە ، نەڵێمەوە، ناهێمەوە

(تۆ) بسوڕێیەوە، نەگەڕێیەوە ، نەڵێیەوە، ناهێیەوە

(ئەو) بسوڕێتەوە، نەگەڕێتەوە، نەڵێتەوە، ناهێتەوە

٤- (ێ)ی مۆڕفیمی کاتی داهاتو لەگەڵ (ت)ی ناوبڕ یان پاشماوەی ناوبڕیەتی، واتە، فۆڕمی (ێت):

(من) بچـØـمەوە ، نەگرØمەوە ، نەبـØـم، نانوØم

(تۆ) بچـØـیەوە ، نەگرØیەوە ، نەبـØـی، نانوØی

(ئەو) بچـێتەوە ، نەگرێتەوە ، نەبـێتØ، نانوێتØ

٥- (ا)ی دەنگی بزوێنی درێژ، کە لەبنجدا درێژبوەوەی ئەو بزوێنە کورتەیە کە لە کۆتایی ڕەگی ئەو چاوگانە دێ:

خواردن - خوەردەن - خوە - خو. نەخوەØØ/ نەخواØØ

شوشتن - شوەردەن - شوە - شو. نەشوەØØ/ نەشواØØ

ڕۆیشتن - ڕەفتەن/ ڕەوتەن - ڕەو - ڕو. نەڕوەØØ/ نەڕواØØ

گەیشتن - گە - نەگەØم – نەگەØی – نەگەØØ/ نەگاØØ

کردن - کە - نەکەØم – نەکەØی – نەکەØØ/ نەکاØØ

بردن - بە - نەبەØم – نەبەØی – نەبەØØ/ نەباØØ

دان - دە - نەدەØم – نەدەØی – نەدەØØ/ نەداØØ

**٦- (ات) کە پێکهاتوە لەو دەنگی (ا)یەی کە لە خاڵی پێشتر (٥)ەم باسمان کرد، لەگەڵ (ت)ی دەنگی ناوبڕ کە لە نێوان دەنگی (ا)ی بزوێن و (ە) بزوێنی دوای خۆی دێ، چ وەکو ئامرازی پەیوەندی، چ وەکو ئامرازی دوپاتی:**

ئەکاتە چەند؟ ، ئەگاتە کوێ؟ / ئەباتە ماڵ. ئەڕواتە بازاڕ. ناداتە کەس.

ئەڕواتەوە. ئەکاتەوە. ئەباتەوە. ئەخواتەوە. ئەداتەوە. ئەشواتەوە.

**دوەم ـــ دەستەی خاوەنی:-**

ئەم دەستەیەمان ناونا: خاوەنی، چونکە ئەرکی سەرەکیی نیشاندانی خاوەنیە. ڕاناوە تاکەکانی ئەم دەستەیە یەك مۆڕفیمن، بەڵام ڕاناوە کۆیەکانی لە دو مۆڕفیم پێکدێن. وەك لەم خشتەیەی خوارەوە دەرەکەوێ:

| کەسەکان | تاك | کۆ |
|---|---|---|
| یەکەم | م | مـ + ان ← مان |
| دوەم | ت | تـ + ان ← تان |
| سێیەم | ی | یـ + ان ← یان |

ڕوخسارە تایبەتیەکانی ئەم دەستەیە ئەمانەن:

١- ئەم دەستەیە بە هەمو بەشەکانی ئاخاوتنەوە ئەلکێن، تەنیا ڕەگی کار نەبێ. تەنانەت لەو شوێنانەشدا، کە وا دەرەکەون کە بەکارەوە لکاون، وەك: خواردمان، هێناتان، نوسییان،... لە بنەڕەتدا بە ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتنەوە لکاون، کە سفرە (Ø) بۆ کەسی سێیەمی تاك و ڕۆڵی بەرکار ئەبینێ: خوار+د+Ø+مان. هێنـ+ا+Ø+تان. نوسـ+یـ+Ø+یان...

٢- هەردەم ئەیانەوێ، بەو شتانەوە بلکێن کە ئەبنە خاوەنیان وەك: پێنوسم. دەستت. جلەکانی. چاومان.

ئەم دیاردەیەش وایکردوە کە لە ڕابوردوی تێپەڕدا، بکەر ببێتە خاوەنی بەرکار، بەڵام لە ڕانەبوردودا، پێکەوە نالکێن، چونکە بکەر هێشتا نەبوەتە خاوەنی بەرکار، یان هێشتا دەسەڵاتی بەسەریدا نەڕۆیشتوە:

ئێمە خانوێك ئەکڕین. ئێمە خانوێکمان کڕی.

ئەوان دزەکە ئەگرن. ئەوان دزەکەیان گرت.

ئەو پارەکە ئەباØ. ئەو پارەکەی برد.

٣- ئەم دەستەیە لەگەڵ تێنەپەڕی بەرکاری نایێ، چونکە دو توخمی تیادا نیە، تاوەکو یەکێکیان ببێتە خاوەنی دوەم، بەڵام ئەشێ لەم بارەدا لەگەڵ بەرکاری بەیاریدە بەکاربێ:

بە ئوتومبێلەکەی هات.

٤- لەگەڵ کاری ڕانەبوردوی تێپەڕدا ڕۆڵی بەرکار ئەبینن و ئەکەونە پێش کارەکە: ئەتانناسین. ئەیخۆین. ئەتاندۆزنەوە. ئەیاندوێنم...

٥- لەگەڵ کاری ڕابوردوی تێپەڕدا ڕۆڵی بکەر ئەبینن، بەڵام ئەکەونە کۆتایی کارەوە. واتە، دوای ڕاناوەکانی ڕێککەوتن، کە لەم بارەدا ئەبنە بەرکار: گرتمت. شکاندØیان. ناردØمان. هێناØتان١٢...

## بەشی سێیەم: بەشە ناسەرەکیەکانی ڕستە:

### بەندی یەکەم ــ کورت بونەوەی ڕستە:

هەر لە کۆندا هەست بەوە کراوە کە زمان بەردەوام لە گۆڕاندایە، یۆنانیەکان لەو باوەڕەدا بون کە گۆڕان زمان بەرەو شێوان و تێکدان ئەبا، وەکو هەمو دیاردە کۆمەڵایەتیەکانی تر، بەڵام زمانەوانیی نوێ، لە سەرەتای ئەم سەدەیە، بەتایبەتی لەسەر دەستی سۆسێر(٢٥-١٤٢) و هاوبیرەکانی گەیشتە ئەو باوەڕەی کە زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیە، وەکو هەمو دیاردە کۆمەڵایەتیەکانی تر، پابەندی پێشکەوتن و گۆڕانە. یەکێ لە لایەنە هەرە گرنگەکانی گۆڕانی زمانیش کورتبونەوەی کەرەسەکانیەتی لە دەنگ و وشە و ڕستە.

بەگشتی، هۆیە سەرەکیەکانی گۆڕانی هەر زمانێك و کورتبونەوەی ڕستەکانی بریتین لە زۆربونی ژمارەی وشەکان، بە پێی زۆربونی بیر و ڕاو چەمکەکان و فراوانبونیان لەگەڵ ئەوەشدا کە کات بە نەگۆڕی و چەسپاوی ماوەتەوە. بۆ نمونە، ژمارەی ئەو چەمکانەی کە لە قۆناغی سەرەتای مرۆڤایەتیدا بەکارهاتون، ئەبێ کەمتر بوبن لە قۆناغەکانی تر و بێگومان لەو وشانە پتر نەبوون کە کۆمەڵگا سەرەتاییەکان پێویستییان پێیان هەبوە، وەك: ئەندامانی خێزان: دایك، باوك، خوشك، برا، خوشکی دایك، خوشکی باوك، برای دایك، برای باوك، ... ناوەکانی ژینگە: ئەشکەوت، دار، بەرد، زەوی، ئاسمان، ڕوبار، چیا، ... ناوی دیاردەکان: باران، بروسك، با، بەفر،... ناوی گیانەوەران: گورگ، مەڕ، کەر، مری ئاوی(مراوی)، مری وشك (مریشك)، ... ناوی ئەو ڕوداوانەی بەسەر ئەوانە دادێن، واتە،

---

١٢ لە هەندێ ناوچەدا –وەك گەرمیان- هەردو ڕاناوەکە لە دەستەی خاوەنی بەکاردێن: بینیمانی، ناسیمانی،... تەنانەت زۆرجار لەگەڵ کاری تێنە پەڕیش بەکاریان دێنن: چومان، ڕۆیشتمان...
لە خوارودا – لوڕ- ڕۆڵی بکەری و بەرکاری ئاڵوگۆڕ ئەبێ، بۆنمونە: (سەرم بڕی). لە خوارو واتە، ئەو سەری منی بڕی، بەڵام (سەری بڕیم) واتە، من سەری ئەوم بڕی...

کارەکان: وەستان، نیشتن، ڕۆیشتن، سوتان، زان، بون،... هتد. ئەم ناوانەش بە پێی شوێن و ژینگە لە کۆمەڵگایەك بۆ کۆمەڵگایەکی تر ئەگۆڕێ.

لە فۆناغی ڕاو و شکاردا، جگە لە ناوەکانی قۆناغی پێشتر، کۆمەڵێ ناوی تر و لەگەڵ ناوەکان کرداری تری نوێ هاتنە ئارا کە پێویستیەکانی نوێی دابین ئەکرد، وەك: ڕاو، تیر، کەوان، چەقۆ، کوشتن، کەوڵ، برژاو، خاو، دڕندە....

بەهەمان شێوە لە قۆناغی ئاژەڵداریدا، چەندین وشە و کرداری تر هاتنە ناوەوە، وەك: کێوی، ماڵی، کۆز، ئالیك، لەوەڕ، پاوان، دۆشین، شوان، گاوان، بێری...

لە قۆناغی کشتوکاڵیشدا، کۆمەڵێك وشەی تر هاتنە سەر خەرمانی وشەکانی تر ، وەك: جوت، گاسن، هەوجار، بەیار، بەراو، نسار، بەڕۆژ، بژار...

قۆناغە دواییەکانی تریش، هەر یەکە ناوکۆیی خۆی لە پەرەسەندن و فراوانبونی زمانی مرۆڤایەتی کردوە، وەك: قۆناغی خێلەکی و نیشتەجێبون و دەرەبەگی و میرنشینی و فەرمانڕەوایەتی...، بەڵام مەرج نیە، زاراوەکان وەکو ئێستا بوبن و گۆڕانیان بەسەردا نەهاتبێ، ئەوەی شایانی باسە، قۆناغە نوێیەکانی شارستانیەتی و پیشەسازی و هاوچەرخ، بەتاییەتی دوای داهێنانی نوسین و ئەفراندنەکانی تر، شاڵاوێکی یەکجار خێرا و بەرفرە لە پەیدابونی وشە دەستییێکرد و بەهەزاران وشە لە هەمو بوارەکانی ژیاندا هاتنە ناوەوە. پیشەسازی، بە هەمو ئامێر و کەلوپەل و داهێنانەکانیانەوە، کە هەر ئامێرەش لە چەندەها پارچە و هەر پارچەش ناوێك و کردارێك و بیرۆکەیەکی نوێی هێنایە کایەوە.

بابەتە زانستیەکان کە خەریکە وای لـێ دێ، لە ژمار نایێ، هەر یەکە هەزاران وشە و بیرۆکەی نوێی دروستکرد. بە هەمان ڕێچکە بابەتە ڕامیاری و کۆمەڵایەتیەکانی تر بێپایان وشە و بیرۆکەی نوێیان هێنایە ئاراوە.

کەواتە، دەرەنجام ژمارەی وشە و بیرۆکەکان لە ژمار دەچون، بەڵام لە هەمان کاتدا، بڕ و ماوەی کات وەکو خۆیەتی و هەمان شەو ڕۆژ و هەمان (٢٤) کاتژمێرەکەی جارانە. بۆیە، تاکو کات بەرەو داهاتو بڕوا وشە وبیرۆکەکان پتر دەبن و مرۆڤ ناچار دەکەن، لە ئاخاوتندا خێراتر بێ، بۆ ئەوەی بتوانێ، ئەم هەمو بیرۆکانە لە هەمان کاتی جاران دەربڕێ.

لێرەدا، ڕادەی خێرابونی ئاخاوتن هەرچەندێك بێ، ناتوانێ، فریای ئەم هەمو کەرەسە و فراوانکاریە بکەوێ. جگە لەمە، خێرابونیش سنوری هەیە و نابێ لە ڕادەی لەیەکگەیشتن دەربچێ. بۆیە، زمان نابەدەست (لا إرادي)، دەست بە گۆڕان و کورتبونەوە ئەکا. کورتبونەوەکەش لە هەمو ئاستەکان دەبێ و لەسەر بنەمای ئەوە دەبێ کە زۆرترین واتا لەسەر کەمترین کەرەسە باربکا. بەمەش قسەکەر دو شت قازانج ئەکا: یەکەم ــ کاتی بۆ

ئەگەڕێتەوە و لەماوەی هەمان کاتدا ئەتوانێ بڕێکی زۆرتر لە واتا بە کەرەسەی کەمتر بگەیەنێتە بەرامبەرەکەی کە گوێگرە. دومم ـــ بەهۆی ئەم کورتبونەوەیە، قسەکەر وزەیەکی کەمتر خەرج ئەکا.

ئەوەی ئەبێتە هۆی ڕێگرتن لە خێرایی ئەو گۆڕانکاریە، گوێگرە، چونکە گوێگریش ئارەزوی ئەوە ئەکا کە وزەی کەمتر بەکاربێنێ و زوتر لە بابەتەکە بگا، چونکە ڕستە تا درێژتر بێ مەبەستەکەی ڕون و ئاشکرا دەبێ. لێرەدا، ئەبێ ڕادەی پێشکەوتنی بیر و هۆشیش فەرامۆش نەکەین، چونکە ڕادەی فراوانبونی شارستانیەت و بیر و زمان - ڕێژەیەکی ڕاستەوانەیان (تناسب طردي) هەیە.

**کورتبونەوە لە ئاستی دەنگسازی:**

**١- کەوتن یان سوانی دەنگ:**

سوانی دەنگی (د) لە کۆتایی وشەکان لە دیالێکتی ژورودا:

کرد - کر، برد - بر، مرد - مر، خوارد - خار، پرد - پر، زەرد - زەر، دەرد - دەر،...

سوانی دەنگی (ە)ی مۆرفیمی کاتی ئێستا، کە ئەکەوێتە سەرەتای کاری ڕانەبوردو لە دیالێکتی ژورودا:

(ئـ/د)(ە)سوتێم - (ئـ/د)(Ø)سوژێم، (ئـ/د)(ە)چی - د(Ø)چی،...

سوانی دەنگی (ن) لە مۆرفیمی (ان)ی کۆ، لە دیالێکتی ژورودا: لای پیاوان - نك مرۆیا، کانی ژنان- کانیا ژنا، خاکی کوردان - خاکا کوردا، گەلی برایان- گەلێ برایا،...

سوانی دەنگی (هـ) لە پێشەوەی وشە:

(ئـ/د)(ە)هێ - دێ/یێ، هێشو (هوشی) - وشە، هۆشیار - وشیار...

**٢- لێکدانی دو دەنگ و گۆڕانیان بۆ یەك دەنگ:**

(ە + ی - ێ): پەیرەو - پێرەو، بەی - بێ، چواریەك - چوارێك، سولە یمانی - سولێمانی...

(و + ە - ۆ): ماموەستا - مامۆستا، بوەتە - بۆتە، کەون - کۆن، چوەتەوە - چۆتەوە/ چۆتۆ،...

**کورت بونەوە لە ئاستی وشەسازی:**

١- لەیادکردن و نەمانی ئەو وشە کۆنانەی لە بەکارهێنان ئەکەون، وەك: هەوجار، گاسن، تەشی،...

لەم بارەیەوە هەر فەرهەنگێك پڕە لەو وشە کۆنانەی لەم سەردەمە بەکارناهێنرێن.

٢- لێکدانی دو وشە یا پتر و گۆڕانیان بۆ یەك وشە:

برای باوك - مام، خوشكی باوك - پور...( ٢٦-١٥٥ )، زانست كۆكردنەوە - زانكۆ، جێگای كۆكردنەوە - كۆگا،...

٣- گۆڕانی مۆرفیمی سەربەخۆ بۆ مۆرفیمی بەند:

ـــ گۆڕانی ڕاناوی سەربەخۆ بۆ ڕاناوی لكاو:

بە بەڵگەی ئەوەی لە ژورودا، دو دەستە ڕاناوی جیا و یەك دەستە ڕاناوی لكاو هەیە، بەڵام لە ناوەڕاستدا، یەك دەستە ڕاناوی جودا و دو دەستە ڕاناوی لكاو هەن. واتە، ڕاناوی خاوەنی لە ژورودا جیایە و لە ناوەڕاستدا لكاوە:

من نقیسی - نوسیم، تە خار - خواردت، وی/وێ گۆت - وتی، مە هنارت - ناردمان...

ـــ گۆڕانی ڕاناوی جیا لەبەركاری بەیاریدە بۆ لكاو:

بە ئەومدا - بەیم دا- بێم دا - پێم دا - دام پێ - دامێ.

دە ئەوم گرت - دەیم گرت - دێم گرت - تێم گرت - گرتم تێ - گرتمێ.

كردم بە ئەو - كردم بەی - كردم بێ - كردم پێ - كردمێ.

ـــ گۆڕانی ئامرازی پەیوەندی سەربەخۆ بۆ لكاو:

چوم بۆ هەولێر - چومە هەولێر، بوم بە مامۆستا - بومە مامۆستا، بەمن ناخورێ - پێم ناخورێ، لە تۆ ئەدەم - لێت ئەدەم، لە ئەو شارە - لەو شارە، لە ئێرە- لێرە، بە ئەم جۆرە - بەم جۆرە...

**كورت بونەوە لە ئاستی ڕستەسازی:**

١- لادانی ڕاناوی جیا ( سەربەخۆ ):

من هاتم - هاتم، تۆ چوی - چوی، ئەو نوستØ - نوستØ.....

ئێمە ئەومان گرت - گرتـØمان، ئەوان منیان هێنا - هێنامیان...

٢- لادانی ناوەكان:

ئازاد و نەوزاد دەرچون - دەرچون، ئازاد هەستاØ - هەستاØ، پۆلیس دزەكەی گرت - گرتـØی...

٣- لادانی ئاوەڵناو:

گولێكی سوری ئاڵم چاند - گوڵێكم چاند - چاندم.

بە پاسێكی نوێی خاوێنی تیژڕەو هاتین - بە پاس هاتین - هاتین.....

٤- لادانی ئاوەڵكار:

دوێنی ئێوارە بە پەلە گەڕانەوە - دوێنی ئێوارە گەڕانەوە - گەڕانەوە.

بەیانی زو لەناكاو دەركەوتن - بەیانی زو دەركەوتن - دەركەوتن.

لە بنەڕەتدا، (ئاوەڵکار) واتە، (دیارخەری کار)، یان ئاوەڵکار، ئەو بەشەی ڕستەیە کە وەسفی ڕودانی ڕەگی کار ئەکا، بەڵام ناوی کاتەکان، وەسفی مۆرفیمەکانی کات ئەکەن و فراوانیان ئەکەن و لە گشتیەتی ئەیانگۆڕن بۆ تایبەتی. واتە، کاتی مۆرفیمەکانی کات سنوردار و دەستنیشان ئەکەن. بۆنمونە: وشەکانی – دوێنێ ئێوارە، بەیانی زو...- ئاوەڵکاتن، نەك ئاوەڵکار. واتە، وەسفی مۆرفیمی کاتیان کردوە و بە پەلە و لەناکاو....... ئاوەڵکارن، نەك ئاوەڵکات، وەسفی ڕەگی کارەکانیان کردوە.

لە کوردیدا، ئاوەڵکاری شوێنیش بریتیە لە ناوی شوێنەکان و هەموشیان ئەچنە چوارچێوەی بەرکاری بەیاریدە:

لە کەرکوك بوم، دێمە سولێمانی، بۆ شاریان ئەنێرن.......

هەندێ وشە هەن، لەگەڵ ناوەکانی شوێن دێن و پتر شوێنەکە سنوردار ئەکەن، وەك: لەسەر بانەکە، لەژێر دارەکە، لەناو، لە تەنیشت........ ئەمانە شایانی ئەوەن پێیان بوترێ: ئاوەڵشوێن، نەك ئاوەڵکار.

کەواتە، بەشە سەرەکیەکانی ڕستە بریتین : ڕەگی کار، مۆرفیمەکانی کات و ڕاناوەلکاوەکان، چونکە ناتوانرێ، لە ڕستەدا لابردرێن.

## بەشی چوارەم ـــ ڕستە و بەشەکانی ئاخاوتن:

بەشەکانی ئاخاوتن هەر لە زووەوە تاوتوێ کراون و گفتوگۆیان لەسەر کراوە و تا ئێستاش مشت و مڕ لە جۆر و چەندێتی ئەو بەشانە بەردەوامە و زۆر جار ژمارە و بایەخیان لە زمانێك بۆ زمانێك ئەگۆڕێ(٢٧-٨٨). یۆنانیەکان هەشت بەشی ئاخاوتنیان بۆ لاتینی دیارکرد بو، کە ئەو کاتە پێیان ئەوتن (بەشەکانی وشە)(٢٨-٧). لە کوردیدا دە بەشی ئاخاوتن دیارکراون: (ناو، ئاوەڵناو ، جێناو، ژمارە، کردار(چاوگ)، ئاوەڵکردار، پریپۆزیشن، ئامرازی پەیوەندی، ئامرازی سەرسوڕمان و بانگهێشتن، پارتیکل)(٢٨-١٠). هەندێکی تریش هەشت بەشی ئاخاوتن بۆ زمانی کوردی دەستنیشان ئەکەن(٢٩-٦٥).

جیاوازیمان لەگەڵ زمانەوانەکانی بەراییدا، ئەوەیە: ئێمە لە ڕوی گرنگیی بەشەکان لە ئاستی ڕستەسازیەوە پۆلینیان ئەکەین، واتە، توانای مانەوە و شوێنگرتنەوەیان لە ڕستەدا. ئەگەرچی ئەرستۆ هەر لە زووەوە ڕستەی دابەشکرد بۆ ناو و کار (٣٠-٥١) و زمانەوانیی سەردەمیش، بەتایبەتی چۆمسکی(٣١-٣٧) و هاوڕێکانی تا ڕادەیەك گەڕانەوە سەر هەمان ڕێباز و ڕستەیان دابەشی فرێزی ناوی و فرێزی کاری کرد، بەڵام لە زمانی کوردیدا، بە پێی

ئەو پێناسەیەی خستمانەڕو بۆ ڕستە، گرنگترین بەشی ڕستە ڕەگی کارە، کە کۆڵەکەی سەرەکیی ڕستەیە و بێ ئەو ڕستە دروستنابێ، چونکە ڕەگی کار ناوی گۆڕانکاریەکەیە و هیچ گۆڕانکاریەکیش بێ بونی توخم ڕونادا. ئاشکرایە، گۆڕانکاری واتە، گۆڕانی توخمێك لە شێوەیەك بۆ شێوەیەکی تر. واتە، بەشی دوەمی گرنگ لە ڕستەدا توخمەکانە، واتە، ڕاناوەکان. تا ئێرە لەگەڵ ئەرستۆ و چۆمسکی ڕێکین، بەڵام ناڕێکیەکەمان لەوەدا دێ کە :

١- لە زمانی کوردیدا، بەشە هەرە گرنگەکانی ڕستە، کار و ڕاناون، نەك ناو و کار. مەبەستیش لە ڕاناوەکان، تەنیا ڕاناوە لکاوە کەسیەکانە. بەڵگەشمان ئەوەیە، کە نە ناو و نە هیچ بەشێکی تری ئاخاوتن بتوانن جێگەیان بگرنەوە و هەرگیز کاریش لە کوردیدا بێ ئەوان دەرناکەوێ و نابێ بە ڕستە.

٢- پێویستیەکی تری گرنگی ڕستە، کاتی ڕودانی گۆڕانکاریەکەیە، کە لە شێوەی مۆرفیمەکانی کات خۆی ئەنوێنێ و ئەبێ لەڕستەدا هەر هەبن.

لێرەدا دڵنیام، بە پێی بۆچونەکەی خۆیان، فرێزی ناوی و فرێزی کاریەکەی ئەوان ڕەگ و ڕاناویش ئەگرێتە خۆی، بەڵام ئەم گرتنەخۆیە، پتر ئاستی ناوەوە ئەگرێتەوە، ئەگەرنا دابەشکردنی هەندێ ڕستەی وەك ئەمانەی خوارەوە لە ئاستی سەرەوەدا کارێکی ئاسایی نیە :

دایێ - ئەو شتێکی دا بە ئەو.

ئەیگرێ - تۆ شتێك ئەگریە ئەو.

مەبەستی ئێمە ڕەخنەگرتن نیە لە دابەشکردنە دوانیەکەی ئەرستۆ و چۆمسکی، چونکە ئەزانین، هەمو ڕستەیەك، تەنانەت ئەمانەی سەرەوەش بە پێی بۆچونەکەی ئەوان بە چەند هاوکێشەیەك شیکار ئەکرێ، بەڵام مەبەستی ئێمە ئەوەیە : کە بەشە هەرە گرنگەکانی ڕستە (یا ئاخاوتن)، ناو و کار نین، بەڵکو، ڕەگی کار و مۆرفیمەکانی کات و ڕاناوەکانی لکاون. ئەمانە بەشی سەرەکیی ڕستەن کە ناتوانرێ، لابدرێن، ئینجا بەشە ناسەرەکیەکان (لاوەکیەکان)ی تر دێن. هەرچەندە ئەوانیش بە پێی ڕۆڵ و ئەرك و توانای لادان و مانەوەیان ڕیز ئەبەستن و ڕادەی بایەخیان بە نۆرە دیار ئەکرێن. بەم جۆرە :

(١) ڕاناوی لکاو: ئەگەر ئەم بەشە نەبێ، ڕستە دروستنابێ، هەر ئەم بەشەش لە یەکێ لە کاتەکاندا هەبو، گۆڕانکارییەکی هەر بەسەر دێ. بەڵگەشمان ئەوەیە، کە لە چاوگدا هەرچەندە ڕەگی کار و مۆرفیمی کاتیش هەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی ڕاناوی لکاو نیە، ڕستە دروستنابێ. ئەگەرچی ڕاناوی لکاویش هەر ئەو توخمە ئەگەیەنێ کە ڕاناوی جیا، یان ناو،

یان ئاوەڵناویش ئەتوانن، دیاری بکەن، بەڵام ئەو بەشانە هەبن، یان نەبن، ڕناوی لکاو هەر هەیە. واتە، ئەتوانرێ، ئەوانی تر لابدرێن، بەڵام ڕاناوی لکاو لانادرێ.

(٢) ڕەگی کار: ئەو مۆرفیمە بەندە تەوەرەییەیە، کە گۆڕانکارییەك دەرەخا. واتە، بریتیە لە ناوی ئەو ڕوداوەی بەسەر توخمەکەدا دێ. بەبێ ڕەگی کار، هەرگیز ڕستە دروستنابێ، ئینجا لە ئاستی سەرەوە دەرکەوێ، یان دەرنەکەوێ.

(٣) مۆرفیمەکانی کات: هیچ ڕوداوێك ناتوانێ، لە بواری کات دەربچێ. واتە، کاتی ڕودانی، لە سنوری ئەم سێ کاتە دەرناچێ: ڕابوردو، ئێستا، داهاتو.

(٤) ئامرازەکانی پەیوەندی: گرنگی ئامرازەکانی پەیوەندی لەوەدایە کە هیچ بەشێك نیە شوێنیان بگرێتەوە و کاتێ ڕستە پێویستیی پێیان ئەبێ، ئەبێ دابنرێن. ئەوانیش بەندەکانیان گرنگترن لە سەربەخۆکان، چونکە سەربەخۆکان ئەتوانرێ، لابدرێن و بەندەکانیان لە شوێن دابنرێ، بەڵام بەندەکان لانابردرێن: (چوم بۆ هەولێر - چومە هەولێر). لە هەندێ ڕستەدا، فۆڕمە سەربەخۆکان فرامۆشکراون و بەکارناهێنرێن (دە ناو ئاوەکەم خست / خستم دە ناو ئاوەکە - خستمە ناو ئاوەکە - خستمێ).

(٥) دیارخەرەکان: ئەتوانین، هەمو بەشەکانی تری ئاخاوتن بە دیارخەر دابنێین، هەر یەکەیان، بەشێك لە سێ بەشە سەرەکیەکانی سەرەوە، ڕونئەکاتەوە لایەنێکی ئەو بەشە ئاشکراتر و سنوردارتر ئەکا. بۆیە، ئەتوانین، دابەشی سێ بەشیان بکەین و دانەکانی هەر بەشێکیان بە پێی گرنگییان ڕیزبکەین:

((أ)) دیارخەری توخم یان ڕاناوی لکاو:

ئەو وشانەن کە ڕاناوە لکاوەکان ڕون و ئاشکرا و سنوردار ئەکەن. بە پێی گرنگییان دابەشی ئەم بەشانەیان ئەکەین:

١ـ ڕاناوی جیا:

ڕاناوە لکاوەکان و ڕاناوە جیایەکان هەرگیز کتومت لە شوێنی یەکتر نایەن. ڕاستە لەگەڵ یەکتر ڕێکئەکەون لە کەس و ژمارەدا ئاماژە بۆ هەمان توخم ئەکەن، بەڵام لەقسەکردندا بەیەکەوە بەکار نایەن، مەگەر بۆ پێداگرتن (جەختکردن-تاکید) نەبێ: هاتم≠من هاتم. چوی≠تۆ چوی. بو≠ئەو بو.....

بەڵگەشمان ئەوەیە، هەردەم قسەکەر ئەیەوێ، بە کەمترین کەرەسە زۆرترین واتا بگەیەنێ، بەمەش کات و وزەی بۆ ئەگەڕێتەوە، ئینجا هەر کەرەسەیەك بەشی خۆی واتا هەڵنەگرێ قسەکەر بەکار ناهێنێ.

تایبەتیەكی تری ڕاناوەكان، چ لكاو بن، چ جیا، ئەوەیە، ئەوانیش لەناو خۆیاندا هەندێكیان لە هەندێكیان گرنگترن. بۆ نمونە، كەسی یەكەمی تاك و كۆ، بەتایبەتی كەسی یەكەمی تاك لە هەمویان گرنگترە، چونكە قسەكەرە و دروستكەری ڕستەیە. جگە لەمە، هیچ كەرەسەیەك ناتوانێ، شوێنی بگرێتەوە. دوای كەسی یەكەم، كەسی سێیەم دێ، چونكە زۆربەی ڕستەی زمان دەربارەی كەسی سێیەمی تاك و كۆیە، بەتایبەتی تاك. زۆربەی بەشەكانی ئاخاوتنیش ئەچنە بواری كەسی سێیەم. تەنانەت ناوی خۆشمان خودی خۆمان نیە و هێمایەكە و ئەچێتە بواری كەسی سێیەم، بەبەڵگەی ئەوەی ئە پرسین: ناوت چیە؟. نالێی: فلانم، ئەڵێی: فلانە. وەك ئەوەیە، بپرسین: ئوتۆمبێلەكەت چیە؟. بڵێی: لادایە. ئینجا لە دوای ئەمان، ڕۆلی كەسی دوەمی تاك و كۆ دێ، چونكە جاری وا هەیە، بەبێ بونی كەسی دوەم (گوێگر)، كەسی یەكەم هەر ئەتوانێ قسە بكا، وەك لە ڕستەی هەستدەربڕین و وێرد و گۆرانی و... هتد.

٢ــ ناوەكان:

ئەو وشانەن كە ئەتوانن، ڕاناوە لكاوەكان دیاربخەن و ئاشكرایان بكەن. لێرەدا ئەتوانرێ، زنجیرە ناوێك بە دوای یەكدا بێن و یەك ببێتە دیارخەری ئەوی دی. ناوەكان: بۆ ئەوەن، توخمی ڕاناوە لكاوەكان ئاشكرا بكەن و ڕۆلی ڕستەسازییان لە بكەری و بەركاری و بەركاری بەیاریدە و دیارخەری و ...هتد دیاربكەن.

٣ــ ئاوەڵناوەكان:

ئەمانەش ئەو وشانەن كە لایەنێكی ڕاناوە لكاوەكان ڕون ئەكەنەوە و ئاشكرا ئەكەن. جیاوازییان لە گەڵ ناوەكان لەوەدایە: ئەمانە لە بنەڕەتدا نیشانەی ناسیاوی و نەناسیاوی و كۆ وەرناگرن، بەڵام ئەم نیشانانە لە ناوەكانی پێشیان بۆ ئەوان دێ، ئینجا ناوەكەی پێشیان دەركەون، یان دەرنەكەون. جیاوازیەكی تری بەرجەستەش ئەوەیە، ئاوەڵناوەكان پلەی بەراورد (تر، ترین) وەرەگرن، بەڵام ناوەكان وەریان ناگرن. ئەگەر هەر ناوێك بتوانێ، لە ڕستەیەكدا ئەو نیشانانە وەربگرێ، ئەوە لەو ڕستەیەدا ئەركی ئاوڵناو ئەبینێ، نەك ناو:        كوردێكمان بینی. (ناو)

لە تۆ كوردتر پەیدا نابێ. (ئاوەڵناو)

٤ــ ژمارە:

ئەو وشانەن كە ڕادەی توخمەكان بە وردی و بە دانە دەرەخەن. وەك: دو سێ كەس میوانی ئێمەن.

٥ــ ڕادە:

ئەو وشانەن کە ڕادەی توخمەکان بە تێکرایی دەرەخەن. وەك: زۆر ، کەم، نەختێ، هەندێ...

٦ـ ئاوەڵشوێن:

ئەو وشانەن کە شوێنی توخمەکان، دەستنیشان ئەکەن. بۆ نمونە: لە هەولێر چومە سولێمانی. لەسەر بانەکە کەوتمە خوارەوە.

لەم دو ڕستەیەدا شوێنی یەکەم و دوەمی ( من ) دەستنیشان ئەکا.

نەمامەکەم لە باخەکەدا ڕواند/ ئەڕوێنم.

خانوەکەم لە لادێ کرد/ ئەکەم.

لەم دو ڕستەیەدا شوێنی بەرکارەکان {( ئەو )/ نەمامەکە/ خانوەکە} دیارخراون.

نامەیەك ئەنێرمە هەندەران.

نامەیەکم ناردۆتە هەندەران.

لەم دو ڕستەیەدا شوێنی کارەکە دەستنیشان نەکراوە، بەڵکو شوێنی ( نەمامەکە ) دیارخراوە.

تێبینی ئەوە ئەکرێ کە هەندێ ڕستە هەن. وەك:

( نوسیم/ ئەنوسم، خوێندم/ ئەخوێن، وتم/ ئەلێم )... بەرکارەکانیان دەرناکەوێ، چونکە بریتیە لە چاوگی کارەکە: ( نوسین، خوێندن، وتن....... )

(( ب )) دیارخەری ڕەگی کار:

ئەو وشانەن کە چونیەتی ڕودانی ڕەگی کار ئاشکراو ڕون دەکاتەوە. وەك:

بەئاسانی مرد، بە پەژارەوە ڕۆیشت، بە پێکەنینەوە ئەدوا،...

(( ت )) دیارخەری مۆرفیمی کات:

بریتین لەم وشانەی مۆرفیمەکانی کات دیار و ئاشکرا ئەکەن و لە کاتی گشتی ئەیانگۆڕن بۆ کاتی تایبەتی: ( دوێنێ، پێرێ، پار،... ) بۆ ڕابوردو . ( ئێستا ، هەنوکە، ... ) بۆ ئێستا. ( سبەی، دوسبەی، ساڵێکی تر،... ) بۆ داهاتو. هەروەها هەندێ ئاوەڵکاتی وەك: ( زو، درەنگ،... ).

ئامرازەکانی پەیوەندی ئەتوانن، لەگەڵ هەمو دیارخەرەکان بەشداربن.

ئەتوانین، گرنگی بەشەکانی ئاخاوتن وەك دیارخەری بەشەکانی ڕستە، لە خشتەیەکی وەك ئەمەی خوارەوە نیشان بدەین:

**بەشـــەكانی ڕســــتە**

**ڕەگــی کــار**

1 - ئاوەڵکار

ئاســان خــەوت

بــە زۆر هـێـنـام

بــە پـەلـە هات

**مۆرفیمەکانی کـات**

1 - نـاوی کـات

دوێنێ هـات

ئێستا لێرەیە

ئەمرۆ یا سبەی ئەڕوا

2 - ئـاوەڵـکـات

دوێـنـێ زو

بەیانی درەنگ

دوسبەی پێش بەربانگ

**توخمەكان ( ڕاناوی لکاو )**

1 - ڕانــاوی جـیـا

من ئەچم، تۆ ئاچی، ئەو بچێ، .....

2 - نــاوەکــان

ئازاد کەوت...کەو و کۆتر فڕین..

3 - ئـاوەڵـنـاوەکــان

کوردە ئازاکە...منداڵی بچوکی زرنگ..

4 - ژمـــارە

سێ چوار کەس... یەك مار، دو پشیلە

5 - ڕادە

کەمێ شیر و هەندێ پەنیر و ئەختێ...

6 - ئـاوەڵـشـوێـن

لە کەرکوك بوم...لە هەولێر و دهۆك

لێرەدا تێبینی ئەوە ئەکرێ، ئامرازەکانی پەیوەندی ئەتوانن، لەگەڵ دیارخەرەکانی هەرسێ بەشەکەی ڕستە بەشداری بکەن و ژمارەی وشە دیارخەرەکان پتر بکەن.

## ئەنجامەکان

١- پێناسەکانی زمانەوانی دێرین بۆ ڕستە، مەبەستیان نەپێکاوە و چەند کەموکوڕیەکیان تێدایە، وەك:

( أ ) باسی هەمو کەرەسەکانی ڕستە ناکەن.

( ب ) هەر یەکەیان لایەنێکیان گرتوە، لایەنەکانی تریان فەرامۆشکردوە. وەك: لایەنی داڕشتن، لایەنی واتا، لایەنی ڕێزمان، لایەنی ئەرك، ...

( ت ) هەمو ڕستە سادەکان ناگرنەخۆ.

( پ ) ئاستەکانی ڕستە، بە تایبەتی ئاستی ناوەوەیان فەرامۆشکردوە.

٢- پێناسەی ورد و زانستیانەی ڕستە بەم شێوەیە:

( ڕستە : بریتیە لە ڕەگی کار و پێویستیەکانی ).

٣- پێویستیە سەرەکیەکانی ڕستە، بریتین لە: ڕەگی کار، مۆرفیمەکانی کات، مۆرفیمەکانی توخم ( ڕاناوی لکاو ).

٤- پێویستیە ناسەرەکیەکانی ڕستە، بریتین لە: ئەو وشە و ئامرازانەی وەسفی پێویستیە سەرەکیەکانی ڕستە ئەکەن.

٥- هەمو کارێك لە زمانی کوردیدا بە تەنیا دەرکەوێ ڕستەیە.

٦- بەشەکانی ئاخاوتن، لە ڕوی توانای مانەوە و نەمانەوەیان ڕێژەیی و جیاوازن.

٧- ئاوەڵکاری کات، وەسفی مۆرفیمەکانی کات ئەکەن، نەك ڕەگی کار. ئەویش دو جۆرن: ناوی کاتەکان و ئاوەڵناوی ئەو ناوانە.

٨- ئاوەڵکاری شوێن، وەسفی شوێنی توخمەکان (بکەر و بەرکار) ئەکەن، نەك شوێنی کار.

٩- لە هەندێ کاردا، (بەتایبەتی ئەوانەی بە -اندن- لە دەنگە سروشتیەکان دروستەبن) ئەتوانرێ، ناوی بەرکار نەهێنرێ، چونکە بریتیە (یا هاوشێوەی) ناوی دەنگە سروشتیەکەیە.

١٠-ئامرازەکانی پەیوەندی، ئەتوانن، لەگەڵ وشە دیارخەرەکانی هەر سێ بەشە سەرەکیەکە بەکاربێن و یەکێ لە بەشە ناسەرەکیەکانی ڕستەن.

## سەرچاوەکان


١- العلم والمشتغلون بالبحث العلمي في المجتمع الحديث، د. جون ب. ديكنسون، ترجمة – شعبة الترجمة باليونسكو، سلسلة عالم المعرفة، العدد ١١٢، الكويت،حزيران، ١٩٨٨م.

٢- أضواء على الدراسات اللغوية المعايَرة، د. نايف خرما، سلسلة عالم المعرفة، العدد ٩، الكويت،ايلول ١٩٧٨م.

٣- اللغة والعقل،نعوم جومسكي، ترجمة بيداء علي العلكاوي، بغداد، ١٩٩٦.

٤- قواعد اللغة الكردية، توفيق وهبى، الجزء الاول، الباب الثانى، ١٩٥٦.

٥- قەواعدی زمانی کوردی لە (صرف و نحو)دا، نوری علی امین، بەرگی یەکەم چاپخانەی معارف- بەغدا، ١٩٥٦.

٦- زمان و ئەدەبی کوردی، لێژنەیەك لە وزارەتی پەروەردە، بۆ پۆلی دوەمی ناوەندی، چاپی هەشتەم، چاپخانەی ژمارە (٢)ی وەزارەتی پەروەردە لە هەولێر، ١٩٨٢.

٧- أواو دەستورا زمانی کوردی، جگر خوین، بەغدا، ١٩٦١.

٨- قەواعدی زمانی کوردی لە (صرف و نحو)دا، نوری علی امین، بەرگی دوەم، چاپخانەی معارف- بەغدا، ١٩٥٨.

٩- ڕێزمانی کوردی کرمانجی یا ژوری و ژێری یا هاڤبەرکری، صادق بهاء الدین ئامێدی، زانکۆی سەلاحەددین، ١٩٨٧.

١٠- زاری زمانی کوردی لە تەرازوی بەراورد دا، محەمەد ئەمین هەورامانی، بەغدا، ١٩٨١.

١١- ڕێزمانی کوردی نوری عەلی ئەمین، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، ١٩٦٠م.

١٢- New Horizons In Linguistics, J.Lions, Penguin, ١٩٧٠.

١٣- اللغه والمعنى والسياق، جون لاينز، ترجمة- د.عباس صادق الوهاب، سلسلة المائة كتاب، ١٩٨٧.

١٤- زمان و ئەدەبی کوردی، لێژنەیەك لە وزارەتی پەروەردە، بۆ پۆلی یەکەمی ناوەندی، چاپی هەشتەم، چاپخانەی ژمارە (٢)ی وەزارەتی پەروەردە لە هەولێر، ١٩٨٢.

١٥- A Kurdish Grammar, Ernest N. MCcarus, New York, ١٩٥٨.

١٦- جۆرەکانی ڕستە لە زمانی کوردیدا، دکتۆر کوردستان موکریانی، گۆڤاری زانکۆ، بەشی (ب) مۆرڤایەتی، بەرگی (٦) ایلولی، ١٩٨٠.

١٧- Syntax, P.H. Mathews, Cambridge University Press, Cambridge Textbooks in Linguistics. ١٩٨٢.

١٨- مۆرفیمە ڕێزمانیەکانی کار، عەبدوڵلا حوسێن ڕەسول، نامەی دکتۆرا، کۆلیجی پەروەردە، زانکۆی بەغدا، ١٩٩٥.

١٩- بحوث لسانية بين نحو اللسان و نحو الفكر، نعيم علوية، لبنان، بيروت، ١٩٨٤.

٢٠- The Case For Case, Fill More. Charles . J. In Emmor Bach and Robert T, Harms. (Eds). Universales In Linguestic Theory, Holt, Pinehart and Winston. New York. ١٩٦٨.

٢١- وشە، وريا عمر امين، گۆڤاری نوسەری کورد، ژمارە (٩)، خولی دووەم، تشرینی دووەمی ١٩٨٢.

٢٢- ڕێزمانی ڕاناوی لکاو، د.وريا عمر امين، گۆڤاری کاروان، ژمارە (٨)، هەولێر، ئایاری ١٩٨٣.

٢٣- چەند حەشارگەیەکی ڕێزمانی کوردی، مەسعود محەمەد، چاپخانەی کۆری زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٦.

٢٤- التفسير الميكانيكى للظاهيرة الشمسية والقمرية، وريا عمر امين، مجلة شمس كردستان، العدد (٧٩) بغداد، ايار، ١٩٩٠.

٢٥- فصول في علم اللغة العام، ف.دي. سوسير، ترجمة- د.احمدنعيم الكراعين، دار المعرفية الجامعية، اسكندرية، ١٩٨٥.

٢٦- علم اللغة الاجتماعي، د.هدسن، ترجمة- د. محمود عبدالغني عياد، بغداد، ١٩٨٧.

٢٧- هەندێ تێبینی دەربارەی ئاوەڵناو لە کوردیدا، محەمەد معروف فتاح، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە ١٢٥، وەرزی بەهار-١٩٩٠.

٢٨- ناو، د.ئەورەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم، مۆرفۆلۆجی، بەشی یەکەم -ناو- چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٩.

٢٩- قواعد اللغة الكردية، توفيق وهبى، الجزء الاول، الباب الثانى، ١٩٥٦.

٣٠- Linguistics, David Crystal, Penguin Book, ١٩٨١.

٣١- البنى النحوية، نعوم جومسكى ، ترجمة- د.يؤيل يوسف عزيز، بغداد، ١٩٨٧.


# Characteristic of the Simple Sentence


## Abstract

This research is concerned with the sentence, its definition, its main parts and secondary parts as well. It is also concerned with the way of expanding sentences as well as the range of parts of speech in the sentence according to the significance of each of them. Because the sentence is the main element in the language, most of linguists varied in their study of it however these studies are in need of specialization, Scientific and linguistic explicitness. It is very important to specify the importance and function of the morphemes in sentence structure.

To overcome the shortcomings and cover most of the sides, the researcher tried in the first chapter to present some of the traditional definitions, shedding light on the weakness of the definitions and a complete analytical criticism of them. In the second chapter, the researcher

had introduced a new definition for simple sentence with the analysis and explanation of the content of the definition. The third chapter classifies the main and secondary parts of the simple sentence. The fourth chapter is concerned with the analysis of parts of speech with the range of its importance. Finally, the researcher presented his conclusions, and a list of references, in addition to the summary of the research in English and Arabic.

## ملخص البحث


يتناول هذا الباحث موضوع الجملة من حيث تعريفها، أجزائها الرئيسية، وغير الرئيسية، كيفية توسيعها، و تسلسل أقسام الكلام في الجملة حسب أهمية كل منها.

لكون الجملة المحور الأساسي للغة، تطرق أغلب اللغويين إليه بشكل متباين، إلا أن هذه الدراسات تحتاج الى التخصيص والدقة العلمية واللغوية، ولاسيما تحديد أهمية و وظائف المورفيمات في ضياغة الجملة.

لغرض إكمال النواقص و تغطية كافة الجوانب حاول الباحث في الفصل الأول، عرض بعض التعاريف السابقة، مع إلقاء الضوء على نقاط الضعف في تلك التعاريف و نقد تحليلي شامل لهذه التعاريف.

في الفصل الثاني، قدم الباحث تعريفا جديدا للجملة البسيطة و شرح و تحليل ما يتضمنه هذا التعريف.

جاء الفصل الثالث، ليصنف المكونات الرئيسية، غير الرئيسية للجملة البسيطة.

وخصص الفصل الرابع، ليتناول عرض تحليلي لأقسام الكلام وتسلسل أهميتها.

وأخيرا قدم الباحث النتائج التي توصل إليها، ثم قائمة بأسماء المصادر، إضافة إلى الملخص باللغة العربية.

# ڕاناوە کەسیەکانی شێوەزاری خۆشناوەتی
## توێژینەوەیەکی ڕێزمانی کوردیە

**پرۆفیسۆر دکتۆر**
**عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول**

هەواڵنامەی کتێب

**ئەم توێژینەوەیە لە گۆڤاری زانکۆی سەلاحەددین ژمارە**
**( ١٠ )ی حوزەیرانی ( ٢٠٠٠ ) لا پەڕە ( ٤٣-٦٥ ) بڵاوکراوەتەوە**
**بەرواری نوسین ( شەممە ١٧ــ٧ــ١٩٩٨ )**

# ڕاناوە کەسیەکانی شێوەزاری خۆشناوەتی

## پێشەکی:-

مەبەست لە شێوەزاری خۆشناوەتی، شێوەی ئاخاوتنی کوردیی خەڵکی قەزاکانی شەقڵاوە و ڕواندز و سۆرانە، کە سەر بە پارێزگای هەولێرن، بە هەمو شارۆچکەکانیەوە ( پیرمام، هیران، هەریر، خەلیفان، دیانا، وەرتێ ) هەروەها هەمو ئەو گوندانەی سەر بەم ناوچانەن.

ئەو ناوچەیە تیلمە سنورێکی باریکی درێژبووەوەی نێوان ناوچەی شێوەزارەکانی باکور و باشورە، بۆیە لە ئاخاوتنی ئەو ناوچەیەدا تێکەڵییەك لە نێوان ( زاری )١٣ دیالێکتی ناوەڕاست و باکور بەدیئەکرێ. ئەو تێکەڵیەلە ڕاناوەکانیش ڕەنگی داوەتەوە. بۆیە لە کاتی لێکۆڵینەوەدا، ڕاناوەکا نمان لەگەڵ شێوەی نوسینی هەردو ( زار ) بەراوردکردوە. بۆ ڕونکردنەوەی ئەم بابەتە، باسەکەمان کردۆتە سێ بەش:-

لە بەشی یەکەمدا: ڕاناوە سەربەخۆکان باسکراون و بەراوردکراون لەگەڵ ڕاناوە سەربەخۆکان لە نوسینی دیالێکتی ناوەڕاست و باکور. لە بەندی یەکەمی ئەم بەشەدا، باسی کۆمەڵەی یەکەم ( کۆمەڵەی ئاسایی ـــ کۆمەڵەی ڕێککەوتن ) کراوە، لە شێوەی نوسینی دیالێکتی ناوەڕاست و باکوردا و ئینجا لە شێوەی خۆشناوەتیدا. لە بەندی دوەمیشدا، باسی کۆمەڵەی دوەم ( کۆمەڵەی خاوەنی ) کراوە.

لە بەشی دوەم و سێیەمدا: ڕاناوە لکاوەکانی ڕێککەوتن و خاوەنی بە هەمان شێوە خراونەتە بەر لێکۆڵینەوە. هەروەها باسی ئەو بۆچونانە کراوە کە زمانەوانان بە هەڵە تێیکەوتون لە دەستنیشانکردنی ڕاناوە لکاوەکاندا بەتایبەتی لە کەسی دوەم و سێیەمی تاکدا.

لە کۆتاییدا ئەنجامەکان و لیستی سەرچاوەکان و ئینجا کورتەی باسەکە بە عەرەبی پێشکەشکراوە.

---

١٣- زار = دیالێکت = لهجة = Dialect. شێوەزار = گۆڤەر = لهجة محلية.

## بەشی یەکەم ــ ڕاناوە کەسیە سەربەخۆکان

لە شێوەی نوسینی دیالێکتی ناوەڕاستدا، یەك کۆمەڵە ڕاناوی سەربەخۆ هەیە (١-٦) و لە شێوە نوسینی دیالێکتی باکوردا، دو کۆمەڵە ڕاناوی سەربەخۆ هەن (٢-٦)، بەڵام لە شێوەزاری (لهجه محلیه) خۆشناوەتیدا تێکەڵییەك لە ڕاناوە سەربەخۆکانی هەردو دیالێکتەکە لە جۆر و ئەرکدا بەدیئەکرێ:-

| دیالێکتی ناوەڕاست | دیالێکتی باکــــور | | شێوەزاری خۆشـنـاوەتـی | |
|---|---|---|---|---|
| ئاسایی و خاوەنی | ئاســـایی | خـاوەنـی | ئاســـایی | خـاوەنـی |
| مـــن | ئـەز | مـــن | ئـەمـن | مـــن |
| تـــۆ | تـــو | تـــە | ئـــەتـو | تـــو |
| ئـــەو | ئـــەو | و(ی/ێ) | ئـــەو | وی |
| ئـێمـە | ئـــەم | مـــە | ئـــەمـــە | مـــە |
| ئـێـوە | هون/هنگ/هەوە/هوین | وە | ئـەنـگـۆ | نـگـۆ |
| ئـەوان | ئـــەو | وا(ن) | ئـــەوان | وا(ن) |

**١ــ لە شێوەی نوسینی دیالێکتی ناوەڕاستدا (زمانی یەکگرتوی ئەدەبیی کوردی ــ ستاندارد):** ئەم کۆمەڵە ڕاناوە سەربەخۆیە (من، تۆ، ئەو، ئێمە، ئێوە، ئەوان١٤)، جگە لە ئەرکی ئاسایی١٥ خۆیان ئەرکی خاوەنیش ئەبینن لە دۆخی خاوەنیدا:-

**دۆخی ئاسایی:-**

من چوم ــ ئەچم..... ناردØم ــ ئەینێرم

تۆ خەوتی ــ ئەخەوی..... خســـتــØت ــ ئە یخەی١٦

ئەو هەڵســتاØ ــ هەڵەستێØ١٧..... نوســـــیــØی١٨ ــ ئەینوسێØ

---

١٤- بە زۆری ئەم (ن)ە ئەسوێ و گۆناکرێ. بۆ نمونە ئەڵێن: ئەوا وەگۆ بە وا برێ. (=ئەوان وتیان بە ئەوان بڵێ.). هەروەها لە ڕاناوی نیشانەشدا گۆڕانیان بەسەر دێ: ئەوە (بۆ نزیك)، ئەوێهێ/ ئەواهێ (بۆ دور). ئەوانە (بۆ نزیك)، ئەوێنەهێ/ ئەوانێهێ (بۆ دور).

١٥- مەبەست لە ئەرکی ئاسایی، وەکو هەر فرێزێکی ناوی، ئەرکی بکەری و بەرکاری و بەرکاری بە یاریدە ئەبینێ. واتە، جگە لە ئەرکی خاوەنی، وەك: من چوم بۆ لای تۆ. ئەو بە ئێمەی گوت. ئەو ئێمەی بینی. ئێوە ئەوان دەناسن.....(ئاسایی). کوڕی/ باوکی/ وڵاتی..... من/ تۆ/ ئەو/.... (خاوەنی).

١٦- خســـتمت ــ تۆ منت خست. خســـتــØـت ــ تۆ ئەوت خست. ئەم هێمای (Ø) سفرە ئاماژە بە مۆرفیمی ڕاناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاك دەکا لە دەستەی ڕێککەوتن (م، ی، Ø، ین، ن، ن)، بەڵام ئەگەر کۆ بێ، (ن) دەرەکەوێ: ناردØم — ناردنم (من ئەوانم نارد). خســـتــØت — خستنت (تۆ ئەوانت خست). لە هەندێ ناوچەدا ئاڵوگۆڕ بوە و بەم شێوەیە دەریاندەبڕن: ناردمن، خســـــتــتــن.....

ئێمە هاتین ــ ئەهێین[19]......... خواردØمان ــ ئە یخۆین

ئێوە شکان ــ ئەشکێین..... شکاندØتان ــ ئەیشکێنن

ئەوان ڕوخان ــ ئەڕوخێین..... ڕوخاندØیان ــ ئەیڕوخێنن

**دۆخی ئاسایی:-**

من ــ ئێمە..... دایکی من ــ ئێمە باوکی من ــ ئێمە

تۆ ــ ئێوە..... خوشکی تۆ ــ ئێوە برای تۆ ــ ئێوە

ئەو ــ ئەوان..... کچی ئەو ــ ئەوان کوڕی ئەو ــ ئەوان

لەم نمونانەدا دەرەکەوێ، هەمان کۆمەڵە ڕاناوی سەربەخۆ، ئەرکی ئاسایی و ئەرکی خاوەنیش ئەبینن، لە دۆخی ئاساییدا.

**٢ــ لە شێوەی نوسینی دیالێکتی باکوردا: لەم دیالێکتەدا دو کۆمەڵە ڕاناوی سەربەخۆ هەن:-**

**کۆمەڵەی یەکەم (ئاسایی):** (ئەز، تو، ئەو، ئەم، هون/ هنگ/ هەوە، ئەو) (٣-٢٢٣)، کە لە زۆربەی کاتەکاندا بەکاردێن:-

ئەز نڤستم ــ دنڤم *{من نوستم ــ ئەنوم}* ئەم نڤستین ــ دنڤین *{ئێمە نوستین ــ ئەنوین}*

تو کەڤتی ــ دکەڤی *{تۆ کەوتی ــ ئەکەوی}* هون[20] کەڤتن ــ دکەڤن *{ئێوە کەوتن ــ ئەکەون}*

ئەو چو ــ دچت (دچە) *{ئەو چو}* ئەو چـون ــ دچـن *{ئەوان چون ــ دەچن}*

ئەز تە دبینم *{من تۆ ئەبینم}* مـن تـو دیتی *{من تۆم بینی}*

---

١٧- (هەڵەستێ) بە پێی یاسای (بە ئارەزو – Optional) لە (هەڵنەستێ ــ هەڵدەستێ) دەگۆڕێ بۆ (هەڵەستێ). لە بنەڕەتدا ئەم دەنگی (نـ)، یان (د)یە بۆیە دەکەوێتە پێش (ە)ی مۆرفیمی کاتی ئێستا (بەردەوامیشی پێ ئەڵێن)، چونکە بزوێنێکە و کەوتۆتە سەرەتای وشە، وەك: ەستێ = ئەستێ = دەستێ، بەڵام ئەگەر پێشگرێکی وەك (هەڵ...)ی هاتە پێش، ئەنوانرێ ئەم (د)، یان (نـ)ەیە لابرێ و ئەبێتە (هەڵەستێ).

١٨- بە پێی دیاردەی هاویەکی (التماثل – Assimilation) لە گۆکردندا (**تلفظ**) دەبنە یەك و وەك یەك دەنگ دەرەکەون، بەڵام لە نوسیندا وا ڕاستترە هەردوکیان بنوسرێن: (نوســـیـم/ ت/ ی/ مان/ تان/ یان).

١٩- ئەگەر دەنگی (هـ) کەوتە پێشەوەی وشە، ئەسوێ و لە ناوەچێ، بەتایبەتی ئەگەر ئەو سوان و لەناوچونە، واتای وشەکە نەگۆڕێ و گۆکردنەکە ئاسانتر بکا، چونکە ئەم دەنگە بڕێکی زۆر هەوا پێویستە بۆ گۆکردنی. وەك لە ناوچەی خۆشناوەتیدا ئەم وشانە بە دو شێوە گۆدەکرێن، بەڵام دوەمیان باوترە: هوشـیار ــ وشـیار، هوشــی ــ وشــی (هێشــو)، هورگ ــ ورگ، بەهێ ــ بێ.... لە چاوگی (هاتن)دا دەبێتە ـــ دەهێم ــ دێم ــ (بێم).

٢٠- هون ــ هوین ــ هنگ ــ هەوە (=ئێوە).

تــو وێ دخازی {تۆ ئەو ئەخوازی}　　　وی ئەو خاسـت {ئەو ئەوی خواست}
ئەم وە دبینین {ئێمە ئێوە ئەبینین}　　　وە ئەم دیتین {ئێوە ئێمەتان بینی}
هون وان دگرن {ئێوە ئەوان ئەگرن}　　　وان هــون گرتن {ئەوان ئێوەیان گرت}

لێرەدا تێبینی ئەوە ئەکرێ، کۆمەڵەی ئاسایی لەگەڵ کاری تێنە پەڕی ڕابوردو و ڕانەبوردو بەکاردێ. لەگەڵ کاری تێپەڕدا: ئەگەر ڕانەبوردو بو، لە سەرەتای ڕستەدا دێن و ئەرکی بکەری ئەبینین، بەڵام ئەگەر ڕابوردو بو، ئەکەونە دوای بکەر و ڕۆڵی بەرکاری ئەبینن.

**کۆمەڵەی دوەم (خاوەنی):** {من، تە، و(ی ـــێ)[21]، مە، وە، وا(ن)} (٤-٧٢)، ئەم کۆمەڵەیە دەرەکەوێ:-

دایکا ـــ خیشکا ـــ کچکا ـــ..... من/ تە/ وی/ وێ/ مە/ وە/ وا(ن)[22]

بابێ ـــ برایێ ـــ کوڕێ ـــ..... من/ تە/ وی/ وێ/ مە/ وە/ وا(ن)

هەروەها هەمان ئەرکی ڕاناوە لکاوەکانی خاوەنیش (م، ت، ی، مان، تان، یان) لە کۆمەڵەی زاری ناوەڕاستدا ئەبینن. بۆیە لەگەڵ کاری تێپەڕی ڕانەبوردودا، کە هێشتا کارەکە ڕویتەداوە و بکەر نەبوەتە خاوەنی بەرکار (واتە، دەسەڵاتی بەسەردا نەڕۆیشتوە) و هێشتا بەرکار خۆی خاوەنی خۆیەتی، ئەم کۆمەڵەیە ئەرکی بەرکار ئەبینێ(٥-٢٥٥):-

ئەز تـــە دگرم.

ئەو وێ دخازت.

هون مـــە دبینن.

ئەم وە ناس دکەین.

بەڵام کاتێ کارەکە ڕابورد، ڕاناوەکانی خاوەنی ڕۆڵی بەرکار ئەبینن، چونکە بکەر کارێکی ئە نجامداوە و بوەتە خاوەنی بەرکار (واتە، دەسەڵاتی بەسەر بەرکاردا پەیداکردوە)(٦-٢٠٨). لێرەدا کارەکان ڕاناوی لکاویان لەگەڵ دەرکەوتوە، چونکە بە پێی یاسای ڕێککەوتن (Agreement-Concord) بەرکار و کار لە تاك و کۆدا ڕێکەکەون، بە پێچەوانەی دیالێکتی ناوەڕاست، کە بکەر و کار ڕێکەکەون:-

مـن تـــو گرتی.

وی ئەو خاســتØ.

وە ئەم دیتین.

---

٢١- لە دیالێکتی باکوردا (ی)، مۆرفیمی ڕەگەزی نێرە و (ێ) مۆرفیمی ڕەگەزی مێیە. کاتێ لەگەڵ (و)ی ڕاناوی سەربەخۆی خاوەنی بەکاردێن: وی ئەو خاست. ئەو وێ دخازت.

٢٢- لە کاتی ئاخاوتندا بە زۆری ئەم (ن)ی کۆیە ئەسوێ و گۆناکرێ.

مــە هون ناسكرن.

ئەوەی شایانی باسە، كۆمەڵەی ڕاناوە لكاوەكانی ڕێككەوتن (م، ی، Ø، ین، ن، ن) هەردەم لەگەڵ كۆمەڵەی ڕاناوە جیاكانی ئاسایی (ئەز، تو، ئەو، ئەم، هون، ئەو) ڕێكەكەون، بە پێی یاسای (ڕێككەوتن-Agreement-Concord). لەبەرئەوەی لە كاری تێنە پەڕ تەنیا كۆمەڵە ڕاناوە جیاكانی ئاسایی بەكاردێ، بۆیە كۆمەڵەی ڕاناوەكانی ڕێككەوتن هەردەم لەگەڵ كاری تێنە پەڕدا ڕێكەكەون. بەلاّم لە كارە تێپەڕەكاندا، ئەگەر ڕانەبوردو بن، كۆمەڵەی ڕاناوە لكاوەكانی ڕێككەوتن لەگەڵ بكەر ڕێكەكەون، چونكە كۆمەڵەی ڕاناوە جیاكانی ئاسایی ڕۆڵی بكەر ئەبینن. كەچی لە ڕابوردودا لەگەڵ بەركار ڕێكەكەون، چونكە كۆمەڵەی ڕاناوە جیاكانی ئاسایی ڕۆڵی بەركار ئەبینن.

**٣ــ لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا:-** لەم شێوەزارەدا دو كۆمەڵە ڕاناوی سەربەخۆ هەن:

**كۆمەڵەی یەكەم (كەمەڵەی ئاسایی):** (ئەمن، ئەتو، ئەو، ئەمە، ئەنگۆ، ئەوان). تەنیا لە دۆخی خاوەنی نەبێ، هەمو كاتێ ئەم كۆمەڵەیە بەكاردێ:-

| تێنە پەڕی ڕانەبوردو و ڕاوردو | تێپەڕی ڕانەبوردو و ڕابوردە |
| --- | --- |
| ئەمنەچم ــ ئەمن چوم | ئەمنــەخۆم ــ ئەمن خوارد |
| ئەتو دێی ــ ئەتو هاتی | ئەتو دیــنی ــ ئەتو هینات |
| ئــەوەنــوی ــ ئەو نوست | ئەوەنوسی ــ ئەو نوسی |
| ئەمە ناشكێین ــ ئەمە شكاین | ئەمە نایانشكێنین ــ ئەمەیان شكاند |
| ئەنگۆ بڕۆن ــ ئەنگۆ ڕۆیشتن | ئەنگــۆنــێــرین ــ ئەنگۆن نارد |
| ئەوان هەرەســتن ــ ئەوان هەرســتان | ئەوانەكــرین ــ ئەوان كران |

**كۆمەڵەی دوەم (كۆمەڵەی خاوەنی)٢٣:** {(من، تو، وی، مە، نگۆ، وا(ن))}، ئەگەر سەرنجی ئەم كۆمەڵەیە بدەین، هەمان كۆمەڵەی ئاساییە، تەنیا پێشگری (ئە)یان لــێ كرتاوە. ئەم كۆمەڵەیە تەنیا لە دۆخی خاوەنیدا بۆ نیشاندانی خاوەنێتی بەكاردێن:-

---

٢٣- هەردو كۆمەڵەی ئاسایی و خاوەنی لە بنەڕەتدا یەك كۆمەڵەن، بەلاّم لە ئاساییدا پێشگری (ئە)ی لەگەڵ بەكاردێ. وەك:

ئەمن ناچمە بازاڕی. (من ناچم بۆ بازاڕ.) ئەتو برۆ. (تۆ برۆ.)

كەچی لە خاوەنیدا، ئەم پێشگری (ئە)یە بەكارنایێ. وەك:

كوڕێ من. (كوڕی من.) كیژا تو. (كژی تۆ.)

هەروەها لە كەسی سێیەمی تاكدا (ئەو) ئەگۆڕێ بۆ (وی):

ئەو چوە ماڕێ وی. (ئەو چو بۆ ماڵی ئەو.)

ئەوی گۆتە من، بە وی برێ.... (ئەو بە منی وت: بە ئەو بڵێ.....)

داكا من ــ باوێ وی　　خوشكا مه ــ برایێ مه

پلكا تو ــ مامێ تو　　مریشكانگـۆ ــ كەرەبابێ‌نگۆ

گەڕەكا وی ــ مارێ وی　　دا پیرا وا( ن ) ــ با پیرێ وا( ن )

لەم شێوەزارەدا چەند تێبینیەك ئەكرێ:-

١ــ لە دۆخی خاوەنیدا، ئامرازەكانی پەیوەندی بۆ نێر و مێ جیاواز بوبن، ئامرازی ( ا ) بۆ مێ و ئامرازی ( ێ ) بۆ نێر، بەڵام ئێستا ئەو دیاردەیە بەرەو كزی ئەچێ و ئەشێ ئامرازی ( ێ ) بۆ هەردو ڕەگەزەكە بەكاربێ:-

داكێ من ــ بابێ من　　خوشكێ مه ــ برایێ مه

پلكێ تو ــ مامێ تو　　دا پیرێ نگۆ ــ ئەنێ نگۆ

مامۆژنێ وی ــ خارۆژنێ وی　　بزنێ وا( ن ) ــ چێرێ وا( ن )

٢ــ وەكو دیالێكتی ژورو ( شێوەزاری بادینی )، دەنگی ( ن ) لە كۆتایی ڕاناوی كەسی سێیەمی ( وا-ن )، كەم بەكاردێ و بەرەو سوان ئەچێ:-

دایكا وی ــ بابێ وا　　داكا وا ــ باوێ وا

٣ــ كاتێ مۆڕفیمی ( ە )ی كاتی ئێستا بكەوێتە سەرەتای كار {وەك لە ڕانەبوردو ( ٦-١١٨ ) و ڕابوردوی بەردەوام ( ٦-١٢١ )} و فۆنێمێكی تری ( ە ) بكەوێتە پێش ئەو مۆڕفیمە هەردو دەنگی ( ە )یە، كە بە پێی دیاردەی ( وێكچون - Assimilation ) لێك ئەدەن و ئەبن بە ( ا ):

( ە+ە←ا )٢٤، وەك لە :-

أ ــ ڕاناوی سەربەخۆی یەكەمی كۆ ( ئەمە ) + كاری تێنە پەڕی ڕانەبوردو یا ڕابوردوی بەردەوام:-

ئەمە + ئەچین/ ئەمرین/ ئەسوتێین/... ← ئەما + چین/ مرین/ سوتێین....

---

٢٤- هەرچەندە ئەم دیاردەیە دەنگسازیە، بەڵام بە پێویستم زانی لێرەدا باسبكرێ، تاكو سەر لەوانە نەشێوێنێ كە شارەزای ئەو شێوەزارە نین.

لە بنەڕەتدا، هەمزەیەك ( ئـ ) لەسەرەتای ( ە )ی دوەمدا هەیە، واتە، یاسایەكە بەم شێوەیە ( ە+ئـ+ە )، بەڵام ئەم هەمزە - ئەگەرچی فۆنێم نیە- لە هەمو بزوێنێكدا دروستەبێ، ئەگەر بكەوێتە سەرەتای بڕگە، چونكە لە بزوێندا دەم بەردەوام كراوەیە و هەوا بە سەربەستی و بەبێ بەربەست لە دەمدا دێتە دەرەوە. بۆیە كاتێ بزوێنێك دەكەوێتە سەرەتای بڕگە، ئەگەر بەربەستێكی دەنگی ( صمام صوتی ) نەبێ دەستبەسەر هەوایەكەدا بگرێ، ئەوا پێش ئەوەی دەست بە وشەكە بكرێ، هەوا لە سیەكان نامێنێ و بەتاڵ دەبێ، وەك لە وشەكانی (ەستێرە، ەوان، ۆكتۆبەر، ۆخەی، ازاد، اشتی، ێوارە، ێوە، ینگلیزی، یش.....). ئەم دیاردەیە دیاردەیەكی فۆنەتیكی گشتیە و لە هەمو زمانەكانی هیندۆ-ئەوروپی بەدی ئەكرێ. ئەگەر ئەم وشانەش بە پیتی لاتینی بنوسین، پێویست بەم هەمزەیە ( ئـ ) ناكا. كوردیش وەكو هاوپۆلەكانی دەنگێكە ( Phone ) و نكوڵی لە بونی ناكرێ، بەڵام فۆنێم ( Phoneme ) نیە. واتە، لە نوسیندا نرخی بۆ دانانرێ و بە هەڵە بە پیت دانراوە، چونكە بون و نەبونی نابێتە هۆی واتاگۆڕین.

ئەمە + ئەچوین/ ئەمردین/ ئەسۆتاین/... ← ئەما + چوین/ مردین/ سۆتاین...

ب ـــ ئامرازی نەرێ ( نە ) + کاری تێنەپەڕی ڕانەبوردو یا ڕابوردوی بەردەوام :-

نە + ئەچین/ ئەخۆین/ ئەنوستین.... ← نا + چین/ خۆین/ نوستین...

نە + ئەچوین/ ئەمردین/ ئەسۆتاین..... ← نا + چوین/ مردین/ سۆتاین.....

ج ـــ ئامرازی نیشانە ( ئەوە )٢٥ + کاری تێنەپەڕی ڕانەبوردو یا ڕابوردوی بەردەوام :-

ئەوە + ئەچین/ ئەمرین/ ئەسوتێین... ← ئەوا چین/ مرین/ سۆتێین.....

ئەوە + ئەچوین/ ئەمردین/ ئەسۆتاین... ← ئەوا چوین/ مردین/ سۆتاین.....

## بەشی دوەم ـــ ڕاناوە لکاوەکانی ڕێککەوتن

دو هۆی سەرەکی هەن، وای لەم کۆمەڵەیە کردوە، لە کۆمەڵەکانی تر بایەخدارتر بێ :-

١ـــ هەمو دیالێکتە کوردیەکان، بەتایبەتی ( باکور، ناوەڕاست و باشور ) تیایدا هاوبەشن و ئەگەر گۆڕانیشیان تیادا هەبێ، زۆر کەمن و پتر شێوازی دەربڕینە.

٢ـــ هەردەم لە کەس و ژمارەدا لەگەڵ بکەر و بەرکار بە پێی یاسای ( ڕێککەوتن- Agreement-Concord ) ڕیکەکەون و لە هەمو ڕستەیەکی کوردیدا دێن، تەنیا لە کاتێکدا نەبێ ـــ کارەکە ڕابوردوی تێپەڕ بێ و بکەر و بەرکار، بە ناو، یان ڕاناوی سەربەخۆ دەرکەوتبن. واتە، ڕاناوی لکاو نەبن٢٦. ئەمەش پتر لە ناوەڕاستدا ئەبینرێ، هەر لەبەر ئەمەشە، ناونراون، کۆمەڵەی ڕێککەوتن. وەك لەم نمونانەی خوارەوەدا دەرەکەون :-

---

٢٥- لە بنەڕەتدا ئامرازی نیشانە پێکهاتوە لە ڕاناوی سەربەخۆی کەسی سێیەمی تاك ( ئەو ) لەگەڵ مۆرفیمی ( ە )ی نیشانە، کە لە بنچینەدا واتای نزیکی دەگەیێنێ : ( ئەو – بۆ دور، ئەوە – بۆ نزیك ).

٢٦- بۆ نمونە، کە ئەڵێین :-

من زەویەکەم کێڵا     ئێمە زەویەکانمان کێڵا.

تۆ زەویەکەت کێڵا     ئێوە زەویەکانتان کێڵا.

ئەو زەویەکەی کێڵا     ئەوان زەویەکانیان کێڵا.

ئەبینین، لە کاری ( کێڵا )دا ڕاناوی لکاوی بکەر و بەرکار لە کۆتایی کارەکە دەرنەکەوتون، چونکە :

١ـــ ڕابوردوە.

٢ـــ بکەرەکان ( من ـ ئێمە، تۆ ـ ئێوە، ئەو ـ ئەوان ) بە ئاشکرا دەرکەوتون.

٣ـــ بەرکارەکان ( زەوی ) بە ئاشکرا دەرکەوتون.

| دیالیکتی باکور | دیالیکتی ناوەڕاست | شێوەزاری خۆشناوەتی | دیالیکتی باشور |
|---|---|---|---|
| چوم- دØچØم | چوم- دەچØم | چوم- ئەچØم | چیم- ØچØم |
| تە شۆل کرØ -ØدØکەی | کارت کرد-دەØکەØی | کردØت-ئەØکەی | کار کردی- Ø. Øکەی |
| سۆتØ- دØسۆژØت | سوتاØ - دەسوتێØ | سۆتاØ - ئەسۆتێØ | سوزیاØ -ØسوزێØ |
| مامۆستاØ ین | مامۆستا Ø ین | مامەستاØØین | ماموساØØ ین |
| بØنڤیسØ ن | بØنوسØن | بØنوسØن | بØنوسØن |
| ڕونیشتینە | دانیشتون | دانیشتینە | نیشتنە |

وەك لە نمونانەی سەرەوەدا دیارە، ئەم کۆمەڵە ڕاناوە، کۆمەڵەیەکی داخراوە و لە شەش ڕاناو پێکهاتوە (م، ی، Ø، ین، ن، ن). ئەگەرچی زمانەکان – بەبێ دەستنیشانکردن- ژمارەی ئەلۆمۆرفەکانی ئەم کۆمەڵەیان بەتایبەتی بۆ کەسی دوەم و سێیەم زۆرکردوە (٧-٢٦)، وەك: (م، ی/یت، Ø/ ا/ ات/ ێ/ ێت/ ت/ ە، ین، ن، ن)، بەڵام ئەگەر لە بنجی هەر یەکەیان بکۆڵینەوە، دەبینین، بناغە و بۆنەی هاتنی هەریەکەیان جیاوازە و زۆربەی شێوە جیاوازەکان کاریگەریی دەنگسازین، نەك وشەسازی، بەڵام لەبەرئەوەی ئەم دیاردە دەنگسازیانە لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا ڕوئەدەن، بۆیە بە پێویست زانرا، کە لێرەدا باسبکرێن. بۆ نمونە:-

١ــ کەسی دوەمی تاك (ی/یت): لە بنجدا تەنیا مۆرفیمی (ی) ڕاناوی لکاوە بۆ کەسی دوەمی تاك و دەنگی /ت/ ئەرکەکەی وشەسازی نیە، چونکە بون و نەبونی، کار لە واتا ناکا، بەڵام لە ڕوی دەنگسازیەوە، ئەرکی لەو کاتانەدا دەرەکەوێ، کە ئەبێتە ناوبڕ و مۆرفیمێکی بە دوادا دێ، کە بە بزوێن دەست پێ بکا. لە هەمان کاتیشدا، لەبەرئەوەی دەنگی (ی)ی ڕاناوی لکاو نیمچە بزوێنە٢٧. واتە، ئەشێ بزوێن بێ، یا نەبزوێن، بۆیە ئەشێ، پێویستی بە (ت)ی هەبێ، یا نەبێ. واتە، دیسان ئەتوانرێ، دابنرێ، یا دانەنرێ:-

چوی بۆ بازاڕ ← چویە بازاڕ ← چویتە بازاڕ

ئەچی بۆ شار ← ئەچیە شار ← ئەچیتە شار

دەرگاکە ئەکەیەوە ← دەگاکە ئەکەیتەوە

کەواتە، دەنگی (ت) لە بنەڕەتدا ناوبڕە و ماوەتەوە. واتە، پەیوەندی بە (ی)ی ڕاناوەکەوە نیە و بە بەشێك لە ڕاناوەکە دانانرێ.

لێرەدا پێویستە ئاگاداری ئەوە بین، لە چاوگە تێنە پەڕە (ی)یەکاندا، ئەگەر کارەکە ڕابوردو بو، ئەبێ، لە نوسیندا، بۆ کەسی دوەمی تاك بە دو (ی) بنوسرێ. ئەگەرچی لە ئاخاوتندا دەرخستنی ئەم جیاوازیە ئاسان نیە، چونکە یەك شێوە دەنگن (التماثل) و توشی

---

٢٧- دەنگی (و، ی) نیمچە بزوێنن. ئەگەر لە برگەیەکدا بزوێنیان لەگەڵدا هات، دەبن بە نەبزوێن. وەك (وای، ئاو، ئەو، سێو، کەی،....). ئەگەر بزوێنیان لەگەڵدا نەهات، دەبن بە بزوێن. وەك (دو، مو، تو، بی، سی، چی.....).

دیاردەی توانەوە ئەبن و لە ڕەوتی ئاخاوتندا بە هۆی هێز و ئاواز دەرەکەوێ، بۆیەش تا ئێستا بە زۆری بە یەك ( ی ) ئەنوسرێن :-

کەسی یەکەمی تاك: فڕیم — ئەفڕیم، خزیم — ئەخزیم، تەزیم — ئەتەزیم
کەسی دوەمی تاك: فڕیی — ئەفڕیی، خزیی — ئەخزیی، تەزیی — ئەتەزیی
کەسی سێیەمی تاك: فڕیØ ئەفڕیØ، خزیØ — ئەخزیØ، تەزیØ — ئەتەزیØ
کەسی یەکەمی کۆ: فڕیین — ئەفڕیین، خزیین — ئەخزیین، تەزیین — ئەتەزیین
کەسی دوەمی کۆ: فڕین — ئەفڕین، خزین — ئەخزین، تەزین — ئەتەزین
کەسی سێیەمی کۆ: فڕین — ئەفڕین، خزین — ئەخزین، تەزین — ئەتەزین

لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا ، مۆڕفیمی ( ێ )ی کاتی داهاتو ( جگە لە چاوگە تێنە پەڕە ئەلفیەکان ) ئەبێ بە ( ی ). ئەمەش هەندێ جار، لێلواتاییەك دروستەکا و کەسی دوەم و سێیەم هاوشێوە ئەبن و لە ڕەوتی ئاخاوتن بە هۆی ڕاناوە سەربەخۆکان جیا ئەکرێنەوە، لەم بارەشدا لە دیالێکتی باکور نزیك ئەبێتەوە :-

| دیالێکتی باکور | شێوەزاری خۆشناوەتی | دیالێکتی ناوەڕاست |
|---|---|---|
| ئەز دسۆژێنم | ئەمنە سۆتێنم | من دەسوتێنم |
| تو..Ø..دکێلی | ئەتوەØ...کێرØی | تۆ دەیکێلØی |
| ئەو..Ø..دکێلت | ئەوەØ... کێری | ئەو دەیکێلێØ |

هەروەها لە ڕابوردوی سادە و ڕابوردوی تەواویش لێلییەك دروستەبێ، چونکە ڕابوردوی تەواو پێکدێ لە :-

ئاوەڵناوی کراو+( Ø ) ڕەگی چاوگی ( بون ) دەرنەکەوتوە+( ە )ی مۆڕفیمی کاتی ئێستا+ڕاناو

ئاوەڵناوی کراویش پێکدێ لە :-

ڕەگی کار + مۆڕفیمی کاتی ڕابوردو + ( و )ی مۆڕفیمی ئاوەڵناوی کراو

بەڵام لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا ، وەکو دیالێکتی باکور ( و )ی مۆڕفیمی ئاوەڵناوی کراو ئەبێتە ( ی ):-

| دیالێکتی باکور | | شێوەزاری خۆشناوەتی | | دیالێکتی ناوەڕاست | |
|---|---|---|---|---|---|
| ڕابوردوی تەواو | ڕابوردوی سادە | ڕابوردوی تەواو | ڕابوردوی سادە | ڕابوردوی تەواو | ڕابوردوی سادە |
| ئەز مرØیØمە | ئەز مرØم | ئەمن مردیØمە | ئەمن مردم | من مردوØØم | من مردم |
| تۆ سۆژیایی | تۆ سۆژیای | ئەتو سۆتایØØی | ئەتۆ سۆتای | تۆ سوتاوØØی | تۆ سوتای |
| ئەو هاتیØەØ | ئەو هاتØ | ئەو هاتیØەØ | ئەو هاتØ | ئەو هاتوØەØ | ئەو هاتØ |
| ئەم نڤستیØینە | ئەم نڤستین | ئەمە نوستیØینە | ئەمە نوستین | ئێمە نوستوØØین | ئێمە نوستین |
| هنگ چویØنە | هنگ چون | ئەنگۆ چویØنە | ئەنگۆ چون | ئێوە چووØØن | ئێوە چون |

**٢ــ کەسی سێیەمی تاك ( Ø/ ا/ ات/ ێ/ ێت/ ت/ ە ): لە بنجدا تەنیا مۆرفیمی سفر ( Ø ) ڕاناوی لکاوە و دەنگەکانی تر پەیوەندییان بە ڕاناوەکەوە نیە :-**

**(ا): ئەم دەنگە ڕاناو ( ٧-٢٦ ) نیە، بەڵکو لە بنەڕەتدا درێژبونەوەی دەنگی ( ە )یە، کە کەوتۆتە کۆتایی ڕەگی هەندێ چاوگی وەك ( خواردن/ خوەردەن، بردن/ بەردەن، دان/ دادەن، کردن/ کەردەن، شوشتن/ شوەردەن، ڕۆیشتن/ ڕەفتەن، هاژوشتن، گەیشتن، خستن )( ٨-٢٣٦ ). وەك لەم تۆ چاوگەدا دەرەکەوێ:-**

| | | | |
|---|---|---|---|
| خواردن | ئەخوەم ← ئەخۆم | ئەخوەی ← ئەخۆی | ئەخوەØ ← ئەخواØ |
| بردن | ئەبەم ← ئەبەم | ئەبەی ← ئەبەی | ئەبەØ ← ئەباØ |
| دان | ئەدەم ← ئەدەم | ئەدەی ← ئەدەی | ئەدەØ ← ئەداØ |
| کردن | ئەکەم ← ئەکەم | ئەکەی ← ئەکەی | ئەکەØ ← ئەکاØ |
| شوشتن | ئەشوەم ← ئەشۆم | ئەشوەی ← ئەشۆی | ئەشوەØ ← ئەشواØ |
| ڕۆیشتن | ئەڕوەم ← ئەڕۆم | ئەڕوەی ← ئەڕۆی | ئەڕوەØ ← ئەڕواØ |
| هاژوشتن | ئەهاژوەم ← ئەهاژۆم | ئەهاژوەی ← ئەهاژۆی | ئەهاژوەØ ← ئەهاژواØ |
| گەیشتن | ئەگەم ← ئەگەم | ئەگەی ← ئەگەی | ئەگەØ ← ئەگاØ |
| خستن | ئەخەم ← ئەخەم | ئەخەی ← ئەخەی | ئەخەØ ← ئەخاØ |

**لەم نمونانەدا دیارە، کە دەنگی ( ا ) تەنیا لە کەسی سێیەمی تاکدا دەرەکەوێ، چونکە ڕاناو سفرە ( Ø ) و دەرناکەوێ. دەنگی ( ە ) لە کۆتاییدا درێژ ئەبێتەوە. ئەوەی جێی سەرنجە، تا ئێستا لە هەندێ ناوچەی باکوردا ( زاخۆ، دیاربەکر.... ) هەر وەکو خۆی گۆئەکرێ: ( دخوە، دبە، ددە، دکە، دشوە، دهاژوە، دگە ).**

**(ات): ئەم فۆرمەش ڕاناوی لکاو نیە، {ئەگەر ( ات ) وەیا ( ت ) کە لە کۆتایی فعلی ئایندەی کەسی سێیەمی تاکدا دێت ڕاناو با، دەبو ئەویش وەك ئەوانی تر دەرکەوتبایە} ( ٩-١٢٦ ) و شێوەکەشی وەکو ڕاناوەکانی تر نەگۆڕابایە. لە برگەی پێشتردا بنجی ( ا )مان ڕونکردەوە، بەڵام دەنگی ( ت ) لە بنەڕەتدا ناوبڕە و ماوەتەوە. واتە، کەوتۆتە نێوان دو دەنگی بزوێن: دەنگی ( ا ) لە پێشەوە و دەنگی ( ە ) لە دواوە. جێی سەرنجە، کە لەم بارەدا ( ێ )ی مۆرفیمی کاتی داهاتو ڕاستەوخۆ دەکەوێتە دوای دەنگی ( ا )، بەڵام ئەبێتەسفر ( Ø ) و دەرناکەوێ، چونکە هەردوکیان بزوێنن. وەك:**

| دیالێکتی ناوەڕاست | | شێوەزاری خۆشناوەتی | دیالێکتی ناوەڕاست | | شێوەزاری خۆشناوەتی |
|---|---|---|---|---|---|
| نەخواØتەوە | ← | نەخواØتۆ | نەشواØتەوە | ← | نەشواØتۆ |
| نەباØتەوە ماڵ | ← | نەباØتۆ مارێ | نەڕواØتە بازاڕ | ← | نەڕواØتە بازاڕی |
| نەداØتە هەژاران | ← | نەداØتە هەژارا | نەهاژواØتە پارك | ← | داژواØتە گەراجی |
| نەكاØتە خانو | ← | نەكاØتە خانی | ناگاØتە من | ← | ناگاØتە من |
| نەخاØتە چاڵ | ← | دێخیتە چارێ | | | |

لێرەدا كە فۆڕمەكانی دواوەی ( ت ) نەمان، دەنگی ( ت ) بەبێ ئەرك مایەوە، بۆیە لادانی پەسەندترە لە مانەوەی.

(ێ): ئەم دەنگەش ئەگەرچی بە ڕاناو دانراوە (١٠-٤١)، بەڵام ڕاناو نیە و مۆڕفیمی كاتی داهاتوە (المستقبل)، لە كاتی ڕانەبوردودا، ئەگەر كارەكە تێنە پەڕی بەركارییی ( ا )یی بو (برژان، بڕان، بۆرژان، پسان، تاسان، ترسان، ترشان، خنكان، خوسان، دڕان، ڕژان، ڕشانەوە، زڕان، ژیان، سوتان، شكان، قڵیشان.... )( ٦-١٣٢ ). هەروەها لە چاوگی (تۆران، جولان، پاڕانەوە، دوان، گەڕان، خولانەوە، سوڕان، هاتن، ویستن، ..... )، لەگەڵ كارەكانی ڕانەبوردوی بكەرنادیار و هەمو ئەو چاوگانەی تێپەڕێنراون لە هەمو كەسەكان دەرەكەوێ، بەڵام لە چاوگەكانی تر (جگە لەوانەی لە خشتەی سەرەوە – كۆمەڵەی ا/ات – هاتون) تەنیا لە كەسی سێیەم دەرەكەوێ، چونكە لەو كەسەدا ڕاناو دەرناكەوێ.

لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا، تێبینی ئەوە ئەكرێ، ئەم مۆڕفیمی كاتی داهاتوە لە كاتی ڕانەبوردو لە چاوگە تێنە پەڕە ( ا )ییەكاندا دەرەكەوێ و وەكو دیالێكتی ناوەڕاست هەر ( ێ )یە، بەڵام لە چاوگەكانی تردا ئەبێتە ( ی )، وەك لەم نمونانەدا دەرەكەوێ:-

| دیالێكتی ناوەڕاست | | شێوەزاری خۆشناوەتی | دیالێكتی ناوەڕاست | | شێوەزاری خۆشناوەتی |
|---|---|---|---|---|---|
| نەسوتێم | ← | نەسۆتێم | نەØخوێنØم | ← | نەØخوینØم |
| نەخنكێی | ← | نەخنكێی | نەØنوسØی | ← | نەØنوسØی |
| نەشكێØ | ← | نەشكێØ | نەیانكرێØ | ← | نەیانكرێØ |
| نەترسێین | ← | نەترسێین | نەتانبینØن | ← | نەتانبینØن |
| نەخوسێن | ← | نەخوسێن | نەیكوژØن | ← | نەیكوژØن |
| دØێن | ← | دØێن | نەتناسØن | ← | نەتناسØن |
| نەمانەوێی | ← | نەنەوێی | نەوەستØم | ← | نەوەستØم |
| نەبینرێین | ← | نەبینرێین | نەچØی | ← | نەچØی |
| نەسوتێنێ | ← | نەسۆتێنی | نەڕۆØین | ← | نەڕۆØین |
| نەقیژێنØن | ← | نەقیژینØن | نەبØن | ← | نەبØن |

بەڵام لە دیالێکتی باکور و ناوەڕاستدا بەتایبەتی لەشێوەزاری حۆشناوەتی ڕاناوێکمان لە شێوەی (ێ) هەیە (١١-١٤٠)، کە لە بنچینەدا لە ئە نجامی لێکدانی مۆڕفیمی بەستنی (ە) لەگەڵ ڕاناوی لکاوی خاوەنیی کەسی سێیەمی تاك (ی)، کە ئەویش لە پێشاندا (هی) بوە. ئەم (ە)ی مۆڕفیمی بەستنەش لە کۆتایی هەندێ لەو ئامرازانەی پەیوەندی هەیە. وەك:-

لـــ(ـــە + هی + ئەو) ئەدەم/ ئەگری/ ئەکڕی/ ئەبڕین/ ئەستێنن/........

لـــ(ـــە + ـــی) + ـــی ئەدەم/ ئەگری/ ئەکڕی/ ئەبڕین/ ئەستێنن/........

لـــ(ـــــــێ) ـــی ئەدەم/ ئەگری/ ئەکڕی/ ئەبڕین/ ئەستێنن/........

لـــــــــێـــــــی ئەدەم/ ئەگری/ ئەکڕی/ ئەبڕین/ ئەستێنن/........

بە هەمان شێوە، ئەم دیاردەیە لەگەڵ ئامرازەکانی پەیوەندی:-

بە ← پێـم/ پێت/ پێی/ پێمان/ پێتان/ پێیان/.... ئەدەن/ ئەگرن/ ئەکڕن/ ئەڵێن/...

دە ← تێـم/ تێت/ تێی/ تێمان/ تێتان/ تێیان/... ئەگەن/ ئەگری/ ئەخوڕێ/ ئەبەین/..

وە ← وێـم/ وێت/ وێی/ وێمان/ وێتان/ وێیان/.... دان/ داهێنان/ ڕاهێنان/ ڕاگەیاند/...

ئامرازی (وە) پتر تایبەتە بە شێوەزاری خۆشناوەتی و (وێ) لەبری (پێ) بەکاردێ.

دیاردەی دروستبونی ئەم ڕاناوە لە دیالێکتی باکوریشدا هەیە. وەك:-

هەسپەکی بگرە و لــێ سـیار بـە.

دهوك خوشـە و زانکۆ تــێ هەیە.

بابێ خـۆ ببینە و پارا ژێ بســـتینە.

هەندێ جار دیاردەی دروستبونی ئەم ڕاناوە ئەکەوێتە کۆتایی هەندێ لە چاوگەکان، بەتایبەتی دوای ئەوەی بەرکاری ناڕاستەوخۆ لە پێش کارەکە نامێنێ و بە هۆی مۆڕفیمی (ە)ی بەستن ئەچێتە دواوەی کارەکە:-

بەردێك دە تۆ ئەگرم← بەردێك ئەگرمە تۆ← بەردێکت تێ ئەگرم← تێت ئەگرم← ئەتگرمێ

دیاری بە ئەو ئەدەم← دیاریی پێ ئەدەم← دیاری ئەدەمە ئەو← پـێـی ئەدەم← ئەیدەمێ

بە هەمان شێوە لە باکوریشدا دروستەبێ. وەك:-

ژ ڤێرێ پسپۆڕەك هەیە، دبـێـژنـێ: مامۆتك.

من گۆتـێ: شـۆلـێ کرێت نەکە.

کەس نابێژێ: ئەڤە ئاگرە و خو پاڤێژێ.

جێی سەرنجە، کە ڕاناوی (ێ) تایبەتە بە بەرکاری ناڕاستەوخۆ و تەنیا لەبری ئەو بەکاردێ.

(ێت): لە بڕگەی ڕابوردودا ئەرکی (ێ)مان ڕونکردەوە، بەڵام دەنگی (ت) وەکو لە (ات)دا باسمانکرد، لێرەش هەر تەنیا ئەرکی ناوبڕ ئەبینێ، لێرەدا لە نێوان (ێ)ی مۆرفیمی کاتی داهاتو و دەنگی (ە)ی مۆرفیمی بەستن یا (ەوە)ی دو پاتی، بەڵام کاتێ ئەمانەش نەمێنن، هەندێ جار نوسەران هەر دەینوسن، کەچی لە ئاخاوتندا بەتایبەتی لەناو چینی نەخوێندەوار بەدەگمەن بەکاردێ. بەکارنەهێنانی پەسەندترە، چونکە بون و نەبونی، کار لە واتا ناکا. هەروەها بەفیڕۆنەدانی کات و وزەمان بۆ دەگێڕێتەوە. وەك لەم نمونانەدا دەرەکەوێ:-

| دیالێکتی باکور | شێوەزاری خۆشناوەتی | دیالێکتی ناوەڕاست |
| --- | --- | --- |
| د∅نڤیسمەڤە ← د∅نڤیسم | ئەنوس∅مۆ ← ئەنوس∅م | دەنوس∅مەوە ← دەنوس∅م |
| د∅نڤیسیەڤە ← د∅نڤیسی | ئەنوس∅یۆ ← ئەنوس∅ی | دەنوس∅یەوە ← دەنوس∅ی |
| د∅نڤیست∅ەڤە ← د∅نڤیست∅ | ئەنوسی∅تۆ ← ئەنوسی∅(ت) | دەنوسێ∅تەوە ← دەنوسێ∅(ت) |
| د∅چمە دهۆکێ ← د∅چم | ئەچ∅مە دهۆکێ ← ئەچ∅م | دەچ∅مە دهۆك ← دەچ∅م |
| د∅چیە دهۆکێ ← د∅چی | ئەچ∅یە دهۆکێ ← ئەچ∅ی | دەچ∅یە دهۆك ← دەچ∅ی |
| د∅چتە دهۆکێ ← د∅چت | ئەچ∅یتە دهۆکێ ← ئەچی∅(ت) | دەچێ∅تە دهۆك ← دەچێ∅(ت) |

(ت): ئەمەشیان ڕاناو نیە (٩-٢٢٨) و وەکو لە بڕگەکانی سەرەوە باسکرا، تەنیا دەنگێکی ناوبڕە و ماوەتەوە، بۆیەش بەتەنیا بە ڕاناو دانراوە، چونکە لە ــ کاری ڕانەبوردوی چاوگە تێنە پەڕە بەرکاریە (ا)ییەکانی وەك (برژان، بڕان، بۆرژان، پسان، تاسان، ترسان، ترشان، خنکان، خوسان، دڕان، ڕژان، ڕشانەوە، زڕان، ژیان، سوتان، شکان، قڵیشان..... )(٦-١٣٢). هەروەها لە چاوگی (تۆران، جوڵان، پاڕانەوە، دوان، گەڕان، خولانەوە، سوڕان، هاتن، ویستن.... )، لەگەڵ کارەکانی ڕانەبوردوی بکەرنادیار ــ ڕاستەوخۆ بەرامبەر ڕاناوەکانی کۆمەڵەی ڕێککەوتن دێ، هۆیەکەشی ئەوەیە، ڕاناوی لکاوی کەسی سێیەم لەم کۆمەڵەیە سفرە و دەرناکەوێ. وەك:-

| دیالێکتی ناوەڕاست | | شێوەزاری خۆشناوەتی | دیالێکتی ناوەڕاست | | شێوەزاری خۆشناوەتی |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| نەسوتێم | ← | نەسوتێم | نەخوسێم | ← | نەخوسێم |
| نەخنکێی | ← | نەخنکێی | د∅∅ێی | ← | د∅∅ێی |
| نەشکێ∅(ت) | ← | نەشکێ∅(ت) | نەتۆرێ∅(ت) | ← | نەتۆرێ∅(ت) |
| نەشکێنرێ∅(ت) | ← | نەشکێنرێ∅(ت) | نەنوسرێ∅(ت) | ← | نەنوسرێ∅(ت) |

**(ە)٢٨: ئەم دەنگەش مۆرفیمی کاتی ئێستایە، نە کۆتایی کەسی کارە (١١-٢١٩) و نە فرمانی یارمەتیدەرە (١٢-٣٥)، بەڵام چونکە لە کەسی سێیەمی تاکدا کەوتۆتە بەرامبەر ڕاناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی ڕێککەوتن، بەتایبەتی لەبەرئەوەی ڕاناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاک دەرناکەوێ، ئەم دەنگەشیان وەکو (ێ) بە ڕاناو داناوە:-**

| دیالێکتی باکور | شێوەزاری خۆشناوەتی | دیالێکتی ناوەڕاست |
|---|---|---|
| کورد+Ø+Ø+م ← کوردØØم | کورد+Ø+Ø+م ← کوردØØم | کورد+Ø+Ø+م ← کوردØØم |
| کورد+Ø+Ø+ی ← کوردØØی | کورد+Ø+Ø+ی ← کوردØØی | کورد+Ø+Ø+ی ← کوردØØی |
| کورد+Ø+ە+Ø ← کوردØەØ | کورد+Ø+ە+Ø ← کوردØەØ | کورد+Ø+ە+Ø ← کوردØەØ |
| کورد+Ø+Ø+ین ← کوردØØین | کورد+Ø+Ø+ین ← کوردØØین | کورد+Ø+Ø+ین ← کوردØØین |
| کورد+Ø+Ø+ن ← کوردØØن | کورد+Ø+Ø+ن ← کوردØØن | کورد+Ø+Ø+ن ← کوردØØن |
| کورد+Ø+Ø+ن ← کوردØØن | کورد+Ø+Ø+ن ← کوردØØن | کورد+Ø+Ø+ن ← کوردØØن |

**لەم نمونانەدا، مۆرفیمی سفری (Ø)ی یەکەم، (ب)ی ڕەگی چاوگی (بون)ە و دەرنەکەوتوە، چونکە ئەگەر لە ئاستی سەرەوەدا دەرکەوێ، ڕستەکە لە کەسی سێیەمی تاکدا، لە هەواڵدان، دەگۆڕێ بۆ فەرماندان٢٩، بەڵام لە کەسەکانی تر، لە هەواڵدان، ئەگۆڕێ بۆ مەرجی٣٠. مۆرفیمی سفری (Ø)ی دوەم، (ە)ی مۆرفیمی کاتی ئێستایە و لە ئاستی سەرەوەدا دەرنەکەوتوە، چونکە دەنگێکی کورتی بێهێزە و لە پێش ڕاناوەکان سواوە، تەنیا لە کەسی سێیەمی تاکدا نەبێ، لێرەدا چونکە ڕاناو نیە ئەم مۆرفیمە دەرکەوتوە. هەروەها تێبینی ئەوەش ئەکرێ، لەم شێوازەدا هیچ جیاوازییەك لە نێوان هەر سێ ستونەکەدا نیە.**

**ئەم کۆمەڵە ڕاناوە لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا، وەکو دیالێکتی باکور ئەتوانن، لەگەڵ کاری ڕابوردو و ڕانەبوردوی تێنە پەڕی بکەری (چون، هەستان، وەستان، دانیشتن، نوستن، ڕۆیشتن، گەڕانەوە، سوڕانەوە، خولانەوە، هاتن، تۆران، جوڵان، پاڕانەوە، دوان، چەقین، وەڕین، جەنگان، فڕین....) و ڕابوردوی تێپەڕدا، ڕۆڵی بکەر ببینن:-**

---

**٢٨- زمانەوانەکان بە هەڵە هەندێ جار بە ڕاناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاك و هەندێ جار بە کاری یاریدەدەر، یان بێهێزیان داناوە.**

**٢٩- کورد+Ø+ە+Ø←کوردØەØ (ڕستەی هەواڵدانی کاتی ئێستا، بۆ کەسی سێیەمی تاك).**

**کورد+بـ+ە+Ø←کوردبەØ (ڕستەی فەرماندان، بۆ کەسی دوەمی تاك).**

**٣٠- کورد+Ø+Ø+م←کوردØØم/ ی/ ین/ ن/ ن. (ڕستەی هەواڵدانی کاتی ئێستا، بۆ کەسەکانی تر).**

**کورد+بـ+Ø+م←کوردبـØم/ ی/ (ێ)+Ø/ ین/ ن/ ن. (ڕستەی مەرجی، بۆ هەمو کەسەکان).**

| ڕانەبوردوی تێنە پەڕی بکەری | ڕابوردوی تێنە پەڕی بکەری | ڕانەبوردوی تێپەڕ |
|---|---|---|
| ئەنوØم | نوستم | ئەتنوینØم |
| هەرەستØی | هەرستای | هەرمەدەستینی |
| داØنیشیØ | دانیشتØ | دایدەنێØ |

هەروەها لەگەڵ ڕابوردو و ڕانەبوردوی تێنە پەڕی بەرکاری ( برژان، بڕان، بۆرژان، پسان، تاسان، ترسان، ترشان، خنکان، خوسان، دڕان، ڕژان، ڕشانەوە، زڕان، ژیان، سوتان، شکان، قڵیشان، مردن، ڕزین، خزین، کەوتن، بون.... ) و ڕابوردوی تێپەڕدا ڕۆلی بەرکار ئەبینن :-

| ڕانەبوردوی تێنە پەڕی بەرکاری | ڕابوردوی تێنە پەڕی بەرکاری | ڕابوردوی تێپەڕ |
|---|---|---|
| ئەبرژێم | برژام | برژاندØم |
| ئەترسێی | ترسای | ترساندمت |
| ئەترسێØ | ترساØ | ترساندنی |

## بەشی سێیەم ــ ڕاناوە لکاوەکانی خاوەنی :

وەکو لە بەشی یەکەمدا باسمانکرد، کۆمەڵە ڕاناوی لکاوی خاوەنی ( Possessive ) لە دیالێکتی باکوردا نیە. لەبری ئەو کۆمەڵە ڕاناوە لکاوە، کۆمەڵە ڕاناوێکی سەربەخۆ ( جیا ) هەیە : ( من، تە، وی/وێ[31]، مە، وە، وان )( ٥-٢٥٨ )، جگە لە ڕۆلی خاوەنی، ڕۆلی بکەری ئەبینن، لەگەڵ کاری ڕابوردوی تێپەڕ و ڕۆلی بەرکاریش ئەبینن، لەگەڵ کاری ڕانەبوردوی تێپەڕ :-

| ڕابوردوی تێپەڕ ـ بکەر | ڕانەبوردوی تێپەڕ ـ بەرکار | ڕۆلی خاوەنی |
|---|---|---|
| من تو ڤیای | تو من دبینی | کوڕێ من هۆزانڤانە |
| تە ئەز هنارتم | ئەز تە ناسدکەم | بابێ تە خوەش مرۆڤە |
| وی ئەو بر | ئەو وێ دخازیت | دایکا وی/وێ نە ل مالە ؟ |
| مە هون نینان | هون مە دگرن | گەلێ مە ژارە |
| وە ئەو هژمارتن | کی گازی وە دکەØت ؟ | ئاخفتنێد وە ب کەلکن |
| وان ئەم کرینە هۆستا | ئەم وان دکەینە شاگر | مالا وان خرابویە |

---

٣١- لە ڕاستیدا وەکو پێشتر ئاماژەمان پێکرد، لەم کۆمەڵەیەدا تەنیا ( و ) ڕاناوی لکاوە بۆ کەسی سێیەمی تاک. ئەم ( ی ) و ( ێ )یە مۆرفیمی ڕەگەزن، ( ی ) مۆرفیمی ڕەگەزی نێرە و ( ێ ) مۆرفیمی ڕەگەزی مێیە.

وەکو ئاشکرایە، دیالێکتی ناوەڕاست یەك کۆمەڵە ڕاناوی خاوەنی هەیە(١٣-١٠٥)، (م، ت، ی، مان، تان، یان)، کە وەکو باکور، جگە لە ڕۆلی خاوەنی، لەگەڵ کاری ڕابوردوی تێپەڕدا، ڕۆلی بکەری ئەبینن و لەگەڵ کاری ڕانەبوردوی تێپەڕدا، ڕۆلی بەرکاری ئەبینن:-

| ڕابوردوی تێپەڕ ـ بکەر | ڕانەبوردوی تێپەڕ ـ بەرکار | ڕۆلی خاوەنی |
|---|---|---|
| خواردØم | ئەمخواØ | وڵاتەکەم |
| گرتØت | ئەتگرن | ماڵەکەت |
| نوسØی | ئەینوسێØ | خێزانەکەی |
| بردØمان | ئەمانبەن | پێنوسمان |
| کوشتØتان | ئەتانکوژن | باوەڕتان |
| دزیØیان | ئەیاندزین | هیوایان |

لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا، یەك کۆمەڵە ڕاناوی خاوەنی هەیە، (م، ت، ی، ن، و، یان). بە هەمان شێوەی دیالێکتی ناوەڕاست، جگە لە ڕۆلی خاوەنی، لەگەڵ کاری ڕابوردوی تێپەڕدا، ڕۆلی بکەری ئەبینن و لەگەڵ کاری ڕانەبوردوی تێپەڕدا، ڕۆلی بەرکاری ئەبینن:-

| ڕابوردوی تێپەڕ-بکەر | ڕانەبوردوی تێپەڕ-بەرکار | ڕۆلی خاوەنی | ڕۆلی خاوەنی |
|---|---|---|---|
| خواردØم | ئەمخواØ | وڵاتەکەم خۆشەوێ | کوڕێ من |
| گرتØت | ئەتگرن | مارت لە مارێ مە خۆشترە | برایێ تو |
| نوسیØی | ئەینوسیØ | خێزانەکەی زۆر بەڕێزە | خوشکا وی |
| بردØن | ئەنبەن | پێنوسن دانەنگۆ | مامێ مە |
| کوشتØو | ئەوکوژن | باوەڕو بە خوای هەبی | خارێ نگۆ |
| دزیØیان | ئەیاندزن | هیوایان بە مەیە | داکا وا(ن) |

لەم نمونانەدا بۆمان دەرەکەوێ، ئەم کۆمەڵە ڕاناوە ڕۆلی خاوەنی نابینن و تەنیا جیاوازییان لەگەڵ دیالێکتی ناوەڕاست ئەوەیە، (مان) لە کەسی یەکەمی کۆ، بوەتە (ن) و (تان) لە کەسی دوەمی کۆ، بوەتە (و). هەرچەندە کاتێ ئەو ڕاناوانە لەگەڵ ناوەڵناوی کراو دێن، واتە، کاتێ ڕۆنانەکە لە دۆخی ڕابوردوی تەواودا بێ، جیاوازیەکە پتر زەق ئەبێتەوە و ئەکەوێتەڕو:-

| دیالێکتی باکور | دیالێکتی ناوەڕاست | شێوەزاری خۆشناوەتی |
| --- | --- | --- |
| من خاریه | خواردومه | خواردیتم |
| ته کریه | کردوته | کردیتت |
| وی/وێ بریه | بردویه | بردیتی |
| مه نڤیسیه | نوسیومانه | نوسیتن |
| وه ئینایه | هێناوتانه | هینایتو |
| وان ئێخستیه | خستویانه | هێخستیتیان |

## ﴿ئەنجامەکان﴾

١ــ هەرچەندە شێوەزاری خۆشناوەتی، شێوەزارێکی ناوچەیی شێوەزاری سۆرانیە لە دیالێکتی ناوەڕاست، بەڵام لە ڕاناوە کەسیەکاندا، تێکەڵیەکی لەگەڵ دیالێکتی باکوردا هەیە، (بەتایبەتی شێوەزاری بادینی لە دیالێکتی باکوردا). ئەمەش شتێکی سروشتیە، چونکە لەگەڵ ئەو دیالێکتەدا هاوسنورە.

٢ــ لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا، دو دەستە ڕاناوی سەربەخۆ (جیا) هەن، ئاسایی: (ئەمن، ئەتو، ئەو، ئەمە، ئەنگۆ، ئەوان). خاوەنی: (م، ت، ی، مان، تان، یان).

٣ــ هەروەها لەم شێوەزارەدا دو کۆمەڵە ڕاناوی لکاو هەن، ڕێککەوتن: (م، ی، سفر/Ø، ین، ن، ن). خاوەنی: م، ت، ی، ن، و، یان).

٤ــ لە کەسی دوەمی تاکی کۆمەڵەی ڕێککەوتندا، ئەگەر فۆڕمی (یت)یش هەبێ، تەنیا (ی) ڕاناوی ڕاستەقینەیە و (ت) دەنگێکی ناوبڕە و ماوەتەوە.

٥ــ لە کەسی سێیەمی تاکی کۆمەڵەی ڕێککەوتندا، ئەگەر فۆڕمی تری وەك (ێت، ێ، ات، ا، ت، ە)ش هەبن، تەنیا (سفر/Ø) ڕاناوی ڕاستەقینەیە و (ێ) مۆڕفیمی کاتی داهاتوە، (ت) دەنگێکی ناوبڕە و ماوەتەوە. (ا) دەنگی کورتە بزوێنی (ە)ی کۆتایی ڕەگی هەندێ لە کارەکانە و درێژبوەتەوە. (ە)ش مۆڕفیمی کاتی ئێستایە و لەگەڵ کەس سێیەمی تاکدا دەرەکەوێ، چونکە ڕاناوی لکاو (سفر/Ø)ە.

٦ــ لەم شێوەزارەشدا، وەکو دیالێکتەکانی باکور و ناوەڕاست، ڕاناوی لکاوی (ێ) هەیە، بەڵام ئەمەیان تایبەتە بە بەرکاری بەیاریدە.٦ــ لەم شێوەزارەشدا، وەکو دیالێکتەکانی باکور و ناوەڕاست، ڕاناوی لکاوی (ێ) هەیە، بەڵام ئەمەیان تایبەتە بە بەرکاری بەیاریدە.

## ﴿سەرچاوەكان﴾

١) ڕاناو لە كرمانجی خواروودا، وریا عمر امین، ڕۆژنامەی هاوكاری، ژمارە (٦١٦)، ڕۆژی (١٩٨١/١٢/١٧).

٢) ڕاناو لە كرمانجی ژووروودا، وریا عمر امین، ڕۆژنامەی هاوكاری، ژمارە (٦١٥)، ڕۆژی (١٩٨١/١٢/١٠).

٣) ڕێزمانا كوردی كرمانجی‌یا ژۆری و ژێریا هەڤبەركری، صادق بهاءالدین ئامێدی، زانكۆی سەلاحەددین، ١٩٨٧.

٤) آواو دەستورا زمانی كوردی، جگر خوین، بەغدا، ١٩٦١.

٥) ڕێزمانی ڕاناو لە كرمانجی ژووروودا، وریا عمر امین، گۆڤاری كۆڕی زانیاری عێراق ((دەستەی كورد))، بەرگی بیست و بیست و یەك، ١٩٩٠.

٦) مۆرفیمە ڕێزمانیەكانی كار، عەبدوللا حوسێن ڕەسول، نامەی دكتۆرا، بەشی كوردی، كۆلێجی پەروەردە، زانكۆی بەغدا، ١٩٩٥.

٧) ڕێزمانی زمانی كوردی، ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم، كتێبی پرۆگرامی خوێندنی بەشی كوردی، پۆلی یەكەم، كۆلێجی ئاداب، زانكۆی سەلاحەددین، هەولێر، ١٩٨٣.

٨) تأریخ زبان فارسی، جلد أول، چاپ دوم، پرویز ناتل خانلری، انتشارات بنیاد، فرهنگ ایران، (٢٤)، ١٣٤٩ ایرانی / ١٩٧٠ میلادی.

٩) ئەرك و شوێنی ڕاناوە كەسی یەكان لە ((ئاخاوتنی كوردی))دا، نوری عەلی ئەمین، دەزگای ڕۆشنبیری و بلاوكردنەوەی كوردی، زنجیرەی ١مارە (١٤١)، بەغدا، ١٩٨٦.

١٠) ڕێزمانی ئاخاوتنی كوردی بە پێی لێكۆڵینەوەی لیژنەی زمان و زانستەكان، كۆڕی زانیاری كورد، بەغدا، ١٩٧٦.

١١) ڕێزمانی كوردی، بە كەرەسەی دیالێكتی كرمانجی و سۆرانی، ك.ك.كوردۆییێف، وەرگێڕانی كوردستان موكریانی، ئەمینداریێتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان – ناوچەی كوردستان، زنجیرە (٤)، هەولێر، ١٩٨٤.

١٢) فەرمانی یارمەتیدەر چی یە و؟ بۆچی و كەی و؟ چی دەگەیێنێت لە زمانی كوردیدا؟، نسرین محمد فخری، ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (١٣٦)ی ساڵی ١٩٩٥.

١٣) ڕێزمانی كوردی، بەرگی یەكەم (وشەسازی)، بەشی دوەم –جێناو–، ئەوڕەحمانی حاجی مارف، بەغدا، ١٩٨٧.

## ﴿ملخص البحث﴾

يتناول هذا البحث موضوع الضمائر الشخصية في لهجة محلية الـ( خوشناو ) و مقارنتها مع اللهجة الكوردية الشمالية واللهجة الوسطى. و تتضمن لهجة محلية خوشناو السكان الذين يتكلمون بهذه اللهجة في أقضية ( شقلاوة، راوندوز، سوران ) التابعين لمحافظة أربيل بجميع نواحيها ( بيرمام، هيران، حرير، خليفان، ديانا ) و جميع القرى التابعة لها.

بما أن هذه المنطقة شريط حدودي ممتد بين منطقتي اللهجة الشمالية و اللهجة الوسطى. لذا نجد لهجة محلية خوشناو كخليط مشترك بين لهجتي الشمال والوسط، و يظهر هذا الخلط والإشتراك خاصة في الضمائر الشخصية. لذا تم مقارنة الضمائر الشخصية في لهجة محلية خوشناو مع الضمائر الشخصية في كل من لهجتي الشمال والوسط، و لتغطية كافة جوانب الموضوع و توضيحها تم تقسيم الدراسة الى ثلاثة فصول:-

يتضمن الفصل الأول دراسة الضمائر المنفصلة في هذه اللهجة المحلية، ثم مقارنتها مع الضمائر نفسها في اللهجة الشمالية واللهجة الوسطى.

في الفصلين الثاني والثالث تم دراسة و مقارنة الضمائر المتصلة بالأسلوب نفسه، و كما يلي: مجموعة التنسيق ( ڕێککەوتن-Agreement-Concord ) و مجموعة التملك ( خاوەنی - Possessive ) في الفصل الثالث.

و أخيرا تم تقديم أهم النتائج التي توصل اليها الباحث. ثم قدم قائمة بأسماء المصادر على حسب أسبقية إستخدامها، إضافة الى ملخص البحث باللغة العربية و الإنكليزية.

## {Research Summary}

This research includes the subject of Personal Pronouns of the Khoshnaw's dialect in comparing it with the Northern Kurdish dialect and mid Kurdish dialect.

It includes the colloquial dialect of Khoshnaw, who speak in different dialect as in the districts of Shaqlawa and Soran which belong to Erbil governorate with all its districts as: Pearmam, Hiran, Hareer, Khalifan, Dyana.... and all the countryside that belong to it.

As this area is a boundary band which is extended between the northern and middle dialect, therefore, we find a dialect like (Khoshnaw) which is a joint mixture between the northern and middle dialect, and it reveals in the personal

pronouns, therefore, the researcher compared the personal pronouns in Khoshnaw's dialect with personal pronouns the northern and middle dialect.

More often to cover all the sides of the subject and to express it more clearly, the researcher divided his study into three chapters:

The first chapter deals with the study of the irrelative pronouns in a colloquial dialect, then comparing it with the same way, the researcher starts in the second and the third chapters studying and comparing the relative pronouns as to follow: group of regulation in the second chapter and group of possession in the third chapter.

Finally, the researcher has exhibited the most important results, and then he introduced a list by the name of the sources according to its previous usage. In addition to a research summary in the Arabic language.

کتێبخانەی کتێب

# مێژوی شێوەزاری گەرمیانیی

## لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانیی مێژوییە


پرۆفیسۆر دکتۆر

**عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول**


هەواڵنامەی ...


ئەم توێژینەوەیە لە گۆڤاری زانکۆی دهۆک

بەرگی ( ٥ )، ژمارە ( ١ )، ئەیلولی ( ٢٠٠٢ )

لاپەڕە ( ١-٢٨ ) بڵاوکراوەتەوە.

تیایدا نەخشەکان پەڕێنراون.

بەرواری نوسین ( ١٦ / ١١ / ٢٠٠٠ )

## « مێژوی شێوەزاری گەرمیانی »

شێوەزاری گەرمیانی، ئەو ناوچانە دەگرێتەوە، کە لە کەرکوك بە خوارەوە قسەی پــێ دەکەن، تــا دوا ئــاوایی زاری نــاوەڕاست لە کوردســتــانی عێــراق، وەك لــە نەخشــەی ژمــارە (١) دەستنیشانکراوە.



نەخشەی ژمارە (1)

{شارەزابونی مێژوی زمان زاڵبونە بەســەر زۆر لــە زرەندێشــەکانی (أوهــام) کــە لــە ناوەندە زمانزانیەکان دو پاتدەبێتەوە و خودی زمان بە تەمێکی لێڵ گەمارۆ دەدا و دەیکــا بــە دیاردەیەکی میتافیزیکی یاخی لە یاسا سروشتیەکان، دەبێتە هۆی نەزانینی بارودۆخەکانی و قوڵنەبونەوە لە زانینی پێکهاتەی ڕاستەقینەیی. گومان لەوەدا نیە، هەر زمانە مێژوی خــۆی هەیــە، بــە پێــی بایــەخی زمانەکــە لــە ڕوی ســامان و ڕێکخســتنی و بەشــداریکردنی لــە شارستانیەتیی مرۆڤایەتی، گرنگی مێژوی و زانینی هۆکارەکانی ئەو مێــژوە دەرەکــەوێ.} ٣٢ ئاشکرا دەرکەوتوە کە (مێژو، زانستی ڕابوردوی مرۆڤ نیە، بەڵکو زانستی پەرەسەندنی مرۆڤە

---

(٣٢)حسن عون، دراسات في اللغة والنحو العربي، معهد البحوث والدراسات العربية، ١٩٦٩، ص١٨.

بە درێژایی ڕۆژگار و بێ پسانەوە)٣٣ و (مێژو ناتواندرێ بە تەنیا بە شـێوەیەکی سـەربەخۆ دور لە زانست و زانیاری دی لێ ی بکۆڵدرێتەوە، بەڵکو بۆ لێکۆڵینەوەی هێنـدێك زانسـتی دی یارمـەتی دەری هـەن، وەك زانسـتی زمـان (فیلۆلۆژیـا)...)٣٤، هـەروەها (لـە مەیـدانی لێکۆڵینەوەکانی زمانەوانی نوێدا ئاشکرا دەرکەوتوە، کە شارەزابونی مێژوی زمان بە یـەکێك لە گرنگترین لقەکانی لێکۆڵینەوە زمانیەکان دادەنـرێ، ئەگـەر لـە هـەمویان بایەخـدارتر نەبێ، زمانەوانەکان وەك بنچینەیەك سەیری دەکەن بـۆ دۆزینـەوەی لایـەنی جۆراوجـۆر لـە لێکۆڵینەوە زمانیەکانی تردا)٣٥. بڕوانە نەخشەی ژمارە (٢):



نەخشــــەی ژمارە (2)

دیسان (ئاشکرایە زمانەکان بە پێی کات دەگۆڕێن)٣٦. لەم لێکۆڵینەوەیـەدا بـەهۆی ئەو گۆڕانکاریانەی بە سەر شێوەزاری گەرمیانیدا هاتوە و لەبەر ئەوەی (بۆ هەر کۆمەڵگایەکی

(٣٣) محمد الطالبي، التأريخ ومشاكل اليوم والغد، مجلة عالم الفكر، المجلد الخامس، العدد الأول، كويت، ١٩٧٤، ص ١٤.

(٣٤) د. جمال رشيد أحمد، لێ کۆڵینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی مێژووی وڵاتی کوردەواری، بەغدا، ١٩٩٨، ل ٥٩.

(٣٥) حسن عون، دراسات في اللغة والنحو العربي، معهد البحوث والدراسات العربية، ١٩٦٩، ص ١٧.

(٣٦) JOHN LYONS , Language and Linguistics , New York , ١٩٨٥ , P ١٧٩ .

مرۆڤایەتی، زمان گرنگترین ڕوخسارە لە ڕوخسارەکانی سەربەخۆیی کەسێتی نەتەوەیی )٣٧، تۆژەر لە ڕوی زمانەوانیی مێژوییەوە Historical Linguistics دەیسەلمێنێ کە هەر لە دێریندا، زمانی کوردی لە ناوچەی گەرمیاندا بە کارهاتوە، ئەمەش بە بەراوردکرنی ئەو شێوەزارە لەگەڵ شێوەزارەکانی ( لهجات محلیە ) یا زارەکانی ( لهجات ) تری زمانی کوردی، ( لە زمان شوناسیدا، ئەگەر ووشەی جۆربەجۆر لەگەڵ یەکتردا بەراورد بکرێت و گوێ بە جۆری گۆڕانی ووشەو جۆری دارشتنی رستەکان و بەکارهێنانی لەرووی زمانەوە نەدرێت ئەوا بەراورد کردن و بەرامبەری کردنی ووشەکان و نێوە کەسی یەکان بە تەواوی لە ناو دەچن و ئەهمیەتی زانستانەیان نامێنێت. )٣٨، ئەمەش بە ڕەچاوکردنی هۆیەکانی گۆڕانی زمان و ڕێژەی کارتێکەرەکان و ڕادەی گۆڕانی زارەکان بەگشتی و شێوەزاری گەرمیانی بەتایبەتی، چونکە ( پێشکەوتنی زمان بە شێوەیێکی یەکجار توند و تۆڵ بە مێژووی کۆمەڵەوە بەندە، بەو بارودۆخە کۆمەڵایەتی‌یەوەی تێیدا زمان بەکاردێنرێ و هەروەها بەو ئەرکە کۆمەڵایەتی یەوەی زمان بە جێ یان دێنێ. ف. پ. فیلین نوسیویێتی: "ئەرکە کۆمەڵایەتی یەکانی زمان تەنیا بریتی نین لە پێکهاتنی نیسبی دەرەکی و پێوەندیی سیستەمی و ڕێك و ڕەوانیی پێشکەوتنی. پێویستە ئەوە بزانین، کە زمان وەك پێکهاتن شتێکە و بەکارهێنانی لە کۆمەڵدا بە تەواوی شتێکی دی یە" )٣٩.

بۆ ئەم مەبەستەش بابەتەکە کراوەتە چەند بەندێك و لە سەرەتای هەر بەندێکدا بەگشتی باسی بابەتی بەندەکە کراوە، ئینجا پراکتیکی تایبەتی لە سەر شێوەزاری گەرمیانی کراوە. لە بەندی یەکەمدا: گۆڕانی زمان بەگشتی و بەدەرنەبونی زمانی کوردیش بەتایبەتی باسکراوە. لە بەندی دوەمدا: هۆیەکانی گۆڕانی زمانان و زمانی کوردی بەگشتی و شێوەزاری گەرمیانی بەتایبەتی دەرخراوە. لە بەندی سێیەمدا: ئەنجامەکانی گۆڕانی زمانان و زمانی کوردی بەگشتی و شێوەزاری گەرمیانی بەتایبەتی خراونەتە ڕو. لە بەندی چوارەمدا: هەوڵی خستنەڕوی گۆڕانی زمانی کوردی لە هەر چوار زارەکە دراوە، بەتایبەتی ئەو گۆڕانانەی بە سەر ڕاناوە کەسیەکاندا هاتون. لە بەندی پێنجەمیشدا: لە ژێر تیشکی ڕاستیە

---

( ٣٧ ) الدكتور حسين نصار، دراسات لغوية، قاهرة، ١٩٨١، ص ١٣.

( ٣٨ ) د. جمال رشيد أحمد، لێ کۆڵینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی مێژووی وڵاتی کوردەواری، بەغدا، ١٩٩٨، ل ٩.

( ٣٩ ) ڤ.ی.کۆدۆخۆڤ و ئا.ئا.ڕیفۆرماتسکی، سەرەتاییێکی زمانناسی، وەرگێڕانی میدیا، سلێمانی، ١٩٩٨، ل ١٧٦.

زانستیەکانی بەندەکانی تر، لە سەر شێوەزاری گەرمیانی بەگشتی و کەرکوك بەتایبەتی پڕاکتیك و پاسادان کراوە. لەم بەندەدا ڕاناوە کەسیەکانمان کرد بە کەرەسەی سەرەکیی پڕاکتیزەکردن، چونکە لە کەرەسەکانی زماندا، ڕاناوەکان یەکەم توخمن کە خزمایەتی و نزیکی نیشاندەدەن.٤٠ لە کۆتاییشدا جگە لە ئەنجامەکان لیستی سەرچاوەکان و پوختەیەکی عەرەبی و ئینگلیزی پێشکەشکراون.

## بەندی یەکەم

## ﴿گۆڕانی زمان﴾

هەر لە سەرەتای مێژوی نوسراوەوە دەرکەوتوە کە ( هەر زمانێك لە هەر کاتێکدا بێ، لە دۆخی گۆڕاندایە )٤١. بەلام ئەم گۆڕانکاریە، پەیتا پەیتا هەستی پێ دەکرێ، چونکە ( زمانیش وەك مرۆڤ - وەردەگرێ و دەداتەوە و پەیدادەبێ و دەژێ و گەشە دەکاو پێش دەکەوێ و فراوان دەبێ و دەمرێ )٤٢. یۆنانیەکان گۆڕانی زمانیان بە دیاردەیەکی خراپ و شێوێنەری زمان دادەنا، ( لە ڕوانگەی یۆنانیەکان، هەرکەسێ هاوشێوەی کەلە پیاوانیان بدوێ، ئەوا بە ڕاست و ڕەوان و پاراو دەژمێررێ و هەرکەسێ پێچەوانەی ئەوان بدوێ، ئەوا بە هەڵە و ڕەمەکی دەژمێررێ )٤٣. بەلام لە ڕاستیدا، لە بەر ئەوەی زمان پابەندی بیرە {ناتوانرێ، زمانی گەلێکی دیارکراو لە بیرکردنەوەی جیابکرێتەوە. ( هەمبۆڵت )یش بیرۆکەی ( هێردەر )ی دەربارەی هاوشانیی پەرەسەندنی بیر و زمانی بەرەو مەودایەکی دورتر برد، لای ئەویش ( زمانی خەڵك گیانی خەڵکە و گیانی خەڵکیش زمانی خەڵکە ). هەر زمانێك بەرهەمی ڕابوردویەتی} ٤٤ و بیریش پابەندی ڕادەی شارستانیەتە. کەواتە هەرسێکیان پابەندی یەکترن و بە تێپەڕ بونی کات گۆڕانیان بە سەردادێ و هاوشان بەرەو پێشەوە دەچن و پەرەدەسێنن. ( ئاستی هەر زمانێك و ڕادەی پەرەسەندنی پەیوەندییەکی پتەویان لەگەڵ

---

( ٤٠ ) دکتور عبدالصبور شاهين، في علم اللغة العام، بيروت، ١٩٨٠، ص ٢٢٥ ـ ٢٢٦.

( ٤١ ) دکتر برويز ناتل خانلري ، تأريخ زبان فارسي ، جلد أول ، انتشارات بنياد فرهنك ايران ، ١٣٤٩ايراني ، ص١٠٢ .

( ٤٢ ) الدکتور رشيد العبيدي ، أبحاث و نصوص في فقه اللغة العربية ، بغداد ، ١٩٨٨ ، ص ٢٩٠ .

( ٤٣ )دکتر برويز ناتل خانلري ، تأريخ زبان فارسي ، جلد أول ، انتشارات بنياد فرهنك ايران ، ١٣٤٩ايراني ، ص٩٧ .

( ٤٤ ) ر.هـ.روبنز،موجز تاريخ علم اللغة (في الغرب)،ترجمة د.أحمد عوض،مجلة عالم المعرفة،عدد ٢٧ ،كويت، ١٩٩٧،ص٢٨٦.

ئاستی ڕۆشنبیری و پەرەسەندنی هەیـە )٤٥، چـونکە ( فەرهـەنگی زمـانی هـەر نەتەوەیـەك خەزینەیەکی سەیرە کە پڕە لە کـۆکترین بـیر و بۆچـونەکانی ئـەو گەلـە و لـە خسـتنەڕو و دەربڕینی ژیانی خۆی )٤٦.

هەڵبەتە کوردیش وەکو نەتەوەیەك و زمانی کوردی وەك هـەر زمانێـك لـە دیـاردەی گۆڕان بەدەرنەبوە ( لە مێژووی کورددا وەکو مێژووی هەر میللـەتێك ئـەم دیاردانـە رووی داوەو بەهەمان پلانەشدا تێ پەریون و زمانی کوردیش بە پێ ی ئەو دیاردانە هەمیشە لە گـۆڕین دا بووە )٤٧ و ڕێژەی ئەم گۆڕانکاریانەش لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان جیاوازیی هەیـە، بە پێی بڕ و ڕادەی کارتێکردنی فاکتەرەکانی گۆڕان و هۆی سەرەکیی جیاوازیی ناوچـەکانیش لە بڕ و ڕادەی کارتێکردنی ئەو فاکتەرانە، جیـاوازیی تۆبۆگرافیـایی ناوچـەکانە، چـونکە ( گۆڕین یاساییێکی ئەزەلیی ئەم سروشتەیە، باری ئێستەی هـەر شـتێ جیایـە لـە هـی هـەر سەردەمێکی تری، بیئە Envronment دەورێکی باڵا ئەگێڕێت لە ئاڕاستەکردنی شێوەی گـۆڕین.. واتا گەر هەمان سیستەم خرایە دو بیئەی جیاواز، پاش ماوەییێك شێوەی جیاواز ئەگرنە خۆ و ئەبێ بە دو سیستەمی جیاواز. زمانیش وەك دیاردەییێکی سروشتی لەم یاسا گشتی یـە بـەدەر نی یە ئەگۆڕێ بە تێپەڕینی کات، بـاری جـوغرافی و ئـابوری و کۆمەڵایـەتی و کەلچـەری و پەیوەندی لەگەڵ زمانانی تر دەور ئەگێڕن لە چۆنیەتی شێوەگرتنی ئـەم گۆڕینـە )٤٨. ئـەم گۆڕانەشە دەبێتە هۆی دروستبونی شێوەزارەکان لە هەر زمانێکدا و شێوەزارەکانیش دەکا بە زار و زارەکانیش دەکاتە زمانی تری سەربەخۆ. هەر گۆڕانی زمانە بوەتە هۆی پەیدابونی ئـەم زار و شێوەزارانەی خوارەوە لە زمانی کوردیدا :

| <u>ژ</u> | <u>زارەکانی زمانی کوردی</u> | <u>شێوەزاری زارەکان</u> |
|---|---|---|
| ١- | کوردیی باکور | بایەزیدی، هەکاری، بۆتانی، شەمدینانی، بادینانی، ڕۆژئاوایی |
| ٢- | کوردیی ناوەڕاست | موکریانی، سۆرانی، ئەردەلانی، سلێمانی، گەرمیانی |

---

( ٤٥ ) الدكتور حسين نصار ، دراسات لغوية ، قاهرة ، ١٩٨١ ، ص١١ .

( ٤٦ ) الدكتور عبدالكريم الأشتر ، النثر المهجري ، معهد الدراسات العربية العالية ، ١٩٦١ ، ص١٩٢ .

( ٤٧ ) د. جمال رشيد أحمد، لێ کۆڵینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی مێژووی وڵاتی کوردەواری ، بەغدا، ١٩٩٨، ل ٣٨.

( ٤٨ ) دکتۆر وریا عمر امین ، خزمایەتی لە زمانا ... ، ڕۆشنبیری نوێ ، ژمارە ٩٤ی تەمووزی ١٩٨٢، ل٢٧ .

٣ـ كوردیی باشور                                   لوڕی، بەختیاری، مامەسەنی، کۆهلۆ، لەك، کەلهوڕ

٤ـ كوردیی ڕۆژهەلاٌت                               گۆرانی، هەورامانی، باجەلانی، زازا

شایانی باسە، ناتوانرێ، سنورێکی دابڕ ( حد قطعي ) لە نێوان شێوەزارەکان یا زارەکان دابنرێ، چونکە گۆڕانەکان وردە وردەن و لە نێوان ئاوابییە هاوسێکان کەمتر هەست پێ دەکرێ، ئەگەر بەراورد بکرێ لەگەڵ ئاوابییە دور و دورترەکان، وەك لە نەخشەی ژمارە ( ٣ )دا٤٩ دەرەکەوێ.




نەخشـــەی ژمارە (3)

دابەشـــــکردنی دیالێکتەکانی زمانی کوردی

## بەندی دوەم

## «قۆناغ و مەرجەکانی گۆڕانی شێوەزاری گەرمیانی»

بەر لە هەمو شتێك دەبێ، بزانین، ڕادەی تێکەڵبونی هەر ئاوابییەك لەگەڵ ئاوابییەکی تر هاوکێشەیەکی ڕاستەوانە ( عملية طردية ) لەگەڵ ڕادەی ئاڵوگۆڕ بونی کەرەسـەکانی زمـان پەیدا دەکا، بەتایبەتی وشە و دەنگ، ئینجا ڕستە. واتە، تاکو ڕادەی تێکەڵبونی دو ئـاوایی زۆرتر بێ، ڕادەی جیاوازیی نێوانیان کەمتر دەبێتەوە. ئەمەش ئـەوە دەگـەیێنێ، تـاکو ڕادەی

( ٤٩ )فوئاد حەمە خورشید، زمانی کوردی دابەشبوونی جوگرافیـایی دیالێکتـەکانی، وەرگێڕانی حەمەکەریمی هەورامی، بەغدا، ١٩٨٥، ل٤١.

تێکەڵی لە نێوان زار و شێوەزارەکانی هەر زمانێك زۆرتر بێ، ڕادەی گۆڕانیان کەمتر دەبێ، چونکە زۆرتر لە یەك نزیکدەبنەوە و کەمتر لە یەك دوردەکەونەوە و پتر یەکگرتویی ئەو زمانە پەیدا دەبێ. بە پێچەوانەش، تاکو ڕادەی تێکەڵی لە نێوان زمانێك و زمانێکی تری بێگانە (بەتایبەتی ئەگەر ئەو دو زمانە لە ڕوی خزمایەتی لە دو گروپی جیاواز بن) زۆرتر بێ، ئەوا ڕادەی گۆڕانیان زۆرتر دەبێ. چونکە بە پێی هەمان هاوکێشەی سەرەوە، زۆرتر لە یەکتر نزیکدەبنەوە. واتە، پتر کەرەسەکانیان ئالوگۆڕ دەبن. ئەمەش دەبێتە هۆی تێکەڵاوبونی هەردو زمانەکە و کەمبونەوەی ڕادەی پاراوییان. لە بەر ئەمەشە، ئەو ئاواییانەی دەکەونە سنوری نێوان دو زمان، (بە مەرجێ هیچ بەربەستێ لە نێوانیان نەبێ)، ڕادەی پاراوییان کەمترە (واتە، گۆڕان زۆرترە)، لەو ئاواییانەی لە ناوەڕاستی زمانەکانن. ئەم کرداری کارلێککردنی زمانە هاوسنورەکان لە زمانەوانیدا پێی دەوترێ: ململانێی زمانەکان (صراع اللغات). هەڵبەتە، کام زمان پتر کەرەسە ببەخشێ، ئەوە بە زمانی (زاڵ) دادەنرێ و کام زمانیش پتر وشە و کەرەسەی زمانی تر وەربگرێ، ئەوە بە زمانی (بەزیو) دادەنرێ. زمانەوانانیش چەند مەرجێکیان بۆ ئەم ڕادەی تێکەڵی و کارلێکە داناوە. واتە، (ئەگەر ئەم مەرجانە لە ئارادا نەبن، زمانێك بە سەر زمانێکی تردا زاڵ نابێ:-

١- دەبێ زمانە زاڵەکە لە ڕوی شارستانی و ڕۆشنبیری و دەسەڵات و فراوانیدا، لە زمانە بەزیوەکە پێشکەوتوتر بێ.

٢- دەبێ، ماوە و کاتێکی زۆر و پێویست زمانە زاڵەکە بە پێشکەوتویی لە سەر زمانە بەزیوەکە بمێنێتەوە.

٣- دەبێ، خەڵکێکی زۆر لە هەردولا لە ناو یەکتری بژین و تێکەڵی و هاتوچۆی زۆر، لە نێوان هاوزمانەکانی هەردولا ڕوبدا.

٤- دەبێ، هەردو زمانەکە، واتە، زاڵەکە و بەزیوەکە، لە هەمان خێزانی (گروپی) زمان بن، یا لە دو خێزانی خزم بن)[٥٠].

لەگەڵ لە ئارادابونی سێ مەرجی یەکەم، لە نێوان شێوەزاری گەرمیانی و زمانی عەرەبی، بەڵام (مەرجی چوارەم) وەك فاکتەرێکی سەرەکی، بوەتە هۆی ئەوەی بە درێژایی مێژو زمانی کوردی بەگشتی و زاری خوارو و شێوەزاری گەرمیانی بەتایبەتی، بتوانێ، خۆی

(٥٠) د. رمضان عبدالتواب، المدخل الى علم اللغة، القاهرة، ١٩٨٢، ص١٧١-١٧٧.

بەرامبەر زمانی عەرەبی ڕاگریٚ[51]. ئەمەش ئەوە ناگەیێنێ کە کەرەسەیان لە زمانی عەرەبی قەرز نەکردوە، چونکە (هیچ زمانێك پەرەناسێنێ، بەبێ تێکەڵبون لەگەڵ زمانانی تر)[52]، بەتایبەتی هاوبەشی ئایینی هۆیەکی کاریگەر بوە، بۆ خواستنی وشەی عەرەبی.

جگە لەمە زمانەوانان چەند قۆناغێك بۆ ململانێی دو زمان دادەنێن، کە ئەمانەن:

---

(٥١) ئەمەش بە تایبەتی لە مێژوی هاوچەرخدا، ململانێی کوردی و عەرەبی لەو ناوچەیەدا بە گشتی و لە شاری کەرکوك بە تایبەتی لە دیاردەیەکی سروشتی دەرچو و شێوەیەکی زۆرەملێ و ئەنقەستی گرتەوە، کە ڕەگەزپەرستانە هەوڵ دەدرا، زمانی عەرەبی زاڵ بکرێ بە سەر زمانی کوردی، بە تایبەتی دوای دۆزینەوەی نەوت لەو ناوچەیە و سەرهەڵدانی بیری نەتەوایەتی، چونکە مانەوەی هەر نەتەوەیەك بەندە بە مانەوەی زمانەکەی. کاتێ ئەمەش بۆ داگیرکەران نەچوە سەر، دەستیانکرد بە دەرکردن و ڕاگوێزانی کوردەکان و عەرەبیان لە جێیان دانان. لە دواییشدا ئەم پلانە ناونرا: ڕامیاریی بە عەرەب کردن (سیاسەتی تەعریب). ئێستاش بۆ قەدەغەکردنی ئاخاوتن بە کوردی، دەسەڵاتدارانی بەعس لە کەرکوك ڕامیاریی (ڕاستکردنەوەی نەتەوەیی) یان (تصحيح القومية)یان گرتۆتە بەر. واتە، دەبێ کوردەکان نەتەوەی خۆیان بگۆڕن و بیکەن بە عەرەب، ئەگەرنا بە خەڵکی ئەو شارە دانانرێن و هیچ کاروبارێکیان بۆ ئەنجام نادەن. بەڕێز فەیسەڵ دێهاتی لە لاپەڕە (٢)ی ژمارە (٩٦)ی ڕۆژنامەی (ڕزگاری) ڕۆژی دوشەممەی ڕێکەوتی ٢٠٠٠/١٠/١٦ وتارێکی بە ناوی (دەرهاوێشتەکانی تەعریب بۆ ئایندە) نوسیوە و تیایدا هاتوە: (باری سیاسی کوردستان دوای ڕاپەڕین کەوتە قۆناغێکی دیکەوە، دەستەبەربونی پارێزگاری نێودەوڵەتی و دانانی هێڵی (٣٦)، دو ڕوکاری لێك جیاواز بون، لە لایەك کوردستان کەوتە ژێر پارێزگاریەوە، لە لایەکی دیکە بەشێکی زۆری خاکی کوردستان کەوتە دەرەوەی سنوری حوکمڕانێتی حکومەتی کوردستان، ئەم جارەشیان حکومەتی عێراق کەڵکی لەم دەرفەتە وەرگرت و کەوتەوە تەرحیل و تەعریبکردنی ئەو بەشە کوردستانیەی ژێر دەسەڵاتی خۆی جگە لەمەش یاسای (تصحيح القومية)شی داهێنا، بەڵام لەم هەلومەرجە تازەدا هاوپەیمانان و ڕۆژئاوا وUN هیچ کاردانەوەیەکیان بەرامبەر بەم سیاسەتی ((پاکتاو کردنە)) ئەتنیکیەی حکومەتی عێراق نیە، هەڵبەت گومانیش ناکرێت ئەمە جۆرە ڕێککەوتنێك بێت و کوردستانی تیادا دابەش کرابێت ...).

(٥٢) فندريس، اللغة، ترجمة عبدالحميد الدواخلي و د. محمد القصاص، القاهرة، ١٩٥٠، ص٣٤٩.

**١ـ قۆناغی یەکەم٥٣ ﴿هەنگاوی وشە﴾ :**

**لە میانی ئەو قۆناغانەدا ژمارەیەکی زۆر لە وشە و زاراوە لە زمانە زاڵەکە دەچێتە زمانە بەزیوەکە و پەیتا پەیتا ژمارەیان پتر دەکا. وەك لە زمانەکانی (بەربەری) بەرامبەر زمانی عەرەبی، ڕوی دا. لێرەدا ئەگەر ماوەکە کەمی خایاند، زمانە زاڵەکە کەم وشە لە زمانە بەزیوەکە وەردەگرێ، بەڵام ئەگەر ماوەیەکی زۆری خایاند، ئەوا ئەویش وشەی زۆر لە زمانە بەزیوەکە وەردەگرێ. هەروەك تاکو زمانی فەڕەنسی بە سەر زمانی نۆرماندی زاڵ بو، نزیکەی نیوەی وشەکانی ئاڵوگۆڕ بو. ئینجا ئەگەر ئێمەش بەراوردێکی وشە عەرەبییەکان بکەین، لە ناو زمانی کوردی بەگشتی و شێوەزاری گەرمیانی بەتایبەتی، لەگەڵ وشە کوردیەکان لە ناو زمانی عەرەبیدا، دەبینین، ژمارەیەکی باش وشەی عەرەبی لە ناو زمانی کوردی بەگشتی هەیە و تاکو بەرەو باشوری کوردستان بچین، ڕێژەی وشە عەرەبییەکان پتر دەبێ. بەم جۆرە ڕێژەی وشە عەرەبییەکانی ناو شێوەزاری گەرمیانی زۆرترە، لە شێوەزارەکانی باکوری خۆی. ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ کە شێوەزاری گەرمیانی وەك سەرجەم زمانی کوردی سەردەمێکی دور و درێژە، بەرینگی زمانی عەرەبی گرتوە و لە مێژویەکی زودا شێوەزاری گەرمیانی لەو ناوچەیە نیشتەجێ بوە، بەڵام لەبەر ئەوەی لێککەوتی (تماس) ڕاستەوخۆی لەگەڵ زمانی عەرەبی هەبوە، پتر وشەی عەرەبی وەرگرتوە. (بڕوانە نەخشەی ژمارە (٤)):**




نەخشەی ژمارە (4)

---

(٥٣) الدکتور حاتم صالح الضامن، علم اللغة، بغداد، ١٩٨٩، ص١٢١ـ١٢٢.

جگە لەمە دەبینین: زمانی عەرەبی (وەکو زمانێکی زاڵ) کەمتر وشەی لە زمانی کوردی (وەکو زمانێکی بەزیو) وەرگرتوە. ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ، کە زمانی عەرەبی سەردەمێکی زۆر نیە لەو ناوچانەیە و دوای زمانی کوردی هاتۆتە ئەو ناوچانە. بەڵام گرفتەکە لەوەدایە، تا ئێستا لێکۆڵینەوە زمانەوانیەکان تەنیا ڕاستیەکان دەرەخەن و ناتوانن زۆر بە وردی سەردەمەکان و ژمارەی ساڵەکان لەم بارەیەوە دەستنیشان بکەن، هەروەك {ئەکادیمی ڤلادیمێر گێورگیێڤ کە ڕابەری ئەم چەشنە تێگەیشتنانە ئەکات بە ڕەخنەوە لەو سەردەم دانانە ئەدوێت کە دەربارەی زمانی جیاواز هەن... (لە باری سەرنجی گەشەسەندنیانەوە زمان زۆرتر دەخرێتە بەردەمی ڕێکەوتی - درێژ یا کورتتری - بەشێك لە سەردەمەوە. لە بەر ئەوە هەمو کاتێ ناتوانین سنوور بۆ سەردەمە بنەڕەتی یەکانی گەشەسەندنیان دابنێین. بەگشتی هەندێ زمان بە هێزی خاسیەتی گەشەسەندنیان و زۆر خایاندنی مێژووی بینراوی نووسینیان سەردەم بۆ دانانیان تاقی ئەکرێتەوە و لە زمانی تریشدا سنووردانان لە سەر بناغەی سەردەم زۆر گرانە) لە بەر ئەوە دەربارەی زمانێکی کۆنکریتی، کە گەشەسەندنی بە پێی بەشێکی کەمی سەردەم، بە بەراورد لەگەڵ سەردەمی تردا سنووری بۆ دانراوە، دابەشکردنی سەردەمە بنەڕەتیەکانی مێژووی یا لە توانادا نیە، یا گرانە)٥٤.

٢ـ قۆناغی دووەم «قۆناغی دەنگ»:

لەم قۆناغەدا ماسولکەکانی دەم و قورگ و ژێیەدەنگیەکان لە سەر دەربڕینی دەنگە نوێیەکان ڕادێن و فێری گۆکردنیان دەبن، تا وای لێ دێ، وەکو زمانە زاڵەکە دەریاندەبڕن. بەم جۆرە دەنگەکانی زمانە زاڵەکە دەخزێنە ناو زمانە بەزیوەکە. وەکو خزینی دەنگی (ح، ع، ق...)ی زمانی عەرەبی بۆ ناو زمانی کوردی. بە بەڵگەی ئەوەی ئەم دەنگانە لە زمانە هیندۆئۆرۆپیەکاندا نین و کوردیش یەکێکە لەو زمانانە و لە سەرەتادا ئەم دەنگانەی نەبوە، بەڵام لە دواییدا بە کاریگەری زمانی عەرەبی ئەم دەنگانە هاتونەتە ناوەوە. لێرەشدا کاریگەریی ڕادەی تێکەڵی وایکردوە، شێوەزاری گەرمیانی باشتر لە شێوەزارەکانی باکوری خۆیان دەتوانن، هەردو دەنگی (ح) و (ع) گۆبکەن و لە یەکیان جیابکەنەوە، بەڵام ئەم دو دەنگە لە شێوەزاری هەولێر و خۆشناوەتی... تێکەڵدەکرێن و نابنە هۆی واتا گۆڕین. ئەمەش بەڵگەیەکی ترە کە شێوەزاری گەرمیانی هەر لە سەرەتاوە، لەو ناوچەیە هاوسێی زمانی عەرەبی بوە. هەڵبەتە لە مەیدانی ململانێی زمانەکاندا، ئەم قۆناغە «قۆناغی دەنگ»، بە

---

(٥٤) ڤ.ڤ.ڤینوگرادوۆڤ، مەسەلەکانی زمانی ئەدەبی و یاسای دروستبوونی و گەشەسەندنی، وەرگێڕانی دوکتور:عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، بەغدا،١٩٩١،ل٥٠.

ترسناكترین قۆناغەكانی گۆڕانی زمان دادەنرێ، چونكە پتر سیمای زمانە بەزیوەكە دەسڕێتەوە و زمانەكە دەتوێنێتەوە.

**٣ـ قۆناغی سێیەم «قۆناغی ڕێزمان»:**

لەم قۆناغەشدا، زمانە زاڵەكە ڕێزمان و دەستور و یاساكانی دەسە پێنێتە سەر زمانە بەزیوەكە و چۆنیەتی داڕشتنی وشە و ڕستەكانی پێ دەگۆڕێ و ئینجا بەرە بەرە واتاكانی ڕەوانبێژی و ئیدیۆمەكانی سەقامگیر دەكا.

ئەگەر لەم بارەیەوە سەرنجی زمانی كوردی بەگشتی و شێوەزاری گەرمیانی بەتایبەتی بدەین، دەبینین، یاساكانی زمان نەگۆڕاوە، تەنیا ئەوە نەبێ:

**أ - لە زاری خوارو (لوڕی)دا:** ڕاناوە كەسیە لكاوەكان لە كرداری نوسانیان (عملیه اللصق) تا ڕادەیەك هاوشێوەی عەرەبییان وەرگرتوە:

| زمانی عەرەبی | زاری خوارو | زاری ناوەڕاست |
|---|---|---|
| أكلـ+(ت) *الطعام* | *نان* خوارد+(م) | *نانـ*+(م) خوارد |

لەم نمونەیەی سەرەوەدا، بۆمان دەردەكەوێ، لە كاری ڕابوردوی تێپەڕدا، ڕاناوی لكاوی بكەر (ت) لە عەرەبی و (م) لە زاری خوارو، بە كارەكە (أكل/ خوارد)ـەوە لكاون٥٥، بەڵام لە سەرجەم زارە كوردیەكانی تر بە بەركار (نان)ـەوە دەلكێ.

ب - لە شێوەزاری گەرمیانیدا، وەكو عەرەبی یەك دەستە ڕاناوی كەسی لكاو بۆ كاری تێپەڕ و تێنەپەڕ بەكاردێ. كەچی لە شێوەزارەكانی تری ناوەڕاستدا، ڕاناوە لكاوەكانی تێپەڕ و تێنەپەڕ جیان:

| | زمانی عەرەبی | شێوەزاری گەرمیانی | شێوەزارەكانی تر |
|---|---|---|---|
| تێپەڕ | أكلـ+(نا) | خوارد+(مان) | خوارد+(مان) |
| تێنەپەڕ | ذهبـ+(نا) | چو+(مان) | چو+(ین) |

ئەگەرچی سنورێك لە نێوان قۆناغەكاندا نیە و چونەتە ناو یەكتر، بەڵام گومان لەوەدا نیە، چەندین سەدە تێپەڕیون، تا گۆڕانەكان ئەنجامدراون. ئەوەی شایانی باسە،

(٥٥) تارا عەبدوڵڵا سەعید، هەندێك لایەنی ڕێزمانی زاری فەیلی، نامەی دكتۆرا، زانكۆی سەلاحەددین، ١٩٩٨، ل٦٩.

کاریگەریی زمانەکانی هەمان خێزان، خێراتر ڕوودەدا لە زمانەکانی دو خێزانی جیاواز٥٦، ئەمەش سەردەمی بونی شێوەزاری گەرمیانی لە ناوچەکەدا درێژتر دەکاتەوە.

## بەندی سێیەم

## ﴿هۆیەکانی گۆڕانی زمان بەگشتی و شێوەزاری گەرمیانی بەتایبەتی﴾

( ئاشکرایە کە زمان لە دۆخێکی سڕبەستو نامێنێ و لە سنورێکی دیارکراودا ناوەستێ، بەڵکو ڕووەو پێشکەوتنە، پێشکەوتنەکەشی کارێکی شروشتیە و بەربەستێك نیە بە ڕویا بوەستێ و پێشی پێ بگرێ، چونکە بە توندی پابەندە بە ژیانی قسە پێکەرانی و لە بەر ئەوەی ژیان لە پێشکەوتن و گۆڕانی بەردەوام دایە، کەواتە زمانیش لەم بارەیەوە هاوپای ژیانە و بە پێشکەوتنی پێشەکەوێ و بە دواکەوتنی دوادەکەوێ )٥٧. بەڵام ( بۆ زمانەکان بە تێپەڕ بونی کات دەگۆڕێن؟ وەڵامێکی دیارکراو بۆ ئەم پرسیارە نیە. چەندین بیردۆزە دەربارەی گۆڕانی زمان دانراون، بەڵام هیچیان هەمو هۆیەکانی نەگرتە خۆی )٥٨. هەندێکیان هۆیەکانی گۆڕان دەگێڕنەوە بۆ هۆیە کۆمەڵایەتیەکان، وەك دکتۆر پەرویز ناتل خانلری لەو باوەڕەدایە: بۆ گۆڕانی زمان دو فاکتەری سەرەکی لە ئارادان: یەکێکیان هۆی کۆمەڵایەتیە و گۆڕانکاریەکانی هەر کۆمەڵێك لە زماندا ڕەنگ دەداتەوە. ئەوەی تریان، کە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان بە ( ئاخاوتن ) ئە نجام بدرێن و کرداری ئاخاوتنیش ماندوبونێکی مێشکی و ماسولکەیی دەوێ، سروشتی مرۆڤیش ئارەزو دەکا، تا بۆی بلوێ، کەمتر وزە بەکارببا، بۆیە کەرەسەکانی زمان کورتدەکاتەوە و دیاردەی کورتبونەوەی زمان سەر هەڵدەدا و گۆڕانی زمان دێتە ئارا٥٩. هەندێکی تر گۆڕانی زمان دەگێڕنەوە بۆ پێشکەوتنی ڕادەی شارستانیەتی، وەك: ( زمان وەك بیر، لە سەرەتاوە بە شێواوی و تەسکی دەستی پێ کردوە.. بە پێگەیشتن و گەشانەوەی زانیاری و دامەزراندنی شارستانێتی، پەرەی سەندوە. گەیشتنی زمان بە ئاستی

---

( ٥٦ )الدكتور حاتم صالح الضامن ، علم اللغة ، بغداد ، ١٩٨٩ ، ص١٢٢.

( ٥٧ ) الدكتور نعمة رحيم العزاوي،النقد اللغوي بين التحرر والجمود ، مجلة الموسوعة الصغيرة ( ١٤١ )، بغداد، ١٩٨٤، ص٢٤.

( ٥٨ ) JOHN LYONS , Language and Linguistics , New York , ١٩٨٥ , P ٢٠٧ .

( ٥٩ ) دكتر پرويز ناتل خانلري ، تأريخ زبان فارسي ، جلد أول ، انتشارات بنياد فرهنك ايران ، ١٣٤٩ايراني ، ص١٠٣-١٠٤

ئێستای، ئەنجامی پێگەیشتنی ژیری مرۆڤ و ئامرازی وتنەکەیەتی.. بەر و کاریگەری پێوەندی یە کۆمەڵایەتیەکانە، گەشانەوەی ڕۆشنبیری یە و کارپێکردنی زمانانیشە لە یەکتری. بێجگە لە ئەوانەش، پێشکەوتنی باری ئابوری و کۆمەڵایەتی وەهای کردوە وشە و زاراوەی نوێ، لێکۆڵینەوەی زمانەوانی،دانەری و وەرگێڕان و چاپەمەنی بەشداریی پێشخستنی بکەن )٦٠. کەسێکی وەك (ن. ی. تۆلستۆی دەڵێ: زمانی گشتی لە سروشتی کۆمەڵایەتیی خۆیدا لە بنەڕەت دا شاری بو، بەسترا بو بە جەرگەیەکی گەورەی بازرگانی یەوە (یا بە چەند جەرگەیەکەوە، ڕۆڵی لەگەڵ پەرەسەندنی دەوڵەت و شارەکان و بازرگانیدا پەرەی سەند)٦١.
یان گۆڕانی زمان دەدەنە پاڵ داهێنانی نوێ: (گۆڕینی بەرهەم و داهێنانی نوێش خۆی لە خۆیدا یەکێکە لە هۆیە گرنگەکانی هاتنە کایەی چەندان زاراوەی تازە لە ڕۆژێکدا )٦٢. یان ئابوری: (چون یەك نەبونی گەشەکردنی زمانان لە جیهانی ئەمرۆدا، ئەنجامی جیاوازیی پێشکەوتنی ئابوری و ڕامیاری وڵاتانی جیاوازە. ئەمەش جارێکی دی نیشانی پێوەندیی هەمیشەیی زمان و میللەت، زمان و کۆمەڵ دەدات. ئەم یاسا گشتی‌یەی دروستبون و گەشەسەندنی زمانی میللەت و زمانی نەتەوایەتی لە تایبەتێتی گشتی دی و گەلاڵە بونیدا ڕەنگ دەداتەوە )٦٣. هەندێکیش گۆڕانی زمان، بە هاوشانی ژیانی نەتەوە دادەنێن، وەك: (زمانەکان هاوشانی نەتەوەکانن لە بەرزبونەوە و نزمبونەوەیان و لە پەرەسەندن و گۆڕانیان. هیچ زمانێك بێ ئاخێوەرانی لە ئارادا نیە و بە بێ ژیانی ڕۆڵەکانی ناژیێ. هەر پەرەسەندنێکی نەتەوە کاریگەریەکی ئاشکرا لە زمانەکەی جێدەهێڵێ. لێرەدا مەبەستمان ئەو کاریگەریە ئەنقەستەیە کە ڕواڵەتەکانی ژیان پێویستی پێ هەیە و داوای دەکا. وا باوە نەتەوەکانیش وەڵامی ڕواڵەتەکانی ژیان دەدەنەوە و واتای هەندێ وشەکان دەگۆڕێ، تاکو هاوپای سەردەم بڕوا. لە چاخە دێرینەکاندا، ژیانی ماڵ وەکو سەردەمی ئێستا نەبو و سیستەمی بازاڕ وەکو پەیڕەوی هاوچەرخ نەبو، ئامرازەکان ئەم ئامرازانە نەبون و هۆیەکانی گەیاندن و جل وبەرگ و خانوبەرە ئەمانە نەبون، بە کورتی لە جیهانی کۆندا، تەنیا

---

(٦٠) فوئاد تاهیر سادق، هۆشیاریی زمانەوانی، سلێمانی، ١٩٩٩، ل ١٠.

(٦١) ڤ.ڤ.ڤینۆگرادۆڤ، مەسەلەکانی زمانی ئەدەبی و یاسای دروستبوونی و گەشەسەندنی، وەرگێڕانی د.عیزەدین مستەفا.بەغدا.١٩٩١.ل٥٠ـ٥١

(٦٢) برهان قانع، فەرهەنگی نوێ، بەغدا، ١٩٨٥، ل ٥.

(٦٣) ڤ.ی.کۆدۆخۆڤ و ئا.ئا.ڕیفۆرماتسکی، سەرەتایێکی زمانناسی، وەرگێڕانی میدیا، سلێمانی، ١٩٩٨، ل١٦٩.

دیمەنە سروشتیەکانمان بۆ ماوەتەوە لە ئاسمان و ئەستێرەکان و خۆر و مانگ و زەوی و ڕوبارەکان و دەریا و گڕکانەکان و ڕەشەبا و زریانەکان، ئینجا هەمو جۆرە گیانەوەرەکان و باڵندەکان و ماسیەکان و زیندەوەرەکان و هەوا. جگە لەمانە هەمو شتێك گۆڕا و هەمو شتێك لە سەر زەوی بۆ مرۆڤ پەرەی سەند. مرۆڤ بینی، خویشی ناچارە لە ڕوی وتەکانی دەربڕینی و ئامرازەکانی و پیشەسازیەکانی و جل و بەرگەکانی و خانوبەرەکانی پەرەبسێنێ )٦٤.
لینینیش گەشەسەندنی زمان دەبەستێتەوە بە سەرمایەداریی جوڵەی بازرگانی ( دەڵێ: زمان گرنگترین هۆی تێکەڵیی نێوان مرۆڤە، یەکێتی زمان و بێ کۆسپی گەشەسەندن یەکێکە لە مەرجە هەرە گرنگەکانی بە ڕاستی ئازاد و فراوانی لەگەڵ سەرمایەداریی هاوچەرخدا گونجاوی خولی بازرگانی و گردبونەوەی سەربەست و فراوانی دانیشتوانی سەر بە هەمو چینەکان، لە کۆتاییشدا هەل و مەرجی پێوەندیی نزیکی بازاڕ لەگەڵ هەمو خاوەن و کارگێڕێکدا و کڕیار و فرۆشیارێکدا )٦٥. بەگشتی دەتوانرێ، هۆیەکانی گۆڕانی زمانی کوردی لەم دو هۆیەی خوارەوە کۆبکرێنەوە:

<u>یەکەم ـ هۆی دەرەکی:</u>

ئەو فاکتەرانە دەگرێتەوە کە لە دەرەوەی زمانی کوردی کار لە زمانی کوردی دەکەن و دەیگۆڕن. مەبەست لەم فاکتەرانە بە زۆری پڕبونی کەرەسەی بێگانە٦٦ ( لە دەنگ و وشە و ئیدیۆم و...هتد ) لە ناو زمانی خانەخوێی زگماکی دەگرێتەوە. ئینجا هاتنی ئەم کەرەسە بێگانانە لە دو ڕێگەوە دەبێ: یان بێگانەکان خۆیان دەیانهێنن و دایدەسەپێنن بەسەر زمانی بەزیو و خانەخوێ، یان خانەخوێیەکان خۆیان کەرەسەکان دەهێننە ناو زمانەکەیان بە ڕێگەی وەرگرتن و قەرزکردن. بەڵام لە یەك جیاکردنەوەی کەرەسە بێگانەکان، کە لە کام

---

( ٦٤ ) دکتور ابراهیم أنیس ، دلالة الألفاظ ، القاهرة ، ١٩٧٦ ، ص١٤٦.

( ٦٥ ) ڤ.ڤ.ڤینۆگرادۆڤ، مەسەلەکانی زمانی ئەدەبی و یاسای دروستبوونی و گەشەسەندنی، وەرگێڕانی د.عیزەدین مستەفا.بەغدا.١٩٩١.ل١٨ .

( ٦٦ ) لێرەدا مەبەست لە (کەرەسەی بێگانە ) کەرەسەکانی زمانی عەرەبیە و هاتنیان بۆ ناو زمانی کوردی بە گشتی و شێوەزاری گەرمیان بە تایبەتی، چونکە کاتێ باسی ئەو شێوەزارە دەکەین، هاوتەریب و ڕاستەوخۆ نوساوە بە زمانی عەرەبی . ئەگەرنا هەمان شتیش ڕاستە، بەرامبەر کارتێکردنی زمانی تورکی لە باکوری کوردستان و فارسی لە ڕۆژهەڵات، بەڵام لەگەڵ فارسیدا جیاوازیی لەوەدایە کە هاوگرووپین و بەشدارین لە میراتی زمانی مردوی ئێرانی کۆن، یا هیندۆئێرانی.

ڕێگەوە هاتون، کارێکی ئاسان نیە. بەگشتی، ئەمە هەندێ لەو ڕێگایانەن کە وشەی عەرەبی پیادا هاتۆتە ناو زمانی کوردی:

ــ هاموشۆی ئاشتیانە و دۆستانە، وەك هاتنی دەیان وشەی عەرەبی لە مەیدانی ڕۆشنبیری (وەکو شیعر، شاعیر، ئەدەب، کتاب، قەلەم، دەفتەر، مەکتەب، مەتعەم، فندق و....هتد).

ــ یا تێکەڵی زۆرەکی و هێرشی سەربازی و داگیرکردن، وەك هاتنی دەیان وشەی عەرەبی لەم مەیدانەوە (وەکو: عەسکەر، عەریف، نائیبعەریف، ڕەبیە، دەبابە، پۆستاڵ، تەسریح و....هتد).

ــ ڕێگەی ئایینی (هاتنی دەیان وشەی وەکو ئیسلام، حەج، زەکات، کافر، شەیتان، ڕەحمان، غەزەب، لەعنەت/نەعلەت، شەرع، مارەیی، تەڵاق و....هتد).

ــ چەندین ڕێگەی تری کۆمەڵایەتی (وەك: سفور، محجبە، هەمو جنێوە سادەکان)[٦٧] و بازرگانی و ڕامیاری....هتد. هەڵبەتە سەرجەمی ئەم لایەنانەش، بەتایبەتی لایەنە ئایەکیەکانی (الجوانب الايجابية) ڕواڵەتی شارستانیت دەخەنەڕو.

بەم جۆرە دەبینین، هەرچەند ڕێژەی تێکەڵبون لە نێوان دانیشتوانی دو ئاوایی (کۆمەڵگە) زۆرتربێ، ڕێژەی ئاڵوگۆڕی وشە و کەرەسەکانی تری زمان زۆرتر دەبێ. بە پێچەوانەش، هەرچەند ڕێژەی تێکەڵبون لە نێوان دانیشتوانی دو ئاوایی کەمتر بێ، ڕێژەی ئاڵوگۆڕی وشە و کەرەسەکانی تری زمان کەمتر دەبێ. واتە، هاوکێشەی نێوان تێکەڵبون و ئاڵوگۆڕی کەرەسەکانی زمان ڕاستەوانەیە. ئینجا ئەگەر ئەم دو ئاواییە لە یەك زمان بن، (ئەگەر لە شێوەزار یا زاری جیاوازیش بن، گرفت نیە)، ئەوا، تاکو ڕادەی تێکەڵبون پتر بێ، جیاوازیی نێوانیان کەمتر دەبێتەوە و گۆڕان نامێنێ. کەواتە، ڕێژەی تێکەڵبون و ڕێژەی گۆڕان لە نێوان ئاواییەکانی هەمان زماندا هاوکێشەیەکی پێچەوانەییە: تا تێکەڵبون زۆرتر بێ،

---

(٦٧) ئەگەر بە وردی سەیری زمانی کوردی بکەین، هیچ جنێوێکی سادەی (وشەی سادە) تیادا نابینینەوە، بەڵکو زۆربەیان لە زمانی عەرەبییەوە وەرگیراون، ئەمەش پتر بەڵگەی ئەوەیە: ئەم دیاردە نا پەسەندانە لە وڵاتی کوردەواریدا نەبون و دیاردەکە و ناوەکەی لەوانەوە هاتونەتە ناو کورد. کۆمەڵناسە کوردەکان بەڵگەی بەرجەستەییان بۆ ئەم ڕاستیە بە دەستەوەیە کە لێرەدا جێگەی باس نیە. ئەمەش ئەوە ناگەیێنێ کە کورد جنێوی هەر نەبووە، بەڵکو ئەگەر سەرنج بدەین، ئەو زاراوە کوردیانەی بۆ جنێو بەکار دێن، زۆربەیان وشەی لێکدراون. ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە، زاراوەکان خۆکردن و دواتر و درەنگتر لە سادەکان دروستکراون.

گۆڕان کەمتر دەبێ. بەڵام ئەگەر ئەم دو ئاوایییە لە دو زمانی جیاواز بن، ئەوا تاکو ڕادەی تێکەڵبون پتر بێ، جیاوازی نێوانیان کەمتر دەبێتەوە و گۆڕان زۆرتر دەبێ. چونکە هەر یەکەیان بە ئاڕاستەی دوەمیان دەگۆڕێ. کەواتە، ڕێژەی تێکەڵبون و ڕێژەی گۆڕان لە نێوان ئاوایییەکانی دو زماندا هاوکێشەیەکی ڕاستەوانەیە: تا تێکەڵبون زۆرتر بێ، گۆڕانیش زۆرتر دەبێ. بۆیەش دەبینین، ئەگەرچی شێوەزاری گەرمیانی زۆربەی سیما تایبەتیەکانی زاری کوردی ناوەڕاستی پاراستوە، بەڵام لە شێوەزارەکانی تری ناوەڕاست (موکری و سۆرانی و سلێمانی....) پتر گۆڕانی بەسەرداهاتوە. (وەکو لە دواییدا باسی هەندێ لە گۆڕانکاریەکان دەکرێ).

بەگشتی چەند فاکتەرێکیش هەن، کار لە هۆی دەرەکی دەکەن. واتە، ڕادەی ئەم تێکەڵبونە سنوردار دەکەن و ڕێژەی زۆربونی کەرەسەی عەرەبی لە ناو زمانی کوردی مەرجدار و پابەند دەکەن، کە ئەمانەن:

**١ـ هۆی ڕامیاری:**

لە ڕاستیدا هۆی ڕامیاری (فاکتەری سیاسی) کاریگەریەکی زۆری هەبوە لە سەر ڕادەی تێکەڵنەبونی ناوچەکانی کوردستان و ئەمەش بوەتە هۆی لێکدابڕان و پتر زەقکردنەوەی زار و شێوەزارە کوردیەکان. دەتوانین، ئەم هۆیە بکەین بە دو بەش:

**أ ـ ڕامیاری دەرەوە:** ئەویش پتر لەو سنورە ڕامیاریانە خۆی دەنوێنێ کە لە دوای دابەشکردنی کوردستان بەسەر وڵاتانی هاوسنوری کوردستاندا، وڵاتی کوردەواری و زمانی کوردی لێکدابڕی و پتر بەش بەشی کرد. ئەمەش دو زیانی گەورەی لە زمانی کوردی دا:

**یەکەم:** بە هۆی لێکدابڕانی پارچەکانی کوردستان، ڕادەی تێکەڵی لە نێوان پارچەکان کەمکردەوە، بەمەش پەیتا پەیتا جیاوازی دەکەوێتە نێوان پارچەکان و ئەگەر بەردەوام بێ، شێوەزارێك دەبێتە دو شێوەزار و زارێك دەبێتە دو زار.....

**دوەم:** لە بەر ئەوەی ئەو وڵاتانەی کوردیان بە سەردا دابەشکراوە، هەریەکە بە زمانێکی جیاواز قسە دەکا (ڕوسی، تورکی، فارسی، عەرەبی) و هەر پارچەیەك ڕوەو زمانی فەرمانڕەواکەی دەگۆڕێ، لە ئە نجامدا ئاخاوتنی پارچەکانی کوردستان پتر لێکدادەبڕێن. جگە لەمەش، هەوڵی هەریەك لەم کەلە دەسەڵاتدارانە بۆ تواندنەوە و جینۆسایدی کورد بە ڕێژەی جیاواز و هەوڵی تواندنەوەی زمانی کوردی بە پیلانی جۆراوجۆر، وەك (ڕێککەوتنی نێوانیان بۆ ڕاگواستنی ٣٠کم سنورەکان و دروستکردنی پشتێنەی ئاسایش - حزام أمنی، و ڕامیاری بە تورك و فارس و عەرەبکردن و گۆڕینی ڕەگەزنامە و....هتد)، ئەمانە هەموی کاری

لە گۆڕانی زمانی کوردی بەگشتی و ناوچە لێککەوتەکان ( مناطق التماس ) بەتایبەتی، وەك شێوەزاری گەرمیانی و زاری کوردی خوارو ( لوڕی ) کردوە.

**ب ـ ڕامیاری ناوەوە:** ڕامیاری ناوەوەش، چ لە کۆندا و چ لە ئێستادا، سودی بۆ لایەنی یەکگرتنەوەی زمان نەبوە. هەر لە کۆندا میرنشینە کوردیەکان بیریان لە یەکخستنی زمان نەکردوەتەوە و هەر میرنشینەی زاری ناوچەکەی خۆی پەرە پێداوە و کردویەتی بە زمانی ئەدەبی وڵات، ئەمەش زارەکانی پتر زەفکردوەتەوە و لە یەکتری ترازاندون. ڕامیاری ئێستا و هاوچەرخیش بەگشتی، بیری لە یەکخستنەوەی زمانی کوردی نەکردوەتەوە و بە پێچەوانەوە، دەرچونی گۆڤار و ڕۆژنامەکان بە زاری جیا جیا و بونی بەرنامەکانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن بە زاری جیا جیا و هەوڵدانی هەر زارێك بۆ بەکارنەهێنانی وشە و زاراوەکانی زارەکانی تر و سەرباری ئەمەش، تەنیا گرنگی دان بە زاری ژورو و ناوەڕاست و تا ڕادەیەکی زۆر فەرامۆشکردنی زارەکانی تری وەك خوارو و ڕۆژهەڵات. دیسان هەوڵدانی هەرلایەنێك بۆ بەکارنەهێنانی زاراوەکانی لایەنەکانی تر و دروستکردنی وشەی سرك و نارێك، وەك: قوتابی و خوێندکار و فێرخواز، ژن و ئافرەت و خوشك....... بۆ هەمان واتا.

**٢ـ هۆی دەرونی:**

( هۆیە کۆمەڵایەتی و دەرونیەکان کە لە جیاوازیەکانی سیستەمی کۆمەڵایەتی و داب و نەریت و ڕادەی ڕۆشنبیری و لایەنەکانی بیرکردنەوە و ویژدان.... هتد خۆیان دەنوێنن. هەڵبەتە جیاوازیش لەم بابەتانە لە ئامرازی دەربڕین دەنگ دەداتەوە )٦٨. مەبەست لە هۆی دەرونی، ئەو کاردانەوە دەرونیەیە کە لای هەڵگرانی زمانێك ( نەتەوەیەك ) دروستدەبێ، ئە نجامی ڕوداوەکانی ڕۆژگار، چ ئایەکی ( ایجابی ) بن، چ نایەکی ( سلبی ). چونکە ئەگەر لە ڕوی دەرونیەوە سەیری زمان بکەین، ( ڕستە: بریتیە لەو کاردانەوەیەی لای گوێگر دروستدەبێ )٦٩. کەواتە، ئەگەر دەرونمان بەرامبەر شێوەزارێك، زارێك یا زمانێك ئاسودە بێ، تێکەڵی دەبینەوە و لە بەکارهێنانی سل ناکەینەوە. بەڵام بە پێچەوانە ئەگەر لەبەر هەر هۆیەکی مێژویی، ڕامیاری، کۆمەڵایەتی یا ئایینی.... هەڵوێست لە نەتەوەیەك وەرگرین و ڕقمان لێی ببێتەوە، ئەوا حەز لە زمانەکەشی ناکەین و ئارەزو دەکەین کەرەسەکانی زمانەکەیان لە ناو زمانی خۆمان بەکارنەهێنین و ئەوەی بەکاریشمان هێناوە،

---

( ٦٨ ) الدكتور علي عبدالواحد الوافي ، فقه اللغة ، القاهرة ، ١٩٧٢ ، ص١٣٣ .

( ٦٩ ) J . Lyons , New Horizons In Linguistics , Penguin , ١٩٧٠ , P ١٣ .

پاكسازی بكەین و وشەی خۆماڵی یان وشەكانی زمانێكی دۆست یا خزمیان لە جێگا دادەنـێین. لە لایێكی تریش هەوڵدەدەین، زمانەكەمان بەرامبەر ئەو زمانـە پتەوبكـەین و زمانەكـەمان دەپارێزین لە تێكەڵبون لەگەڵی و نزیكبونەوە لێی. ئاراستەی گـۆڕان لەگەڵیـدا پێچـەوانە دەكەینەوە. هەروەك ململانێی زمانی كوردی و عەرەبی. هەروەك ( فندریس ) دەڵـێ: ( لـە پـاڵ فاكتەرەكانی ئابوری و رامیاری، فاكتەری سۆزداری ( عـاطفي )ش هەیە كـە كاریگـەریی خـۆی هەیە لەسەر پاراستن و هێشتنەوەی زۆر لە زمانەكان. ئەمەش فاكتەرێكی شكۆداریە و بە زۆری لە بەهای كەسایەتی زمانەكە هەڵقوڵاوە )[٧٠]. ئەگەر بەراوردێكی گۆڤار و رۆژنامـەكانی كـۆن بكەین لەگەڵ ئێستا، دەبینین: كۆنەكان پڕن لە وشە و زاراوەی عەرەبی، بەڵام ئێستا رێـژەی وشە عەرەبییەكان زۆر كەمبۆتەوە و بەردەوام بەرەو كەمبونەوە دەچێ. ئەگەر ئامارێكی ورد بـۆ كرداری كەمبونەوەی رێژەی وشە عەرەبییەكان لە ناو زمانی كوردی بكەین، بۆمـان دەرەكـەوێ، لە سەرەتادا، دوای ئەوەی كوردستان كەوتە ژێر ئاڵای ئیسلام و بـەهۆی بـیری ئـاینی، بـیری نەتەوایەتی لە ئارادا نەبو، ئەوكاتە دەسەڵاتدارانی عەرەب رەگەزپەرستییان كەمتر نواندوە و كەمتر ستەمیان لە كورد كردوە، كوردیش رێزی گرتون و نەك هەر وشـە و زاراوەی لـێ قـەرز كردون، بگرە زۆربەی زانا كوردەكانیش بە عەرەبییان نوسیوە و تەنانەت گرنگییان بە زمـانی خۆیان نەداوە. بەڵام دوای سەرهەڵدانی بیری نەتەوایـەتی و سـەرهەڵدانی رەگەزپەرسـتیی عەرەبی، كوردیش كاردانەوەی لا دروستبوە و ئەم كاردانەوە دەرونییەش لـە ناوچـەیەكەوە بـۆ ناوچەیەكی تر دەگۆڕێ. ئەو ناوچانەی نەكەوتنە ژێر دەسەڵاتی عەرەب، كاردانەوەكەیان تا رادەیـەك كـەمتر بـو، هـەروەها ئـەو ناوچـانەی هاوسـنور بـون و لێككـەوتنی ( تمـاس ) راستەوخۆیان لەگەڵ دەسەڵاتی عەرەب هەبو، كاردانەوەكەیان پـتر بـو. ئەمـەش بـوە هـۆی مانەوەی زمانەكەیان بەگشتی و زار و شێوەزارەكانیان بەتاییەتی. یەكێ لە نمونە بەرزەكانی ئەو شێوەزارە پتەو و خۆڕاگرانە، شێوەزاری گەرمیانیە، كە سەرباری ئەو هەمو جەور و ستەمی بەردەوام و هەوڵی سڕینەوە و پاكتاوكردنی ئەو شێوەزارە بە هەمو شێوازێكی تواندنـەوە: بـە عەرەبكردن و راگواسـتن و خـاپوركردن و...... هتـد، سـەرباری نـەبونی پارێزگاریكـەرێكی

---

( ٧٠ ) فندريس ، اللغة ، ترجمة عبدالحميد الدواخلي و د. محمد القصاص، القاهرة ، ١٩٥٠ ، ص٣٥٠ .

ڕاستەوخۆ و مانەوەیان بە بێکەسی لە ژێر دەسەڵاتی دوژمن، بەڵام بە پێچەوانە زمانەکەیان لە بری لە ناوچون پتر پەرەیسەندوە٧١.

**٣ـ هۆی جوگرافی:**

(هەندێکیان ئەم پەرەسەندنی زمانە، دەگێڕنەوە بۆ جیاوازیی بارودۆخی جوگرافی و ئاوهەوای ئەو کۆمەڵانە و بەم پێیە زنجیرەیەك ڕوداو ڕیز دەکەن، کە گەلە جیاوازەکان دوچاری بونە، لە پەرەسەندنی مێژوییان. بۆ لێکدانەوەی ئەم پەرەسەندنەش چەندین ڕێباز دەگرنە بەر. بەڵام ئەم لێکدانەوە جیاوازانە، هەرچەند ڕێك بن، لە توانج دەربازیان نابێ، چونکە ڕەسەنایەتی و سەرا پایی پتریان پێویستە، تاکو بکرێن بە بیردۆزەی چەسپاو)٧٢.

زۆربەی زمانەوانەکان لەو باوەڕەدان کە (- هۆیە جوگرافیەکان، کە لە جیاوازییەکانی ئاوهەوا و سروشتی وڵاتەکە و شێوە و ژینگە و کەوتگەی ناوچەکە و.... هتد خۆیان دەنوێنن، هەروەها لە ڕوی دابڕانی ناوچەکان لە یەکتر بە هۆی چیاکان و ڕوبارەکان و دەریاچەکان....

---

(٧١) لەم بارەیەوە (فریاد معروف) وتارێکی لە لاپەڕە (٦)ی ڕۆژنامەی (حەمرین)ی ژمارە (١٦)ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٠ لە ژێر ناوی (لە بەرامبەر درێژەدان بە پرۆسەی بە عەرەب کردن و ڕاگواستنی خەڵکی ناوچەکانی کەرکوك و گەرمیان) نوسیوە و لە بەشێکی دەڵێ: (حکوومەتە مەرکەزییەکانی عیراق سیاسەتی دژ بە ئامانجەکانی خەڵکی کوردستان بە گشتی و ناوچەی کەرکوك و گەرمیان بە تایبەتی پیادەکردووە و دەکات .... ئێستاش بە پێی بەرنامەیەکی نەخشە بۆ داڕێژراو درێژە بە سیاسەتی ناڕەوای خۆی دەدات لە بە عەرەب کردن و ڕاگواستنی هاووڵاتیانی کوردی سنوورییەکەی ناوچەی گەرمیان .... هەڵبەت شێواندنی واقیعی نەتەوایەتی و جوگرافی سنووری کەرکوك و دەوروبەری چەندین شێوە و شێوازی بە خۆوە گرتووەو هەر جارەی بە بیانوویەکی پوچەڵەوە خەڵك لە سەر زێدی باو و باپیرانیان دەردەکەن و دەست بە سەر زەوی و زار وماڵ و موڵکیاندا دەگرن و دەربەدەر و ئاوارەی باشوری عێراق و سنوری ئیدارەی حکومەتی کوردستانیان دەکەن و بە کۆمەڵ (عەرەب) لە شوێنەکانیانی دیکەی باشوور و ناوەڕاستی عێراقەوە دەهێنن و لەو ناوچە کوردنشینانەدا نیشتەجێیان دەکەن....... هاوکات لەم چەند ڕۆژەی دواییشدا زیاتر لە ((٨٠)) گوندی کوردنشینی لە دەڤەری گەرمیان و سنوری یەکەی ئیداری پارێزگای کەرکوك بە مەبەستی ڕاگواستن و وەرگرتنی پارەی زەوی و زار و موڵکەکانیان ئاگادار کراونەتەوە کە بە زووترین کات سەر لە کارگێڕی خۆجێیەتی پارێزگای کەرکوك بدەن ........).

(٧٢) الدکتور ابراهیم السامرائي، مباحث لغویة، النجف، ١٩٧١، ص١٤٨.

هتد. شارراوه نیه كه ئەم جیاوازی و بەربەسته شروشتیانه – زو یا درەنگ – دەبنه هۆی جیاوازی و دابڕانی زمانەكان )٧٣. بەڵام له ڕاستیدا هیچ پەیوەندییەكی ژیربێژی له نێوان جوگرافیا و زماندا نیه. ئەگەر هیچ پەیوەندییەكی لەو بابەته هەبوایه، دەبوایه خەڵكی هەمو چیاكانی جیهان كه هەمان ئاوهەوایان هەبێ، وەكو یەك و به هەمان زمان بدوێن، به هەمان شێوەش خەڵكی بانەكان و دەشتەكان و....هتد. بەڵام پەیوەندیی جوگرافیا به زمانەوە ئەوەیه كه دیارده جوگرافیەكان كار له ڕادەی تێكەڵبونی ئاواییەكان دەكەن و ڕێژەی گۆڕانیان سنوردار دەكەن. بۆیه لێرەدا مەبەست له هۆی جوگرافی، تەنیا تەك یەكی كەوتگەی جوگرافی٧٤ و هاوسێیەتی زمانی كوردی و عەرەبی نیه، بەڵكو جگه لەمە، پتر مەبەستمان تۆبۆگرافیای كوردستان و كاریگەریی بەرزی و نزمی و سەختی و ئاسانی ئەو خاكەیە، سەرباری جۆراوجۆری ئاوهەوا٧٥ له سەر ڕادەی تێكەڵبون و گۆڕانی زمانی كوردی بەگشتی و دەرخستنی ڕێژەی گۆڕان به پێی ڕێژەی سەختی ژینگەكەی. چونكه ڕاستیەكی بەڵگه نەویسته، تاكو ڕێژەی سەختیی خاك زۆرتر بێ، ڕێژەی تێكەڵبون و هاتوچۆ كەمتر دەبێ، تاكو هاتوچۆش كەمتر بێ، ڕێژەی گۆڕان كەمتر دەبێ. ئەمەش وایكردوە، ناوچه شاخاویه سەختەكان پتر پاراویی زمانی خۆیان بپارێزن و كەمتر بگۆڕێن، به پێچەوانەش ناوچه دەشتاییه ساناكان پتر تێكەڵاو ببن و كەمتر پاراویی زمانی خۆیان بپارێزن. بەم پێیه ئەگەر سەیری نەخشەی كوردستان ژماره (٥) بكەین، دەبینین: تاكو بەرەو باكوری كوردستان بچین، ڕادەی سەختیی سروشتی جوگرافی له هەمو بارێكەوە: بەرزونزمی (تۆبۆگرافی)، ئاوهەوا، چەم و ڕوبار... سەختتر و توندتر دەبێ و به پێچەوانەش تا بەرەو باشوری كوردستان بچین سەختیی باری جوگرافی كەمتر و ئاسانتر دەبێ. بۆیه دەبینین، تا له باشور بەرەو باكور بچین، توانای هاتوچۆ كەمتر دەبێتەوە و ڕادەی تێكەڵبون و گۆڕانی زمانیش كەمتر دەبێتەوە. هەڵبەته، تا ناوچەكه شاخاوی تر و سەختتر بێ، گۆڕانی زمان لەو ناوچەیه كەمتر ڕویداوه و پتر زمانەكه به پاك و پاراوی ماوەتەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ، ڕادەی پاراویی زمان لەگەڵ سەختیی باری جەگرافی هاوڕێژەیه و هاوكێشەكەیان ڕاستەوانەیه: تا باری جوگرافی ناوچەكان سەختتر بێ، ڕادەی پاراویی زمانەكەیان زۆرتره و به پێچەوانەش تا باری جوگرافی ناوچەكان ئاسانتر بێ، پاراویی زمانیان كەمتره و ڕادەی تێكەڵبونیان زۆرتره.

---

(٧٣) الدكتور علي عبدالواحد الوافي، فقه اللغة، القاهرة، ١٩٧٢.

(٧٤) Leonard Bloomfild , LANGUAGE , LONDON , ١٩٦٩ , P ٣٢١- ٣٤٥ .

(٧٥) فوآد حمه خورشيد، اللغة الكردية التوزيع الجغرافي للهجاتها، بغداد، ١٩٨٣، ص٢٧.

چونکە ئاسانی هاتوچۆ و زۆری تێکەڵبون، دەبنە هۆی ئەوەی زوتر شارستانیەت ( بـە هـەمو وشە و زاراوە و بیرۆکەکانیەوە ) بگاتە ناوچە ئاسـانەکان پـێش ئەسـتەمەکان و بـەم جـۆرە گۆڕانی زمان، لەو ناوچە ئاسانانە زوتر و خێراتر و فراوانتر دەبێ.



نەخشـەی ژمارە (5)

کەواتە، ڕادەی شارستانیەتی و ڕادەی گۆڕانی زمان ڕاستەوانەن، چونکە ( بێگومان بـە پێی پێویستیەکانی شارستانیەتە نوێیەکان وشەی نوێش پەیدا بون )٧٦، بەڵام هاوکێشـەی شارستانیەت و پاراویی زمان پێچەوانەن. چـونکە هـیچ شارسـتانیەتیێك بـەبێ وەرگـرتنی بیروڕای شارستانیەتیەکانی تر بنیات نانرێ و بیروڕاش بە بێ زمان و زاراوەکانی وەرناگیرێ. کەواتە، هیچ شارستانیەتییێکی پاراو و بێگەرد نیە و بەم پێیەش زمانی پاراو و بێگەرد نیە، چونکە ( زمانیش، هـەر زمانێـك بێـت، بەشـێکە لـە شارسـتانێتی ئـەو میللەتـەو، لـێ ی جیاناکرێتەوە. بگرە وەکو شارستانێتیش وایە، بە پێی کەڵەکەبونی بەری هەمو دەستکەوتن و سەرکەوتنێکی مەزن، کە ئەو میللەتە بە تاقیکردنەوەیەکی دورودرێژ دەزگیری کـردوە، نـەك هەر کار لە شارستانێتی ی ئەو میللەتە دەکات، بگرە تینی بۆ زمانەکەشی دێت و جۆرە گۆڕران و پێشکەوتن و پەرەسەندنێکی بۆ ساز دەدات..... زمان بە درێژایی تەمـەنی چـاخ بـە چـاخ گـۆڕرانی بــە ســەردا دێــت و، بــە گــوێرەی هەلومــەرجی جوگرافیــایی ناوچــەکانی، ناونیشانەکانیشی جۆراوجۆر دەکەن. واتا ئەم جۆرە زمانـە لـە پێشـکەوتندایە )٧٧. ئینجـا ئەگەر هۆی شارستانی بە هەمو لایەنەکانیەوە فاکتەری زۆربونی زاراوە و گۆڕینی زمـان بـێ،

( ٧٦ ) دکتور محمود فهمي حجازي ، علم اللغة العربية ، الكويت ، ١٩٧٣ ،ص ٣٠٢ .

( ٧٧ ) فوئـــاد حەمـــە خورشـــید، زمانی کـــوردی - دابەشـــبوونی جوگرافیـــایی دیالێکتەکانی، وەرگێڕانی حەمەکەریمی هەورامی، بەغدا، ١٩٨٥، ل٨٥

ئـەوا هۆیـە جوگرافیـەکان بەربەسـتێکن لـە ڕێگـەی زو و درەنگـی هاتنـە نـاوەوەی ڕادەی شارستانیەت، بەتـاییەتی لە کۆمەڵگای کوردەواریدا، چونکە بە زۆری ئێمـە شارسـتانیە تمان وەرگرتوە و کەمتر بنیا تمان ناوە.

**دومم - هۆی ناوەکی:**

هۆیە ناوەکیەکان، ئەو فاکتەرانە دەگرێتەوە، کە لە ناوەوە دەبنە هۆی گۆڕینی زمان. واتە، پەیوەندییان بە خودی زمانەوە هەیە و کارتێکەرەکانی دەرەوە، ڕۆل لە ڕێژەی کاریگەرییان نابینن. بەگشتی، هۆیە ناوەکیەکان لە دو فاکتەر کۆدەبنەوە: کات و وزە.

مەبەست لە کات، ماوەی خایاندنی زنجیرە دەنگەکانە، بۆ گەیاندنی واتاکان. مەبەستیش لە وزە، ئەرك و ماندوبونی قسەکەرە، تاکو دەنگەکان دروستدەکا و واتاکانی لێ باردەکا، هەروەها ماندوبونی گوێگریشە، تاکو دەنگەکان شیدەکاتەوە و واتاکانیان لێ دادەگرێ. لە سەر ئەم بنچینەیەش ڕێسایەك دێتە ئارا: هەرچەند واتای زۆرتر لە سەر زنجیرە دەنگی کورتتر بار بکرێ، قسەکەر قازانج دەکا و وزە و کاتی بۆ دەگەڕێتەوە.

هەڵبەتە ئێمە زنجیرە دەنگەکان بەکار دێنین، بۆ گواستنەوەی ئەو واتایانەی (بیرۆکانەی) لە مێشکماندا هەن[٧٨] بۆ مێشکی بەرامبەرەکەمان (گوێگر). مرۆڤ هەر لە سەرەتاوە پێویستی بەوە بوە کە ئەو بیرۆکانەی لە ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی ژیانی ڕۆژانەی فێریان بوە و ئەو بەهرانەی بە درێژایی تەمەن فێریان بوە، بیگەیێنێتە منداڵەکانی خۆی، بۆ ئەوەی منداڵەکەی توشی ئەو هەڵانە نەبێتەوە کە خۆی پێیاندا تێپەڕیوە و لە سەر زەمینەی سەرکەوتنەکانی خۆی، بناغە بۆ سەرکەوتنی زۆرتری منداڵەکانی دابنێ. بەم جۆرە نەوەی دوەمیش بەهرەکانی تەمەنی خۆی و ئەو بەهرانەی لە نەوەی یەکەم فێری ببو، دەیداتە نەوەی سێیەم و ئیتر نەوە دوای نەوە و پشتاوپشت بەهرەکان

---

(٧٨) ئێمە چۆن بۆ گواستنەوەی ماڵەکەمان لە خانوێکەوە بۆ خانوێکی تر، پێویستیمان بـە پیکابێکە، ئاواش بۆ گواستنەوەی واتا لە مێشکێکەوە بۆ مێشـکێکی تـر، پێویسـتیمان بـە زنجیرەی دەنگە، تاکو واتاکانمان بۆ هەڵگرن و بیگوازنەوە.

بەردەوام کەلەکەیان کردوە و زۆرتر بون و هاتنە خوارەوە، تاکو گەیشتە ئەم ڕادەی پێشکەوتنەی ئەمڕۆ. گومانیش لەوەدا نیە کە ئەم هەمو زانیاریانە، بە هۆی زمانەوە، لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر گوازراونەتەوە. (ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤ لە بنەڕەتدا لە سەر بنچینەی زانیاری هاوبەش - شارستانیەتی Culture - دامەزراوە و زمان ئامێری سەرەکیە بۆ گونجاندنی ئەو هاوبەشی زانیاریە. بە هۆی زمانەوە دەتوانرێ، لە مێشکی یەکتردا فۆتۆکۆپی بیرۆکەکان بکرێ، قسەی ئاڕاستەکراو Guided Imitation هەروەك ئەوەی لە میانی بەکارهێنانی زمان پیادە دەکرێ، بەو ئامرازە دادەنرێ کە شارستانیەتی دروستدەکا و ئەو هۆیەیە کە شارستانیەتی لە کەسێکەوە دەگەیێنێتە کەسێکی تر و لە نەوەیەکەوە دەیگوازێتەوە بۆ نەوەی دواتر )٧٩. نکوڵی لەوە ناکرێ، بیر و زمان یارمەتیدەر و هاوشانی یەکتر بون بۆ پێشکەوتن، چونکە (زمان دەفری بیرە، دەیپارێزێ و دەریدەبڕێ و بە پەرەسەندنی، پەرەدار دەبێ، لە خستنەڕوی پەیوەندیی پتەوی نێوان بیر و زمان دەبینین، کاتێ بیر گەشەدەکا و پەرەدەسێنێ، ئەوا پەرەش بە زمان دەدا و گەشەی پێ دەکا، تاکو شیاوی دەربڕینی ئەو بیرە بەرزەفڕە بێ.. بیر، ئەو نهێنیە مرۆڤایەتیە پێشکەوتوەیە کە هەمیشە چاوی بڕیوەتە بێخەوشی. ئەم بیرە لەو کاروانەیدا پێویستی بە زمانێکە پەیامەکەی بگەیێنێ. کەواتە، دەبێ، ئەم زمانەش ڕو لە بەرزی و پێشکەوتن بێ، بەڕادەیەك بتوانێ، لەگەڵ پەیامی بیر یەکانگیر بێ. قسەکردنیش دیاردەیەکە، پابەندی بیرە. نمونەش زۆرە، لەو واژانەی بە پێی پەرەسەندنی بیر گەشەیان کردوە و پێشکەوتون )٨٠. کەواتە، ئەگەر مرۆڤی سەرەتایی چەند بیرۆکەیەکی سادە و ساکاری لا بوبێ دەربارەی ڕاوشکار و ئاژەڵداری و کشتوکاڵ... ئەوا پێویستی بە چەند زنجیرە دەنگێکی کورت و سادە و ساکاریش بوە بۆ دەربڕینیان، ئەمەش بە کاتێکی کەم و وزەیەکی کەم

---

(٧٩) بروفسور.روي.سي.هجمان، اللغة والحياة والطبيعة البشرية، ترجمة دكتور داود حامي أحمد السيد، الكويت، ١٩٨٩، ص١٧٧.

(٨٠) الدكتور حاتم صالح الضامن، علم اللغة، بغداد، ١٩٨٩، ص١٤٥.

ئه نجام دەدرێ. بەلام بە تێپەڕبونی ڕۆژگار و زۆربون و فراوان بونی بەهرەکان، بیرۆکەکانیش زۆرتر و فراوانتر بون و پێویستییان بە زنجیرە دەنگی درێژتر و هەلگری واتای زۆرتر بون، هەلبەتە ئەمەش وزە و کاتی زۆرتری دەوێ. چونکە (گۆڕانی ڕێبازی ژیان، دەبێتە هۆی پەیدابونی بیرۆکە و بۆچونی نوێ، بیرۆکە و کەرەسە نوێیەکانیش زاراوەی نوێ و شێوەی نوێی ئاخاوتن دروست دەکەن )٨١.

لەمەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ، هەرچەند ڕۆژگار تێبپەڕێ، ژیانی کۆمەلگای مرۆڤایەتی بەرەو پێش دەچێ و بیر و زمانیش هاوشانن و پەرەدەسێنن. چونکە ( لە نێوان هەر زمانێك و شێوەی بیرکردنەوەی ئەو کۆمەلە، کە پێی دەدوێت، پێوەندییێکی بەهێز هەیە و بەم جۆرەش ئەو ڕێکبونە زمانەوانی یە پێوەندی بە بینای بیر و دیاردەکانی، هەروەها لەگەل فەلسەفەی ژیانی ئەو کۆمەلەدا هەیە، وە ئەو زمانە دەبێتە ئاوێنەی پلەی شارستانیەتی و کولتوری کۆمەلەکە و هەستی لە سەردەمێکی تایبەتی دا دەردەبڕێت، لە بەر ئەمەیشە جیاوازی یەك لە پلەکانی کۆچەرایەتی و نیشتەجێ یی ( پلەی کشتوکال ) و پلەی پیشەسازی بلنددا لە هەمان زماندا بەدی دەکرێت، ئەمیش لە بەر هۆی بەجێ هێنانی پێویستیەکانی ئەو شێوە ژیانانەن، وە بە پێ ی وشەو ڕستە تۆمارکراوەکان دەتوانین لە شێوەی بیرکردنەوەی کۆمەلە کۆنەکانی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست تێ بگەین و پلەی بینای ئابوری و کۆمەلایەتیان بزانین. لە مێژوی کورددا وەکو مێژوی هەر میللەتێك ئەم دیاردانە روی داوەو بەهەمان پلانەشدا تێ پەڕیون و زمانی کوردیش بە پێ ی ئەو دیاردانە هەمیشە لە گۆڕین دا بوە )٨٢. ئینجا دوای ئەو هەمو پێشکەوتنە شارستانیەتەی لە هەمو بوارەکانی ژیان هاتۆتە ئارا، تۆ بلێی، ژمارەی بیرۆکەکان گەیشتبێتە چەند؟ و هەر بیرۆکەیەکیش بە چەند وشە دەربڕێ؟. ڕۆژێ لە ڕۆژان

---

(٨١) HENRY CECIL WYLD , THE GROWTH OF ENGLISH , LONDON ., ١٩٤٢ , P ١١١ .

(٨٢) د. جمال رشيد أحمد ، لێ کۆلینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی مێژووی ولاتی کوردەواری ، بەغدا ، ١٩٩٨ ، ل ٦.

ئەگەر فەلسەفە زانستی تاقانە بوبێ! ئێستا دەبێ، چەند هەزار زانست و لق و پۆپی لێ بوبێتەوە ؟ بۆ نمونە، وردتر سەیری نەخشەی ژمارە (٢) بکە کە بە هێڵکاری هەندێ لقەکانی زمانەوانی و پەیوەندیی نێوان زمانەوانی و هەندێ لە زانستەکانی تر پیشاندەدا٨٣. بێ گومان نکوڵی لەوە ناکرێ کە سەرباری ئەو لێشاوە بەردەوامەی پەیدابونی وشە، هەندێ وشەش لەناودەچێ، چونکە (واژەکان –الألفاظ– وەکو گیانلەبەرەکان، ڕەنگە هەندێکیان لە ناو بچن و هەندێکیان بمێنن و بە پێی بەکارهێنانیان لە ساتە جیاوازەکان بارگەی واتاییان لە بەهێزی بۆ بێهێزی، یا بە پێچەوانە بگۆڕێ)٨٤. هەروەها (پەرەسەندنی واتایی لە زماندا ئەوە دەگرێتەوە، کە هەندێ وشە پەیدادەبن کە لە پێشتردا نەبون و هەندێ وشەش جێگۆڕکێ دەکەن کە پێشتر بەکاردەهاتن، یا بە یەکجاری لە ناو دەچن)٨٥. بەڵام ژمارەی ئەو وشانەی لەناودەچن، زۆر کەمترە بەرامبەر ئەو لێشاوی وشانەی کە بەردەوام پەیدادەبن، چونکە ئەگەرچی (ژمارەی وشەکانی هەر زمانێ هەمیشە لە گۆڕاندایە. هەر ڕۆژەی دەیەها وشەی تازەی دێتە ناو و دەیەهای لێ لە بەکارهێنان دەکەوێ)٨٦، بەڵام (لە زۆربەی زمانەکاندا، وشە کەرەسەیەکی زیندوە کە ڕۆژگار کاری تێ دەکا و پەرەی پێ دەدا و دەیگۆڕێ و تایبەتمەندیی واتایی نوێ پەیدا دەکا و کەم یا زۆر بەکاربردن لە بنچینەکەی دوری دەخاتەوە)٨٧. کەواتە، ئێستا ژمارەی وشە و بیرۆکەکان بێپایانە و مرۆڤیش وەکو جاران پێویستی بەوەیە، ئەو هەمو زانیاریانەی فێری بوە، بیگەیێنێتە نەوەی نوێ. ئایا بۆ گەیاندنی ئەو

---

(٨٣) د.نبيل علي، نحو نظرة أشمل للغة،العدد السابع والثامن عشر من سلسلة كتاب قضايا فكرية، القاهرة، مايو١٩٧٧، ص٣١٤.

(٨٤) حسن عون ، دراسات في اللغة والنحو العربي ، معهد البحوث والدراسات العربية ، ١٩٦٩ ، ص١٨ .

(٨٥) الدكتور علي عبدالواحد الوافي ، فقه اللغة ، القاهرة ، ١٩٧٢ ، ص٣٢٥ .

(٨٦) د.وريا عمر امين ، چەن ووشە لە زمانا هەیە ؟ ، ڕۆژنامەی العراق ، چوارشەممە ، ١٩٨٤/٣/١٤ .

(٨٧) الدكتور ابراهيم السامرائي ، مباحث لغوية ، النجف ، ١٩٧١ ، ص١٤٩ .

زانیاریانە چەند کاتی پێویستە؟ ئایا مرۆڤی هاوچەرخ بۆ گواستنەوەی زانیاریەکانی بۆ نەوەی دوای خۆی هەمان کاتی مرۆڤی سەرەتایی پێویستە؟. هەڵبەتە، چۆن بیرۆکە و وشەکان هەزاران جار بونەتەوە، بە هەمان شێوەش، کاتی پێویستیش بۆ ئەم کردارە هەزاران جار دەبێتەوە. بەڵام ئەگەر سەرنجێکی ورد لە کات بدەین، دەبینین: کاتی ڕەخساو نەگۆڕاوە. واتە، مرۆڤی هاوچەرخیش هەمان کاتی بە دەستە کە مرۆڤی سەرەتایی بۆی ڕەخسا بو. مەبەستمان، هەمان شەو و ڕۆژەکەیە و هەمان ( ٢٤ ) کاتژمێرەکەیە. بۆیە ئەگەر مرۆڤی سەرەتایی کاتی زیادی هەبوبێ، ئەوا مرۆڤی هاوچەرخ بە هیچ شێوەیەك کاتی بەش ناکا، ئەگەر بەردەوامیش قسە بکا. بۆیە ناچارە، خێراتر قسە بکا، تاکو سەرجەم مەبەستەکانی بگەیێنێ. بەڵام خێرایی قسەکردنیش پێویستی بە وزە و توانایە و وزە و توانای مرۆڤیش چ لە قسەکردن و چ لە بیستن سنوردارە. چونکە ئاخاوتن و بیستن، دو کرداری پێچەوانەن و پێویستییان بە چەند هەنگاوێکی گشتی هەیە، کە ئەمانەن٨٨:

| هەنگاوەکانی کرداری ئاخاوتن | هەنگاوەکانی کرداری بیستن |
| --- | --- |
| ١ـ بیرۆکە دەکاتە وێنە. | ١ـ هێما دەنگیەکان دەکاتەوە وێنە. |
| ٢ـ وێنەکان دەکاتە هێمای دەنگی. | ٢ـ وێنەکان دەکاتەوە بیرۆکە. |

ئەوەی شایانی باسە، هەمو وشەیەك لە مێشکی مرۆڤدا پێکدێ لە وێنەیەك و هێمایەکی دەنگی کە پەیوەندییکی هۆشەکی توند دەیانبەستێتەوە٨٩. ئینجا ئەگەر نەتوانرێ، کات درێژتر بکرێتەوە ( چ کاتی تەمەن و چ کاتی شەو و ڕۆژ) و نەشتوانرێ، لەمە خێراتر قسەبکرێ و ببیسرێ، کەواتە، مرۆڤ ناچارە و نابەدەست ( لا ارادی ) زمانی بگۆڕێ و کورتبێتەوە، تاکو فریای گەیاندنی ئەو هەمو

( ٨٨ ) فردینان دي سوسور ، علم اللغة العام ، ترجمة الدكتور يوئيل يوسف عزيز ، موصل ، ١٩٨٨ ، ص٣٠ .

( ٨٩ ) ستيفن أولمان ، دور الكلمة في اللغة ، ترجمة دكتور كمال محمد بشير ، مكتبة الشباب ، ١٩٧٣ ، ص ٦٢ .

پێشکەوتنە بکەوێ کە لە هەمو بورێکدا ڕویداوە و لە مێشکدا ڕەنگرێژ بوە و بە زمان دەردەبڕرێ. ( کورت کردنەوەش لە کوردیدا دەستورە، هەر مامڵەتێکیش بەر دەستور کەوت پەسندە )٩٠. کورتبونەوەی زمان واتە، گەیاندنی واتای زۆر بە زنجیرە دەنگی کورت. ئەمەش لە کورتبونەوەی وشە و ڕستەکان خۆی دەنوێنێ. لە زمانی کوردیدا کورتبونەوە و گۆڕانی زمان زۆر بە زەقی هەستی پێ دەکرێ، بەتایبەتی چونکە زمانی کوردی لە مێژ نیە، دەستی بە نوسین کردوە و زمانێکی ستاندەری سەرا پای نیە. کورتبونەوەی زمانی کوردی، لە سێ ڕواڵەتدا بەرچاو دەکەوێ:

### ١ـ کرتانی وشە:

لەم کردارەدا، یەکێ لە وشەکانی ڕستە، یان پتر دەکرتێ و نامێنێ. ( هەندێ لە وشەکان لەناوچون لە بەر گرانی دەربڕینیان... هەندێکیشیان لە بەر وردی ناوەرۆکەکەی یان نەمانی پێویستی پێیان لە دیالێکتە ئاساییەکان، یان کەمی خولانەوەی بەکارهێنانی، یان بونی واژەیەکی هاواتای. بۆیە وا باوە زارەکانی ئاخاوتن زۆر پێویستە کە کورت ببنەوە و لەناوچونی هەزاران وشەی زمان و نەهێشتنی هاواتای زۆر)٩١. بۆ نمونە لە دیالێکتی ناوەڕاستدا بەردەوام ڕاناوە جیاکان لە کاتی قسەکردندا دەکرتێن، مەگەر بۆ داکۆکی ( تأیید ) یا وەڵامی پرس بەکاربێن. وەك:

من دەچم بۆ بازاڕ ← دەچمە بازاڕ. لەم کورتبونەوەیەدا ڕاناوی سەربەخۆی ( من ) و ئامرازی پەیوەندی ( بۆ ) کرتان، چونکە ڕاناوی لکاوی ( م ) و مۆرفیمی بەستنی ( ە ) واتای ئەوان دەگەیێنن.

### ٢ـ لێکدانی وشە:

لێکدانی وشەش، کردارێکی ترە بۆ کورتبونەوەی زمان. واتە، لە بری دو وشە، کە دەکاتە دو زنجیرە دەنگ و پچڕان لە نێوانیان هەیە، لێکدەدرێن و دەبن

---

( ٩٠ ) مسعود محمد ، ورد بوونەوە لە چەند باسێکی ڕێزمانی کوردی ، بەغدا ، ١٩٧٤ ، ل ٢١ .
( ٩١ ) الدکتور علي عبدالواحد الوافي ، فقه اللغة ، القاهرة ، ١٩٧٢ ، ص ١٤٧ .

بە یەك زنجیرە دەنگ. وەك: برای باوك ← مام ، ژنی مام ← مامۆژن/ ئامۆژن، ئەم ڕۆژ ← ئەمڕۆ، لە ئێرە ← لێرە، من بەردێکم لە ئەو دا ← لێمدا ، من لە تۆ دەگرم ← دەتگرمێ....

### ٣ـ کرتانی دەنگ:

لە کاتی قسەکردندا، زۆر جار دەنگێك یا پتر دەکرتێن و دەرنابڕرێن. وەك: کارم کرد ← کارم کر، بارت برد ← بارت بر، نانی خوارد ← نانی خوار،.....

دەهێم ← دێم، دەهاوێم ← داوێم ، دەهێڵن ← دێڵن....

### ٤ـ لێکدانی دەنگ:

کرداری لێکدانی دەنگیش شێوازێکی تری کورتبونەوەی وشەکانە. چونکە (هەرگیز ناکرێ، واژەکان لە دۆخێکدا بمێننەوە و هیچ چارەیەك نیە و هەر دەبێ بە پێی سەردەمە جیاوازەکان پێشکەوتنێکی زۆر بە خۆیانەوە ببینن)٩٢. وەك:

و × ە ← ۆ: بوەتە مام وەستا ← بۆتە مامۆستا، ئەو شەو چوەتەوە ← ئەوشۆ چۆتۆ

ە × ی ← ێ: سەیرکە ئەم پەیڕەوە ← سێرکە ئەم پێڕەوە، چواریەکی سولەیمانی ← چارێکی سولێمانی. زیادەڕەوی تیادا ← زێدەڕۆی تێدا....

شایانی باسە، کە لە کاتی ئاخاوتندا کورتبونەوەی ئەوتۆ ڕودەدا کە تۆمارکردنی بە نوسین کارێکی ئاسان نیە و جۆر و ڕێژەی کورتبونەوەکانیش لە شێوەزارێك بۆ شێوەزارێکی تر و تەنانەت لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێ.

## بەندی چوارەم

## «گۆڕانی ڕاناوە کەسیەکان لە شێوەزارەکاندا»

لێرەدا بۆ سەلماندن و پراکتیزە (تطبیق) کردنی ئەم ڕاستیانەی لە بەندەکانی سەرەوەدا هاتون، گۆڕانی یەکێ لە بەشە گرنگەکانی ئاخاوتن وەردەگرین کە (ڕاناوە

(٩٢) هەمان سەرچاوەی پێشو، ل١٣٥.

کەسیەکان )ن. ئەمەش واتای ئەوە نیە، لە بەشەکانی تر گۆران روینەداوە، یا پراکتیک ناکریّ، کە لەم تۆژینەوەدا بواری بەراوردکردنی گۆرانی کەرەسەکانی تری زمان نیە.

( زمان بە پێی کات دەگۆرێ و بەم پێ یە کوردی سەدەی هەژدە و حەڤدە دەبێ لە کوردی ئەمرۆ جیاواز بو بێت. دەربارەی گۆران بە شێوەیەکی گشتی دەبێ، سێ راستی لە بیرنەکەین:

١ـ هەمو زمانەکانی جیهان هەمیشە لە گۆراندان و لە توانای کەسدا نی یە ئەم گۆرانە راگری یان کەمی بکاتەوە یان بە تەواوی نەیهێلێ، چونکە گۆران لەگەڵ هەڵکەوتی زمان خۆیدایە.

٢ـ مەرج نی یە گۆران زمان بەرەو تێکدان و هەڵوەشاندن و لە ناوچون بەرێ وەك هەندێ کەسی ساویلکە باوەریان وابو بەڵکو گۆران لەوانەشە زمانەکە ئاسانتر بکات و وزەپارێز بێ.

٣ـ گۆران بە پێ ی یاسا و دەستور رو دەدات و لە خۆوە و بێ سەر و شوێن نابێت. هەر لەبەر ئەمەشە کە تەنیا چەند جۆرێك لە گۆران لە لە زمانی مرۆڤدا دەبینرێت و هەر ئەمانەش بە گۆرانی ئاسایی دادەنرێن.

ئاشکرایە کە گۆران لە هەمو ئاستەکانی زماندا رو دەدات و ( ئاستی فۆنۆلۆجی و فۆنەتیك، ئاستی مۆرفۆلۆجی، سینتاکس و سیمانتیکس ) لە هەر ئاستێکدا چەند شێوەیەکی گۆران بە دی دەکرێ )٩٣. گۆرانی راناوە کەسیەکان لە ئاستی رێزمانە ( وشەسازی و رستەسازی ) و بە زۆری لە ئاستی رستەسازی دەرەکەوێ.

بە پێی بەندەکانی سەرەوە، دەگەینە ئەوەی، لە وڵاتی کوردەواریدا، هەرچەندە رادەی شارستانیەت لە ناوچەیەك پێشکەوتوتربێ، رێژەی گۆرانی زمان زۆرترە. بەڵام رادەی پێشکەوتنی شارستانیەتیش پابەندە بە سەختی باری جوگرافیا. واتە، هەرچەند باری جوگرافیای ناوچەکە سەختتر بێ، هاموشۆ و تێکەڵبونی گرانترە و بەم پێیە، شارستانیەتی درەنگتر دەگاتێ و لەم رووەوە دواکەوتوترە. بەتاییەتی لە کوردستان، چونکە رێگاوبانی ناوچە شاخاویەکان تا ئێستاش بە پێی پێویست نیە. بۆیە، بە شێوەیەکی گشتی، تاکو بەرەو ناوچە شاخاویەکان ( باکور ) بچین، رادەی پاراویی زمانی کوردی زۆرترە و رادەی گۆران کەمترە، بە پێچەوانەش، تاکو بەرەو ناوچەی دەشتەکان ( باشور ) بچین، رادەی گۆران زۆرترە. لە هەر ناوچەیەکیشدا، ئەو ئاواییانەی کەوتونەتە سەر رێگا گشتیەکانی هاتوچۆ، پتر گۆرانیان بەسەردادێ، بە بەراوردکردن لەگەڵ ئاواییە لا پەرگەکانی هەمان ناوچە. بەم پێیە دەبینین، لەبەرئەوەی زاری رۆژهەڵات ( هەورامانی )، کەوتۆتە ناوچەیەکی شاخاوی سەخت و لا پەرگە، لە زارەکانی تر کەمتر گۆرانی بەسەرداهاتوە و لە دوای ئەو، زاری باکور ( بادینی )

---

( ٩٣ ) محمد معروف فتاح، زمانەوانی، زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٩٠، ل١١٤.

دێ، کە لە ناوچەیەکی سەختی شاخاویە، بەڵام سەرەڕێگا و کـەمتر لا پەڕگەیـە. ئینجـا زاری ناوەڕاست (سۆرانی) دێ، کە لە زاری باکور و ڕۆژهەڵات پتر گۆڕانی بەسەردا هاتوە و لـە دوای ئەویش زاری خوارو (لوڕی) دێ، کـە لـە دیالێکتـەکانی تـر پـتر گـۆڕانی بەسـەردا هـاتوە. هەڵبەتە، لە هەر یەکێکیش لەم زارانە، شێوەزاری لای خوارەوەیـان پـتر گۆڕانیـان بەسـەردا هاتوە، ئەگەر بەراوردیان بکەین، لەگەڵ شێوەزارەکانی سەرەوەیان. هـەروەك لـە نەخشـەی ژمارە (٦)دا دیارە.



نەخشـەی ژمارە (6)

بۆیەش شێوەزاری گەرمیانی (کـە لـە هەنـدێ شـوێندا دوا سـنوری خـواروی زمـانی کوردیە)، لە شێوەزارەکانی تری ناوەڕاست (سۆرانی، سلێمانی، ئـەردەلانی، مـوکری)٩٤ پـتر گۆڕانی بە سەردا هاتوە. کەواتە، هەروەك مێجەر نۆئێـل لـە یاداشـتنامەکانی سـەردانی بـۆ ڕۆژئاوای کوردستان، دەڵێ: (گۆڕانەکان پەیتا پەیتان و ئەوەی شارەزای زمانەکە بێ، تـەنیا

(٩٤) فوآد حمه خورشید، اللغة الكردية التوزيع الجغرافي للهجاتها، بغداد، ١٩٨٣، ص٢٧.

پێویستی بە ئامادەکردنی لیستێکە بۆ وشە گۆڕاوەکان )٩٥. بەڵام لە هیچ شوێنێك گۆڕانەکان بە ڕادەیەك نین، زارەکان لە یەك بترازێن، چونکە ( هەمو شێوەزارە کوردیەکان سیما بنەڕەتیەکانی خۆیان پاراستوە )٩٦.

ئەگەر لە زارەکانی زمانی کوردیدا، بەراوردێکی ڕاناوە کەسیەکان بکەین و ئامارێکیان بۆ بکەین، دەبینین، تاکو بەرەو خوار بڕۆین، ژمارەیان بەرەو خوار دادەبەزێ. وەك لە خوارەوەدا دەردەکەوێ:

**١- زاری ڕۆژهەڵات ( شێوەزاری هەورامی ):**

لە زاری ڕۆژهەڵات ( هەورامی )دا، کەرەسەکان کەمتر گۆڕانیان بە سەردا هاتوە و پتر ڕەسەنایەتی خۆیان پاراستوە و توخمەکان تا ڕادەیەك وەکو خۆیان ماوەنەتەوە، چونکە جگە لە سەختیی ناوچە شاخاویەکەی، دەڤەرێکی لا پەرگەشە و ناوچەیەکی ستراتیژی ئەوتۆ نیە کە هاتوچۆی دەوڵەتانی دەرەوە و ناوەوەی بە سەرەوە بێ، جگە لەمەش تا ئێستا ڕێگاوبانی هاوچەرخ پەی بە زۆربەی ناوچەکانی ئەو دەڤەرە نەبردوە. ( ئاشکرایە کە ناوچە شاخاویەکانی کوردستانی هەورامان زۆر هەڵەت و سەختن، وە پتر لە شەش مانگ بەفراوین و ڕێگاوبانیان بە زۆربەی وەخت بەستراون، وە بە دەگمەن شارێك یاخود دێیەك ڕێگای ئوتومبێلی بە خۆیەوە دیوە، ئەمە جگە لەوەی کە ناوچەیەکی دارستانیە و هەمەجۆر میوەهاتی تێدایە، بە تەڕی و بە وشکی لە سەری دەژین. دانیشتوانی ناوچەکانی هەورامان بە پیشەسازی دەستیەوە خەریکن و هەندێکیشیان مەڕومالات دارن. لام وایە سەرت سوڕ بمێنێ ئەگەر بڵێن تا سەرەتای چەرخی بیستەمیش، وە ئێستەش لە زۆر ناوچەدا، شتی بێگانە ناکڕرێت و ناخورێت و لە بەر ناکرێت، وە تاکو ئێستاش، جگە لە هەورامانی عیراق، بە تاك و تەرا قوتابخانە دەبینی لە هەورامانی ئێراندا. بێ گومان لەگەڵمایت، ئەگەر بڵێم ئەم جۆرە دورە پەرێزیە سروشتی یە پارێزگاری زمانی کردوە، وە زۆر زۆر کەم وشەی بێگانەی قەرز کردوە )٩٧. ئەمانەش هەموی وایکردوە ڕادەی تێکەڵی لەگەڵ دەوروبەر کەمتر بێ و تەوژمی

---

Noel,E.M.,Diary of Major E.M. Noel on special duty in (٩٥) Kurdistan from June.١٤th toSeptember ٢١st ١٩١٩,Basrah , ١٩١٩,P٩.

C.J. Edmonds. Kurs, Turks and Arabes. London. ١٩٥٧. P ٧. (٩٦)

( ٩٧ ) محەمەد ئەمین هەورامانی ، تەماشاکردنێکی سەرپێیی زاری سۆرانی و زاری هەورامی ، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد ، بەشی دوهەمی بەرگی دوهەم ، بەغدا ، ١٩٧٤ ، ل ١٢٤ .

شارستانیەتی کەم پێ گەیشتبێ و دەرە نجـام زارەکـەیان بـە ڕەسـەنی و پـاراوی مابێتـەوە. ئەمەش ئەوە ناگەیێنێ، هیچ گۆڕانێك لەو زارەدا ڕوینەداوە، چونکە ( ئەگەر ئێستا بتـوانین، تێبینی ئەو گۆڕانانە بکەین کە لە ماوەی پتر یا کەمتر لە شێست یا هەشتا ساڵی ڕابـوردو لـە زمان ڕویانداوە و کە ئێستاش بەردەوام لە گۆڕاندایە، پێویست ناکا، وا دابنێین، ئەو شتانەی لە کۆندا لە زمان هەبون، دەبێ ئێستاش هەبن. بەڵام چۆن دەتوانین، بزانین کە لـە دێرینـدا چی گۆڕاوە ؟ )٩٨. ئەگەر بەراوردی کەرەسە زمانیەکانی ئەو زارە بکەین، لەگەڵ زارەکانی تـر دەبینین، لەم زارەدا لە هەمو زارەکانی تر کەمتر کەرەسە گـۆڕاون. تەنانـەت لـە دابونەریتـە کۆمەڵایەتیەکانیش، ئەم ناوچەیە پتر مۆرکی ڕەسەنایەتیی کوردەواریان پاراستوە و شـێوازی خۆپارێزیەکەش لە زمان و دەربڕیندا ڕەنگی داوەتەوە، چونکە ( زمان و وشەی زمان، ئاوێنـەی ڕاستەقینەی کۆمەڵ و مرۆڤن، بە هەمو هەست و نەستێکەوە )٩٩.

هەرچەندە لە زاری ڕۆژهەڵاتدا، بیروڕای جیاواز دەربارەی ژمارەی ڕانـاوە کەسـیەکان هەن، بەڵام هەمویان لە سەر ئەوە کۆکن، کە ژمارەیان لەم زارەدا١٠٠ لە هـەمو زارەکـانی تـر زۆرترن و لە هەمو زارەکانی تر کەمتر گۆڕانیان بە سەردا هاتوە، تەنانـەت لـە هەنـدێکیان ڕەگەزی نێر و مێ جیا کراونەتەوە. وەك لەم خشتەیەی خوارەوەدا دیارە١٠١:

---

HENRY CECIL WYLD , THE GROWTH OF ENGLISH , LONDON (٩٨)
, ١٩٤٢ , P ١١ .

(٩٩) د.نەسرین فەخری ، پەرەسەندنی واتای وشە و دەوری لـە دەوڵەمەنـدکردنی زمانـدا ، گۆڤاری کۆلێجی پەروەردە ، زانکۆی بەغدا ، ژمارە ـ ٢ ـ ، ١٩٧٨ـ١٩٧٩ ، ل٦٤٤ .

(١٠٠) مهاباد کامل عبدالله ، کار لە کرمانجی ی خـواروو هـەورامی دا ، نامـەی ماجسـتێر ، بەشی کوردی ، کۆلێجی ئاداب ، زانکۆی سەلاحەددین ، ١٩٩٦ ، ل٥٢ .

(١٠١) فەرەیدوون عەبدول محەمەد ، چـەند لایـەنێکی ڕستەسـازی زاری هـەورامی ، نامـەی دکتۆرا ، بەشی کوردی ، کۆلێجی ئاداب ، زانکۆی سەلاحەددین ، ١٩٩٨ ، ل١٣ـ١٤ .

| ڕاناوە کەسیە جیاکان | | | ڕاناوە کەسیە لکاوەکان لکاوەکان | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ژمارەی کەس | ڕاناوەکان | ڕەگەز | دەستەی ١ | دەستەی ٢ | دەستەی ٣ | دەستەی ٤ | دەستەی ٥ |
| یەکەمی تاك | من | هەردو | م | نێ | ا/نێ/انێ | ا | و/و |
| دوەمی تاك | تو | هەردو | ت | نی | ی | ی | ی |
| سێیەمی تاك | ئاد<br>ئادە | نێر<br>مێ | ش | ∅ | ∅ | ∅ | و |
| یەکەمی کۆ | ئیمە | هەردو | ما | نمێ | یمێ | مێ | مێ/یمێ |
| دوەمی کۆ | شمە | هەردو | تا | ندێ | یدێ | دێ | دێ/یدێ |
| سێیەمی کۆ | ئادێ<br>ئادیشا | هەردو<br>هەردو | شا | نێ | ێ | ێ | ا |

لەم ڕستانەی خوارەوەدا ، هەندێ لەو ڕاناوانە بەکارهاتون:

ئاد منش نویستە بێنێ. ئەو( نێر ) منی نوسیبو.

جە هیزیۆن هەرمانە مەکەرۆ. لە دوێنێوە کارناکات.

ئادە بە شمەش وات کتێبەکە نەورەشێبێ. ئەو( مێ ) بە ئێوەی وت کتێبەکە نەفرۆشابو.

وەشڵەی ئاد ئیمە و ئادیش نویستیبیێنێ. خۆزگە ئەو( نێر ) ئێمە و ئەوانی نوسیبا.

موسای موسا. ئێستە ئەوان دەنون.

ئادشا ( نە )بیەن بە تەلەبێ. ئەویان ( نە )بوە بە قوتابی١٠٢.

بەم پێیە دەبینین، لە زاری هەورامیدا هەشت ڕاناوی کەسی سەربەخۆ ( جیا )مان هەیە و پێنج دەستە ڕاناوی کەسی لکاومان هەیە. ئەمەش لە هەمو زارەکانی تر زۆرترە.

**٢ـ زاری باکور ( بادینی١٠٣ ):**

ئەگەرچی ناوچەی باکور، باری جوگرافی لە ڕۆژهەڵات زۆر ئاسانتر نیە، بەڵام هۆی پتر گۆڕانی زارەکە دەگەڕێتەوە بۆ - زۆرتری ڕادەی تێکەڵبون و کەمتر دورەپەرێزی لەگەڵ دەوروبەر، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ستراتیژیەتی کەوتگەی جوگرافی ئەو دەڤەرە.

---

( ١٠٢ ) عەبدولوەهاب خالد موسا ، ڕێزمانی بون و هەبون لە کوردیدا ، نامەی ماجستێر ، بەشی کوردی ، کۆلێجی ئاداب ، زانکۆی سەلاحەددین ، ٢٠٠٠ ، ل١٣٠ .

( ١٠٣ ) زۆرجار بە هەڵە بە هەمو دیالێکتی/ زاری باکور ( ژورو ) دەوترێ ( بادینی ). هەڵەکە لەوەدایە ( بادینی ) تەنیا شێوەزارێکە لە زاری باکور، کە پارێزگای دهۆك دەگرێتەوە، جگە لە شێوەزارە ناوچەییەکانی گۆران، لەگەڵ قەزای مێرگەسور.

( کوردناسەکان بۆیان ڕون بۆتەوە زمانی کوردی زۆر شێوەی ڕێزمانی پاراستوە، ئەگەرچی لە ڕوی ئەو مێژوە درێژەی پێیدا تێپەڕیوە زۆر گۆڕانی بە سەردا هاتوە )١٠٤. ئەگەر ژمارەی ڕاناوە کەسیەکانی زاری باکوریش بەراوردبکەین، لەگەڵ زارەکانی خواروتر، وەك زارەکانی ناوەڕاست و خوارو، دەبینین: ژمارەیان لەم دیالێکتە زۆرترە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سەختیی خاکەکەی لە ڕوی جوگرافیەوە، کە بۆتە هۆی ئەوەی درەنگتر و کەمتر شاڵاوی شارستانیەت بگاتە ئەو ناوچەیە و دەرەنجام پاراویی خۆی پتر پاراستوە و کەمتر گۆڕانی بە سەرداهاتوە.

( زمان پڕ بە پێستی واتاکەی و بە پێ ی ڕەویە و ڕەوشت و پێویستی چەرخ و باو و بڕەوی، شان بە شانی دۆخەکانی پێشکەوتنی ئەو خەڵکەی کە بە کاری دەهێنن و گفت و گۆی پێ دەکەن، دەبێ لە ئاڵ و گۆڕدا بێ و زمانێکی زیندو و نەمەییو بێ... وەختێ زمان، لە دۆخی خۆی مایەوە و گەشەی نەکرد و پەرەی نەسەند و لەگەڵ چەرخ و پێویستی یەکانی ڕۆژانەی ژیان نەسوڕا، بێ گومان ئەو زمانە مردوە، مەییوە، وەستاوە،... چونکە خەڵکی نی یە بەو زمانە قسە و گفت و گۆ بکەن )١٠٥. ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ، کە هیچ زار و زمانێك نیە، لە گۆڕانێکی بەردەوامدا نەبێ، بەلام ڕێژەی ئەو گۆڕانە پابەندە بە ڕادەی پێشکەوتنی شارستانی و ئەویش لە کوردەواریدا پابەندە بە باری سەختی جوگرافی و زۆر هۆکاری تر.

کەواتە، دەرەنجام ناوچەیەك لە ناوچەیەکی تر پتر گۆڕانی زمان بە خۆیانەوە دەبینن. بەم جۆرە دەبینین: لە زاری باکوردا ژمارەیەکی زۆر لە ڕاناوە کەسیە لکاوەکان نەماون و تەنانەت لە پێنج دەستە، یەك دەستە ماوە، بەلام لە لایەکی تر ژمارەی ڕاناوە سەربەخۆکان ( جیاکان )ی زۆرترە و لە بری دەستەیەك دو دەستە ڕاناوی جیا هەیە و دیسان لە کەسی سێیەمی تاکدا مۆرفیمی نێر و مێی لەگەڵ ڕاناوەکە پاراستوە. وەك لەم خشتەیەی خوارەوە دەرەکەوێ١٠٦:

---

( ١٠٤ ) پرۆفیسۆر ك.ك.کوردۆییێف ، ڕێزمانی کوردی ، وەرگێڕانی دکتۆر کوردستان موکریانی ، هەولێر ، ١٩٨٤ ، ل٣١ .

( ١٠٥ ) محەمەد ئەمین هەورامانی ، کوردواتەنی ، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ، ژمارە ٦٤ ، بەغدا ، ١٩٧٧ ، ل١٨ .

( ١٠٦ ) د.وریا عمر أمین ، ڕێزمانی ڕاناو لە کرمانجی ژووروودا ، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق (( دەستەی کورد )) ، بەرگی بیست و یەکەم و بیست و دووەم ، بەغدا ، ١٩٩٠ ، ل٢٥٢ .

| ژماره | کەس | دەستەی یەکەم | دەستەی دووەم | ڕاناوی لکاو |
|---|---|---|---|---|
| | | ڕاناوی جودا | | |
| تاك | ١ | من | ئەز | م |
| | ٢ | تە | تو | ی |
| | ٣ | و( ی/یٚ) | ئەو | Ø |
| کۆ | ١ | مە | ئەم | ین |
| | ٢ | وە | هون | ن |
| | ٣ | وان | ئەو | ن |

لەم نموونانەی خوارەوەدا هەندیٚ لەو ڕاناوانە دەردەکەون:

من شۆل کر. ئەز تە دبینم.

تە ئەز ژ بۆ وان کوشتم. تو من ژ بۆ وان دکوژی.

وی ئەو ژ بۆ مە کری. ئەو ویٚ دخازت.

مە هۆزانەك بۆ جڤاتا ڕاگەهاندیٚ ب ڕیٚ کری. ئەم پیٚشمەرگیٚ وەلٚتین، بو سەرفرازییٚ هاتین.

وە مالٚ میللەتی بری. هون مرۆییٚد خودان هزر و تیٚگەهشتین.

وان گۆتە تو: هش بە. ئەو زەڤیا خو دکیٚلن.

**٣ـ زاری ناوەڕاست ( سۆرانی١٠٧ ):**

**زاری ناوەڕاست ( کوردەکانی عیراق لە ڕۆژهەلاٚتی ( دیجلە ) و باکوری ڕۆژهەلاٚتی چیای ( حەمرین ) لە نیٚوان ( زیٚی گەورە )و ( سیروان )و کوردەکانی ئیٚران لە باشوری شاری ( ورمیٚ ) تا سنە قسەی پیٚ ئەکەن )١٠٨ و لە ڕوی جوگرافیەوە لە زارەکانی ژور خۆی ( ڕۆژهەلاٚت و باکور ) ئاسانترە، واتە، بەرز و نزمی کەمترە و کەشەکەی هیٚمنترە، هەروەها تۆڕی ڕیٚگاوبانی لە ژورو زۆرتر و باشتر و ئاسانترە،**

( ١٠٧ ) زۆرجار بە هەلٚە بە هەمو دیالیٚکتی ناوەڕاست دەوتریٚ ( سۆرانی ). هەلٚەکە لەوەدایە ( سۆرانی ) تەنیا شیٚوەزاریٚکە لە زاری ناوەڕاست، کە پاریٚزگای هەولیٚر دەگریٚتەوە، جگە لە قەزای میٚرگەسور. شارۆچکەی ڕواندز مەلٚبەندی ئەو شیٚوەزارەیە.

( ١٠٨ ) کمال فوئاد، زاراوەکانی زمانی کوردی و زمانی ئەدەبی و نووسینیان، گۆڤاری زانیاری، ژمارە( ٤ )، بەغدا، ١٩٧١، ل١٨ .

ئەمەش وایکردوە، کاروانی شارستانیەت زوتر و زۆرتر بگاتە ئەو ناوچانە و لە ئە نجامدا ڕێژەی گۆڕانی زارەکە لە زارەکانی سەرەوە زۆرترە و بڕی کورتبونەوە لە هەرسێ ئاستە سەرەکیەکەی زمان ( دەنگ و وشە و ڕستە ) پترە. زاری ناوەڕاستیش لە سەرەوە بەرەو خوارەوە لەم شێوەزارانە پێکهاتوە : ( موکری، سۆرانی، ئەردەلانی، سلێمانی، گەرمیانی )١٠٩. گومان لەوەدا نیە، ڕێژەی گۆڕانیش لەنێوان ئەم شێوەزارانەدا دیسان سەربەرەوخوار بە پێی سەختیی جوگرافی و ڕادەی شارستانی دەگۆڕێ. بۆیە دەبینین، زمانەکە لەو دەڤەرەدا پتر کورتبۆتەوە ( مرۆڤ د کێشا پێش ڤەچونا خوەدە گاڤ بۆ گاڤێ ژ بۆ سڤککرنا بارێ دنیاداریێ خوە ل بزاڤا دەستەسەکرن و نخاندنا دەوروبەرێ خوە گرێددت. وەناکت چ ژ بەر لە پان ڤورتال بت بلا حەرکی زمانژی بت. زمانژی وەك ئاشکەرایە خاسیەتەکا شارستانیە، رەوشت و تیتال و راڤێژێن جڤاکی و پێکا شارستانیەت و هشمەندی یا مللەت کارەکی مەزن لێ دکن. چ پێشکەڤتن و گوهۆرینا بسەر دەراڤێن ژێ گۆتێ دە بێت ل زمانێ مللەتی ب خوەژی دەردکەڤت. ئەڤە ژی هندێ دگەهینت کو ساخلەمی یا زمانی و شەنگە دارێتن ب هندێ نایێ ل دو پەیڤێن کێم ل کار و باڤ مری بگەرن. شێوازێ ئەردگر و دارێتنا چێتر ئەدە کو یا پەیڤ سڤك و کورت ڤەبڕ و تێر ڕامان بگرت، چونکو زمان مینا هەر خاسیەتەکا شارستانی بەربەر سڤکی یێ ل خوە وەرد پێچت )١١٠. بەم جۆرە ڕاناوە کەسیەکان ژمارەیان کەمتر بۆتەوە و تا ڕادەیەکی زۆر ڕاناوە جیاکان ( سەربەخۆکان ) بە کار نایێن١١١، مەگەر بۆ وەڵامی پرس و جەختکردن نەبێ، وەك :

---

( ١٠٩ ) فؤاد حمه خورشيد، التوزيع الجغرافي للهجات اللغة الكردية، المجلد( ٣ ) العدد( ٢ ) مجلة المجمع العلمي الكردي، بغداد، ١٩٧٥، ص٦٢٣

( ١١٠ ) ئیسماعیل تاها شاهین، رەوشا هەر زمانەکی سڤکی یە، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە( ١٠٦ )، بەغدا، ١٩٨٥، ل١١٦.

( ١١١ ) عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول، پێناسەی ڕستەی سادە، گۆڤارا زانکۆیا دهۆك، پەربەندا( ٢ )، هژمارا( ٦ )، دهۆك، ١٩٩٩، ل٧٥٦.

من دەچم بۆ بازاڕ ← دەچمە بازاڕ.

پ: کێ دەچێ بۆ بازاڕ؟

و: من دەچم بۆ بازاڕ.

پ: تۆ دەچیە بازاڕ ؟!!

و: بەڵێ من دەچمە بازاڕ.

بەکارنەهێنانی ڕاناوە جیاکانیش دەگەڕێتەوە بۆ بونی ڕاناوێکی لکاوی دەستەی ڕێککەوتن کە لە کەس و ژمارەدا لەگەڵ ڕاناوە جیاکان ڕێك دەکەوێ[112].

ژمارەی ڕاناوە کەسیەکان لە زاری ناوەڕاستدا لەم خشتەیەی خوارەوە دەردەکەوێ[113]:

| ژ | کەسەکان | ڕاناوی جیا | ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن | ڕاناوی لکاوی خاوەنی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | یەکەمی تاك | من | م | م |
| ٢ | دوەمی تاك | تۆ | ی | ت |
| ٣ | سێیەمی تاك | ئەو | سفر (Ø) | ی |
| ٤ | یەکەمی کۆ | ئێمە | ین | مان |
| ٥ | دوەمی کۆ | ئێوە | ن | تان |
| ٦ | سێیەمی کۆ | ئەوان | ن | یان |

لەم نمونانەی خوارەوەدا هەندێ لەو ڕاناوانە دەردەکەون:

منم منم من منۆکێ، کێ خواردویە کاریلەی من،

دو چاوم هەیە بز بزۆکێ بێتە شەڕە جەنگی من

ئەی ئەو کەسەی دەتــپەرستم و لێـم ونــی تۆ خودا نــیــی، تۆ خۆشەویستی منی

ئەو کوڕ بوØ ،سەرەڕای ئەوەش دەسدار بوØ نا پاکی کردەوەی دور لە پرسیار بوØ

بە دەستوری گەل بەڵام ئاخ ئەجەل

ئازادی خوای کوردین ئێمە شورای پۆڵو بەردین ئێمە

سڵوتان لێ ئەکەن هەمو لە ئێوە و لە گردی سەیوان

---

(١١٢) دکتۆر وریا عمر أمین،ڕێکەوتن لە زماندا،گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ،ژمارە( ٩١ )،بەغدا، ١٩٨٢،ل١٦.

(١١٣) عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول،مۆرفیمە ڕێزمانیەکانی کار،نامەی دکتۆرا،بەشی کوردی،کۆلێجی پەروەردە،زانکۆی بەغدا، ١٩٩٥، ل١٨٩، ١٩٨.

له ئێوه و له کێڵ و مردو — له گزنگ و له ئەرخەوان

هاتن شەهیدان بە جلی سوری خوێنەوە — دایکی وەتەن، دەهەڵسە∅ سڵویان بسێن∅ ەوە

**٤ـ زاری باشور (لوڕی١١٤):**

ئەم زارەش (له باکورەوە، هەر لە رێگا گشتی یەکەی نێوان قەسری شیرین و – کرمانشا و – مەلایەرەوە، بیگرە، بەرەو باشور کشاوە تا دەگاتە کەناراوەکانی باکوری خۆرهەلاتی کەنداوی عەرەب)١١٥ و دوا زاری خواروی کوردستانە و لە ڕوی جوگرافیەوە١١٦ دەڤەری ئەم زارە لە ناوچەکانی تری کوردستان تەختترە و لە هەموشیان پتر تێکەڵن لەگەڵ عەرەب، لە ڕۆژهەلات و لەگەڵ عەجەم، لە ڕۆژاوا. ئەمەش ئەوە ناگەیێنێ کە بەرز و نزمی هەر نیە، چونکە (تا سەدەی سیازدەهەم، بەشێك بو لەو ناوچەیەی کە عەرەب بە ناوچەی شاخاوی ناو دەبرد)١١٧. بەلام بە هۆی دۆڵ و دەشتە وشك و برینگەکانی و کەمی ڕێگاکانی هاتوچۆ تا ڕادەیەکی زۆر نیمچە دابڕاون (حکومەتی ئێران لە ساڵی ١٩٣٦دا بڕیاری دا کە یەکەم قیرتاو بە ناو لوڕستاندا بکاتەوە، تا مەرامی سەربازیی خۆی لە دژی کوردەکان جێ بە جێ بکات)١١٨ و ڕێژەی شارستانییان ناگاتە ڕێژەی ناوەڕاست، بەتایبەتیش چونکە بەردەوام ناوەڕاست، مەڵبەندی شارستانی و کارگێڕیی کوردستانی خوارو بوە و کەمتر فشاری داگیرکەرانی کۆن و نوێی لە سەر بوە و بەردەوام بە درێژایی مێژو لە هەردو دیوی ئێران و عێراق هەوڵی جینۆسایدیان داون. وەك مارتن مارتینۆس لە نامەی دکتۆراکەی بە ناوی (باری

١١٤ زۆرجار بە هەڵە بە هەمو دیالێکتی خوارو یا باشور دەوترێ (لوڕی). هەڵەکە لەوەدایە (لوڕی) تەنیا شێوەزارێکە لە زاری خوارو، کە قەزای خانەقین دەگرێتەوە، تەنانەت ناحیەی سەعدیە کەلهوڕیە.

(١١٥) فوئاد حەمە خورشید، زمانی کوردی ـ دابەشبوونی جوگرافیایی دیالێکتەکانی، وەرگێڕانی حەمەکەریمی هەورامی، بەغدا، ١٩٨٥، ل٦٣.

(١١٦) فؤاد حمه خورشيد، لرستان الاقليم الجنوبي من كردستان ايران، مجلة(ڕۆژی کوردستان) العدد(٦٦)، بغداد، ١٩٨٤، ص٩-١٤.

(١١٧) زبیر بلال اسماعیل، مێژووی زمانی کوردی، وەرگێڕانی یوسف رووف علی، بەغدا، ١٩٨٤، ل١٠٩.

(١١٨) فوئاد حەمە خورشید، زمانی کوردی ـ دابەشبوونی جوگرافیایی دیالێکتەکانی، وەرگێڕانی حەمەکەریمی هەورامی، بەغدا، ١٩٨٥، ل٤٩.

شێخ و ئاغاکان ) دەڵێ: ( عــەباس شــای ئێــران لــە ســاڵی ١٦٢٩ کۆمــەڵێکی زۆری لــە خێڵــە کوردەکــانی نـاوچــەی لوڕســتان دەربــەدەر و ئــاوارە کــرد و شــا نــادریش لــە ســاڵی ١٧٤٧ مەرگەساتەکەی دوبارە کردەوە )١١٩، هــەروەها ڕەزاشــا و شاهنشــا محەممــەدی کــوڕی، لــەم بارەیەوە درێغیان نەکرد. لە دیوی عێراقیش دۆخیان باشتر نەبو. جگە لە چەوساندنەوە و بە عێراقی دانەنانیان، هەر لەگەڵ هەڵگیرسانی جەنگی شومی قادسیە لە ســاڵی ١٩٨٠ زۆربــەی کوردە فەیلیەکانیان ئاوارەی ئێران کرد و تائێستاش ئاواییە لوڕنشینەکان دوچاری ڕاگواســتن و بەعەرەبکردن و گۆڕینی ڕەگەزنامەی نەتەوەیی خۆیان دەبن. ئەمەش کارێکی وایکردوە جگە لە بەردەوامیی تەسکبونەوەی سنوری کوردنشینەکان، گۆڕانی پتری زارەکــە ڕوەو عــەرەبی لــە عێراق و ڕوەو فارسی لە ئێران بەردەوامە. بۆ نمونە، جگە لەوەی تەنیا دەســتەی ڕێککــەوتن ( م، ی، ∅، من، ن، ن ) لەگەڵ کاردا بەکاردێ، بەکارهێنانەکەش شێوەی عــەرەبی وەرگرتــوە. وەك لەم نمونانەدا دیارە١٢٠:

| زاری باشور | زاری ناوەڕاست | زمانی عەرەبی |
| --- | --- | --- |
| مەلیچگێ داشتـم | چۆلەکەیەکم هەبو | كان لـدي عصفورة |
| فرە دۆسی داشتم | زۆر خۆشم دەویست∅ | كنت أحبها كثيرا |
| ســەری بــڕیم، نـانمــەی چاڵ | سەرم بڕی∅، نامە چاڵ | قطعت رأسها، وضعتـها في الحفرة |

لەم زارەدا ڕاناوە جیاکان بە دەگمەن بەکاردێن، مەگــەر وەکــو ناوەڕاســت تــەنیا بــۆ وەڵامی پرس یان جەخت کردن بــەکاربێن. ڕانــاوە لکاوەکــانیش تــەنیا دەســتەی ڕێککــەوتن لەگەڵ کار بەکاردێن و دەستەی خاوەنیش تەنیا ڕۆڵی خاوەنی دەبینن. وەك لــەم خشــتەیەدا دەردەکەوێ:

---

(١١٩) M.M.Van Bruinessen , Agha, Shikh & State , ١٩٦٨ , P ٢١٥-٢٢٠.

(١٢٠) د.کامیل حەسەن بەسیر.د.کوردستان موکریانی.سادق بهائەددین ئامێدی.حەمەئەمین هەورامی.کتێبی پرۆگرامی زارە کوردی یەکان. پۆلی یەکەم، بەشیکوردی، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، ١٩٨٧،ل٨٢.

| ژ | کەسەکان | ڕاناوی جیا | ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن | ڕاناوی لکاوی خاوەنی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | یەکەمی تاك | مە / م | م | م |
| ٢ | دوەمی تاك | تن / تو | ی ( د ) | د |
| ٣ | سێیەمی تاك | ئەو | سفر ( ∅ ) | ی |
| ٤ | یەکەمی کۆ | ئیمە | ی( مـ )ن | مان |
| ٥ | دوەمی کۆ | ئیوە | ن | دان |
| ٦ | سێیەمی کۆ | وان | ن | یان |

لەم نمونانەی خوارەوەدا هەندێ لەو ڕاناوانە دەردەکەون:

| زاری باشـــــــــــــور | زاری ناوەڕاســـــــــت |
|---|---|
| نان خواردم | نانـــم خوارد |
| کار کردی | کارت کرد |
| پوڵەگە بداشتاین، ماڵەگە ئەسەنین | پارەمان هەبوایە، خانوەکەمان دەکڕی |

ئەرای ڕیش هاتیمن، سوێڵمان نایمن وە بانی    بۆ ڕیش هاتین، سمێڵمان لە سەر دانا

ماڵ ماڵیانە و مەردم جەنگ وەلیان کەن ماڵ ماڵی خۆیانە و خەڵك شەڕیان پێ ئەفرۆشن

سەرد نەچێ کڵاو فریەسە∅    سەرت نەچێ کڵاو زۆرە∅

## بەندی پێنجەم

## ﴿گۆڕانی ڕاناوە کەسیەکان لە شێوەزاری گەرمیانیدا﴾

بۆمان ڕون بووەوە، کە ( زمان هۆی پەیوەندیی ڕاستەوخۆیە، لـە نێـوان مرۆڤـان لـە ڕێگەی واژە و دەنگە دانراوە باوەکان، کە واتا دەگـەیێنن و دەگـۆڕێن بـە گـۆڕانی سـەردەم و گەلەکان. زمان، بە شارسـتانیەتی نەتەوەکـەی و سیسـتەمەکانی و نەریتـەکانی و بـاوەڕ و لایەنـەکانی کاریگـەر دەبـێ. هـەر پەرەسـەندنێك لـەم لایەنانـە ڕوبـدا، لـە زمـانیش ڕەنگدەداتەوە )١٢١. ئینجا بە پێی زانستی زمانی مێژویی، ئەو گۆڕانانەی بە سـەر شـێوەزاری گەرمیانیدا هاتون، دەریدەخەن کە سەردەمێکی زۆرە، کورد لـەو ناوچـەیە نیشـتەجێ بـوە و بونی کورد لەو ناوچەیە لە ڕوی مێژوییەوە جیاوازیی نیە لەگـەڵ بـونی کـورد لـە سـەرجەم ناوچەکانی تری کوردستان. چـونکە ( زانسـتی زمـانی مێـژویی Historical Linguistics

---

( ١٢١ ) احمد خورشيد النورةضي ، مفاهيم في الفلسفة والاجتماع ، بغداد ، ١٩٩٠ ، ص٢١٥.

لێکۆڵینەوەیە لە پەرەسەندن و گۆڕینی زمان بە تێپەڕینی کات و ڕێگە و هۆی ئـەم گۆڕینانـە لە کاتێکەوە بۆ کاتێ و دۆزینەوە و دەس نیشان کردنی ئەو هۆیانەی کار ئەکەنە سەر زمـان و ئەیگۆڕن. ئەم جۆرە لێکۆڵینەوەیە ئەبێ لە سەر بیناغەی پێشاندانی لایەنە لـە یـەك چـو و جیاوازەکانی هەمان زمان یا شێوە لە دو یان چەن قۆناغێکی جیاواز دامـەزرابێ )١٢٢. گومـان لەوەدا نیە، دانانی سەردەمێکی دیارکراو بۆ گۆڕانی زمان، کارێکی زۆر ئەستەمە، بەتایبەتی بۆ زمانێکی وەك کوردی، چونکە سەرچاوەکانی پێش هاتنی ئایینی ئیسلام گشتی لەناوچون، دوای ئەوەش، تا یەك دو سەدە لەمەوبەر، هیچ نوسراوی کوردیمـان بەدەسـتەوە نیـە، تـاکو بتوانین، قۆناغەکانی گـۆڕان دەستنیشـان بکـەین. (وا دەردەکـەوێ لـە ڕێـی (استقراء )ەوە مانەوەی زمانی کوردی بە بێ نوسین بۆ ماوەی هەزاران ساڵ وای کـردوە ئـەو دەسـتورانەی لـە یەکدی نزیکن تێکەڵ بە یەکدی بن و یەکیان لە جێی ئەوی دی بـەکاربێ. هەڵبـەت ئەمـەش شتێکی سەیر نیە بەڵکو ڕونەدانی سەیرە )١٢٣. بەڵام ئەم گۆڕانـە زۆرانـەی لـەم شـێوەزارەدا ڕویداوە، بەڵگەی ئەوەن کە ڕۆژگارێکی زۆر بەسەر کوردی ئەو ناوچەیەدا تێپەڕیوە، تاکو ئەو هەمو گۆڕانانە هاتونەتە ئارا، وەك: (ئـەکادیمیك ڤلادیمێـر گێـورگییێڤ ئـەم پێڕەوانـەی دۆزینەوەی پلە بنەڕەتیەکانی مێژوی زمان ئەخاتە بەر چاو، کە سروشتی جاروبـار لـە پلـە دانانی مێژوی زمانە ئەدەبی یەکاندا ڕەنگ ئەدەنەوە.

١ـ سەردەمی بنەڕەتی یا (چۆنێتی )ی تازە لە مێژوی فلان زمانـدا ئـەبێ لـە سـەر بناغـەی ڕێکخستنی کاتی هەرە گۆڕینی سروشتی و جەوهەری سنوری بۆ دانرێن.

٢ـ سەردەمی بنەڕەتی لە ٣-٤ سەدە کەمتر ناگرێتەوە.

٣ـ لە نێوان سەردەمە بنەڕەتیەکاندا پلەی گواستنەوەی زمان لە ماوەی ١-٢ سەدەدا جێگـەی خۆی هەیە.

٤ـ ئەو سەردەمانەی لە پلەی دوەمدان (لە ناو پلە دابەشکردن )دا لە سەر بناغـەی نیشـانەی جەوهەریی زمان دەست نیشان ئەکرێت.

---

(١٢٢) دکتۆر وریا عمر امین، زانستی زمان چی یە؟، ڤۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (٨٨)، بەغدا، ١٩٨١، ل٣١.

(١٢٣) مەسعوود محەمەد، وردبوونەوە لە چەند باسێکی ڕێزمانی کوردی، بەغـدا، ١٩٧٤، ل٤١ـ٤٢.

٥ـ گۆڕین له ڕوی مەرفۆلۆژیاوە بایەخی زۆرتری هەیە لە گۆڕین لە مەیدانی فۆنەتیك و وشـە دروستکردن و ڕێزماندا، ئەمەی دواییانیش گرنگترە لە وشـەی فەرهـەنگ، گـۆڕینی بناغـەی فەرهەنگ نەبێ.

٦ـ لە ڕێڕەوی هەمو زمانێك دا لەوانەیە گۆڕین تابلێیت درێژە بکێشێت. سەرەتاکەی لە پلەی گواستنەوەش دا دەبینرێ تەنانەت زوتریش دیارە، بەلاَم ئە نجامی جەوهەری دەبێ ڕوبەڕو لـە سەرەتای سەردەمی تازەدا بێت و گوڕینی لەگەڵ ئەودا گونجاویش بریتی یە لە یـەکێك لـەو نیشانانەی سروشتی ئەون و سەردەمی نوێش لە سەر بناغەی ئەو دەست نیشان ئەکرێت.

٧ـ ڕەنگە سەردەم دانان هەمو گەشەسەندنی زمانێـك بگرێتـەوە، یـا ڕوخسـارێکی ئـەدەبیی گونجاو (زمانی ئەدەبی...) دەست نیشانی بکات.

٨ـ ئەبێ سەردەم دانان بە پێی ڕێو شوێنی گشتی نەبێت، بۆ هەر زمانەش جیاواز بێـت، گـوێ بدرێتە خاسیەتی، ئەمەش بە نزیکترین پێوەندی یەوە ببەسترێت بە مێژوی ئەو گەلـەوە کـە قسەی پێ دەکات)١٢٤. هەڵبەتە شێوەزاری گەرمیانیش وەکـو سـەرجەم شـێوەزارەکانی تـری زمانی کوردی بە هەمو ئەو قۆناغ و سەردەمانەدا تێپەڕیوە، کە گۆڕانکاریـەکانیان هێناوەتـە ئارا. ئەگەرچـی شـێوەزاری گـەرمیانی یەکێکـە لـە شـێوەزارەکانی ناوەڕاست، بـەلاَم ئـەو گۆڕانکاریانەی بە سەر ئەو شێوەزارەدا هاتون، لە هەمو شێوەزارەکانی تر تەنانەت لە هـەمو زارەکانی تریش زۆرترن. (فۆڕمی بنەڕەتیی یاسای نـاوەکیی پێشـکەوتنی کەرەسـتەی زمـان بریتی یە لە یاساکانی فۆنەتیك و پرۆتسێسەکانی وشەسـازی. ئـەم پێشـکەوتنەی یاسـا و دەستورەکانی زمان لە لێکۆڵینەوەی بەراوردیی مێژویی زماندا دۆزرایەوە و لە قاڵبی زانسـتی دا نیشان درا. گۆڕانی مێـژویی پێوەنـدی بـە گشـت ڕوبێکـی سیسـتەمی زمـان، دەنگـەکان، پێکهاتنی ڕێزمانی، وشەکانی زمانەوە هەیە. لەگەڵ تێ پـەڕبونی ڕۆژگـاردا ئـەو گۆڕانانـە جێیان دیار دەبێ)١٢٥. هەرچەندە (زمانی کوردی زێتر گـۆڕانی بەسـەردا هـاتوە، وەك کـورت بونەوەی وشە، تێکدانی بزوێن، کەم کردنەوەی گەردان کردن، زمانی پاشگوی وشـە داڕێـژەر،

(١٢٤) ڤ.ڤ.ڤینۆگرادۆف، مەسـەلەکانی زمـانی ئـەدەبی و یاسـای دروسـتبوونی و گەشەسەندنی، وەرگێڕانی د.عیزەدین مستەفا. بەغدا. ١٩٩١ .ل٤٩ـ٥٠.

(١٢٥) ڤ.ی.کۆدۆخۆڤ و ئا.ئا.ڕیفۆرماتسکی ، سەرەتاییکی زمانناسی ، وەرگێڕانی میـدیا ، سلێمانی ، ١٩٩٨ ، ل ١٧٧ .

نەمانی کاری سادە و گۆڕینیان بە کاری یارمەتی دەری جۆراوجۆر)١٢٦. زۆری ئەم گۆڕانکاریەکانی شێوەزاری گەرمیانیش بۆ پتری ڕادەی کارتێکردنی هۆیەکانی گۆڕان دەگەڕێتەوە، کە لە بەندەکانی سەرەوە لەو ناوچەیەدا باسکران. ( چونکە زمان و گەل، یاخود گەل و زمان هاوتەمەن و هاوبەخت و هاوڕۆح و هاوگیانن، هیچ کامیان لەوی تریان بەدەر نی یە، لە بەر ئەمانە ڕواڵەتی مێژویی زمان و هینی گەل بە یەکەوە جۆش دراون ـ هەر لە بەر ئەوەشە، ئەگەر ویسترا بەسەرهات و دۆستایەتی و ئاڵوگۆڕی باری ئابوری کۆمەڵایەتی گەلێ بزانی، یەکێ لەو ڕێگایانەی کە دەتگەیێنێتە ئاوات و ئامانج گرتنی ڕێگای لێکۆڵینەوەی مێژویی وشەیە )١٢٧. ئاسانی باری جوگرافی ئەو ناوچەیە و زۆری ڕادەی تێکەڵی و ستراتیژی شوێن کە بۆتە سەرەڕێی هاموشۆی کورد و عەرەب، سەرباری ئەمانەش، پێشکەوتنی ڕادەی شارستانیەتی ئەو دەڤەرە پێش دەڤەرەکانی تر ( هەرچەندە لە مێژوی هاوچاخدا نەك هەر فەرامۆشکراوە، بەڵکو هەوڵی وێرانکردنیشی دراوە )، وایکردوە، سەرباری ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر زار و شێوەزارەکانی تردا هاتون، لەم شێوەزارەدا گۆڕانی زۆرتر و کورتبونەوەی پتر ڕوبدەن. چونکە ( مرۆڤ بە تەبیعەتی حاڵ ئەیەوێ بە ئاسانترین شێوە و بە کورترین ماوە ئەو بیرە بگەیێنێ. لە بەر ئەم هۆیە لە قسەکردندا قسەکەر ئەو وشانە بەکارئەهێنێ کە واتای بیرەکەی بە زۆری کەوتوەتە سەر وە ئەو وشانەی کە فرێ ئەدرێ هیچ لە واتاکە ناگۆڕێ. واتە قسەکەر ئاگای لە بیسەرەکانی کەیە کاتێ قسە ئەکا. لێرەدا بیسەر و قسەکەر هەردوکیان ئەزانن کام وشە ئەگەر نەوترا ئەوا واتاکە هەر وەکو خۆی ئەمێنێ و بیرەکە نائاڵۆزێ (Encoding and Decoding system) لە بەر ئەم هۆیە زمانی قسەکردن ڕێزمانی تایبەتی خۆی هەیە ( Discourse Grammar ) و لەگەڵ ڕێزمانی نوسیندا جودایە )١٢٨. لەم گۆڕانانە وەك:

**١ـ نەمانی ( ی )ی ئامرازی پەیوەندی:**

| شێوەزاری ناوچەیی هەولێر | شێوەزاری ناوچەیی گەرمیان |
| --- | --- |
| ئاوی سارد ناخۆمەوە. | ئاو سارد ناخۆم. |

( ١٢٦ ) ك.ك.کوردۆییێف ،ڕێزمانی کوردی ، وەرگێڕانی د.کوردستان موکریانی ،هەولێر ١٩٨٤ ،ل٩.

( ١٢٧ ) مەسعود محەمەد ، بەرەو ڕاستە شەقامی ئاخاوتنی کوردی ، بەغدا ، ١٩٧٨ ، ل٥٧ .

( ٤ ) غازی فاتح وەیس، دەنگەکانی ( ل ) وە ( ڕ، ر )لە ژێر تیشکی فۆنەتیك و فۆنۆلۆژی دا، گۆڤاری زانکۆ، بەرگی( ٨ )، ژمارە( ٢ )، سلێمانی، ١٩٨٢، ل٩٦.

| | |
|---|---|
| دەچمە ماڵی خاڵم. | دەچمە ماڵ خاڵۆم. |
| داری وشك شین نابێتەوە. | دار وشك سەوزەوە نابێ. |

**٢ـ نەمانی نیشانەی نێر و مێ (یا دۆخ):**

| شێوەزاری ناوچەیی هەولێر | شێوەزاری ناوچەیی گەرمیانی |
|---|---|
| چومە ماڵی ئازادی خزمی ماڵی نەسرینێ. | چومە ماڵ ئازاد خزم ماڵ نەسرین. |
| سوێند دەخۆم بە خوای، بە قورئانێ. | سوێندەخۆم بە خوا، بە قورئان. |
| گۆڕەپانی تۆپانێ دەکەوێتە تەنشت مەکتەبێ | گۆڕەپان تۆپانە دەکەوێتە تەنشت مەکتەب. |

جگە لەمانە، دیارترین گۆڕان کورتبونەوەی ڕاناوەکانە لەم شێوەزارەدا، چونکە سەرەڕای بەکارنەهێنانی ڕاناوە جیاکان وەکو شێوەزارەکانی تر، تەنیا بۆ جەختکردن نەبێ، ڕاناوە کەسیە لکاوەکانیش لە ڕابوردودا دەستەی ڕێککەوتنیان (م، ی، ∅، ین، ن، ن) نەماوە و لەناوچوە و لە بری هەردو دەستەکە (ڕێککەوتن و خاوەنی)، بە زۆری دەستەی خاوەنی (م، ت، ی، مان، تان، یان) بەکاردێ. واتە، دەستەی خاوەنی لەگەڵ ڕابوردوی کاری تێنەپەڕ و تێپەڕ بەکاردێ: بۆ نمونە بەراوردی ئەم ڕستانە بکە، لەگەڵ زارەکانی تری ناوەڕاست:

| شێوەزاری گەرمیانی | شێوەزارەکانی تری ناوەڕاست |
|---|---|
| چومان بۆ گەرمیان | چوین بۆ گەرمیان |
| ئەم شەو باش خەوتتان ؟ | ئەم شەو باش خەوتن ؟ |
| کارەکەم بۆت کرد | کارەکەم بۆ کردی |
| نامەکەی بۆم نوسی | نامەکەی بۆ نوسیم |
| نهێنیەکەمان بۆتان پاراست | نهێنیەکەمان بۆ پاراستن |
| لێفەکەت پێماندا دا | لێفەکەت پێدا داین |
| پێیانم وت ....... پێمیان وت | پێم وتن ...... پێیان وتم |
| دیاریەکانتان بۆیان نارد | دیاریەکانتان بۆ ناردن |

هەرچەندە هەندێ نوسەران، ئەم دیاردەی نەمانی ڕاناوە لکاوەکانی ڕێککەوتن لە کاتی ڕابوردودا بە (ڤایرۆسێکی واتا سازیانە) یان (ڤایرۆسێکی ڕستەسازیانە)[129] دادەنێن، بەڵام ئەمە دیاردەیەکی پەرەسەندن و گۆڕانی زمانە، بەرەو کورتبونەوە و ئاسانی دەربڕین.

(١٢٩) د.شێرکۆ بابان ، نەخشەی ڕۆنانی ڕێژەی کار ، هەولێر ، ١٩٩٩ ، ل٨٩ـ٩٤ .

لە لایەکی تر، ئەم دیاردەی نەمانی دەستە ڕاناوی ڕێککەوتن لە ڕابووردودا، زۆربەی شێوەزاری گەرمیانی دەگرێتەوە، تەنیا گەڕەکی (ڕەحیماوە) و (ئازادی) نەبێ. ئەویش ڕەنگە پتر هۆی ئەوە بێ مێژوی دروستبونی ئەم دو گەڕەکە هێندەی گەڕەکەکانی تر کۆن نەبێ و دانیشتوانیان بە زۆری لە دەرەوەی کەرکوکەوە هاتبن. بۆ نمونە: خەڵکی ڕەحیماوە لە بنەڕەتدا پتر لە ناوچەی ساڵەیی و شوانەوە هاتون[١٣٠]، واتە، لە جادەوە تا دەم زێ تا ناوچەی شوان. خەڵکی ئازادیش پتر لە دەوروبەری چەمچەماڵ و هەندێ خێڵی وەك هەمەوەنی هاتبن[١٣١]. بڕوانە نەخشەی ژمارە (٧) دەربارەی دابەشبونی خێڵەکانی گەرمیان:



نەخشەی ژمارە (7)

جگە لەو هۆیانەی گۆڕان کە باس کران، گۆڕان پابەندە بە کاتی خایاندن و مانەوەی ئەو کۆمەڵە خەڵکە لەو ناوچەیە، (زمان لە ڕوی فەرهەنگەوە پەیوەندی بە باری مێژویی و

---

(١٣٠) وەك دێیەکانی ناوچەی ساڵەیی: حەسار، بیبانی، یارنجە، سەربیر، بیرەسپان، کارێزە،... دێیەکانی ناوچەی شوان: حاجی بێخان، شۆڕاو... و دێیەکانی لای وکاشە، قادر باغر...

(١٣١) وەك دێیەکانی چیمەن و هە نجیر و.....

کۆمەڵایەتی یەوە هەیە )١٣٢ و ئەو هەموو گۆڕانکاریانەی بە سەر شێوەزاری گەرمیانیدا هاتون و بە سەر شێوەزارەکانی تردا نەهاتون، بەڵگەی زانستی و ژیربێژی ئەوەن، کە ئەو شێوەزارە لە سەردەمێکی زۆر کۆنەوە لەم ناوچەیە نیشتەجێ بوە و تیایدا ماوەتەوە. واتە، ئەو ناوچەیە، نیشتمانی دێرین و ڕەسەنی خۆیەتی. بەتایبەتیش گۆڕانکاریەکان، شێوەزارەکەیان بە شێوەیەکی زانستیانە و ڕێك و پێك بەرەو کورتبونەوە و ئاسانی دەربڕین بردوە و ڕەسەنایەتی خۆی لەدەستنەداوە، ( پێشکەوتنی گرنگی سروشتیی مێژویی زمان بریتی یە لە درێژایی ماوەی پاراستنی بناغەی زمان، ڕێك بە دوا یەکتردا هاتنی هەل و مەرجی مێژویی کۆن و نوێ لە دروست بونی زمانانی خزمدا. چون یەکی ڕەگی وشە، مۆرفێم و یاسای فۆنەتیکی نێوان زمانانی خزم لە هەل و مەرجی ئەمرۆیاندا )١٣٣.

ئەگەر سەرنج بدەینە زمانی ئەو عەرەبانەی ئێستا لەو ناوچەیەدا دەژین، بە هیچ شێوەیەك شێوەزارێکی تایبەتی خۆیان نیە و شارەزایەکی شێوەزارەکانی عەرەبی دەتوانێ، هەر خێزانێك جیا بکاتەوە، کە ئایا لە چ پارێزگایەکەوە هاتوە، (موسڵ، تکریت، بەغدا، ...). ئەمەش بەڵگەیەکی زانستی زەق و ئاشکرایە کە ئەم عەرەبانە تازە و لەم چەند ساڵانەی دواییدا هاتونەتە ئەو ناوچەیە و نیشتەجێ کراون١٣٤.

## «ئەنجامەکان»

---

(١٣٢) وریا عمر ئەمین، بنج و سیما و یاساکانی گوێزانەوە، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (١٢١)، بەغدا، ١٩٨٩، ل٧٢

(١٣٣) ڤ.ی.کۆدۆخۆڤ و ئا.ئا.ڕیفۆرماتسکی ، سەرەتاییکی زمانناسی ، وەرگێڕانی میدیا ، سلێمانی ، ١٩٩٨ ، ل ١٧٨ .

(١٣٤) تا ئێستا لە کەرکوك، بە هەندێ لەو خێزانە عەرەبانە دەڵێن (١٠ هەزاری). چونکە حکومەتی بەعس پێش ڕاپەڕین، هەر خێزانێکی عەرەب بهاتایەتە کەرکووك دە هەزار دینار و پارچە زەویەك و پێشینەی (سلفە) خانوی پێ دەدا و چەند گەڕەکێکیان دروستکرد، وەك گەڕەکەکانی (مثنی ، عسکري ، قادسية الأولى والثانية ، دوميس ، ضباط ، خضراء ، عروبة ، تسعين ، بعث و...... ) و تا ئێستاش بەردەوامە، جگە لە دروستکردنی چەندین گوند و ئاوایی تر کە ناوەکانیان لە ژمار دەرەچێ .

١- زمانی کوردیش وەك هەر زمانێکی تر، لە هەر سات و شوێنێکدا بوبێ، بەردەوام لە گۆڕاندا بوە و پەرەیسەندوە.

٢- گۆڕانی زمانی کوردیش وەك سەرجەم زمانەکانی تر، ڕوەو ئاسانی دەربڕین و کورتبونـەوە چوە.

٣- کورتبونەوەی زمانی کوردی بە زۆری لە چـوار ڕێگـەوە بـوە: کرتـانی دەنـگ و وشـەکان و لێکدانی دەنگ و وشەکان.

٤ - ڕادەی کورتبونەوەی زمان لە هەر زار و شێوەزارێکدا، لەسەر ڕادەی ئاسـتی شارسـتانیەتی وەستاوە. ڕادەی شارستانیەتیش پتر پابەندی تێکەڵبونی ئەو ناوچەیەیە لەگەڵ دەوروبەری. تێکەڵیش پابەندی ڕادەی کاریگەریی هۆیەکانی دەرەوەیە، کە بریتین لـە هـۆی: جـوگرافی، رامیاری و دەرونی.

٥ - جگە لە هۆیە دەرەکیەکان، هۆیە ناوەکیەکانیش ڕۆڵی کاریگەر دەبینن، لە کورتبونـەوەی زمان، هۆیە دەرەکیەکانیش بریتین لە: سنورداری کات بەگشتی و سنورداری توانای مـرۆڤ بـۆ قسەکردن و بیستن (تێگەیشتن). بە تێپەڕبونی کاتیش پێویستیی قسەکردن زۆر دەبـێ و لـە ئەنجامدا، زمان بە ناچاری کورتدەبێتەوە. هۆیە ناوەکیـەکانیش لـە هـەمو زار و زمانێکـدا نەگۆڕن.

٦ - لە ئەنجامی جیاوازیی ڕادەی کارتێکردنی هۆیە دەرەکیەکانی گۆڕان، ڕێژەی کورتبونـەوە لە زاری ڕۆژهەلات کەمترە و لە باکور زۆرترە، ئینجا ناوەڕاست و دوایش خـوارو لـە هـەمویان زۆرترە.

٧ - ئەگەرچی شێوەزاری گەرمیانی، یەکێکە لە شێوەزارەکانی زاری ناوەڕاست، بەلام لە هـەمو شێوەزارەکانی تری زمانی کوردی پتر گۆڕانی بە سەردا هاتوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ زۆرتری ڕادەی لەباری هۆیە دەرەکیەکانی گۆڕانی زمان.

٨ - ڕێژەی زۆری گۆڕانی شێوەزاری گەرمیانی، بە بـەراوردکردن لەگـەڵ ڕێـژەی گـۆڕانی زار و شێوەزارەکانی تر، بەڵگەی زانستی و زمانەوانی و ژیربێژیە کـە کـورد لـە دێرزەمانـەوە لـە پارێزگای کەرکوك و ناوچەکە وەکو هەمو ناوچەکانی تر نیشتەجێ بـوە و زێـدی بنـەڕەتی و ڕەسەنیی خۆیانە.

٩ - نەبونی شێوەزارێکی ناوچەیی زمانی عەرەبی لێ ئەو عەرەبانـەی ئێسـتا لـەو ناوچـەیە دادەنیشن و هەرخێزانەی بە شێوەزاری ناوچەیی ئەو پارێزگایانەی لێیـەوە هـاتون (موسـڵ، بەغدا......) قسە دەکەن، بەڵگەیەکی زانستی و زمانەوانی و ژیربێژیە بۆ ئـەوەی کـە ئـەم عەرەبانە لەم زوانە هێنراونەتە ئەو ناوچەیە.

## ﴿سەرچاوەکان﴾

### ١ـ بە زمانی کوردی:

١ـ ئیسماعیل تاها شاهین، ڕەوشا هەر زمانەکی سڤکی یە، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە(١٠٦)، بەغدا، ١٩٨٥.

٢ـ برهان قانع، فەرهەنگی نوێ، بەغدا، ١٩٨٥

٣ـ تارا عەبدوللا سەعید، هەندێك لایەنی ڕێزمانی زاری فەیلی، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەڵحەددین، ١٩٩٨

٤ـ د. جمال رشید أحمد، لێ کۆڵینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی مێژوی وڵاتی کوردەواری، بەغدا، ١٩٩٨، ل ٥٩

٥ـ زبیر بلال اسماعیل، مێژوی زمانی کوردی، وەرگێڕانی یوسف رؤوف علی، بەغدا، ١٩٨٤

٦ـ د.شێرکۆ بابان، نەخشەی ڕۆنانی ڕێژەی کار، هەولێر، ١٩٩٩

٧ـ عەبدوللا حوسێن ڕەسول، مۆرفیمە ڕێزمانیەکانی کار، نامەی دکتۆرا، بەشی کوردی، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی بەغدا، ١٩٩٥.

٨ـ عەبدوللا حوسێن ڕەسول، پێناسەی ڕستەی سادە، گۆڤارا زانکۆیا دهۆك، پەربەندا(٢)، هژمار(٦)، دهۆك، ١٩٩٩.

٩ـ عەبدولوەهاب خالد موسا، ڕێزمانی بون و هەبون لە کوردیدا، نامەی ماجستێر، بەشی کوردی، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەڵحەددین، ٢٠٠٠.

١٠ـ غازی فاتح وەیس، دەنگەکانی (ل،ڵ)وە(ڕ،ر)لە ژێر تیشکی فۆنەتیك و فۆنۆلۆژی دا، گۆڤاری زانکۆ، بەرگی(٨)، ژمارە(٢)، سلێمانی، ١٩٨٢.

١١ـ فەرەیدون عەبدول محەمەد، چەند لایەنێکی ڕستەسازی زاری هەورامی، نامەی دکتۆرا، بەشی کوردی، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەڵحەددین، ١٩٩٨

١٢ـ فوئاد تاهیر سادق، هۆشیاریی زمانەوانی، سلێمانی، ١٩٩٩

١٣ـ فوئاد حەمە خورشید، زمانی کوردی دابەشبونی جوگرافیایی دیالێکتەکانی، وەرگێڕانی حەمەکەریمی هەورامی، بەغدا، ١٩٨٥

١٤ـ ڤ.ڤ.ڤینوگرادوۆڤ، مەسەلەکانی زمانی ئەدەبی و یاسای دروستبونی و گەشەسەندنی، وەرگێڕانی دوکتور:عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، بەغدا، ١٩٩١

١٥ـ ڤ.ی.کۆدۆخۆڤ و ئا.ئا.ڕیفۆرماتسکی، سەرەتاییێکی زمانناسی، وەرگێڕانی میدیا،

سلێمانی، ١٩٩٨.

١٦ـ د.کامیل حەسەن بەسیر.د.کوردستان موکریانی.سادق بهائەددین ئامێدی.حەمەئەمین هەورامی. کتێبی پرۆگرامی زارە کوردی یەکان. پۆلی یەکەم،بەشیکوردی،کۆلێجی ئاداب،زانکۆی سەڵحەددین، ١٩٨٧

١٧ـ کمال فوئاد، زاراوەکانی زمانی کوردی و زمانی ئەدەبی و نوسینیان،گۆڤاری زانیاری، ژمارە(٤)، بەغدا، ١٩٧١

١٨ـ پرۆفیسۆر ک.ک.کوردۆییێف، ڕێزمانی کوردی، وەرگێڕانی دکتۆر کوردستان موکریانی، هەولێر، ١٩٨٤

١٩ـ محمد معروف فتاح، زمانەوانی، زانکۆی سەڵحەدین، ١٩٩٠

٢٠ـ محەمەد ئەمین هەورامانی، تەماشاکردنێکی سەرپێیی زاری سۆرانی و زاری هەورامی، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەشی دوهەمی بەرگی دوهەم، بەغدا، ١٩٧٤

٢١ـ محەمەد ئەمین هەورامانی، کوردواتەنی، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە ٦٤، بەغدا، ١٩٧٧.

٢٢ـ مەسعود محەمەد، بەرەو ڕاستە شەقامی ئاخاوتنی کوردی، بەغدا، ١٩٧٨.

٢٣ـ مسعود محمد، ورد بونەوە لە چەند باسێکی ڕێزمانی کوردی، بەغدا، ١٩٧٤.

٢٤ـ مهاباد کامل عبدالله، کار لە کرمانجی ی خوارو هەورامی دا، نامەی ماجستێر، بەشی کوردی، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەڵحەددین، ١٩٩٦.

٢٥ـ د.نەسرین فەخری، پەرەسەندنی واتای وشە و دەوری لە دەوڵەمەندکردنی زماندا، گۆڤاری کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی بەغدا، ژمارە ـ ٢ ـ، ١٩٧٨-١٩٧٩.

٢٦ـ وریا عمر ئەمین،بنج و سیما و یاساکانی گوێزانەوە،گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ،ژمارە (١٢١)،بەغدا، ١٩٨٩.

٢٧ـ د.وریا عمر امین، چەن وشە لە زمانا هەیە ؟، ڕۆژنامەی العراق، چوارشەممە، ١٩٨٤/٣/١٤.

٢٨ـ دکتۆر وریا عمر امین، خزمایەتی لە زمانا...، ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە ٩٤ی تەمموزی ١٩٨٢.

٢٩ـ د.وریا عمر أمین، ڕێزمانی ڕاناو لە کرمانجی ژورودا، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق ((دەستەی کورد))، بەرگی ٢١ـ٢٢، بەغدا، ١٩٩٠

٣٠ـ دکتۆر وریا عمر أمین، ڕێکەوتن لە زماندا،گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە(٩١)، بەغدا، ١٩٨٢.

٣١ـ دکتۆر وریا عمر امین، زانستی زمان چی یە؟، ڤۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (٨٨)،

بەغدا، ١٩٨١.

## ٢ـ بە زمانی عەرەبی :

٣٢ـ دكتور ابراهيم أنيس، دلالة الالفاظ، القاهرة، ١٩٧٦

٣٣ـ احمد خورشيد النورةضي، مفاهيم في الفلسفة والاجتماع، بغداد، ١٩٩٠

٣٤ـ الدكتور حاتم صالح الضامن، علم اللغة، بغداد، ١٩٨٩

٣٥ـ حسن عون، دراسات في اللغة والنحو العربي، معهد البحوث والدراسات العربية، ١٩٦٩

٣٦ـ الدكتور حسين نصار، دراسات لغوية، قاهرة، ١٩٨١

٣٧ـ الدكتور رشيد العبيدي، أبحاث و نصوص في فقه اللغة العربية، بغداد، ١٩٨٨

٣٨ـ د. رمضان عبدالتواب، المدخل الر علم اللغة، القاهرة، ١٩٨٢

٣٩ـ ر.هـ.روبنز، موجز تاريخ علم اللغة (في الغرب)، ترجمة د.أحمد عوض، مجلة عالم المعرفة، عدد ٢٢٧، كويت، ١٩٩٧

٤٠ـ بروفسور.روي.سي.هجمان، اللغة والحياة والطبيعة البشرية، ترجمة دكتور داود حامي أحمد السيد، الكويت، ١٩٨٩

٤١ـ ستيفن أولمان، دور الكلمة في اللغة، ترجمة دكتور كمال محمد بشير، مكتبة الشباب، ١٩٧٣

٤٢ـ دكتور عبدالصبور شاهين، في علم اللغة العام، بيروت، ١٩٨٠

٤٣ـ الدكتور عبدالكريم الاشتر، النثر المهجري، معهد الدراسات العربية العالية، ١٩٦١

٤٤ـ الدكتور علي عبدالواحد الوافي، فقه اللغة، القاهرة، ١٩٧٢

٤٥ـ فردينان دي سوسور، علم اللغة العام، ترجمة الدكتور يوئيل يوسف عزيز، موصل، ١٩٨٨

٤٦ـ فندريس، اللغة، ترجمة عبدالحميد الدواخلي و د. محمد القصاص، القاهرة، ١٩٥٠

٤٧ـ فوآد حمه خورشيد، اللغة الكردية التوزيع الجغرافي للهجاتها، بغداد، ١٩٨٣

٤٨ـ فـؤاد حمـه خورشيد، لرستان الاقليم الجنوبي من كردستان ايران، مجلة (رۆژی كوردستان) العدد (٦٦)، بغداد، ١٩٨٤

٤٩ـ محمد الطالبي، التأريخ ومشاكل اليوم والغد، مجلة عالم الفكر، المجلد الخامس، العدد الاول، كويت، ١٩٧٤

٥٠ـ دكتور محمود فهمي حجازي، علم اللغة العربية، الكويت، ١٩٧٣

٥١ـ د.نبيل علي، نحو نظرة أشمل للغة، العدد السابع والثامن عشر من سلسلة كتاب قضايا فكرية، القاهرة، مايو١٩٧٧

٥٢- الدكتور نعمة رحيم العزاوي، النقد اللغوي بين التحرر والجمود، مجلة الموسوعة الصغيرة (١٤١)، بغداد، ١٩٨٤

## ٣- به زمانى ئينگليزى

٥٣- C.J. Edmonds. Kurs, turks and Arabes. London. ١٩٥٧

٥٤- HENRY CECIL WYLD , THE GROWTH OF ENGLISH , LONDON , ١٩٤٢

٥٥- J. Lyons , New Horizons In Linguistics , Penguin , ١٩٧٠

٥٦- JOHN LYONS , Language and Linguistics , New York , ١٩٨٥.

٥٧- Leonard Bloomfild , LANGUAGE , LONDON , ١٩٦٩

٥٨- M.M.Van Bruinessen , Agha, Shikh & State , ١٩٦٨

٥٩- Noel,E.M.,Diary of Major E.M. Noel on special duty in Kurdistan from June.١٤th toSeptember ٢١st ١٩١٩,Basrah , ١٩١٩

## ٤- به زمانى فارسى:

٦٠- دكتر برويز ناتل خانلرى، تأريخ زبان فارسى، جلد أول، انتشارات بنياد فرهنك ايران، ١٣٤٩ايرانى

## ﴿ملخص البحث﴾

ان اللغة الكوردية - مثل جميع اللغات البشرية - في تغير مستمر، وسبب هذا التغير يعود الى مدى التطور الحضاري، و ازدياد الافكار والمفاهيم وبالتالي ازدياد الالفاظ وامفردات، وفي الوقت نفسه يبقى الوقت وطاقته للتحدث والفهم محددين، لذا فان اللغات البشرية تسير نحوالاختزال (التلخيص). و تختلف التغيرات التي تطرأ على اللغات بحسب مقاومة الاسباب الخارجية لوصول المستوى الحضاري الى المناطق المختلفة. وتتلخص الاسباب الخارجية المهمة الى في العوامل (الجغرافية، السياسية والنفسية). بيد أن الاسباب الذاتية - كما أشرنا - هي محددية الوقت وطاقته للتحدث والفهم.

و بصورة عامة يكون اختزال اللغة باحدى الطرائق: اختزال الكلمات أو الاصوات و دمج الكلمات أو الاصوات.

ولبيان هذه الظواهر اللغوية والعوامل المتحكمة فيها والاسباب المؤثرة فيها ينقسم البحث على خمسة محاور، و قد حاول الباحث في جميعها الوصول الى أن التغيرات التي حدثت في اللهجة الكرميانية الكوردية هي بمثابة الوثائق العلمية واللغوية التي تؤكد أن الكورد كانت تقطن هذه المنطقة منذ عصور غابرة، وان هذه المنطقة مثل بقية مناطق كوردستان هي جزء من كوردستان.

و يجد القاريء الكريم في ختام البحث أهم النتائج التي توصل اليها البحث مع ثبت المصادر وخلاصة البحث باللغة الانكليزية.


# (Summary)

Kurdish like any other language undergoes a constant chang. The change of any language is due to the development of civilization, the increase of ideas and words. The time and man's ability to speak and hear are stricted and unchangeable. So the languages always tend toword shortning. These changes that come from external obstacles differ according to the speed and the maturuty of civilization in certain areas. The most active external factors are: (geographical, political and psychological ones), while internal factors are the limitation of (time and ability) to speak and hear. Shortening in language is fulfilled through one of the following methods: (elision of words or sounds and combining words or sounds).

The study is divided into five parts through which the researcher tries to prove that the great changes of Gorani dialect concider as linguistic and scientific evidences that Kurds have settled down in this region from ancient times and that the Garmiyan region like any other Kurdish region is part of Kurdistan.

In the end, the conclusions, the list of references, and Arabic summary have been set down.

هەواڵنامەی کتێب

# چەند پیتێکی کێشەدار لە نوسینی کوردیدا

## لێکۆڵینەوەیەکی دەنگسـازیە

پرۆفیسۆر دکتۆر

عەبدوڵلا حوسێن ڕەسول

ئەم تویژینەوەیە لە گۆڤاری زانکۆی دهۆك
پەربەندا ( ۷ )، هژمارا ( ۱ ) تیرمەه( ۲۰۰٤ )
بەرگی ( ۷ )، ژمارە ( ۱ ) تەمموز( ۲۰۰٤ )
لا پەڕە ( ۱-۱۲ ) بڵاوكراوەتەوە.
بەرواری ناردن: شەممە ۱۱/ ۱۰/ ۲۰۰۳

هەوالنامەی کتێب

# چەند پیتێکی کێشەدار لە نوسینی کوردیدا

## پوختە:

لەگەڵ بونی وتار و تۆژینەوەی زۆر دەربارەی بون و نەبونی هەندێ لە پیتە کوردیەکان و چۆنیەتی نوسینیان، بەڵام لەم باسەدا، تۆژەر هەندێ بیرورا و بۆچونی نوێی هەیە، دەربارەی هەندێ لە پیتە کوردیەکان، وەك (( ئـ )، ( i )، ( و/وو )، ( ی/یی )، ( ح/ع )، ( خ/غ )). هەر یەکێ لەم دەنگانە، لە تەوەرەیەکی تایبەتی باسکراوە و لە کۆتایی هەر تەوەرەیەکدا، ئەنجام و پێشنیارەکان دەربارەی ئەو دەنگە خراوەتە ڕو. بە هیوای ئەوەی ببێتە خشتێك لە پرۆژەی ڕاژەکردن و ڕێکنوسینی زمانی کوردی.

## پێشەکی:

بەر لە هەمو شتێك، مەبەست لەم وتارە سەپاندنی ڕای تایبەتی دەستنیشانکراو نیە، بەڵکو خستنەڕوی چەند ڕایەکی زانستی و پێشکەشکردنی چەند ئەنجام و پێشنیارێکی گونجاوە کە ئاسانکاریەکی زۆر دەخاتە ڕێنوسی کوردی بە پیتیەکانی عەرەبی ﴿۱﴾ و لە یەکتر نزیککردنەوەی ڕێنوسی کوردی ﴿۲﴾ بە پیتیەکانی عەرەبی و لاتینیە، کە دەشێ لە ئێستا و

داهاتودا، وەکو بۆچونی زمانەوانی سودی لێ وەربگیرێ و ببێتە دەنگێکی نەرم لە گفتوگۆکانی پێشتر[٣] لەم بارەیەوە. هاندەرێك بێ، بۆ وروژاندنی پێنوسی زمانەوانە تایبە تمەندەکا نمان بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی ڕێنوسی کوردی [٤]، کە دەمێکە کاتی ئەوە هاتوە، بازوی کارامەیی لێ هەڵماڵن.

کێشەی ڕێنوسی هەر زمانێك [٥]، ئەگەر لە پلەی یەکەمیشدا نەبێ، یەکێکە لە کێشە گرنگەکانی زمانەوانی [٦]، چونکە تەنیا زمانەوانان و زانستەکە [٧] ناگرێتەوە، بەڵکو سەرجەم نوسەر و خوێنەرانی ئەو زمانە دەگرێتەوە. ئەگەرچی وتاری زۆر و چەندین کتێبیش لەم بابەتەیان کۆڵیوەتەوە و گەلێ کێشەیان چارەسەرکردون، بەڵام هێشتا هەندێ کێشەی ڕێنوسی ماون، (بە تایبەتی لە دیالێکتی ناوەڕاستدا) کە هۆیەکانیان پتر دەگەڕێنەوە، بۆ جیاوازی نەکردن، لە نێوان فۆن و فۆنێم و لاسایی کردنەوە [٨] و خۆبەستنەوە بە نوسینی عەرەبی [٩]. ئەمەشە هۆی هەڵبژاردن و سنوری باسەکەیە، توژەر تەنیا باسی ئەو پیتانە دەکا کە کێشەدارن لە دیالێکتی ناوەڕاستدا و هەوڵدەدا بە پێی ڕادەی شارەزایی خۆی، هۆکار و ڕێگەچارەیان بخاتەڕو.

بۆ پێکانی ئەو مەبەستە، باسەکە کراوەتە دو بەش: لە بەشی یەکەمدا، کێشەی بزوێنەکان و لە بەشی دوەمدا، کێشەی نەبزوێنەکان، تاوتوێکراوە و لە هەر بەشێکدا، دەنگە کێشەدارەکان خراونەتە بەر تیشکی لێکۆڵینەوە و چارەسەریان پێشنیارکراوە.

لە کۆتایی باسەکەشدا، جگە لە ئەنجامەکان و کورتەی باسەکە بە عەرەبی و ئینگلیزی، لیستی سەرچاوەکانیش بە پێی زنجیرەی ڕیزبەندیی بەکارهێنانیان، پێشکەشکراون.

## بەشی یەکەم ــ گرفتەکانی دەنگە بزوێنەکان:

### تەوەرەی یەکەم ـ دەنگی هەمزە (ئـ)[١٠]:

بەر لە هەمو شتێك دەنگی (ئـ) [١١] هەمزە، دەنگێکی بزوێن نیە [١٢]، بەڵام هەر کاتێ بزوێن کەوتە سەرەتای وشە [١٣]، دەنگی هەمزە (ئـ) [١٤] دروستەبێ، چونکە لە گۆکردنی بزوێندا، دەم کراوەیە و هەوا بەبێ بەربەست لە دەم دێتە دەرەوە [١٥]. (ئەگەرچی بزوێنەکان گڕن، واتە؛ تاڵە ژێیەکان ئەلەرێنەوە، بەڵام ئەمە نابێتە بەربەست)، بۆیە ئەگەر بزوێن کەوتە سەرەتای وشە، پێویستی بە بەربەستێك دەبێ تاکو هەواکە بگرێتەوە [١٦]، ئەگەرنا پێش ئەوەی قسەکەر دەست بە گۆکردنی وشەکە بکا، زۆربەی هەوای پەنگ

خواردوی سیەکان ﴿١٧﴾ دێتە دەرەوە و کرداری تەواوکردنی وشەکە گران دەبێ. ئەم دیاردەیەش لە زمانەکانی تریش هەیە ﴿١٨﴾:

| | بزوێن | نمونە بە پیتی عەرەبی | بە پیتی لاتینی | نمونەی ئینگلیزی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ا | (ئـ)او، (ئـ)اش، (ئـ)اوس | Aw, Aŝ, Aw( i )s | Are/ɑ:(r)/,Ash/æʃ/ |
| ٢ | ۆ | (ئـ)ۆ، (ئـ)ۆمەر، (ئـ)ۆکتۆبەر | O,Omer,Oktober | O, October/ɒktəʊbə/ |
| ٣ | ێ | (ئـ)ێرە، (ئـ)ێستە، (ئـ)ێش | Ĕre, Ĕste, Ĕŝ | Egg/eg/, earn/ɜ:n/, |
| ٤ | ە | (ئـ)ەو، (ئـ)ەنجام ، (ئـ)ەستور | Ew, Encam,Estûr | Abet/əbet/, ago/əgəʊ/ |
| ٥ | یـ | (ئـ)یش، (ئـ)یدی، (ئـ)ینگلیز | Îŝ, Îdî, Înglîzî | Ear/ɪə(r)/, English/ɪŋglɪʃ |
| ٦ | و | (ئـ)وتی، (ئـ)ومێد ، (ئـ)وتێل | Utî, Umĕd, Utĕl | نمونەی ئینگلیزی لەم جۆرە نیە |
| | i | منن، کورند، جنوان | Min,Kurid,Ciwan | Texts/teksts/, Actions/ækʃns/ |

ڕێژەی کرانەوەی دەم، لە دەنگێك بۆ دەنگێکی تر دەگۆڕێ و ئەمەش وایکردوە، کە دەنگەکان دابەش بن بۆ بزوێن و نەبزوێن ﴿١٩﴾ ﴿٢٠﴾ و بە هۆی بە دوای یەکدا هاتنیان میکانیکیەتی ﴿٢١﴾ ئاخاوتن بەردەوام دەبێ. بۆ نمونە، دەتوانرێ، بە شێوەیەکی گشتی بەم شێوەیە دابەش بکرێن ﴿٢٢﴾:

| ڕێژەی کرانەوەی دەم | دەنگەکان | جۆری دەنگ |
|---|---|---|
| کرانەوەی زۆر | ا | بزوێنەکان |
| کرانەوەی ناوەندی | ێ ۆ | |
| کرانەوەی ئاسایی | ە | |
| نیمچەکراوە | ی و | نیمچەبزوێن |
| نیمچەداخراو | س، ش، ف، ڤ، م، ... | نەبزوێن |
| داخراو | ب، پ، د، ك، گ، ... | |

بە وردەسەرنجێك لەم دەنگانەی سەرەوە، پتر دەردەکەوێ، کاتێ دەنگێکی بزوێن بکەوێتە سەرەتای وشە، لە بەر ئەوەی دەم کراوەیە ﴿٢٣﴾ و بۆ گرتنەوەی هەوا بەربەستێك لە ڕێی دەرچونی هەوا نیە، بە ناچاری بمانەوێ و نەمانەوێ، دەنگی هەمزە (ئـ) ﴿٢٤﴾ وەکو دەمگر( صمام/valve )ێك دروستەبێ و تاکو قسەکەر تانێکی تێ نەداو نەیکاتەوە، ڕێگەی هەوا نادا لە خۆیەوە و بێ سود بێتە دەرەوە ﴿٢٥﴾، بۆ ئەوەی هەواکە پاشەکەوت بێ بۆ گۆکردنی وشەکە و بەشی ئاخاوتنەکە بکا. چەند بەڵگەیەکی بەهێزیش هەیە بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستیانە:

١ــ تەنیا لە کاتێکدا بزوێن لە سەرەتا بێ، ئەم (ئـ) ﴿٢٦﴾ هەمزەیە پەیدا دەبـێ و ئەگـەر بزوێنەکان لە سەرەتای وشە نەبون، پێویست بەم دەنگـە ناکـا ﴿٢٧﴾ و نەبزوێنـەکان ڕۆڵـی ڕێکخستنی تەوژمی هەواکە دەبینن و چۆنیەتی دروستبون و گۆکردنی ئەوان، دەسەڵات بە سەر چاودێری کردنی ڕەوگەی هەواکە پەیدا دەکا، هەربۆیە کاتێ هەمان وشەی هەمزەدار فۆڕمێکی تری بکەوێتە پێش، بزوێنەکە پێویستی بە هەمزەکە نامێنێ ﴿٢٨﴾، بێ ئەوەی کار لـە واتـا بکا:

| بزوێنی سەرەتای هەمزەدار | هەمان وشە لە دوای فۆڕمێك | بزوێنەکە دوای سەرەتا |
| --- | --- | --- |
| ا (ئـ)او ، (ئـ)اش ، (ئـ)ا | ماستاو ، باراش ، نا | کارامە ، دارا ، چیا |
| ۆ (ئـ)ۆ ، (ئـ)ۆمەر | دۆ ، مامۆمەر | پاپۆڕ ، لۆکە ، پەمۆ |
| ێ (ئـ)ێرە ، (ئـ)ێش | لێرە ، سەرێشە | شێر ، بێشە ، نوێ |
| ە (ئـ)ەنجام ، (ئـ)ەستور | دەرەنجام ، ورگەستور | وەرەوە ، ڕەوڕەوە |
| یـ (ئـ)یش، (ئـ)یدی، (ئـ)یتر | پڕیش ، چیدی ، چیتر | شینایی ، کوردایەتی |

٢ــ پەیدابونی هەمزە (ئـ) لە دەسپێکی بزوێنی سەرەتا، لـە زمانـەکانی تریشـدا هەیـە و دیاردەیەکی فۆنەتیکیە، نەك فۆنۆلۆجی، (بڕوانە نمونە ئینگلیزیـەکانی خشـتەی یەکـەم) ﴿٢٩﴾. ئەگەر نمونە کوردیەکانیش بە پیتی لاتینی بنوسرێنەوە، پێویست بە هـەمزە ناکـا، (بڕوانە نمونە کوردیەکان بە پیتی لاتینی ﴿٣٠﴾، لە هەمان خشتەدا).

٣ــ دانان و دانەنانی ئەم هەمزەیە (ئـ) لە نوسیندا، کار لە چۆنیەتی دەربڕینی وشەکە و لە واتای وشەکەش ناکا، کەواتە؛ ئەم دەنگە فۆنیم نیە ﴿٣١﴾ و تەنیا ئەرکی فۆنەتیکی هەیـە، چونکە فۆنیم کورتترین دەنگە کە واتا دەگۆڕێ ﴿٣٢﴾. بەم جۆرە ئەگەر فۆنیم نەبێ، ڕەوا نیـە لە نوسیندا هێمایەکی ﴿٣٣﴾ وەکو پیتی بۆ دابنرێ ﴿٣٤﴾. ئەم دەنگە لەسەرەتادا نەدەنوسـرا، لە نوسینەکانی پێش ساڵی ١٩١٩، نیگـاری هـەمزە (ئـ) نـابینرێ، بـەڵام لـە دواییـدا بـە لاسـاییکردنەوەی سـەر و ژێـر و بـۆر ﴿٣٥﴾ (فتحـە، کسـرە و ضمە ﴿٣٦﴾)ی عـەرەبی ﴿٣٧﴾، یەکەمجار لە شێوەی (أ) و دواییش لە شێوەی (ئـ) لە نوسینی کوردیدا پەیدابوە. لـە زمـانی عەرەبیـدا، هـەمزە فۆنیمێکـە و هەنـدێ جـار دەبێتـە مـۆڕفیم و لادانـی دەبێتـە هـۆی واتاگۆڕین ﴿٣٨﴾.

٤ــ ژمارەی ئەو وشانەی دەنگی (و) یان (یـ)ی نەبزوێنیان لە سـەرەتا هاتبـێ زۆرن، بـەڵام ژمارەی ئەو وشانەی (و)، یان (یـ)ی بزوێنیان لە سەرەتا هاتبێ، زۆر دەگمـەنن و ئەوانـەش کە هەن، زۆربەی لە بنەڕەتدا کوردی نین. هەروەها وشەی ڕەسەنی کـوردی، دەنگـی (ۆ)ی لـە پێشەوە بێ، دیسان زۆر کەمن ﴿٣٩﴾:

| (و)ی نەبزوێن | (و)ی بزوێن | (یـ)ی نەبزوێن | (یـ)ی بزوێن | (ۆ)ی سەرەتا |
|---|---|---|---|---|
| وریـــا، ومرە، ورچ، وشــــە، وشـــتر، وازی، وێـران، وانــە، ویستن، وشك | نــوتی، نوتێــل، نومێد، (زۆر جار دەنگی (هـ) لە جیاتی دەنگی (ئـ) بەکار دێ، دەشێ دەنگی (هـ) بنەرەت بێ). | یـەزدان، یـار، یــاری، یــان، یــانزە، یــاد، یاسـا، یاسـاخ، یانە، یەك، | نـــیش (عـــیش)، نینجـــا (ان جاه)، | نـۆخ، نۆخـەی، نـۆغر، نـۆقرە، نۆبالّ |

٥ ــ هەندێ جار دەنگی هەمزە (و) دەکەوێتە کۆتـایی ئـەو وشـانەی کۆتاییـان هـاتوە بـە بزوێنی (ە/ ا)، وەك لە وەڵامدانەوە بە نەرێ: (نەء)، ئەمەش دیسان بۆ گرتنـەوەی هەواکـە بەکاردێ.

## ئە نجام و پێشنیار:

هەمو بەڵگەکان دەیسەلمێنن، کە لە زمانی کوردیدا، هـەمزە (ئــ) فـۆنیم نیـە«٤٠». کەواتە؛ پێویست ناکا، نرخێکی بۆ دابنرێ و پیتێکی بۆ تەرخان بکرێ. بۆیە وا ڕاسـتترە لــە نوسیندا نەنوسرێ. ڕەنگە ڕاهاتن لە سـەر نەنوسـینی ئاسـان نـەبێ، چـونکە بـە نوسـینی ڕاهاتوین، بەڵام نەنوسـینی گرفتێکـی ڕەنوسمـان چارەسـەر دەکـا. ئـەوەی کـە پـتر پێـی ڕانەهاتبین (ە)ی سەرەتایە، ئەویش ئەگەر وەکو خۆیشی نەنوسن، دەشێ، فۆرمێکی وەك (و)ی سەرەوژێری بۆ هەڵبژێرین، وەك (٭). جگە لەمەش دەبێ، بەو بڕیارەدا بچینەوە، کـە دەڵـێ: بڕگەمان نیە، بە بزوێن دەست پێ بکا «٤١»، یان بڕگەمان نیـە، تـەنیا بزوێنێـك بـێ«٤٢». وەك:

(پرسیار): نانت خواردوە؟ (وەڵام): (ئـ)ـا.

(داخوازی): لە یادت نەچێ، ئەم کارە بکەی. (وەڵام): (ئـ)ێ، (ئـ)ێ، خەمت نەبێ.

## تەوەرەی دوەم ـ دەنگی بزرۆکە (i)«٤٣»:

چەند سەرنجێکی گرنگ دەربارەی بزرۆکە تێبینی دەکرێن:

١ـ بزرۆکە (کسرة مختلسة) ئەو کورتە دەنگەیە «٤٤»، کە دەکەوێتە نێوان دو نـەبزوێن «٤٥». واتە؛ لە ئە نجامی گواستنەوەی شوێنی دروستبونی نەبزوێنی یەکەم بـۆ نـەبزوێنی دوەم لــە ناو دەمدا، نەختێك هەوا دەرەچێ و ئەم بزرۆکەیە دروسـتەکا«٤٦». بـۆ نمونـە، لــە وشـەی (من)دا، لە هەردو دەنگی (م) و (ن)دا هـەوا لــە لـوت دەرەچـێ، بـەڵام لــە (م)دا جوتبـونی لێوەکان، ڕێگە لە هەوای دەم دەگرێ و لە (ن)دا جوتبونی پێشەوەی زمان و پێشەوەی مەڵاشـو ڕێگەی هەوای دەم دەگرێ، بەڵام تـا قسەکەر لێوەکان لێکدەکاتەوە و پێشـەوەی زمـانی بـەرز دەکاتەوە بۆ پێشەوەی مەڵاشو، نەختێ هەوا لە میانی ئەو کرداری ڕاگوێزانە دزە دەکـا و لــە

دەم دەچێتە دەرەوە، بەم بڕە هەوایە بزرۆکە دروستەبێ. ئەم بڕە هەوایەش ئەگەر لە نێوان دو دەنگی«٤٧» کپ بێ، وەك: ( خت، کش، چك، پف، کپ ... ) بە کپی دەرەچێ و ئەگەر لە نێـوان دو دەنگی گڕ بێ، بە گڕی دەرەچێ، وەك: ( من، ژن، گڤ، بن، بڤ، گن ... )، بەڵام لە نێـوان گڕێك و کپێك یان بە پێچەوانە، ئەوا خۆیشـی بـە ڕێـژەی کاریگـەریی هـەر یـەکێك لـە دو دەنگەکە، گڕ و کپی تێدەکەوێ. ئەم سیمایەش لە دەنگەکانی تر بەو ڕێژەیە نیـە کـە کپـی و گڕیان بە تەواوی بگۆڕێ.

٢ـ دانان و دانەنانی، واتە؛ نوسین و نەنوسینی، نابێتە هۆی تێکدان، یـان گـۆڕینی واتـای وشەکە«٤٨»، وەك: ( مـiـن، کورiد، جـiـوان.../ مـن، کـورد، جـوان... )، کەواتـە؛ ئـەم دەنگەش پێناسەی فۆنیمی بە سەردا ناسە پێ و فۆنیم نیە و دیاردەیەکی فۆنەتیکیە«٤٩».

٣ـ ئەم دیاردە فۆنەتیکیە لە زمانی تریشدا هەیە«٥٠»، وەك لە هەندێ وشەی ئینگلیزیدا پتر لە سێ کۆنسونانت بەدوا یەکدا دێن و دیاردەکـە بـە ( هێشـوە کۆنسـونانت«٥١»/ Consonant Cluster «٥٢» ) ناو دەبەن. وەك لە ( تێکستس، Texts/teksts/, ئـ )ەکشنس، Actions/æk□ns/، ستیودنتس Students/stju:dnts ... )«٥٣». ئایا بۆ لە زمانێکی تری هیندۆ-ۆڕوپی ئەبێ چوار نەبزوێنن بە دوای یەکدا بێن و لە زمانی کوردی نابێ؟ جگە لەمە، بە پێوەری ئێمە بـێ، لـە نێوان هەمویان ئەم بزرۆکە هەیە، کە کورت و درێژیەکەی بە پێی کەوتگەی نێوانیان دەگۆڕێ.

٤ـ لـە بڕگەکاریـدا هەنـدێ جـار ( i ) دەنگێکـی ئارەزومەنـدە، واتـە؛ پەیـدا دەبـێ، یـان پەیدانابێ، بەتایبەتی لە پێش بڕگەی ( وان )دا. بۆ نمونە: ئەگەر هـەر یـەك لـەم وشـانە ( /شوان/، /جوان/، /ژوان/ ... ) بە بڕگەیەك دابنێین، ئەوا بزرۆکە پەیدا نابێ، بەڵام ئەگەر بە دو بڕگەیان دابنێین، ئەوا بزرۆکە پەیدا دەبـێ ( /شـiـ/وان/، /جـiـ/وان/، /ژi/وان/... ). ئەمەش لە گەڵ سیمای فۆنیم ناگونجێ.

ئەنجام و پێشنیار:

ئەگەرچی بزرۆکەش وەکو هەمزە ناتوانرێ، نکوڵی لە بونی بکرێ، بەڵام پەیـدابونی دیاردەیەکی فۆنەتیکیە، نەك فۆنۆلۆجی و نوسینی و نەنوسینی، نە واتا دەگـۆڕێ«٥٤» و نـە واتا تێك دەدا. کەواتە؛ فۆنیم نیە و پێویست ناکا، نرخێکی بۆ دابنرێ و پیتێکی بۆ تەرخان بکرێ. بەمەشدا دەبێ، بە یاساکانی بڕگەکاریدا بچینەوە«٥٥» و بڕگەی فۆنەتیکی و بڕگـەی فۆنۆلۆجی لە یەك جیا بکەینەوە و دان بەوەدا بنێین، بڕگەی فۆنەتیکیمان هەیە، کە فـۆنیم یا پیتی بزوێنی لە نێواندا نیە، وەك: ( من، ژن، گڤ، بن، بڤ، گن، خت، کش، چك، پف، کپ ... )، کە ڕەنگە دەنگی نێوانیان گڕ، یا کپ بێ. هەروەها دەبێ، لە زمانەکەماندا، دان بە بونی ( هێشوە کۆنسونانت ) بنێین.

## تەوەرەی سێیەم ـ دەنگی ( وو/و ):

تا ئێستا زۆر لە نوسەران گرفتی نوسینی یەك ( و ) و دو ( و )یان ﴿٥٦﴾ هەیە، تەنانەت هەندێ جار لە هەمان نوسیندا چەندین وشە بە هەردو شێوە دەبینرێن، وەك: ( ولآت/ وولآت، وشە/ ووشە، نوسین/ نووسین، جوتیار/ جووت، چوون/ دەچوین، بووك/ بوكێنی، سووك/ سوكایەتی، پەڕتووك/ پەڕتوكخانە ......

هەردو دەنگی ( و ) و ( ی )، نیمچە بزوێنن، چونکە لە کاتی گۆکردنیان ڕێژەی کرانەوەی دەم لە نێوان بزوێن و نەبزوێنەکاندایە، واتە؛ لە چوار بزوێنە سەرەکیەکە ( ا، ێ، ۆ، ە ) کەمتر کراوەیە و لە نەبزوێنەکان پتر کراوەیە، بۆیە ئەگەر لە بڕگەیەکدا یەکێ لەم چوار بزوێنە سەرەکیەیان لە پێش یا لە دوادا هات، خۆیان بە نەبزوێن دادەنرێن، بەلآم ئەگەر یەکێ لەم بزوێنانەیان لە تەك نەهات، ئەوا خۆیان دەبن بە بزوێن. ئەم دو دەنگە لە نێوان خۆشیاندا کامەیان لە سەرەتای بڕگە بێ، نەبزوێنە ( وی، یو ).

ئەو سەرنجانەی دەربارەی دەنگی ( و ) یا ( وو ) تێبینی دەکرێن:

١ـ دەتوانرێ شوێنی ( و )ە کورتەکان و ( و )ە درێژەکان، بەم شێوەیەی خوارەوە، دەستنیشان بکرێ:

| ( و ) لە سەرەتای بڕگە بێ | ( و ) لە ناوەڕاستی بڕگە بێ | ( و ) لە کۆتایی بڕگە بێ |
| --- | --- | --- |
| کورتە: واتا، وازی، واژە، والآ، وانە، وەچە، وەریــن، وەرز، وەرگرتن، وەرد، وەرە، وەرزێر، وەستان، وەنەوشە، ورتە، وریا، ورچ، وردە، ورشە، وشك، ولآت، وتار، ولآخ، وێران، وێنجە، وێژە، وێنە، ویستن، ... | أـ کورتە: جوان، چەوت، حەوت، خەوت، دوان، ڕوان، ژوان، شوان، گوان، لوان، ... خوڕ، دوڕ، شوڕ، کوڕ، گوڕ، لوڕ، هوڕ، .... ب ـ درێژە: ئەگەر یەکێ لەم سێ پیتەی ( ر/ ك/ ن ) بە دوادا هاتبێ، درێژ دەبێتەوە: پور، تور، دور، زور، ژور، سور، ... بوك، پوك، توك، سوك، نوك، ... بون، چون، ڕون، ... | أـ کورتە: ئەگەر نەبزوێن بێ، واتە؛ بزوێنێکی لە پێشدا هاتبێ، کورتە: ناو، ئەو، چاو، جاو، خەو، خاو، خێو، دێو، ڕاو، زێو، سێو، شێو، شیو، لاو، لێو، مێو، ناو، ..... ب ـ درێژە: ئەگەر بزوێن بێ، واتە؛ بزوێنێکی لە پێشدا نەهاتبێ، درێژە: بو، تو، جو، چو، خو، دو، ڕو، زو، شو، مو، ... |

٢ـ دەنگی ( و ) بە پێی کەوتنگەی لە بڕگەدا کورتی و درێژیەکەی دەگۆڕێ، واتە؛ پتر لە ئەلۆفۆنێکی هەیە، هەرچەندە کورت و درێژیەکەشی بە دەم و بە ئەنقەست دەسکاری و ئالوگۆڕ بکرێ، واتای وشەکە ناگۆڕێ، جگە لە وشەی ( کوڕ )، لە درێژ کردنەوەی ( و )دا واتای دەگۆڕێ و دەبێتە ( کووڕ )، واتە ئەم وشەیە لە

گریمانەکە ناوێزە دەرەچێ و دەشێ ئەم تاکە وشەیە بە دو (و) بنوسرێ، واتە؛ وشەی (کوڕ) سێ فۆنیمە: (ك + و + ڕ)، بەڵام وشەی (کووڕ) چوار فۆنیمە: (ك + و + و + ڕ).

٣ـ لە چاوگە (و)یەکاندا گرفتی یەك (و) و دو (و) پتر ئاشکرا دەبێ، چونکە لە هەشت چاوگە (و)یەکەی شێوەی نوسینی ناوەڕاستدا، دو چاوگ، یەك (و)یان هەیە، کە مۆرفیمی کاتی ڕابوردوە و شەش چاوگ، دو (و)یان هەیە: یەکێکیان لەگەڵ ڕەگی کارەکە دایە و یەکێکیان مۆرفیمی کاتی ڕابوردوە، وەك لەم خشتەیەدا دیارە:

| چاوگ لە ستانداردا | چاوگ لە هەندێ شێوەزاری تردا | ڕەگی چاوگ | مۆرفیمی ڕابوردو | (ن)ی چاوگ |
|---|---|---|---|---|
| بون | بین | بـ | و/ یـ | ن |
| چون | چین | چـ | و/ یـ | ن |
| جوون | جوین/جاوین | جو | و/ یـ | ن |
| دروون | دروین/دورین | درو | و/ یـ | ن |
| سوون | سوین/سوان | سو | و/ یـ/ ا | ن |
| فەرموون | فەرموین | فەرمو | و/ یـ | ن |
| گروون | گروین/گروان | گرو | و/ یـ/ ا | ن |
| هەنوون | هەنوین | هەنو | و/ یـ | ن |

**ئەنجام و پێشنیار:**

لە کوردیدا دەنگی (و) کورت بێ، یا درێژ، یەك فۆنیمە و پێویست بەوە ناکا، بە دو شێوە بنوسرێ، چونکە واتا ناگۆڕێ. تەنیا وشەی (کووڕ)[135] پێویستە بە دو (و) بنوسرێ، لەگەڵ ڕەچاوکردنی چاوگە (و)یەکان، وەك لە خشتەی سەرەوەدا دیارە.

**تەوەرەی چوارەم ـ نوسینی یەك (ی) و دو (یی):**

یەك (ی) بە تەنیا لە نوسیندا گرفت پەیدا ناکا، بەتایبەتی ئەگەر لە سەرەتای وشە بێ، بەڵام گرفتەکانی نوسینی (ی) لەم دۆخانەی خوارەوەدا پەیدا دەبێ:

١ـ کاتێ ناوێك کۆتایی بە پیتی (ی) هاتبێ و بەهۆی (ی) ئامرازی پەیوەندیەوە بە ناوێکی تر ببەسرێتەوە، پێویستە ڕەچاوی ئەوە بکرێ، کە سەرجەم دەبێتە دو (ی)«٥٦». وەك:

ـــ ئازادیی کوردەکان، بە ڕادەی ڕۆشنبیریی گەلانی دەوروبەرەوە بەندە.

ـــ لە شانۆگەریی ـ یاریی منالان ـ پەریی خوشکم ئامادەی کردبو.

١٣٥ یان هەر وشەیەکی تری لەو بابەتە، ئەگەر هەبێ.

له گۆكردندا ئەم دو (يی)ە، وەك يەك (ی) گۆ دەكرێن، چونكە دەكەونە يەك بڕگـە و دەنگی (ی)ـە بزوێنەكە دەنگی (ی)ـە نەبزوێنەكە خامۆش دەكا.

٢ـ كاتێ ناوێك كۆتـايی بە پيتی (ی) هاتبێ و ڕاناوی لكاوی كەسی سێيەمی تـاك، يـان كـۆی (دەستەی خاوەنی)ی بە دوادا بێ، دەبێ ڕەچاوی ئەوە بكرێ، دەبێتە دو (ی)، وەك:

ــــ كوردەكان ئاشتی خوازن، ئازادييان لـێ زەوت مەكەن.

ــــ ئەو قوتابيە زۆر زيرەكە، دياريی پێ بدەن.

٣ـ كاتێ ناوێك كۆتـايی بە دو پيتی (يی) هاتبێ و بـەهۆی (ی) ئـامرازی پەيوەنديـەوە بـە ناوێكی تر ببەسرێتەوە، يان ڕاناوی لكاوی كەسی سێيەمی تـاك يان كۆی (دەستەی خاوەنی)ی بە دوادا بێ، پێويستە ڕەچاوی ئەوە بكرێ، كە لە ڕوی تيۆريەوە، كۆی سەرجەميان دەبێتە سێ (ی)، وەك:

ــــ كۆتـاييـی هەمو بونەوەرێك، مردنە.

ــــ لە بۆشاييـی ئاسمان كێشی مرۆڤ كەم دەبێتەوە.

ــــ شاييـيـان لـێ مەكەن بە شين.

ــــ بەرانێكی زەنگوڵداريان لە بەراييـی كاروان دادەنا.

بەڵام لە ڕوی پراكتيكيەوە، نوسينی سێ (ی) ئاسان نيە، لە ڕوی گۆكردنيشەوە، هـەروەك دو (ی) گۆ دەكرێن. بۆيە، وا پەسەند دەكرێ، كە هەر بە دو (ی) بنوسرێن.

٤ـ لە كاتی نوسينی كاری ڕابوردو لە چاوگە (ی)يەكاندا، كارەكە كۆتـايی بە (ی)ی مـۆرفيمی كاتی ڕابوردو دێ، بۆيە دەبێ، ڕەچاوی بە دواداهاتنی ئەو ڕاناوە لكاوانە بكرێ، كـە يەكـەم پيتيان (ی)يـە، وەك:

ــــ من فڕيم، تۆ فڕيـی، ئەو فڕی∅، ئێمە فڕيـيـن، ئێوە فڕين، ئەوان فڕين.

ــــ من خزيم، تۆ خزيـی، ئەو خزی∅، ئێمە خزيـيـن، ئێوە خزين، ئەوان خزين.

ــــ من كڕيم، تۆ كڕيت، ئەو كڕيـی، ئێمە كڕيمان، ئێوە كڕيتان، ئەوان كڕيـيـان.

ــــ نوسيم، نوسيت، نوسيـی، نوسيمان، نوسيتان، نوسيـيـان.

٥ ـ كاتێ دەنگێكی بزوێن بەتـايبەتی (ـە)، بە دوای دەنگی (ی)دا دێ، ئـايا دەبێ بە دو (ی)؟ يان نا؟. لەم بارەدا لە بەر ئەوەی (ی) نيمچە «٥٧» بزوێنە، دەشـێ، بـە پێـی دابەشـكردنی بڕگەكان، بزوێن بێ، يا نەبزوێن. واتە؛ ئەگەر دەنگی (ی) و دەنگـی (ـە) هـەردوكيان بـە بزوێن دابنرێن و هەر يەكەيان لە يەك بڕگە دابنرێن، ئەوا پێويستييان بە (ی)ێكی نـاوبڕی نەبزوێن دەبێ، بەڵام ئەگەر هەردوكيان لە يەك بڕگە كۆبكرێنەوە، ئەوا دەنگی (ی) دەبێتـە نەبزوێن و پێويست بە (ی) ناوبڕی نەبزوێن ناكا. وەك:

| ئەگەر ( ی ) بە نەبزوێن دابنرێ ( یەك برگە ) | ئەگەر ( ی ) بە بزوێن دابنرێ ( دو برگە ) |
|---|---|
| ئـــــەم بابەتـــــە ( دەنگ/ســـــا/زیە )/ ( دەنگ/ساز/یە ). | ئەم بابەتە دەنگ/سا/زیـ/یـە. |
| ئەم هەژارە پارەی/نیە/. | ئەم هەژارە پارەی/نیـ/یـە/. |
| ئەم بۆ/شایـ/یا/نە پڕ بکەوە. | ئەم بۆ/شا/یـ/یا/نە پڕ بکەوە. |
| دیـار/یێ/کی بۆ بنێرە. | دیا/ریـ/یێ/کی بۆ بنێرە. |

ئاشکرایە، جۆری یەکەم ئاسانتر و بێ گرفتترە، لە ڕوی پڕاکتیکیەوە.

**ئەنجام و پێشنیار:**

ئەو وشانەی کۆتاییان بە یەك پیتی ( ی )، یان دو پیتی ( یی ) دێ و پاشگرێکیان بـە دوادا دێ، کە بە پیتی ( ی ) دەستپێبکا، پێویستە لە نوسیندا فەرامۆشی هیچـیان نـەکرێ، ئەگەر لە گۆکردنیشدا دەرنەکەون. هەروەها ئەگەر دەنگی ( ی ) بزوێنێکـی بـە دوادا هـات، وا ئاسانترە، هەردوکیان لە برگەیەکدا کۆ بکرێنەوە، تـاکو پێویست بـە ( ی )ێکـی تـری نـاوبڕ نەکا.

## بەشی دوەم : گرفتەکانی دەنگە نەبزوێنەکان:

### تەوەرەی یەکەم ـ دەنگی ( ح ) و دەنگی ( ع )﴿٥٨﴾ :

لە ڕاستیدا گرفتی تێکەڵکردنی هەردو دەنگی ( ح ) و ( ع ) لە نوسیندا، بە دەگمەن ڕودەدا، بەتایبەتی لای چینی ڕۆشنبیر، بەڵام گرفتەکە لە سێ لایەن دەبینرێ:

- لایەنی نەبونی ئەم پیتانە لە نوسین بە پیتی لاتینی. ئەمەش پرسیارێك دەوروژێنێ، کە ئایا ئەم دو دەنگە لە زمانی کوردیدا فۆنیمن، یان نا؟ ﴿٥٩﴾.
- لایەنی تێکەڵکردنیان لە هەندێ شێوەزاردا. ئەمەش پرسیاری ئەوە دەوروژێنێ، کە ئایا لە زمانی کوردیدا دو ئەلۆفۆنی هەمان فۆنێمن ﴿٦٠﴾، یان دو فۆنێمی جیان؟.
- هەروەها ئایا وشەی کوردی ڕەسە نمان هەیە، ئەم دو دەنگەی تیادا بێ؟ ﴿٦١﴾.

چەند سەرنجێك دەربارەی دەنگی ( ح ) و دەنگی ( ع ):

**١ـ لەوە دەچێ دەنگی (ح) «٦٢» و دەنگی (ع)، دو دەنگی ڕەسەنی کوردی نەبن و بە کاریگەریی زمانی عەرەبی لە سەر زمانی کوردی، هاتبنە ناو زمانی کوردیەوە، بە بەڵگەی ئەوەی، لەو زمانە هیندۆ-ئۆرو پیانەدا بەدیناکرێن کە نەکەوتونەتە ژێر کاریگەریی زمانی عەرەبی، بە تاییەتی گەلە هیندۆ- ئۆروپییە ناموسوڵمانەکان، جگە لەمەش ئەو وشە کوردیانەی یەکێ لەم دو دەنگەیان تیادا بێ، زۆر دەگمەنن و ئەوانەش کە لە ئارادان، گومانی خۆماڵییان لێ دەکرێ.**

**ئەو وشانەی دەنگی (ح)یان تیادا بێ، وەك: (حەفتە/ هەفتە، حەوت/ حەفت، حەفتا، {دەشێ، لە هەفتەوە وەرگیرابن، واتە؛ (هـ) گۆڕابێ بۆ (حـ)}، حەوانەوە، حەسانەوە، {ئەمانەش لەوە دەچێ، لە (احتواء) و (أحسن)ەی عەرەبییەوە وەرگیرابن}. ئەو وشانەی دەنگی (ع)یان تیادا بێ، وەك: (باعەباع) لاسایی دەنگی گیانەوەر و (عەلیشیش) نامۆ و وەرگیراو بێ. جگە لەمانە بە دەیان وشەی عەرەبی بە تاییەتی ناوەکان هاتونەتە ناو زمانی کوردی، بێگومان، بۆ زاڵبونی هەر زمانێك، قۆناغی هاتنی وشە، پێش قۆناغی دەنگە.**

**٢ـ ئاڵوگۆڕکردنی ئەم دو دەنگە لە زمانی کوردیدا، (بە تاییەتی لە شێوەزاری سۆرانی)، نابێتە هۆی گۆڕانی واتا، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەکی وەك: ناڕەسەنی ئەم دو دەنگە لە زمانی کوردیدا و دروستبونیان لە هەمان شوێنگەی (دەرچە) قوڕگدا، (تەنیا جیاوازییان: دەنگی (ح) کپە و دەنگی (ع) گڕە). هەروەها نەبونی چەند وشەیەکی ڕەسەن بە هەر یەکێ لەم دو دەنگە، هەرچەندە تێکەڵکردنیان لە ناو چینی ڕۆشنبیران زۆر دەگمەنە. ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ؛ لە زمانی کوردیدا دەتوانرێ، بە پێوەری زمانەوانی، بە ئەلۆفۆنی یەکتر دابنرێن.**

**٣ـ لە نوسینی کوردی بە پیتی لاتینیدا، ئەم دو دەنگە نرخیان بۆ دانەنراوە و هیچ هێمایەکیان بۆ نەکراوە بە پیت، (هـ) لە بری (ح) دەنوسرێ و لە بری (ع)یش یا ئەو بزوێنە دەنوسرێ کە بە دوایەوە دێ، واتە؛ وەك هەمزە نرخی نەدراوەتێ، یان دەکرێتە (هـ). وەك لەم خشتەیەدا:**

| دەنگی (ح) | بە پیتی لاتینی | دەنگی (ع) | بە پیتی لاتینی |
|---|---|---|---|
| حەوت | Hew(i)t | عەلەشیش | Elešîš/ Helešîš |
| حەوانەوە | Hewanewe | باعە باع | Bahe bah/ Břebař |
| حەسانەوە | Hesanewe | عەرد | Her(i)d/ Er(i)d |

**بەم پێیە دەشێ ئەم دو دەنگە (ح، ع) بە دو ئەلۆفۆنی (هـ) دابنرێن.**

**ئە نجام و پێشنیار:**

لە بنەڕەتدا هەردو دەنگی ( ح، ع ) کوردی ڕەسەن نین و لە عەرەبی هاتونەتە ناو زمانی کوردی و تا ئێستا وشەی ئەوتۆیان پێ دروست نەبووە، کە ئاڵوگۆڕیان ببێتە هۆی واتا گۆڕین. دەشێ، دەنگی ( ھ ) لە شوێنی هەردوکیان دابنرێ، بێ ئەوەی واتا بگۆڕێ. جگە لەمەش، بە پیتی لاتینی هێمایان بۆ نەکراوە. دەشێ، هەردوکیان بە ئەلۆفۆنی ( ھ ) دابنرێن.

**تەوەرەی دوەم ـ دەنگی ( خ ) و دەنگی ( غ ):**

ڕەنگە لە نوسیندا گرفتێکی ئەوتۆ لە ئارا نەبێ، شایانی تاوتوێکردن بێ. بەڵام تا ئێستا هەندێ وشە دەبینرێن کە هەرجارەی بە یەکێ لەو دو دەنگە دەنوسرێن، بێ ئەوەی کار لە واتایان بکا﴿٦٣﴾. بۆ نمونە وەك: ( خەم/ غەم، خونچە/ غونچە، باخ/ باغ، داخ/ داغ، خیرەت/ غیرەت، دۆزەخ/ دۆزەغ، .......... ). ئایا کامەیان ڕاستە؟ یان ئایا کامەیان ڕەسەنە؟ ئایا ئەم دو دەنگەش ئەلۆفۆنن؟ یان نا؟.

چەند سەرنجێك دەربارەی دەنگی ( خ ) و دەنگی ( غ ):

١ـ ئەگەر سەیری دیوانە کۆنەکانی شاعیرە کلاسیکیەکان بکەین، دەبینین، زۆربەی ئەم جۆرە وشانە بە پیتی ( غ ) نوسراون، بەڵام بە تێپەڕبونی کات، بەرە بەرە تا بەرەو سەردەمی نوێ بێین، ڕێژەی بەکارهێنانی پیتی ( خ ) زۆرتر دەبێ، بەرامبەر پیتی ( غ )﴿٦٤﴾. دەشێ، ئەمەش بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی دەنگی ( خ ) لە گۆکردندا، سوکترە لە دەنگی ( غ )، چونکە دەنگی ( خ ) کپە و دەنگی ( غ ) گڕە، ئەگەرچی هەردوکیان لە هەمان شوێنگەی قوڕگ و بە هەمان چەشن دروستەبن.

٢ـ لە کۆمەڵێ وشەدا، لە شوێنی یەکتر بەکاردێن و کار لە واتای وشەکان ناکا، بە تایبەتی دەنگی ( خ )، دەتوانێ، لە هەمو وشەیەك لە شوێنی دەنگی ( غ ) بە کاربێ. بەڵام دەنگی ( غ ) لە هەمو وشەیەك لە شوێنی ( خ ) بەکارنایێ. وەك لەم وشانە نەبینراوە ( غ ) لە شوێنی ( خ ) بەکاربێ: ( خودا، خاڵ، خاوێن، خراپە، خوشك، خوێ، خێرا، ئۆخەی، خەون، خەو، خەریك، خانو، خەستەخانە، ...... )، ئەگەرچی هەندێ وشەش هەیە، بە زۆری هەر ( غ ) بەکاردێ، بەڵام ئەم وشانە هەر لە بنەڕەتدا لە عەرەبییەوە بە ( غ ) دابەزیون بۆ کوردی، وەك: ( غیرەت، غاردان١٣٦، غەریب ... ).

٣ـ بە گەڕان بە ناو دیالێکتەکانی زمانی کوردیدا، دەتوانین، وشە بدۆزینەوە، بە ئاڵوگۆڕکردنی ( خ ) و ( غ ) واتایان بگۆڕێ، وەك: ( خار = دڕك )، ( غاردان = ڕاکردن )، بەڵام ( خار ) لە دیالێکتی خوارو ( شێوەزاری لوڕی .. )، واتای ( دڕك ) دەبەخشێ و ( غاردان ) لە

---

١٣٦ چاوگی ( غاردان ) لە ( غار، أغار )ەی عەرەبی هاتوە، بە واتای هێرشبردن، لەگەڵ چاوگی ( دان )ی کوردی وەکو چاوگ.

دیالێکتی ناوەڕاست ( شێوەزاری سۆرانی )دایە، هەروەها ( غار ) بە تەنیا بەکارنەهاتوە و لە گەڵ چاوگی ( دان ) لێکدراوە، دیسان لە دیالێکتی خوارو لە بری ( غاردان ) چاوگی ( دەوکردن ) بە کاردێ و لە دیالێکتی ناوەڕاستیش لە بری ( خار ) وشەی ( دڕك ) بەکاردێ. واتە؛ هەردو فۆرمەکە لە هەمان دیالێکتدا نین.

**ئەنجام و پێشنیار:**

لەم سەرنجانەی سەرەوە دەرەکەوێ، دەتوانرێ، دەنگی ( غ ) بە ئەلۆفۆنێکی ( خ ) دابنرێ و دەشێ، پیتی ( خ ) لە بری ( غ )یش بنوسرێ، ئەمەش نابێتە هۆی واتا گۆڕین، لەم بارەشدا ئارەزوی چۆنیەتی گۆکردنی، بۆ قسەکەر دەمێنێتەوە.

## ﴿سەرچاوەکان﴾


﴿١﴾ دکتر محسن أبوالقاسمي، تاريخ زبان فارسي، تهران، ١٣٧٣ ايراني، ص٢٨٤.

﴿٢﴾ د. محەمەدی مەحویی، زمان و زانستی زمان سەرەتایەك بۆ زانستی زمان، سلێمانی، ٢٠٠١، ل٦٥.

﴿٣﴾ محەمەد حسێن عەلی زەهاوی، گیروگرفتی نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی، نامەی ماجستێر، بەشی کوردی کۆلێجی پەروەردە ( ئیبن ڕوشد ) زانکۆی بەغدا، ١٩٩٩.

﴿٤﴾ دەستەی بنووسان، ئەم ژمارەیەی ئەم گۆڤارە، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق، دەستەی کورد، بەرگی نۆهەم، بەغدا، ١٩٨٢، ل٣.

﴿٥﴾ Fred West, The way of language an introduction, Atlanta, ١٩٧٥, p ١٩٩.

﴿٦﴾ دوکتۆر ئەوڕەحمانی حاجی مارف، نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی، هەولێر، ١٩٨٥، ل٣.

﴿٧﴾ David Crystal, What is linguistics, Great Britain, ١٩٨٥, p ٢٤.

﴿٨﴾ الدکتور محمد حسن عبدالعزیز، مدخل الى علم اللغة، القاهرة، ١٩٨٣، ص٢٦٠.

﴿٩﴾ محمد رضا باطني، توصيف ساختمان دستورر زبان فارسر، تهران، ١٣٧٢ايراني، ص٥.

﴿١٠﴾ لیژنەی دەستووری زمانی کوردی، هەندێ لە بابەتە کێشەدارەکان لە ڕێزمانی کوردیدا، کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا، ١٩٨٥، ل١١.

﴿١١﴾ دوکتۆر ئەوڕەحمانی حاجی مارف، نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی، هەولێر، ١٩٨٥، ل٣٨ ـ ٤١.

﴿١٢﴾ الدکتور نایف خرما، أضواء على الدراسات اللغوية المعاصرة، مجلة عالم المعرفة، العدد ٩، الکویت، ١٩٧٨، ص٢٦٥.

﴿١٣﴾ جورج مونين، تاريخ علم اللغة منذ نشاتها حتى القرن العشرين، ترجمة الدکتور بدرالدين القاسم، دمشق، ١٩٧٢، ص٦٣.

﴿١٤﴾ دوکتۆر ئەوڕەحمانی حاجی مارف، کورتەیەکی مێژووی نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق " دەستەی کورد"، بەرگی هەشتەم، بەغدا، ١٩٨١، ل٧٧ ـ ٧٩.

﴿١٥﴾ A. C. Gimson, An introduction to the pronunciation of English, Bristol, ١٩٧٦, p٣٧.

﴿١٦﴾ د. علي زوين، منهج البحث اللغوي بين التراث و علم اللغة الحديث، بغداد، ١٩٨٦، ص٧٠.

﴿١٧﴾ عبدالرحمن أيوب، تحليل عملية التكلم و بعض نتائجه التطبيقية، مجلة عالم الفكر، المجلد العشرون، العدد الثالث،

الكويت، ١٩٨٩، ص٣١.

«١٨» J. D. O, Connor, Better English pronunciation, London, ١٩٨٠, p٨٣.

«١٩» وريا عمر امين، فۆنەتيك و فۆنۆلۆجى، گۆڤارى كۆڕى زانيارى عێراق " دەستەى كورد"، بەرگى بيستەم، بەغدا، ١٩٨٩، ل٢٤٨ ـ ٢٤٩.

«٢٠» Henry Cecil Wyld, The growth of English, London, ١٩٤٢, p١٣.

«٢١» Norman C. Stageberg, An introductory English grammar, New York, ١٩٧١, p٦.

«٢٢» دوكتۆر ئەورەحمانى حاجى مارف، زمانى كوردى لە بەر ڕۆشنايى فۆنەتيكدا، بەغدا، ١٩٧٦، ل٢٤ ـ ٤٧.

«٢٣» دكتور محمد علي الخولي، معجم علم الأصوات، الرياض، ١٩٨٢، ص١٠٤،١٧٩.

«٢٤» دكتور محمد علي الخولي، الأصوات اللغوية، الرياض، ١٩٨٧، ص٤٦،١٠٥.

«٢٥» د. جلوريا ج. بوردن، د. كاثرين س. هارس، د. لورانس ج. رافائيل، أساسيات علم الكلام، ترجمة د. محيي الدين، دمشق، ١٩٩٨، ص١٤٨.

«٢٦» محمد معروف فتاح، ڕێنووسى كوردى لە ڕووانگەى فۆنەتيكەوە، گۆڤارى كۆڕى زانيارى عێراق، دەستەى كورد، بەرگى نۆهەم، ١٩٨٢، ل٢٥٥ ـ ٢٥٦.

«٢٧» A. C. Gimson, An introduction to the pronunciation of English, London, ١٩٧٠, p٥٣.

«٢٨» وريا عومەر ئەمين، ئيملاى كوردى و چەند تێبينى يەك، گۆڤارى كۆڕى زانيارى عێراق، دەستەى كورد، بەرگى نۆهەم، ١٩٨٢، ل٤٤٨.

«٢٩» John Wright, Speaking English, London, ١٩٧٣, p٢٩.

«٣٠» ڕێكێش ئامێدى ( زكى محمد سعدالله )، فێركرنا كوردى ب پيتێن لاتينى، دهۆك، ٢٠٠٠.

«٣١» Peter Roach, English Phonetics and Phonology, London, ١٩٨٥, p٣٢.

«٣٢» ترنز هوكز، البنيوية وعلم الاشارة، ترجمة مجيد الماشطة، بغداد، ١٩٨٦، ص٧.

«٣٣» دكتور تمام حسان، مناهج البحث في اللغة، دارالبيضاء، ١٩٧٩، ص١٥،٧١.

«٣٤» Dwight Bolinger, Regarding Language, New York, ١٩٧٢, p١٧٦.

«٣٥» الدكتور علي عبدالواحد وافي، نشأة اللغة عند الانسان والطفل، القاهرة، ١٩٧١، ص٩٢،٩٧.

«٣٦» الدكتور حسام سعيد النعيمي، أصوات العربية بين التحول والثبات، بغداد، ١٩٨٩، ص٨١.

«٣٧» دكتور ابراهيم أنيس، من أسرار اللغة، القاهرة، ١٩٨٥، ص٢١٨.

«٣٨» د. محمد صابر مصطفر و لقمان مصطفر سعيد، همزة الاستفهام والتنغيم، مجلة زانكو، جامعة صلاح الدين، العدد ٥، أربيل، السنة الثالثة، ص١٤٣.

«٣٩» دكتر ثرويز ناتل خانلري، تاريخ زبان فارسي، جلد أول، انتشارات بنياد فرهنك ايران، ١٣٤٩، ص٧٣.

«٤٠» د. ميشال زكريا، الألسنية ( علم اللغة الحديث ) المباىء والأعلام، بيروت، ١٩٨٣، ص١٩٩،٢٣٧،٢٣٩،٢٧٥.

«٤١» د. محەمەدى مەحوى، چەند لايەنێكى فۆنۆلۆژيى ڕێزمانى كورديى و ڕێزمانى عارەبيى، سلێمانى، ٢٠٠٠، ل٢٢،٥٩.

«٤٢» Ernest N. McCarus, A Kurdish Grammar, New York, ١٩٥٨, p٢٣.

«٤٣» الدكتور ابراهيم أنيس، الأصوات اللغوية، مكتبة الانجلو المصرية، ١٩٧٥، ص٣١.

«٤٤» حسن عون، دراسات في اللغة والنحو العربي، معهد البحوث والدراسات العربية، ١٩٦٩، ص٧٠.

«٤٥» غازى فاتح وەيس، فۆنەتيك، بەغدا، ١٩٨٤، ل٦٨.

﴿٤٦﴾ John Lyons, Language and Linguistics, London, ١٩٨٥, p٧٨-٨٢.

﴿٤٧﴾ نعيم علويه، بحوث لسانيه بين نحو اللسان ونحو الفكر، بيروت، ١٩٨٤، ىٚ٧٧ ـ ٨٨.

﴿٤٨﴾ مەسعود محەمەد، چارەسەركردنی گیروگرفتەكانی رێنوس و ئەلفوبێی كوردی، گۆڤاری كۆڕی زانیاری عێراق، دەستەی كورد، بەرگی نۆهەم، ١٩٨٢، ل٢٩٣.

﴿٤٩﴾ نعوم جومسكي، جوانب من نظرية النحو، ترجمة مرتضر جواد باقر، البصرة، ١٩٨٥، ص١٠٧.

﴿٥٠﴾ محمد أمين هەورامانی، فۆنەتیكی زمانی كوردی، بەغدا، ١٩٧٤، ل٤٣.

﴿٥١﴾ محەمەد ئەمین هەورامانی، سەرەتایێك لە فیلۆلۆژی ی زمانی كوردی، بەغدا، ١٩٧٣، ل٨١.

﴿٥٢﴾ Leonard Bloomfield, Language, London, ١٩٦٩, p١٣٢.

﴿٥٣﴾ الدكتور موفق الحمداني، اللغة وعلم النفس، بغداد، ١٩٨٢، ص٧٩.

﴿٥٤﴾ فردیناند دي سوسور، علم اللغة العام، ترجمة الدكتور یوئیل یوسف عزیز، الموصل، ١٩٨٨، ص٧٦.

﴿٥٥﴾ مێگفر نەریمان، رێنووسی كوردی لە رەگ و ریشەوە، دەزگای رۆشنبیری و بڵاوكردنەوەی كوردی، بەغدا، ١٩٨١، ل٣٧.

﴿٥٦﴾ نوری عەلی ئەمین، رابەرێ بۆ ئیملای كوردی، بەغدا، ١٩٦٦، ل٣٤.

﴿٥٧﴾ Khalil L. Al-Hamash, English Phonetics and Phonology, Baghdad, ١٩٨٤, p٢٤.

﴿٥٨﴾ دكتۆر نەسرین محەمەد فەخری، رێنووسی كوردی، چاپخانەی زانكۆی سەلاحەددین، ١٩٧٨، ل٢٢،١٨.

﴿٥٩﴾ وریا عومەر ئەمین، ئیملای كوردی و چەند تێبینی یەك، گۆڤاری كۆڕی زانیاری عێراق، دەستەی كورد، بەرگی نۆهەم، ١٩٨٢، ل٤٣٤.

﴿٦٠﴾ Curtis W. Hayes, Jacob Ornstein, and William W. Gage, The ABC's of Languages and Linguistics, Tehran, ١٣٧٣, p٤٢.

﴿٦١﴾ دوكتۆر ئەورەحمانی حاجی مارف، زمانی كوردی لە بەر رۆشنایی فۆنەتیكدا، بەغدا، ١٩٧٦، ل٤٨.

﴿٦٢﴾ نوری عەلی ئەمین، رابەرێ بۆ ئیملای كوردی، بەغدا، ١٩٦٦، ل١٣.

﴿٦٣﴾ محمد معروف فتاح، رێنووسی كوردی لە رووانگەی فۆنەتیكەوە، گۆڤاری كۆڕی زانیاری عێراق، دەستەی كورد، بەرگی نۆهەم، ١٩٨٢، ل٢٣٤ ـ ٢٣٥.

﴿٦٤﴾ محمد معروف فتاح، زمانەوانی، زانكۆی سەلاحەددین، ١٩٩٠، ل٦٦.

## ( ملخص البحث )

رغم وجود العديد من المقالات والبحوث بخصوص الحروف الكوردية من حيث وجود بعضها أو عدمها إضافة إلى عدد الحروف وكيفية كتابتها. ولكن للباحث آراء مختلفة جديدة بخصوص بعض حروف العلّة، مثل: ( i ) الكسرة المختلسة، و ( وو ) الواو الطويلة. و بعض الحروف الصحيحة، مثل: ( أ ) الهمزة الكوردية، ( ح، ع ) الحاء والعين، ( خ، غ ) الخاء والغين. وتمت دراسة كل حرف من هذة الحروف في محور خاص، وفي نهاية كل محور يقدم الباحث استنتاجاته بخصوص ذلك الحرف مع الإقتراحات التي يراها صائبة لكتابة اللغة الكوردية

هەواڵنامەی کتێب

# چەند پیتێکی کێشەدار لە نوسینی کوردیدا

لێکۆڵینەوەیەکی دەنگسـازیە

پرۆفیسۆر دکتۆر

عەبدوڵلا حوسێن ڕەسول

ئەم توێژینەوەیە لە گۆڤاری زانکۆی دهۆك
پەربەندا ( ٧ )، هژمارا ( ١ ) تیرمەه( ٢٠٠٤ )
بەرگی ( ٧ )، ژمارە ( ١ ) تەمموز( ٢٠٠٤ )
لا پەڕە ( ١-١٢ ) بڵاوكراوەتەوە.
بەرواری ناردن: شەممە ١١/ ١٠/ ٢٠٠٣

هەواڵنامەی کتێب

# چەند پیتێکی كێشەدار لە نوسینی كوردیدا

## پوختە:

لەگەڵ بـونی وتـار و توێژینـەوەی زۆر دەربـارەی بـون و نـەبونی هەنـدێ لـە پیتـە كوردیەكان و چۆنیەتی نوسینیان، بەڵام لەم باسەدا، توێژەر هەندێ بـیروڕا و بۆچـونی نـوێی هەیە، دەربارەی هەندێ لە پیتە كوردیەكان، وەك (( ئـــ)، (i)، (و/وو)، (ی/یـی)، (ح/ع)، (خ/غ )). هەر یەكێ لەم دەنگانە، لە تەوەرەیەكی تایبـەتی باسكراوە و لـە كۆتـایی هـەر تەوەرەیەكدا، ئەنجام و پێشنیارەكان دەربارەی ئەو دەنگە خراوەتـە ڕو. بـە هیـوای ئـەوەی ببێتە خشتێك لە پڕۆژەی ڕاژەكردن و ڕێكنوسینی زمانی كوردی.

## پێشەكی:

بەر لە هەمو شتێك، مەبەست لەم وتـارە سـە پاندنی ڕای تایبـەتی دەستنیشـانكراو نیە، بەڵكو خستنەڕوی چەند ڕایەكی زانستی و پێشكەشكردنی چەند ئەنجام و پێشـنیارێكی گونجاوە كە ئاسانكاریەكی زۆر دەخاتە ڕێنوسی كوردی بە پیتیەكانی عەرەبی ﴿١﴾ و لە یەكتر نزیككردنەوەی ڕێنوسی كوردی ﴿٢﴾ بە پیتیەكانی عەرەبی و لاتینیە، كە دەشێ لـە ئێسـتا و

داهاتودا، وەکو بۆچونی زمانەوانی سودی لێ وەربگیرێ و ببێتە دەنگێکی نەرم لە گفتوگۆکانی پێشتر﴿٣﴾ لەم بارەیەوە. هاندەرێك بێ، بۆ وروژاندنی پێنوسی زمانەوانە تایبەتمەندەکانمان بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی ڕێنوسی کوردی ﴿٤﴾، کە دەمێکە کاتی ئەوە هاتوە، بازوی کارامەیی لێ هەڵماڵن.

کێشەی ڕێنوسی هەر زمانێك ﴿٥﴾. ئەگەر لە پلەی یەکەمیشدا نەبێ، یەکێکە لە کێشە گرنگەکانی زمانەوانی ﴿٦﴾، چونکە تەنیا زمانەوانان و زانستەکە ﴿٧﴾ ناگرێتەوە، بەڵکو سەرجەم نوسەر و خوێنەرانی ئەو زمانە دەگرێتەوە. ئەگەرچی وتاری زۆر و چەندین کتێبیش لەم بابەتەیان کۆڵیوەتەوە و گەلێ کێشەیان چارەسەرکردون، بەڵام هێشتا هەندێ کێشەی ڕێنوسی ماون، (بە تایبەتی لە دیالێکتی ناوەڕاستدا) کە هۆیەکانیان پتر دەگەڕێنەوە، بۆ جیاوازی نەکردن، لە نێوان فۆن و فۆنێم و لاسایی کردنەوە ﴿٨﴾ و خۆبەستنەوە بە نوسینی عەرەبی ﴿٩﴾. ئەمەشە هۆی هەڵبژاردن و سنوری باسەکەیە، تۆژەر تەنیا باسی ئەو پیتانە دەکا کە کێشەدارن لە دیالێکتی ناوەڕاستدا و هەوڵدەدا بە پێی ڕادەی شارەزایی خۆی، هۆکار و ڕێگەچارەیان بخاتەڕو.

بۆ پێکانی ئەو مەبەستە، باسەکە کراوەتە دو بەش: لە بەشی یەکەمدا، کێشەی بزوێنەکان و لە بەشی دوەمدا، کێشەی نەبزوێنەکان، تاوتوێکراوە و لە هەر بەشێکدا، دەنگە کێشەدارەکان خراونەتە بەر تیشکی لێکۆڵینەوە و چارەسەریان پێشنیارکراوە.

لە کۆتایی باسەکەشدا، جگە لە ئەنجامەکان و کورتەی باسەکە بە عەرەبی و ئینگلیزی، لیستی سەرچاوەکانیش بە پێی زنجیرەی ڕیزبەندیی بەکارهێنانیان، پێشکەشکراون.

## بەشی یەکەم ــ گرفتەکانی دەنگە بزوێنەکان:

### تەوەرەی یەکەم ـ دەنگی هەمزە ( ئـ )﴿١٠﴾:

بەر لە هەمو شتێك دەنگی ( ئـ ) ﴿١١﴾ هەمزە، دەنگێکی بزوێن نیە ﴿١٢﴾، بەڵام هەر کاتێ بزوێن کەوتە سەرەتای وشە ﴿١٣﴾، دەنگی هەمزە ( ئـ ) ﴿١٤﴾ دروستەبێ، چونکە لە گۆکردنی بزوێندا، دەم کراوەیە و هەوا بەبێ بەربەست لە دەم دێتە دەرەوە ﴿١٥﴾. (ئەگەرچی بزوێنەکان گڕن، واتە؛ تاڵە ژێیەکان ئەلەرێنەوە، بەڵام ئەمە نابێتە بەربەست)، بۆیە ئەگەر بزوێن کەوتە سەرەتای وشە، پێویستی بە بەربەستێك دەبێ تاکو هەواکە بگرێتەوە ﴿١٦﴾، ئەگەرنا پێش ئەوەی قسەکەر دەست بە گۆکردنی وشەکە بکا، زۆربەی هەوای پەنگ

خواردوی سیەکان ﴿١٧﴾ دێتە دەرەوە و کرداری تەواوکردنی وشەکە گران دەبێ. ئەم دیاردەیەش لە زمانەکانی تریش هەیە ﴿١٨﴾:

| | بزوێن | نمونە بە پیتی عەرەبی | بە پیتی لاتینی | نمونەی ئینگلیزی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ا | (ئـ)او، (ئـ)اش، (ئـ)اوس | Aw, Aŝ, Aw( i )s | Are/ɑ:(r)/,Ash/æʃ/ |
| ٢ | ۆ | (ئـ)ۆ، (ئـ)ۆمەر، (ئـ)ۆکتۆبەر | O,Omer,Oktober | O, October/ɒktəʊbə/ |
| ٣ | ێ | (ئـ)ێرە، (ئـ)ێستە، (ئـ)ێش | Ěre, Ěste, Ěŝ | Egg/eg/, earn/ɜ:n/, |
| ٤ | ە | (ئـ)ەو، (ئـ)ەنجام ، (ئـ)ەستور | Ew, Encam,Estûr | Abet/əbet/, ago/əgəʊ/ |
| ٥ | یـ | (ئـ)یش، (ئـ)یدی، (ئـ)ینگلیز | Îŝ, Îdî, Înglîzî | Ear/ɪə(r)/, English/ɪŋglɪʃ |
| ٦ | و | (ئـ)وتی، (ئـ)ومێد ، (ئـ)وتێل | Utî, Uměd, Utěl | نمونەی ئینگلیزی لەم جۆرە نیە |
| | i | مـنـن، کورند، جـنـوان | Min,Kurid,Ciwan | Texts/teksts/, Actions/ækʃns/ |

ڕێژەی کرانەوەی دەم، لە دەنگێك بۆ دەنگێکی تر دەگـۆڕێ و ئەمـەش وایکـردوە، کـە دەنگەکان دابەش بن بۆ بزوێن و نـەبزوێن ﴿١٩﴾ ﴿٢٠﴾ و بـە هـۆی بـە دوای یەکـدا هاتنیـان میکانیکیەتی ﴿٢١﴾ ئاخاوتن بەردەوام دەبێ. بۆ نمونە، دەتوانرێ، بە شێوەیەکی گشتی بەم شێوەیە دابەش بکرێن ﴿٢٢﴾:

| ڕێژەی کرانەوەی دەم | دەنگەکان | جۆری دەنگ |
|---|---|---|
| کرانەوەی زۆر | ا | بزوێنەکان |
| کرانەوەی ناوەندی | ۆ ێ | |
| کرانەوەی ئاسایی | ە | |
| نیمچەکراوە | ی و | نیمچەبزوێن |
| نیمچەداخراو | س، ش، ف، ڤ، م، ... | نەبزوێن |
| داخراو | ب، پ، د، ك، گ، ... | |

بە وردەسەرنجێك لەم دەنگانەی سەرەوە، پـتر دەردەکـەوێ، کـاتێ دەنگێکـی بـزوێن بکەوێتە سەرەتای وشە، لە بەر ئەوەی دەم کراوەیە ﴿٢٣﴾ و بۆ گرتنەوەی هەوا بەربەستێك لە ڕێی دەرچونی هەوا نیە، بە ناچاری بمانەوێ و نەمانەوێ، دەنگـی هـەمزە (ئـــ) ﴿٢٤﴾ وەکـو دەمگر (صمام/valve)ێك دروستەبێ و تـاکو قسەکەر تـانێکی تـێ نـەداو نەیکاتـەوە، ڕێگـەی هەوا نادا لە خۆیەوە و بێ سود بێتـە دەرەوە ﴿٢٥﴾، بـۆ ئـەوەی هەواکـە پاشـەکەوت بـێ بـۆ گۆکردنی وشەکە و بەشی ئاخاوتنەکە بکا. چەند بەڵگەیەکی بەهێزیش هەیە بۆ سـەلماندنی ئەم ڕاستیانە:

١ــ تەنیا لە کاتێکدا بزوێن لە سەرەتا بێ، ئەم ( ئـ ) ﴿٢٦﴾ هەمزەیە پەیدا دەبـێ و ئەگـەر بزوێنەکان لە سەرەتای وشە نەبون، پێویست بەم دەنگـە ناکـا ﴿٢٧﴾ و نەبزوێنـەکان ڕۆڵـی ڕێکخستنی تەوژمی هەواکە دەبینن و چۆنیەتی دروستبون و گۆکردنی ئەوان، دەسەڵات بە سەر چاودێری کردنی ڕەوگەی هەواکە پەیدا دەکا، هەربۆیە کاتێ هەمان وشەی هەمزەدار فۆڕمێکی تری بکەوێتە پێش، بزوێنەکە پێویستی بە هەمزەکە نامێنێ ﴿٢٨﴾، بێ ئەوەی کار لـە واتـا بکا:

| بزوێنی سەرەتای هەمزەدار | هەمان وشە لە دوای فۆڕمێك | بزوێنەکە دوای سەرەتا |
|---|---|---|
| ا ( ئـ )او ، ( ئـ )اش ، ( ئـ )ا | ماستاو ، باراش ، نا | کارامە ، دارا ، چیا |
| ۆ ( ئـ )ۆ ، ( ئـ )ۆمەر | دۆ ، مامۆمەر | پاپۆڕ ، لۆکە ، پەمۆ |
| ێ ( ئـ )ێرە ، ( ئـ )ێش | لێرە ، سەرێشە | شێر ، بێشە ، نوێ |
| ە ( ئـ )ەنجام ، ( ئـ )ەستور | دەرەنجام ، ورگەستور | وەرەوە ، ڕەوڕەوە |
| یـ ( ئـ )یش، ( ئـ )یدی، ( ئـ )یتر | پڕیش ، چیدی ، چیتر | شینایی ، کوردایەتی |

٢ــ پەیدابونی هەمزە ( ئـ ) لە دەسپێکی بزوێنی سەرەتا، لـە زمانـەکانی تریشـدا هەیـە و دیاردەیەکی فۆنەتیکیە، نەك فۆنۆلۆجی، ( بڕوانە نمونە ئینگلیزیـەکانی خشـتەی یەکـەم ) ﴿٢٩﴾. ئەگەر نمونە کوردیەکانیش بە پیتی لاتینی بنوسرێنەوە، پێویست بە هـەمزە ناکـا، ( بڕوانە نمونە کوردیەکان بە پیتی لاتینی ﴿٣٠﴾، لە هەمان خشتەدا ).

٣ــ دانان و دانەنانی ئەم هەمزەیە ( ئـ ) لە نوسیندا، کار لە چۆنیەتی دەربڕینی وشەکە و لە واتای وشەکەش ناکا، کەواتە؛ ئەم دەنگە فۆنیم نیە ﴿٣١﴾ و تەنیا ئەرکی فۆنەتیکی هەیـە، چونکە فۆنیم کورتترین دەنگە کە واتا دەگۆڕێ ﴿٣٢﴾. بەم جۆرە ئەگەر فۆنیم نەبێ، ڕەوا نیـە لە نوسیندا هێمایەکی ﴿٣٣﴾ وەکو پیتی بۆ دابنرێ ﴿٣٤﴾. ئەم دەنگە لەسەرەتادا نەدەنوسـرا، لە نوسینەکانی پێش ساڵی ١٩١٩، نیگـاری هـەمزە ( ئــ ) نـابینرێ، بـەڵام لـە دواییـدا بـە لاسـاییکردنەوەی سـەر و ژێـر و بـۆر ﴿٣٥﴾ ( فتحـە ، کسـرە و ضمە ﴿٣٦﴾ )ی عـەرەبی ﴿٣٧﴾، یەکەمجار لە شێوەی ( أ ) و دواییش لە شێوەی ( ئـ ) لە نوسینی کوردیدا پەیدابوە. لـە زمـانی عەرەبیـدا، هـەمزە فۆنێمێکـە و هەنـدێ جـار دەبێتـە مـۆڕفیم و لادانـی دەبێتـە هـۆی واتـاگۆڕین ﴿٣٨﴾.

٤ــ ژمارەی ئەو وشانەی دەنگی ( و ) یان ( یـ )ی نەبزوێنیان لە سـەرەتا هاتبـێ زۆرن، بـەڵام ژمارەی ئەو وشانەی ( و )، یان ( یـ )ی بزوێنیان لە سەرەتا هاتبێ، زۆر دەگمـەنن و ئەوانـەش کە هەن، زۆربەی لە بنەڕەتدا کوردی نین. هەروەها وشەی ڕەسەنی کـوردی، دەنگـی ( ۆ )ی لـە پێشەوە بێ، دیسان زۆر کەمن ﴿٣٩﴾:

| ( و )ی نەبزوێن | ( و )ی بزوێن | ( یـ )ی نەبزوێن | ( یـ )ی بزوێن | ( ۆ )ی سەرەتا |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| وریا، وەرە، ورچ، وشە، وشتر، وازی، وێران، وانە، ویستن، وشك | نوتی، نوتێل، نومێد، (زۆر جار دەنگی (هـ) لە جیاتی دەنگی (ئـ) بەكار دێ، دەشێ دەنگی (هـ) بنەرەت بێ). | یەزدان، یار، یاری، یان، یانزە، یاد، یاسا، یاساخ، یانە، یەك، | نیش (عیش)، نینجا (ان جاه)، | نۆخ، نۆخەی، نۆغر، نۆقرە، نۆبالْ |

٥ ــ هەندێ جار دەنگی هەمزە ( و ) دەكەوێتە كۆتایی ئەو وشانەی كۆتاییان هاتوە بە بزوێنی (ه/ ا)، وەك لە وەڵامدانەوە بە نەرێ: ( نەء )، ئەمەش دیسان بۆ گرتنەوەی هەواكە بەكاردێ.

**ئەنجام و پێشنیار:**

هەمو بەڵگەكان دەیسەلمێنن، كە لە زمانی كوردیدا، هەمزە ( ئـ ) فۆنیم نیە﴿٤٠﴾. كەواتە؛ پێویست ناكا، نرخێكی بۆ دابنرێ و پیتێكی بۆ تەرخان بكرێ. بۆیە وا ڕاستترە لە نوسیندا نەنوسرێ. ڕەنگە ڕاهاتن لە سەر نەنوسینی ئاسان نەبێ، چونكە بە نوسینی ڕاهاتوین، بەڵام نەنوسینی گرفتێكی ڕەنوسمان چارەسەر دەكا. ئەوەی كە پتر پێی ڕانەهاتبین ( ە )ی سەرەتایە، ئەویش ئەگەر وەكو خۆیشی نەنوسن، دەشێ، فۆرمێكی وەك ( و )ی سەرەوژێری بۆ هەڵبژێرین، وەك ( ٭ ). جگە لەمەش دەبێ، بەو بڕیارەدا بچینەوە، كە دەڵێ: بڕگەمان نیە، بە بزوێن دەست پێ بكا ﴿٤١﴾، یان بڕگەمان نیە، تەنیا بزوێنێك بێ﴿٤٢﴾. وەك:

( پرسیار ): نانت خواردوە؟ ( وەڵام ): ( ئـ )ـا .

( داخوازی ): لە یادت نەچێ، ئەم كارە بكەی. ( وەڵام ): ( ئـ )ێ، ( ئـ )ێ، خەمت نەبێ.

## تەوەرەی دوەم ـ دەنگی بزرۆكە ( i )﴿٤٣﴾:

چەند سەرنجێكی گرنگ دەربارەی بزرۆكە تێبینی دەكرێن:

١ـ بزرۆكە ( كسرة مختلسة ) ئەو كورتە دەنگەیە ﴿٤٤﴾، كە دەكەوێتە نێوان دو نەبزوێن ﴿٤٥﴾. واتە؛ لە ئەنجامی گواستنەوەی شوێنی دروستبونی نەبزوێنی یەكەم بۆ نەبزوێنی دوەم لە ناو دەمدا، نەختێك هەوا دەردەچێ و ئەم بزرۆكەیە دروستەكا﴿٤٦﴾. بۆ نمونە، لە وشەی ( من )دا، لە هەردو دەنگی ( م ) و ( ن )دا هەوا لە لوت دەردەچێ، بەڵام لە ( م )دا جوتبونی لێوەكان، ڕێگە لە هەوای دەم دەگرێ و لە ( ن )دا جوتبونی پێشەوەی زمان و پێشەوەی مەڵاشو ڕێگەی هەوای دەم دەگرێ، بەڵام تا قسەكەر لێوەكان لێكدەكاتەوە و پێشەوەی زمانی بەرز دەكاتەوە بۆ پێشەوەی مەڵاشو، نەختێ هەوا لە میانی ئەو كرداری ڕاگوێزانە دزە دەكا و لە

دەم دەچێتە دەرەوە، بەم بڕە هەوایە بزرۆکە دروستەبێ. ئەم بڕە هەوایەش ئەگەر لە نێوان دو دەنگی«٤٧» کپ بێ، وەك: ( خت، کش، چك، پف، کپ ... ) بە کپی دەرەچێ و ئەگەر لە نێـوان دو دەنگی گڕ بێ، بە گڕی دەرەچێ، وەك: ( من، ژن، گڤ، بن، بڤ، گن ... )، بەڵام لە نێـوان گڕێك و کپێك یان بە پێچەوانە، ئەوا خۆیشـی بـە ڕێـژەی کاریگـەریی هـەر یـەکێك لـە دو دەنگەکە، گڕ و کپی تێدەکەوێ. ئەم سیمایەش لە دەنگەکانی تر بەو ڕێژەیە نیـە کـە کپـی و گڕیان بە تەواوی بگۆڕێ.

٢ـ دانان و دانەنانی، واتە؛ نوسین و نەنوسینی، نابێتە هۆی تێکدان، یـان گـۆڕینی واتـای وشەکە«٤٨»، وەك: ( مـiـن، کورiد، جـiـوان... / مـن، کـورد، جـوان... )، کەواتـە؛ ئـەم دەنگەش پێناسەی فۆنیمی بە سەردا ناسە پێ و فۆنیم نیە و دیاردەیەکی فۆنەتیکیە«٤٩».

٣ـ ئەم دیاردە فۆنەتیکیە لە زمانی تریشدا هەیە«٥٠»، وەك لە هەندێ وشەی ئینگلیزیدا پتر لە سێ کۆنسونانت بەدوا یەکدا دێن و دیاردەکـە بـە ( هێشـوە کۆنسـونانت«٥١»/ Consonant Cluster «٥٢» ) ناو دەبەن. وەك لە ( ,/Texts/teksts تێکستس، /Actions/ækʃns ( ئـــ )ەکشنس، Students/stju:dnts ستیودنتس ... )«٥٣». ئایا بۆ لە زمانێکی تری هیندۆ-ئەوروپی ئەبێ چوار نەبزوێنن بە دوای یەکدا بێن و لە زمانی کوردی نابێ؟ جگە لەمە، بە پێوەری ئێمە بـێ، لـە نێوان هەمویان ئەم بزرۆکە هەیە، کە کورت و درێژیەکەی بە پێی کەوتگەی نێوانیان دەگۆڕێ.

٤ـ لـە بڕگەکاریـدا هەنـدێ جـار ( i ) دەنگێکـی ئارەزومەنـدە، واتـە؛ پەیـدا دەبـێ، یـان پەیدانابێ، بەتایبەتی لە پێش بڕگەی ( وان )دا. بۆ نمونە: ئەگەر هـەر یـەك لـەم وشـانە ( /شوان/، /جوان/، /ژوان/ ... ) بە بڕگەیەك دابنێین، ئەوا بزرۆکە پەیدا نابێ، بەڵام ئەگەر بە دو بڕگەیان دابنێین، ئەوا بزرۆکە پەیدا دەبـێ ( /شـiـ/وان/، /جـiـ/وان/، /ژi/وان/... ). ئەمەش لە گەڵ سیمای فۆنیم ناگونجێ.

<u>ئەنجام و پێشنیار:</u>

ئەگەرچی بزرۆکەش وەکو هەمزە ناتوانرێ، نکوڵی لە بونی بکرێ، بەڵام پەیـدابونی دیاردەیەکی فۆنەتیکیە، نەك فۆنۆلۆجی و نوسینی و نەنوسینی، نە واتا دەگـۆڕێ«٥٤» و نـە واتا تێك دەدا. کەواتە؛ فۆنیم نیە و پێویست ناکا، نرخێکی بۆ دابنرێ و پیتێکی بۆ تەرخان بکرێ. بەمەشدا دەبێ، بە یاساکانی بڕگەکاریدا بچینەوە«٥٥» و بڕگەی فۆنەتیکی و بڕگـەی فۆنۆلۆجی لە یەك جیا بکەینەوە و دان بەوەدا بنێین، بڕگەی فۆنەتیکیمان هەیە، کە فـۆنیم یا پیتی بزوێنی لە نێواندا نیە، وەك: ( من، ژن، گڤ، بن، بڤ، گن، خت، کش، چك، پف، کپ ... )، کە ڕەنگە دەنگی نێوانیان گڕ، یا کپ بێ. هەروەها دەبێ، لە زمانەکەماندا، دان بە بونی ( هێشوە کۆنسونانت ) بنێین.

## تەوەرەی سێیەم ـ دەنگی (وو/و):

تا ئێستا زۆر لە نوسەران گرفتی نوسینی یەك (و) و دو (و)یان ﴿٥٦﴾ هەیە، تەنانەت هەندێ جار لە هەمان نوسیندا چەندین وشە بە هەردو شێوە دەبینرێن، وەك: (ولاّت/ وولاّت، وشە/ ووشە، نوسین/ نووسین، جوتیار/ جووت، چوون/ دەچوین، بووك/ بوكێنی، سووك/ سوكایەتی، پەڕتووك/ پەڕتوكخانە ......

هەردو دەنگی (و) و (ی)، نیمچە بزوێنن، چونکە لە کاتی گۆکردنیان ڕێژەی کرانەوەی دەم لە نێوان بزوێن و نەبزوێنەکاندایە، واتە؛ لە چوار بزوێنە سەرەکیەکە (ا، ێ، ۆ، ە) کەمتر کراوەیە و لە نەبزوێنەکان پتر کراوەیە، بۆیە ئەگەر لە بڕگەیەکدا یەکێ لەم چوار بزوێنە سەرەکیەیان لە پێش یا لە دوادا هات، خۆیان بە نەبزوێن دادەنرێن، بەلاّم ئەگەر یەکێ لەم بزوێنانەیان لە تەك نەهات، ئەوا خۆیان دەبن بە بزوێن. ئەم دو دەنگە لە نێوان خۆشیاندا کامەیان لە سەرەتای بڕگە بێ، نەبزوێنە (وی، یو).

ئەو سەرنجانەی دەربارەی دەنگی (و) یا (وو) تێبینی دەکرێن:

١ـ دەتوانرێ شوێنی (و)ە کورتەکان و (و)ە درێژەکان، بەم شێوەیەی خوارەوە، دەستنیشان بکرێ:

| (و) لە سەرەتای بڕگە بێ | (و) لە ناوەڕاستی بڕگە بێ | (و) لە کۆتایی بڕگە بێ |
| --- | --- | --- |
| کورتە: واتا، وازی، واژە، والاّ، وانە، وەچە، وەریس، وەرز، وەرگرتن، وەرد، وەرە، وەرزێر، وەستان، وەنەوشە، ورتە، وریا، ورچ، وردە، ورشە، وشك، ولاّت، وتار، ولاّخ، وێران، وێنجە، وێژە، وێنە، ویستن، ... | أـ کورتە: جوان، چەوت، حەوت، خەوت، دوان، ڕوان، ژوان، شوان، گوان، لوان، ... خوڕ، دوڕ، شوڕ، کوڕ، گوڕ، لوڕ، هوڕ، .... ب ـ درێژە: ئەگەر یەکێ لەم سێ پیتەی (ر/ ك/ ن) بە دوادا هاتبێ، درێژ دەبێتەوە: پور، تور، دور، زور، ژور، سور، ... بوك، پوك، توك، سوك، نوك، ... بون، چون، ڕون، ... | أـ کورتە: ئەگەر نەبزوێن بێ، واتە؛ بزوێنێکی لە پێشدا هاتبێ، کورتە: ناو، ئەو، چاو، جاو، خەو، خاو، خێو، دێو، ڕاو، زیو، سێو، شێو، شیو، لاو، لێو، مێو، ناو، ..... ب ـ درێژە: ئەگەر بزوێن بێ، واتە؛ بزوێنێکی لە پێشدا نەهاتبێ، درێژە: بو، تو، جو، چو، خو، دو، ڕو، زو، شو، مو، ... |

٢ـ دەنگی (و) بە پێی کەوتگەی لە بڕگەدا کورتی و درێژیەکەی دەگۆڕێ، واتە؛ پتر لە ئەلۆفۆنێکی هەیە، هەرچەندە کورت و درێژیەکەشی بە دەم و بە ئەنقەست دەسکاری و ئالوگۆڕ بکرێ، واتای وشەکە ناگۆڕێ، جگە لە وشەی (کوڕ)، لە درێژ کردنەوەی (و)دا واتای دەگۆڕێ و دەبێتە (کووڕ)، واتە ئەم وشەیە لە

گریمانەکە ناوێزە دەرەچێ و دەشێ ئەم تاکە وشەیە بە دو (و) بنوسرێ، واتە؛ وشەی (کوڕ) سێ فۆنیمە: (ك + و + ڕ)، بەڵام وشەی (کووڕ) چوار فۆنیمە: (ك + و + و + ڕ).
٣ـ لە چاوگە (و)یەکاندا گرفتی یەك (و) و دو (و) پتر ئاشکرا دەبێ، چونکە لە هەشت چاوگە (و)یەکەی شێوەی نوسینی ناوەڕاستدا، دو چاوگ، یەك (و)یان هەیە، کە مۆرفیمی کاتی ڕابوردوە و شەش چاوگ، دو (و)یان هەیە: یەکێکیان لەگەڵ ڕەگی کارەکە دایە و یەکێکیان مۆرفیمی کاتی ڕابوردوە، وەك لەم خشتەیەدا دیارە:

| چاوگ لە ستانداردا | چاوگ لە هەندێ شێوەزاری تردا | ڕەگی چاوگ | مۆرفیمی ڕابوردو | (ن)ی چاوگ |
|---|---|---|---|---|
| بون | بین | بـ | و/ یـ | ن |
| چون | چین | چـ | و/ یـ | ن |
| جوون | جوین/جاوین | جو | و/ یـ | ن |
| دروون | دروین/دورین | درو | و/ یـ | ن |
| سوون | سوین/سوان | سو | و/ یـ/ ا | ن |
| فەرموون | فەرموین | فەرمو | و/ یـ | ن |
| گروون | گروین/گروان | گرو | و/ یـ/ ا | ن |
| هەنوون | هەنوین | هەنو | و/ یـ | ن |

**ئەنجام و پێشنیار:**

لە کوردیدا دەنگی (و) کورت بێ، یا درێژ، یەك فۆنیمە و پێویست بەوە ناکا، بە دو شێوە بنوسرێ، چونکە واتا ناگۆڕێ. تەنیا وشەی (کووڕ)١٣٥ پێویستە بە دو (و) بنوسرێ، لەگەڵ ڕەچاوکردنی چاوگە (و)یەکان، وەك لە خشتەی سەرەوەدا دیارە.

## تەوەرەی چوارەم ـ نوسینی یەك (ی) و دو (یی):

یەك (ی) بە تەنیا لە نوسیندا گرفت پەیدا ناکا، بەتایبەتی ئەگەر لە سەرەتای وشە بێ، بەڵام گرفتەکانی نوسینی (ی) لەم دۆخانەی خوارەوەدا پەیدا دەبێ:
١ـ کاتێ ناوێك کۆتایی بە پیتی (ی) هاتبێ و بەهۆی (ی) ئامرازی پەیوەندیەوە بە ناوێکی تر ببەسرێتەوە، پێویستە ڕەچاوی ئەوە بکرێ، کە سەرجەم دەبێتە دو (ی)«٥٦». وەك:
ــــ ئازادیی کوردەکان، بە ڕادەی ڕۆشنبیریی گەلانی دەوروبەرەوە بەندە.
ــــ لە شانۆگەریی ـ یاریی منالان ـ پەریی خوشکم ئامادەی کردبو.

١٣٥ یان هەر وشەیەکی تری لەو بابەتە، ئەگەر هەبێ.

له گۆکردندا ئەم دو (یی)ە، وەك یەك (ی) گۆ دەکرێن، چونکە دەکەونە یەك بڕگـە و دەنگی (ی)ـە بزوێنەکە دەنگی (ی)ـە نەبزوێنەکە خامۆش دەکا.

٢ـ کاتێ ناوێك کۆتایی بە پیتی (ی) هاتبێ و ڕاناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاك، یـان کـۆی (دەستەی خاوەنی)ی بە دوادا بێ، دەبێ ڕەچاوی ئەوە بکرێ، دەبێتە دو (ی)، وەك:

ـــ کوردەکان ئاشتی خوازن، ئازادییان لـێ زەوت مەکەن.

ـــ ئەو قوتابیە زۆر زیرەکە، دیاریی پێ بدەن.

٣ـ کاتێ ناوێك کۆتایی بە دو پیتی (یی) هاتبێ و بـەهۆی (ی) ئـامرازی پەیوەندیـەوە بـە ناوێکی تر ببەسرێتەوە، یان ڕاناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاك یان کۆی (دەستەی خاوەنی)ی بە دوادا بێ، پێویستە ڕەچاوی ئەوە بکرێ، کە لە ڕوی تیۆریەوە، کۆی سەرجەمیان دەبێتە سێ (ی)، وەك:

ـــ کۆتاییـی هەمو بونەوەرێك، مردنە.

ـــ لە بۆشاییـی ئاسمان کێشی مرۆڤ کەم دەبێتەوە.

ـــ شاییـیـان لـێ مەکەن بە شین.

ـــ بەرانێکی زەنگوڵداریان لە بەراییـی کاروان دادەنا.

بەڵام لە ڕوی پراکتیکیەوە، نوسینی سێ (ی) ئاسان نیە، لە ڕوی گۆکردنیشەوە، هـەروەك دو (ی) گۆ دەکرێن. بۆیە، وا پەسەند دەکرێ، کە هەر بە دو (ی) بنوسرێن.

٤ـ لە کاتی نوسینی کاری ڕابوردو لە چاوگە (ی)یەکاندا، کارەکە کۆتایی بە (ی)ی مـۆرفیمی کاتی ڕابوردو دێ، بۆیە دەبێ، ڕەچاوی بە دواداهاتنی ئەو ڕاناوە لکاوانە بکرێ، کـە یەکـەم پیتیان (ی)یـە، وەك:

ـــ من فڕیم، تۆ فڕیـی، ئەو فڕیø، ئێمە فڕیـیـن، ئێوە فڕین، ئەوان فڕین.

ـــ من خزیم، تۆ خزیـی، ئەو خزیø، ئێمە خزیـیـن، ئێوە خزین، ئەوان خزین.

ـــ من کڕیم، تۆ کڕیت، ئەو کڕیـی، ئێمە کڕیمان، ئێوە کڕیتان، ئەوان کڕیـیـان.

ـــ نوسیم، نوسیت، نوسیـی، نوسیمان، نوسیتان، نوسیـیـان.

٥ ـ کاتێ دەنگێکی بزوێن بەتایبەتی (ـە)، بە دوای دەنگی (ی)دا دێ، ئایا دەبێ بە دو (ی)؟ یان نا؟. لەم بارەدا لە بەر ئەوەی (ی) نیمچە «٥٧» بزوێنە، دەشـێ، بـە پێـی دابەشـکردنی بڕگەکان، بزوێن بێ، یا نەبزوێن. واتە؛ ئەگەر دەنگی (ی) و دەنگـی (ـە) هـەردوکیان بـە بزوێن دابنرێن و هەر یەکەیان لە یەك بڕگە دابنرێن، ئەوا پێویستییان بە (ی)ێکی نـاوبڕی نەبزوێن دەبێ، بەڵام ئەگەر هەردوکیان لە یەك بڕگە کۆبکرێنەوە، ئەوا دەنگی (ی) دەبێتـە نەبزوێن و پێویست بە (ی) ناوبڕی نەبزوێن ناکا. وەك:

| ئەگەر ( ی ) بە نەبزوێن دابنرێ ( یەك برگە ) | ئەگەر ( ی ) بە بزوێن دابنرێ ( دو برگە ) |
| --- | --- |
| ئەم بابەتە ( دەنگ/سا/زیە )/ ( دەنگ/ساز/یە ). | ئەم بابەتە دەنگ/سا/زی/یە. |
| ئەم هەژارە پارەی/نیە/. | ئەم هەژارە پارەی/نی/یە/. |
| ئەم بۆ/شای/یا/نە پڕ بکەوە. | ئەم بۆ/شا/یی/یا/نە پڕ بکەوە. |
| دیار/یێ/کی بۆ بنێرە. | دیا/ری/یێ/کی بۆ بنێرە. |

ئاشکرایە، جۆری یەکەم ئاسانتر و بێ گرفتترە، لە ڕوی پڕاکتیکیەوە.

**ئەنجام و پێشنیار:**

ئەو وشانەی کۆتاییان بە یەك پیتی ( ی )، یان دو پیتی ( یی ) دێ و پاشگرێکیان بە دوادا دێ، کە بە پیتی ( ی ) دەستپێبکا، پێویستە لە نوسیندا فەرامۆشی هیچیان نەکرێ، ئەگەر لە گۆکردنیشدا دەرنەکەون. هەروەها ئەگەر دەنگی ( ی ) بزوێنێکی بە دوادا هات، وا ئاسانترە، هەردوکیان لە برگەیەکدا کۆ بکرێنەوە، تاکو پێویست بە ( ی )ێکی تری ناوبڕ نەکا.

## بەشی دوەم : گرفتەکانی دەنگە نەبزوێنەکان:

**تەوەرەی یەکەم ـ دەنگی ( ح ) و دەنگی ( ع )﴿٥٨﴾:**

لە ڕاستیدا گرفتی تێکەڵکردنی هەردو دەنگی ( ح ) و ( ع ) لە نوسیندا، بە دەگمەن ڕودەدا، بەتایبەتی لای چینی ڕۆشنبیر، بەڵام گرفتەکە لە سێ لایەن دەبینرێ:

- لایەنی نەبونی ئەم پیتانە لە نوسین بە پیتی لاتینی. ئەمەش پرسیارێك دەوروژێنێ، کە ئایا ئەم دو دەنگە لە زمانی کوردیدا فۆنیمن، یان نا؟ ﴿٥٩﴾.
- لایەنی تێکەڵکردنیان لە هەندێ شێوەزاردا. ئەمەش پرسیاری ئەوە دەوروژێنێ، کە ئایا لە زمانی کوردیدا دو ئەلۆفۆنی هەمان فۆنێمن ﴿٦٠﴾، یان دو فۆنێمی جیان؟.
- هەروەها ئایا وشەی کوردی ڕەسەنمان هەیە، ئەم دو دەنگەی تیادا بێ؟ ﴿٦١﴾.

چەند سەرنجێك دەربارەی دەنگی ( ح ) و دەنگی ( ع ):

١ـ لەوە دەچێ دەنگی ( ح ) «٦٢» و دەنگی ( ع )، دو دەنگی ڕەسەنی کوردی نەبن و بە کاریگەریی زمانی عەرەبی لە سەر زمانی کوردی، هاتبنە ناو زمانی کوردیەوە، بە بەڵگەی ئـەوەی، لـەو زمانە هیندۆ-ئۆرو پییانەدا بەدیناکرێن کە نەکەوتونەتە ژێر کاریگەریی زمانی عەرەبی، بـە تایبەتی گەلە هیندۆ- ئۆرو پییە ناموسوڵمانەکان، جگە لەمەش ئەو وشـە کوردیانـەی یـەکێ لەم دو دەنگەیان تیادا بێ، زۆر دەگمەنن و ئەوانەش کە لە ئارادان، گومانی خۆماڵییان لـێ دەکرێ.

ئەو وشانەی دەنگی ( ح )یان تیادا بێ، وەك: ( حەفتـە/ هەفتـە، حـەوت/ حـەفت، حـەفتا، {دەشێ، لە هەفتەوە وەرگیرابن، واتە؛ ( هـ ) گـۆڕابێ بـۆ ( حــ )} ، حەوانـەوە، حەسـانەوە، {ئەمانەش لەوە دەچێ، لە ( احتواء ) و ( أحسـن )ەی عەرەبییـەوە وەرگیرابـن} . ئـەو وشـانەی دەنگی ( ع )یان تیادا بێ، وەك: ( باعەبـاع ) لاسایی دەنگـی گیانـەوەر و ( عەلیشـیش ) نـامۆ و وەرگیراو بێ. جگە لەمانە بە دەیان وشەی عەرەبی بە تایبەتی ناوەکان هاتونەتە ناو زمانی کوردی، بێگومان، بۆ زاڵبونی هەر زمانێك، قۆناغی هاتنی وشە، پێش قۆناغی دەنگە.

٢ـ ئاڵوگۆڕکردنی ئەم دو دەنگە لە زمانی کوردیدا، ( بـە تایبـەتی لـە شـێوەزاری سـۆرانی )، نابێتە هۆی گۆڕانی واتـا، ئەمەش دەگەڕێتەوە بـۆ چـەند هۆیـەکی وەك: نارەسـەنی ئـەم دو دەنگە لە زمانی کوردیدا و دروسـتبونیان لـە هـەمان شـوێنگەی ( دەرچـە ) قوڕگـدا، ( تـەنیا جیاوازییان: دەنگی ( ح ) کپە و دەنگی ( ع ) گڕە ). هەروەها نەبونی چەند وشەیەکی ڕەسەن بـە هەر یەکێ لەم دو دەنگە، هەرچەندە تێکەڵکردنیان لە ناو چـینی ڕۆشـنبیران زۆر دەگمەنـە. ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ؛ لە زمانی کوردیدا دەتوانرێ، بە پێوەری زمانەوانی، بـە ئـەلۆفۆنی یەکتر دابنرێن.

٣ـ لە نوسینی کوردی بـە پـیتی لاتینیـدا، ئـەم دو دەنگـە نرخیـان بـۆ دانـەنراوە و هـیچ هێمایەکیان بۆ نەکراوە بە پیت، ( هـ ) لە بری ( ح ) دەنوسرێ و لە بری ( ع )یش یا ئەو بزوێنە دەنوسرێ کە بە دوایەوە دێ، واتە؛ وەك هەمزە نرخی نەدراوەتێ، یان دەکرێتـە ( هــ ). وەك لەم خشتەیەدا:

| دەنگی( ح ) | بە پیتی لاتینی | دەنگی( ع ) | بە پیتی لاتینی |
|---|---|---|---|
| حەوت | Hew(i)t | عەلەشیش | Elešîš/ Helešîš |
| حەوانەوە | Hewanewe | باعە باع | Bahe bah/ Bařebař |
| حەسانەوە | Hesanewe | عەرد | Her(i)d/ Er(i)d |

بەم پێیە دەشێ ئەم دو دەنگە ( ح، ع ) بە دو ئەلۆفۆنی ( هـ ) دابنرێن.

**ئە نجام و پێشنیار:**

لە بنەڕەتدا هەردو دەنگی ( ح، ع ) کوردی ڕەسەن نین و لـە عـەرەبی هاتونەتـە نـاو زمانی کوردی و تـا ئێستا وشەی ئەوتۆیان پێ دروست نەبووە، کە ئاڵوگۆڕیان ببێتە هۆی واتـا گۆڕین. دەشێ، دەنگی ( ه ) لە شوێنی هـەردوکیان دابنـرێ، بـێ ئـەوەی واتـا بگـۆڕێ. جگـە لەمەش، بە پیتی لاتینی هێمایان بۆ نەکراوە. دەشێ، هەردوکیان بە ئەلۆفۆنی ( ه ) دابنرێن.

**تەوەرەی دوەم ـ دەنگی ( خ ) و دەنگی ( غ ):**

ڕەنگە لە نوسیندا گرفتێکی ئەوتۆ لە ئارا نەبێ، شایانی تاوتوێکردن بێ. بەڵام تـا ئێستا هەندێ وشە دەبینرێن کە هەرجارەی بە یەکێ لەو دو دەنگە دەنوسرێن، بێ ئەوەی کـار لە واتایان بکا﴿٦٣﴾. بۆ نمونە وەك: ( خەم/ غەم، خونچە/ غونچـە، بـاخ/ بـاغ، داخ/ داغ، خیرەت/ غـیرەت، دۆزەخ/ دۆزەغ، .......... ). ئایـا کامـەیان ڕاسـتە؟ یـان ئایـا کامـەیان ڕەسەنە؟ ئایا ئەم دو دەنگەش ئەلۆفۆنن؟ یان نا؟.

چەند سەرنجێك دەربارەی دەنگی ( خ ) و دەنگی ( غ ):

١ـ ئەگەر سەیری دیوانە کۆنەکانی شاعیرە کلاسیکیەکان بکەین، دەبینین، زۆربەی ئەم جـۆرە وشانە بە پیتی ( غ ) نوسراون، بەڵام بە تێپەڕبونی کات، بەرە بەرە تا بەرەو سـەردەمی نـوێ بێین، ڕێژەی بەکارهێنانی پیتی ( خ ) زۆرتر دەبێ، بەرامبەر پیتی ( غ )﴿٦٤﴾. دەشێ، ئەمـەش بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی دەنگی ( خ ) لە گۆکردندا، سوکترە لە دەنگی ( غ )، چونکە دەنگی ( خ ) کپە و دەنگی ( غ ) گڕە، ئەگەرچی هەردوکیان لـە هـەمان شـوێنگەی قـوڕگ و بـە هـەمان چەشـن دروستەبن.

٢ـ لە کۆمەڵێ وشەدا، لە شوێنی یەکتر بەکاردێن و کار لە واتای وشەکان ناکا، بە تایبـەتی دەنگی ( خ )، دەتوانێ، لە هەمو وشەیەك لە شوێنی دەنگی ( غ ) بە کاربێ. بەڵام دەنگی ( غ ) لە هەمو وشەیەك لە شوێنی ( خ ) بەکارنایێ. وەك لەم وشـانە نـەبینراوە ( غ ) لـە شـوێنی ( خ ) بەکاربێ: ( خودا، خاڵ، خاوێن، خراپـە، خوشـك، خـوێ، خێـرا، ئۆخـەی، خـەون، خـەو، خەریك، خانو، خەستەخانە، ...... )، ئەگەرچی هەندێ وشەش هەیـە، بـە زۆری هـەر ( غ ) بەکاردێ، بەڵام ئەم وشانە هەر لە بنەڕەتدا لە عەرەبیەوە بە ( غ ) دابەزیون بۆ کوردی، وەك: ( غیرەت، غاردان١٣٦، غەریب ... ).

٣ـ بە گـەڕان بـە نـاو دیالێکتـەکانی زمـانی کوردیـدا، دەتـوانین، وشـە بدۆزینـەوە، بـە ئاڵوگۆڕکردنی ( خ ) و ( غ ) واتـایان بگۆڕێ، وەك: ( خار = دڕك )، ( غـاردان = ڕاکـردن )، بـەڵام ( خار ) لە دیالێکتی خوارو ( شـێوەزاری لـوڕی .. )، واتـای ( دڕك ) دەبەخشـێ و ( غـاردان ) لـە

---

١٣٦ چاوگی ( غاردان ) لە ( غار، أغار )ەی عەرەبی هاتوە، بە واتای هێرشبردن، لەگەڵ چاوگی ( دان )ی کوردی وەکو چاوگ.

**دیالێکتی ناوەڕاست ( شێوەزاری سۆرانی )دایە، هەروەها ( غار ) بە تەنیا بەکارنەهاتوە و لە گەڵ چاوگی ( دان ) لێکدراوە، دیسان لە دیالێکتی خوارو لە بری ( غاردان ) چاوگی ( دەوکردن ) بە کاردێ و لە دیالێکتی ناوەڕاستیش لە بری ( خار ) وشەی ( دڕك ) بەکاردێ. واتە؛ هەردو فۆڕمەکە لە هەمان دیالێکتدا نین.**

**ئەنجام و پێشنیار:**

**لەم سەرنجانەی سەرەوە دەرەکەوێ، دەتوانرێ، دەنگی ( غ ) بە ئەلۆفۆنێکی ( خ ) دابنرێ و دەشێ، پیتی ( خ ) لە بری ( غ )یش بنوسرێ، ئەمەش نابێتە هۆی واتا گۆڕین، لەم بارەشدا ئارەزوی چۆنیەتی گۆکردنی، بۆ قسەکەر دەمێنێتەوە.**

## «سەرچاوەکان»


«١» دکتر محسن أبوالقاسمي، تاريخ زبان فارسي، تهران، ١٣٧٣ ايراني، ص٢٨٤.

«٢» د. محەمەدی مەحویی، زمان و زانستی زمان سەرەتایەك بۆ زانستی زمان، سلێمانی، ٢٠٠١، ل٦٥.

«٣» محەمەد حسێن عەلی زەهاوی، گیروگرفتی نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی، نامەی ماجستێر، بەشی کوردی کۆلێجی پەروەردە ( ئیبن ڕوشد ) زانکۆی بەغدا، ١٩٩٩.

«٤» دەستەی بنووسان، ئەم ژمارەیەی ئەم گۆڤارە، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق، دەستەی کورد، بەرگی نۆهەم، بەغدا، ١٩٨٢، ل٣.

«٥» Fred West, The way of language an introduction, Atlanta, ١٩٧٥, p ١٩٩.

«٦» دوکتۆر ئەوڕەحمانی حاجی مارف، نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی، هەولێر، ١٩٨٥، ل٣.

«٧» David Crystal, What is linguistics, Great Britain, ١٩٨٥, p ٢٤.

«٨» الدكتور محمد حسن عبدالعزيز، مدخل الى علم اللغة، القاهرة، ١٩٨٣، ص٢٦٠.

«٩» محمد رضا باطني، توصيف ساختمان دستورِ زبان فارسر، تهران، ١٣٧٢ايراني، ص٥.

«١٠» لیژنەی دەستووری زمانی کوردی، هەندێ لە بابەتە کێشەدارەکان لە ڕێزمانی کوردیدا، کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا، ١٩٨٥، ل١١.

«١١» دوکتۆر ئەوڕەحمانی حاجی مارف، نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی، هەولێر، ١٩٨٥، ل٣٨ ـ ٤١.

«١٢» الدكتور نايف خرما، أضواء على الدراسات اللغوية المعاصرة، مجلة عالم المعرفة، العدد ٩، الكويت، ١٩٧٨، ص٢٦٥.

«١٣» جورج مونين، تاريخ علم اللغة منذ نشاتها حتى القرن العشرين، ترجمة الدكتور بدرالدين القاسم، دمشق، ١٩٧٢، ص٦٣.

«١٤» دوکتۆر ئەوڕەحمانی حاجی مارف، کورتەیەکی مێژووی نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق " دەستەی کورد"، بەرگی هەشتەم، بەغدا، ١٩٨١، ل٧٧ ـ ٧٩.

«١٥» A. C. Gimson, An introduction to the pronunciation of English, Bristol, ١٩٧٦, p٣٧.

«١٦» د. علي زوين، منهج البحث اللغوي بين التراث و علم اللغة الحديث، بغداد، ١٩٨٦، ص٧٠.

«١٧» عبدالرحمن أيوب، تحليل عملية التكلم و بعض نتائجه التطبيقية، مجلة عالم الفكر، المجلد العشرون، العدد الثالث،

الكويت، ١٩٨٩، ص٣١.

﴿١٨﴾ J. D. O, Connor, Better English pronunciation, London, ١٩٨٠, p٨٣.

﴿١٩﴾ وريا عمر امين، فۆنەتيك و فۆنۆلۆجى، گۆڤارى كۆڕى زانيارى عێراق " دەستەى كورد"، بەرگى بيستەم، بەغدا، ١٩٨٩، ل٢٤٨ ـ ٢٤٩.

﴿٢٠﴾ Henry Cecil Wyld, The growth of English, London, ١٩٤٢, p١٣.

﴿٢١﴾ Norman C. Stageberg, An introductory English grammar, New York, ١٩٧١, p٦.

﴿٢٢﴾ دوكتۆر ئەورەحمانى حاجى مارف، زمانى كوردى لە بەر رۆشنايى فۆنەتيكدا، بەغدا، ١٩٧٦، ل٢٤ ـ ٤٧.

﴿٢٣﴾ دكتور محمد علي الخولي، معجم علم الأصوات، الرياض، ١٩٨٢، ص١٧٩،١٠٤.

﴿٢٤﴾ دكتور محمد علي الخولي، الأصوات اللغوية، الرياض، ١٩٨٧، ص١٠٥،٤٦.

﴿٢٥﴾ د. جلوريا ج. بوردن، د. كاثرين س. هارس، د. لورانس ج. رافائيل، أساسيات علم الكلام، ترجمة د. محيي الدين، دمشق، ١٩٩٨، ص١٤٨.

﴿٢٦﴾ محمد معروف فتاح، رێنووسى كوردى لە ڕووانگەى فۆنەتيكەوە، گۆڤارى كۆڕى زانيارى عێراق، دەستەى كورد، بەرگى نۆهەم، ١٩٨٢، ل٢٥٥ ـ ٢٥٦.

﴿٢٧﴾ A. C. Gimson, An introduction to the pronunciation of English, London, ١٩٧٠, p٥٣.

﴿٢٨﴾ وريا عومەر ئەمين، ئيملاى كوردى و چەند تێبينى يەك، گۆڤارى كۆڕى زانيارى عێراق، دەستەى كورد، بەرگى نۆهەم، ١٩٨٢، ل٤٤٨.

﴿٢٩﴾ John Wright, Speaking English, London, ١٩٧٣, p٢٩.

﴿٣٠﴾ رێكێش ئامێدى (زكى محمد سعدالله)، فێركرنا كوردى ب پيتێن لاتينى، دهۆك، ٢٠٠٠.

﴿٣١﴾ Peter Roach, English Phonetics and Phonology, London, ١٩٨٥, p٣٢.

﴿٣٢﴾ ترنز هوكز، البنيوية وعلم الاشارة، ترجمة مجيد الماشطة، بغداد، ١٩٨٦، ص٧.

﴿٣٣﴾ دكتور تمام حسان، مناهج البحث في اللغة، دارالبيضاء، ١٩٧٩، ص٧١،١٥.

﴿٣٤﴾ Dwight Bolinger, Regarding Language, New York, ١٩٧٢, p١٧٦.

﴿٣٥﴾ الدكتور علي عبدالواحد وافي، نشاة اللغة عند الانسان والطفل، القاهرة، ١٩٧١، ص٩٧،٩٢.

﴿٣٦﴾ الدكتور حسام سعيد النعيمي، أصوات العربية بين التحول والثبات، بغداد، ١٩٨٩، ص٨١.

﴿٣٧﴾ دكتور ابراهيم أنيس، من أسرار اللغة، القاهرة، ١٩٨٥، ص٢١٨.

﴿٣٨﴾ د. محمد صابر مصطفر و لقمان مصطفر سعيد، همزة الاستفهام والتنغيم، مجلة زانكو، جامعة صلاح الدين، العدد ٥، أربيل، السنة الثالثة، ص١٤٣.

﴿٣٩﴾ دكتر ثرويز ناتل خانلري، تاريخ زبان فارسي، جلد أول، انتشارات بنياد فرهنك ايران، ١٣٤٩، ص٧٣.

﴿٤٠﴾ د. ميشال زكريا، الألسنية (علم اللغة الحديث) المباىء والأعلام، بيروت، ١٩٨٣، ص٢٧٥،٢٣٩،٢٣٧،١٩٩.

﴿٤١﴾ د. محەمەدى مەحوى، چەند لايەنێكى فۆنۆلۆژيى ڕێزمانى كورديى و ڕێزمانى عارەبيى، سلێمانى، ٢٠٠٠، ل٥٩،٢٢.

﴿٤٢﴾ Ernest N. McCarus, A Kurdish Grammar, New York, ١٩٥٨, p٢٣.

﴿٤٣﴾ الدكتور ابراهيم أنيس، الأصوات اللغوية، مكتبة الانجلو المصرية، ١٩٧٥، ص٣١.

﴿٤٤﴾ حسن عون، دراسات في اللغة والنحو العربي، معهد البحوث والدراسات العربية، ١٩٦٩، ص٧٠.

﴿٤٥﴾ غازى فاتح وەيس، فۆنەتيك، بەغدا، ١٩٨٤، ل٦٨.

﴿٤٦﴾ John Lyons, Language and Linguistics, London, ١٩٨٥, p٧٨-٨٢.

﴿٤٧﴾ نعيم علويه، بحوث لسانيه بين نحو اللسان ونحو الفكر، بيروت، ١٩٨٤، ێ٧٧ ـ ٨٨.

﴿٤٨﴾ مەسعود محەمەد، چارەسەركردنی گیروگرفتەكانی ڕێنوس و ئەلفوبێی كوردی، گۆڤاری كۆڕی زانیاری عێراق، دەستەی كورد، بەرگی نۆهەم، ١٩٨٢، ل٢٩٣.

﴿٤٩﴾ نعوم جومسكي، جوانب من نظرية النحو، ترجمة مرتضىٰ جواد باقر، البصرة، ١٩٨٥، ص١٠٧.

﴿٥٠﴾ محمد أمين هەورامانی، فۆنەتیكی زمانی كوردی، بەغدا، ١٩٧٤، ل٤٣.

﴿٥١﴾ محەمەد ئەمین هەورامانی، سەرەتایێك لە فیلۆلۆژی ی زمانی كوردی، بەغدا، ١٩٧٣، ل٨١.

﴿٥٢﴾ Leonard Bloomfield, Language, London, ١٩٦٩, p١٣٢.

﴿٥٣﴾ الدكتور موفق الحمداني، اللغة وعلم النفس، بغداد، ١٩٨٢، ص٧٩.

﴿٥٤﴾ فردينانـد دي سوسور، علم اللغة العام، ترجمة الدكتور يوئيل يوسف عزيز، الموصل، ١٩٨٨، ص٧٦.

﴿٥٥﴾ مێگفر نەریمان، ڕێنووسی كوردی لە ڕەگ و ریشەوە، دەزگای ڕۆشنبیری و بلاوكردنەوەی كوردی، بەغدا، ١٩٨١، ل٣٧.

﴿٥٦﴾ نوری عەلی ئەمین، ڕابەریّ بۆ ئیملای كوردی، بەغدا، ١٩٦٦، ل٣٤.

﴿٥٧﴾ Khalil L. Al-Hamash, English Phonetics and Phonology, Baghdad, ١٩٨٤, p٢٤.

﴿٥٨﴾ دكتۆر نەسرین محەمەد فەخری، ڕێنووسی كوردی، چاپخانەی زانكۆی سەلاحەددین، ١٩٧٨، ل٢٢،١٨.

﴿٥٩﴾ وریا عومەر ئەمین، ئیملای كوردی و چەند تێبینی یەك، گۆڤاری كۆڕی زانیاری عێراق، دەستەی كورد، بەرگی نۆهەم، ١٩٨٢، ل٤٣٤.

﴿٦٠﴾ Curtis W. Hayes, Jacob Ornstein, and William W. Gage, The ABC's of Languages and Linguistics, Tehran, ١٣٧٣, p٤٢.

﴿٦١﴾ دوكتۆر ئەورەحمانی حاجی مارف، زمانی كوردی لە بەر ڕۆشنایی فۆنەتیكدا، بەغدا، ١٩٧٦، ل٤٨.

﴿٦٢﴾ نوری عەلی ئەمین، ڕابەریّ بۆ ئیملای كوردی، بەغدا، ١٩٦٦، ل١٣.

﴿٦٣﴾ محمد معروف فتاح، ڕێنووسی كوردی لە ڕووانگەی فۆنەتیكەوە، گۆڤاری كۆڕی زانیاری عێراق، دەستەی كورد، بەرگی نۆهەم، ١٩٨٢، ل٢٣٤ ـ ٢٣٥.

﴿٦٤﴾ محمد معروف فتاح، زمانەوانی، زانكۆی سەلاحەددین، ١٩٩٠، ل٦٦.

## ( ملخص البحث )

رغم وجود العديد من المقالات والبحوث بخصوص الحروف الكوردية من حيث وجود بعضها أو عدمها إضافة إلى عدد الحروف وكيفية كتابتها. ولكن للباحث آراء مختلفة جديدة بخصوص بعض حروف العلّة، مثل: ( i ) الكسرة المختلسة، و ( وو ) الواو الطويلة. و بعض الحروف الصحيحة، مثل: ( أ ) الهمزة الكوردية، ( ح، ع ) الحاء والعين، ( خ، غ ) الخاء والغين. وتمت دراسة كل حرف من هذة الحروف في محور خاص، وفي نهاية كل محور يقدم الباحث استنتاجاته بخصوص ذلك الحرف مع الإقتراحات التي يراها صائبة لكتابة اللغة الكوردية

بالحروف السائدة المشابهة للحروف العربية. وكذلك إضافة إلى المقدمة يتضمن البحث ملخصاً باللغة العربية والإنكليزية مع قائمة بأهم المصادر المستعملة في البحث.


## ﴿Abstract﴾

**In spite of being many articles and researches about Kurdish letters, whence their existence or not, in addition to their numbers and direction for their writing. But the researcher has same new different opinions about some vowels, like: Short (i), double (وو), and some consonants, such as: (ئـ), (ح،ع), and (خ،غ). Every letter has been stadied in a particular section, and after every section, the researcher exhibits his deductions about that letter with his recommendations to Kurdish writing by these letters, which similar to Arabic alphabet.**


هەوالنامەی کتێب

# ئایا زمانەوانی زانستێکی سروشتیە؟ یان وێژەییە؟

تۆژینەوەیەکی زمانەوانیە

هەوالنامەی کتێب

پرۆفیسۆر دکتۆر

عەبدوللا حوسێن ڕەسول

ئەم توێژینەوەیە لە گۆڤاری زانکۆی سـەلاحەددین، ژمارە (٢٢)، ئابی (٢٠٠٤)، لاپەڕە (١٦١-١٧٥) بڵاوکراوەتەوە.

بەرواری نوسین: چوارشەممە ١/ ١٠/ ٢٠٠٣

**پێشەکی:**

ئەگەر لە کۆندا فەلسەفە(١) تاکە زانستێك(٢) بوبێ(٣)، ئەوا ئێستا لە سایەی کەڵەکەبونی میراتی بەهرەی مرۆڤایەتی(٤) و پێشکەوتنی شارستانی و فراوانبونی ڕادەی ڕۆشنبیری، بەردەوام ژمارەی زانستەکان و لقەکانی لە پتربوندایە، بە ڕادەیەك تۆژەر ناچاردەکەن، کە دەبێ بزانێ، بابەتی تۆژینەوەکەی لە کام ئاستی تایبەتمەندی؟ و کام لق؟ و کام زانست؟ و کام پۆلە(٥)؟. ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ کە زۆریی ژمارە و جۆری زانستەکان، تایبەتمەندانی ناچارکردوە، زانستەکان بژار و پۆلێن بکەن، تا بتوانن: بەرهەمە ئەنجامدراوەکان بە جۆرێك ڕێکبخەن، تێکەڵ نەبن و بەردەستییان ئاسان بێ. هەروەها زەمینەش خۆشبکەن بۆ سنوردارکردنی هەر بابەتێك و پاراستنی تۆژەران، لە پەلەقاژێی گێژاوی دەریای زانست(٦). ئەم پۆلێنکردنەش وانەی کۆلێجەکان، پەیمانگاکان، قوتابخانەکان، بەشەکان، پۆلەکان و سەرجەم دامودەزگا ئەکادیمیەکانی لە یەك جیاکردەوە، سەرباری جیاکردنەوەی دەلاقە و ڕەفەکانی سەرجەم پەرتوکخانەکان و تەنانەت ناونیشانی فەرمانبەران و موچە و دەرماڵە و جیاوکەکانیان.

شایانی باسە، هەندێ لە زمانەوانان، سیما گشتی و تایبەتیەکانی جۆر و پۆلی زانستەکان لە یەك جیاناکەنەوە و کەمتر دەتوانن، شوێنی لق و تایبەتمەندیی وردی تۆژینەوەکەیان لە نەخشەی جوگرافی زانستەکان بدۆزنەوە(٧). ئەمەشە هۆی هەڵبژاردنی باسەکەیە، کە تیایدا تۆژەر هەوڵیداوە، لە ژێر تیشکی ڕاستیە زمانەوانیەکان، شوێنی زمانەوانی(٨) و هەر لقێك لە لقەکانی، لە نەخشەی زانستەکان دەستنیشان بکا(٩). بۆ ئەم مەبەستە، بابەتەکە دابەشی دو بەش کراوە:

بەشی یەکەم ـ زانستەکان: بە سەر چەند تەوەرەیەك دابەشکراوە: زانست چیە؟(١٠)، لێکۆڵینەوە چیە؟(١١)، جۆرەکانی زانستچین؟.

**بەشی دوەم ـ زانستی زمان: بە سەر چەند تەوەرەیەك دابەشكراوە: زمانەوانی و زانست(١٢)، دەنگسازی، وشەسازی، ڕستەسازی، واتاسازی. ئینجا ئەنجامەكان، سەرچاوەكان، كورتـەی عەرەبی و ئینگلیزی پێشكەش كراون.**

## ﴿بەشی یەكەم ـ زانستەكان﴾

### تەوەرەی یەكەم ـ زانست چیە؟(١٣):

**هەر زانستێك، بریتیە: لەو بابەتەی لە كەرەسەكانی خـۆی دەكۆڵێتـەوە(١٤). بـۆ نمونە، پێكهاتەی ناوەرۆكی ماددەكان، كەرەسەی كیمیایە. ڕوخساری ماددەكان، كەرەسـەی فیزیایە(١٥). ڕوداوەكان، كەرەسەی مێژوە. دیاردە سروشـتیەكان، كەرەسـەی جوگرافیایـە و..... هتد. لە ئەنجامی دۆزینەوەی كەرەسەی زۆرتر و وردتر، هەریەكێ لـەم زانسـتانەش دابەشی لقی تر بون و لقەكانیش بونە زانستی سەربەخۆ و لقی وردتریان لـێ كەوتـەوە و كاروانی ورددۆزی بەردەوامە(١٦). كەواتە؛ لێكۆڵینەوە لە چۆنیەتی پێكهاتن و كـاركردنی سیستەمی هەر گروپێكی هاویەك لە كەرەسەكان، زانستێك یا لقێكی زانستێك، بە پێی ورد و درشتی گروپەكە، پێكدەهێنێ.**

### تەوەرەی دوەم ـ لێكۆڵینەوە چیە(١٧)؟:

**پێناسـەی هـەر شـتێك، بریتیـە: لـە پوختـەی دەرەنجـامی ئـەو لێكۆڵینـەوەی تۆژەرێك(١٨) دەربارەی ئەو شتە دەیگاتێ. بۆیە هەر وشەیەك لە وشەكانی پێناسە، ئامـاژە بۆ لایەنێكی گرنگی شتەكە دەكا. لە تەوەرەی یەكەم لـە پێناسـەی زانسـتدا، ئامـاژە بـۆ دو وشەی گرنگ كرا: كەرەسە و لێكۆڵینـەوە(١٩). پێویسـتە، لـە پێشـدا بـزانین، لێكۆڵینـەوە چیە(٢٠)؟.**

**لێكۆڵینەوە(٢١)، بریتیە: لە دۆزینەوەی، یان ڕاستكردنەوەی زانیاریەكان دەربـارەی بەشێك، یان هەمو لایەنەكانی كەرەسەیەك، یان زیاتر. دۆزینەوەی هـەر زانیـارییێكی نـوێ، یان ڕاستكردنەوەی زانیاریە هەڵەكان(٢٢)، هەنگاوێك زانستەكە بەرەو پێشـەوە دەبـا(٢٣)، بەم شێوەیە كاروانی زانست بەردەوام دەبێ(٢٤).**

**بە گشتی لێكۆڵینەوە دابەشی سێ جۆر دەبێ، كە هەرسێكیان بـە ڕیـزە تەواوكـەری یەكترن:**

**١ـ لێكۆڵینەوەی ئێستایی(٢٥): لـەم لێكۆڵینەوەیـەدا(٢٦)، كەرەسـەكە لـە كـات و شـوێن دادەبڕین، واتە؛ خاڵێك لە هێڵی ستونی كات و خاڵێك لە هێڵی ئاسۆیی شـوێن وەردەگـرین و كەرەسەكە وەك تەنێكی دابـڕاوی سـنوردار سـەیر دەكـرێ، بـەبێ گوێدانـە كـات و شـوێنی**

دەوروبەری. بۆ نمونە، ئەگەر بمانەوێ، لە شێوەی ئاخاوتنی هەر ئاواییەك لە ئاواییەکانی کوردستان بکۆڵینەوە، سنوری ئاواییەکە دیاردەکەین و نابێ، لەو سنورە دەربچین کە دەستنیشانی دەکەین، لە گەڵ تۆمار کردنی ئەو کاتەی نمونەی کەرەسەکانی لێ وەردەگرین. وەك لەم هێڵکاریەدا دیارە( ٢٧ ):




{لەم هێڵکاریەدا دەرەکەوێ، کە لێکۆڵینەوەکە لە ساڵی ( ٢٠٠٠ )دایە، لە سەر شێوەی ئاخاوتنی شاری ( دیاربەکر )} .

٢ـ لێکۆڵینەوەی بەراوردی( ٢٨ ): لەم لێکۆڵینەوەیەدا، بەراورد( ٢٩ ) لە نێوان ئەنجامەکانی پتر لە یەك لێکۆڵینەوەی ئێستایی لە سەر هەمان جۆری کەرەسە دەکرێ، لە دو کاتی جیاواز( ٣٠ )، یان لە دو شوێنی جیاواز. بۆنمونە: بەراوردکرنی شێوەی ئاخاوتنی( ٣١ ) شاری ( دیاربەکر ) لە ساڵی ١٩٩٥ و ٢٠٠٥ یان شێوەی ئاخاوتنی شاری ( دیاربەکر ) لە گەڵ شێوەی ئاخاوتنی شاری ( کرماشان ) لە ساڵی ٢٠٠٠.

٣ـ لێکۆڵینەوەی مێژویی( ٣٢ ): ئەم لێکۆڵینەوەیە، بریتیە لە ڕیزکردنی ئەنجامە جیاوازەکانی لێکۆڵینەوە بەراوردیەکان بە پێی زنجیرەی مێژویی( ٣٣ ) و دەستنیشانکردنی ژینگەی هەر قۆناغێك و هۆکارەکانی گۆڕانەکان. بۆنمونە: دەرخستنی ڕێژەی کەمبونەوەی وشەی عەرەبی لە ڕۆژنامە کوردیەکان، لە ساڵی ١٩٩٠ تاکو ٢٠٠٠.

**تەوەرەی سێیەم ـ کەرەسە:**

ئاشکرایە، کۆمەڵەی کەرەسەکانی( ٣٤ ) هەر زانستێك هەرچەند زۆربێ، بە پێی ڕادەی وردبونەوەی هەر لقێك لە لقەکانی زانستەکە، ڕێژەی کەرەسەکان کەمتردەبێتەوە. لە ئەنجامی کاروانی لێکۆڵینەوە زانستیەکان دەربارەی چۆنیەتی کارکردن و پێکهاتەی ڕوخسار و ناوەڕۆکی کەرەسەکان و بەراوردیان لە گەڵ کەرەسەکانی تر، توانرا کەرەسەکان دابەشبکرێن بە سەر دو کۆمەڵەی سەرەکی( ٣٦ ):

**١ـ کەرەسەی پێوراو:** ئەو کەرەسانەن کە یەکەی پێوانیان هەیە و دەشێ، ماددەی بەرجەستەیی بن (کێش و قەبارەیان هەبێ)، یان پێکهاتەی بەرجەستەیی نەبن (کێش و قەبارەیان نەبێ). وەك لەم خشتەیەدا ئاماژە بە هەندێ نمونە کراوە:

| نمونەی بەرجەستە | | نمونەی نابەرجەستە | |
|---|---|---|---|
| کەرەسە | یەکەی پێوان | کەرەسە | یەکەی پێوان |
| درێژی | مەتر / میل... | کات | چرکە / کاتژمێر... |
| کێش | گرام / پاوەند... | هێز | داین / نیوتن... |
| مێشکی کۆمپیوتەر | بایت / کیلۆبایت... | تەزوی کارەبا | ئەمپێر... |
| پاڵەپەستۆ | باسکال | لەرینەوە | هێرتز/کیلۆهێرتز... |

ئاشکرایە، هەریەك لەم کەرەسە پێوراوانەش سەرەتا نە پێوراو بون. بۆنمونە: ڕۆژە-ڕێ، دانە-ڕێ، گەز، هەنگاو، بەژن و ...هتد یەکەی پێوانی درێژی بون، ئەمانەش لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر بە پێی تەمەن و باڵا دەگۆڕێن. جگە لەمە زۆر یەکەی پێوانی ئاوێتە هەن، وەك: یەکەی پێوانی خێرایی، یەکسانە بە، یەکەی درێژی لە سەر یەکەی کات، یەکەی پێوانی قەبارە، یەکسانە بە، سێ جای یەکەی درێژیی لایە جیاوازەکان...هتد.

**٢ـ کەرەسەی نە پێوراو:** ئەو کەرەسانەن کە یەکەی پێوانیان نیە، یان هێشتا یەکەی پێوانیان بۆ نەدۆزراوەتەوە و پێوانەیان بە شێوەی ڕێژەیی و گشتیە و سنوردار نیە و لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێن. وەك: هۆش، بیر، توانای مێشك، جوانی، ئازایەتی، باشی، خۆشی، باوەڕ، ئاین، مێژو، پێشبینی، گیان، بون، مردن، ...هتد.

تێکرای ئە نجامی لێکۆڵینەوەکان لە سەر کەرەسە پێوراوەکان هاوڕێك دەرەچن، بەڵام تێکرای ئە نجامی لێکۆڵینەوەکان لە سەر کەرەسە نە پێوراوەکان هاوڕێك دەرناچن و بە زۆری هەر تۆژەرێك بۆچونێکی دەبێ.

**تەوەرەی چوارەم ـ جۆری زانستەکان:**

بە شێوەیەکی گشتی و بە پێی جۆری کەرەسەکان، زانستەکان دابەشی دو جۆری سەرەکی دەبن:

**زانستە سروشتیەکان:** ئەو زانستانەن کە کەرەسەکانیان، یەکەی پێوانیان هەیە. وەك: کیمیا، فیزیا، ماتماتیك، زەویناسی...هتد.

**زانستە مرۆڤایەتیەکان (یان وێژەییەکان):** ئەو زانستانەن کە کەرەسەکانیان، یەکەی پێوانیان نیە. وەك: مێژو، وێژە، کۆمەڵناسی...هتد.

**زانسته پراکتیکیەکان**( ٣٧ ): جۆرێکی ناسەرەکیی زانستەکانە، ئەگەرچی لە ڕوی کارەکیەوە لە هەمویان بایەخدارترە. ئەو زانستانەن کە زانستە سروشتیەکان لە ڕاژەی زانستە مرۆڤایەتیەکان بەکاردێنن. وەك: پزیشکی، ئەندازەگەری، وەرزش...هتد. بۆنمونە: ئازار و ژانی نەخۆشێك نا پێورێ، بە هۆی تیشکی ئێکس، پێوانی پلەی گەرمی لەش، پێوانی پەستانی خوێن و...هتد نەخۆشیەکە دەستنیشان دەکرێ و بە بڕی دیارکراو لە مادده کیمیاییەکان چارەسەر دەکرێ.

## «بەشی دوەم ـ زمانەوانی چ جۆرە زانستێکە؟»( ٣٨ )

دوای ئەوەی لە بەشی یەکەمدا، پوختەیەکی پۆلینکردنی زانست و کەرەسەکانمان زانی، دەمانەوێ، لەم بەشەدا بزانین، زمانەوانی چیە( ٣٩ )؟، کەرەسەکانی چین( ٤٠ )؟ و بەر کام جۆری زانست دەکەوێ( ٤١ )؟، ئایا زمانەوانی زانستە( ٤٢ )؟:

### تەوەرەی یەکەم ـ زمانەوانی چیە( ٤٣ )؟:

بە پێی ئەو پێناسە گشتیەی بۆ ( زانست )مان هەڵبژارد، زمانەوانی بریتیە: لەو زانستەی لە کەرەسەکانی خۆی دەکۆڵێتەوە( ٤٤ ). کەرەسەی زمانەوانیش بریتیە لە زمان ( ئاخاوتن ) ( ٤٥ ). کەواتە؛ زمان چیە( ٤٦ )؟ و لە چی پێکدێ( ٤٧ )؟.

هەڵبەتە، زمان بۆ ئەوە هاتۆتە ئارا، تاکو ئەو بیرۆکە یا چەمك یا واتایانەی کە لە مێشکی مرۆڤی قسەکەردا هەن، بگوازێتەوە( ٤٨ )، بۆ مێشکی مرۆڤی گوێگر. ئەگەر لە سەرەتای دروستبونی زمان، هەر هێمایەك بەکارهاتبێ، بۆ گواستنەوەی ئەو واتایانە، ئەوا ئێستا هێمای دەنگی بۆ ئەو مەبەستە بەکاردێ( ٤٩ ). کەواتە؛ زمان پێکدێ لە دەنگ و واتا( ٥٠ ). دەنگ، هۆی گواستنەوەی واتایە و واتاش پەیامی مرۆڤێکە بۆ مرۆڤێکی تر( ٥١ ). پەیوەندی نێوان دەنگ و واتاش، پەیوەندییەکی لەخۆوەیە( ٥٢ ) و لە ئە نجامی زۆری دوبارەبونەوە و بەکارهێنان، سیستەمێکی دروستکردوە کە لە ئە نجامدا بوەتە یاسا و نەرێتێك بۆ ئەو زمانە. کەواتە؛ کەرەسە سەرەکیەکانی زمانەوانی بریتین لە دەنگ و واتای زمان. ئایا دەنگ و واتا چین؟، ئایا یەکەی پێوانیان هەیە؟، ئایا دەتوانرێ پۆلین بکرێن؟( ٥٣ ).

### تەوەرەی دوەم ـ دەنگ چیە( ٥٤ )؟:

بە پێی بنەمای ( بۆ هەر کارێك کاردانەوەیەك هەیە، لە هێزدا یەکسان و لە ئاڕاستەدا پێچەوانەن ) ( ٥٥ )، کاتێ گەردیلەکانی هەوا لە سیەکان فشاریان بۆ دێ و بە کارتێکردنی ئەندامانی ئاخاوتن بە تەوژم لە دەمی قسەکەردا دێنە دەرەوە، لەگەڵ گەردیلەکانی هەوای دەرەوە بەریەك دەکەون، دەبنە هۆی دروستبونی شە پۆلێکی( ٥٦ )

لەرینەوە( ٥٧ ) و دەگوازرێنەوە بۆ گوێی بیسەر( ٥٨ ). ڕادەی هێزی هەر شەپۆلێك، لەسەر سێ هۆكار بەندە: یەكەم - وزەی هێزی جوڵێنەر ( فشار-Pressur )، دووەم - تێكڕای فراوانی لەرینەوەكان و سێیەم - ژمارەی لەرینەوەكان لە چركەیەكدا كە پێی دەوترێ ( لەرەلەر- Frequency ). بۆ نمونە: هەندێ لایەنی شەپۆلی دەنگ بەم شێوەیە دەپێورێن:

**لەرەلەر:** بە ژمارەی لەرینەوەكان لە چركەیەكدا دەپێورێ، كە پێی دەوترێ ( هێرتز-Hz ) ( ٥٩ ).

**فراوانی:** بە بەشەكانی یەك لە هەزارەی میللیمەتر لە زۆرترین بڕی لادانی جوڵە دەپێورێ.

**فشار:** بە ژمارەی داینەكان لەسەر سانتیمەترێكی دوجا دەپێورێ.

**توندی دەنگ** ( Intensity ): بە بەشەكانی یەك لە دە هەزار بلیۆنی واتێك لە سەنتیمەترێكی دوجا دەپێورێ. هەروەها پێوەرێكی كارەكی هەیە بۆ هێزی دەنگ، یا ڕادەی بیستن كە بە یەكەی( دیسیبیل ) ناودەبرێ و هەر دیسیبیلێك یەكسانە بە، دەیەكی بیلێك و بیلیش كزترین دەنگە مرۆڤ تێبیگا. واتە؛ هەر دەنگێك لە دە دەیسبیل كەمتر بێ، گوێی مرۆڤ نایبیستێ، كە دەكاتە بەشێك لە دە هەزار ملیۆن وات لەسەر سانتیمەترێكی دوجا. بەهێزترین دەنگیش گوێی مرۆڤ بتوانێ بیبیستێ، بێ ئەوەی ئازاری پێ بگا، پێویستە لە سەدیەكی واتێك لە سانتیمەترێكی دوجا كەمتر بێ، كە دەكاتە، چل دیسیبیل( ٦٠ ).

لە نایابترین دەنگی قسەكردنی پیاو، كردنەوە و داخستنی هەوا لە نێوان ١٠٠ تا ١٥٠ جار دوبارە دەبێتەوە لە چركەیەكدا، ژمارەی ئەو لەرینەوانە، بە خول لە خولەك ( CPS = Cycles Per Second ) دەپێورێ و بۆ ئافرەتیش ڕێژەكە دەگانە ٢٠٠ تا ٣٢٥ جار( ٦١ ).

كەواتە، یەكێ لە پێكهاتەكانی زمان كە دەنگە، لایەنە فیزیكیەكەی( ٦٢ ) كەرەسەیەكی پێوراوە و یەكەی پێوانی هەیە. لەم ڕووەوە زمانەوانی دەكەوێتە بە زانستە سروشتیەكان( ٦٣ ).

**تەوەرەی سێیەم ـ واتا چیە؟( ٦٤ ):**

تا ئێستا واتا ئاستەنگێكی گەورەیە لە زمانەوانیدا( ٦٥ )، چونكە كەرەسەیەكی هۆشەكیە و ناپێورێ. ئەمەش وەكو سەرجەم كەرەسە نە پێوراوەكان، بوەتە هۆی ئەوەی لە سەر پێناسەكەی ڕێكنەكەون( ٦٦ ) و پێناسەیەكی وردی بۆ نەكرێ( ٦٧ ). تەنانەت سركی و خۆبەدەستەوەنەدانی كەرەسەكە( ٦٨ ) گەیشتۆتە ڕادەیەك، هەندێ لە زمانەوانان هەوڵی فەرامۆشكردنی بدەن. دیارترین پێناسە ئەوەیە، كە واتا دەكاتە پەیوەندیی لەخۆوەی نێوان وێنە هۆشەكیەكان و هێما دەنگیەكان( ٦٩ ).

هەوڵە بەردەوامەکانی زمانەوانی بۆ پێوان، یان دۆزینەوەی یەکەیەکی پێوانە بۆ واتـا(٧٠)، گەیشتە ئەو ئە نجامەی مۆرفیم بدۆزرێتەوە، کە بچوکترین دانەی واتـاداری زمانە(٧١). بەڵام مۆرفیمیش گرفتەکەی چارەسەرنەکرد، چونکە ئەگەر مۆرفیم بە سادەترین واتـا دابنرێ(٧٢)، ئایا بڕ و نرخ و قـەبارەی مـۆرفیمێکی هۆشـەکی، وەك (خـودا)، یەکسـانە بـە مـۆرفیمێکی بەرجەستەیی، وەك (دەرزی)؟!. کەواتە؛ مۆرفیم یەکەی پێوانە نیـە و خـۆی پێویسـتیی بـە یەکەیەکی پێوانە هەیە بۆ جیاکردنەوەی مۆرفیمێك لە مۆرفیمێکی تر.

کەواتە، زمانەوانی وەك دراوێکی دو ڕو، ڕوێکی، کە دەنگە، دە پێورێ و دەکەوێتە بەر زانسـتە سروشتیەکان و ڕوەکەی تری، کە واتـایە، نـا پێورێ و دەکەوێتە بەر زانستە مرۆڤـایەتیەکان.

**تەوەرەی چوارەم ـ لقەکانی زمانەوانی:**

زمانەوانی وەك هەر زانستێکی تر(٧٣)، لە ئـە نجامی فراوانبـونی و وردبونـەوەی کۆمەڵـەی کەرەسەکانی و پەیوەندیی لەگەڵ کەرەسەی زانستێکی تر، کۆمەڵێك لقی سـەرەکی و لاوەکـی لێ بۆتەوە. بە شێوەیەکی گشتی ئەم لقانە دابەشی سێ بەش دەبن:

**بەشی یەکـەم:** ئەوانـەی دەکەونـە بـەر ئاسـتی دەنـگ(٧٤)، وەك: دەنگسـازی(فۆنەتیك و فۆنۆلـۆجی)(٧٥)، بڕگەسـازی(٧٦) و...هتـد، ئەمانـە کەرەسـەی سـەرەکییان تـەنیا دەنگە(٧٧) و دەنگیش یەکەی پێوانی هەیە. کەواتە؛ دەکەونـە بـەر زانسـتە سروشـتیەکان. هەرچەندە بۆ دیار کردنی دەنگەکانی زمان ناچار دەبین، پشت بە واتـا ببەستین، وەك ئـەوەی دەوترێ: فۆنیم ـ کورترین دەنگە کە واتـا دەگۆڕێ(٧٨). بەڵام سیمای ئـەم ئاسـتە ئەوەیـە، واتـادار نیە.

**بەشی دووەم:** ئەوانەی دەکەونە بـە ئاسـتی دەنـگ و واتـا، وەك: وشەسـازی، ڕستەسـازی، دەقسازی و...هتد(٧٩). هەریەك لەمانە پێکهاتون لە ڕوخسـار، کـە پێکهاتـەی دەنگیـە و ناوەڕۆکیان گرتۆتە خۆیان، کە پێکهاتـەی واتاییـە. واتـە؛ ڕوێکیـان کەرەسـەی دەنگیـە و یەکەی پێوانی هەیە و دەکەوێتە بـە زانسـتە سروشـتیەکان(٨٠)، بـەڵام ڕوەکـەی تریـان، کەرەسەی واتـاییە و یەکەی پێوانی نیە و دەکەوێتە بەر زانستە مرۆڤـایەتیەکان.

**بەشی سێیەم:** ئەوانەی دەکەنە بەر ئاستی واتـا، وەك(٨١) واتـاسازی(٨٢) و...هتد. ئەمانـە کەرەسەی سەرەکیان تەنیا واتـایە و واتـاش یەکەی پێوانی نیە(٨٣). کەواتە؛ دەکەونـە بـەر زانستە مرۆڤـایەتیەکان. هەرچەندە بـۆ دیـارکردنی واتـاکـانی زمـان ناچـار دەبـین، پشـت بەدەنگەکان ببەستین، چونکە دەنگەکان هـەڵگری واتـاکـانن(٨٤)، بـەڵام لێـرەدا مەبەسـت تەنیا ئەو ناوەڕۆکە واتـاییەیە کە دەنگەکان هەڵیانگرتوە، واتە؛ مەبەست (بار)ەکەیە نـەك (بـارکراو)ەکە.

**پوختەی پۆلینەکە لەم خشتەیەدا خراوەتەڕو:**

| زانستی ئاستەکە | جۆری کەرەسە | کەرەسە | جۆر | لق | ئاستی زمانەوانی(٨٥) |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| سروشتی | پێوراو | دەنگ | لاوەکی<br>سەرەکی | فۆنەتیك(٨٦)<br>فۆنۆلۆجی(٨٧) | دەنگسازی(٨٨) |
| سروشتی+ مرۆڤیەتی | پێوراو+نەپێوراو | دەنگ+واتا | سەرەکی | | وشەسازی |
| سروشتی+ مرۆڤیەتی | پێوراو+نەپێوراو | دەنگ+واتا | سەرەکی | | ڕستەسازی |
| مرۆڤایەتی | نەپێوراو | واتا | لاوەکی | | واتاسازی |

لێرەدا ئەگەینە ئەو ئەنجامەی، کە زمانەوانی(٨٩)، نە زانستێکی سروشتیە و نەزانستێکی مرۆڤایەتیە. یا ڕاستتر ئەوەیە، بڵێین: نیوەی سروشتیە و نیوەی مرۆڤایەتیە.

**تەوەرەی پێنجەم ـ لێکەوتنەوە:**

ئەو دو لایەنیەی زمان و زمانەوانی، لە نێوان زانستەکانی سروشتی و مرۆڤایەتی ئەگەری چەند ئەنجامێکی لێ دەکەوێتەوە، لەمانە:-

١- لێکۆڵینەوە دەنگسازیەکان، وردتر و هاویەك و بێ گرفتترن لە لێکۆڵینەوە واتاییەکان.

٢- لێکۆڵینەوە ڕێزمانیەکان( وشەسازی یان ڕستەسازی)، لەبەر دو هۆ هاویەك و هاوڕان:

یەکەم – لێکۆڵەرەکان پتر گرنگیان بە لایەنێك داوە، لەدەنگ و واتا. لە کوردیدا، پتر گرنگی بەلایەنی واتا دراوە.

دوەم – لەبەر ئەوەی واتا کەرەسەیەکی نەپێوراوە، خۆی دەبێتە هۆی ڕای جیا جیا و ڕێژەیی.

٣- جیابونەوەی بەشەکانی زمان لە کۆلێجەکانی وێژەیی( ئاداب)، کە تایبەتە بە زانستە مرۆڤایەتیەکان و دانەنانی لە کۆلێجەکانی زانست کە تایبەتە بە زانستە سروشتیەکان. ئێستا لە زۆربەی زانکۆکانی جیهان ڕا و پێشنیار بەو ئاڕاستە دەچێ، کە لە کۆلێجێکی تایبەت بە ناوی (کۆلێجی زمانەکان) دابنرێن.

٤- لەسەرجەم زمانەکاندا، لایەنی دەنگەکان، سیستەمی ڕیزکردنیان، کارلێککردنیان و...هتد فێربونیان ئاسانترە، لەلایەنی واتایی. چونکە دەنگەکان کەرەسەی پێوراون و یاسادارن، بەڵام واتاکان کەرەسەی نەپێوراون و پابەندی یاسا لۆجیکیەکان نابن. بۆ نمونە: دەربڕینی وشەی (سور) کارێکی گران نیە، بەڵام بۆ لە هەولێر واتای (سوێر = خوێدار) بدا، لە سلێمانی واتای ڕەنگی خوێن بدا، لە عەرەبی واتای شورە بدا، لە فەرەنسی واتای( لەسەر = Sur) بدا(٩٠) و...هتد.

٥- هەر کاتێ توانرا، واتا بپێورێ و یەکەیەکی پێوانەی بۆ دۆزرایەوە، زانستی زمانیش بە تەواوی دەچێتە ڕیزی زانستە سروشتیەکان.

١- به شێوەیەکی گشتی کەرەسەی زانستەکان، دابەشی دو جۆر دەبن: پێوراو، که یەکەی پێوانیان هەیە و نەپێوراو، که یەکەی پێوانیان نیە.

٢- بەگشتی زانستەکان به پێی جۆری کەرەسەکانیان، دابەشی دو جۆری سەرەکی دەبن: زانستی سروشتی و زانستی مرۆڤایەتی.

٣- زمانەوانی، لەبەر ئەوەی له زمان دەکۆڵێتەوە و زمانیش پێکهاتوە له دەنگ و واتا، دەنگ پێوراوە و واتا نه پێوراوە، کەواتە: زمانەوانی نیوەی زانستی سروشتیە و نیوەی زانستی مرۆڤایەتیە( وێژەییە ).

٤- ئاستی دەنگسازی، بەبەر زانستی سروشتی دەکەوێ، چونکه کەرەسەکانی دەنگە و دەنگیش پێوراوە. ئاستی وشەسازی، بەبەر هەردو زانستی سروشتی و مرۆڤایەتی دەکەوێ، چونکه کەرەسەکانی بریتین له: دەنگ و واتا، دەنگ دەپێورێ و واتا ناپێورێ.

٦- ئاستی ڕستەسازی، به بەر هەردو زانستی سروشتی و مرۆڤایەتی دەکەوێ، چونکه کەرەسەکانی بریتین له: دەنگ و واتا. دەنگ دەپێورێ و واتا ناپێورێ.

٧- ئاستی واتاسازی، بەبەر زانستی مرۆڤایەتی دەکەوێ، چونکه کەرەسەکانی واتایە و واتاش نه پێوراوە.

هەوالنامەی ئەکادیمی

## «سەرچاوەکان»


١. ب.س ديفيز، المفهوم الحديث للمكان والزمان، ترجمة د. السيد عطاء، المصر، ١٩٩٦، ص١٥٩.

٢. ثامر مهدي، من الاسطورة الى الفلسفة والعلم، بغداد، ١٩٩٠، ص١٧٩.

٣. محمد عزيز الحبابي، تأملات في اللغو واللغة، ليبيا، ١٩٨٠، ص ١٤.

٤. د. عبدالله العمر، ظاهرة العلم الحديث دراسة تحليلية وتاريخية، مجلة عالم المعرفة، العدد ٦٩، الكويت ١٩٨٣، ص ١٠٩.

٥. الدكتور فؤاد زكريا، التفكير العلمي، مجلة عالم المعرفة، العدد ٣، الكويت ١٩٧٨، ص٦.

٦. دكتورة ناهد صالح، الرياضيات والنظرية الاجتماعية، مجلة عالم الفكر، المجلد الرابع، العدد الرابع، الكويت ١٩٧٤، ص١٠٠.

٧. د. عبدالقادر الفاسي الفهري، اللسانيات واللغة العربية، الكتاب الاول، بغداد، ١٩٨٥، ص١٤.

٨. Cf.C.A.Montegomery، Linguistics and information science، Journal of the American society for information science، No ٢٣، New York، ١٩٧٢، p ١٩٥ – ٢١٩.

٩. رولان بارت، مباديء في علم الادلة، تعريب: محمد البكري، بغداد، ١٩٨٦، ص١٣.

١٠. جيمس ب. كونانت، مواقف حاسمة في تأريخ العلم، ترجمة الدكتور احمد زكي، المصر، ١٩٥١، ص٤٧.

١١. غازی فاتح وەیس، ڕێبازی لێکۆڵینەوە، هەولێر. ١٩٩٠، ل١٧

١٢. د. محمد مەحویی، زمان و زانستی زمان سەرەتایەك بۆ زانستی زمان، سلێمانی، ٢٠٠١، ل ٥٦، ٦٤.
١٣. Lakatos I. ، the methodology of scientific research programmes، Cambirdge، ١٩٧٨
١٤. F. Sherwood Taylor، Science past and present، London، ١٩٦٢، p ٣٣٨.
١٥. رومن یاکوبسن، روندهای بنیادین در دانش زبان، برگردان کورش صفوی، تهران، ١٣٧٤، ص٨١.
١٦. د. سرتیب فتاح الکاکایي، الی من یعشق العلم، اربیل، ١٩٩٩، ص ٢٨.
١٧. دکتور محمد زیدان عمر، البحث العلمي مناهجة وتقنیاته، جدة، ١٩٨٧، ص ٥٣.
١٨. لوبرانس رانغیة، العلم وسعادة الانسان، ترجمة جمیل انیس سعید، دمشق، ١٩٩٥، ص١٨٤.
١٩. جان جاك سلمون، العلم والسیاسة، ترجمة: هشام دیاب، دمشق، ١٩٧٧، ص١٢٦.
٢٠. لیف سیمینوف فیجوتسکي، التفکیر واللغة، ترجمة دکتور طلعت منصور، القاهرة، ١٩٧٦، ص٧١.
٢١. الدکتور محمد حسن عبدالعزیز، مدخل الی علم اللغة، القاهرة، ١٩٨٣، ص٢٥.
٢٢. نوری امین، چۆن لێ کۆڵینەوە ئامادە ئەکەیت بە شێوەیەکی زانایانە؟، گۆڤاری زانیاری، ژمارە ٤، بەغدا، ١٩٧١، ل٧٦.
٢٣. Herbert Feigl and Grover Maxwell، Current issues in the philosophy of science، New York، ١٩٦١، p٢٠.
٢٤. الان ف. شالمرز، ما هو العلم، ترجمة لطیفة دیب عرنوق، دمشق، ١٩٩٧، ص١٦.
٢٥. فردینان دي سوسور، علم اللغة العام، ترجمة الدکتور یوئیل یوسف عزیز، الموصل، ١٩٨٨، ص١١٩، ١٦١.
٢٦. د. میشال زکریا، الالسنیة( علم اللغة الحدیث ) المبادیء والاعلام، بیروت، ١٩٨٣، ص١٤٥.
٢٧. د. التهامي الراجي الهاشمي، توطئة لدراسة علم اللغة – التعاریف، بغداد، ١٩٨٦، ص٩١.
٢٨. نعوم جومسکي، اللغة والعقل، ترجمة بیداء علي العلکاوي، بغداد، ١٩٩٦، ص٣٣.
٢٩. جورج مونین، تاریخ علم اللغة منذ نشأتها حتی القرن العشرین، ترجمة الدکتور بدرالدین القاسم، دمشق، ١٩٧٢، ص١٧١، ١٨٤.
٣٠. إلمار هولنشتاین، رومان یاکبسن او البنیویة الظاهریة، الدار البیضاء، ١٩٩٩، ص٢٦.
٣١. دکتور محمود فهمي الحجازي، علم اللغة العربیة، الکویت، ١٩٧٣، ص٣٥.
٣٢. د. علي زوین، منهج البحث اللغوي بین التراث وعلم اللغة الحدیث، بغداد، ١٩٨٦، ص٣٦.
٣٣. د. هـ. روبنز، تأریخ علم اللغة (في الغرب) ترجمة د. أحمد عوض، مجلة عالم المعرفة، العدد ٢٢٧، الکویت، ١٩٩٧، ص٢٦٧.
٣٤. ئیحسان تەبەری، فێرکردنی فەلسەفەی زانستی، وەرگێرانی د.حسن خەلیقی، بەغدا، ١٩٩٤، ل٣٤.
٣٥. تیرینس مور وکریستین کارانغ، فهم اللغة: نحو علم لغة لما بعد مرحلة جومسکي، ترجمة الدکتور حامد حسین الحجاج، بغداد، ١٩٩٨، ص٤٢.

٣٦. د. جون ب. ديكسون، العلم والمشتغلون بالبحث العلمي في المجتمع الحديث، مجلة عالم المعرفة، العدد ١١٢، الكويت، ١٩٨٧، ص٦٣.

٣٧. فؤاد صروف، العلم الحديث في المجتمع الحديث، بيروت، ١٩٦٦، ص٩٧-١٠١.

٣٨. Roman Jakobson، Main trends in the science of language، London، ١٩٧٣، p٤٤.

٣٩. J. K. Sparch، and M. Kay، Linguistics and information science، New York، ١٩٧٣.

٤٠. L. Bloomfield، Linguistic aspects of science، Chicago، ١٩٣٩.

٤١. John Lyons، Language and Linguistics، London، ١٩٨٥، p٣٧.

٤٢. د. ميشال زكريا، الالسنية( علم اللغة الحديث ) قراءات تمهيدية، بيروت، ١٩٨٥، ص١٩٣.

٤٣. Winfred P. Lehmann، Descriptive Linguistics. New York، ١٩٧٦، p٣-١٢.

٤٤. حسن عون، دراسات في اللغة والنحو العربي، معهد البحوث والدراسات العربية، ١٩٦٩، ص٥٩، ٧.

٤٥. Edward Sapir، Language، New York، ١٩٤٩، p٢٤.

٤٦. Henry Cecil wyld، The growth of English، London، ١٩٤٢، p١.

٤٧. ستيفن أولمان، دور الكلمة في اللغة، ترجمة كمال محمد بشير، المنيرة، ١٩٧٣، ص٣١.

٤٨. كمال يوسف الحاج، في فلسفة اللغة، بيروت، ١٩٨٧، ص٦٤.

٤٩. دكتر برويز ناتل خانلري، تاريخ زبان فارسي، جلد اول، انتشارات بنياد، فرهنك ايران، ١٣٤٩، ص١٥.

٥٠. الدكتور موفق الحمداني، اللغة وعلم النفس، بغداد، ١٩٨٢، ص٧.

٥١. غازى فاتح وەيس و فاضل مجيد، زمان و ئەدەبى كوردى، زانكۆى سەلاحەددين – هەولێر، ١٩٨٧، ل٨-٩.

٥٢. محمد معروف فتاح، زمانەوانى، زانكۆى سەلاحەددين، ١٩٩٠، ل٧.

٥٣. يحيى احمد، الاتجاه الوظيفي ودوره في تحليل اللغة، مجلة عالم الفكر، المجلد العشرون، العدد الثالث، الكويت، ١٩٨٩، ص٨٧.

٥٤. J.D.O'Connor، Better English pronunciation، London، ١٩٨٠،p٩.

٥٥. الدكتور محمد جواد رضا، فلسفة التربية وأثرها في تفكير معلمي المستقبل، الكويت، ١٩٧٢، ص٢٩١.

٥٦. عبدالرحمن ايوب، تحليل عملية التكلم وبعض نتائجه التطبيقية، مجلة عالم الفكر، المجلد العشرون، العدد الثالث، الكويت، ١٩٨٩، ص٣٧.

٥٧. A. C. Gimson، An introduction to the pronunciation of English، Brristol، ١٩٧٦ p١٨.

٥٨. الدكتور ابراهيم انيس، الاصوات اللغوية، مكتبة الانجلو المصرية، ١٩٧٥، ص٩.

٥٩. د. جلوريا ج. بوردن، كاثرين س. هارس، د. لورانس ج. رافائيل، اساسيات علم الكلام، ترجمة د. محيي الدين، دمشق، ١٩٩٨، ص٣٥.

٦٠. الدكتور عبدالحمن ايوب، الكلام انتاجه وتحليله، الكويت، ١٩٨٤، ص٢٣١.

٦١. A. C. Gimson، An introduction to the pronunciation of English، London، ١٩٧٠، p١٠.

٦٢. محمد رضا باطني، توصيف ساختمان دستوري زبان فارسي، تهران، ١٣٧٢ ايراني، ص٢٩.

٦٣. جومسكي، محاضرات دون – تأملات في اللغة، ترجمة د. مرتضى جواد باقر و د.عبدالجبار محمد علي، بغداد، ١٩٩٠، ص٧٦.

٦٤. GilBert H. Harman، Three levels of meaning، The Journal of philosophy، LXV، Mew York، Columbia Universiry press، ١٩٦٨، p١٨٥-٢١٢.

٦٥. Charles E.Caton، Overview، p٣-١٣، from Semantics، book، edited by Danny D.Steinberg، and Leon A.Jalobovits. Cambridge، ١٩٧٢.

٦٦. عادل فاخوري، علم الدلالة عند العرب، بيروت، ١٩٨٥، ص١٣.

٦٧. جون لاينز، علم الدلالة، ترجمة مجيد عبدالحليم الماشطة، حليم حسين فالح وكاظم حسين باقر، جامعة البصرة، ١٩٨٠، ص١٢.

٦٨. نعوم جومسكي، جوانب من نظرية النحو، ترجمة مرتضى جواد باقر، جامعة البصرة، ١٩٨٥، ص١٩٦.

٦٩. جون لاينز، علم الدلالة السلوكي، ترجمة مجيد الماشطة، الموسوعة الصغيرة، العدد ١٧٩، بغداد، ١٩٨٦، ص١٧.

٧٠. الدكتور نايف خرما، اضواء على الدراسات اللغوية المعاصرة، مجلة عالم المعرفة، العدد ٩، الكويت، ١٩٧٨، ص٣٤.

٧١. ترنز هوكز، البنيوية وعلم الاشارة، ترجمة مجيد الماشطة، بغداد، ١٩٨٦، ص٧.

٧٢. دكتور محمد علي الخولي، معجم علم الاصوات، الرياض، ١٩٨٢، ص١٦٥.

٧٣. سعيد الغانمي، اللغة علماً – مقالات في علم اللغة الحديث، الموسوعة الصغيرة، العدد ٢١٣، بغداد، ١٩٨٦، ص٥.

٧٤. J. P. B. Allen and Paul Van Buren، Chomsky: Selected Reading. London، ١٩٧٢، p٦٩.

٧٥. John Lyons، Introduction to theorection linguisticsm Cambridge، ١٩٧٢، p٩٩.

٧٦. Peter Roach، English phonetics and phonology، London، ١٩٨٥، p٥٦.

٧٧. د. غالب المطلبي، في علم اللغة، الموسوعة الصغيرة، العدد ٢٢٦، بغداد، ١٩٨٦، ص٤٧.

٧٨.Norman C. Stagederg، An introductory English grammar، New York، ١٩٧١، p١١.

٧٩. الدكتور محمد علي الخولي، الاصوات اللغوية، الرياض، ١٩٨٧، ص٦٥.

٨٠. Richard Y. Kain، Automata Theory: Machines and Language، ١٩٧٢، p٢٤.
٨١. الدكتور حاتم صالح الضامن، علم اللغة، بغداد، ١٩٨٩، ص٧٢.
٨٢. Geoffrey Leech، Semantics، Great Britain، ١٩٧٤،p٦٩.
٨٣. الدكتور احمد مختار عمر، علم الدلالة، الكويت، ١٩٨٢، ص٤٢.
٨٤. نعوم جومسكي، اللغة والعقل، ترجمة بيداء على العلكاوي، بغداد، ١٩٩٦، ص٥٥.
٨٥. Dwight Bolinger، Regarding Language، New York، ١٩٧٢، p ٥٢.
٨٦. د. محمەمەد مەحوى، چەند لايەنێكى فۆنۆلۆژيى ڕێزمانى كوردیی و ڕێزمانى عارەبیی، سلێمانى، ٢٠٠٠، ل٩.
٨٧. نعوم جومسكي، البنى النحوية، ترجمة: د. يؤيل يوسف عزيز، بغداد، ١٩٨٧، ص١٥٩.
٨٨. David Crystal، what is Linguistics، Great Britain، ١٩٨٥، p٣١.
٨٩. David Crystal، Linguistics، England، ١٩٨١، p٧٧.
٩٠. نعيم علوية، بحوث لسانية بين نحو اللسان ونحو الفكر، بيروت، ١٩٨٤، ص١٧.

## ﴿ملخص البحث﴾

((هل يعد علم اللغة من العلوم البحتة ام من العلوم الأدبية؟))

اذا كانت الفلسفة يوماً ما العلم الوحيد، او أم العلوم، فاليوم نتيجةً لتجارب الحضارات والأجيال وخبراتها تعددت العلوم وفروعها. وعلى اساس هذا التصنيف، تقسمت الشهادات وحامليها ومؤسسات العمل والهياكل الإدارية وحتى الرواتب وسبل المعيشة.

التقسيم الرئيسي للمناهج الأكاديمية، هي العلوم الأدبية( العلوم الإنسانية ) والعلوم الطبيعية( العلوم الصرفة ). تطرق الباحث الى أسس هذا التصنيف، وأثار سؤالاً :( هل يعد علم اللغة من العلوم الطبيعية؟ ). تناول البحث الإجابة عن هذا السؤال. ولتلبية الغرض تم تقسيم البحث على فصلين: يتضمن الفصل الأول عدة محاور منها: ماهو العلم؟ ما الدراسة أو البحث؟ وأنواع البحوث، ماهي مواد البحث؟ ثم ماهي انواع العلوم؟. والفصل الثاني يتضمن عدة محاور أخرى: ماهي اللغة؟ وما هو علم اللغة؟ ما هو الصوت؟ ماهو المعنى؟ وعلم المعاني؟ ما هي فروع علم اللغة؟ وأين يقع كل فرع في حارطة العلوم؟، ماذا ترتّب على هذا التقسيم؟. ثم قدّم الباحث ألنتائج والمتطلّبات الأخرى للبحث.

## Abstract

**If someday the philiosophy was unique science, in consequence of all these experiments and expertises of civilizition and gererations we see numerous scinces and their embranchment. In the light of this classification, categorized the certificates and theirowners, business firms, and even the means of sustenance and salaries.**

**The fundamental reparititon of academic curriculum is – humanities and (pure) science. The researcher touched on the fundamentals of this classification, and he agitated this question: (Dose the linguistics regard as the humanities or a pure science?). The research encompassed the answer of this question. In consequence of that target, the research has been divided into two chapters: The first one includes many sections, par example: what is the scince? What is the study or research? What are the sorts or**

# پوختەیەکی وردی ڕستەسازیی کوردی

**توێژینەوەیەکی ڕستەسازیە**

هەواڵنامەی کتێب

**پرۆفیسـۆر دکتۆر**

**عـەبدوڵڵا حوسـێن ڕەسـول**

**ئەم توێژینەوەیە یەکەم چاپی وەکو زنجیرە ( ٢ )ی کتێبی گیرفان، لە وەزارەتی ڕۆشنبیری، ساڵی ( ٢٠٠٥ ) بڵاوکراوەتەوە.**

**کتێبفرۆشی سۆران،ساڵی (٢٠٠٦)، چاپی دوەمی کردوە.**
**دواتر لە ژمارە (١٧)ی گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی،**
**ساڵی ٢٠١١، لاپەڕە (٤١-١٠٨) بڵاوکراوەتەوە.**
**بەرواری نوسین: ٤/ ٤/ ٢٠٠٤**

## «پوختەیەکی وردی ڕستەسازیی کوردی»

**«ڕســــــــتە»**
**پێشەکی**

لەگەڵ کورتیی مێژوی ڕێزمانی کوردی، بە بەراوردکردن لەگەڵ مێژوی ڕێزمانی زمانە ڕاژەکراوەکان، زمانەوانانی کاروانی ڕێزمانی کوردی، چـاڵاکانە هـەنگاوی درشـتیان نـاوە و خەرمانەیەکی بڕشتیان کۆکردوەتەوە، بەتایبەتی لە ئاستی ڕستەسـازیدا. کـەم زمانـەوانی ڕێزمـانی کـوردی هەیـە، خـۆی لـە تەنگـەی نـەدابێ. هەرچـەندە هەنـدێ لـە ڕابـەران، شوێنپێکەوتنی ڕێزمانی زمانەکانی تریان تا ڕادەیەك پێوە دیارە، بەڵام ئەو دیاردەیـە پـتر لە تەمەنی گاگۆڵەییە و هەر زو کاروانی ڕێزمانی کوردی سەرپێ کەوتوە. ئێستاش لە سـایەی سوارچاکانی ئەو کاروانە و بە سود وەرگرتن لە بەهرەی نەتەوە پێشـکەوتوەکان و زیرەکیـی کارمەندانی ئەو ڕێبازە، خەریکە پێگەیـەکی بـەرایی لـە هاوشـانی ڕێزمانـە پایـەدارەکان دەگرێ.

لە ڕێزمانی سەرەتا، بەر لە باسە ئەکادیمیەکان زمانەوانان تیشکیان دەخستە سـەر هەمو ئاستەکانی زمانەوانی، بەڵام بە زۆری بەشی شێر بەر ئاستی ڕستەسازی کەوتوە و لـەم ڕوەوە درێغییان نەکردوە. ئەگەرچی بۆچونەکانیان لە یەك نزیکن، بـەڵام هەریەکـەیان بـە جیاوازییەکی هەستپێکراو، پێناسە و پۆلینی ڕستەی کوردییان کردوە. ئێمەش لەم هەنگاوەدا بە پێی توانا و بە سود وەرگرتن لـە سـەرجەم هـەنگاوەکانی ئـەم کاروانـە، خشـتێکی تـر دەخەینە سەر کۆشکی ڕاژەی زمانەکەمان. بەو هیوایەی بتوانین، خشتێکی ڕێـك و بـێ خـەوش دابنێین، ئەگەرنا درێغی مەکەن لە ڕەخنە و چەکوشکاری کردنی تا ڕاستیـدەکەنەوە.

بۆ پێکانی مەبەست، لە سەرەتا وەك زەمینە خۆشکردنێك، پۆلینی ڕستەمان لـە ڕوی داڕشتنەوە، بە پۆلینێکی درەختی(محمد-١٥٤) خستوەتەڕو. لە بەشی یەکەمدا، ڕستەی سـادەمان تـاوتوێکردوە، کە پێکهاتوە لە سێ بەند: بەندی یەکەم، سادەترین ڕستەی کـوردی و بەنـدی

دوەم، ڕستەی سادەی ئاسایی و بەندی سێیەم، ڕستەی سادەی فراوانکراوە. لە بەشی دوەمـدا، ڕستەی ناسادە خراوەتە ڕو، کە لە بەندی یەکەمـدا، باسـی ڕسـتەی لێکـدراو و لـە بەنـدی دوەمدا، باسی ڕستەی ئاوێتە ( تێکەڵ ) دەکا. لە بەشی سێیەمدا، پـۆلینی ڕسـتەمان لـە ڕوی گەیانـدنی واتـا ( ئەرکـە زمانەوانیـەکانی ڕسـتە ) گەڵاڵـە کـردوە. لـە کۆتاییـدا لیسـتی سەرچاوەکان خراوەتەڕو.

## ﴿پۆلینکردنی ڕستە﴾

سـەرەتا

باوترین پۆلینەکانی ڕستە، پۆلینکردنی ڕستەیە لە ڕوی دارشـتنەوە ( ڕۆنـان )، کـە تیایدا بە پێی ڕادە و چۆنیەتی کەرەسە پێکهێنەرەکانیان، ڕستەکان پۆلین و دابەش دەکرێن. لەم ڕوەوە، زمانەوانان تا ڕادەیەکی زۆر ڕێکن، چ لە ڕوی چۆنیەتی پۆلینکردنی ڕستە بـێ، چ لە ڕوی زاراوەکاری بـێ. لـەم باسـەدا هـەوڵی ئـەوە دراوە، سـەرجەم پـۆلین و بۆچـونەکان کۆبکرێنەوە و یەکبخرێن و بەشە سەرەکی و لاوەکیەکان گەڵاڵە بکرێن. وەك لـەم خشـتەیەدا دیارە:

ڕســــــــــــــــــتە

| (١) ڕسـتـەی سـادە | | | (٢) ڕسـتـەی نـاسـادە | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| (أ) سادەترین ڕستە | (ب) ڕستەی سادەی ئاسایی | (ج) ڕستەی سادەی فراوانکراو | (أ) ڕستەی لێکدراو | | | | (ب) ڕستەی ئاوێتە (تێکەڵ) | |
| | | | هاوڕێك | پێچەوانە | هەڵبژاردە | نـــمرێ | دیارخەری ناو | دیارخەری کار |

خشتەی ژمارە (١)

## ﴿بەشی یەکەم﴾

### ڕستەی سادە

ڕستەی سادە، ئەو ڕستەیە کە تەنیا کارێك و پێویستیەکانی ئەو کـارەی تیادایـە(١). جۆری کارەکە ژمارە و ئەرکی توخمەکان(٢) دەستنیشان دەکا. واتە؛ ئەگەر کارەکە تێپـەڕ بـو، دو توخم وەردەگرێ: بکەر و بەرکار. ئەگەر کارەکە تێنە پەڕ بو، یەك تـوخم وەردەگـرێ، کـە نیهادە، بەڵام بە پێی جۆری تێنە پەڕەکە ئەرکی توخمەکە ( نیهادەکە ) دەگۆڕێ(عەبدوڵا{ب}-١٣٢): لە تێنە پەڕی بکەریدا توخمەکە بە ئارەزوی خۆی کارەکە ئە نجام دەدا و دەتوانێ، بیکـا، یـا

نەیکا، یا هەر نەبێ، پێش و دوای بخا، لێرەدا توخمەکە دەبێتە بکەر. لە تێنە پەڕی بەرکاریدا توخمەکە بە ئارەزوی خۆی کارەکە ئەنجام نادا و بەسەریدا دەسەپێ و نە دەتوانێ، خۆی لێ لادا و نە دەتوانێ، پێش و دوای بخا، لێرەدا توخمەکە دەبێتە بەرکار. جیاوازیی نێوان تێپەڕ و تێنەپەڕ ئەوەیە، تێنەپەڕ بکەرنادیاری لێ دروست ناکرێ. جیاوازیی نێوان تێنە پەڕی بکەری و بەرکاریش ئەوەیە، تێنە پەڕی بەرکاری ( بە هەمان واتای ڕەگەکە ) فەرماندانی لێ دروست ناکرێ(٣).

لە ڕستەی سادەدا دەشێ، پتر لە ناوێك، ڕاناوێك، ناوەڵناوێك، ناوەڵکارێك ...هتد هەبێ، بەڵام ناشێ، پتر لە کارێك هەبێ. بۆیە ڕەگی کار بە کۆڵەکەی سەرەکی ڕستە دادەنێین و ڕستە بەوە پێناسە دەکەین، کە **بریتیە لە ڕەگی کار و پێویستیەکانی**.

هەڵبەتە، ڕەگی کار مۆرفیمێکی بەندی(٤) تەوەرەییە ( سەرە )، خۆی پێویستیەکانی خۆی هەڵدەبژێرێ. بۆ نمونە: ئەو توخمانەی ڕەگی چاوگی ( شکان ) هەڵیاندەبژێرێ، جیاوازن لە گەڵ ئەو توخمانەی ڕەگی چاوگی ( دڕان ) هەڵیاندەبژێرێ. وەك: ( شوشە و دار و بەرد و پەنجەرە و پێنوس و ... دەشکێن. )، بەڵام ( پەڕۆ و جل و کاغەز و نایلۆن و ... دەدڕێن ). کەواتە، کەرەسەی ( شکان ) دەبێ، سیمای ڕەقی و ورد و خاش بون و دەنگی شکانی هەبێ، بەڵام کەرەسەی ( دڕان ) دەبێ، سیمای تەنکی و نەرمی و دو لەت بون و دەنگی دڕانی هەبێ. بۆیە ناتوانین، بڵێین: پەڕۆ شکا و شوشە دڕا.

## پێویستیەکانی ڕەگی کاریش دو جۆرن:

**١ـ پێویستیە سەرەکیەکان: ئەو پێویستیانەن، کە زۆرەکین ( إجباری – Obligatory ) و ناتوانرێ، لابدرێن. ڕەگی کار، تەنیا دو پێویستیی سەرەکیی هەیە: ( مۆرفیمە بەندەکانی کات )، کە بە درشتی کاتی ڕودانی کارەکە دەردەخەن. ( ڕاناوە لکاوەکان )، تەنیا ئەوانەی دەگەڕێنەوە بۆ بکەر و بەرکاری ڕستەکە.**

**ئەم خشتەیەی خوارەوە، سەرجەم پێویستیە سەرەکیەکان دەگرێتە خۆی:**

**پێویستیە سەرەکیەکانی ڕستە**

| تەنیا ڕاناوە لکاوەکانی توخمی بکەر، بەرکار | | مۆرفیمەکانی کات | | |
|---|---|---|---|---|
| | | | کاتی ڕانەبوردو | |
| دەستەی یەکەم ڕیککەوتن | دەستەی دوەم خاوەنی | مۆرفیمەکانی کاتی ڕابوردو | ئێستا | داهاتو |
| م، ی، Ø، ین، ن، ن | م، ت، ی، مان، تان، یان | ا، د، ت، ی، و | ە / Ø | ێ / Ø |

**خشتەی ژمارە ( ٢ )**

٢ـ **پێویستیە لاوەکیەکان:** ئەو پێویستیانەن، کە خۆشەکین (إختیاری – Optional) و دەتوانرێ، لابدرێن. جگە لە پێویستیە سەرەکیەکان، هەمو بەشەکانی ئاخاوتن (ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکار، ڕاناو، ...هتد)ی ناو ڕستە دەگرنەوە. بۆ نمونە، ئەگەر ڕستەی ژمارە (١)ی خوارەوە کورتبکەینەوە بۆ ڕستەی ژمارە (٢)، سیمای ڕستەی هەر دەمێنێ و لە ڕێزمانیی ڕستە دەرناچێ:

**(١) تۆ دوێنێ بەم گەرمایە و لەو شوێنە قەڵەبالغەدا منت لە چاوەڕوانیدا کوشت.**

(٢) کـوشـــتـمـت.

ڕستەی دوەم بەم شێوەیە شیدەکرێتەوە، کە بە پێی یاساکانی گوێزانـەوە، فرێـزی کاریەکـە پێش فرێزە ناویەکە کەوتوە:

| فـــرێـــزی کـــــاری | | فـــرێـــزی نـــــــاوی | |
|---|---|---|---|
| ڕەگی کار | مۆرفیمی کاتی ڕابوردو | ڕاناوی لکاوی بەرکار | ڕاناوی لکاوی بکەر |
| کوش | ت | م | ت |

خشتەی ژمارە (٣)

هەواڵنامەی کتێب

## جۆرەکانی ڕستەی ســـادە:

وەك لە خشتەی ژمارە (١)دا خراوەتەڕو، دەتوانرێ، ڕستەی سادە دابەشـی ئـەم سـێ جۆرەی خوارەوە بکرێ:

### یەکەم – ســـــادەترین ڕستە:

سادەترین ڕستەی کوردی، ئەو ڕستەیە، کە لە تاکە وشەیەك پێکهاتبێ. ئـەو تاکـە وشەیە، لە ئاستی وشەسازیدا، وشەیە. بەڵام لە ئاستی ڕستەسازیدا، دەبێتە ڕستە، چـونکە هەمو پێویستیەکانی ڕستەی تیادایە، وەك: ڕەگی کار و هەردو پێویستیە سـەرەکیەکەی، کـە مۆرفیمی کات و مـۆرفیمی تـوخمن (ڕانـاوی لکـاوی بکـەر، بـەرکار). مۆرفیمـەکانی کـات و توخمیش دەشێن، هەریەکەیان مۆرفیمێك بن یان پتر. دەتوانرێ، یاسای دارشتنی سـادەترین ڕستە کوردیەکان، بە پێی جۆری ڕەگی کار و دەمکاتەکان، بەم شێوەیەی خوارەوە دەستنیشـان بکرێ:

***لە کاری تێنە پەڕدا:***

ئەگەرچی دو جۆر کاری تێنە پەڕمان هەیە: بکەری و بەرکاری، بەڵام یاسای دارشـتنی ڕستەیان(کوردستان{ب}-٥١) وەکو یەکە، تەنیا جیاوازییان لەوەدایە، فرێزی نـاوی (نیهـاد)، لـە ڕستەی تێنە پەڕی بکەری، دەبێتە بکەر و لە ڕستەی تێنە پەڕی بەرکاری، دەبێتە بەرکار. لـە کاری تێنە پەڕیشدا، هەرگیز ڕستەی بکەرنادیار دروستناکرێ.

بە پێی دەمکاتەکان، یاسای داڕشتنی سادەترین ڕستە تێنەپەڕەکان، بەم شێوەیەی خوارەوەن:

**١ ـ <u>کاتی ڕابوردو</u>: بە پێی ژمارە و جۆری مۆڕفیمەکانی کات، چەند جۆرێکی هەیە:**

***ڕابوردی سادە:*** تەنیا یەك مۆڕفیمی کاتی ڕابوردوی تیادایە(وریا-١٢٧). یاسای داڕشتنی بەم شێوەیە:

| جۆر | ژمارەی کەس | ڕستە | ڕەگی کار | مۆڕفیمی کاتی ڕابوردو | ڕاناوی لکاو (توخم) | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| تێنەپەڕی بکەری | یەکەمی تاك | گەڕام | گـەڕ | ا | م | بکەر |
| | دوەمی تاك | هاتی | هـا | ت | ی | |
| | سێیەمی تاك | فڕی | فـڕ | ی | Ø | |

خشتەی (٤)

| جۆر | ژمارەی کەس | ڕستە | ڕەگی کار | مۆڕفیمی کاتی ڕابوردو | ڕاناوی لکاو (توخم) | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| تێنەپەڕی بەرکاری | یەکەمی کۆ | خزیین | خـز | ی | ین | بەرکار |
| | دوەمی کۆ | مردن | مـر | د | ن | |
| | سێیەمی کۆ | بون | بـ | و | ن | |

خشتەی (٥)

***ڕابوردی بەردەوام:*** جگە لە مۆڕفیمی کاتی ڕابوردو، مۆڕفیمێکی کاتی ئێستاشی وەکو پێشگر تیادایە. ئەوەی شایانی باسە، تەنیا مۆڕفیمی کاتی ئێستا لە مۆڕفیمەکانی کات دەتوانێ، ببێتە پێشگر (-ە)، کە ڕەنگە دەنگی (د)ی وەك دیاردەیەکی دەنگسازی کوردی، بکەوێتە پێش و ئەگەر ئەو دەنگە نەبو، وەك هەر دەنگە بزوێنێکی سەرەتا، دەنگی هەمزە (ئـ)ی لە پێش دروستەبێ. یاسای داڕشتنی بەم شێوەیە:

| جۆر | ژمارەی کەس | ڕستە | ئێستا | ڕەگی کار | ڕابوردو | ڕاناوی لکاو (توخم) | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| تێنەپەڕی بکەری | یەکەمی تاك | دەسوڕاین | (د)ە | سـوڕ | ا | ین | بکەر |
| | دوەمی تاك | دەفڕیی | (د)ە | فـڕ | یـ | ی | |
| | سێیەمی تاك | دەچو | (د)ە | چـ | و | Ø | |

خشتەی (٦)

| جۆر | ژمارەی کەس | ڕستە | ئێستا | ڕەگی کار | ڕابوردو | ڕاناوی لکاو (توخم) | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| تێنەپەڕی بەرکاری | یەکەمی کۆ | دەخنکاین | (د)ە | خنك | ا | ین | بەرکار |
| | دوەمی کۆ | دەکەوتن | (د)ە | کـەو | تـ | ن | |
| | سێیەمی کۆ | دەتۆپین | (د)ە | تـۆپ | یـ | ن | |

خشتەی (٧)

***ڕابوردی تەواو:*** لە ڕابوردوی تەواودا، ئەگەرچی مۆرفیمی کاتی ڕابوردو و ئێستا، وەکو پاشگر بە دوای یەکدا دێن، بەڵام (و)ی مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراو (ە)، دەکەوێتە نێوانیان. یاسای داڕشتنی بەم شێوەیە:

| جۆر | ژمارەی کەس | ڕستە | ڕەگی کار | مۆرفیمی ڕابوردو | مۆرفیمی ئاوەڵناو | مۆرفیمی ئێستا | ڕاناوی لکاو/ توخم | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| تێنەپەڕی بکەری | (١) تاك | وەستاوم | وەستـ | ا | و | Ø | م | بکەر |
| | (٢) تاك | هاتوی | هـا | تـ | و | Ø | ی | |
| | (٣) تاك | دانیشتوە | دانیشـ | تـ | و | ە | Ø | |

خشتەی (٨)

| جۆر | ژمارەی کەس | ڕستە | ڕەگی کار | مۆرفیمی ڕابوردو | مۆرفیمی ئاوەڵناو | مۆرفیمی ئێستا | ڕاناوی لکاو/توخم | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| تێنەپەڕی بەرکاری | (١) کۆ | ماوین | مـ | ا | و | Ø | ین | بەرکار |
| | (٢) کۆ | گۆڕاون | گـۆڕ | ا | و | Ø | ن | |
| | (٣) کۆ | مردون | مـر | د | و | Ø | ن | |

خشتەی (٩)

بەردەوام تێبینی ئەوە دەکرێ، (ە)ی مۆرفیمی کاتی ئێستا لە بەر ئەوەی بزوێنێکی کورت و ناسکە و دەرنەکەوتنی نابێتە هۆی واتا گۆڕین، ئەگەر ڕاناوی بە دوادا هات، دەسوێ. بەڵام لە کەسی سێیەمی تاکدا، لەبەر ئەوەی ڕاناو دەرناکەوێ، (ە)ی مۆرفیمی کاتی ئێستا دەردەکەوێ. ئەم دیاردەیە بە هەمان شێوە لە ڕستەی کاتی ئێستا، فەرماندان، ... هەیە.

***ڕابوردی دور:*** لە ڕابوردوی دوردا، دو مۆرفیمی کاتی ڕابوردو، وەکو پاشگر بە دوای یەکدا دێن، بەڵام (بـ)ی ڕەگی کاری (بو)ی یاریدەدەر، دەکەوێتە نێوانیان. مۆرفیمی کاتی ڕابوردوی یەکەم، دەگەڕێتەوە بۆ کاری سەرەکی و یەکێکە لەمانە: (ا/د/ت/ی/و)، بەڵام مۆرفیمی کاتی ڕابوردوی دوەم، (و)ە و دەگەڕێتەوە بۆ کاری (بو)ی یاریدەدەر. یاسای داڕشتنی بەم شێوەیە:

| جۆر | ژمارەی کەس | ڕستە | ڕەگی کار | مۆرفیمی ڕابوردو | ڕەگی (بون) | (و)ی ڕابوردو | ڕاناوی لکاو/ توخم | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| تێنەپەڕی بکەری | (١) تاك | هەستابوم | هەست | ا | بـ | و | م | بکەر |
| | (٢) تاك | نوستبوی | نوس | ت | بـ | و | ی | |
| | (٣) تاك | سوڕابو | سوڕ | ا | بـ | و | Ø | |

خشتەی (١٠)

| جۆر | ژمارەی کەس | ڕستە | ڕەگی کار | مۆرفیمی ڕابوردو | ڕەگی (بون) | (و)ی ڕابوردو | ڕاناوی لکاو/توخم | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| تێنەپەڕی بەرکاری | (١) کۆ | شکابوین | شـــکـ | ا | بـــــ | و | ین | بەرکار |
| | (٢) کۆ | کەوتبون | کـــەو | ت | بـــــ | و | ن | |
| | (٣) کۆ | بوبون | بـــــ | و | بـــــ | و | ن | |

خشتەی (١١)

لێرەدا ئەگەرچی دو ڕەگی کار هەن، بەڵام لەبەر ئەوەی هەردوکیان یەك توخم/ (ڕاناوی لکاو) یان هەیە، بە یەك ڕستەی سادە دادەنرێ:

ـــ بوبوم (یەك ڕستەی سادەیە).

ـــ نەبوبوم (یەك ڕستەی سادەیە).

ـــ بوم و نەبوم (دو ڕستەی سادەن).

لە یەکەم و دوەمدا تەنیا یەك (م)ی ڕاناوی لکاویان هەیە، بەڵام لە سێیەمدا، دو (م)ی ڕاناو هەن.

***ڕابوردوی خۆزگەیی:*** لە ڕابوردوی خۆزگەییدا دو مۆرفیمی کاتی ڕابوردو وەکو پاشگر بە دوای یەکدا دێن، بەڵام (بـ)ی ڕەگی کاری (بو)ی یاریدەدەر، دەکەوێتە نێوانیان. مۆرفیمی کاتی ڕابوردوی یەکەم، دەگەڕێتەوە بۆ کاری سەرەکی و یەکێکە لەمانە: (ا/د/ت/ی/و). بەڵام مۆرفیمی کاتی ڕابوردوی دوەم، هەردەم (ا)یە و لە بری ئەوەی وەکو ڕابوردوی دور بواری ڕودانی کارەکە دور بخاتەوە، چەمکی ڕونەدانی (خۆزگەیی) پێ دەبەخشێ. یاسای دارشتنی بەم شێوەیە:

| جۆر | ژمارەی کەس | ڕستە | ڕەگی کار | مۆرفیمی ڕابوردو | ڕەگی (بون) | (ا)ی ڕابوردو | ڕاناوی لکاو/توخم | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| تێنەپەڕی بکاری | (١) تاك | خەوتبام | خـــەو | ت | بـ | ا | م | بکەر |
| | (٢) تاك | هەستابای | هەســتـ | ا | بـ | ا | ی | |
| | (٣) تاك | فڕیبا | فـــڕ | ی | بـ | ا | Ø | |

خشتەی (١٢)

| جۆر | ژمارەی کەس | ڕستە | ڕەگی کار | مۆرفیمی ڕابوردو | ڕەگی (بون) | (ا)ی ڕابوردو | ڕاناوی لکاو/توخم | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| تێنەپەڕی بەرکاری | (١) کۆ | گریابایین | گریـ | ا | بـ | ا | ین | بەرکار |
| | (٢) کۆ | هەبوبان | هەبـ | و | بـ | ا | ن | |
| | (٣) کۆ | پسابان | پسـ | ا | بـ | ا | ن | |

خشتەی (١٣)

لە ڕابوردوی خۆزگەییدا دەتوانرێ، چەند جۆرێکی دیکە دروستبکرێن، بە پێی پترکردنی مۆرفیمەکانی کات:

١- دوبارەکردنەوەی مۆرفیمی ( ا )ی کاتی ڕابوردو و پتر کردنی مۆرفیمی ( ە )ی کاتی ئێستا، کە ڕابوردوی نزیکی خۆزگەیی دروستەکا و بواری چالاکی کارەکە لە ڕابوردوی سادە درێژ دەکاتەوە تا ئێستا. لەم بارەدا پێویستیمان بە ( بـ ) ناوبڕ دەکا، لە نێوان دو بزوێنی ( ا )ی مۆرفیمی کاتی ڕابوردو و ( ە )ی مۆرفیمی کاتی ئێستا.

٢- کاتێ مۆرفیمی ( و )ی کاتی ڕابوردو بخرێتە دوای ( بـ )ی ڕەگی ( هە )بون، واتە؛ فۆرمی خاڵی یەکەم لە ڕابوردوی نزیکی خۆزگەیی دەگۆڕێ بۆ ڕابوردوی دور و بواری چالاکی کارەکە لە ڕابوردوی دور درێژ دەکاتەوە تا ئێستا. لەم بارەشدا، پێویستیمان بە ناوبڕەکەی سەرەوە دەکا. ئەم جۆرەیان لە ڕوی کارەکیەوە، کەمتر بەکاردێ و ڕێژەی بەکارهێنانی هەر جۆرێکیان بە پێی ناوچە و شێوەزارەکان دەگۆڕێ و ڕەنگە لە هەندێ ناوچەدا، هەندێ هاوشێوەی تر جگە لەمانە بەکاربێن.

| ڕابوردوی ئاسایی خۆزگەیی | ڕابوردوی نزیکی خۆزگەیی | ڕابوردوی دوری خۆزگەیی |
|---|---|---|
| خەوتبام | ( بـ )خەوتبامایە | خەوتبو( ا )مایە |
| هەستابای | ( بـ )هەستابایتایە | هەستابو( ا )یتایە |
| فڕیباØ | ( بـ )فڕیباØیە | فڕیبواØیە |
| گریابایەن | ( بـ )گریابایەنایە | گریابوایەنایە |
| هەبوبان | ( بـ )هەبوبانایە | هەبوبوانایە |
| پسابان | ( بـ )پسابانایە | پسابوانایە |

خشتەی ( ١٤ )

لە ڕستەی تێکەڵدا، ئەم جۆرەیان ڕۆڵی ڕستەی مەرجی دەگێڕێ. (بڕوانە بەشی چوارەم، ڕستەی ناوێتە ).

**٢ ــ <u>کاتی ئێستا</u>:** مەبەست لە کاتی ئێستا ئەو ڕستانەن، کە تەنیا مۆرفیمی کاتی ئێستایان تیادایە. بواری ڕودانی ئەم جۆرە کارانە دەمی ئاخاوتنە(سعید-٢٩)، واتە؛ لە دەمی ئاخاوتندا ڕودانی کارەکە لە ئارادایە و ئەمەش ئەوە ناگەیێنێ، کە پێشتر کارەکە ڕوینەداوە، یان دواتر ڕونادا، چونکە مەبەستی ڕستەکە تەنیا کاتی ئێستایە. ئەم جۆرە ڕستانە تەنیا لەگەڵ ڕەگی {هە( بون )} دروستدەبن. لەم بارەدا توخم ( ڕاناو ) دەبێتە بەرکار، چونکە ڕەگی {هە( بون )} تێنە پەڕێکی بەرکاریە. یاسای داڕشتنی بەم شێوەیە:

| ڕستە | فرێزی ناوی | ڕەگی ( هە )بون | مۆرفیمی ئێستا | توخم ( ڕاناو ) |
|---|---|---|---|---|
| کوردم | کورد | Ø | Ø | م |
| پیاوی | پیاو | Ø | Ø | ی |
| زیرەکە | زیرەک | Ø | ە | Ø |
| هەین | Ø +( هە )ی ئەرێ | Ø | Ø | ین |
| نێوەن | نێوە | Ø | Ø | ن |

خشتەی ( ١٥ )

لەم جۆرە ڕستانەدا تێبینی ئەوە دەکرێ، کە ڕەگی ( هە )بون دەرناکەوێ، چونکە ئەگەر دەرکەوێ، ڕستەکە لە ڕستەی هەواڵدان دەگۆڕێ بۆ ڕستەی داخوازی، یان لە کەسی سێیەمی تاکدا ڕستەکە دەبێتە ڕستەی فەرماندان[٣] بۆ کەسی دوەمی تاك.

دەشێ، لە ( هەبون )دا، ڕاناوێکی خاوەنی دوای فرێزە ناویەکە بێ، بەڵام ئەم ڕاناوە ڕۆلی بکەری و بەرکاری نابینێ، بەڵکو تەنیا ڕۆلی دیارخەری ( خاوەنێتی ) دەبینێ. واتە؛ ئەو توخمەی لە ئارادا هەیە، خاوەنداره و لێرەدا کارەکە هەرگیز نابێتە تێپەڕ. ئەگەر فرێزە ناویەکە بە ئاشکرا دەرنەکەوت، ڕاناوەکە دەکەوێتە دوای پێشگری ( هە )، کە فۆڕمی ئەرێیە نەك فرێزی ناوی(عەبدولوەهاب-٣٩-٤٢). وەك:

| ڕستە | ف ن | پێشگر | دیارخەر | ڕەگ | مۆرفیمی ئێستا | توخم ( ڕاناو ) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| هەمە | Ø | هە | مـ | Ø | ە | Ø |
| هەتانە | Ø | هە | تانـ | Ø | ە | Ø |
| هەیە | ـ | هە | ..... | Ø | ( یـ ) ناوبڕ+ ە | Ø |
| هەیەتی | ـ | هە | ← یـ | Ø | ( یـ ) ناوبڕ+ ە | ی ( تـ )ناوبڕ+Ø |

خشتەی ( ١٦ )

٣ــ <u>کاتی داهاتو</u>: مەبەست لە کاتی داهاتو، ئەو ڕستانەن، کە تەنیا مۆرفیمی کاتی داهاتویان تیادایە. سادەترین ڕستە ( ڕستەی یەك وشەیی )، لەم جۆرە ڕستانەدا بەوە دروستدەبێ، کە ( بـ )ی ڕەگی ( بـون )، ببێتە پێشگری ڕەگی کارێکی سەرەکی و ( ێ/Ø )ی مۆرفیمی کاتی داهاتو و مۆرفیمی توخم ( ڕاناوی لکاو )، ببن بە پاشگر. لێرەدا ئەگەرچی ( بـ )ی ڕەگی ( بون )، واتای ئارایی خۆی هەر دەمێنێ، بەڵام سیمای ڕەگی کاری نامێنێ، چونکە مۆرفیمی کات و ڕاناوی بە دوادا نەهاتون. بۆیە لە بری ڕەگی ( بون )، دەتوانرێ، پێی بوترێ: مۆرفیمی ئارایی. بواری چالاکی ئەم جۆرە ڕستانە، دوای کاتی ئێستایە، واتە؛ کاتی ئایندە، یان داهاتوە. وەك:

| ڕستە | مۆرفیمی ئارایی | ڕەگی کار | مۆرفیمی داهاتو | توخم | |
|---|---|---|---|---|---|
| بگەڕێم | بـ | گەڕ | ێ | م | بکەر |
| بسوڕێی | بـ | سوڕ | ێ | ی | بکەر |
| بـ(هـ)ـێ | بـ | (هـ) | ێ | Ø | بکەر |
| بشلەژێین | بـ | شلەژ | ێ | ین | بەرکار |
| دا(بـ)وەشێن | (بـ) | دا-وەش | ێ | ن | بەرکار |
| بمرØن | بـ | مر | Ø | ن | بەرکار |

خشتەی (١٧)

لەم فۆڕمەدا چەند تێبینیەك بەرچاو دەكەوێ:

أ- لە ڕوی یاسای داڕشتنەوە، وەكو فۆڕمەكانی ڕابوردو، هیچ جیاوازییەك لە نێوان تێنە پەڕی بكەری و بەركاریدا نابینرێ، تەنیا ئەوە نەبێ، توخمی تێنە پەڕی بكەری دەبن بە بكەر و توخمی تێنە پەڕی بەركاری دەبن بە بەركار.

ب- ئەگەر پێشگرێك لە پێش (بـ)ی مۆرفیمی ئارایی هات، بە زۆری مۆرفیمی ئارایی دەسوێ.

ج- مۆرفیمی (ێ)ی كاتی داهاتو، لە چاوگە تێنە پەڕە (ا)ییەكاندا، لە هەمو كەسەكاندا دەرەكەوێ، بەڵام لە چاوگە تێنە پەڕەكانی تردا، مۆرفیمی (ێ)ی كاتی داهاتو، تەنیا لە كەسی سێیەمی تاكدا دەرەكەوێ، چونكە ڕاناوی لكاو سفرە/Ø/.

٤- **كاتی ڕانەبوردو**: كاتی ڕانەبوردو، هەردو كاتی ئێستا و داهاتو دەگرێتەوە (بڕوانە خشتەی ژمارە -٢-). مۆرفیمی (ە)ی كاتی ئێستا، وەكو پێشگر دەكەوێتە پێش ڕەگی كار و لەبەر ئەوەی بزوێنە و لە سەرەتای وشەیە، دەنگی (ئـ) هەمزەی لە پێش دروستدەبێ. لە هەندێ ناوچەشدا دەنگی (د) شوێنی هەمزەكە دەگرێتەوە، بەڵام مۆرفیمی (ێ/Ø)ی كاتی داهاتو وەكو پاشگر دەكەوێتە دوای ڕەگی كار. یاسای داڕشتنی بەم شێوەیە:

لە فۆڕمی ئەم كاتەشدا ئەم تێبینیانە سەرنج ڕادەكێشن:

| ڕستە | مۆرفیمی ئێستا | | ڕەگی کار | مۆرفیمی داهاتو | توخم | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| دەچم | (د/ئـ) | ە | چ | Ø | م | بکەر |
| دەڕۆی | (د/ئـ) | ە | ڕۆ | Ø | ی | بکەر |
| دەنوێ | (د/ئـ) | ە | نو | ێ | Ø | بکەر |
| دەترسێین | (د/ئـ) | ە | ترس | ێ | ین | بەرکار |
| دەدۆڕێن | (د/ئـ) | ە | دۆڕ | ێ | ن | بەرکار |
| دەمرØن | (د/ئـ) | ە | مر | Ø | ن | بەرکار |

خشتەی (١٨)

أ- وەکو تێبینی سێیەم، لە کاتی داهاتو مۆرفیمی ( ێ )ی کاتی داهاتو، لە چاوگە تێنە پەڕە ( ا )ییەکاندا لە هەمو کەسەکاندا دەرەکەوێ، بەڵام لە چاوگە تێنە پەڕەکانی تردا، مۆرفیمی ( ێ )ی کاتی داهاتو، تەنیا لە کەسی سێیەمی تاکدا دەرەکەوێ، چونکە ڕاناوی لکاو سفرە( Ø ).

ب- چاوگی ( ڕۆیشتن )، یەکێکە لەو چاوگانەی(٦) لە کەسی سێیەمی تاکیش مۆرفیمی ( ێ )ی کاتی داهاتو دەرناکەوێ.

ج- لە چاوگی ( هاتن )دا، ( ها )ی ڕەگی کار دەسوێ و لە هەمو کەسەکاندا، ( ێ )ی مۆرفیمی کاتی داهاتو دەرەکەوێ:

هاتن ← دە( Ø )ێم ← دە( Ø )ێی ← دە( Ø )ێØ ← دە( Ø )ێین ← دە( Ø )ێن ← دە( Ø )ێن

***لە کاری تێپەڕدا*** :

تەنیا جیاوازی لە کاری تێپەڕدا ئەوەیە، کە کاری تێپەڕ دو توخم وەردەگرێ، کە بکەر و بەرکارن(یوسف-٥٧). لە ڕابوردودا، دەستەی خاوەنی دەبێتە بکەر و دەستەی ڕێککەوتن دەبێتە بەرکار، بەڵام لە ڕانەبوردودا بە پێچەوانە.

بە پێی دەمکاتەکان، یاسای دارشتنی سادەترین ڕستە تێپەڕەکان، بەم شێوەیەی خوارەوەن:

١- <u>کاتی ڕابوردو</u>: بە پێی ژمارە و جۆری مۆرفیمەکان چەند جۆرێکی هەیە:

***ڕابوردی سادە***: تەنیا یەك مۆرفیمی کاتی ڕابوردوی تیادایە. لەم جۆرەدا، ڕاناوی بەرکار لە دەستەی ڕێککەوتنە و بە زۆری کەسی سێیەمی تاك وەردەگرێ، کە سفرە و دەرناکەوێ. هەندێ جاریش، ڕاناوی کەسی یەکەمی تاك، یان سێیەمی کۆ دەبنە بەرکار. بەڵام ڕاناوەکانی تر لەم ئەرکەدا، ئاسایی نین و سرکن. ڕاناوی بەرکاریش دەکەوێتە پێش ڕاناوی بکەر، کە لە دەستەی خاوەنیە. یاسای دارشتنی بەم شێوەیە:

| ڕستە | ڕەگی کار | مۆرفیمی ڕابوردو | ڕاناوی بەرکار | ڕاناوی بکەر |
|---|---|---|---|---|
| کێـڵام | کێـڵ | ا | Ø | م |
| گرتمت | گر | ت | م | ت |
| خواردمی | خوار | د | م | ی |

**خشتەی (١٩)**

***ڕابوردی بەردەوام***: لەم جۆرەدا، تەنیا جیاوازی لەگەڵ تێنە پەڕی بەرکاریدا ئەوەیە، ڕاناوی خاوەنی دەبێتە بکەر و دەکەوێتە نێوان مۆرفیمی کاتی ئێستا و ڕەگی کار، بە مەرجێ هیچ پێشگرێکی تر لە پێش مۆرفیمی کاتی ئێستا نەبێ. ئەگەر هەر پێشگرێکی وەك ( نە، هەڵ،

دا، ڕا، سەر، ژێر... ) کەوتە پێشەوە، ڕاناوی بکەرەکە بازدەدا بۆ دوای ئەو. یاسای دارِشتنی بەم شێوەیە :

| ڕستە | مۆرفیمی ئێستا | | ڕاناوی بکەر | ڕەگی کار | مۆرفیمی ڕابوردو | ڕاناوی بەرکار |
|---|---|---|---|---|---|---|
| دەیناردین | ( د/ئـ ) | ە | یـ | نار | د | ین |
| دەمناشتن | ( د/ئـ ) | ە | مـ | ناشـ | تـ | ن |
| دەیاندزی | ( د/ئـ ) | ە | یانـ | دز | ی | Ø |

خشتەی ( ٢٠ )

***ڕابوردوی تەواو:*** لە ڕابوردوی تەواودا، ( و )ی مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراو[٧] دوای مۆرفیمی کاتی ڕابوردو دێ، ئینجا ڕاناوی لکاوی بکەر دێ، کە لە دەستەی خاوەنیە و دوای ئەوە ( ە )ی مۆرفیمی کاتی ئێستا دێ، دوای ئەویش ڕاناوی لکاوی بەرکار دێ، کە لە دەستەی ڕێککەوتنە و لەم جۆرەدا بە زۆری هەر کەسی سێیەمی تاك ئەم ڕۆڵە دەبینێ. مۆرفیمی کاتی ئێستاش وەك ڕەفتارە ئاساییەکەی خۆی، تەنیا کاتێ کەسی سێیەمی تاکی بە دوادا دێ، کە لە دەستەی ڕێککەوتن سفرە، دەرەکەوێ و لە ڕاناوەکانی تردا دەرناکەوێ. یاسای دارِشتنی بەم شێوەیە :

| ڕستە | ڕەگی کار | مۆرفیمی ڕابوردو | مۆرفیمی ئاوەڵناو | ڕاناوی بکەر | مۆرفیمی ئێستا | ڕاناوی بەرکار |
|---|---|---|---|---|---|---|
| هێناومە | هێنـ | ا | و | مـ | ە | Ø |
| کوشتویانن | کوشـ | تـ | و | یانـ | Ø | ن |
| گرتویەتی | گـر | تـ | و | یـ( ناوبڕ ) | ە | ی ت( ناوبڕ ) Ø |

خشتەی ( ٢١ )

لە ( گرتویەتی )دا، تێبینی ئەوە دەکرێ، کە لە بنەڕەتدا دەبێ، ( گرتویە ) بێ[٨]، بەڵام لە بەر ئەوەی لە فۆرمی ( گرتویە )دا، ئەرکی ( یـ ) لە ڕاناوی بکەر دەگۆڕێ بۆ دەنگێکی ناوبڕی نێوان دو بزوێنی ( و )ی ئاوەڵناوی کراو و ( ە )ی مۆرفیمی کاتی ئێستا، بۆیە وەرچەرخانێك ڕودەدا و ( ی )ی ڕاناوی بکەر، دەچێتە کۆتایی کارەکە، لەم بارەدا، دیسان پێویستی بە ناوبڕێکی تر دەبێ لە نێوان خۆی و ( ە )ی مۆرفیمی کاتی ئێستای پێشی، چونکە گۆکردنی فۆرمی ( گرتویەی ) ئاسان نیە، بە تایبەتی لە ڕەوتی ئاخاوتندا، ئەمجارە، لە بری دەنگی ( ی )، دەنگی ( تـ ) دەبێتە ناوبڕی نێوان ئەم دو بزوێنە.

***ڕابوردوی دور:*** لە ڕابوردوی دوردا، وەکو ڕابوردوی سادە، تەنیا جیاوازیی لە گەڵ تێنە پەڕی بەرکاریدا ئەوەیە، ڕاناوی بکەر لە دەستەی خاوەنی دەکەوێتە کۆتایی ڕستەکە. واتە؛ دەکەوێتە دوای ڕاناوی بەرکار لە دەستەی ڕێککەوتن. یاسای دارِشتنی بەم شێوەیە :

| رســـتــه | ڕەگی کار | مۆرفیمی ڕابوردو | ڕەگی (بون) | (و)ی ڕابوردو | ڕاناوی بەرکار | ڕاناوی بکەر |
|---|---|---|---|---|---|---|
| نوسیبوم | نوسـ | یـ | بـ | و | Ø | م |
| ناردبونی | نار | د | بـ | و | نـ | ی |
| گرتبومیان | گر | ت | بـ | و | مـ | یان |

خشتەی (٢٢)

***ڕابوردوی خۆزگەیی:*** ئەگەر کارەکە تێپەڕ بێ، یاسای داڕشتنی سادەترین ڕستەی کوردی لە ڕابوردوی خۆزگەییدا بەم شێوەیە:

| رســـتــه | مۆرفیمی ئارایی | بکەر | ڕەگی کار | مۆرفیمی ڕابوردو | دوبارەی ئارایی | (ا)ی ڕابوردو | بەرکار |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بتگرتبام | بـ | تــ | گـــر | تـ | بـ | ا | م |
| بیانناسیباین | بـ | یانـ | نـاســ | یـ | بـ | ا | ین |
| بمانخوێندبا | بـ | مانـ | خـوێـنـ | د | بـ | ا | Ø |

خشتەی (٢٣)

لەم فۆڕمەدا تێبینی ئەوە دەکرێ، کە بواری ڕودانی کارەکە تەنیا لە ڕابوردودایە. بەڵام ئەگەر مۆڕفیمی کاتی ئێستای بخرێتە سەر، بواری ڕودانەکە لە ڕابوردودا درێژ دەبێتەوە بەرەو کاتی ئێستا، بەڵام بە زۆری مۆڕفیمی ئاراییەکە دوبارە نابێتەوە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

| رســـتــه | مۆرفیمی ئارایی | ڕاناوی بکەر | ڕەگی کار | م. ڕابوردو | بەرکار | (ا)ی ڕابوردو | ناوبر | م. ئێستا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بتگرتمایە | بـ | تــ | گـــر | تـ | مــ | ا | یـ | ـە |
| بیانناسینایە | بـ | یانـ | نـاســ | یـ | ینـ | ا | یـ | ـە |
| بمانخوێندایە | بـ | مانـ | خـوێـنـ | د | Ø | ا | یـ | ـە |

خشتەی (٢٤)

لەم فۆڕمەدا، شێوەی ڕابوردوی دوری خۆزگەیی (بتگرتبومایە، بمانخوێندبوایە ...) کەمتر بەکاردێ.

**٢- کاتی ئێستا:** لە کاری تێپەڕدا، ڕستەی کاتی ئێستای لێ دروستناکرێ، مەگەر بە شێوەی فەرماندان نەبێ، کە لە بەشی چوارەمدا باسی دەکەین.

**٣- کاتی داهاتو:** سادەترین ڕستەی کاتی داهاتو لە کاری تێپەڕدا، تا ڕادەیەك لە کاری تێنەپەڕی بکەری دەچێ، لەگەڵ جیاوازی ئەوەی ڕاناوی بەرکار لە دەستەی خاوەنی دەکەوێتە دوای (بـ)ی مۆڕفیمی ئارایی (ڕەگی بون). وەك:

| رســـتــه | مۆرفیمی ئارایی | ڕاناوی بەرکار | ڕەگی کار | مۆرفیمی داهاتو | ڕاناوی بکەر |
|---|---|---|---|---|---|
| بیگێڕØین | بـ | یـ | گـێـڕ | Ø | ین |
| بیانسوتێنێ | بـ | یانـ | سـوتـێـنـ | ێ | Ø |
| بتانبینـØم | بـ | تانـ | بـیـنـ | Ø | م |

لەم فۆرمەدا تێبینی ئەوە دەکرێ، لەو چاوگانەی تێپەڕێنراون(٩)، دو مۆرفیمی کاتی داهاتو هەن، یەکەمیان: مۆرفیمە ڕەسەنەکەی پێش (ن)ی چاوگە تێنە پەڕەکە، کە ئێستا ناتوانێ، ڕۆلی کات بگێڕێ، چونکە (ن)ی چاوگی هەر بە دواوەیە و دوەمیان: ئەو مۆرفیمەی کاتی داهاتو کە دەکەوێتە نێوان (ن)ی چاوگە ڕەسەنەکە و مۆرفیمی ڕاناوی لکاو (توخم)، کە ئەمەیان چەمکی کاتی داهاتو دەبەخشێ.

هەروەها تێبینی ئەوەش دەکرێ، کە مۆرفیمی (ێ)ی کاتی داهاتو، تەنیا لە کەسی سێیەمی تاکدا دەردەکەوێ، چونکە ڕاناوی لکاو سفرە(Ø). تەنیا مەگەر چاوگەکە ناوێزە بێ، وەك: (بڵێم/ی/Ø/ین.. ، بمەوێØ، بتەوێØ، بیەوێØ، بمانەوێØ...هتد)، تەنانەت لە چاوگی ویستندا، ڕۆلی دەستە ڕاناوەکانیش دەگۆڕێ.

ئەو چاوگانەش کە ڕەگەکانیان کۆتایی بە بزوێنە کورتەکەی (ە) دێ و لە کەسی سێیەمی تاکدا درێژدەبێتەوە بۆ بزوێنە درێژەکەی (ا)، لەبەر گرانیی دەربڕین، لە کەسی سێیەمیشدا (ێ)ی کاتی داهاتو دەرناکەوێ. وەك: (بکاØ، بخواØ، بداØ، بباØ، بشواØ، دابژواØ، بخاØ، بڕواØ).

هەندێ چاوگیش هەن، لە ئەنجامی گۆڕانکاریی کۆنی مێژویی، (ا)ییکی مۆرفیمی ڕابوردوی کۆنیان لە چاوگەکاندا ماوەتەوە و ئەگەرچی ئێستا ڕۆلی نەماوە، چونکە زۆربەیان (د)ی مۆرفیمی ڕابوردویان بۆ دروستبوە، بەڵام لە ڕانەبوردودا دەبێتەوە (ێ)ی داهاتو و کە ئەم (ێ)یەش ئێستا چەمکی داهاتو نابەخشێ، بەڵام ڕەفتاری کۆنی گۆڕانەکەی هەر دەنوێنێ، وەك: (ناردن ← دەنێرێØ، ژماردن ← دەژمێرێØ، سپاردن ← دەسپێرێØ، بژاردن ← دەبژێرێØ، چاندن ← دەچێنێØ، ..هتد.

٤- <u>کاتی ڕانەبوردو</u>: کاتی ڕانەبوردو هەروەکو لە تێنە پەڕدا، هەردوکاتی ئێستا و داهاتو دەگرێتەوە (بڕوانە خشتەی ژمارە دو). مۆرفیمی (ە)ی کاتی ئێستا وەکو پێشگر دەکەوێتە پێش ڕەگی کار و لەبەر ئەوەی بزوێنە و لە سەرەتای وشەیە، دەنگی (ئـ) هەمزەی لە پێش دروستەبێ، لە هەندێ ناوچەشدا، دەنگی (د) شوێنی هەمزەکە دەگرێتەوە، بەڵام مۆرفیمی (ێ/Ø)ی کاتی داهاتو وەکو پاشگر دەکەوێتە دوای ڕەگی کار، بەڵام جیاوازیی کارە تێپەڕەکان لەوەدایە، ڕاناوی لکاوی خاوەنی دەبێتە بەرکار و دەکەوێتە دوای مۆرفیمی کاتی ئێستا و پێش ڕەگی کار، ئەگەر هیچ پێشگرێکی تری لە پێش نەبێ. یاسای دارشتنی بەم شێوەیە:

| رستە | مۆرفیمی ئێستا | | بەرکار | رەگی کار | مۆرفیمی داهاتو | بکەر |
|---|---|---|---|---|---|---|
| دەیکوژم | (د/ئـ) | ە | یـ | کوژ | Ø | م |
| دەمگری | (د/ئـ) | ە | مـ | گر | Ø | ی |
| دەیانهێنێ | (د/ئـ) | ە | یانـ | هێنـ | ێ | Ø |

خشتەی (٢٦)

لە فۆرمی ئەم کاتەشدا وەکو تێبینیەکانی سەرەوەی کاتی داهاتو، مۆرفیمی (ێ)ی کاتی داهاتو بە هەمان شێوە رەفتار دەکا.

لە راستیدا لە بچوکترین رستەی سادە (یا رستەی سادەی یەك وشەیی)دا، مۆرفیمە سەربەخۆکانی فرێزە ناویەکان لە ئاستی سەرەوە دەر ناکەون و تەنیا وشەیەك دەمێنێتەوە و نوێنەرایەتی رستەکە دەکا. بۆیە جگە لە جۆری کارە گەردانکراوەکان، جۆرێکی تری بچوکترین رستەی سادەش دەبیسترێ، ئەویش ئەو تاکە وشانەیە، کە لە وەڵامی رستە پرسەکان بەکاردێن. وەك:

| رستەی پرس | جۆری پرسیار | بچوکترین رستەی وەڵامی پرس |
|---|---|---|
| ئایا چوی بۆ بازار؟ | دەربارەی گشتی | بەڵێ./ نەخێر./ ئا./ نا./ م./ چ. |
| کێ چو بۆ بازار؟ | دەربارەی کەس | ئازاد./ خانزاد./ من./ ئەو. |
| ئازاد چی کرد؟ | دەربارەی کار | رۆیشت./ گەرایەوە./ حەپەسا. |
| خانزاد چو بۆ کوێ؟ | دەربارەی شوێن | بازار./ قوتابخانە./ ماڵ./ سەیران. |
| کەی چو بۆ بازار؟ | دەربارەی کات | دوێنێ./ پێرێ./ دەمێکە. |
| چۆن چو بۆ بازار؟ | دەربارەی چۆنیەتی | خێرا./ هەروا./ نازانم. |

خشتەی (٢٧)

**دوەم – رستەی سادەی ئاسایی:**

مەبەست لە رستەی سادەی ئاسایی، ئەو رستانەن کە جگە لە راناوی رێککەوتن، بکەر و بەرکارەکانیان بە ئاشکرا دەرەکەون. واتە؛ وەك مۆرفیمی سەربەخۆ و بەبێ هیچ وشەیەکی دیارخەر دەردەکەون. بۆیە، رستەی سادەی ئاسایی لە کاری تێنەپەردا، تەنیا لە دو وشە پێکدێ، وشەیەکیان نیهادە، واتە؛ فرێزی ناویە، (بکەر بێ، یا بەرکار) و وشەی دوەمیان گوزارەیە، واتە؛ فرێزی کاریە، (تێنەپەری بکەری بێ، یا بەرکاری)، بەڵام لە کاری تێنەپەردا، رستەی سادەی ئاسایی لە سێ وشە پێکدێ، دو وشە لە گروپی ناوی، کە یەکەمیان رۆڵی بکەر دەگێرێ و دوەمیان رۆڵی بەرکار، وشەی سێیەمیش کارە تێپەرەکەیە. وەك لەم خشتەیەدا دەرەکەوێ:

| ڕستەی سادەی ئاسایی ( لە بکەر دیاردا ) | |
| --- | --- |
| لە کاری تێنە پەڕدا | لە کاری تێپەڕدا |
| بکەر یان بەرکار + کار | بکەر و بەرکار + کار |

**خشتەی ( ٢٨ )**

**مەبەست لە گروپی ناوی، دەشێ، ناو بێ، ئاوەڵناو بێ و لە جێی ناو هاتبێ، یان ڕاناوی سەربەخۆ بێ و لە جێی ناو هاتبێ، ... هتد. وەك لەم نموونانەدا دەردەکەوێ:**

| ڕستەی سادەی ئاسایی ( لە بکەر دیاردا ) | | | | | |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| لە کاری تێنە پەڕدا | | | لە کاری تێپەڕدا | | |
| بکەر یان بەرکار + کار | | | بکەر و بەرکار + کار | | |
| بکەر | بەرکار | کار | بکەر | بەرکار | کار |
| من | ....... | هاتم | من | تۆم | هێنا |
| منداڵەکەت | ....... | خەوت | دایکەکە | منداڵەکەی | خەواند |
| شیرین | ....... | هەڵدەستێ | شیرین | تەشی | دەڕێسێ |
| ....... | ئێمە | شکاین | ئەوان | ئێمەیان | شکاند |
| ....... | ئێوە | دۆڕان | ئێوە | پارەتان | دۆڕاند |
| ....... | ئەوان | مردن | ئێمە | دوژمنمان | بەزاند |

**خشتەی ( ٢٩ )**

## سێیەم – ڕستەی سادەی فراوانکراو:

**ڕستەی سادەی فراوانکراو(عەبدوڵڵا-٥٢)، ئەو ڕستانەن، کە لە کاری تێنە پەڕدا پتر لە دو وشە و لە کاری تێپەڕدا پتر لە سێ وشەن. واتە؛ جگە لە وشەکانی کار و بکەر و بەرکار، وشە سەربارەکانیش بەکار دێن. وەك:**

***أ ـ لە تێنە پەڕدا:***

**سادەترین ڕستە:** وەرگەڕاØ.

**ڕستەی سادەی ئاسایی:** ئازاد وەرگەڕاØ.

**ڕستەی سادەی فراوانکراو:** ئازادی کوڕی ئەوزادی دراوسێی خۆمان دوێنێ ئێوارەیەکی درەنگ بە ئوتومبێلە سپییەکەی لە پێچەکانی ڕێگەی پیرمام وەرگەڕاØ.

***ب ـ لە تێپەڕدا:***

**سادەترین ڕستە:** وەریگێڕاØ.

**ڕستەی سادەی ئاسایی:** ئازاد ئوتومبێلەکەی وەرگێڕا.

**ڕستەی سادەی فراوانکراو:** ئازادی کوڕی ئەوزادی دراوسێی خۆمان دوێنێ ئێوارەیەکی درەنگ ئوتومبێلە سپییەکەی لە پێچەکانی ڕێگەی پیرمام بە سەرخۆشی وەرگێڕا.

لەم جۆرە ڕستە سادانەدا، بە زۆری هیچ وشـەیەك لـە ئاسـتی نـاوەوە نامێنێتـەوە و زۆربەی وشەکان لە ئاستی سەرەوەدا دەردەکەون، ئینجا وشەکان دیارخـەری فرێـزە ناویـەکان بن، یان دەرخەرەکانی فرێزی کاری.

ڕێگاکانی فراوانکردنی ڕستەی سادەش زۆرن، لەوانە: هەندێ کەرەسەی پەیوەندی کە دەتوانن، ئەندامەکانی گروپە ناویەکان، لە نـاو، ئاوەڵنـاو، ڕانـاو، ... هتـد بـە یەکـەوە ببەستنەوە. وەك:

١- بە هـۆی (ی)ی مـۆرفیمی پەیوەنـدی. وەك: ئـازادی کـوڕی نـەوزادی، بـرای بـەهزادی، مامۆستای قوتا بخانەی گەڕەگی خۆمان، بە ئوتۆمبێلێکی سوری تاریکی جـۆری کوپـەیی، تامپۆنێکی خرا پی کرد.

٢- بە هۆی مۆرفیمی (ە)ی بەستن. وەك: کوڕە قوتـابیـە هـەژارە زیرەکـە بـالاَبەرزەکـە، بـە یەکەم دەرچو.

٣- بە هۆی ئامرازی (و)ی خستنەسەر: هۆزان و هۆنراو و هانـا و هـێلان، لـە قوتا بخانـە و سەیران و یاریکردن و ماڵەوە هەر بە یەکەوەن.

((پەراوێزەکانی بەشی یەکەم))

١ــ لە زماندا هیچ ڕستەیەك بێ کار نابێ، چونکە ڕستە لە ڕوی واتاوە، بون و نەبونی ڕوداوێك دەگەیێنێ، لە کاتی ڕابوردو بێ، یا ڕانەبوردو (ئێستا + داهاتو). ڕوداویـش واتـە؛ گەیانـدنی بـارودۆخی تـەنێك، وەستاو بێ یا جوڵاو. هەر بۆیەشـە، ڕسـتە بـەبێ توخمێـك (فرێـزی نـاوی) و کارێـك (فرێـزی کـاری) دروستنابێ. دۆخە وەستاوەکە (کە نیشاندانی باری ئێستای توخمەکەیە و تـەنیا لـە خسـتنە ڕوی کـاتی ئێستای توخمەکە ڕودادەدا) و تەنیا لەم بارەدا ڕەگی چاوگی ئارایی (({هە}بون)) دەتوانـێ، ئـەم ڕۆڵـە بگێڕێ، چونکە لە کاتی ئێستادا دەرناکەوێ، وای لە هەندێ زمانەوانە کوردەکان و ناکوردەکان کردوە بـاوەڕ بە بونی ڕستەی ناوی (ڕستەی بێ کار) بکەن. هەندێ زمانەوانی تر ڕێچـکەی ئـەوەیان گرتـوە، مـۆرفیمی (ە)ی کاتی ئێستا بە کار دابنێن و ناوی (کاری بێهێز)ی لـێ بنێن. لە هەمو کارێکی زمانی کوردیـدا، دوای ڕەگی کار مۆرفیمی کات دێ و ڕاناوە لکاوەکانیش پێشـگر بـن، یـا پاشـگر ڕۆڵـی توخمـەکان دەردەخـەن.
بەراوردی ئەم ڕستانە بکە:

| | فرێزی ناوی | ڕەگی چاوگی (بون) | مۆرفیمی کات | ڕاناوی لکاوی ك٣تاك |
|---|---|---|---|---|
| ١- | پیاو | بـ «دەرنەکەوتوە» | ە «کاتی ئێستا» | سفر «دەرنەکەوتوە» |
| ٢- | پیاو | بـ «دەرکەوتوە» | ێ «کاتی داهاتو» | سفر «دەرنەکەوتوە» |
| ٣- | پیاو | بـ «دەرکەوتوە» | و «کاتی ڕابوردو» | سفر «دەرنەکەوتوە» |

خشتەی (٣٠)

لە ڕستەی یەکەمدا، ڕەگی کار ( ب ) دەرنەکەوتوە، ئەگەر دەرکەوێ، ڕستەکە لە هەواڵدانی کاتی ئێستا دەگۆڕێ، بۆ ڕستەی فەرماندان و کەسەکەش لە کەسی سێیەمی تاك دەگۆڕێ بۆ دوەمی تاك.

لە ڕستەی یەکەم و دوەمدا، مۆڕفیمەکانی کاتی ئێستا ( ە ) و داهاتو ( ێ )، تەنیا لە کەسی سێیەمی تاك دەردەکەون، چونکە ڕاناوی لکاو سفرە و دەرناکەوێ، بەلام لە کەسەکانی تر دەرناکەون، چونکە ڕاناوەکان ( م/ی/ین/ن/ن ) سفر نین و دەردەکەون.

دەشێ، کە مۆڕفیمەکانی ( ە )ی ئێستا و ( ێ )ی داهاتو لە ڕستەیەکدا، ڕۆل ببینن، ئەو کاتە ڕستەکە دەبێتە کاتی ڕانەبوردو. وەك: ( پیاو ە+ب+ێ+سفر )، یان ( ە+ب+ێ+سفر بە پیاو ). هەروەها دەشێ، مۆڕفیمەکانی ئێستاو ڕابوردو لە ڕستەیەکدا، ڕۆل ببینن، ئەو کاتە دەبێتە کاتی ڕابوردوی بەردەوام. وەك: ( پیاو ە+ب+و+سفر )، یان ( ە+ب+و+سفر بە پیاو ).

٢ـ زاراوەی ( توخم )مان لە بری ( کەس ) بەکارهێنا، چونکە وا باوە، ( کەس ) بە زۆری واتای مرۆڤ دەبەخشێ، بەلام ئەو کەرەسانەی ڕۆلی بکەر، یا بەرکار دەبینن لە ڕستەدا، مەرج نیە، هەردەم مرۆڤ بن، دەشێ گیانەوەرێ، یان بێ گیانێك بێ، بۆیە ویستمان زاراوەی ( توخم ) هەمو فرێزە ناویەکان بگرێتەوە.

٣ـ لەم خشتەیەدا، بە بێ پێشگر و پاشگرەکانی وەك ( هەڵ-، دا-، ڕا-، وەر-، ... -ەوە، ... ) پۆلینی زۆربەی چاوگەکان دەخەینەڕو:

| چاوگی تێپەڕ | تێنە پەڕی بکەری | چاوگی تێنە پەڕی بەرکاری |
|---|---|---|
| کوتان، پەستان، هەڵێنجان، دان، کێشان، پێکان، | وەستان، چەرخان، | چەسپان، قەپان، ڕوتان، سوتان، |
| پێوان، شێلان، کێلان، هێلان، نان، هێنان، ... | دامەزران، گوزەران، | فەوتان، ترنجان، قنجان، |
| گرتن، گەستن، بێشتن، پاراستن، خواستن، خستن، | تۆران، پاڕان-، | گونجان، گرمخان، ڕوخان، خوران، |
| پەرستن، ڕستن، گواستن، بەستن، بیستن، ویستن، | سوڕان، گەڕان، | شۆران، وێران، پچڕان، دڕان، زڕان، |
| لێستن، ناشتن، ڕشتن، چەشتن، هاژۆشتن، شوشتن، | لەوەڕان، سازان، | دۆڕان، زان، ترازان، برژان، بۆرژان، |
| کوشتن، کرۆشتن،فرۆشتن، ڕۆیشتن، هاوێشتن، وتن، | کڕوزان، نوزان، | ڕژان، کوژان، شلەژان، هەژان، |
| پەنداوتن، ئاخاوتن، ئەنگاوتن، پاڵاوتن، ... | گژان، ئاڕسان، | تاسان، پسان، ترسان، گیرسان، |
| بژاردن، شاردن، ژماردن، ناردن، خواردن، بردن، | کاوان، دوان، | ئاوسان، خەسان، خوسان، نوسان، |
| کردن، بوردن، کەندن، خوێندن، ستاندن، | خولان، جوڵان، | ئایسان، ئەخشان، ترشان، ڕشان، |
| ڕەتاندن، ڕێخاندن، چەراندن، درکاندن، | ژیان، گریان، | کشان، داڕوشان، درەوشان، داوەشان، |
| تەکاندن، سەنگاندن، لاواندن، نواندن، | ڕامان، .... | تلیشان، قلیشان، ئێشان، لەقان، |
| خایاندن، قیژاندن، چیڕاندن، لوراندن، | هاتن، نوستن، | شلەقان، بریقان، تکان، بزرکان، |
| گرماندن، بۆڕاندن، زیڕاندن، زریکاندن، | گەیشتن، خەوتن، | شکان، لکان، دامرکان، خلیسکان، |
| میاواندن، قیڕاندن، حیلاندن، ئەڕاندن، شیڕاندن، | سرەوتن، ... | خنکان، تروکان، شەکان، پەشۆکان، |
| فیکاندن، چریکاندن، جریواندن، لەنگاندن، | حەپین، لەوچین، | توان، ڕوان، بزوان، شێوان، گوان، |
| چرپاندن، گماندن، قاسپاندن، قوقاندن، ... | باڕین، زەڕین، | لوان، تلان، کولان، گلان، کوڵان، |
| پاچین، قاچین، شاخین، هاڕین، بڕین، چڕین، | فڕین، پەڕین، | مان، ڕمان، ڕوخان، پەلمان، کڕان، |
| سڕین، سرین، کڕین، گۆڕین، دزین، دۆزین، مژین، | وەڕین، خوڕین، | دلۆپان، ... |
| تۆژین، ناسین، واسین، پرسین، نوسین، تاشین، | نازین، گەوزین، | بارین، خزین، ڕزین، لەرزین، |
| بەخشین، دۆشین، گوشین، لوشین، پۆشین، کۆشین، | گرژین، خشین، | بەزین، تەزین، تۆپین، تەقین، |

| | | |
|---|---|---|
| نۆشین، گلۆفین، مـالین، کـۆلین، زانـین، سمـین، | چـەقین، جـەنگین، | تۆقین، چـلەکین، کـۆکین، پـژمین، |
| توانین، ڕوانین، ڕنین، پشکنین، چـنین، ئـاخنین، | نالین، کەنین، | گەنین، مەیین، خەملین، ... |
| ژەنین، هۆنین، بینین، ... | | پشکوتن، کەوتن، ... |
| درون، سون، جون، هەنون، گرون، فەرمون، | | بون، هەبون، ... مردن، ... |

تێبینی ئەوە دەکرێ، هەندێ جار، بە گۆڕینی گیرەکەکان، یان گۆڕانی واتـا، پۆلی هەندێ چاوگ بگۆڕێ. هەندێ چاوگ دەتوانن، لە گەڵ دو پۆل ڕەفتا بکەن ( تێنە پەڕی بکەری و بەرکاری )، وەك: ( گریان، ژیان، کشان ... ):

ـــ تەنە ڕەقەکان بە گەرما دەکشێن. ( تێنە پەڕی بەرکاری ).

ـــ بە گەرما پلەی گەرما هەڵدەکشێ و بە سەرما دادەکشێ.

ـــ هێزەکانی هاو پەیمانان دوای ڕزگارکردنی کوێت کشانەوە. ( تێنە پەڕی بەرکاری ).

ـــ بە هاوین کۆچەرەکان بەرەو کوێستان هەڵدەکشێن و بە زستان بەرەو گەرمیان دادەکشێن.

هەروەها تێبینی ئەوە دەکرێ، ڕستەی فەرماندان، لە تێنە پەڕی بەرکاری دروسـتناکرێ. ئەگـەر دروستکرا، واتـای چاوگەکە دەگۆڕێ. وەك: کاتێ دایکێك بە منداڵەکەی دەڵـێ: ( بتۆپـە )، واتــای مـردن و تۆپین نـادا، بەڵکو مەبەستی ئەوەیە، ( بخەوە ). هەندێ جار، بە یارمەتی ئامرازی پەیوەندی، دەتوانرێ، جۆرێك لە فەرماندان لە ( بون ) دروستبکرێ، بەڵام ئەو کاتە ( بون ) واتـای ( گواستنەوە لـە دۆخێکـەوە بـۆ دۆخێکی تر، یان - بون بە ... ) دەدا، نەك ئارایی« عەبدولوەهاب-٤٤-٤٧». وەك: ببە بە پیاو، یـان ببـە پیـاو، پیاو بە، کە ڕەنگە فەرمان پێ کراوەکە لە ئارادا ( لە بوندا ) پیاو بێ، بەڵام ڕەفتاری پیاوانە نەبێ، یـان کە دەوترێ: ( لە خوا بترسە! )، لێرەدا ( ترسان )ەکە بێ خواست، یان نائەرەزومەندانـە ( لا إیـرادی ) نیـە. ئەمە ئەوە ناگەیێنێ، کە فەرماندان لە تێنە پەڕی بکەری واتـای تر نـادا، وەك: ( هەستە لە خەو ئەی لاوی کورد ... )، لێرەدا واتـای بنجی ڕستەکە ( بێدار بونەوەیە لە نوستن ) و واتـا خوازراوەکەشی ( وشیار بونەوەیە لە بێ ئاگایی )، بەڵام لە فەرماندانی تێنە پـەڕی بـەرکاری، واتــا بنجیەکـە دەرناکـەوێ و تـەنیا واتــا خوازراوەکەی دوەم دەرەکەوێ.

جگە لەمەش بە زۆری لە تێنە پەڕە بکەریەکان، توخمەکە سودمەند دەبێ، یان زیانی پـێ ناگـا. بەڵام بە زۆری لە تێنە پەڕیە بەرکاریەکان، توخمەکە زیانی پێ دەگا. لەم دیاردەی زیـان پێگەیشـتنەدا، چاوگی {هە( بون )} ناوێزەیە. ئەگەرچی چاوگی {هە( بون )}، هەردەم تێنە پـەڕێکی بەرکاریـە، چـونکە توخمەکە ناتوانێ، ڕۆلیکی بکەریی ئارەزومەندی ڕەها بگێڕێ لە بون یا هەبونی شتێك. ئەگەر بە ئارەزوی توخمەکە بێ، بەم شتە ڕازی نابێ و داوای باڵاتر دەکا، بۆیە زۆربـەی بـە ناچـاری سوپاسـگوزاری بـون و هەبونەکانیەتی. بۆ نمونە: کە قوتـابیەك دەڵێ: ( دەبم بە مامۆستا. )، ئەمە بارودۆخەکە ناچاری کردوە، کە مامۆستایەتی هەڵبژێرێ، ئەگەر لە دەستی بێ، دەبێتە وەزیر، یا پاشـا. دەڵێن ( فیرعـەون ) پاشـای جیهان بو، داوای خوایەتی دەکرد.

ناوێزەیی {هە( بون )} لەوەدایە: توخمەکە لە بـون و هـەبونی شـتە باشـەکان، وەك: سـامان و خۆشی و ... هتد زەرەرمەند نابێ، بەڵام لە بون و هەبونی شتە خراپەکان، وەك: هەژاری و خەم و ناخۆشی

و ... هتد زیانمەند دەبێ. بۆ نمونە: کە دەڵێین: ( منداڵەکە بو. )، نازانین، ژیانی ئەو منداڵە چۆن دەبێ؟!
لەم بارەیەوە خەیام دەڵێ:

هاتن بە دەستی خۆم نەبو هێنایانم، دەرچونە دەریش چۆن و کەیە؟ نازانم.
خۆزگە! نە هاتبام، نە چوبام، نە ببام، لەم گێرە و کێشەدا ڕەحەتبا گیانم.

٤ ـــ هەرگیز ڕەگی کار وەك مۆرفیمێکی سەربەخۆ دەرناکەوێ، ئەگەر دەرکەوت، وەك ڕەگی کار ڕەفتار ناکا. بۆ نمونە: ( دزەکە شتێکی دزی. ) لێرەدا ( دز )ی یەکەم ناوە و جیاوازە لە ( دز )ی دوەم کە ڕەگی کارە.

٥ ـــ ( و )ی مۆرفیمی ناوەڵناوی کراو، مۆرفیمێکە، هێمایە بۆ کەسێکی نادیار، کە کارێکی بەسەردا هاتبێ. واتە؛ هێمای بەرکارێکی نادیارە. بە پێچەوانەی مۆرفیمی ( ر )ی بکەر نادیار، کە هێمایە بۆ کەسێکی نادیار، کە کارێکی ئەنجام دابێ، یا ئەنجام بدا. واتە" جگە لەوەی هەردوکیان دەتوانن، ناوەڵناوی دەسکرد دروستبکەن، وەك: ناوەڵناوی کراوی ( سوتاو، مردو، ڕزیو، دانیشتو.... )، یان ناوەڵناوی بکەری ( نوسەر، سوتێنەر، تێکدەر، نامەبەر.... )، جیاوازییان لەوەدایە لە ڕستەدا، ( و )ی مۆرفیمی ناوەڵناوی کراو تەنیا لە ڕستەی ڕابوردودا بەکاردێ، وەك: ( پوشەکە سوتاوە. نامەکە نوسراوە. کابرا کوژراوە.... )، بەڵام دەتوانرێ، بە ( ر )ی مۆرفیمی ناوەڵناوی بکەر، ڕستەی ڕابوردو و ڕانەبوردوی لە بکەر نادیاردا پێ دروستبکرێ، وەك: ( پوشەکە سوتێنرا/ دەسوتێنرێ. نامەکە نوسرا/ دەنوسرێ. کابرا کوژرا/ دەکوژرێ.... ).

مۆرفیمی ناوەڵناوی کراو، لە دیالێکتی ناوەڕاستدا ( و )ە، لە دیالێکتی ژورودا، دەبێتە ( ی ) و لە دیالێکتی خوارودا، دەبێتە ( گ ). وەك:

سوتاوە، مردوە، هاتوە، ..... ( دیالێکتی ناوەڕاست )
سۆتیە، مریە، هاتیە، ..... ( دیالێکتی ژورو )
سوزیاگە، مردگە، هاتگە ..... ( دیالێکتی خوارو )

هەواڵنامەی کتێب

٦ ـــ چاوگێکی تێنەپەڕ و شەش چاوگی تێپەڕ هەن، لەبەر ئەوەی لە بنەڕەتدا ڕەگەکانیان بە بزوێنی ( ە ) کۆتایی دێ، لە هەمو کەسەکان، تەنانەت لە کەسی سێیەمی تاکیش مۆرفیمی ( ێ )ی کاتی داهاتو دەرناکەوێ، لە بری ئەوە، لە بەر ئەوەی لە کەسی سێیەمی تاکدا ڕاناو دەرناکەوێ، ( ە )ی بزوێنە کورتەکەی کۆتایی ئەم ڕەگانە، درێژ دەبێتەوە و دەبێتە ( ا )ی بزوێنی درێژ. هەروەها ئەو چاوگانەی ڕەگەکانیان بە ( وە ) کۆتایی دێ، ئەم دو دەنگی ( و ) و ( ە )یە، جگە لە کەسی سێیەمی تاك، لە هەمو کەسەکانی تر لێکدەدەن و دەبن بە ( ۆ ). واتە: ( و + ە ← ۆ ) ئەمانەش دیاردەی دەنگسازین و پەیوەندییان بە واتاوە نیە. چاوگەکانیش ئەمانەن:

| چاوگ | ڕەگی بنەڕەت | | یەکەمی تاک | دوەمی تاک | سێیەمی تاک | یەکەمی کۆ | دوەمی کۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕۆیشتن | ڕەوتەن | ڕوە | دەڕۆØم | دەڕۆØی | دەڕواØØ | دەڕۆØین | دەڕۆØن |
| بردن | بەردەن | بە | دەبەØم | دەبەØی | دەباØØ | دەبەØین | دەبەØن |
| کردن | کەردەن | کە | دەکەØم | دەکەØی | دەکاØØ | دەکەØین | دەکەØن |
| خواردن | خوەردەن | خوە | دەخۆØم | دەخۆØی | دەخواØØ | دەخۆØین | دەخۆØن |
| دان | دادەن | دە | دەدەØم | دەدەØی | دەداØØ | دەدەØین | دەدەØن |
| شوشتن | شوەردەن | شوە | دەشۆØم | دەشۆØی | دەشواØØ | دەشۆØین | دەشۆØن |
| هاژۆشتن | هاژوەشتەن | هاژوە | دەهاژۆØم | دەهاژۆØی | دەهاژواØØ | دەهاژۆØین | دەهاژۆØن |
| خستن | خستەن | خە | دەخەØم | دەخەØی | دەخاØØ | دەخەØین | دەخەØن |

**خشتەی (٣١)**

**٧ ـــ جیاوازی نێوان ئاوەڵناوی کراو و ئاوەڵناوی سروشتی لە دو خاڵدا دەرەکەوێ:**

**١- ئاوەڵناوی کراو، سیما و ناوەرۆکێکی نوێ دەداتە پاڵ کەسەکە. واتە؛ لە بنەڕەتدا نەبوە و لە ڕابوردودا کارەکەی بە سەردا هاتوە. وەك: سوتاو، وەستاو، ڕژاو، دڕاو، دانیشتو، مەییو، ترشاو،....هتد. بەڵام ئاوەڵناوی سروشتی، سیما و ناوەرۆکەکەی سروشتیە و لە بنەڕەتدا هەبوە. وەك: جوان، باش، خراپ، شیرین، ترش، قەڵەو، کورت....هتد.**

**٢- ئاوەڵناوی کراو، لە کاری تێپەڕی بکەردیار ئەگەر وشەیەکی لێکدراو نەبێ، بە دەگمەن دروستدەکرێ. وەك: گورگان خواردو، ماران گەستو، گرتوخانە...)، بەڵام لە بکەر نادیاردا، بە ئاسانی دروستدەکرێ. وەك: نوسراو، کوژراو، سوتێنراو....هتد.**

**٨ ـــ بۆ ڕونکردنەوەی فۆرمی (ــ ەتی)، بەراوردی ئەم ڕستانە بکە:**

چاوگی (هەبون) لە گەڵ (ڕاناوی ڕێککەوتن)

| فرێزی ناوی | پێشگری ئەرێ | ڕەگی دەرنەکەوتوە (بون) | مۆرفیمی کاتی ئێستا | ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن |
|---|---|---|---|---|
| من | هە | Ø | Ø | م |
| تۆ | هە | Ø | Ø | ی |
| ئەو | هە | Ø | یـ (ناوبڕ)+ە | Ø |

چاوگی (هەبون) لە گەڵ (ڕاناوی خاوەنی + ڕاناوی ڕێککەوتن) / وەرچەرخان

| فرێزی ناوی | پێشگری ئەرێ | ڕاناوی لکاوی خاوەنی | ڕەگی دەرنەکەوتوە (بون) | مۆرفیمی کاتی ئێستا | ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن | وەرچەرخان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| من | هە | مـ | Ø | ـە | Ø | |
| تۆ | هە | تـ | Ø | ـە | Ø | |
| ئەو | هە | یـ | Ø | ـە | Ø | تـ (ناوبڕ)+ی |

**خشتەی (٣٢)**

**لە کەسی سێیەمدا دەبینین، کاتێ ڕاناوی خاوەنی پتر دەبێ، هاوشێوەی بەرامبەرەکەی (بە بێ ڕاناوی خاوەنی) دەبێ، کە لەوێشدا فۆرمەکە بریتیە لە (هەیە ⟵ هە + Ø + یـ (ناوبڕ) + ە + Ø)، ئینجا کە ڕاناوی خاوەنی پتر دەبێ، فۆرمەکە هاوشێوەی یەکەم دەبێ و دەبێتە (هەیە ⟵ هە + یـ + Ø + ـە + Ø)، بۆیە بۆ ڕزگاربون لە لێڵواتایی، وەرچەرخانێك ڕودەدا و وادادەنرێ، کە هەردو فۆرمەکە هاوشێوەن، بەم شێوەیە (ی)ی ڕاناوی لکاو لە فۆرمی دوەم، یەکسان دەبێ بە (ی)ی ناوبڕ لە فۆرمی یەکەم، بەم شێوەیە پێویستیمان بە (ی)یێکی ڕاناوی لکاوی خاوەنی دەبێ، تاکو لە فۆرمەکەدا خاوەنێتی کەسی سێیەمی تاك بنوێنێ و ئەم (ی)یەی ڕاناوی لکاوەکە، دەچێتە کۆتایی فۆرمەکە و دەبێتە (هەیەی)، بەڵام**

لە نێوان هەردو بزوێنەکەی کۆتایی، پێویستیمان بە ناوبڕێک دەبێ و لەم بارەدا دەنگی ( تـ ) ڕۆڵی ناوبڕەکە دەبینێ و فۆڕمەکە دەبێتە ( هەیەتی ). لە سەرجەم داڕشتنە هاوشێوەکانی ئەم فۆڕمەدا، ئەم دیاردەیە دوبارە دەبێتەوە. وەك:

| ڕاناوی ڕێککەوتن | | | | | ڕاناوی خاوەنی +ڕاناوی ڕێککەوتن | | | | | | وەرچەرخان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| فرێزی ناوی | نەرێ پێشـــگری | ڕەگی (بون) دەرنەکەوتوە | کاتی ئێستا مـــۆرفیمی | ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن | فرێزی ناوی | نەرێ پێشـــگری | ڕاناوی لکاوی خاوەنی | ڕەگی (بون) دەرنەکەوتوە | کاتی ئێستا مـــۆرفیمی | ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن | |
| من | برا | Ø | Ø | م | ئەو | برا | مـ | Ø | ـە | Ø | |
| تۆ | برا | Ø | Ø | ی | ئەو | برا | تـ | Ø | ـە | Ø | |
| ئەو | برا | Ø | یـ(ناوبڕ)+ە | Ø | ئەو | برا | یـ | Ø | ـە | Ø | تـ ( ناوبڕ )+ی |

خشتەی ( ٣٣ )

هەروەها دەتوانی، بەراوردی بکەی لە گەڵ گۆڕینی کەسەکانی تر، کە وەرچەرخان نیە:

| ڕاناوی ڕێککەوتن | | | | | ڕاناوی خاوەنی +ڕاناوی ڕێککەوتن | | | | | | وەرچەرخان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| فرێزی ناوی | نەرێ پێشـــگری | ڕەگی (بون) دەرنەکەوتوە | کاتی ئێستا مـــۆرفیمی | ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن | فرێزی ناوی | نەرێ پێشـــگری | ڕاناوی لکاوی خاوەنی | ڕەگی (بون) دەرنەکەوتوە | کاتی ئێستا مـــۆرفیمی | ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن | |
| من | برا | Ø | Ø | م | من | برا | تـ | Ø | Ø | م | |
| تۆ | برا | Ø | Ø | ی | تۆ | برا | مانـ | Ø | Ø | ی | |
| ئەو | برا | Ø | یـ ( ناوبڕ )+ە | Ø | ئەو | برا | یانـ | Ø | ـە | Ø | |

خشتەی ( ٣٤ )

٩ ـــ لە کرداری تێپەڕاندندا، ئەگەر بە وردی سەرنجی ڕۆنانی چاوگ بدەین، دەبینین، بە گشتی پێکهاتون لە ( ڕەگ+مۆرفیمی کاتی ڕابوردو+ {ن}ی چاوگ ). ئەم {ن}ی چاوگە، {ن}ێکی کۆی ئاساییە و هەمو ئەو ئەگەری ڕودانانە کۆ دەکاتەوە، کە ڕەگی کارەکە لە ڕابوردودا دەشێ ڕویاندابێ. بۆیە {ن}ێکی کۆی بێ لایەنە و ناگەڕێتەوە بۆ هیچ توخمێك، ئەم بێلایەنیەشە وایکردوە، مۆرفیمی کاتی ڕابوردوی پێش {ن}ی چاوگ نەتوانێ، لە چاوگدا ڕۆلی خۆی ببینێ، چونکە توخمێك نیە، تاکو ڕەگی کارەکەی پێ ڕا پەڕێنرێ. ئاشکرایە، کە {ن}ی چاوگ چاڵی سێیەمی چاوگ پڕ دەکاتەوە، کە لە کاتی گەردانکردندا ئەم چاڵە دەبێتە شوێنی توخمەکان. واتە؛ {ن}ی چاوگ شوێنی توخمەکانی پڕ کردۆتەوە و هەر کاتێك لادرا، توخمێك دێتە شوێنی. بۆیە، لێرە دەگەینە ئەنجامێك، ئەگەر لە چاوگە تێنە پەڕەکاندا، {ن}ێکی تری چاوگ بخەینە دوای {ن}ی بنەڕەتی چاوگە تێنە پەڕەکان، ئەوا چاڵێکی تر، بۆ توخمێکی تر، زیادەبێ و بەمەش توانای چاوگە تێنە پەڕەکە لە بەڕێوەبردنی توخمێك دەگۆڕێ بۆ دو توخم. واتە؛ کارەکە لە تێنە پەڕ، دەگۆڕێ بۆ تێپەڕ.(عەبدوڵڵا١٣٠-١٣٦). وەك: ( سوتان ← سوتانن ← سوتانـ م/ ت/ ی/ مان/ .. )، ( وەستان ← وەستانن ← وەستانـ م/ ت/ ی/ مان/ .. )، بەڵام تێبینی ئەوەش دەکرێ، ئەو چاوگە تێنە پەڕانەی مۆرفیمەکانی کاتی ڕابوردویان ( ا ) نیە، واتە؛ ( ا )یی نین، مۆرفیمی کاتی ڕابوردوی ( ا ) دێتە جێی ئەلۆمۆرفەکەی تری. واتە؛ چاوگەکە دەگۆڕێ بۆ چاوگی ( ا )یی، ئینجا ( ن )ێکی تر دەخرێتە دوای

{ن}ی یەکەمی چاوگەکە و دەبێتە تێپەڕ، وەك : (خزین ← خزان ← خزانن)، (مـردن ← مـران ← مـرانن) (تەقین ← تەقان ← تەقانن) ... هتد. جگە لـە شـێوەزاری سـلێمانی لـە شـێوەزارەکانی تـری دیـالێکتی ناوەڕاستدا، (د)ێك دەکەوێتە نێوان هەردو {ن}ی چاوگەکە، کە ڕۆلیکی ئاسانکردنی گۆکردن دەبینێ لـەم شێوەزارانەدا و جگە لەمەش، دەبێتە مۆڕفیمی کاتی ڕابوردوش، هەرچی (ا)ی مۆڕفیمە یەکەمەکـەی کـاتی ڕابوردوە، لە بەر ئەوەی لە دوای گەردانکردنیشدا {ن}ـە ڕەسەنەکەی چاوگی هەر بە دوادا دەمێنێ، بۆیـە لە ڕوی گەیاندنی واتا ڕۆلی نامێنێ، بەلام ڕەفتاری خۆی هەر دەنوێنێ، واتە؛ لە ڕابوردودا هەر (ا) دەبێ و لە ڕانەبوردودا دەبێتە (ێ)ی داهاتو. وەك:

أ ــ لە ڕابوردو:

ڕســـــتە    ڕەگی تێپەڕ    مۆڕفیمی ڕابوردو    بەرکار    بکەر

ســـوتاندØی ⟵ ســوتان + د + Ø + ی

لەم جۆرە چاوگە تێپەڕێنراوانەدا، تێبینی ئەوە دەکرێ، کە ڕەگی چاوگە تێپەڕێنراوەکە یەکسانە بە خودی چاوگە ڕەسەنە تێنە پەڕەکە، کە لـەم نمونەیـەدا (ســوتان)ە. ئـەم ڕەگـەش لـە خـودی خۆیـدا پێکهاتوە لە: ڕەگ (سوت) + مۆڕفیمی کاتی ڕابوردو (ا) + نونی چاوگ (ن).

ب ــ لە ڕانەبوردو:

ڕســـــتە    مۆڕفیمی ئێستا    بەرکار    ڕەگی تێپەڕ    مۆڕفیمی داهاتو    بکەر

دەیسوتێنێØ ⟵ (ئـ/د)ە + یـ + ســـوتێنـ + ێ + Ø

تەنیا جیاوازی لە نێوان ئەم ڕەگە لە ڕابوردو و ڕانـەبوردودا، گـۆڕانی مـۆڕفیمی کاتەکەیـە لـە ڕابوردو بۆ داهاتو، کە لەم بارەدا، ڕۆلی کات ناگێڕن، چونکە نونی چاوگیان بە دوادا هاتوە و ئەمەش بـە هۆی ئەوەی، نونی چاوگ، نونێکی کۆی بێ لایەنە و ناگەڕێتەوە بۆ هیچ توخمێك.

## «بەشی دوەم»

ڕستەی ناسادە

ڕستەی ناسادە ئەو ڕستانەن، کە پتر لە کارێکیان تیادایە و دەبن بە دو بەش:

(٢) ڕســــــتەی نـاســــــادە

| (أ) ڕستەی لێکدراو | | | | (ب) ڕستەی ناوێتە (تێکەڵ) | |
|---|---|---|---|---|---|
| هاوڕێك | پێچەوانە | هەڵبژاردە | ئـــەمەرێ | پارستەی دیارخەری ناو | پارستەی دیارخەری کار |

خشتەی (٣٥)

### یەکەم ــ ڕســـتەی لێکدراو:

ڕستەی لێکدراو، ئەو جۆرە ڕستانە دەگرێتەوە، کە پتر لە کارێکیـان تێدایـە و هـەر کارێك ڕستەیەکی سەربەخۆ پێکدەهێنێ، بەلام بەشداریێکی هاوبەش لە نێوانیانـدا هەیـە، وەك هاوبەشیکردن لە هەمان فرێزی ناوی، چ بکەر بێ، چ بەرکار، یان بەشداریکردن لە ڕوی

کاتی ئەنجامدانی کارەکـان ...هتـد. ئـامرازە لێکـدەرەکانیش ڕۆلیکـی گـرنگ دەگێـڕن لـە پۆلینکردنی پەیوەندیی نێوان ڕستە سادە لێکـدراوەکان(ڕەفیق-٨٨). بۆیـە دەتـوانرێ، ڕسـتەی لێکدراو بە پێی ئامرازەکان یان بە پێی کاتی ڕودانی کارەکانیان دابەش بکرێن:

**أ ـ پۆلینکردنی ڕستەی لێکدراو بە پێی ئامرازە لێکدەرەکان:**

دەتوانرێ، ڕستە لێکراوەکان بە پێی ئامرازە لێکدەرەکان بکرێن بە چوار جۆر:

١- ***لێکدراوی هاوڕێک***: ( و، ئینجا، ئەوجا، ئەوسا، هەروەها، وێرگول{،} ... )

ئەو جۆرە ڕستانە دەگرێتەوە، کە لە ڕوی ئەنجامدانی کاری ڕسـتەکانیان هـاوڕێکن و کاری هەمو ڕستە لێکدراوەکان لە شێوەی ئەرێن و هەمان ئاراستە وەردەگرن. باوترین ئامرازی لێکدەری ئەم جۆرە ڕستانەش، ئامرازی ( و )ە. جگە لەوەی کە دەشێ، ئـەم جـۆرە ڕسـتانە بـە ئامرازی ( ئینجا/ ئەوجا/ ئەوسا/ هەروەها )ش لێکبدرێن(Randolph-٢٠٧)، بەڵام هەندێ جار بـێ ئامرازیش لێکدەدرێن و لە نوسیندا وێرگولێك {،} لە نێوانیان دادەنرێ. وەك:

ــــ هێلان لە خەو هەڵسا و دەموچاوی شوشت و جلەکانی کردەبەری و چو بۆ قوتا بخانە.

دەتوانرێ، لە جێی هەر ( و )ێکی لێکدەر، هەر یەکێ لەم ئامرازە لێکدەرانەی خـوارەوە ( ئینجا/ ئەوجا/ ئەوسا/ هەروەها/.. )، دابنرێ:

ــــ هێلان لە خەو هەڵسا ئینجا/ ئەوجا/ ئەوسا/ هەروەها/ {،}/.. دەموچاوی شوشت و....

یان دەشێ، هیچ دانەنرێ، و وێرگولێك لە شوێنیان دابنرێ:

ــــ هێلان لە خەو هەڵسا، دەموچاوی شوشت، جلەکانی کردەبەری، چو بۆ قوتا بخانە.

لێرەدا، جگە لە ئامرازە لێکدەرەکان، دو فاکتەری تریش بونەتـە هـۆی بـە یەکـەوە بەستنەوەی ئەم ڕستانە، کە یەکەمیان ـ هاوبەشیکردنە لە بکەر، کە ( هـێلان )ە و دوەمیـان ـ هەمو کارەکان لە ڕابوردوی سادەن و یەك لە دوای یەك ڕویانداوە.

٢- ***لێکدراوی پێچەوانە***: ( بەڵام، ئەگەرچی، هەرچەندە، لەگەڵ ئەوەشدا کە، ... )

ئەو جۆرە ڕستانە دەگرێتەوە، کە ڕودانی ڕستەی دوەم پێچەوانەی ئـە نجامی ڕسـتەی یەکەمە(کوردستان{ج}-٤٥). واتە؛ ئەگەر لە ئە نجامی ڕودانی ڕستەی یەکەم چاوەڕێی ڕودانی ئەرێی ڕستەی دوەم بین، ئەوا بە پێچەوانە دەبێتە نەرێ و ئەگەر چاوەڕێی نەرێ بین، دەبێتە ئـەرێ. وەك:

ــــ هۆنراو زیرەکە، بەڵام ناخوێنێ.

ــــ ئەگەرچی/ هەرچەندە/ لەگەڵ ئەوەشدا ( کە )/ هۆنراو زیرەکە، ( بەڵام ) ناخوێنێ(١).

ــــ ئەگەرچی/ هەرچەندە/ لەگەڵ ئەوەشدا ( کە )/ هۆنراو ناخوێنێ، ( بەڵام ) زیرەکە.

واتە؛ زیرەك بون و نەخوێندن، دو کرداری ئاراستە پێچەوانەن، بەڵام بە یەکەوە هاتون.

لەم نمونەیەی خوارەوەدا ڕونتر دەرەکەوێ، کاتێ یەکێك نەخۆش بێ، ناچێ بۆ قوتابخانە، بەڵام لەم جۆرە ڕستە لێکدراوانەدا، کارەکە پێچەوانەیە:

ـــ (ئەگەرچی/ هەرچەندە/ لەگەڵ ئەوەشدا (کە)/..) هۆزان نەخۆشە، کەچی/ بەڵام هەر دێ بۆ قوتابخانە.

٣- *لێکدراوی هەڵبژاردە*: (یا/ یان/ یا ... یا / یان ... یان).

ئەم جۆرە ڕستە لێکدراوانە، بە زۆری لە دو ڕستەی سادە پێکدێن و لە کاری هەردو ڕستەکەدا، تەنیا کاری یەکێکیان ئەنجام دەدەرێ و لە هەردوکیان یەکێ هەڵدەبژێردرێ، بۆیە ناوی هەڵبژاردەیان لێنراوە. بە تەنیا بە ئامرازی ﴿یا(ن)﴾ لێکدەدرێن، یاخود لە سەرەتای هەردو ڕستەکە دوبارە دەبێتەوە و دەبێتە ﴿یا(ن).. یا(ن)﴾. ئەمەش پتر لە پەندی پێشینان بەرچاو دەکەوێ. وەك:

ـــ یا دانیشە، یان بڕۆ./ دانیشە یا بڕۆ.

ـــ یا دەبی بە خانی خانان، یا دەبی بە پوشی بانان.

ـــ یا زانا بە، یا پرسا بە.

٤- *لێکدراوی نەرێ*: (نە ... نە)

هەندێ جار، لێکدراوی دو نەرێشی پێ دەوترێ، کە بە زۆری لە دو ڕستەی نەرێ پێکدێ و هیچیان جێبەجێ ناکرێن و بە هۆی ئامرازی (نە ... نە) لێکدەدرێن و ئامرازی (و)ی لێکدەریش دەتوانێ بەشداری لێکدانی ئەم جۆرە ڕستە لێکدراوانە بکا. لە پەندی پێشینانیش زۆر دەبیسرێ. وەك:

ـــ نە دەمرێ (و) نە چاك دەبێ.

ـــ نە دادەنیشێ، نە دەڕوا.

ـــ نە شیری حوشتر، نە دیداری عەرەب.

ـــ نە ساڵی دو بەهار، نە پیاوی گوێ بە گوار، نە ژنی جوجکەدار.

**ب ـ پۆلینکردنی ڕستەی لێکدراو بە پێی دەمکاتی کارەکانیان:**

دەشێ، ڕستەی لێکدراو، بە پێی کاتی ڕودانی کاری ڕستە سادەکان بکرێتە دو جۆر: ڕستەی لێکدراوی هەمان کاتی و ڕستەی لێکدراوی پێش و دوا:

**جۆری یەکەم - ڕستەی لێکدراوی هەمان کاتی:**

ئەو ڕستە لێکدراوانە دەگرێتەوە، کە کاری ڕستە سادەکانیان لە هەمان کاتدا ڕودەدەن و دەتوانین، سێ بەشیان لێ جیا بکەینەوە:

**١- لێکدراوی هاوڕوداو:** کاری سەرجەم ڕستە سادەکانی ئەم جۆرە ڕستە لێکدراوانە، لە کاتێکی دیاریکراودا ڕودەدەن. واتە؛ هەمو کارەکان لە هەمان دەمکاتدان و هەمویان بە یەکەوە ڕودەدەن. ئەگەرچی لەم جۆرە ڕستە لێکدراوانەدا تێبینی ئەوە دەکرێ، کە ڕستەی یەکەم زەمینەیەك خۆشدەکا بۆ ڕودانی ڕستەکانی تر. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی (بە زۆری جگە لە ڕستەی یەکەم)، دەتوانرێ، شوێنی هەمو ڕستە سادەکانی تر بە ئاسانی ئاڵوگۆڕ بکرێن. وەك:

ـــ هەمومان کورد بوین، هەندێکمان بوین بە زەرد، هەندێکمان بوین بە سەوز، هەندێکمان بوین بە سور، هەندێکمان بوین بە سپی.

ـــ ئەی کوردینە پیاوی باش بن، یەکبگرن، ئەم هەلە لەدەسمەدەن، ئاگاداری خۆتان بن، پشتی یەکتر بەرمەدەن.

ـــ جاران ڕژێم دەیگرتین، ئازاری دەداین، کیمیا بارانی دەکردین، ئەنفالی دەکردین، لە سێدارەی دەداین، وڵاتە زلهێزەکانیش دەنگیان نەدەکرد.

**٢- لێکدراوی یەك ڕوداو:** ئەم جۆرە ڕستە لێکدراوانە، بە زۆری لە دو ڕستەی سادە پێکدێن و تەنیا کاری یەکێ لە هەردو ڕستەکە ڕودەدا و جێبەجێ دەکرێ. بە زۆریش ئەم جۆرە ڕستانە لە شێوەی فەرماندان دەبن:

ـــ یا لەم لا بە، یان لەولا بە، چیتر ئەملا و ئەولا مەکە.

ـــ زانا بە، یا پرسا بە.

ـــ لە ئە نجامی ئەم ڕەفتارەت، یا دەتکەن بە خانی خانان، یا دەتکەن بە پوشی بانان.

**٣- لێکدراوی ڕونەداو:** لەم جۆرە ڕستە لێکدراوانەدا، کاری هیچ لە ڕستە سادەکان ڕونادا و جێبەجێ ناکرێ، چونکە هەمو کارەکان لە دۆخی نەرێدان و بە زۆریش ئەم جۆرە ڕستە لێکدراوانە لە دو ڕستەی سادە پێکدێن، کارەکان، کەمتر لە ئاستی سەرەوە دەردەکەون، بە تایبەتی لە پەندە کوردیەکاندا:

ـــ نە پێڵاوی تەنگ، نە ماڵی بە جەنگ.

ـــ نە ساڵی دو بەهار، نە پیاوی گوێ بە گوار، نە ژنی جوجکەدار.

ـــ مناڵە چەقاوەسوەکەی دراوسێمان، نە دەخوێنێ، نە کارێك دەکا، نە گوێڕایەڵی دایك و باوکی دەبێ.

**جۆری دوەم – ڕستەی لێکدراوی پێش و دوا:**

ئەو ڕستە لێکدراوانە دەگرێتەوە، کە کاری ڕستە سادەکانیان یەك لە دوای یەك ڕوودەدەن. واتە؛ کاری یەکەم دەستپێدەکا، دوای ئەو کاری دووەم و ئینجا کاری سێیەم و ... هتد. وەك:

ــ ڕا پەڕینمان دەستپێکرد، ئینجا کۆچڕەومان کرد، دوایی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمان دروستکرد و بڕیاری فیدراڵیمان ڕاگەیاند.

ــ کابرا بۆ ڕیش چو، کەچی سمێڵیشی نایە بانی.

ــ ڕژێمی سەددام شەڕی کوردی کرد، ئینجا شەڕی ئێرانی دەستپێکرد، پاشان کوێتی داگیرکرد، دواجار لە گەڵ هاو پەیمانان کەوتەشەڕ.

**دووەم ــ ڕستەی ئاوێتە (تێکەڵ):**

ڕستەی ئاوێتە، یا تێکەڵ ئەو جۆرە ڕستە ناسادانە دەگرێتەوە، کە لە پتر لە ڕستەیەکی سادە پێکدێن و لە هەمو ڕستە سادەکاندا، تەنیا ڕستەیەکیان سەرەکیە (Independent Clause) و ناتوانرێ، لابدرێ، کە (شارستە)ی پێ دەوترێ. سەرجەم ڕستەکانی تر لاوەکین (Dependent Clause) و دەتوانرێ، لابدرێن(F.S.Scott-١٦٣)، کە (پارستە)یان پێ دەوترێ و هەرپارستەیەك، کەرەسەیەکی ڕستەی سەرەکی ڕونتردەکاتەوە و دیاریدەخا، بۆیە سەرجەم پارستەکان دیارخەرین. ئەو پارستانەی فرێزە ناویەکان ڕوندەکەنەوە، پارستەی دیارخەری ناوین (٢) و ئەوانەی فرێزە کاریەکە ڕوندەکەنەوە، پارستەی دیارخەری کارین:

١- ***پارستەی دیارخەری ناو:***

پارستەی دیارخەری ناو، ئەو جۆرە ڕستە لاوەکیانە دەگرێتەوە، کە ناوێك لە ناوەکانی ڕستەی سەرەکی (شارستە) پتر ڕوندەکەنەوە و دیاریدەخەن. بۆیە بە پێی ڕۆڵ و ئەرکی ناو لە ڕستەدا، ئەم جۆرە پارستانە، دەکرێن بەم بەشانەی خوارەوە:

**یەکەم - پارستەی دیارخەری بکەر:**

لەم جۆرە ڕستە ئاوێتانەدا، پارستە لایەنێکی بکەری شارستە ڕوندەکاتەوە و دەبێتە دیارخەری بکەری شارستە. بکەریش لە ڕۆنانی ڕستەی کاری تێپەڕ و کاری تێنەپەڕی بکەری دەردەکەوێ:

أ - بکەر لە کاری تێپەڕ:

| | فریزی ناویی شارستە (بکەر) | پارستەی ناویی دیارخەری بکەر | فریزی کاریی شارستە |
|---|---|---|---|
| ١ | ڕژێمی بەعس، | کە ئێستا لە زبڵدانی مێژودایە، | نیو سەدە کوردی چەوساندەوە. |
| ٢ | هاوڕێکەمان، | کە ساڵێکە کراوەتە بەرپرس، | کۆشکێکی مەرمەڕی دروستکرد. |
| ٣ | مۆبایل، | کە ئامێرێکی زۆر بچوك و تازەیە، | پەیوەندیەکانی ئاسانتر کردوە. |

خشتەی (٣٦)

لەم نمونانەدا ئاشکرا دیارە، کە هەر یەکە لە پارستەکانی ناویی دیارخەری بکەر، وەسفی لایەنێکی بکەری شارستەکە دەکا و ڕونیدەکاتەوە. بۆ نمونە، پارستەی (کە ساڵێکە لە زبڵدانی مێژودایە)، وەسفی بکەری شارستەکەی دەکا، کە (ڕژێمی بەعس)ە و ئەوانی تریش بە هەمان شێوە.....

ب - بکەر لە کاری تێنە پەڕی بکەری:

| | فریزی ناویی شارستە (بکەر) | پارستەی ناویی دیارخەری بکەر | فریزی کاریی شارستە |
|---|---|---|---|
| ١ | ئەو دیلە | ی کە چەند ساڵە چاوەڕێی دەکەین، | دوێنێ هاتەوە. |
| ٢ | پاڵەوانەکەمان | کە زۆر لاف و گزافی لێدەدا، | لە سەرەتای جەنگەکە هەڵهات. |
| ٣ | ئەو پێشمەرگانە | ی کە زۆر ئازا و دڵسۆز بون، | ئێستا زۆربەیان دانیشتون. |

خشتەی (٣٧)

هەواڵنامەی کتێب

لەم ڕستانەدا کارەکانی (هاتەوە، هەڵهات، دانیشتون) تێنە پەڕی بکەرین و فرێزە ناویەکانیان (ئەو دیلە، پاڵەوانەکەمان، ئەو پێشمەرگانە) دەبن بە بکەری شارستە و هەریەکەیان بە پارستەی بەرامبەری وەسفکراوە.

## دوەم - پاڕستەی دیارخەری بەرکار:

لەم جۆرە ڕستە ئاوێتانەدا پاڕستە لایەنێکی بەرکاری شاڕستە ڕوندەکاتەوە و دەبێتە دیارخەری بەرکاری شاڕستە. بەرکاریش (ئەو توخمەیە کە، کارێکی بەسەردا دێ) لە شێوەی ڕۆنانی سێ جۆرە ڕستەدا دروست دەبێ:

أ - بەرکار لە کاری تێپەڕ:

| | شارستە | | | پارستەی دیارخەری بەرکار |
|---|---|---|---|---|
| | | بەرکار | | |
| ١ | سەددام | هەڵەبجە | ی بۆردومانکرد، | کە هیرۆشیمای کوردستانە. |
| ٢ | ئەبوجەعفەر | بەغدا | ی دروستکرد، | کە پایتەختی عێراقە. |
| ٣ | شای ئێران | پێشەوا | ی لە سێدارەدا، | کە سەرکۆماری مەهاباد بو. |

خشتەی (٣٨)

لەم نمونانەی سەرەوەدا دەردەکەوێ، کە هەر یەکە لە پاڕستەکانی ناویی دیارخەری بەرکار، وەسفی لایەنێکی بەرکارەکەی شاڕستە دەکا و ڕونیدەکاتەوە. بۆ نمونە پاڕستەی (کە

هێرۆشیمای کوردستانە )، وەسفی بەرکاری شاڕستەکەی دەکا، کە ( هەڵەبجە )یە و ئەوانی تریش بە هەمان شێوە.....

ب - بەرکار لە کاری تێنە پەڕی بەرکاری:

| | فریزی ناویی شاڕستە ( بەرکار/ کارا ) | پارستەی ناویی دیارخەری بەرکار/کارا | فریزی کاریی شاڕستە |
|---|---|---|---|
| ١ | بارزانی، | کە ناودارترین سەرکردەی کوردە، | لە ساڵی ١٩٠٣ لە دایك بوە. |
| ٢ | سوپای عێراق، | کە لە سوپا بە هێزەکانی جیهان بو، | لە جەنگی کەنداو خراپ شکا. |
| ٣ | گۆران، | کە شاعیرێکی ناوداری کورد بو، | بە نەخۆشی شێرپەنجە مرد. |

خشتەی ( ٣٩ )

لەم نمونانەی سەرەوەدا، فرێزە ناویەکان بۆیە بونەتە بەرکار، چونکە کاری شاڕستەکانیان ( بوە، شکا، مرد ) تێنە پەڕی بەرکارین، واتە؛ فرێزە ناوی ( نیهاد )ەکانیان بە ئارەزوی خۆیان کارەکانیان ئەنجام نەداوە، بەڵکو بەسەریاندا هاتوە.

تەنانەت هەندێ جار، ڕەگی کاری بون ( وەك لە ڕستەی هەواڵدانی کاتی ئێستا ) دەبێتە مۆرفیمی سفر و دەرناکەوێ، لەم بارەشدا فرێزە ناویەکەی هەر بەرکارە:

| | فریزی ناویی شاڕستە ( بەرکار/کارا ) | پارستەی ناویی دیارخەری بەرکار/کارا | فریزی کاریی شاڕستە |
|---|---|---|---|
| ١ | کورد، | کە نەتەوەیەکی ئاشتی خوازو بێلایەنە، | بێ پشتو پەنایە. |
| ٢ | مێگر، | هاوینە هەوارێکی زۆر خۆشە، | شەقامی نیە. |
| ٣ | هەولێر، | کە پایتەختی هەرێمی کوردستانە، | مزگەوتی یەکجار زۆرە. |

خشتەی ( ٤٠ )

لەم ڕستانەی سەرەوەدا، ( بـ )ی ڕەگی چاوگی ( بون )، یان ( هەبون ) دەرنەکەوتوە و شوێنی لە هاوکێشەی ڕیزبەندی مۆرفیمەکان بەم شێوەیە دەردەکەوێ:

پشتوپەنایە = ( پشتوپەنا ) فرێزی ناوی / بەرکاری بە یاریدە + ( بـ ) ڕەگی کار، کە دەرنەکەوتوە، ( چونکە دەرکەوێ ڕستەکە دەبێتە فەرماندان ) + ( یـ ) ناوبڕی نێوان دو بزوێتە + ( ە ) مۆرفیمی کاتی ئێستایە + ڕاناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاك، کە سفرە و دەرنەکەوتوە و دەگەڕێتەوە بۆ ( کورد ).

دەشێ، شاڕستە ڕستەیەکی یەك وشەیی بێ و ڕەگی چاوگی ( بون )ی تیا دەرنەکەوێ. وەك لە ڕستەکانی ( دیارە، هەڵبەتە، ئاشکرایە، ...... ):

| | شاڕستە | پارستەی دیارخەری بەرکار |
|---|---|---|
| ١ | ئاشکرایەø، | کە دوژمنانی کورد دژی ئازادیی کوردستانن. |
| ٢ | هەڵبەتەø، | کە کورد گەلێکی بێ پشتیوانە. |
| ٣ | دیارەø، | کە بەرژەوەندیەکان بنەمای پەیوەندیی گەلانن. |

خشتەی (٤١)

دەشێ، (بـ)ی ڕەگی (بون) لە شارستەدا لەم خشتەیەی خوارەوەدا ڕونبکرێتەوە:

| | شارستە | فریزی ناوی | ڕەگی بون | مۆرفیمی نێستا | ڕاناوی لکاو |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ناشکرایەø، | ناشکرا | بـ ← ø | (یـ ناوبڕە) + ـە | ø بەرکار |
| ٢ | هەڵبەتەø، | هەڵبەتە | بـ ← ø | ـە | ø بەرکار |
| ٣ | دیارەø، | دیار | بـ ← ø | ە | ø بەرکار |

خشتەی (٤٢)

لێرەدا ڕاناوی لکاو دەبێتە بەرکار، چونکە کارەکە تێنە پەڕی بەرکاریە.

**سێیەم - پاڕستەی دیارخەری بەرکاری بە یاریدە:**

لەم جۆرە ڕستە ئاوێتانەدا، پاڕستە، لایەنێکی بەرکاری بە یاریدەی شاڕستە ڕوندەکاتەوە و دەبێتە دیارخەری بەرکاری بە یاریدەی شاڕستە. وەك:

| | شاڕستە | | پاڕستە | فریزی کاری شاڕستە |
|---|---|---|---|---|
| | فریزی ناوی | بەرکاری بە یاریدە | | |
| ١ | هێلان | بە ئوتومبێلەکەی، | کە تازەی کڕیبو، | هات. |
| ٢ | نامەیەکم | بە هۆنراودا، | کە کوڕە گەورەمە، | بۆ ناردی. |
| ٣ | شیعرێکم | لەو دەفتەرە | ی،کە تازەی کڕیبو، | بۆی نوسیەوە. |

خشتەی (٤٣)

**٢- *پاڕستەی دیارخەری کار (ئاوەڵکاری):***

پاڕستەی دیارخەری کار، ئەو جۆرە ڕستە لاوەکیانە دەگرێتەوە، کە کاری ڕستەی سەرەکی (شاڕستە) پتر ڕوندەکەنەوە و دیاری دەخەن، بۆیە بە پێی ڕۆڵ و جۆری ڕونکردنەوەکەیان دەکرێن بەم بەشانەی خوارەوە:

**یەکەم - پاڕستەی دیارخەری کات:**

لەم جۆرە ڕستە ئاوێتانەدا، پاڕستە، کاتی ڕودانی کاری شاڕستە ڕوندەکاتەوە، بە پەیوەستکردنی بە کارێکی کات زانراو. واتە؛ کاتی ڕودانی کاری پاڕستە زانراوە و بە هۆی ئەوەوە، کاتی ڕودانی کاری شاڕستەش دەزانرێ و دەتوانرێ، شاڕستە و پاڕستەش پاش و پێش بکرێن. بە زۆری لەم جۆرە ڕستە ئاوێتانەدا ئامرازی لێکدەری (کە) بەکاردێ. وەك:

| | پاڕستەی دیارخەری کات | شاڕستە |
|---|---|---|
| ١ | کە من هاتم، | ئەو لەوێ بو. |
| ٢ | کە تۆ دەچوی، | من دەگەڕامەوە. |
| ٣ | کە کار لە کار ترازا، | برا دەبێتە برازا. |

خشتەی (٤٤)

**دوەم - پاڕستەی دیارخەری هۆ:**

ئەم جۆرە پاڕستانە، هۆی ڕودانی کاری شاڕستە دەردەخەن و بە زۆری ئامرازە لێکدەرەکانی ( چونکە، لەبەرئەوەی، لەبەرئەوەی کە ) تیایاندا بەکاردێن و دەتوانرێ، بە ئاسانی شوێنی شاڕستە و پاڕستە ئاڵوگۆڕ بکرێن. وەك:

| | پاڕستەی دیارخەری هۆ | شاڕستە |
|---|---|---|
| ١ | چونکە یەکناگرین، | سەرناکەوین. |
| ٢ | لەبەرئەوەی ئاستی زانستیمان نزمە، | کورد زانای تیا هەڵنەکەوتوە. |
| ٣ | لەبەرئەوەی قسەکانی حەق و ڕەقن، | لای کاربەدەستان پەسەند نیە. |

خشتەی (٤٥)

سێیەم - پاڕستەی دیارخەری ئەنجام:

ئەم جۆرە پاڕستانە، ئەنجامی ڕودانی کاری شاڕستە دەردەخەن و بە زۆری ئامرازە لێکدەرەکانی ( بۆیە، لەبەرئەوە ) تیایاندا بەکاردێن و دەتوانرێ، بە ئاسانی شوێنی شاڕستە و پاڕستە ئاڵوگۆڕ بکرێن. وەك:

| | شاڕستە | پاڕستەی دیارخەری ئەنجام |
|---|---|---|
| ١ | یەکناگرین، | بۆیە سەرناکەوین. |
| ٢ | ئاستی زانستیمان نزمە، | لەبەرئەوە زانامان تیا هەڵنەکەوتوە. |
| ٣ | قسەکانی حەق و ڕەقن، | لەبەرئەوە لای کاربەدەستان پەسەند نیە. |

خشتەی (٤٦)

شایانی باسە، پاڕستە دیارخەرەکانی هۆ و ئەنجام پێچەوانەی یەکترن. واتە؛ ئەگەر شاڕستە و پاڕستەکانیان ئاڵوگۆڕ بکەین، لەگەڵ گۆڕینی ئامرازە لێکدەرەکانیان، پاڕستەکانی هۆ و ئەنجام ئاڵوگۆڕ دەبن.

چوارەم - پاڕستەی دیارخەری ئامانج:

ئەم جۆرە پاڕستانە، ئامانجی ڕودانی کاری شاڕستە دەردەخەن و بە زۆری ئامرازە لێکدەرەکانی ( بۆ ئەوەی، تا، هەتا، تاکو، هەتاکو، ... ) تیایاندا بەکاردێن. وەك:

| | شاڕستە | پاڕستەی دیارخەری ئامانج |
|---|---|---|
| ١ | کورد تێدەکۆشن، | بۆ ئەوەی مافی چارەنوسی دابین بکا. |
| ٢ | ئێمە ڕاپەڕین، | تاکو کوردستان ڕزگار بکەین. |
| ٣ | کابرا ئەو هەمو مەراییە دەکا، | تا بیکەن بە شتێك. |

خشتەی (٤٧)

پێنجەم - پاڕستەی دیارخەری پێوانە:

ئەم جۆرە پاڕستانە، بڕ و ڕادە و پێوانەی ڕودانی کاری شاڕستە دەردەخەن. واتە؛ بوار و سنوری کارکردنەکەی دەستنیشاندەکەن. بە زۆری ئامرازە لێکدەرەکانی (کە، تا، هەتا،

تاکو، هەتاکو... ) تیایاندا بەکاردێن. جگە لەمەش، لە شاڕستەدا دیارخەرێکی نادیاری پێوانە وەك ( بە ڕادەیەك، هێندە، ئەوەندە ... ) لە پێش ئاوەڵناوی شاڕستەکە هاتوە و ئەرکی پاڕستە دەرخستن و سنوردارکردنی ئەو دیارخەرەیە. هەر ئەم دیارخەرانە دەبنە خاڵی سەرەکیی جیاکردنەوەی پاڕستەی دیارخەری پێوانە، لە پاڕستەی دیارخەری ئامانج. وەك:

| | شاڕستە | پاڕستەی دیارخەری پێوانە |
|---|---|---|
| ١ | کوردستان بە ڕادەیەك ڕازاوەیە، | کە هەر باسی ناکرێ!. |
| ٢ | کەلوپەلەکان هێندە گران بون، | کە نەمتوانی هەڵیانبگرم. |
| ٣ | کچەگاوان ئەوەندە جوان بو، | تا برای خۆشی حەیرانی دەبو. |

خشتەی (٤٨)

**شەشەم - پاڕستەی دیارخەری مەرج:**

ئەم جۆرە پاڕستانە، مەرجی ڕودانی کاری شاڕستە دەردەخەن و بە زۆری ئامرازی لێکدەری ( ئەگەر/گەر ) تیایاندا بەکاردێ. وەك:

| | پاڕستەی دیارخەری مەرج | شاڕستە |
|---|---|---|
| ١ | ئەگەر گوڵ نی، | درکیش مەبە. |
| ٢ | ( ئەگەر ) پشتت سەفین بێ، | تف لە ئاسن بکە. |
| ٣ | گەر خودا دەستمان بدا، | کوردستان یەکدەخەینەوە. |

خشتەی (٤٩)

لەم جۆرە ڕستە ئاوێتانەدا، پاڕستە دەبێتە ڕستەی مەرج و شاڕستەش دەبێتە وەڵامی مەرج(ئازاد-٨١).

(( پەراوێزەکانی بەشی دوەم ))

( ١ ) ئەگەرچی لە هەندێ سەرچاوەی وەك ( سینتاکسی ڕستەی تێکەڵ، د. کوردستان موکریانی، لاپەڕە ( ٤٥ )دا، ئەم جۆرە ڕستەیە بە تێکەڵ دانراوە، بەڵام ئەم جۆرە ڕستانە لێکدراون و تێکەڵ نین، چونکە:

١- دەتوانرێ، بە لای کەمەوە یەکێ لە ئامرازە لێکدەرەکان لابدرێ:

ـــ ( ئەگەرچی ) هۆنراو زیرەکە، ( بەڵام ) ناخوێنێ.

ـــ ئەگەرچی هۆنراو زیرەکە، ناخوێنێ.

ـــ هۆنراو زیرەکە، بەڵام ناخوێنێ.

٢- هیچ ڕستەیەك وەسفی بەشێکی ڕستەکەی تر ناکا و لە بنەڕەتدا ڕستە سادەکان بەم شێوەیەن:

ـــ هۆنراو زیرەکە.

ـــ هۆنراو ناخوێنێ.

(٢) لە ڕێزمانی دێریندا، هەڵەیەکی باو کراوە، ئەویش دانانە بە بونی پارستەی ناوی. واتە؛ پارستە ڕۆلی ناوێکی شارستە دەگێڕێ، ئینجا ناوەکە بکەر بێ، یان بەرکار. پارستەکانیش ناونراون بە (پارستەی جێگری بکەر)، یان (پارستەی جێگری بەرکار)، وەك: «پارستەی ناوی ئەو پارستانەن، کە جێگەی ناوێك لە شارستەدا دەگرنەوە، ئەو ناوانەش کە دەشێ، ئەم جۆرە پارستەیە جێگەیان بگرێتەوە، یان (بکەر)ن، یان (بەرکار)ن، کەواتە پارستەی ناوی دو جۆرە:-

١- پارستەی جێگری بکەر:-

١- ئاشکرایە، (کە) ئیمپریالیزم دژی ئازادیی گەلانە.

٢- دیارە، (کە) هەرێم ئەمساڵ دەردەچێت.

٢- پارستەی جێگری بەرکار:-

١- وتم، (کە) توخنی بێگانە مەکەون.

٢- ناتوانم، (کە) ئەم کارە بکەم.» (عەبدوڵا-٨١).

لە ڕاستیدا، ئەم پارستانە جێگەی هیچ ناوێك لە شارستەدا ناگرنەوە، بەڵکو هەمویان بەرکارە دەرنەکەوتوەکەی شارستە (کە کەسی سێیەمی تاکە و ڕاناوەکەی سفرە) ڕوندەکەنەوە و دەریدەخەن. شارستەکان بەم شێوەیە شیدەکرێنەوە:

| شارستە | فریزی ناوی | ناوبر | ڕەگی (بون) | مۆرفیمی ئێستا | ڕاناوی ک٣تاک |
|---|---|---|---|---|---|
| ئاشکرایە | ئاشکرا | یـ | Ø | ـە | Ø |
| دیارە | دیار | .... | Ø | ـە | Ø |

خشتەی (٥٠)

لێرەدا، پارستەکە بوەتە دیارخەر، بۆ ڕاناوە سفرەکەی کەسی سێیەمی تاك.

هەروەها لە ڕستەی «وتم، (کە) توخنی بێگانە مەکەون.»دا، شارستەی (وتم،) بەم شێوەیە:

وتم = (و) ڕەگی کار + (ت) مۆرفیمی کاتی ڕابوردو +Ø ڕاناوی ک٣تاك بەرکار + (م) ڕاناوی بکەر.

دیسان لێرەدا، پارستەکە، بەرکارە سفرەکەی کەسی سێیەمی تاکی ڕونکردۆتەوە، کە –چی- وتوە؟ و بوەتە دیارخەری بەرکار.

هەروەها لە ڕستەی «ناتوانم، (کە) ئەم کارە بکەم»دا، شارستەی (ناتوانم)، بەم شێوەیە:

ناتوانم = (نا) ئامرازی نەرێیە + (ی)ی ڕاناوی بەرکار سواوە + (توان) ڕەگی کار + (ێ)ی مۆرفیمی کاتی داهاتو دەرنەکەوتوە + (م) ڕاناوی بکەر.

لێرەشدا، پارستە، بەرکاری شارستەی ڕونکردۆتەوە، کە ئەو شتەی ناتوانێ، بیکا، چیە؟.

# «بەشی سێیەم»

پۆلینی ڕستە لە ڕوی گەیاندنی واتا (ئەرکە زمانەوانیەکانی ڕستە)

جگە لە پۆلینکردنی ڕستە لە ڕوی ڕۆنان و داڕشتنەوە، هەروەك لە بەشەکانی پێشەوە باسکرا، دەتوانرێ، لە ڕوی ئەرکی گەیاندنی واتا و مەبەستیش پۆلین بکرێ، کە هەندێ جار، لە ڕوی ناوەڕۆك(کوردستان-٦٠)، یان کردە قسەییەکانیشی(قیس-٢٨) پێ دەوترێ. زۆربەی

زمانەوانە کوردەکان، هەر لە زوەوە ئەم دابەشەیان کردوە و لەم ڕوەوە، تەنیا چوار بەشیان لە یەك جیاکردۆتەوە: ڕستەکانی (هەواڵگەیاندن، پرسیار، فەرماندان و سەرسوڕمان)، بەڵام بە زۆری لایەنی داڕشتن و واتایان لە یەك جیا نەکردۆتەوە، هەرچەندە لە یەك ترازاندنیان کارێکی ئاسان نیە، چونکە دەنگەکان هەڵگری واتاکانن و پەیوەندییەکی لەخۆوەی ئەوەندە بە هێزیان پەیداکردوە، لە یەکتر دابڕینیان ئەستەمە، بەڵام ڕێزمانی دێرین خۆی بە هەڵاواردنی ئەم دو لایەنە ماندو نەکردوە و تێکڕایی باسکراون.

ئەوەی گرنگە، بۆ دەستنیشانکردنی هەر ئەرکێکی ڕستە، دەبێ، تەواو لە مەبەستی قسەکەر (یا نوسەر) بگەین و بە پێی مەبەستی وردی قسەکەر، ئەرکەکە دەستنیشان بکرێ. لە ئاخاوتندا هێز و ئاواز و هێما جوڵەییەکانی قسەکەر، یارمەتییەکی زۆری قسەکەر دەدەن بۆ گەیاندنی مەبەستە وردەکەی، بەڵام لە نوسیندا هەوڵدراوە، نیشانەکانی خاڵبەندیی ئەم ڕۆڵە بگێڕن، بۆیە فەرامۆشکردنیان دیاردەیەکی پەسەند نیە.

ژمارەی ئەرکە واتاییەکانی ڕستە، لە نێوان زمانەوانە هاوچەرخەکانیش هاویەك نیە، لە نێوان (٣) سێ ئەرك و پتر لە دە ئەرکدایە. لەم بەشەدا هەمو بەشەکان بە وردی باس دەکرێن و بە سەر حەوت جۆر دابەش دەکرێن و ئەگەری جیاکردنەوە و تێکەڵکردنەوەی هەندێ بەشیش دەخرێتە ڕو و سەربەستی تەواو بۆ خوێنەر جێ دەهێڵرێ، تا لە نێوان کەمترین و زۆرترین ژمارەی جۆرەکان کامەیان پەسەنددەکا، بەڵام نکوڵی لەوە ناکرێ، کە تەنیا سێ ئەرکی یەکەمیان ڕەسەن و سەرەکین و ئەوانی تر لاوەکین و دەتوانرێ، لە گەڵ سێ ئەرکە سەرەکییەکە تێکەڵبکرێنەوە:

**یەکەم: ئەرکی زانیاری و هەواڵدان:**

ئەم ئەرکە، سەرەکیترین ئەرکەکانی ڕستەیە. دەشێ، ئەم جۆرە بە ئەرکێك دابنرێ و دەشێ، دابەشی دو بەش بکرێ:

١- ئەرکی زانیاری: لەم ئەرکەدا بیرۆکەی زانینێکی هەمیشەیی، واتا؛ زانیارییەکی بەردەوامی نەگۆڕ، کە لە مێشکی قسەکەر (یا نوسەر)دا هەیە و دەتوانرێ، بە هۆی ئەو جۆرە ڕستەیەوە بگەیێنرێتە مێشکی گوێگر (یا خوێنەر). ئەم ئەرکە، بە زۆری بۆ گەیاندنی زانستەکان و بابەتی کەرەسە پێوراوەکان بە کاردێ. وەك:

ـــ ئاو لە سەد پلەی سەدی دەکوڵێ و لە سفر پلەی سەدی دەبەستێ.

ـــ زەوی بە دەوری خۆردا دەسوڕێتەوە.

ـــ یەکەی خێرایی یەکسانە: بە یەکەی درێژی، لەسەر یەکەی کات.

**سیماکانی ئەو جۆرە ڕستانە ئەمانەن:**

( أ ) زانیاری لە مێشکی قسەکەر ( یـا نوسـەردایە ) و دەگوێزرێتـەوە بـۆ مێشـکی گـوێگر ( یـا خوێنەر ).

( ب ) ڕاست و هەڵەی تێ دەکەوێ.

( ج ) بابەتی زانیاریەکە دەربارەی دیاردەیەکی نەگۆڕە.

( د ) لە قسەکردندا ئاوازی ڕستەکە ئاسۆیی و ڕێکە و لە نوسیندا لە کۆتایی ڕستەکە خاڵێك دادەنرێ.

٢ – ئەرکی هەواڵدان ( یا هەواڵگەیاندن ):

تەنیا جیاوازی لە نێوان ئەم ئەرکە و ئەرکی زانیاریدا ئەوەیە، بابـەتی زانیاریەکـە لە ئەرکی زانیاریدا، دەربارەی دیاردەیەکی نەگۆڕە، واتە؛ لە کۆنـدا هـەر وابـوە و ئێسـتاش هەروایە و لە داهاتوشدا هەر وا دەمێنێ، بەڵام بابەتی زانیاریەکە لـە ئـەرکی هەواڵدانـدا، دەربارەی دیاردەیەکی گۆڕاوە، واتە؛ هەواڵێکە نەك زانیارییێك و لە کۆندا نەبوە و لە دواییدا هاتۆتە ئارا و لە کۆتاییشدا نەماوە یا نامێنێ. وەك:

ــــ شەڕی چاڵدێران، بوە هۆی یەکەم دابەشکردنی کوردستان.

ــــ هێزی هاوپەیمانان، ڕژێمی سەددامی دیکتاتۆریان ڕوخاند.

ــــ ڕۆژێك دێ، لە کوردستان نەوت نامێنێ و ڕۆڵی ئاو بایەخدار دەبێ.

دەشێ، ئەم دو ئەرکە تێکەڵ یەك بکرێن و بە یەك ئەرك دابنرێن: ( ئەرکی زانیاری و هەواڵدان )، چونکە هەمو سیماکانیان وەکو یەکە و تەنیا لە سیمایەك جیان، کە هەمیشـەیی زانیاری و ناهەمیشەیی هەواڵە، کە هەندێ جار، ڕاستی دیاردەکە یا باوەڕەکە لە کەسێك بـۆ کەسێکی تر دەگۆڕێ، وەك: بونی خوا، فریشتە، جنۆکە... لای ئایندار و بێ ئایینەکان.

ئەوەی شـایانی باسـە، لـە ( ئـەرکی زانیـاری و هەواڵـدان )دا، ئەگـەر زانیـاری یـا هەواڵەکە، ڕاست نەبو و قسەکەریش ڕاستیەکەی نەدەزانی، واتە؛ هەڵەکەی ئەنقەست نەبو، ئەوا بیرۆکەکە هەڵەیە، بەڵام ئەگەر قسەکەر ڕاستیەکە بزانـێ و بـە ئەنقەسـت بـە هەڵـە بیداتە گوێگر، ئەوا لە بری هەڵە پێی دەوترێ: ( درۆ ). بۆیە دەتوانرێ، بوترێ: ئەم ئەرکـە ڕاست و هەڵە یا ڕاست و درۆی تێ دەکەوێ.

**دوەم: ئەرکی پرسیاری:**

ئـەرکی پرسـیاری ( یـا پرسـیارکردن )، دوەم ئـەرکی سـەرەکی ڕسـتەیە و کوتومـت پێچەوانەی ئەرکی زانیاری و هەواڵدانە. لەم ئەرکـەدا، زانیاریەکـە لـە مێشـکی گوێگر( یـا خوێنەر )دایە و قسەکەر( یا نوسەر ) داوای دەکا(ابوبكر-٢). وەك:

ــــ ناوت چیە؟

ــــ کەی کۆماری مەهاباد دامەزرا؟

ــــ ئایا کوردستانێکی یەکگرتو دروست دەبێ؟

**سیماکانی ئەو جۆرە ڕستانە ئەمانەن:**

( أ ) زانیاری لە مێشکی گوێگر ( یا خوێنەردایە ) و دەگوێزرێتەوە بۆ مێشکی قسەکەر ( یا نوسەر ).

( ب ) ڕاست و هەڵەی تێ ناکەوێ. واتە؛ پرسیار هەر پرسیارە و قسەکەر ناتوانێ، پرسیارێکی هەڵە بکا، چونکە خۆی زانیاری دەربارەی شتەکە نیە.

( ج ) مەرجی ڕستەی پرسیارکردن ئەوەیە، دەبێ قسەکەر چاوەڕێی وەڵام بکا، ئەگەر چاوەڕێی نەکرد، ئەوا مەبەستی پرسیار نیە. وەك: کوێ؟، چۆنی؟... هتد، ئەمانە ئەرکێکی ترن، هەرچەندە دەشێ، بخرێنە ناو گروپی ئەرکی پرسیاری.

( د ) لە قسەکردندا، ئاوازی ڕستەکە لە ئاسۆیی بەرەو بەرزیە و لە نوسیندا لە کۆتایی ڕستەکە نیشانەی پرسیار دادەنرێ.

هەڵبەتە، وەڵامی ئەرکی پرسیاری بە ئەرکی یەکەم ( زانیاری و هەواڵدان ) دەدرێتەوە. لە ڕێزمانی دێریندا وا باو بو، کە دەبوایە، وەڵامی پرسیارەکە بە تەواوی بدرێتەوە. واتە؛ کاتێ دەپرسن: ناوت چیە؟، دەبوایە، بڵێیت: ناوم فلانە. بەڵام لە ڕێزمانی هاوچەرخدا، دەتوانی، تەنیا ناوی خۆت بڵێیت، چونکە: یەکەم - ئاستی ناوەوە و ئاستی دەرەوە دۆزرایەوە و دوەم - لە زانستەکاندا تۆ یاسا دەدۆزیتەوە و یاسا دروست ناکەی و بە زۆر بیسە پێنی بە سەر کەرەسەکاندا، واتە؛ ئێستا لەبری وەڵامی: من ناوم فلانە. دەتوانی بڵێی ( یا بنوسی ): فلان.

لە ڕستەی پرسیاریدا، بۆشاییەکی زانیاری لە مێشکی قسەکەردا هەیە، داوا لە گوێگر دەکا، ئەو بۆشاییەی بۆ پڕ بکاتەوە. گەرچی هەندێ جار، ئەو زانیاریەی قسەکەر داوای دەکا خۆی دەیزانێ، وەك ئەو پرسیارانەی مامۆستا لە قوتابیەکانی دەکا. بەڵام لێرەدا قسەکەر( مامۆستا )، شتێکی تر نازانێ و ناڕاستەوخۆ داوای دەکا، ئەویش: ئایا گوێگر ( قوتابیەکان ) ئەو شتە دەزانن، یان نا؟.

**سێیەم: ئەرکی فەرماندان و داخوازی و خۆزگەیی ( ئەرکی ئارایی ):**

فەرماندان، سێیەم ئەرکی سەرەکیی ڕستەیە، ئەرکی فەرماندان و داخوازی ئەوەیە، کە قسەکەر داوا لە گوێگر دەکا، کارێکی بۆ ئەنجام بدا. واتە؛ داوای نواندنێکی کارەکیی لێ دەکا، ئینجا نواندنەکە قسە بێ یان جوڵە. دەتوانرێ، پێی بگوترێ ئەرکی ئارایی، چونکە مەبەستی قسەکەر هاتنە ئارایی شتێکە. ئەم ئەرکە دەکرێتە سێ بەش:

**أ- فەرماندان:** لەم بەشەدا، کەسی یەکەم (قسەکەر یا نوسەر)، ڕاستەوخۆ داوا لە کەسی دووەم (گوێگر یا خوێنەر) دەکا، کە کارێکی لە کاتی ئێستادا بۆ جێبەجێ بکا. ئەم بەشەش بە دو شێوە ئەنجامدەدرێ:

**١- فەرمانی بەهێز:** لێرەدا، قسەکەر(/فەرماندەر)، چ لە پلە و پایە بێ، یان تەمەن، لە گوێگر گەورەترە و دەسەڵاتی بە سەر گوێگر(/فەرمان پێکراو)دا دەڕوا. فەرمانەکانیش بە زۆری بچوکترین ڕستەی سادەن و کەمتر گرێی ئامادەکاری، یان ڕونکردنەوەیان لە گەڵدایە. وەك:

- بۆ پێشەوە بڕۆ / بڕۆن، هەڵمەت بەرە / هەڵمەت بەرن.
- پێنوسەکەت دانێ. پێنوسەکانتان دانێن.
- بنوسە / بنوسن.

**سیماکانی ئەو جۆرە ڕستانە ئەمانەن:**

(أ) قسەکەر داوای ئەنجامدانی ئەرکێك لە گوێگر دەکا لە کاتی ئێستادا. مۆرفیمی کاتی ئێستاش (ە) لە کەسی دووەمی تاکدا دەرەکەوێ، (ئەگەر ڕەگەکە کۆتایی بە بزوێن نەهاتبێ،) چونکە گوێگر ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەرامبەر قسەکەرە، تێی دەگا و پێویست بە ڕاناوی لکاو ناکا و دەبێتە سفر (Ø)، بەڵام لە کەسی دووەمی کۆدا، مۆرفیمی کاتی ئێستا (ە) دەرناکەوێ، چونکە (ن)ی ڕاناوی لکاوی کەسی دووەمی کۆ دەرەکەوێ، تاکو جیابکرێتەوە لە کەسی دووەمی تاك. وەك: بنوسەØ، بنوسØن.

(ب) ڕاست و هەڵەی تێ ناکەوێ.

(ج) داواکاریەکە (واتە؛ شتە داواکراوەکە)، بە زۆری کارەکیە و دەشێ، زارەکیش بێ، (وەك، داواکردنی وتنی شتێك).

(د) لە قسەکردندا، ئاوازی ڕستەکە ئاسۆییە، لە کۆتاییدا بەرەو خوارەوەیە و لە نوسیندا لە کۆتایی ڕستەکە خاڵێك دادەنرێ.

(ه) بۆ نەرێکردنی ئەم جۆرە ڕستانەی فەرماندان، پێشگری نەرێی (مە) لە بری (بـ)ی مۆرفیمی فەرماندان (هاتنە ئارایی) دادەنرێ.

**٢- فەرمانی بەڕێز:** لێرەدا، قسەکەر، چ لە پلە و پایە بێ، یان تەمەن، لە گوێگر بچوکترە، یان هاوتەمەنن و دەسەڵاتی بە سەر گوێگردا ناڕوا. هەندێ جار، ئەگەر قسەکەر دەسەڵاتیشی بە سەر گوێگردا بڕوا، نایەوێ، فەرمانەکەی بە شێوەیەکی بەهێز بەسەردا بچەسپێنێ و لە بری ڕێگەی هێز و سەربازی، ڕێگەیەکی دیپلۆماسی ئەگرێتەبەر.

فەرمانەکانیش هەرگیز بچوکترین ڕستەی سادە نین و هەردەم گرێی ئامادەکاری یان ڕونکردنەوە و مەراییان لە گەڵدایە. وەك:

ـــ بە یارمەتیت، هەرچەندە بە کاری تۆ ناشێ، جامێك ئاوم بۆ بێنە.

ـــ بەڕێزتان گەر بە گرانی نازانن، ئەم داواکاریەمان بۆ واژۆ بکە.

ـــ فەرمو، مێوان بە.

ـــ ببورن، تکایە بێدەنگبن.

**سیماکانی ئەو جۆرە ڕستانە ئەمانەن:**

سیماکانی ئەم جۆرە فەرماندانە (بەڕێز/ بێهێز)، هەمان سیماکانی فەرماندانی بەهێزن، تەنیا جیاوازییان لەوەدایە: یەکەم ـ لە فەرماندانی بەڕێزدا، ئاوازەکە نەرمترە و لە هەواڵدان نزیك دەبێتەوە. دوەم ـ لەسەرەتای ڕستەکەدا، وشەیەك، دەستەواژەیەك، یان ڕستەیەکی پاڕانەوە، یان داوای نەرم هەیە. وەك: فەرمو، تکایە، بێ زەحمەت، بە یارمەتیت، .....

**ب- داخوازی:** لەم بەشەدا، کەسی یەکەم (قسەکەر یا نوسەر)، چ تاك بێ، چ کۆ، ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ، داوا لە هەر یەکێك بیەوێ، لە هەر شەش کەسەکە (تەنانەت خۆیشی) دەکا، کە لە کاتی داهاتودا، کارێکی بۆ جێبەجێ بکا:

**لە کاری تێنەپەڕ:**

| ڕستەی داخوازی | مۆرفیمی ئارایی | ڕەگی کار | مۆرفیمی داهاتو | ڕاناوی لکاو | |
|---|---|---|---|---|---|
| بـچـØـم | بـ | چـ | Ø | م | کەسی یەکەمی تاك |
| بـچـØـی | بـ | چـ | Ø | ی | کەسی دوەمی تاك |
| بـچـێØ | بـ | چـ | ێ | Ø | کەسی سێیەمی تاك |
| بـچـØـین | بـ | چـ | Ø | ین | کەسی یەکەمی کۆ |

خشتەی (٥١)

**لە کاری تێپەڕ:**

| ڕستەی داخوازی | مۆرفیمی ئارایی | ڕاناوی بەرکار | ڕەگی کار | مۆرفیمی داهاتو | ڕاناوی لکاوی بکەر | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| بینوسـØـم | بـ | یـ | نوسـ | Ø | م | کەسی یەکەمی تاك |
| بماننوسـØـی | بـ | مانـ | نوسـ | Ø | ی | کەسی دوەمی تاك |
| بتاننوسـێØ | بـ | تانـ | نوسـ | ێ | Ø | کەسی سێیەمی تاك |
| بیاننوسـØـین | بـ | یانـ | نوسـ | Ø | ین | کەسی یەکەمی کۆ |

خشتەی (٥٢)

**سیماکانی ئەو جۆرە ڕستانە ئەمانەن:**

(أ) قسەکەر، داوای ئەنجامدانی ئەرکێك لە گوێگر دەکا لە کاتی داهاتودا. گوێگر دەشێ، هەر یەکێك بێ، لە شەش کەسەکە و ڕاناوی لکاو لە کەسی دوەمی تاکدا (ی)ی ئاساییە و سفر

( Ø ) نیە. مۆرفیمی کاتی ئێستا، لەم جۆرە ڕستانەدا نیە و تەنیا مۆرفیمی کاتی داهاتو ( ێ/Ø ) هەیە، واتە؛ ئە نجامدانی کارەکە، هەردەم دوای کاتی ئێستا ( دەمی ئاخاوتن ) دەبێ.
( ب ) ڕاست و هەڵەی تێ ناکەوێ.
( ج ) داواکاریەکە بە زۆری کارەکیە و دەشێ، زارەکیش بێ.
( د ) لە قسەکردندا، ئاوازی ڕستەکە ئاسۆییە و لە کۆتاییدا لادانی بەرەو خوارەوە زۆر کەمترە لە فەرماندانی بەهێز. لە نوسیندا، لە کۆتایی ڕستەکە خاڵێك دادەنرێ.
( ه ) بۆ نەرێکردنی ئەم جۆرە ڕستانەی فەرماندان، پێشگری نەرێی ( نە )، لە بری ( بــ )ی مۆرفیمی فەرماندان ( هاتنە ئارایی ) دادەنرێ. ئەگەر ڕستەی ئەرێ و نەرێ بە دوای یەکدا هاتن، گوماناداری و دودڵی لە ئە نجامدانی کارەکە دەگەیێنێ. وەك: ( بچم، نەچم؟! بینوسین، نەینوسین؟! ).
( و ) دەتوانرێ، ئەم جۆرە ڕستانە بۆ پاڕستەی مەرجیش بەکاربێن. وەك: ( ئەگەر بە یەکەم دەربچی، خەڵات دەکرێی ).
<u>ج- خۆزگەیی</u>: جیاوازیی سەرەکیی ئەم بەشە، لەگەڵ داخوازیدا، ئەوەیە، کە داخوازی لە کاتی داهاتودایە، بەڵام خۆزگەیی لە کاتی ڕابوردودایە. واتە؛ لە داخوازیدا، قسەکەر ئاواتی ئەوە دەخوازێ، لە داهاتودا شتێکی بۆ بهێنرێتە ئارا، کەچی لە خۆزگەییدا قسەکەر ئاواتی ئەوە دەخوازێ، لە ڕابوردودا شتێکی بۆ بهێنرێتە ئارا، بەڵام کاتی ڕابوردو بە سەر چوە و لە دەست دەرچوە و دەسەڵاتمان بە سەری نەماوە، بۆیە ئێستا ناکرێ، ئاواتەکەی قسەکەر بهێنرێتە دی و داواکاریەکەی دەبێتە خۆزگەیی.

چۆنیەتی دارشتنی ڕستەی خۆزگەیی، لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر ( بە گونجانی فۆنۆلۆجی و ئاسانی دەربڕینی ناوچەکە )، دەگۆڕێ. بۆ نمونە ئەگەر بواری ڕودانی کارەکە تەنیا لە ڕابوردو بێ، ئەم شێوازانە دەبیسترێن:

چوبام ... چوبای ... چوباØ ... چوباین ...
بچوام ... بچوای ... بچواØ ... بچواین ...
بچوبام ... بچوبای ... بچوباØ ... بچوباین ...

بەڵام ئەگەر بواری ڕودانی کارەکە لە ڕابوردودا تا کاتی ئێستا ( دەمی ئاخاوتن ) درێژ بکرێتەوە، ئەوا مۆرفیمی کاتی ئێستاشی دێتە سەر. وەك:

چوبامایە ... چوبایتایە ... چوباØیە... چوبایانایە ...
بچوامایە ... بچویتایە ... بچواØیە... بچوایانایە ...
بچوبامایە ... بچوبایتایە ... بچوباØیە... بچوبایانایە ...

**سیماکانی ئەو جۆرە ڕستانە ئەمانەن:**

**( أ ) قسەکەر، ئاواتی ئەنجامدانی ئەرکێك لە کاتی ڕابوردودا، لە گوێگر دەخوازێ. گوێگر دەشێ، هەر یەکێك بێ لە شەش کەسەکە. بەلآم لەبەرئەوەی کاتەکە ڕابوردوە، کارەکە ئەنجام نادرێ و دەبێتە خۆزگەیی.**

**( ب ) ڕاست و هەڵەی تێ ناکەوێ.**

**( ج ) داواکاریەکە بە زۆری کارەکیە و دەشێ، زارەکیش بێ.**

**( د ) لە قسەکردندا، ئاوازی ڕستەکە ئاسۆییە. لە نوسیندا، لە کۆتایی ڕستەکە خاڵێك، یان نیشانەی سەرسوڕمان دادەنرێ.**

**( ه ) بۆ نەرێکردنی ئەم جۆرە ڕستانەی فەرماندان، پێشگری نەرێی ( نە )، لە بری ( بـ )ی مۆرفیمی فەرماندان ( هاتنە ئارایی ) دادەنرێ ( تەنیا ئەگەر پێشگر بێ ) .**

**( و ) دەتوانرێ، ئەم جۆرە ڕستانە بۆ پاڕستەی مەرجیش بەکاربێن، وەك: ( ئەگەر بە یەکەم دەرچوبای، خەلآت دەکرای ).**

**<u>چوارەم: ئەرکی هەستدەربڕین ( سەرسوڕمان )</u>:**

**لەم بەشەدا، قسەکەر هەستی پەنگخواردوی خۆی بە ڕاستی و بێ دەسکرد، بەرامبەر هەر توخمێك بە چاکە یا خراپە دەردەبڕێ. دەتوانرێ، ئەم بەشەیان بکرێتە دو جۆر:**

**<u>أ- هەستدەربڕین بە چاکە</u>: لێرەدا، قسەکەر ئەوپەڕی ڕەزامەندیی خۆی دەربارەی توخمی مەبەستەکەی دەردەبڕێ و بێ ئەوەی توخمەکە( کەسەکە ) ببیبیسێ، یا نەیبیسێ، قسەکەر هەست و نەستی خۆی بە ڕاستی و بە چاکە دەردەبڕێ. واتە؛ قسەکەر، هیچ مەبەستێکی نیە، تەنیا هەستدەربڕین نەبێ. وەك، لە ڕستەی سەرسوڕمان و شیعری وەسفی و پیاهەڵدانی بێ درۆ و نزا و پاڕانەوە و گۆرانی و ...هتد:**

| | |
|---|---|
| **سەرسوڕمان:** | **( وای، ) لەم شاخە بەرزەی! ... ( ئەڵلا، ) چەند جوانە!** |
| **شیعریوەسفی:** | **کۆمەڵە شاخێك سەخت و گەردن کەش، .... ئاسمانی شینی گرتۆتە باوەش!** |
| **نزا:** | **تەمەن درێژ بی! ... بێ وەی بی! ... خوا دەست بە باڵتەوە بکرێ!** |
| **پاڕانەوە:** | **ئەم زوڵمە قبوڵ نەکەی خودایە! ئەسڵەن ئەمەلم بە کەس نەمایە!** |
| | **ئەم میللەتە گەورەیە و عەزیمە! سێ پارچە کراوە، بۆتە قیمە.** |

**<u>ب- هەستدەربڕین بە خراپە</u>: لێرەدا، قسەکەر ئەوپەڕی نارەزایی خۆی دەربارەی توخمی مەبەستەکەی دەردەبڕێ، و بێ ئەوەی توخمەکە( کەسەکە ) ببیبیسێ، یا نەیبیسێ، قسەکەر هەست و نەستی خۆی بە ڕاستی و بێ دەسکرد و پێچ و پەنا دەردەبڕێ. واتە؛ قسەکەر هیچ**

مەبەستێکی نیە، تەنیا هەستدەربڕین نەبێ. وەك، لە ڕستەی سەرسوڕمان و شیعری داشۆرینی ڕاست و توك و نەفرەت و جنێودان(١) و ...هتد:

سەرسوڕمان: (وای،) لەم منالە پیس و پۆخلەی!.....(پەککو،) چەند هیچ و پوچە!

شیعری داشۆرین: ئەسڵ و نەسەبت دۆمە، لە من بوی بە هەجیجی!

بێمروەت و ئینساف و حەڕامزادە و پیچی!

توك لێ کردن: تەمەنت کورت بێ! .. ڕوت ڕەشبێ! .. چاوت کوێر بێ! ..هەی داوەششێی!

نەفرەت لێ کردن: ئەوەی ڕێکەی لە کوردان گۆڕی، لەعنەتی خوا لە ئەلحەد و گۆڕی!

جنێو پێ دان: نامەرد!...نارەسەنی!...بێنابڕوە!...بێشەرمن!...سەرسوالکەرین!...

لە ڕستەی جنێودانَدا، تێبینی ئەوە دەکرێ، کە ڕاناوی لکاوی کەسی دوەمی تاك بە زۆری دەرناکەوێ، چونکە بەرامبەر قسەکەرە و پێویست ناکا، بەڵام بەوە لە کەسی سێیەمی تاك جیادەکرێتەوە، کە لە کەسی سێیەمی تاکدا مۆرفیمی کاتی ئێستا دەرەکەوێ و لە کەسی دوەمی تاکدا دەرناکەوێ. وەك: (تۆ هینی!... هەی هێن! ... ئەو هینە!...).

**سیماکانی ئەو جۆرە ڕستانە ئەمانەن:**

(أ) قسەکەر، بێ ئەوەی گرنگی بدا بە بون و نەبونی گوێگر، هەستی ڕاستەقینە و پەنگخواردوی خۆی دەربارەی توخمێك (چاك بێ، یان خراپ) دەردەبڕێ.

(ب) دو جۆری هەیە، هەستدەربڕین بە چاکە و هەستدەربڕین بە خراپە.

(ج) دەبێ قسەکەر هەستی خۆی، بەڕاستی و بێ دەسکاری، وەك چۆن لە دەرونیدا هەیە، بەم شێوەیە دەربڕێ. ئەگەر هەستەکە دەسکرد بێ، ڕستەکە لەم ئەرکە دەردەچێ، هەستی دەسکرد بە چاکە، دەبێتە ڕستەی مەرایی و هەستی دەسکرد بە خراپە، دەبێتە داشۆرین و شکاندنی توخمەکە.

(د) لە قسەکردندا، ئاوازی ڕستەکە لە نزمی بەرەو بەرزیە. لە نوسیندا، لە کۆتایی ڕستەکە نیشانەی سەرسوڕمان دادەنرێ.

دەشێ، ڕستەکانی هەستدەربڕین لەگەڵ ئەرکی هەواڵدان تێکەڵبکرێن، چونکە قسەکەر ڕای خۆی دەربارەی توخمێك (بە چاك، یا خراپ) دەربڕیوە، بەڵام ڕستەکانی نزا و پاڕانەوە و توك و نەفرەت، دەشێ، بخرێنە سەر ئەرکی فەرماندان و بېن بە جۆرێکی داخوازی، هەرچەندە شێوە و مەبەستی دەربڕینیان لە هەواڵدان و فەرماندان جیاوازە.

**<u>پێنجەم: ئەرکی هەست وروژاندن:</u>**

لەم بەشەدا، قسەکەر دەیەوێ، بەم جۆرە ڕستانە هەستی گوێگر بوروژێنێ و ناڕاستەوخۆ، کارێکی پێ ئەنجام بدا (چاکە بێ، یا خراپە). واتە؛ دەیەوێ، چ بە پاداش و تەماحی بێ، چ بە هەڕەشە و ترساندن بێ، فریوی بدا و ناڕاستەوخۆ، داواکاریەکەی پێ

ئه نجام بدا. بۆیه دەتوانرێ، ئەم بەشە بخرێتە پاڵ جۆرێکی فەرماندان، هەرچەندە قسەکەر شێوازی داواکاریەکەی جیایە.

دەشێ، ئەم بەشەش بکرێتە دو جۆر:

أ- هەست وروژاندن بۆ سودی گشتی: لێرەدا، قسەکەر هەوڵدەدا، بەم جۆرە ڕستانە ناڕاستەوخۆ، وا لە گوێگر بکا، کارێکی چاك ئه نجام بدا. لەم جۆرە ڕستانەدا، قسەکەر ڕەچاوی هیچ بەرژەوەندیەکی تایبەتی خۆی ناکا و مەبەستی تەنیا: سودبەخشین و بەرژەوەندیی گشتیە. وەك، لە وتاری کۆمەلایەتی و ئایینی و باسی پاداشی بەهەشت و سزای دۆزەخ و لە پەندەکانی پێشینان و ئامۆژگاری و هاندانی پێشمەرگە و سەرجەم نیشتمانپەروەران بۆ بەرگریکردن لە گەل و ولات ...هتد.

| جۆری نمونەکان | نمونەکان | مەبەستی نمونەکان |
| --- | --- | --- |
| پەندی پێشینان: | برا لە پشت برا بێ، مەگەر قەزا لە لای خوا بێ! | یەکگرتن |
| هاندان: | ئەم خاکە داکی تۆیە! کەوتە دەستی ئەجنەبی، ئەی کوردی ساحێب غیرەت! تۆ چلۆن ڕازی دەبی؟! | بەرگری کردنە لە نیشتمان. |
| ئامۆژگاری: | بە ڕیشی پان و پرچی پڕ لە ئەسپێ، بناغەی ئیشی کوردان چۆن دەچەسپێ؟! | پرسیار نیە، ئامۆژگاریە. |

ب- هەست وروژاندن بۆ سودی تایبەتی: لێرەدا، قسەکەر هەوڵدەدا، بۆ سودی تایبەتی خۆی بەم جۆرە ڕستانە ناڕاستەوخۆ، وا لە گوێگر بکا، کارێك ئه نجام بدا. لەم جۆرە ڕستانەدا، قسەکەر، ڕەچاوی هیچ بەرژەوەندیەکی گشتی ناکا و مەبەستی تەنیا، سودمەندی تایبەتی خۆی، یا گروپەکەی خۆیەتی. لێرەدا، کەمتر باسی ترس و تۆقاندن دەکرێ، بەڵکو بەوە فریوی گوێگر دەدرێ، کە ئه نجامدانی کارەکە بۆ بەرژەوەندی خۆیەتی و ئه نجامدانی کارەکە لە دەرونیا جوان و شیرین دەکا. وەك، لە سەرجەم پڕۆپاگەندە بازرگانی و ڕامیاری و گەشتوگوزاری و ...هتد، دەزگاکانی ڕاگەیاندن و میدیاکان، لەم ئەرکەدا ڕۆلیکی باش دەبینن. وەك:

پاگەندەی بازرگانی: فلیمی قەدەر، جوانترین و سەرکەوتوترین فلیمی کوردیە! کە ......

پاگەندەی ڕامیاری: دەنگدان بە ساڵەهای خەبات! دەنگدانە بە خوێنی شەهیدان! دەنگدانە بە ..

پاگەندەی گەشتیاری: ئەم سەیرانگایە جوانە! جێی شادی گشت دلانە! نرخەکەی زۆر هەرزانە!

هەروەها داگیرکەرانیش، ئەم جۆرە ڕستانەی تاوان بەکاردێنن بۆ سەربازەکانیان و وایان نیشان دەدەن، کە ئەوان لە سەر مافن و بەرامبەریان بە دوژمن دادەنێن و دەبێ، لە ناو ببرێن ...

سیماکانی ئەو جۆرە ڕستانە ئەمانەن:

( أ ) قسەکەر، ناڕاستەوخۆ، بێ ئەوەی مەبەستەکەی بە زەقی بخاتەڕو، دەیەوێ، هەستی گوێگر بوروژێنێ، بۆ ئەوەی کارێکی پێ ئەنجام بدا، ( چاك بێ، یان خراپ ).

( ب ) دو جۆری هەست وروژاندن هەیە، هەست وروژاندن بۆ سودی گشتی و هەست وروژاندن بۆ سودی تایبەتی.

( ج ) قسەکەر، بۆ وروژاندنی هەستی بەرامبەر، پەنا دەباتە بەر بەڵێندان بۆ پێدانی بەخشش و پاداش، یان هەڕەشە و گەفوگوڕی زیان و سزادان.

( د ) بە زۆری دەزگاکانی ڕاگەیاندن و میدیاکان، هۆکاری گواستنەوە و بڵاوکردنەوەی ئەو ئەرکەن.

ئەگەرچی هەستدەربڕین و هەست وروژاندن، دو ئەرکی جیاوازن، بەڵام لە بەر ئەوەی هەردوکیان دەربارەی هەستن، یەکەمیان دەربارەی هەستی قسەکەرە و دوەمیان دەربارەی هەستی گوێگرە، دەکرێ، وەك دو بەشی جۆرێك، ناونیشانێکیان بۆ دابنرێ. وەك: ئەرکی هەستدەربڕین و وروژاندن.

**شەشەم: ئەرکی ڕا پەڕاندن:**

مەبەست لە ئەرکی ڕا پەڕاندن، ئەوەیە، کە ڕستەی ڕا پەڕاندن، خۆی دەبێتە کەرەسە و خودی ئەرکەکە، هەرکە ڕستەکە لە دەمی قسەکەر تەواو بو، ئەرکەکە ئەنجامدراوە. واتە؛ مەبەستی قسەکەر، ئەنجامدانی کارێکی زارەکیە و کارەکی نیە. کارەکەش بریتیە، لە خودی ڕستەکە و لە گەڵ کۆتایی هاتنی دوا وشەی ڕستەکە، لە دەمی قسەکەر، ئەوا یەکسەر کارەکە ئەنجامدراوە. وەك لە سوێند و تەڵاق خواردن(٢) و بەڵێندان و مەرجکردن و ناونان و کردنەوە و داخستنی ( ئاهەنگ و کۆبونەوە و ئێزگە و بۆنەکان ) و ...هتد. وەك:

سوێند خواردن: سوێند دەخۆم، کە ئیتر کات بە فیڕۆ نەدەم. ... بە سەری تۆ، چیتر وا ناکەم.

مەرج و پەیمان : مەرج بێ، تا ماوم، لە بیرتان نەکەم. ... پەیمان بێ، لەمەودوا جگەرە نەکێشم.

ناونان: وا ئەو مناڵە ناو دەنێین ( ڕاپەڕین ). .. ئەم گەڕەکە تازەیە ناو دەنێین ( شەهیدان ).

کردنەوەی بۆنە: ئەم کۆبونەوەیەمان ( بە سرودی ئەی ڕەقیب ) دەست پێ دەکەین.

لەم ڕستانەدا، تێبینی ئەوە دەکرێ، ئەگەر ڕستەکە سادە بێ، ئەوا هەر خۆی ڕستەی ڕا پەڕاندنە، بەڵام ئەگەر ڕستەکە ئاوێتە بو، ئەوا شاڕستەکە ڕستەی ڕا پەڕاندنە. بۆ نمونە: لە ڕستەی یەکەمدا، کاتێ قسەکەر وتی: ( سوێند دەخۆم، ..... ) ئیتر تەواو، واتە؛ سوێندی خوارد، ئیتر ڕستەی دوەم جێبەجێ بکا، یا نەکا.

**سیماکانی ئەو جۆرە ڕستانە ئەمانەن:**

( أ ) ڕستەی ڕا پەڕاندن، خۆی بریتیە لە خودی ئەو کارەی، قسەکەر دەیەوێ، ئـە نجامی بـدا، هەر کە کۆتـایی بە ڕستەکە هێنا، یەکسەر ئەرکەکە ئە نجام دەدرێ.

( ب ) زۆربەی ڕستەکان لە کاتی ڕانەبوردو دان. ئەگەر کـران بـە ڕابـوردو، دەبـن بـە ڕسـتەی هەواڵدان، مەگەر پێشگری ( وا، ئەوا ) بخرێتە پێش ڕستە ڕانەبوردوەکە.

( ج ) قسەکەر، بە زۆری کەسی یەکەمی تاکە، ( دەشێ، بە نوێنەرایەتی یەکـەمی کـۆش قسـە بکا ) و خۆی ئە نجامدەری کارەکەیە، کارەکەش زارەکیە و خودی ڕستەکەیە.

( د ) ئاوازی ڕستەکان، یا ئاسۆیی، یا لە سـەرەوە بـەرەوخوارە و لـە نوسـیندا، لـە کۆتـایی ڕستەکە وێرگوڵ، یا خاڵ دادەنرێ.

ئەم ئەرکەش، ئەرکێکی لاوەکیە و زۆر جیاوازیی لەگەڵ ئەرکی هەواڵدان نیە و دەشـێ بخرێتەوە سەر ئەرکی هەواڵدان.

**حەوتەم: ئەرکی کۆمەڵایەتی:**

ئەرکی کۆمەڵایەتی، هەندێ جار، ئەرکی خۆبردنە پێش، یا مەرایی‌یشی پێ دەوتـرێ، کە بریتیە، لەو ڕستانەی، لە سڵاوکردن و چاکوچۆنی و هەواڵ پرسین بـەکاردێن. مەبەسـتی قسەکەر، لەم جۆرە ڕستانە، نیشاندان و پتەوکردنی پەیوەندی نێوان خۆی و گوێگرە. وەك:

سـڵاوکردن: بەیانیت باش!.. ماندو نەبی!.. سڵاوتان لێ بێ!.. بە خێر بێن!.. خواتان لە گەڵ!..

چاکوچۆنی: چۆنی؟!.. لە چیای؟!.. باوکت چۆنە؟!.. کوی؟!.. تەندروستیتان؟!.. باشن؟!..

**سیماکانی ئەو جۆرە ڕستانە ئەمانەن:**

( أ ) لە ڕستەی کۆمەڵایەتیدا، ئەگەر قسەکەر مەبەستی مەرایی و خۆبردنە پێش نەبێ، واتە؛ هیچ ئیشێکی بە گوێگر نەبێ، ئەوا مەبەسـتی نیشـاندانی بێگـەردی و پتـەوی پەیوەنـدیی نێوانیانە.

( ب ) هەندێ جار، لە ڕستەکاندا، کار سواوە و لـە ئاسـتی سـەرەوەدا، دەرناکـەوێ. وەك لـە ( بەیانیت باش! )دا، لە بنەڕەتا ( بەیانیت باش بێ! )یە، یان ( تەندروستیتان؟! )، لە بنجدا ( تەندروستیتان چۆنە؟! )یە.

( ج ) ئەگەر ڕستەکە لـە شـێوەی پرسـیاری بـێ، ئـەوا جیـاوازیی لەگـەڵ ئـەرکی پرسـیاری لەوەدایە، کە قسەکەر چاوەڕێی وەڵامی گوێگر ناکا. واتە؛ کاتێ قسەکەر بـە گـوێگر دەڵـێ: ( چۆنی؟!، باشی؟! )، مەبەستی ئەوە نیە، گوێگر باسی خۆی بۆ بکا، بەڵکو مەبەستی تـەنیا سڵاوکردنە. ئەگەر هاتو قسەکەر، چاوەڕێی وەڵامی کرد، دیـارە، مەبەسـتی پرسـیارکردنە، نەك چاکوچۆنی.

(د) ئاوازی ڕستەکان، یان لە شێوەی پرسیاریدان، یان لە شێوەی داخوازی. لە کۆتایی سڵاودا نیشانەی سەرسوڕمان دادەنرێ و لە کۆتایی چاکوچۆنیدا نیشانەی پرسیار و سەرسوڕمان دادەنرێن.

ئەرکی کۆمەڵایەتیش، ئەرکێکی لاوەکیە و دەشێ، جۆری سڵاوکردنەکە بکرێ بە بەشێك لە داخوازی و جۆری هەواڵپرسینەکەش بخرێتە سەر جۆری ئەرکی پرسیاری.

((پەراوێزەکانی بەشی سێیەم))

(١) شایانی باسە، کە زمانی کوردی، زمانێکی زۆر زۆر پاکە لە زاراوەکانی جنێودان و هیچ جنێوێکی ڕەسەن و یەك وشەی سادەی تیادا نیە. ئەمەش بەڵگەی ڕەوشت بەرزیی کۆمەڵگای کوردەواری دەگەیێنێ. هەروەك پێش ئیسلامیش پەیڕەویکردنی فەرمودەکانی زەردەشت: (وتەی باش، ڕەوشتی باش، کردەوەی باش)، ڕەفتار و ڕێسای کوردەواری بوە.

ئەو جنێوە باوانەی لە کوردیدا هەن، بە هۆی ئامرازێکی ناکردن، یان هەر ئامرازێکی تر کە واتای لادان و نێگەتیف بگەیێنێ. وەك:

ئاوەڵناوی (بەد - Bad) لە زاراوەکانی: بەدکار، بەدڕەوشت، بەدڕەفتار، بەدخو .....

ئامرازی (بێ): بێنابرو، بێڕێز، بێبەزەیی، بێهۆش .....

ئامرازی (نا): ناپەسەند، نارەسەن، نامەرد، ناپیاو، ناشیرین ......

ئەم جنێوانەش هیچیان سادە نین و هەمویان نا سادەن، بەڵام جنێوە سادەکان هەمویان لە عەرەبی یان تورکی وەرگیراون.

(٢) ئایا (سوێند خواردن)، (تەڵاق خواردن)، (پەیمان دان) و (بەڵێن دان) چاوگی تێپەڕن یا تێنەپەڕ؟

ئەگەر بەراوردی ئەم ڕستانە بکەین:

| ڕستەی تێنەپەڕ | ڕستەی تێپەڕ | ڕستەی ڕا پەڕاندن |
|---|---|---|
| زۆر ڕۆیشتم | زۆر نانم خوارد | زۆر سوێندم خوارد |
| زۆر گەڕام | زۆر خواردنم خوارد | زۆر تەڵاقم خوارد |
| زۆر دانیشتØ | زۆر پارەی دا | زۆر بەڵێنم دا |
| زۆر وەستاØ | زۆر موچەی دا | زۆر پەیمانم دا |

خشتەی (٥٣)

لە تێپەڕدا دەتوانرێ، بەرکار بسوێ و ڕاناوی لکاوی خاوەنی بچێتە سەر (زۆر)، واتە؛ (زۆر) ڕۆڵی بەرکار ببینێ: زۆرم خوارد، زۆری دا ....، بەڵام لە تێنەپەڕ و ڕا پەڕاندن ئەمە ناکرێ.

## ((ملخص البحث))

رغم قصر مدة تأريخ الدراسات اللغوية، ولاسيما الأكاديمية عند الكورد مقارنة بالشعوب الأخرى، ولكن قلما نجد باحثا لغويا في اللغة الكوردية لم يتطرق بشكل أو بآخر

الى تصنيفات الجملة. و لكتابة هذا البحث، تم الإستفادة من كل الجهود السابقة مقارنة بالتصنيفات في اللغات الأخرى المعروفة لدى الباحث، مثل العربية والانكليزية و الفارسية. حيث تم تصنيف الجملة بشكل علمي آخر، مع مراعات خصوصيات اللغة الكوردية. ولتحقيق ذلك، بادر الباحث الى تقسيم البحث الى ثلاثة فصول، إضافة الى أهم النتائج و ملخص البحث باللغتين العربية ولأنكليزية و هوامش الفصول الثلاثة والمصادر.

ففي الفصل الأول: تطرق الباحث الى الجملة البسيطة، بأنواعها الثلاثة: (الأبسط) (الإعتيادي) و (الموسع).

أما الفصل الثاني: يتناول الجملة غير البسيطة، بنوعيها المركبة والمعقدة، تنقسم كل منها الى أنواع ثانوية أخرى.

و الفصل الثالث: مخصص لتناول تصنيف الجملة الكوردية على أساس دلالات الجمل، حيث تمكن الباحث من تميز سبعة أنواع من الجمل، حسب الوظيفة الدلالية التي تؤدي كل منها.

## (سەرچاوەكان)


﴿١﴾ محمد معروف فتاح، زمانەوانی، زانكۆی سەلاحەددین، ١٩٩٠ز.

﴿٢﴾ عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول، ناكردن لە كوردیدا، نامەی ماجستێر، بەشی كوردی، كۆلێجی ئاداب، زانكۆی سەلاحەددین، ١٩٩١ز.

﴿٣﴾ عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول{ب}، مۆرفیمە ڕێزمانیەكانی كار، نامەی دكتۆرا، بەشی كوردی، كۆلێجی پەروەردە، زانكۆی بەغدا، ١٩٩٥ز.

﴿٤﴾ وریا عومەر ئەمین، ئاسۆیەكی تری زمانەوانی، دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤ز.

﴿٥﴾ د. كوردستان موكریانی، سینتاكسی ڕستەی سادە لە زمانی كوردی دا، دەزگای رۆشنبیری و بڵاوكردنەوەی كوردی، ١٩٨٦ز.

﴿٦﴾ قیس كاكل توفیق، جۆرەكانی ڕستە و تیۆری كردە قسەییەكان، نامەی ماجستێر، بەشی كوردی، كۆلێجی ئاداب، زانكۆی سەلاحەددین، ١٩٩٥ز.

﴿٧﴾ د. كوردستان موكریانی{ب}، سینتاكسی ڕستەی سادە كوردی، ، دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٠ز.

﴿٨﴾ عەبدولوەهاب خالد موسا، ڕێزمانی (بون و هەبون) لە كوردیدا، نامەی ماجستێر، بەشی كوردی، كۆلێجی ئاداب، زانكۆی سەلاحەددین-هەولێر، ٢٠٠٠ز.

﴿٩﴾ سعید صدقی، مختصر صرف و نحوی كوردی، جزء ١، طبع اول، بغداد، ١٩٢٨م.

﴿١٠﴾ یوسف شریف سعید، دۆخەكانی ژێرەوە لای فیلمۆر و هەندێ لایەنی ڕستەسازی كوردی، نامەی ماجستێر، بەشی كوردی، كۆلێجی ئاداب، زانكۆی سەلاحەددین، ١٩٩٠ز.

﴿١١﴾ ڕەفیق محەمەد محێدین شوانی، ئـامرازی بەسـتنەوە لـە زمـانی کوردیـدا، نامـەی دکتۆرا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٣.
﴿١٢﴾ Randolph Quirk & Sidney Greenbaum, A University Grammar Of English, Longman Group Limited, England, ١٩٨٣.
﴿١٣﴾ د. کوردسـتان موکریـانی{ج}، سینتاکسـی ڕسـتەی تێکـەڵ، ، دەزگـای چـاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر،٢٠٠٤ز.
﴿١٤﴾ F. S. Scott, C. C. Bowley, C. S. Brockett, J. G. Brown, P. R. Goddard, English Grammar, A Linguistic Study of its Classes and Structures, London, ١٩٧٨.
﴿١٥﴾ أبوبكر عمر قادر، پرسیار لە زمانی کوردی دا، نامـەی ماجسـتێر، بەشـی کـوردی، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سـەلاحەددین، ١٩٩٣ز.
﴿١٦﴾ ئازاد ڕەمەزان عەلی، لە یاساکانی داڕشتنی ڕستەی مەرجی زمانی کـوردی، نامـەی ماجستێر، بەشی کوردی، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی بەغدا، ١٩٩٩ز.

هەواڵنامەی کتێب

# ﴿ڕێژەی بەکارهێنانی هەندێك فۆنێم لە نێوان کوردیی ناوەڕاست و باکوردا﴾

لێکۆڵینەوەیەکی دەنگسازیە


پرۆفیسۆر دکتۆر

عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسوڵ


هەولێرنامەی کتێب


ئەم توێژینەوەیە لە گۆڤاری زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی سەلاحەددین، پاشکۆی ژمارە (٢٧)، (٢٠٠٦)، لاپەڕە (٣٦٥-٣٩٠) بڵاوکراوەتەوە.

بەرواری نوسین: شەممە ١١/ ١٠/ ٢٠٠٣

# ﴿ڕێژەی بەکارهێنانی هەندێك فۆنێم لە نێوان کوردیی ناوەڕاست و باکوردا﴾

**پێشەکی :**

ئەگەر لە ڕوی دەنگسازیەوە سەرنجێك بدەینە زمانی کوردی، هەست بە جیاوازیی ڕێژەی بەکارهێنانی هەندێك دەنگ لە دیالێکتێك (زارێك) بۆ دیالێکتێکی تر دەکەین، تەنانەت هەندێك جار، لە شێوەزارێك (گۆڤەر) بۆ شێوەزارێکی تر ئەم جیاوازیە بەدیدەکرێ. ئەم لێکۆڵینەوەیە بایەخ بەم جیاوازیە دەدا لە نێوان دیالێکتی کوردیی ناوەڕاست و باکور. بە تایبەتی ئەو فۆنێمانەی جیاوازیی ڕێژەی بەکارهێنانیان زۆر بە زەقی دیارە.

ئاشکرایە، زمان سیستەمێکی ئاڵۆزی هێماکاریە ﴿١﴾ و هێما دەنگیەکان هەڵگری هێما واتایەکانن ﴿٢﴾. بە واتایەکی تر، زمان کۆمەڵێك دەنگ و واتای یاسادارە ﴿٣﴾ و دەنگەکان واتاکان دەگوازنەوە ﴿٤﴾. ڕێژەی لێکچون و جیاوازیی هێما دەنگیەکان بۆ هەر واتایەك، بنەمای سەرەکین بۆ دەستنیشانکردنی ڕادەی دوری و نزیکیی خزمایەتی دو شێوەی قسەکردن ﴿٥﴾، چونکە مرۆڤایەتی لە ناوەرۆکی خودی واتاکان و تا ڕادەیەك لە یاسا سەرا پاکانی ڕێزمان هاوبەشە. بۆ نمونە، ڕستەیەکی وەکو (زستان ساردە)، لە ڕوی واتاوە، لای هەمو نەتەوەکان هاویەکە، تەنانەت یاساکانی ڕیز بونی وشەکانیش جیاوازییەکی شێوێنەریان نیە، چونکە بە یاسا کۆنتڕۆڵ دەکرێن ﴿٦﴾. بەڵام ئەو هۆکارەی بە شێوەیەکی سەرەکی، ڕادەی جیاوازیی دروستکرد، دەنگەکانە، کە جۆر و ژمارە و سیستەمی هێماکارییان بۆ گەیاندنی واتا ﴿٧﴾ لە نەتەوەیەکەوە بۆ نەتەوەیەکی تر زۆر و کەم جیاوازە. بۆ نمونە، هەمان ئەم ڕستەیەی (زستان ساردە)، هەر نەتەوەیەك بە زنجیرە دەنگێکی جیاواز واتاکەی دەگەیێنێ.

پۆلینکردنی زۆربەی کەرەسەکان بە هۆی بەراوردکاریەوە دەبێ، لە ئەنجامی بەراوردکردنی دەنگ و واتای وشەکانی هەر زمانێك، بە تایبەتی جمك، یان جوتۆکەکان ﴿٨﴾. توانرا، ژمارەی دەنگەکان (فۆن و فۆنێمەکان)ی هەر زمانێك دەستنیشانبکرێن ﴿٩﴾ و هەر ئەم بەراوردکردنەش بو، سنورێك، یا مەرجێك، یا پێناسەیەکی بۆ فۆنێم دانا، کە کورتترین دەنگە و دەبێتە هۆی واتاگۆڕین. واتا؛

دانان و لابردنی دەبێتە هۆی گۆڕینی واتای وشەکە، یا تێکدانی واتای تاکێکی جوتۆکەکە[10].

ئەگەرچی زۆربەی زمانەوانان لەو باوەڕەدان، زمانەکانی جیهان دەگەڕێنەوە بۆ سەرچاوەیەك و لە ئە نجامی گۆڕانی بەردەوام دابەشکارییان بەسەردا هاتوە. فاکتەرە دەرەکی و ناوەکییەکان، زمانەکان دابەشدەکەن بۆ شێوەزارە ناوچەیەکان و ئینجا شێوەزارە ناوچەیەکان دەبن بە سەر دیالێکتەکان و دیالێکتەکانیش دەبن بە زمانی سەربەخۆ. دەشێ، هەندێك جار، ئەگەر بارودۆخ بلوێ، کردارەکە پێچەوانە ببێتەوە و چەند زمانێکی سەربەخۆ لە ناو یەکدا بتوێنەوە. کرداری دابەشبونی زمان بۆ پتر لە دیالێکتێك، واتا؛ پەیدابونی جیاوازی لە شێوەی ئاخاوتنی ئەو دیالێکتانە ڕێژەییە و بڕی جیاوازیەکان پابەندە بە ڕادەی ڕۆشنبیری و ماوەی تێکەڵی و لێکدابڕانی قسە پێکەرانی ئەو دیالێکتانە[11]، بەلام ڕێژەی جیاوازیەکان لە ئاستی دەنگسازی زۆرترە لە ئاستی وشەسازی و ئینجا جیاوازیەکان لە ئاستی ڕستەسازی لە هەردو ئاستەکەی تر کەمترە.

لەم باسەدا، توێژەر لە ئاستی دەنگسازی دەرناچێ و تەنیا باسی ڕێژەی گشتیی بەکارهێنانی ئەو فۆنێمانە دەکا، کە لە نێوان دیالێکتی ناوەڕاستی زمانی کوردی و دیالێکتی ژورودا، گۆڕانیان بە سەرداهاتوە. گۆڕانی ئەو دەنگانە، سیمایەکی ناسینەوەی ئاشکرایان بەم دو دیالێکتە داوە و بونەتە هۆی ئاسانکاری جیاکردنەوەیان، چونکە گۆڕانی ئەم دەنگانە، بوەتە هۆی گۆڕانی سەدان وشەی ئەم دەنگانەیان تێدایە[12] و هەڵبەتە وشەکان لە ڕستەکاندا ڕەنگدەدەنەوە و ڕستەکانیش دەقەکانی ئاخاوتنی گشتی پێکدێنن.

لەبەر گرنگیی ئەم دیاردەیە لە زمانی کوردیدا و فەرامۆشکردنی ئەم لایەنە گرنگە و لە پێناوی پاراستنی زمانەکەمان و ساغکردنەوەی ئەم لایەنانە، تا خوێنەر بە هەڵەو گوماندا نەچێ، توێژەر تەنیا ئەم وردە جیاوازییانە دەخاتەڕو، کە کۆیکردونەتەوە. بە هیوای ئەوەی کەسانێکی شارەزاتر هەبن، لەم ڕوەوە بێنە کوڕەوە و لێی بکۆڵنەوە و ڕاستیە زانستی و مێژوییەکانی بخەنە بەردەمی خوێنەران و ئاگاداری ئەم لایەنە بە نرخە و دێرینە بن و لە کات و شوێنی خۆیدا بتوانن، تێی بگەن و ڕونیبکەنەوە بۆ ئەوانەی دێنە سەر ئەم جۆرە پرسیارانە و ئێمەش لە شوێنی خۆماندا بەرپرسیارین و بەرپرسیاریەتی کەوتۆتە و دەکەوێتە ئەستۆمان.

ئەگەر هەندێك بیروڕام خستۆتە پێش چاو، بە پێی بۆچونی خۆمە و مەرج نیە، بێ خەوش بن، بەڵکو بۆ سەرنجڕاکێشان و وروژاندنی بەرانبەرە، بە ئومێدی گەیشتن بەو

ئه نجامه پیرۆزەی كه خزمـەتی یەكـدی پـێ بكـەین و لــه ڕێگــەی ڕەخنــەی ورد و بــە جێوە، ڕەوڕەوەی پێشــكەوتنی پــێ پاڵبــدەین و لــە ســەروی هــەمو ئەمانەشــەوە، ڕاژەی زمــان و میللەتەكەمانی پێ بكەین.

به مەبەستی ڕونكردنەوەی گۆڕانەكان، توێژەر بە پێی ڕیزبەندی ئــەلفوبێی كــوردی، تەنیا ئەو دەنگانەی خستۆتە ژێر تیشكی لێكۆڵینەوە، كه گۆڕانیــان بەســەردا دێ و ئەمــەش واتای ئەوە دەگەیێنێ، كــە دەنگــەكانی تــر ڕێــژەی بــەكارهێنانیان بــە گشــتی لــە هــەردو دیالێكتەكە وەكو یەكە و گۆڕانیان بەسەردا نایێ. بەم پێیە باسەكە دابەشی چــەند بەنــدێك كراوە، جگه لە بەندی یەكەم كە گشتیە، بۆ هەر دەنگێك كە ڕێژەی بەكارهێنانی لــە هــەردو دیالێكتەكە جیاواز بێ، بەندێك تەرخانكراوە.

له كۆتـاییدا، توێژەر جگه له ئه نجامەكان و لیستی سەرچاوەكان، بە پێــی زنجــیرەی ڕیزبەندیی بەكارهێنانیان، كورتەی باسەكەی بە عەرەبی و ئینگلیزی پێشكەشكردوە.

## بەشی یەكەم

## (ئەو فۆنێمانەی دەنگ و پیتەكانیان دەگۆڕێ)

بەشی یەكەمی ئەم لێكۆڵینەوەیە بە شێوەیەكی گشتی باسی ئەو فۆنێمانە دەكا، كــە لە هەمان شوێنی وشەكانیاندا دەنگ و پیتەكانیان دەگــۆڕێ، بــێ ئــەوەی تێكــڕای وشــەكان بگــۆڕێن، لــە نێــوان هــەردو دیــالێكتی ناوەڕاســت و ژوروی زمــانی كــوردی و ڕێــژەی گشــتی بەكارهێنانی هەر فۆنێمێك لەم دو دیالێكتە نیشان دەدا. ڕادەی ڕێژەكانیش تێكڕا و گشــتیە، واتــا؛ بڕی ڕێژەكان لە سەدا سەدی وردەكاریی ژمارەیی نیە، چونكه ئەم كــرداره ماتماتیكیــە لەم بابەتەی زمان ناكرێ«١٣»، چونكه، ژمارەی وشەكانی زمان زۆرن و بە پێی كات و شــوێن و دیالێكت و شێوەزارەكانیش دەگۆڕێ و سەرژمێری وردیان بۆ ناكرێ و دوای ئەوە جــۆر و بابــەتی ئەو وشانەی بۆ نمونە لە هەر پەرەگرافێك دەهێنرێنەوە، ڕێــژەی بــەكارهێنانیان، بــە پێــی مەبەستی دەقەكە دەگۆڕێ. واتا؛ دەشێ، دەقەكە تایبەت بێ بە وشەكە و دەیان جــار وشــەكە بەكاربێتەوە«١٤»، یان ڕەنگە دەقەكە تایبەت بێ بە بابەتێكی تر و تەنانەت جارێكیش ئــەو وشەیەی ئێمە دەمانەوێ و مەبەستمانە بەكارنەهاتبێ. بۆیە ناتوانرێ، ڕێژەی بــەكارهێنانی دەنگەكان بە ژمــارەی ورد دەستنیشــانبكرێ، بــەڵام دەتــوانرێ، ڕێــژەی بــەكارهێنانی هــەر فۆنێمێك لە دیالێكتی ژورو و ناوەڕاست ڕونبكرێتەوە، بە بــەراوردكردنی ڕادەی بــەكارهێنانی فۆنێمەكه لە هەر یەكێك لەم دو دیالێكتە.

**بەندی یەکەم ـ تێکڕای فۆنیمەکان:**

ئەگەرچی ڕای هەمو زمانەوانان لەسەر ژمارەی فۆنیمەکانی زمانی کوردی یەك نیە و تا ئێستا بۆچونی جیاواز هەن لەسەر دانانی هەندێك دەنگ ( پیت ) بە فۆنیم. وەکو: ( ئـ=هەمزە، i=بزرۆکە، وو=دو واو، ع=عێ، ح=حێ، .....هتد)، ئەمەش پتر دەگەڕێتەوە بۆ تێکەڵبونی زمانی کوردی، کە لە خێزانی زمانە ئاریەکانە، لەگەڵ عەرەبی «١٥»، کە لە خێزانی زمانە سامیەکانە و هەر زمانەوانیێکیش چەندین بەڵگەی گونجاوی هێناوەتەوە، بۆ بون، یا نەبونی ئەم فۆنیمانە. بەڵام تا ئێستا زمانەوانان نەیانتوانیوە، بە تەواوی بیسەلمێنن، کە ژمارەی فۆنیمەکانی دیالێکتەکانی زمانی کوردی جیاوازە. واتا؛ ئەگەرچی دەشێ، لە یەکێك لە دیالێکتەکاندا فۆنیمێك بە دەگمەن بەکاربێ، تەنانەت هەندێك جار، ڕەنگە ئەو فۆنیمە تەنیا لە ناوە تایبەتیەکاندا بەکاربێ، بەڵام ژمارەی فۆنیمەکان لە دیالێکتەکانی زمانی کوردی هاویەکە. ئەمەش ئەوە ناگەیێنێ، کە شێوەی دەربڕینی هەمو فۆنیمەکان لە هەمو دیالێکتەکان وەکو یەکە «١٦»، ئەمەش دیاردەیەکی باو و ئاساییە لە دیالێکتەکانی هەر زمانێکدا. بۆ نمونە، دەربڕینی دەنگی ( و ) لە زۆر وشەدا، وەکو ( چون، بون، .....هتد)، لە دیالێکتی ناوەڕاستدا، جیاوازە لە دیالێکتەکانی ژورو و خوارو ( لوڕی ). تاکو لە دیالێکتی ناوەڕاست دوربکەوینەوە و بەرەو ژورو یا خوارو بڕۆین، دەنگی ( و ) پتر بەرەو ( ی ) دەچێ «١٧». وەك لەم هێڵکاریەدا دەردەکەوێ:




لەم هێڵکاریەدا دەمانەوێ، ئەوە ڕونبکەینەوە، کە دەنگە بزوێنی ( و ) لە ژمارە ( ١ )یەکدا، لە دیالێکتی ناوەڕاست زۆرتر بەکاردێ و هەر هەنگاوێك بەرەو ژورو یا بەرەو خوارو بڕۆین، دەنگەکە نەختێك، واتا؛ بە قەدەر هەنگاوێك لە دەربڕینی ( و ) دوردەکەوێتەوە و بەرە دەربڕینی ( ی ) دەڕوا، تاکو دەبینین، لە هەنگاوی پێنجەم بە تەواوی گۆڕاوە و بوەتە ( ی ).

هەروەها دەشێ، فۆنیمێك لە شێوەزاری دیالێکتێکدا، ببێتە فۆنیمێکی تر. بۆ نمونە، لە شێوەزاری سۆرانیی دیالێکتی ناوەڕاستدا، فۆنیمی (ڵ) گۆڕاوە بۆ (ر)، وەك لە: گوڵ ← گور، ماڵ ← مار، ساڵ ← سار ...هتد. یان هەندێك جار، دو فۆنیم لێکدەدەن و فۆنیمێکی نوێ دروستدەکەن. وەك: (ه + و ← ۆ)، وەرەوە ← وەرۆ، بکەوە ← بکۆ، مامۆستا ← مامۆستا. یان (ه + ی ← ێ)، پەیڕەو ← پێڕەو، سەیرکە ← سێرکە، تەماشای کە ← تەماشێ کە، ڕایەخ ← ڕایێخ، ....... هتد.

هەندێ جاریش، بێ ئەوەی دو فۆنیمەکە لێکبدەن و فۆنیمێکی نوێ پێکبێنن، شێوەی دەربڕینیان دەگۆڕێ، ئەگەر بەراوردیان بکەین، لەگەڵ شێوەزارەکان، یان دیالێکتەکانی تر. وەك: ئەگەر لە شێوەزاری سۆرانی دیالێکتی ناوەڕاست فۆنیمی (ك) یان (گ) بکەوێتە پێش فۆنیمی (ی) یان (ێ)، شێوەی دەربڕینیان دەگۆڕێ و فۆنیمی (ك) دەبێتە (چ)ێکی قەڵەو و وەکو تێکەڵی (ت+ش) دەردەبڕێ، واتا؛ لە (/ts/ ch)ی ئینگلیزی دەچێ، بەڵام فۆنیمی (گ) دەبێتە (ج)ێکی قەڵەو و لە (j /dʒ/)ی ئینگلیزی دەچێ: کی، کێ، گیراوە، گێزەر، ..... تەنانەت ئەگەر فۆنیمی (و)ش بکەوێتە نێوانیان، دیاردەکە ناگۆڕێ: کویرك، کوێ، گوێ، هەنگوین، گوێزان، .... لە شێوەزارەکانی دیالێکتی ژورودا، ئەم دیاردە ناوبراوانە بەم شێوەیە نابیسرێن.

**بەندی دوەم ـ فۆنیمی (ا):**

ڕێژەی بەکارهێنانی فۆنیمی (ا)، لە هەردو دیالێکتەکە لە یەك نزیکە، تەنیا لە کاری ڕانەبوردودا، ئەگەر بکەر کەسی سێیەمی تاك بێ، لەگەڵ هەشت چاوگدا (دان، بردن، کردن، خواردن، شوشتن، ڕۆیشتن، خستن، هاژوشتن)، لە کاتی گەردانکردنیان لە دیالێکتی ناوەڕاستدا، کۆتاییان بە (ا) دێ و لە دیالێکتی ژورودا کۆتاییان بە (ە) دێ:

| دیالێکتی ناوەڕاست | | دیالێکتی ژورو | |
| --- | --- | --- | --- |
| دان | ئەو شتێك دەدا( ت ). | دان | ئەو تشتەكی ددە( ت ). |
| بردن | ئەو شتێك دەبا( ت ). | برن | ئەو تشتەكی دبە( ت ). |
| كردن | ئەو شتێك دەكا( ت ). | كرن | ئەو تشتەكی دكە( ت ). |
| خواردن | ئەو شتێك دەخوا( ت ). | خارن | ئەو تشتەكی دخوە( ت ). |
| شوشتن | ئەو شتێك دەشوا( ت ). | شویشتن | ئەو تشتەكی دشوە( ت ). |
| ڕۆیشتن | ئەو دەڕوا( ت ). | ڕۆیشتن | ئەو دڕۆ( ت ). |
| خستن | ئەو شتێك دەخا( ت ). | ئێخستن | ئەو تشتەكی دئێخی( ت ). |
| داژوشتن | ئەو شتێك دادەژوا( ت ). | هاژۆتن | ئەو تشتەكی دهاژۆ( ت ). |

لە چاوگی ( خارن ) و ( شوشتن ) لە دیالێكتی ژورودا ، تێبینی ئەوە دەكرێ، لە شێوەزاری بادینیدا وەكو دیالێكتی ناوەڕاست، فۆنێمی ( و ) و ( ە ) تێكەڵدەبن و دەبن بە ( ۆ )، ( و + ە ⟵ ۆ ) و لەم شێوەزارەدا دەڵێن : ﴿دخۆ( ت )، دشۆ( ت )﴾، بەلام لە شێوەزارەكانی تر بەم شێوەیە كەمتر دەبیسرێ.

دیاردەی ئەم هەشت چاوگە ، دەبێتە هۆی كەمبونەوەی ڕێژەی بەكارهێنانی فۆنێمی ( ا ) لە دیالێكتی ژورودا ، بە ڕادەی بەكارهێنانی فۆڕمی گەردانكراوی هەریەكێك لەم چاوگانە ، بۆ ڕانەبوردوی كەسی سیەمی تاك١٣٨.

بەندی سێیەم ـ فۆنێمی ( ە )١٣٩ :

---

١٣٨ هەروەها شایانی ڕونكردنەوەیە، لە ڕۆنانی ڕانەبوردوی بكەرنادیاردا، مۆڕفیمی ( ا )ی كاتی ڕابوردو لە دیالێكتی ناوەڕاستدا بەكاردێ، بەلام لە ژورودا ئەم فۆڕمە بەكارنایێ، بەلام بە هۆی گەردانكردنی چاوگی ( هاتن ) ئەم دەنگە قەرەبو دەكرێتەوە و لەم بارەدا گۆڕان لە ڕێژەی بەكارهێنانی دەنگی ( ا )دا ڕونادا. وەك: ( من كوژرام ـــ ئەز هاتمە كوشتنێ ..... ).

١٣٩ شایانی وتنە، كە فۆنێمێك لە دیالێكتی ژورودا بەرانبەر دەبێ لەگەڵ فۆنێمێكی تر لە دیالێكتی ناوەیاستدا ، ئەوا ییێژەی بەكارهێنانی فۆنێمی یەكەم بە هاوكێشەیەكی یاستەوانە لە دالێكتی ژورودا زۆرتر دەبێ لەگەڵ ییێژەی بەكارهێنانی فۆنێمی دوەم لە دیالێكتی ناوەیاستدا. بۆ نمونە، كاتێ هەندێ جار فۆنێمی (ش) لە ناوەیاستدا بەرانبەر دەبێ و دەگۆیێ بۆ (ژ) لە ژورودا، وەك لە (منیش == ئەززی). واتا" لە دوای بەراوردكردنی هەردو دیالێكتەكە، ییێژەی بەكارهێنانی فۆنێمی (ش) لە دیالێكتی ناوەیاستدا زۆرتر دەبێ بەرانبەر ئەوە ییێژەی بەكارهێنانی فۆنێمی (ژ) لە دیالێكتی ژورودا زۆرتر دەبێ، بۆیە

بە پێی گۆڕانکاری بەندی یەکەم بێ، وا دەخەملێنرێ، ڕێژەی بـەکارهێنانی فـۆنێمی ( ە )، لە دیالێکتی ژورو زۆرترە لە دیالێکتی ناوەڕاست، چونکە لە گـەردانکردنی چـاوگەکانی ( دان، کرن، برن، خارن و شوشتن ) بۆ کەسی سیەمی تاك، فۆنێمی ( ە ) لە بری ( ا ) لە کۆتـایی بەکاردێ. بەڵام چەند دۆخێکی تر هەن، دەبنە هۆی کەمبونەوەی ڕێژەی بەکارهێنانی فۆنێمی ( ە ) لە دیالێکتی ژورودا، ئەگەر بەراورد بکرێ لەگەڵ دیالێکتی ناوەڕاست. وەك لەم بڕگانەدا دەردەکەوێ:

بڕگەی یەکەم: لە بەکارهێنانی مۆرفیمی کاتی ئێستا ( ئـامرازی هەمیشـەیی ) لـە سـەرەتای کاری ڕانەبوردو یا ڕابوردوی بەردەوام، فۆنێمی ( ە ) لە دیالێکتی ژورودا دەرناکەوێ، بەڵام لـە دیالێکتی ناوەڕاستدا دەردەکەوێ. وەك:

| کاری ڕانەبوردو لە دیالێکتی ناوەڕاست | کاری ڕانەبوردو لە دیالێکتی ژورو |
|---|---|
| من دەچم. | ئەز دەچم/ دێچم. |
| تۆ دەنوسی. | تو دەنڤیسی/ دێنڤیسی. |
| ئەو دەنوێ. | ئەو دەنڤت/ دێنڤت. |
| **کاری ڕابوردوی بەردەوام لە دیالێکتی ناوەڕاست** | **کاری ڕابوردوی بەردەوام لە دیالێکتی ژورو** |
| من تۆم دەنارد. | من تو هنارتی. |
| ئەو نانی دەخوارد. | وی نان دخار. |
| ئێمە گۆرانیمان دەوت. | مە ستران دگۆتن. |

ئەم دیاردەیـە دەبێتـە هـۆی کەمکردنـەوەی ڕێـژەی بـەکارهێنانی فـۆنێمی ( ە ) لـە دیالێکتی ژورودا، ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ دیالێکتی ناوەڕاست.

بڕگەی دوەم: لە دیالێکتی ناوەڕاستدا، فۆنێمی ( ە ) لەگەڵ هەندێ لە ئامرازە پەیوەندیەکان بەکاردێ، بەڵام لە دیالێکتی ژورودا، ئەم فۆنێمە دەرناکەوێ و دەشـێ، گۆڕابـێ بـۆ بزرۆکـە ( i )، کە بە ڕێنوسی لاتینی دەردەکەوێ. وەك:

| دیالێکتی ناوەڕاست | دیـالـێـکـتـی ژورو |
|---|---|
| لە وڵاتی ئێمەدا | ل وەلاتێ مەدا |
| لە بەر ئەوەی | ژ بەر هندێ |
| لە سەر کانی | ل سەر کانیێ/ هنداڤ کانیێ |
| بە سەر چاوا( ن ) | ب سەر چاڤا( ن ) |
| لە نیوەشەودا | د نیڤەکا شەڤێدا |

هەواڵنامەی کتێب

---

پێویست ناکا کاتێ باسی فۆنێمی (ژ) کرا، دوبارە لە (ش)دا باس بکرێتەوە، ئەگەر گۆڕانکاری تر ڕونەدا.

ئەمەش ڕێژەیەك لە بەكارهێنانی فۆنێمی ( ە ) لە دیالێكتی ژورو كەمدەكاتەوە، ئەگەر بەراوردی بكەین لەگەڵ دیالێكتی ناوەڕاستدا.

بڕگەی سیەم: هەروەها لە كۆتایی هەندێ ناودا، بەتایبەتی ناوەكانی خزمایەتی پیشاندەدەن و زۆرتر لە دۆخی بانگكردندا، فۆنێمی ( ە ) لە دیالێكتی ناوەڕاست بەكاردێ، بەڵام لە دیالێكتی ژورودا، یان هیچ بەكارنایێ، یان فۆنێمی ( ۆ ) بەكاردێ. ئەمەش هەندێكی تر لە ڕێژەی بەكارهێنانی فۆنێمی ( ە ) لە دیالێكتی ژورو كەمدەكاتەوە. وەك:

| دیالێكتی ناوەڕاست | دیالێكتی ژورو |
| --- | --- |
| بابە، دایە، كاكە، مامە، خاڵە ... | باب( ۆ )، دا( د )( ۆ )، كاك( ۆ )، مام( ۆ )، خال( ۆ )، ... |
| كوڕە، شوانە، لاوە، شێتە، ... | كوڕۆ، شوانۆ، لاوۆ، ... |

هەرچەندە لە دیالێكتی ناوەڕاستدا، بە گشتی و لە شێوەزاری سۆرانیدا، بە تایبەتی تێبینی ئەوەش دەكرێ، كە هەندێك جار فۆنێمی ( ۆ )ش بەكاردێ بۆ بانگكردن، بەڵام بە ڕێژەیەكی كەمتر، وەك: كاكۆ، خاڵۆ، شێتۆ، ....

بڕگەی چوارەم: ناساندن لە دیالێكتی ناوەڕاستدا، بە هۆی ئامرازی ( ەكە )یە[18]، بەڵام لە دیالێكتی ژورودا، ئەم فۆڕمە بەكارنایێ و لە بری ئەودا، نیشانەیەكی تایبەت بە ناسیاوی، وەك ئامرازی نیشانە ( ناوی نیشانە ) بەكاردێ. وەك:

| دیالێكتی ناوەڕاست | دیالێكتی ژورو |
| --- | --- |
| كوڕەكە بە كچەكەی وت. | ئەڤ كوڕی گۆتە ڤێ كچێ. |
| پیاوەكان بە ژنەكانیان وت. | ڤان زەلاما گۆتە ڤان ژنكا( ن ). |
| كوڕەكەی ئەو كارەی كردوە. | ئەڤ كوڕێ وی ئەڤ شۆل كریە. |

بەمەش دیسان بڕێكی تر لە ژمارەی فۆنێمەكانی ( ە ) لە بەكارهێنان كەمدەبنەوە لە دیالێكتی ژورودا و ئەم دیاردەیەش پتر دەبێتە هۆی زۆربونی ڕێژەی بەكارهێنانی فۆنێمی ( ە ) لە دیالێكتی ناوەڕاستدا.

بە گشتی ئەم جۆرە دیاردانە، لە ئە نجامی جیاوازیی گۆڕانی ڕادەی شارستانی، كە بە هۆی ئاسانی باری جوگرافیەوە، زوتر و زۆرتر گەیشتە ناوچەكانی ناوەڕاستی كوردستان، پێش ناوچە شاخاویە سەختەكانی باكور، بوە هۆی زۆرتر و زوتر گۆڕانی دیالێكتی ناوەڕاست و خێراتركردنی لە دیالێكتی ژورو، تاكو لەگەڵ دەربڕینی پێویستیەكانی ڕادەی شارستانی هاوشان بێ. بۆ نمونە: زنجیرە دەنگی ( كوڕەكەم )، لە دیالێكتی ناوەڕاستدا، خێراترە لە زنجیرە دەنگی ( ئەڤ كوڕێ من )، لە دیالێكتی ژورودی، كە تا ڕادەیەك هەمان واتا دەبەخشن.

برگەی پێنجەم: ئامرازی دوبارەبونەوە، لە دیالێکتی ناوەڕاستدا، (ەوە)یە «١٩»، بەڵام لە دیالێکتی ژورودا، جگە لەوەی فۆنێمی (و) لە گەڵ (ڤ) ئالوگۆڕ دەبن، وەك: دەچمەوە ← دەچمەڤە، هاتەوە ← هاتەڤە،..... لە زۆربەی کارەکاندا ئامرازی دوبارەبونەوە، دەکەوێتە پێش کارەکە. واتە؛ لە پاشگر دەبێتە پێشگر. لەم بارەدا فۆنێمی (ە)ی یەکەم نامێنێ، واتا؛ (ڤە)، هەندێ جار، پێشگرە و هەندێ جار، پاشگرە. بەمەش ڕێژەیەکی تر لە ڕادەی بەکارهێنانی فۆنێمی (ە) لە دیالێکتی ژورو کەمدەبێتەوە. وەك:

| دیالێکتی ناوەڕاست | دیالێکتی ژورو |
|---|---|
| گەڕایەوە | ڤەگەڕیا |
| خوادمەوە | من ڤەخار |
| کردتەوە | تە ڤەکر |

**بەندی چوارەم ـ فۆنێمی (د):**

برگەی یەکەم: ڕێژەی بەکارهێنانی فۆنێمی (د) لە دیالێکتی ژورو کەمترە لە دیالێکتی ناوەڕاست، چونکە لە دیالێکتی ژورودا، زۆربەی ئەو (د)انەی دەکەونە کۆتایی وشەکان - ناوی گشتی بێ، کار بێ، ئاوەڵناو بێ،... هتد، (جگە لە ناوی تایبەتی)، نامێنن. وەك:

| دیالێکتی ناوەڕاست | دیالێکتی ژورو |
|---|---|
| بەرد، پرد، گرد، مێرد، ... | بەر، پر، گر، مێر، ... |
| کرد، برد، مرد، خوارد، ... | کر، بر، مر، خوار، ... |
| زەرد، سارد، ... | زەر، سار، ... |
| (ئازاد، خانزاد، مەهاباد...) | (ئازاد، خانزاد، مەهاباد...) |

ئەگەر سەرنجی ئەو نمونانەی سەرەوە و خوارەوە بدەین، دەبینین، بە گشتی بۆ سوانی فۆنێمی (د) دو مەرج لە ئارادان: یەکەمیان ـ لە کۆتایی وشەکان بێ و دوەمیان ـ فۆنێمی (ر)ی لە پێش هاتبێ.

هەروەها ئەم یاسایە بەسەر چاوگەکانی کۆتایی هاتو بە (اندن) پیادە ناکرێ. وەك: خاندن، چاندن، شکاندن، هژاندن، هەڕفاندن، .... هتد.

برگەی دوەم: لە هەندێ چاوگی (د)یدا، فۆنێمی (د)ی نیشانەی چاوگەکە لە دیالێکتی ژورودا دەگۆڕێ و دەبێتە (ت). وەك:

| دیالێکتی ناوەڕاست | دیالێکتی ژورو |
|---|---|
| ناردن ← | هنارتن |
| ژماردن ← | هژمارتن |
| بژاردن ← | بژارتن |
| سپاردن ← | ئەسپارتن |
| شاردنەوە ← | ڤەشارتن |
| برژاندن ← | براشتن (٢٠) |

ئەم دیاردەیەش نەختێکی تر ڕێژەی بەکارهێنانی فۆنێمی ( د ) لە دیالێکتی ژورو کەم دەکاتەوە، ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ دیالێکتی ناوەڕاستدا.

**بەندی پێنجەم ـ فۆنێمی (ژ):**

ڕێژەی بەکارهێنانی فۆنێمی (ژ)، لە دیالێکتی ژورو زۆرترە لە دیالێکتی ناوەڕاست، بە پێی ئەم دو بڕگەیەی خوارەوە:

بڕگەی یەکەم: لە بری ( لە )ی ئامرازی پەیوەندیی دیالێکتی ناوەڕاست، زۆرجار لە دیالێکتی ژورودا (ژ) بەکاردێ، ئەم دیاردەیە، تا ڕادەیەك ڕێژەی بەکارهێنانی فۆنێمی (ژ) لە دیالێکتی ژورو پتر دەکا. وەك:

| دیالێکتی ناوەڕاست | دیالێکتی ژورو |
|---|---|
| لەناو دڵی خۆیدا | ژناڤ دلێ خۆدا/ خوەدا |
| لەبەرنەوە | ژ بەر ڤێێ هندێ |
| لەناو ڕوبارەکەدا | ژ ناڤ ( هنداڤ ) ڤی ڕیبباریدا |
| ئێمە لە وڵاتی خۆماندا | ئەم ژ وەلاتێ خوەدا/ خۆدا |

بڕگەی دوەم: لە دیالێکتی ناوەڕاستدا ئامرازی (یش)، بۆ خستنەسەر یا هاویەکی و بەستنەوە بەکاردێ، بەڵام لە دیالێکتی ژورودا ئەم ئامرازە دەبێتە (ژی). لێرەدا تێبینی ئەوە دەکرێ، ئەگەر فۆنێمی پێش ئەم ئامرازە بزوێن بو، پێویست بە (یـ) ناکا و تەنیا (س) دەمێنێتەوە. وەك: تۆش، ئێمەش، ئێوەش، ... بەڵام ئەگەر فۆنێمی پێش ئەو ئامرازە نەبزوێن بو، ئەوا پێویستی بە (یـ) دەبێ و ئامرازەکە دەبێتە (یش). وەك: منیش، ئەوانیش، عێراقیش، ....، بەڵام لە ژورودا ئەم دیاردەیە ڕونادا. وەك:

| دیـــالـێـكـتی ناوەڕاســـــت | دیـــالــێــكـــتـــی ژورو |
|---|---|
| منیش هاتم | ئەززی هاتم |
| تۆش نانت خواردوە؟ | تەژی نان خاریە؟ |
| عێراقیش ڕزگاركرا | عێراقژی هاتە ڕزگاركرنێ |
| باوكی ئێمەش وەك باوكی ئێوەیە | بابێ مەژی وەكی بابێ وەیە |

ئەگەر لەم بارەیەوە ئەم دو دیالێكتە لەگەڵ یەكتر بەراورد بكەین، ئەم دیاردەیە، دەبێتە هۆی پتر بەكارهێنانی فۆنێمی (ژ)، لە دیالێكتی ژورودا و ڕێژەی بەكارهێنانی ئەم فۆنێمە لەو دیالێكتەدا زۆرتر دەبێ و بەرانبەر ئەمەش ڕێژەی بەكارهێنانی فۆنێمی (ش) لە دیالێكتی ناوەڕاستدا زۆرتر دەبێ.

**بەندی شەشەم ـ فۆنێمی (ڤ):**

ڕێژەی بەكارهێنانی فۆنێمی (ڤ) لە دیالێكتی ژورودا زۆرترە لە دیالێكتی ناوەڕاست، چونكە كاتێ فۆنێمی (و) نەبزوێن بێ، دەبێتە (ڤ)، بە تایبەتی ئەگەر لە ناوەڕاست و كۆتایی وشە بێ، جگە لە ناوە تایبەتیەكان. وا پێ دەچێ، فۆنێمی (ڤ) كۆنتر بێ و لە دیالێكتی ناوەڕاستدا گۆڕابێ بۆ (و)، چونكە ناوچەی باكوری كوردستان لە بەر سەختی باری جوگرافیی و زەفەر پێ نەبردنی گۆڕانكاریە شارستانیەكان، زۆرتر پاراوی و ڕەسەنایەتی خۆی پاراستوە. بۆ نمونە:

| دیـالـێـكـتـی نـاوەڕاســـت | دیــالـــێـــكـــتـــی ژورو |
|---|---|
| زاوا، میوان، پێكەوە، سوك، نوێژ، | زاڤا، میهڤان، پێكڤە، سڤك، نڤێژ، |
| كەو، شەو، خەو، نەورۆز، | كەڤ، شەڤ، خەڤ، نەڤرۆز، |
| مێو، سێو، دێو، لێو، | مێڤ، سێڤ، دێڤ، لێڤ، |
| ناو، چاو، داو، ڕاو، | ناڤ، چاڤ، داڤ، ڕاڤ، |
| زیو، شیو، زەوی، ڕێوی، | زیڤ، شیڤ، زەڤی، ڕیڤی، |

بەم پێیە، لە كاتێكدا ڕێژەی بەكارهێنانی فۆنێمی (ژ) لە دیالێكتی ژورودا زۆر دەبێ، بە هەمان ڕێژەش بەكارهێنانی فۆنێمی (و) لە ناوەڕاستدا زۆر دەبێ، ئەگەر لەگەڵ یەك بەراوردیان بكەین.

**بەندی حەوتەم ـ فۆنێمی (ڵ):**

ڕێژەی بەكارهێنانی فۆنێمی (ڵ) لە دیالێكتی ژورودا دەگمەنە، چونكە زۆربەی (ڵ)ەكان لە دیالێكتی ژورودا دەبن بە (ل). بەمەش ڕێژەی بەكارهێنانی (ل) لە دیالێكتی ژورودا زۆر دەبێ. واتا؛ ئەگەر بەراوردێكی دیالێكتی ناوەڕاست لەگەڵ دیالێكتی ژورو بكەین،

**لە ڕوی زۆری و کەمیی ڕێژەی بەکارهێنانی فۆنێمی ( ڵ )، دەبینین، لە دیالێکتی ژورودا فۆنێمی ( ڵ ) بە دەگمەن بەکاردێ. ئەمەش چونکە جگە لە ( ل )ـە سوکەکان ئەو ( ڵ )ـە قەڵەوانەی لە دیالێکتی ناوەڕاست بەکاردێن، ئەوانیش دەبن بە ( ل )ی سوك. بەرانبەر بەمە بە پێچەوانە ڕێژەی بەکارهێنانی ( ڵ ) لە دیالێکتی ناوەڕاست زۆرتر دەبێ، ئەگەر لەگەڵ دیالێکتی ژوورودا بەراوردی بکەین. وەك:**

| دیالێکتی ناوەڕاست | دیالێکتی ژورو |
| --- | --- |
| ساڵ، ماڵ، خاڵ، | سال، مال، خال، |
| دۆڵ، دەهۆڵ، خۆڵ، | دۆل، دەهۆل، خۆل، |
| دڵ، گوڵ، بڵند، | دل، گول، بلند، |
| وڵات، هەڵات، خەڵات، | وەلات، هەلات، خەڵات، |
| هێڵ، دێڵ، خێڵ، | هێل، دێل، خێل، |

**لەم بەندەدا، تێبینی سێ خاڵ دەکرێ:**

**١ـ لەو وشانەی کۆتاییان بە فۆنێمی ( ڵ )ی قەڵەو هاتوە، ئەگەر دەنگی ( س ) لە پێشتر هەبێ، وەك لە وشەکانی ( ساڵ، ساماڵ، سوڵتان، سەهۆڵ ....... )، ئەم ( ڵ )ـە قەڵەوە دەبێتە هۆی قەڵەوکردنی دەنگی ( س )ـەکە و وەکو ( ێ )ـی عەرەبی گۆدەکرێ، کە ( ێ )یش ئەلۆفۆنێکی ( هاودەنگێکی ) فۆنێمی ( س )ـە لە کوردیدا.**

**٢ـ لە شێوەزاری سۆرانیی دیالێکتی ناوەڕاستدا، بەتایبەتی ئەو زنجیرە سنوریەی هاوتخوبە لەگەڵ شێوەزاری بادینیی دیالێکتی ژورودا، فۆنێمی ( ڵ ) دەگۆڕێ بۆ ( ر ). وەك:**

| دیالێکتی ناوەڕاست | |
| --- | --- |
| شێوەزاری سۆرانی | شێوەزارەکانی تر |
| سار، مار، خار، | ساڵ، ماڵ، خاڵ، |
| دۆر، دۆر، خۆر | دەهۆڵ، دۆڵ، خۆڵ، |
| در، گور، | دڵ، گوڵ، |
| هەرات، خەرات، | هەڵات، خەڵات، |
| چێر، سێر، بێر، | چێڵ ( مانگا )، سێڵ ( ساج )، بێڵ ( خاکەناس ) |

**٣ـ گۆڕانی زۆربەی ( ڵ )ـەکانی دیالێکتی ناوەڕاست بۆ ( ل ) لە دیالێکتی ژورو، یان بە پێچەوانە، ئەوە ناگەیێنێ، کە فۆنێمی ( ڵ ) لە دیالێکتی ژورو بەکارناهێنرێ. یان بە هەمان شێوە گۆڕانی زۆربەی ( ڵ )ـەکانی دیالێکتی ناوەڕاست بۆ ( ر ) لە شێوەزاری سۆرانیی هەمان دیالێکتیش ئەوە ناگەیێنێ، کە فۆنێمی ( ڵ ) لە شێوەزاری سۆرانیی دیالێکتی ناوەڕاستدا**

ئەماوە. بەڵام بەکارهێنانی زۆر دەگمەنە و پتر لە ناوە عەرەبییەکان دەردەکەوێ، بەتایبەتی ئەوانەی ( ئەللا )یان تێدایە، وەك: ( ئەللا، ئیشاڵڵا، شێخەڵڵا، ئەرێ وەڵلا، ناوەڵڵا[140]........ ).

**بەندی هەشتەم ـ فۆنێمی ( ه ):**

ڕێژەی بەکارهێنانی فۆنێمی ( ه ) لە دیالێکتی ژوروودا زۆرترە، لە دیالێکتی ناوەڕاست. بە پێی ئەم بڕگانەی خوارەوە:

بڕگەی یەکەم: لە دیالێکتی ژوروودا، زۆر وشە بەبێ پەیڕەوێکی دیارکراو، فۆنێمی ( ه ) وەردەگرن، جیا لە دیالێکتی ناوەڕاست، ئەم فۆنێمی ( ه )یە هەندێ جارن لە سەرەتا دەردەکەوێ. وەك:

| دیالێکتی ناوەڕاست | دیالێکتی ژورو |
|---|---|
| ئەسپ، ئێوە، ئێسك، ئاسان، ئامێز، وشیار، ورچ، وەستا، وشك، ورد، ژمارە، خوری، مانگ، بیر، بەرانبەر، | هەسپ، هون/هنگ..، هێسك ( هەستی )، هاسان، هامێز/هەمبێز، هشیار، هرچ، هوستا/هۆستا، هشك/حشك، هور/هویر، هژمار، هری، هەیڤ، هزر، هەمبەر،.......... |

ئاشکرایە، هەندێ وشە لەمانە، وەك ( بەرانبەر و هەمبەر )، ( هزر و بیر ) و ( مانگ و هەیڤ ).... هتد هاواتای یەکترن، نەك فۆنێمی ( ه ) لە سەرەتا دەرکەوتبێ.

هەندێ جار، فۆنێمی ( ه ) لە ناوەڕاستی وشە دێ، ڕەنگە ژمارەی ئەم جۆرە وشانە کەمتر بێ. وەك:

| دیالێکتی ناوەڕاست | دیالێکتی ژورو |
|---|---|
| ماین، شایی، دەیان، سایەقە، کۆتایی، | ماهین، شەهیان، دەهان، ساهی، دوماهی، |
| بۆن، تینو، ڕون، | بیهن، تیهنی، ڕوهن، |
| نرخ، بادەم، | بوها/بەها، باهیڤ، |

هەندێ جاریش، فۆنێمی ( ه ) دەکەوێتە کۆتایی وشە. بەڵام ئەم وشانەی فۆنێمی ( ه ) لە کۆتاییان دەردەکەوێ، دابەشی دو بەش دەبن: بەشێکیان ئاساین. وەك:

| دیالێکتی ناوەڕاست | دیالێکتی ژورو |
|---|---|
| دە، فراوان، | دەه، بەرفرەه، |
| جێ، ڕێ، شێ، گوێ، | جه، ڕەه، شه/شەه، گوه، |
| جۆ، نۆ، | جەه، نەه |

---

[140] لە شێوەزاری ناوچەیی خۆشناوەتیدا ئەم ناوانەش ( ڵ )ەکەیان دەگۆڕێ بۆ ( ل ). وەك: شێخەللا، ئەرێوەللا، هاوەللا/ ناوەللا........

بەشێکی تریان، ئەو وشانەن کە کۆتاییان بە پاشگری ( گە ) هاتوە، کە مۆرفیمێکە واتای شوێن ( جێگە/کەوتگە ) دەدا، لە ژورووداا پاشگرەکە دەبێتە ( گەه ). وەك:

| دیالێکتی ناوەڕاست | دیالێکتی ژورو |
| --- | --- |
| جێگە، نێزگە، بنگە، یاریگە، تاقیگە، | جێگەه، نێزگەه، بنگەه، یاریگەه، تاقیگەه، |
| خوێندنگە، خواردنگە، کارگە، نوسینگە، | خوێندنگەه، خارنگەه، کارگەه، نڤیسینگەه، |

هەروەها ئەو وشانەی لە دیالێکتی ناوەڕاستدا کۆتاییان بە مۆرفیمی ( ایی ) دێ، کە بە زۆری ئەم مۆرفیمە، ناوی واتایی لە ناو، یان ئاوەڵناو دروستدەکا، لە دیالێکتی ژورودا، ئەم مۆرفیمە دەبێتە ( اهی ). وەك:

| دیالێکتی ناوەڕاست | دیالێکتی ژورو |
| --- | --- |
| پاشایی، ڕونایی/ڕوناکی، بڵندایی، | پادشاهی، ڕوناهی، بلندا‌هی، |
| سانایی/ئاسانی، وشکایی، تەنیایی، ئازایی، | ساناهی، هشکاهی/حشکاتی، تەناهی، ئازاهی، |
| دوایی، زانایی، تەبایی، گەرمایی، ... | دوماهی، زاناهی، تەباهی، گەرماهی، ... |

بڕگەی دوەم: هەندێ چاوگی دیالێکتی ژورو فۆنێمی ( ه )یان هەیە، کە لە هەمان ئەو چاوگانەدا لە دیالێکتی ناوەڕاست ئەو ( ه )یە دەرناکەوێ. هەندێ لەم چاوگانە داڕێژراو و هەندێکیان لێکدراون. وەك:

| دیالێکتی ناوەڕاست | دیالێکتی ژورو |
| --- | --- |
| گەیشتن، ناردن، ژماردن، ژاندن، | گەهیشتن، هنارتن، هژمارتن، هژاندن، |
| ڕوخاندن، ڕوخان ( ڕمان )، لێخوڕین، | هەڕفاندن، هرفین، هاژۆتن، |
| گواستنەوە، حەسانەوە، ....... | ڤەگوهاستن، ڤەهوسیان، ....... |
| بەرانبەرکردن، فریاکەوتن، پشودان، | هەمبەرکرن، هاوارهاتن، بێهندان، |
| وسبون، گوێدان، ....... | هشبین، گوهدان، ....... |

بڕگەی سێیەم:ـ ڕستەی بکەرنادیار لە دیالێکتی ناوەڕاستدا، بە یارمەتی ( ر )ی مۆرفیمی بکەرنادیار دادەڕێژرێ، بەڵام لە دیالێکتی ژورودا، بە یارمەتی گەردانکردنی چاوگی ( هاتن ) دادەڕێژرێ. بۆیە هەمو ڕستەیەکی بکەرنادیار، بەلای کەمەوە جارێك فۆنێمی ( ه )ی تێدا دەبێ، چ کاتی ڕابوردو بێ لە ( هات.. )، چ کاتی ڕانەبوردو بێ لە ( دهێت../دێهێت.. ). وەك:

| دیالێکتی ناوەڕاست | دیالێکتی ژورو |
| --- | --- |
| کوژرا/ دەکوژرێ | هاتە/ دهێتە/ دێهێتە کوشتنێ |
| وترا/ دەوترێ | هاتە/ دهێتە/ دێهێتە گۆتنێ |
| ڕوخێنرا/ دەڕوخێنرێ | هاتە/ دهێتە/ دێهێتە هەڕفاندنێ |

ئەوەی شایانی باسە، ئەمە ئەوە ناگەیێنێ، کە کرداری گەردانکردنی چاوگی ( هاتن ) هەرگیز لە دیالێکتی ناوەڕاستدا بەکارنایێ، بەڵکو لە گەلێك چاوگی وەکو ( گریان، پێکەنین، کوڵان.... )، ئەم شێوازە بەکاردێ، بەڵام ئەم کردارە لە بری ( اندن )، بۆ تێپەڕاندنی ئەو جۆرە چاوگانەیە، نەك بۆ کرداری بکەرنادیاری. وەك ( منداڵەکەی هێنایە گریان. = منداڵەکەی گریاند، منداڵەکەم هێنایە پێکەنین = منداڵەکەم پێکەناند، کابانەکە چایەکەی هێنایە کوڵ( ان ) = کابانەکە چایەکەی کوڵاند )، یان لەگەڵ هەندێك وشەی تری وەك ( سەما، جۆش ...... )، وەك ( ڕەشپۆش دێنێتە سەما، سەماوەرەکەی هێنایە جۆش ).

**بەندی نۆیەم ـ فۆنێمی ( و ):**

ڕێژەی بەکارهێنانی هەردو فۆنێمی ( و )ی نەبزوێن و ( و )ی بزوێن لە دیالێکتی ژورودا زۆر کەمە، ئەگەر بەراوردی بکەین، لەگەڵ دیالێکتی ناوەڕاستدا، چونکە هەندێ لە ( و )ەکانی دیالێکتی ناوەڕاست، کە نەبزوێنن، لە دیالێکتی ژورودا دەبن بە ( ڤ )، وەك لە «بەندی پێنجەم - فۆنێمی ( ڤ )» باسکرا، یان بە ( ی ) وەك لە بڕگەی یەکەمی خوارەوە ( لە ئاوەڵناوی کراو ) باسدەکرێ. هەندێکی تریان، لە ( و )ی بزوێن دەبن بە ( ی ) «[٢١]». ئەم دیاردەیەش ڕێژەی بەکارهێنانی فۆنێمی ( ی ) لە دیالێکتی ژورو پتر دەکا و ڕێژەی بەکارهێنانی فۆنێمی ( و )ی نەبزوێن و ( و )ی بزوێن لە دیالێکتی ناوەڕاستدا، زۆرتر دەبێ. واتا؛ دەنگی ( وو/و ) بە هەردو شێوەکەی ( وو )ی بزوێن و ( و )ی نەبزوێن، لە دیالێکتی ژورودا کەمتر دەبیسترێن و لە دیالێکتی ناوەڕاستدا زۆرتر دەبیسترێن ئەگەر لەم بارەیەوە ئەم دو دیالێکتە بەراورد بکەین. وەك لەم بڕگانەی خوارەوە دەردەکەوێ:

بڕگەی یەکەم:ـ مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراو، لە دیالێکتی ناوەڕاستدا ( و )ە، بەڵام لە دیالێکتی ژورودا ( ی )ە. وەك:

| دیالێکتی ناوەڕاست | دیالێکتی ژورو |
|---|---|
| وەستاو، سوتاو، ڕژاو، خنکاو، دڕاو، | وەستای، سۆتی، ڕژیای، خەندقیای، دڕیای، |
| شکاو، کوڵاو، دڵۆپاو، داخراو، | شکیای/شکستی، کەلی، دلۆپای، داخستی، |
| وەرگەڕاو، داپۆشراو، بەشکراو، چەماو، | وەرگەڕیای، نخافتی، پشککری، چەمیای، |
| مردو، هاتو، دانیشتو، گرتو، گەیشتو، | مری، هاتی، دانیشتی/ڕونیشتی، گرتی، |
| دەرکەوتو، یەککرتو، هەڵبژێرراو، ..... | گەهشتی، دەرکەفتی، نێککرتی، هەلبژارتی، .... |

بڕگەی دوەم:ـ هەندێ ئاوەڵناو، یا ناو لە دیالێکتی ناوەڕاستدا، کۆتاییان بە فۆنێمی ( و )ی بزوێن هاتوە، لە دیالێکتی ژورودا کۆتایەکانیان دەبن بە فۆنێمی ( ی ). وەك:

| دیالێکتی ناوەڕاست | دیالێکتی ژورو |
| --- | --- |
| تینو، ماندو، زیندو، لێهاتو، زو، ڕابوردو، | تێهنی، ماندی، زیندی، ژێهاتی، زی، ڕابوری، |
| خانو، مازو، دەزو، ڕەژو( خەڵوز )، ڕو، | خانی، مازی، دەزی،ڕەژی، ڕی، |
| بەڕو، پارو، پدو( پوك )، هەمو، .... | بەڕی، پاری، پدی، هەمی، .... |

بڕگەی سێیەم: لە چاوگە ( و )یەکاندا، تاکو لە ناوەڕاست دورکەویتەوە و بەرەو ژوروتر بڕۆی، بەرە بەرە ئەو دەنگی ( و )ە بەرەو دەنگی ( ی ) دەگۆڕێ. واتا؛ گۆڕانەکە پەیتا پەیتایە و تاکو بەرەو سەروتر بڕۆین، زۆرتر ( و )ەکە بەرەو ( ی ) دەچێ. بەڵام تێبینی ئەوە دەکرێ، لە کۆتاییدا، لە شێوەزارەکانی هەرە ژوروی کوردستان، جگە لە بادینی، هەردو چاوگی ( بون ) و ( چون )، بە تەواوی دەبن بە ( بین ) و ( چین )، وەك دەڵێن: ( ئەز بیم، ئەز چیم..... )، بەڵام چاوگەکانی تر {درون، گرون، هەنون، فەرمون، ( هە )سون} دەنگی ( و ) و ( ی ) بە دوای یەکدا دێن و وەکو دیفتۆنگێکی تیژی ( وی ) گۆ دەکرێن. وەك لەم خشتەیەدا دەردەکەوێ:

| دیالێکتی ناوەڕاست | دیالێکتی ژورو |
| --- | --- |
| بون، چون، | بون/ بین، چون/ چین، |
| درون، گرون، هەنون، فەرمون، ( هە )سون | دروین، گروین، هەنوین، فەرموین، ( هە )سوین |

## بەشی دوەم

### ( ئەو فۆنێمانەی دەنگیان دەگۆڕێ و پیتەکانیان ناگۆڕێ )[141]

هەندێ فۆنێم هەن، لە ڕەوتی ئاخاوتندا، لە پیتەکانیان جیادەبنەوە و شێوەی دەربڕین و گۆکردنیان گۆڕانیان بەسەردا دێ، لەگەڵ هێمای نوسینیان. واتا؛ پیتەکە لە هەردو دیالێکتی ژورو و ناوەڕاستدا وەکو یەك دەنوسرێن، بەڵام لە ڕەوتی ئاخاوتن، لە

---

١٤١ لێرەدا مەبەستمان ئەو فۆنیمانە نیە، کە لەگەڵ گۆڕانیان پیتەکەش لە نوسیندا دەگۆڕێ، وەك: ڕشتم ــ دەڕێژم، ناشتم ــ دەنێژم، کوشتم ــ دەکوژم، هەشت ــ هەژدە، ( ش ← ژ ). حەوت / حەفت ــ حەڤدە، ( ف ← ڤ ). گەستم ــ دەگەزم، خواستم ــ دەخوازم، ( س ← ز ). لێرەدا نامانەوێ، وردەکاری وشەسازیی ئەو وشانە لە ڕوی پێکهات و بەشەکانی ئاخاوتنیان دەستنیشان بکەین، چونکە سنوری باسەکەی ئێمە دەنگسازییە، بەڵام ئەوەی شایانی باسە، گۆڕانی ئەو دەنگە کپانە بۆ دەنگی گڕ، دیاردەیەکی دەنگسازیە و لە ئە نجامی ئەوە هاتوە، کە دەنگە گڕەکانی دەکەونە پێش، یان پاش دەنگە کپەکە، کاری تێ دەکەن و دەیگۆڕن بۆ گڕ.

گۆکردنـــدا، گۆڕانیـــان بەســـەردا دێ«٢٢». گۆڕانەکـــە بـــە پێـــی کـــارتێکردنی فۆنێمـــەکانی دەوروبەری، بە زۆری لە گری بۆ کپیە. ئەو فۆنێمانەی ئەو جۆرە گۆڕانەیان بەسـەردا دێ، بـە زۆری لە هەردو پیتی (ت) و (د) خۆیان دەنوێنن«٢٣». لە هەردو دیالێکتی ناوەڕاست و ژورودا، زۆرجار، فۆنێمی (د) دەگۆڕێ بۆ کپ و دەبێتە (ت)، وەك لەم دو بەندەی خوارەوە دەردەکەوێ:

**بەندی یەکەم ـ فۆنێمی (د ← ت) لە دیالێکتی ناوەڕاستدا:**

لە ڕەوتی ئاخاوتنی دیالێکتی ناوەڕاستدا، ئەگەر فۆنێمی (د)، کەوتە کۆتایی ڕستە و کەرەسەی تری بە دوادا نەهات، یان دەسوێ و دەرناکەوێ، یان کپ دەبێ و دەبێتە (ت). ئـەم دیاردەیەش لە گەرمەی قسەکردندا ڕودەدا، نەك لە شێوەی ئاخاوتنی هونـەری و لەسـەرخۆ، بۆیە بە سەرنجێکی زۆر ورد نەبێ، هەستی پێ ناکرێ«٢٤».

شایانی باسە، ئەم دیاردەیـە پـتر لـە شـێوەزاری سـۆرانیی دیـالێکتی ناوەڕاسـتدا، بەتایبەتی لە ئاخاوتنی چینی نەخوێندەواردا بەرگوێ دەکەوێ و ڕەنگە نەشێ گشتاندنی بـۆ بکرێ، ئەگەرچی لە شێوەزارەکانی تریشدا بە ڕادەیەکی کەم دەبیسرێ. وەك:

| لای هەندێ ئاخێوەری دیالێکتی ناوەڕاست | |
|---|---|
| شێوەی هونەریی قسەکردن و نوسین | ڕەوتـــی ئـــاخـــاوتـن |
| چوین بۆ ماڵی ئازاد | چوین بۆ ماڵی ئازا(ت)«٢٥» |
| کارەکانمان کرد | کارەکانمان کر(ت) |
| شتەکانیان برد | شتەکانیان بر(ت) |
| سێوەکانیان خوارد | سێوەکانیان خوار(ت) |
| پارەتان بۆی نارد | پارەتان بۆی نار(ت) |
| نەخۆشەکە مرد | نەخۆشەکە مر(ت) |
| وەرە ماڵی شاد | وەرە ماڵی شا(ت)«٢٦» |

هەندێ جار، ئەگەرچی گۆڕانکاریەکە ڕودەدا و لە نوسیندا پیتەکان ناگۆڕێن، بەڵام لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا، ئاساییە و بە ئاشکرا هەستی پێ دەکـرێ. وەك لـە شـێوەزاری سـلێمانی دیالێکتی ناوەڕاستدا دەوترێ:

| شـــێوەزاری ســـلێمانی دیالێکتی ناوەڕاســـت | |
|---|---|
| شـــێوەی نوســـین | ڕەوتـــی ئـــاخـــاوتـــن |
| ئەحمەد، مەحمود، محەمەد، .... | ئەحمەو، مەحمو، محەمەو، ....«٢٧» |
| دامێ، ئەیدەمێ، چەندت بدەمێ، سندوق | یامێ، ئەییەمێ، چەنت ب(Ø)ەمێ، سنوق |
| منیش دێم، ..... پادار«٢٨» خوا دای | منیش یێم/ یەم، ..... پایار خوا یای |
| لـێی ئەدەم | لـێی ئەیەم/ لێیەیەم«٢٩» |

ئەم دیاردانەش دەبنــە هــۆی کەمکردنــەوەی ڕێــژەی بــەکارهێنانی دەنگــی ( د )، لــە دیالێکتی ناوەڕاست بە گشتی و شێوەزاری سلێمانی بــە تایبــەتی. بــەڵام ئەمــە تاڕادەیــەك کارناکاتە سەر ڕێژەکە لەگەڵ دیالێکتی ژورو، چونکە لە دیالێکتی ژوروشدا ئەم دیاردەیە بە شێوەیەکی تر سەرهەڵدەدا، وەك لە بەندی دوەمی خوارەوەدا دەرەکەوێ.

**بەندی دوەم ـ فۆنێمی ( د ← ت ) لە دیالێکتی ژورودا:**

لە دیالێکتی ژورودا، جگە لەوەی، لە کۆتایی وشەکاندا ( جگە لە ناوە تایبەتیەکان ) فۆنێمی ( د ) سواوە و نەماوە، وەکو لە بەندی سیەمی بەشی یەکـەم باسکرا، زۆرجــاریش لــە پێشەوەی وشەدا، کاتێ وشەی تری دێتە پێش، دەنگی ( د ) کپ دەبێ و دەبێتە ( ت ). وەك:

| دیــــالــــێـــکــــتــــی ژورو | |
|---|---|
| شـــێوەی نـــوســـــین | ڕەوتـــی ئاخاوتن |
| ئەزێ دچم | ئەزێتچم |
| ئاڤێ دخۆی | ئاڤێتخۆی |
| چیایێد/ت کوردستانێ | چیاییێتکوردستانێ |
| چاڤێد/ت ڕەش | چاڤێتڕەش |
| بچیك چ دکەن؟ | بچیك چتکەن؟ |
| تێشتێ دخۆی؟ | تێشتێتخۆی؟ |

ئەم دیاردەیە، دەبێتە هۆی کەمکردنــەوەی ڕێــژەی گــۆکردنی دەنگــی ( د ) و پتربــونی ڕێژەی دەنگی ( ت ).

ئەم دیاردانەش بە گشتی، دیاردەی فۆنۆلۆجین و دو خاڵیان لــێ دەکەوێتەوە:

یەکەم: دەبنە هۆی ناسینەوەی ســیما و دەرخســتنی جیــاوازیی ڕوخســاری دیــالێکتی ژورو و دیالێکتی ناوەڕاستی زمانی کوردی لە کاتی ئاخاوتندا.

دوەم: شێوەی ئاخاوتنی دیالێکتی ناوەڕاست، لە ڕوی چەندێتییەوە، خێراتــر دەکــەن، بــەڵام گۆڕانی زۆرتری بەسەرداهاتوە لە ڕوی چۆنیەتیەوە. بە پێچەوانەی دیــالێکتی ژورو، لــە ڕوی دەربڕینەوە، خێرایی کەمترە، بەڵام لە ڕوی ڕەسەنایەتیەوە، پاراوی خۆی زۆرتــر پاراســتوە. ڕەنگە باری جوگرافی، لەم پرۆسێسی گۆڕانە، ڕۆڵێکی سەرەکی بینیبێ.

## ( ئە نجامەکان )

گرنگترین ئەو ئە نجامانــەی تــۆژەر لــە ئــە نجامی باســەکەیدا بەدەســتی هێنــاون، ئەمانەی خوارەوەن:

١ـ ژمارەی فۆنێم و پیتەکان لە هەردو دیالێکتی ناوەڕاست و ژورودا، وەکو یەکن. بەڵام ڕێژەی بەکارهێنانی هەندێك دەنگ لە نێوان ئەم دو دیالێکتە جیاوازییان هەیە. هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گۆڕانانەی بە درێژایی مێژودا بە سەر دەنگەکانی هەردو دیالێکت بە گشتی و دیالێکتی ناوەڕاست بەتایبەتی، هاتون.

٢ـ هەندێ فۆنێم لە نێوان دیالێکتی ناوەڕاست و دیالێکتی ژورو بە پیتەکانیانەوە دەگۆڕێن، (واتا؛ دەنگ و نوسین)، بەڵام هەندێکی تریان تەنیا فۆنێمەکە دەگۆڕێ و پیتەکە ناگۆڕێ. وەك گۆڕانی دەنگی (د) بۆ دەنگی (ت) لە ڕەوتی ئاخاوتنی هەردو دیالێکتەکە، بەڵام لە شوێنی جیاواز.

٣ـ هاوکێشەی بڕی گۆڕانی هەر فۆنێمێك، لەگەڵ ڕادەی دورکەوتنەوەی ناوچەکان لە یەکتر ڕاستەوانەیە. واتا؛ تا پتر لەیەکتر دوربکەونەوە، ڕێژەی گۆڕانیان پەیتا پەیتا زۆرتر دەبێ، چونکە ڕادەی تێکەڵبون کەمتر دەبێتەوە.

٤ـ دەتوانرێ، بە شێوەیەکی گشتی زۆری و کەمی ڕێژەی بەکارهێنانی دەنگەکان، لە هەردو دیالێکتی ناوەڕاست و دیالێکتی ژورو لەم دو خاڵەدا ڕونبکرێتەوە:

أ ـ ئەو فۆنێمانەی ڕێژەی بەکارهێنانیان لە دیالێکتی ناوەڕاست زۆرترە، بریتین لە: (ا، ە، د، ڵ، و).

ب ـ ئەو فۆنێمانەی ڕێژەی بەکارهێنانیان لە دیالێکتی ژورو زۆرترە، بریتین لە: (ژ، ڤ، ل، ه، ی).

٥ـ هەر فۆنێمێك لەو فۆنێمانەی ئاڵوگۆڕ دەبن، ژمارەیەکی وەك خۆی دەمێنێتەوە لە دیالێکتی بەرانبەری، واتا؛ هیچ فۆنێمێك بەتەواوی لە هەدو دیالێکتەکە لەناوناچێ. دەتوانرێ، ئاڵوگۆڕی فۆنێمەکان لە دیالێکتی ناوەڕاستدا لە خشتەیەکدا بەرانبەر بکرێ لەگەڵ فۆنێمە بەرانبەرەکانی لە دیالێکتی ژورودا:

| **فۆنیمە بەرانبەرەکانی لە دیالێکتی ژوروو** | | **فۆنیمەکانی ئاڵوگۆڕ دەبن لە دیالێکتی ناوەڕاست** |
| --- | --- | --- |
| فۆنیمی (ە) | ↔ | فۆنیمی (ا) |
| فۆنیمی (ø) | ↔ | فۆنیمی (ە) |
| فۆنیمی (ø) | ↔ | فۆنیمی (د) |
| فۆنیمی (ژ) | ↔ | فۆنیمی (لە) |
| فۆنیمی (ژ) | ↔ | فۆنیمی (ش) |
| فۆنیمی (ڤ) | ↔ | فۆنیمی (و) |
| فۆنیمی (ل) | ↔ | فۆنیمی (ڵ) |
| فۆنیمی (ە) | ↔ | فۆنیمی (ø) |
| فۆنیمی (ی) | ↔ | فۆنیمی (و) |

## «سەرچاوەکان»


«١» Edward Sapir, Language, New York, ١٩٤٩, p٨.

«٢» ستيفن أولمان، دور الكلمة في اللغة، ترجمة دكتور كمال محمد بشير، المنيرة، ١٩٧٣، ص٢٩.

«٣» الدكتور ابراهيم أنيس، اللغة بين القومية والعالمية، القاهرة، ١٩٧٠، ص١١.

«٤» صالح الكشو، مدخل في اللسانيات، طرابلس، ١٩٨٥، ص٣٧.

«٥» Winfred P. Lehmann, Descriptive Linguistics, New York, ١٩٧٦, p٢٧٨.

«٦» Noam Chomsky, Topics in the theory of generative grammar, Mouton and Co, The Haguee, ١٩٦٦, p٧-٢٤.

«٧» Geoffery Leech, Semantics, Great Britain, ١٩٧٤, p١٠.

«٨» J.P.B.Allen and Paul Van Buren, Chomsky: Selected Reading. London, ١٩٧٢, p٧٢.

«٩» جون لاينز، علم الدلاله، ترجمه مجيد عبدالحليم الماشگه، حليم حسين فالح وكاظم حسين باقر، جامعه البصره، ١٩٨٠، ص٣٤.

«١٠» تيرينس مور و كريستين كارانغ، فهم اللغه: نحو علم لغه لما بعد مرحله جومسكى، ترجمه الدكتور حامد حسين الحجاج، بغداد، ١٩٩٨، ص٢١٥.

«١١» دكتر برويز ناتل خانلرى، تاريخ زبان فارسى، جلد أول، انتشارات بنياد، فرهنك ايران، ١٣٤٩، ص١٠٣.

«١٢» د. جمال رشيد أحمد، لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی وڵاتی کوردەواری، بەغدا، ١٩٩٨، ل٩.

«١٣» John Lyons, Language and Linguistics, London, ١٩٨٥, p٢٠٧.

«١٤» David Crystal, Linguistics, England, ١٩٨١, p١٨٩.

«١٥» محمد رضا باگنى، توصيف ساختمان دستورى زبان فارسى، تهران، ١٣٧٢ايرانى، ص٢٣.

«١٦» Fred West, The way of language an introduction, Atlanta, ١٩٧٥, p ٢١٤.

«١٧» جلادت بدرخان و روجيه لسكو، قواعد اللغه الكرديه (اللهجه الكرمانجيه)، ترجمه دلاور زنكى، عمان، ١٩٦٨، ص٣٦.

«١٨» د. ئەورەحمانی حاجی مارف، هەوڵێکی سەرەتایی بۆ دۆزینەوەی نیشانەکانی ناسیاوی و نەناسیاوی لە

دیالێكتی كرمانجی خواروودا، گۆڤاری زانكۆ، بەرگی ٣، ژمارە ٢، سلێمانی، ١٩٧٧، ل١٣٢.
﴿١٩﴾ توفيق وهبي، قواعد اللغة الكردية، جزء الاول، ص٣٦.
﴿٢٠﴾ جەمال نەبەز، زمانی یەكگرتوی كوردی، ئەڵمانیا، ١٩٧٦، ل٦١.
﴿٢١﴾ ك. ك. كوردۆییێف، ڕێزمانی كوردی، وەرگێڕانی د. كوردستان موكریانی، هەولێر، ١٩٨٤، ل٢١٣.
﴿٢٢﴾ D. Lit., IDA C. Ward, London, p١٨٠.
﴿٢٣﴾ Henry Cecil Wyld, The growth of English, London, ١٩٤٢, p٢٠.
﴿٢٤﴾ Leonard Bloomfield, Language, London, ١٩٦٩, p٩٨.
﴿٢٥﴾ د. ئەورەحمانی حاجی مارف، بنج و بناوانی هەندێ وشە، بەشی یەكەم، بەغدا، ٢٠٠٠، ل٣٥.
﴿٢٦﴾ غازی فاتح وەیس، فۆنەتیك، بەغدا، ١٩٨٤، ل٥١.
﴿٢٧﴾ د. ئەورەحمانی حاجی مارف، دیاردەكانی دەنگی ( د ) لە شێوەی سلێمانیدا، بەغدا، ٢٠٠٠، ل٤.
﴿٢٨﴾ محەمەد ئەمین هەورامانی، سەرەتاییێك لە فیلۆلۆژی ی زمانی كوردی، بەغدا، ١٩٧٣، ل٥٥.
﴿٢٩﴾ Ernest N. McCarus, A Kurdish Grammar, New York, ١٩٨٥, p١٠.

## ( ملخص البحث )

إذا أمعنّا النظر إلى اللّغة الكورديّة تحت ضوء علم الصوت ( Phonology )، نرى فروقاً متفاوتة في نسبة إستعمال أو تكرار بعض الفونيمات ( الأصوات ) في اللّهجة الشّمالية للّغة الكورديّة، مقارنة مع لهجتها الوسطى. فعلى سبيل المثال، نسبة إستعمال الفونيمات: ( ا ، ە ، د ، ڵ ، و ) أكثر في اللّهجة الوسطى، مقارنةً باللّهجة الشّمالية. بينما نسبَة' إستعمال الفونيمات ( ژ ، ڤ ، ل ، هـ ، ی ) أكثر في اللّهجة الشّماليّة مقارنةً باللّهجة الوسطى.

إضافةً إلى ذلك وجد الباحث ظاهرة تغيير الصوت الصائت ( المجهور ـ Voiced ) ( د ) إلى الصوت الصامت ( المهموس ـ Voiceless ) ( ت ) في اللّهجتين الشّماليّة والوسطى للّغة الكوردية ولكن في مواقع مختلفة. يتناول البحث مواقع هذه الظواهر الصوتية وكيفيتها في مقارنة بين هاتين اللّهجتين.

يتضمن البحث فصلين والنتائج والملخص باللغتين العربية والأنكليزية، إضافةً إلى المصادر والمقدمة.

## (Abstract)

If we examine closely to Kurdish language under the auspices of the Phonology, we see that there are many checkered variances in the ratio of usage or iterance some phonemes in Kurdish northern dialect in comparison with Kurdish centrist dialect. For the purpose of illustration, the ratio

of usage these phonemes: (ڵ, د, ه, ا and و) is more in the centrist dialect in comparison with northern dialect, while the ratio of usage of these phonemes: (ژ, ۆ, ل, هـ and ی) is more in the northern dialect in comparison with the centrist dialect.

In addition to these the researcher found that there is a phonomenon of vicissitude of the sound (د) from voiced to voiceless, and it becomes (ت) in the both Kurdish dialects northern and centrist, but in the different situation. The research work whips these phonologic phonomenons by comparing these two dialects.

The research implies two chapters, illations, and the Arabic and English abstracts, withal the list of sources and introduction.

هەواڵنامەی کتێب

# جیاوازیی زمانی کۆمەڵگای دێهات و شارەکان

## توێژینەوەیەکی کۆزمانەوانی بەراوردکاریە

هەواڵنامەی کتێب

پرۆفیسۆر دکتۆر
عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسوڵ

**ئەم توێژینەوەیە لە کۆنگرەی جیهانی لە بارەی خوێندنی کوردی پێشکەشکراوە، لە ٦ تا ٩ی ئەیلولی ٢٠٠٦ لە سەنتەری توێژینەوەی زانکۆی سەلاحەددین بەڕێوەچو. دواتر لە کتێبی تایبەت لە لاپەڕە (٥٥ – ٨٢) بڵاوکراوەتەوە.**

**بەرواری نوسین: ٦ / ٦ / ٢٠٠٦**

## ((جیاوازیی زمانی کۆمەڵگای دێهات و شارەکان))

### پێشەکی:

زۆر جار، لێرە و لەوێ، لە میانەی ئاخاوتنی شارنشینەکاندا، توانج و پەلار ئاڕاستەی ڕەفتار، یان شێوەی ئاخاوتنی دێهاتنشینەکان دەکرێ و دەربڕینەکان ئەوە دەگەیێنن، کە گوایا دێهاتنشینەکان، لە هەمو بوارەکانی ژیان، لە ئاستێکی نزمتردان. تەنانەت هەندێ جار، ناوی هەندێ ناوچە وەکو ئیدیەم بەکاردێن. بۆ نمونە: لە هەولێر زاراوەی (کرمانج، دەشتەکی، یان خۆشناو ......) و لە سلێمانی زاراوەی (هەورامی، شارەزوری، یان لادێیی.....) و لە دهۆك زاراوەی (گوندیی، بەندیی، یان گولی و سندی.......)، بەرامبەر خەڵکی دێهاتنشین بەکاردەهێنن. وەك ئەوەی لە هەولێر باوە، کە دەڵێن: (لێی گەڕێ، کرمانجە! یان دەشتەکیە!...)، لە سلێمانی دەڵێن: (وازی لێ بێنە، لادێییە! یان هەورامیە!....)، لە دهۆك دەڵێن: (ژێگەڕێ گوندییە!... ژێوەبە بەندییە[١٤٢]!.....). تەنانەت هەندێ جار، لە ناو شارۆچکەکانیش ناوی گوندێك یان خێڵێکی تر دەبێتە نمونەی ئەم جۆرە ئیدیەمانە، وەك لە هەولێر دەڵێن: (ئاگاداربە خۆشناوە)، لە خۆشناوەتی تیرەی (هەروتی) بوەتە نمونە و دەڵێن: (کوڕە ئاگات لێ بێ هەروتیە)، لە ناوچەی سۆران گوندی (وەرتێ) بوەتە نمونە و دەڵێن: (ئەوە چیە؟ دەرێی وەرتیە!)، لە شارۆچکەی ئامێدی (بەرێ گارێ)، بوەتە بەرپەلار، وەك دەڵێن: (ما تو بەرێ گارێی). ئەم نمونانە – مشتێکن لە خەروارێك – و تۆژەر لەم لێکۆڵینەوەیەدا، دەیەوێ،

---

١٤٢ واتە" وەکو خەڵکی گوندی (بەندا)یە. کە گوندێکە دەکەوێتە پشت دهۆك.

ڕاستی و دروستی ئەم بۆچونانە تاوتوێ بکا و لە ڕوی کۆزمانەوانیەوە، ئاستی خەڵکی[143] شارنشین و گوندنشین هەڵسەنگێنێ و هۆیە کاریگەریەکانی بونی ئەم دەستەواژانە دەستنیشانبکا، چونکە (کۆزمانەوانی بریتیە لە توێژینەوەی زمان لە میانی پەیوەندیی بە کۆمەڵگاوە)[144]. شایانی باسە، توێژینەوەکە لە سەردەمی پێش هەزارەی سێیەم دەدوێ، کە باری کۆمەڵایەتی کوردەواری تاڕادەیەك ئۆقرەدار و جێگیر بو و هێشتا بە تەواوەتی کاریگەریی کارەساتی ئەنفال و ڕاگواستن و ئۆردوگا زۆرەملێیەکان دەرنەکەوتبو. چونکە ئەم کارەساتانە تای تەرازوی گۆڕانکاریەکانیان تێکدا و ژیانی هاوچەرخی دوای ئەم کارەسات و ڕاپەڕین و گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتیەکان، پێویستیی بە توێژینەوەیەکی تری تایبەت هەیە و ڕەنگە ئەم توێژینەوەیە زەمینەخۆشکەر بێ بۆی.

ئەم توێژینەوە بۆ پێکانی مەبەستەکەی خۆی، کراوەتە سێ بەش:

لە بەشی یەکەمدا، ژیانی ڕۆژانەی هەردو کۆمەڵگای دێهاتنشین و شارنشین هەڵسەنگێنراون، دوای ئەوەش بە دو بڕگەی جیاواز، هەریەك لەو دو کۆمەڵگایە تاوتوێکراون و کاریگەریی سیما کۆمەڵایەتیەکان، لەسەر زمانی ئاخاوتنی هەر کۆمەڵگایەك، بە چەند خاڵێك دەستنیشانکراوە. بۆیە ئەم بەشە لە بەشەکانی تر درێژترە و کرۆکی باسەکەی هەڵگرتوە.

لە بەشی دوەمدا، جۆرەکانی پەیوەندیی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا پۆلینکراون و لە ژێر تیشکی ئەو پۆلینکردنە، بەراوردی شێوەی ئاخاوتنی هەردو کۆمەڵگای دێهاتنشین و شارنشین کراون.

لە بەشی سێیەمدا، بەراوردی شێوەزمانی هەردو کۆمەڵگای دێهاتنشین و شارنشین کراوە، لە ڕوی کورتبڕی و کورتبونەوەی شێوەی ئاخاوتنیان.

لە کۆتاییدا، ئەنجامەکانی توێژینەوەکە و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی باسەکە بە عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتە ڕو.

## بەشی یەکەم – ژیانی ڕۆژانەی هەردو کۆمەڵگای دێهاتنشین و شارنشین:

لەم بەشەدا، هەوڵدراوە، ژیانی ڕۆژانەی هەدو کۆمەڵگای دێهاتنشین و شارنشین[145] بە شێوەیەکی گشتی و تێکڕا بخرێتەڕو، چونکە ڕەنگدانەوەی تەواوی ئەو ژیانە لە زمانی

---

١٤٣ Halliday, M. A. Language in Social Perspective in Language Perspectives ed. pp.٨٨-١٠٩.

١٤٤ Hudson, R. A. Sociolinguistics. p.١.

١٤٥ موفق الحمداني. اللغة وعلم النفس. ص٢٢٧.

گۆمەڵگاکە ڕەنگرێـژ دەبـێ١٤٦ و کاریگـەرییێکی بنـەڕەتیی دەبـێ، لەسـەر بـیر و بۆچـون و دەربڕینەکانیان. هەڵبەتە لەو کاتەدا کە ژیانی ڕۆژانـەی کۆمەڵگایـەك زمـانی کۆمەڵگاکـە ڕەنگرێژ دەکا١٤٧، لە هەمان کاتدا، زمانی کۆمەڵگاکەش دەبێتە ئاوێنەی ڕەنگدانەوەی هۆش و بیری ئەو کۆمەڵگایە و مێشکی هەر ئەندامێکی ئەو کۆمەڵگایە١٤٨، تا ڕادەیەك وەکو مێشکی ( هاڕدی ) هەر کۆمپیوتەرێك، جگە لە بەهرە و ئەفراندنەکانی خۆی، ناتوانێ، زانیاری زیاتر لەو داتایانەی کە لە ژیانی ڕۆژانەی وەریگرتوە، بیانکاتە زمان و پێشکەشی بەرامبـەرەکانی بکا. هەڵبەتە تاوەکو ژینگەی ژیانی ئەندامەکە سنوردارتر بێ، ئەفراندنەکانیشـی کـەمتر و سنوردارتر دەبن.

شایانی باسە، کۆتایی هەزارەی دوەم، کۆتایی سەهۆڵبەندانی سرەوتن و دورەپەرێزی کۆمەڵگای کوردەواری بە گشتی و کوردستانی باشور بە تایبەتی بـو. شـاڵاوی تەکنـەلۆجیای سەردەم لە گەڵ دەسپێکی هەزارەی سـێیەم، زۆر لـە بنـەما سربەسـتوەکانی شـکاند و ئێسـتا خەریکە ئەفسونی تۆڕەکانی پەیوەندیکردن و میدیاکان، دیوەخانی سەرجەم ماڵـەکوردەکان، لە ڕەشماڵێکا کۆدەکاتەوە و هـەمان حیکایـە تخوان، لـە هـەمان کاتـدا، چیرۆکی زانسـتی هاوچەرخ بۆ هەمو مەجلیسەکان، دەکات بە شەوچەرە. جگە لەمەش، ڕێگاوبـان و هۆیـەکانی گواستنەوە، گۆڕانێکی ڕیشەیی چەندی و چۆنییان بەسەرداهاتوە، بۆیە بواری توێژینەوەکـە، پێش ئەم سەردەمە دەگرێتەوە، کە تائێسـتاش کاریگـەریی زەقـی خـۆی بەسـەر ئاخـاوتنی کوردەواری دیارە و تـا ئێسـتا، هـیچ گـۆڕانێکی ئـەوتۆی هەسـتپێکراوی بەسـەردانەهاتوە. ئەگەرچی گومان لەوەدا نیە، بە ماوەیەکی کەم، ئاسەوارەکانی ئەم پێشکەوتنە دەردەکەون.

بەر لە هەمو شتێك دەتوانین، لە ڕوی جوگرافیەوە، ئاواییەکانی کوردستان، دابەشـی دو بەش بکەین، ناوچەی شاخاوی و ناوچەی دەشتایی، یاخود دەتوانیین، بە شـێوەیەکی تـر بڵێین، تۆبۆگرافیای ئاواییەکانی کوردستان لە زۆر سـەختەوە بـەرەو زۆر ئاسـان هاتونەتـە خوارەوە. هەڵبەتە هەرچەندە باری جوگرافیا سەختتر بێ، بە تایبەتی لە دێهاتەکان، ڕادەی هاموشـۆ و تێکـەڵبونیش کـەمتر دەبـێ، پێچـەوانەی ئەمـەش ڕاسـتە. ڕادەی تێکـەڵبونی ئەندامەکانیش کۆڵەکەی سەرەکیی هاویەکبونی زمانە. بۆیە بە پێویست زانـرا، بـەر لـەوەی

---

١٤٦ Abercrombie, D. The Social Basis of Language in Teaching English as a Second Language. p٢٦٨.

١٤٧ Bolinger, D. Regarding Language. p.١٥٣.

١٤٨ كمال يوسف الحاج. في فلسفة اللغة. ص١٢٠.

باسی وردەکاریەکان بکرێ، بە شێوەیەکی گشتی باسی ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگای دێهاتنشین(گوندنشین ) و شارنشین بکرێ:

**بڕگەی یەکەم- ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگای دێهاتنشین:**

دەتوانرێ، بە شێوەیەکی گشتی سیماکانی ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگای دێهاتنشین، لەم خاڵانەی خوارەوەدا کۆبکرێنەوە:

١- ژیانی ڕۆژانەی هەر تاکێکی کۆمەڵگای دێهاتنشین، لە هەر گوندێکدا، هاوشێوەی تاکەکانی ترە. بە شێوەیەکی گشتی، ژیانەکەیان تا ڕادەیەکی زۆر سنوردار و هاویەکە. واتە؛ هاوپیشە و هاوبیر و هاوڕەفتار و ....هاوجۆرن. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، لە هەمان ژینگە و بە هەمان شێوە پەروەردە بونە و تا ڕادەیەکی زۆر، هەمان داتا زانیاریەکان گەیشتونەتە مێشکی تاکەکان١٤٩. لە هەمان کاتدا، باری جوگرافی دێهاتەکانی کوردستان وایکردوە، بە زۆری گوندەکان لە یەك دابڕێن، لە ناوچە شاخاویەکاندا، دۆڵ و چیاکان بونەتە لەمپەر و لە دەشتەکانیش، پانتایی دەشتە وشکەکان، چۆم و ڕوبارەکان، بونەتە بەربەست و گوندەکانیان لەیەك دابڕیوە و بواری تێکەڵبونیان زۆر کەمکردۆتەوە. لە ئەنجامی ئەوەش، گۆڤەر و شێوەزاری ناوچەیی زۆر پەیدابونە و لە هەندێ کەرەسەی زمانەوانیدا لە یەکتر جیاوازن. بۆنمونە شێوەی ئاخاوتنی دۆڵی باڵەکان١٥٠، جیایە لە شێوەی ئاخاوتنی دۆڵی ئاکۆیان١٥١ و شێوەی ئاخاوتنی ئەوانیش، جیاوازن لە شێوەی ئاخاوتنی دۆڵی بالیسان١٥٢، کە ئەم سێ دۆڵەش هەرسێکیان دەکەونە تەنشت یەك و بە زنجیرە چیا لە یەك جیابونەتەوە. بەڵام ئەم جیاوازیە لە شێوەزاری ناوچەییان، نەبوەتە هۆی جیاوازییێکی زەقی هەستپێکراو، لە ڕەفتار و بیر و بۆچونەکانیان و وشە-فەرهەنگیەکانیان، چونکە ژینگەی پەروەردەبونیان، تا ڕادەیەکی زۆر لە هەمو لایەنەکان هاوشێوەیە.

٢- بە زۆری خەڵکی دێهاتەکان بە کاری ئاژەڵداری، یان کشتوکاڵەوە، یان هەردوکیان خەریکن. بۆیە سامانی زمانییان لە وشە و چەمك و دەربڕینەکان کەمتر لەم تەوەرەیە

---

١٤٩ Fishman, J. A. The Sociology of Language. p.٤٨.

١٥٠ ( لە جوندیان بەرەو ڕۆژهەڵات تاکوو حاجی ئۆمەران ).

١٥١ ( لە ڕەواندز بەرەو خواروو تاکوو سەران و مەلەکان ).

١٥٢ ( لە خەلیفان بەرەو خواروو تاکوو حاجیاوە ).

دەردەچێ، تەنانەت زۆربەی وشە و زاراوەکانیش ڕەسەن و پـەتی و دێـرینن و مـۆرکی کلتوری کوردەوارییان پێوە دیارە.

٣- لەو ڕۆژانەدا کە کەش و هەوا لەبار بێ، واتە سـامال بـێ و کرێـوە و بـەفر و بـاران نەبێ، تاکەکان بـە هـەردو ڕەگـەزەوە، لەگـەڵ کـازیوەی بەیانیـدا، ڕو لـە کـار و ئەرکەکانیان دەکەن. ئەوانەی ئاژەڵدارن، کارەکانیـان وەك شـوانکارەیی، گـاوانی، دروسـتکردنی دێچـلو و دێپـوش و کـۆز و تەویلـە و ...... هتـد بـۆ ڕەگـەزی نێـر و بیریەوانی، دۆشین و مەشکە و .......هتـد بـۆ ڕەگـەزی مـێ، ئـیتر جگـە لـە کـارە ڕۆتینیەکانی ڕۆژانە دوبارە دەبنەوە، وەکو کابانیی ماڵەوە بە تاییەتی بۆ ئافرەتان. هەردو ڕەگەزەکە، تا ڕۆژئاوابون خـەریکی ئـەم کارانـە دەبـن. بـەڵام ئەوانـەی بـە کشتوکاڵەوە خەریکن، بە هەمان شێوە لە بـەیانیان تـا ئێـوارە، ڕەگـەزی نێـر، بـە چاندن، ڕەزبڕین، پەنداوتن، جوت، دێراولێدان، پەرژینکاری و......هتد خەریکن و ڕەگەزی مێ، بە ئاودێری، بژارکردن، بەروبوم ڕنین و.........هتـد خـەریکن. لێـرەدا ئەوەی مەبەستە، نیشاندانی ئەو وێنەیەیە، کە تاکی دێهات بـە زۆری، ڕۆژانـە بـە تەنیایە و لە شوێنێکدا خەریکی کارکردنە و ڕادەی تێکەڵبونی لەگەڵ تاکەکانی تـر زۆر سنوردارە و کەمتر قسەدەکا و کەمتریش قسە دەبیسێ، شەوانیش کە گەڕایەوە ماڵ لە بەر هیلاکی و ماندوبون، هەر نوێژی شێوانی کرد، دەخەوێ. ئەم دورەپەرێزیە، بە شێوەیەکی گشتی، دەبێتە هۆی سنوردارکردنی سامانی زمانی و هـەژاری لـە ڕوی وشـە فەرهەنگییەکان (مفردات–Vocabulary).

٤- لەو ڕۆژانەدا، کە کەش و هەوا لەبار نەبێ، واتە کرێوە و بەفر و باران بێ، ئەمـەش بە پێی ناوچەی جوگرافی لە گوندێکەوە بۆ گوندێکی تر دەگۆڕێ، تەنانەت لە هەندێ گوندی ناوجەرگەی ناوچە شاخاویەکانی باکور، بۆ ماوەی پتر لە چوار مانگ، خەڵکی گوندەکە نەیانتوانیوە، لە بەر ئەستوری بەفرەکە، لە ئاواییەکەیان دەربچن. یـاخود هەندێ جار، چەندین ڕۆژ لە ناو ماڵەکەیان ماونەتەوە و بە بەفر و کرێـوە ئابلۆقـە دراون. بەهارانیش توانەوەی بەفرەکان و شەستەبارانەکان، دەبونە هـۆی هەڵسـانی ئاوی دۆڵ و چۆمەکان و ڕێگەی بە پەڕینەوەی خەڵکی ئاواییـەك، بـۆ ئـاواییێکی تـر نەدەدا. دوبارە ئەمەش دورەپەرێزی و دابڕین و تێکەڵنـەبونێکی لـە نێـوان خـەڵکی ئاواییەکان بە تاییەتی و خێزانەکان و تاکەکان بە گشتی دروستدەکرد و دیسان بـە نەگەتیڤانە، کاری دەکردە سەر سامانی زمانی و دەبوە ڕێگرێك لە سەر ڕێی ئاڵوگۆڕی یەکە زمانیەکان و چەمك و بیرۆکەکانی تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایە.

٥- بە میرات مانەوە و گواستنەوەی چـەمکە ئەفسـانەییە کۆنـەکان و داب و نەریتـە١٥٣ ژەنگگرتوەکان و بۆچونە ئاینیە دەسکردەکان١٥٤، لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تـر و پەسەندکردن و جێبەجێکردنیان، وەکو یاسایێکی پیرۆز و خو و ڕەوشتێکی شکۆمەند، هێندەی تر، جیـاوازیی نێـوان کۆمـەڵگای دێهاتنشـین و شارنشـینی فراوانـدەکرد و شورەیەکی پۆڵایینی کۆت و پێبەنـدیی لـە دەوری مێشـکی هـەرتاکێکی دێهاتنشـین دروستدەکرد، کە دژی هـەمو گۆڕانکـارییێکی پێشـکەوتنخواز بـێ و بەرپەچـی هـەمو شنەباییێکی شارستانیەت بداتەوە و بە لادان لـە ڕێبـازی پـیرۆزی بـاب و بـا پیرانی دابنێ١٥٥. ئەم کۆتەڵە قاڵبگرتوەی هەر تاکێکی کۆمەڵگای دێهاتنشین، تا ڕادەیەکی زۆر ڕێگەی دەگرت، لە گۆڕان و دەوڵەمەندبونی سامانی زمانیی تاکەکان. لـە جیـاتی پتربونی ڕۆژانەی فەرهەنگی وشەکانی مێشکی هەر تاکێك، ڕەنگە لە نەوەیەکەوە بـۆ نەوەیەکی تـر گـۆڕانێکی ئـەوتۆ بەسـەر ئـەو فەرهەنگـە نەهاتبایـە، کـە تـەواو هەسـپێکراو بـێ و شـایانی بـاس بـێ. لـە ئەنجامـدا توانسـتی تێگەیشـتن و تێگەیاندنی١٥٦ تاکی دێهاتنشین، لە تاکی کۆمەڵگای شارنشین، کەمتر دەبووەوە.

٦- دورە دەستی دێهاتەکان و سەختی باری جوگرافیا، چ لە ڕوی کەش و ئاوهـەوا، چ لـە ڕوی بەرز و نزمی و تۆپۆگرافیای خاك، سـەرباری نـەبوی شـەقامی قیرتـاو و هێڵـی شەمەندەفەر و هەر ڕێگایەکی تری گونجاوی هاتوچۆ... ئەمانە هەموی بونەتە هۆی، کـەمتر گەیشـتن و درەنگـتر گەیشـتنی ڕۆشـنبیریی هاوچـەرخ و بنـەماکانی شارستانیەت١٥٧ بەو ناوچانە، وەك: قوتابخانە، نەخۆشخانە، کارەبا، هۆیـەکانی

---

Lyons, J. Language & linguistics. pp.٣٠١-٣٢٩. ١٥٣

١٥٤ بۆ نمونە، چونە سەر گۆڕی پیاوچاکان و نوشتەکردن و بەندەیی شێخەکان و بە دوژمن زانینی خوێندەواری و......هتد.

١٥٥ ابراهیم أنیس. اللغة بین القومیة والعالمیة. ص١٧.

Bernstein, A. Social Class Language & Socialization. pp.١٦٠- ١٥٦ ١٦١.

١٥٧ ئەگەرچی شۆڕشە یەك لە دوای یەکەکانی کورد و پارتە ڕامیاریەکان، بە تاییەتی شۆڕشەکانی نیوەی دوەمی سەدەی بیستەم (چونکە خاوەنی دەزگای ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە بون) ڕۆڵێکی باش و بەرچاویان بینی لە وشیارکردنەوە و گەیاندنی بڕێکی تواناداری شارستانیەت بۆ کۆمەڵگای دێهاتنشین، بەلام کاریگەری ئەو شۆڕش و پارتانە بە هەمان شێوە

ڕاگەیاندن، ئامێرە هاوچەرخەکان و..........هتد. جگە لە هەبونی پاشماوەکانی کاردانەوەیەکی دەرونی پێشتر کە گوایا ئەم هۆکارانە مرۆڤ بەرەو گومڕایی باوەڕ دەبا و شیرازە پیرۆزەکانی ئاین و ڕەوشتبەرزی دەپچڕێنن. نەگەیشتن یان بە کەمی و درەنگ گەیشتنی کاروانی شارستانیەت، بوە هۆی زۆرتر فراوانکردنی جیاوازیی نێوان کۆمەڵگای دێهاتنشین و شارنشینی کوردەواری لە لایەك و لە لایەکی تریش بوە هۆی و دەوڵەمەند نەبون و هەروەکوخۆ مانەوەی سامانیی زمانی و جۆری بیرکردنەوەی کۆمەڵگای دێهاتنشین.

**بڕگەی دوەم- ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگای شارنشین:**

بەرامبەر ئەم خاڵانەی سەرەوەی کۆمەڵگای دێهاتنشین، دەتوانرێ، بە شێوەیەکی گشتی سیماکانی ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگای شارنشین، لەم خاڵانەی خوارەوەدا کۆبکرێنەوە:

(( خاڵی یەکەم )) ـــ ژیانی ڕۆژانەی تاکەکانی کۆمەڵگای شارنشین لە هەر شارێکدا، زۆر کەم هاوشێوەی تاکەکانی ترە، چونکە ژمارەی پیشە جۆراوجۆرەکان زۆرە و دەشێ، بوترێ، تاکەکانی ناو گروپە هاوپیشەکان[158]، وەك فەرمانبەران، مامۆستایان، زێڕینگەران، کرێکاران و .....هتد، بە شێوەیەکی گشتی، ژیانەکەیان لە ناو خودی گروپەکەدا، تا ڕادەیەکی زۆر سنوردار و هاویەکە. واتە؛ بە ڕێژەیەکی کەمتر لە تاکی دێهاتنشین، تاکەکانی ئەم گروپانە هاوپیشە و هاوبیر و هاوڕەفتار و ..............هاوجۆرن. لێرەدا دەتوانرێ، چەند گروپێکی هاوپیشە وەکو نمونە دەستنیشانبکەین:

١- گروپەکانی پیشە فەرمیەکان: ئەم گروپانە سەرجەم فەرمانبەران و موچەخۆرانی میری دەگرێتەوە، کە دەتوانرێ، بە پێی ناونیشانی پیشەکەیان، وەك ئەندازیار، مامۆستا، پۆلیس، شوفێر و ....هتد پۆلین بکرێن، یان بە پێی وەزارەت و فەرمانگاکان پۆلین بکرێن، بۆ نمونە ئەرك و فەرمانی تاکەکانی هەر وەزارەتێك بە گشتی، لە وەزارەتەکەی تر، جیایە. وەك ئەرکەکانی وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە، جیایە، لە کاروباری ئاینی و کاروباری پەروەردە و فێرکردن، یان تەندروستی، پیشەسازی، شارەوانی و.....هتد. کەواتە دەتوانرێ، گروپەکانی پیشە فەرمیەکان، پۆلینێکی سەرەکیی گشتی بکرێن، بە پێی وەزارەت و فەرمانگاکانیان و لە ناو پۆلینە

---

لە سەر کۆمەڵگای شارنشینیش کاریگەرییان هەبو، بۆیە ئەم وەرچەرخانە گرنگە نەبوە هۆی نزیکبونەوەی هاوسەنکیی تای تەرازوی هەردو کۆمەڵگاکە.

158. Bell, R. T. Sociolinguistics. p.١٠٤

سەرەکیەکەشدا، پۆلینێکی لاوەکیی تایبەتی بکرێن، بە پێی بڕوانامە و ناونیشانی پیشەکەیان. چونکە لەوانەیە، لە زۆربەی وەزارەتەکان ئەندازیار، کۆمپیوتەرساز، نوسەری چاپ، خزمەتگوزار و....هتد هەبن.

٢- گروپەکانی پیشە ئازادەکان: ئەم گروپانە تاکەکانی سەرجەم پیشە ئازادەکان دەگرنەوە، کە موچەخۆری میری نین و کاری ئازاد دەکەن، وەك: بازرگانەکان، دوکاندارەکان، ئاسنگەرەکان، فیتەرەکان و.....هتد.

مەبەستی بنەڕەتیی ئەم پۆلینە، پێکانی دو ئامانجی گرنگە:

ئامانجی یەکەم: لەم پۆلینەدا، جۆراوجۆری چۆنایەتی و چەندایەتی پیشەکانی کۆمەڵگای شارنشین دەردەکەوێ، کە ژمارەیان زۆر زۆرە، ئەگەر لە گەڵ کۆمەڵگای دێهاتنشین بەراورد بکرێن، کە ژمارەی پیشە بنەڕەتیە سەرەکیەکانیان تەنیا دو پیشەیە: ئاژەڵداری و کشتوکاڵ، بە هەموارکردنی کارە ئارەزومەندیەکانی وەك، ڕاو و شکار و هەندێ پیشەدەستیەکانی وەك، دروستکردن و ڕستن و چنینی ئامراز و کەلوپەلە فۆلکلۆریەکان.

ئامانجی دوەم: لەم پۆلینەدا، سامانی زمانی و زۆری کەرەسە و وشە فەرهەنگیەکانی تاکەکانی کۆمەڵگای شارنشین دەخەملێنرێ، بە تایبەتی زۆربەی گروپەکان لە ژیانی ڕۆژانەیان، یان هەرنەبێ، مانگانە و ساڵانەیان پێویستییان بە یەکتر دەبێ و دەبێ بڕێکی پێویست و گونجاو لە وشە فەرهەنگیەکانی یەکتر بزانن. بۆ نمونە دەتوانرێ، جگە لە وشە فەرهەنگیە گشتیەکانی ڕۆژانە، وشە و زاراوە تایبەتیەکان، بە پێی پیشەی گروپەکان دابەشی چەند بەشێك بکەین١٥٩. وەك ئەمانەی خوارەوە:

***بەشی یەکەم - فەرهەنگی سامانیی زمانیی فێرگەکان:*** لە فێرگەکاندا، لە قۆناغی باخچەی ساوایانەوە تا خوێندنی باڵا، جگە لە فەرهەنگە گشتیە باوەکە، فەرهەنگێکی تایبەتی زاراوەی تایبەت بە وانە و خوێندن و کەلوپەل و دامودەزگا و ستافی فێرکاران و فێرخوازان بەکاردێن، کە لە بەشەکانی تر بە دەگمەن باس دەکرێن.

***بەشی دوەم - فەرهەنگی سامانیی زمانیی پەرستگاکان:*** هەڵبەتە لەم شوێنانەشدا، فەرهەنگێکی زاراوەی تایبەت بە بابەتە ئاینیەکان هەن، کە هەمەجۆری و هەمە پسپۆری تیادا دەردەکەوێ و بە دەیان پەرستگەی وەك مزگەوت و تەکیە و خانەقا و حوجرە و..........هتد، ڕۆلی خۆیان تیادا دەبینن، کە لە دێهاتەکاندا ئەگەر هەشبێ، بە زۆری لە مزگەوتێك و کۆلکە مەلایەك، یان دیوەخانی شێخێك خۆی دەنوێنێ و پتر بۆ ئەنجامدانی

---

١٥٩ محمد معروف فتاح. سنورو بنەماو ئەرکەکانی کۆزمانەوانی. ل١١٧.

نوێژ و دەستنوێژە، کە تاکەکە کەمتر لەو وشەعەرەبیانە دەگا کە هەرچۆنێك بێ، ئەزبەری کردون و بەبەغا ئاسا دەیانڵێتەوە.

***بەشی سێیەم - فەرهەنگی سامانیی زمانیی بازاڕەکان:*** لە بازاڕیشدا، بە شێوەیەکی گشتی فەرهەنگێکی زاراوەی تایبەت بە کڕین و فرۆشتن و سەوداکاری بەکاردێ، کە لە شوێنەکانی تر دەگمەنن، ئەگەرچی لە ناو ئەو بەشەشدا، فەرهەنگی زاراوەی تایبەت بە جۆری دوکانەکان هەیە. بۆ نمونە، هەندێ زاراوەی تایبەت هەن بە زێڕینگەری، پیشانگای ئوتومبێلەکان، کوتاڵفرۆشی، سەوزەفرۆشی، سەعاتچی، کەبابچی و............هتد.

***بەشی چوارەم - فەرهەنگی سامانیی زمانیی پیشەسازیەکان:*** ئەم بەشە فەرهەنگی زاراوەکانی تایبەت بە شوێنە پیشەسازیەکان دەگرێتەوە، وەك گەڕەکی پیشەسازیی چاککردنەوەی ئوتومبێلەکان، کارگەکانی دارتاشی، کارگەی بەرگدرویی، کارگەی جگەرە، کارگەی ڕستن و چنین و............هتد.

***بەشی پێنجەم - فەرهەنگی سامانیی زمانیی شوێنە تەندروستیەکان:*** فەرهەنگیی سامانیی ئەم بەشە، خۆی لەو زاراوە و ناوی دەرمان و کەرەسانە دەدۆزێتەوە، کە بەکاردەهێنرێن، لە دامودەزگا تەندروستیەکانی وەك، نەخۆشخانەکان و نۆڕینگە پزیشکیەکانی سەرجەم نەخۆشیەکان و تاقیگە و دەرمانخانەکان و تەنانەت فێرگە تەندروستی و پزیشکیەکان و دەرمانسازیەکان.

بەشێکی سەرەکیی تر و بنەڕەتیی تر لەم پێنج بەشەی سەرەوە، فەرهەنگیی سامانیی زمانیی ماڵەوەیە، کە شێوەی ئاخاوتنی هەر ماڵێك، بە زۆربەی وشە و زاراوەکانەوە جیاوازە، لەو بەشانەی لە سەرەوە باسکران. جگە لەمەش، چەندین فەرهەنگی سامانیی زمانیی تر هەن، کە دەتوانرێ، بە بەشی سەرەکی، یان لاوەکی دابنرێن، وەك: فەرهەنگی سەربازیی، ڕامیاری، ئابوری و............هتد.

لە هەمان کاتدا، باری جوگرافی هەر شارێك هەرچەند سەخت بێ، هۆیە تەکنیکیەکانی گواستنەوە و پەیوەندیکردن هێندە ئاسانکارییان کردوە، کە تا ڕادەیەکی زۆر ئاستەنگیان لە ڕوی تێکەڵبون و هاموشۆکردن نەهێشتوە، ئەم تێکەڵبون و هاموشۆکردنەش لە ژیانی ڕۆژانەی تاکەکانی شارنشیندا زۆرە و بەردەوامە، چونکە هەرتاکێك بە ناچاری و بە ڕێژەی جیاواز، بە بەردەوامی پێویستیی بە زۆربەی تاکی گروپەکانی ترە. بۆ نمونە، هاموشۆی پەرستگاکان دەکا، بۆ پەرستکاری و هەرنەبێ، بۆ پرسەی تاکە نزیکەکانی. هاموشۆی فێرگەکان دەکا، بۆ خۆی، یان منداڵەکانی. هاموشۆی بازاڕ دەکا، بۆ کڕینی پێداویستیەکان. هاموشۆی شوێنگە پیشەسازیەکان دەکا، بۆ چاککردنەوەی ئامێرەکان و دەچێتە شوێنە

تەندروستیەکان، بۆ چارەسەریەکان. ئەم هاموشۆکردنە، وەنەبێ، لە کۆمەڵگای دێهاتنشینەکان نەبێ، بەلام بە ڕێژەیەکی زۆر کەمتر، یان هەر دەگمەن، (بەتایبەتی لە مێژوی دێرینی پێش هەزارەی سێیەم). ئەم هاموشۆکردنەی نێوان تاکەکانی شارنشین، هەر تاکێکی کۆمەڵگاکە بە ڕێژەی جیاواز ناچار دەکا، کە بڕێکی پێویست و گونجاو، لە فەرهەنگی زاراوەی هەمو گروپەکان بزانێ و بەمەش، سامانیی زمانیی خۆی زۆر دەوڵەمەند دەبێ.

((خاڵی دوەم)) ـ ڕاکەڕاکەی ژیانی جەنجاڵی کۆمەڵگای شارنشین، بە دوای بژێوی ژیانی و زۆری ژمارەی پێداویستیە سەرەکی و ناسەرەکیەکان، گۆڕانی بەردەوامی مۆدێلەکان و ژیانی چاولێکەری، پتر تاکەکانی کۆمەڵگای شارنشینی چاوبرسی کردوە و پتر بوە بە تاکێکی بەکاربەر (إستهلاکی)، لە بری بەرهەمهێن و لە ئەنجامدا، خۆی و ئامێرەکانی، بونەتە هۆی پیسکەری ژینگە و تێکدەری تەندروستی خۆی. ئەم چاوچنۆکیە و ئەم زو لە کارکەوتنەی خۆی و ئەو شتانەی هەیەتی، ناچاری دەکا، بە بەردەوامی و زو زو، پێویستیی بە تاکەکانی تری کۆمەڵگا هەبێ و بۆ ئەنجامدانی مەرام و مەبەستەکانی و وەدەستهێنانی پێویستیە زۆرەکانی ژیانی، پێویستی بە شێوازێکی ئاخاوتنی ئەوتۆ دەبێ، کە پڕبێ لە مەرایی و زمانلوسی و پێشەکی و پاشەکی زەمینەخۆشکەر. لێرەدا، درۆیەکی شاخداری ڕازاوە و ڕێکخراوی ڕەنگاوڕەنگ، باشتر جێی خۆی دەگرێ، لە ڕاستییەکی پەڕپوتی بێ مکیاج، کە ئەم شێوازە، لە زمانی ئاخاوتنی دێهاتنشین بەدی ناکرێ. پەندێکی کوردیی دێهاتنشین دەڵێ: (شاران گەشتە، زۆر درۆزنە)١٦٠.

((خاڵی سێیەم)) ـ زۆری ژمارەی پێداویستیە سەرەکی و لاوەکیەکان (کمالیات)، نائاسانی وەدەستهێنانیان و لە یەك دوری مەڵبەندی وەرگرتنیان، جگە لەوەی پێویستی بە کارامەیی و بەهرەیەکی زۆر هەیە، بۆ ئاخاوتن و ڕازاندنەوەی دەربڕینەکان، وەکو لە خاڵی پێشتر باسمانکرد، وا لە تاکەکانی کۆمەڵگای شارنشین دەکا، فێری دو ڕەوشت ببن: *یەکەمیان*- ئارامگری و هەڵنەچون و تورەنەبون. *دوەمیان*- زمانێکی ئاخاوتنی نەرم و پڕ لە پاڕانەوە. لەم بارەیەوە ڕوداوێکی خەندەئامێز هەیە، کە دەڵێن: لە بۆنەیەکدا جارێکیان پیاوێکی سلێمانی بە مرۆیەکی دهۆکی دەڵێ: (تۆ دەزانی؟! زمانی ئێمە لە زمانی ئێوە خۆشترە.)، دهۆکیەکە تورە دەبێ و بە دەنگێکی بەرزتر دەڵێ: {چاوا؟!} . سلێمانیەکە دەڵێ: (دە تۆ تورە مەبە. تۆ، کە داوای ئاو لە خێزانەکەت دەکەی، چی دەڵێی؟). دهۆکیەکەش دەڵێ: {ئەز دێ

---

١٦٠ شێخ محمدی خاڵ، پەندی پێشینان، ل٢٩٠.

گازی ژنکا خۆتکەم: خەدیجا پیچەکاڤێ ببینا}. سلێمانیەکەش دەڵێ: (دە بزانە، ئێمە وا ناڵێین). دهۆکیەکە هێندەی تر تورە دەبێ و دەنگی خۆی بەرزتر دەکاتەوە: {بۆ هنگ چتبێژن؟!}. سلێمانیەکە دەڵێ: (ئێمە دەڵێین: توخوا خەجیج خان، تۆزێ ئاوم بۆ ناهێنی؟).
دهۆکیەکە ساردەبێتەوە و دەڵێ: {خوددێ وەسایە!}.

((<u>خاڵی چوارەم</u>)) ــ زۆر گەیشتن و زو گەیشتنی شاڵاوی تەکنەلۆجیا و لێشاوی شارستانیەت، بۆ شارەکان و تێپەڕنەبونیان بە هەمان بڕ و بە هەمان خێرایی، بۆ دێهاتەکان، گاپێکی گەورەی جیاوازیی ڕادەی ڕۆشنبیریی، لە نێوان کۆمەڵگای شارنشین و دێهاتنشین پەیداکرد. شۆڕشی بەردەوام و لەبن-نەهاتوی شارستانیەت، کۆدێتایەکی گەورە بو، لە مێشکی تاکەکانی کۆمەڵگای شارنشین و گۆڕانێکی چەندی و چۆنی لە بیرکردنەوە و ڕەفتار و ئاخاوتنی ئەو کۆمەڵگایە هێنایە ئارا. خواستی خاوەندارێتی و خوی سروشتیی خۆپەرستیی مرۆڤ، کۆمەڵگای شارنشینی خستەگەڕ و جوڵەی بەردەوام، بۆ وەدەستهێنانی بەرهەمە ماددی و واتاییەکانی ئەو شارستانیەتە. زۆری بەرهەمە تازەکانی شارستانی، هەر تاکێکی ئەو کۆمەڵگایەی هاندا، شەو و ڕۆژ بخاتەسەریەك، بۆ پەیداکرنی ئەوەی لە توانایدایە، بە هەر هۆ و ڕێگەیەك بێ. بەمەش ڕێگە یاسایی و نایاساییەکان، هۆکارە ڕەوا و ناڕەواکان، تێکەڵی یەك بون و ئامانجەکان، پاساویان بۆ ڕێکارەکان دەهێنایەوە (الغایە تبرر الوسیلە). لە ئەنجامی نەگەیشتنی هەمان شاڵاوی تەکنەلۆجیا و لێشاوی شارستانیەت، ئەم دیاردەیە لە کۆمەڵگای دێهاتنشین پەیدا نەبو و بە نەریتە دێرینە ڕەسەنەکەیان بەردەوام ڕەش و سپییەکانیان بە هۆشێکی کوردەواریی بێگەرد و ساکارەوە لە یەك جیادەکردەوە. بۆیە دڵ و زمان یەك بو و ئەوەی لەناو هۆش و بیر بو، هەر ئەوەش لەسەر زمان بو. بەڵام لە کۆمەڵگای شارنشین، جۆرێك لە دوڕویی و گزیکردن پەیدا بو و ڕستە ڕوکەشەکانی ئاستی سەرەوە، زۆر جیاواز، یان پێچەوانەی بابەت و مەبەستە سەرەکیەکە بون کە لە ناخی قسەکەردایە. بۆیە متمانەی نێوان قسەکەر و گوێگر لاواز بو و ڕەش و سپییەکان تێکەڵ بون و دەربڕینە ڕاست و درۆکان بونە جێی گومان و سەرنج.

((<u>خاڵی پێنجەم</u>)) ــ ئەو هەمو جەنجاڵی و سەرقاڵییەی لە ژیانی ڕۆژانەی تاکی شارنشیندا هەیە، وایکردوە کاتێکی زۆرتر لە کارکردندا بێ و کارەکەشی دورە پەرێزی نەبێ و وابەستەی تاکەکانی تری کۆمەڵگا بێ، شوێنی کارکردنەکەی لە بری ڕەزێك، یان بێستانێکی چەند ڕۆژەجوتیی جوتیارێك، یان تەلانی گردێکی گاوانێك، یان قەدپاڵی چیاییێکی پاوانکراوی شوانێك، ڕەنگە شوێنی کارکردنەکەی، بە زۆری لە دو مەتری چوارگۆشە تێنەپەڕێ، وەك: کورسی و مێزی فەرمانبەرانی فەرمانگەکان، کورسیە پێکەوەنوساوەکانی هۆڵەکانی خوێندن و

یانەکان و چایخانەکان و ناوپاسەکان، دوکانە دراوسێکانی ناو قەیسەریەکان، عەرەبانە زنجیربەستوەکانی مەیدانی سەوزەفرۆشان، ڕیزبەندی نۆرەی تەکسیەکانی شار و..........هتد. کەواتە ئەگەر ساڵانە دانە ڕۆژێك لە گوندێکا هەرەوەزی و زبارە ڕوبدا، ئەوا سیمای کارکردنی ناوشار بەردەوام هەرەوەزی و زبارەیە و کاری تاکەکان زۆربەی بەیەکەوە بەستراوەتەوە. لەم جۆرە ژینگە و کەشی شارنشیندا ڕێژەی جنێودان زۆر دەبێ و ڕێژەی شەڕکردن کەم دەبێتەوە، چونکە سروشتی دەرونی مرۆڤ وایە، بۆ هەر کارتێکردنێك، کاردانەوەیەکی هاوشێوەی هەیە. واتە؛ ئەگەر عەرەبانچییێك، وشەیەکی هەڵە، یان ناشیرینی بە هاوکارەکەی تەنشیت خۆی وت و ئەوەی بەرامبەری هەڵەکەی گەورەتر کرد، بەم شێوەیە، مشتومڕەکە درێژە دەکێشێ و دەبێتە شەڕیان و بۆ ماوەیەك کار لە خۆیان و دراوسێکانیشیان تێکدەدەن و زیانێکی زۆریان پێ دەگا، ڕەنگە چیتر لەو شوێنە جێگەشیان نەبێتەوە و بەرامبەر یاساش سزا بدرێن و بەندبکرێن. بۆیە بە دەگمەن کار دەگاتە ئەو ئاستە و عارەبانچی دوەم، بە کاردانەوەیەکی سارد، وەڵامی یەکەم دەداتەوە، یان خۆی لە گێلی دەدا و هەر وەڵامی ناداتەوە، زۆرجاریش پێدەکەنێ. بەم جۆرە دیاردەی جنێودان، بە تایبەتی لە بازاڕ و شوێنکارە گشتیەکان، بوەتە دیاردەیەکی زمانیی باو و ئاسایی ژیانی ڕۆژانەی بەشێکی بەرچاوی کۆمەڵگای شارنشین. ئەگەر تاکێکی کۆمەڵگای دێهاتنشین، بۆ یەکەم جار، بێتە ناوبازاڕی شارێك، دەحە پەسێ و مێشکی دەئاوسێ و ڕەنگە ئەگەر لە گوندەکەی خۆی جنێوێکی لەم چەشنە بە خۆی بدرێ، یەکسەر خەنجەرەکەی هەڵبکێشێ و هێرش بەرێ........

((خاڵی شەشەم)) ـ لە فەرهەنگی زاراوەی کۆمەڵگای دێهاتنشیندا، تاکەکان زۆرجار، نازناوی بێڕێز و ناوتۆڵەی نەشیاو بەرامبەر یەکتر، بەتایبەتی تاکە هەژارەکان بەکاردێن، وەك: مەلاخڕنوك، فەقێ شێت، حەسەن نۆپل، حەیشەفنیش، مەحمود پەڕۆ، عەزەشل، برایمەگۆج، سەعیدەکەچەڵ........هتد، بە پێی کاریگەریی پیشەی ئاژەڵداریی زۆربەی نازناوەکان ناوی ئاژەڵەکانن. بۆ نمونە: قادر مریشك، حەمەحوشتر، عەباس ڕێوی، قالەمەڕە، حاجی گامێش، زولەمانگا، محەمەدی کەرێ......هتد۱۶۱. بەڵام لە کۆمەڵگای شارنشیندا، فەرهەنگی نازناوەکان زۆرتر ناوی پیشەی تاکەکانە، وەك: مامۆستا کەریم، مەلابەشیر، دکتۆر فەرهاد، شێرزاد پۆلیس، پیربال قەسساب،.....هتد. ئەمە ئەوە ناگەیێنێ

---

۱۶۱ ئەم نازناوانە بە زۆری لە چارێکی سێیەمی سەدەی بیستەم لە شارۆچکەی ڕواندز بەکارهاتون.

که ئاڵوگۆڕی نازناوەکانیش نابێ، واتە؛ دیاردەکە ڕێژەییە، بەڵام دیاردەکە بە گشتی باسکراوە.

((خاڵی حەوتەم)) ــ دیسان لە ئەنجامی ئەو هەمو ماندوبون و جەنجاڵی و سەرقاڵی و وابەستەی کار و بەرژەوەندیی تاکەکان بەیەکەوە و بۆ خۆبردنە پێش لە یەکتر١٦٢، دیاردەی گاڵتەجاڕی و نوکتەبازی، لە زمانی کۆمەڵگای شارنشین بەدیدەکرێ. هەندێ جار، ئەم نوکتانە بۆ پشوی مێشك و حەسانەوەی دەرونییە و زۆرجاریش، بۆ هەستی ڕەخنەکاری و کاردانەوەی دەرونیە، بەرامبەر ڕوداو و دیاردە ناڕەوا و نالۆجیکیەکان. ڕەنگە ئەم دیاردەیە، لە زمانی کۆمەڵگای دێهاتنشینیش بەدیبکرێ، بەڵام لە بەر کەم تێکەڵی تاکەکان لەگەڵ یەکتر و دورە پەرێزییان لە جیهانی دەرەوە و کەم ئاگاداری سیستەمی دەسەڵات و میری، ئەم نوکتانە لە ڕوی چەندی و چۆنی زۆر سنوردارن. زمانی کۆمەڵگای شارنشین، بە نوکتەبازی، گاڵتە بەو شتانە دەکا، کە لە ئاخاوتنی ئاسایی، سانسۆریان لەسەرە و تا ڕادەیەکی زۆر قەدەغەیە باسبکرێن، وەکو سێکس، ئاین و دەسەڵات، کە سێ تەوەرەی سەرەکیی نوکتەکانن.

## بەشی دوەم- جۆرەکانی پەیوەندیی نێوان تاکەکان:

ئاشکرایە، زمان بنەمای سەرەکیی پێکهاتنی کۆمەڵگایە و هۆی سەرکیی پەیوەندیی تاکەکانیەتی. شێوازی دەربڕینی زمان، جۆر و چۆنیەتی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان دەردەخا. لە هەمان کاتیشدا جۆر و چۆنیەتی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان، کار لە شێوازی دەربڕینی زمان دەکەن. پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی نێوان تاکەکانی کۆمەڵیش، لە ئەنجامی کارتێکردنی ئەو کاروانی شارستانیەتەی پێشتر باسمانکرد، جیاوازییێکی بەرچاو هەیە، لە نێوان کۆمەڵگای شارنشین و دێهاتنشین. دەتوانرێ، جۆرەکانی پەیوەندیی نێوان تاکەکان و ڕێژەی هەبونی هەر جۆرێکیان لە هەردو کۆمەڵگاکە بەم شێوەیە دابەشبکرێن:

### ١- پەیوەندیی خزمایەتی:

ئەو پەیوەندیە بۆماوەییەیە، کە بە هۆی خزمایەتی نابەخواست (لاإرادي- consensual) دروستبوە، وەك، پەیوەندیی: باوك، برا، خوشك، دایك، خاڵ، مام و.......هتد. هەندێ جاریش، دەشێ، خزمایەتی بەخواست (إرادي-voluntary) دروستبوبێ، ئەویش لە ئەنجامی ژن و ژنخوازی، وەك پەیوەندیی زاوا، خەزور، بوك، خەسو، براژن و.......هتد. دەتوانرێ، جۆری یەکەم ناوبنرێ: خزمایەتی زۆرەکی (إجباري- obligatory)، چونکە ناتوانرێ، بگۆڕدرێ، یان لابدرێ و دەتوانرێ، جۆری دوەم ناوبنرێ:

---

Fowler, R. Understanding Language. pp.٢٤٠-٢٥٨. ١٦٢

خزمایەتی خۆشەکی (إختیاری-optional)، چونکە دەتوانرێ، بگۆڕدرێ، یان لابدرێ. لەم جۆرە پەیوەندیە، بە گشتی و بەشی یەکەمی (خزمایەتی زۆرەکی)، هۆش و بیر، یان لۆجیك و ژیری، بەشداری ناکەن لە هەڵبژاردنی چەند و چۆنی تاکەکان، بۆ دروستبونی ئەو خزمایەتیە. تەنانەت لە بەشی دووەمیش (خزمایەتی خۆشەکی)، ئەگەر هۆش و بیر، یان لۆجیك و ژیری بەشداری بکەن، لە هەڵبژاردنی تاکەکان بۆ دروستبونی ئەو خزمایەتیە، ئەوا لەو جۆرە پەیوەندیە دەردەچێ و دەکەوێتە بەر جۆری سێیەمی پەیوەندی، (کە پەیوەندیی خاوەنێتیە و لە خوارەوە لە بڕگەی سێیەم باسدەکرێ)، چونکە لە کۆمەڵگای کوردەواریدا، بە تاییەتی لە کۆمەڵگای دێهاتنشین، لە خزمایەتی خۆشەکیشدا، لۆجیك و بیر بەشداری ناکەن و بە زۆری، یان خۆشەویستییێکی شێتانەی شیرن و فەرهادیە، یان لە ڕێگەی ژن بە ژنی و گەورە بە گچکە و لە بری خوێن و شیربایی و......هتد، دروستبوە. بۆیە تا ڕادەیەکی زۆر هەر بە ناو خۆشەکیە.

ئەم جۆرە پەیوەندیە، تا ئێستا لە کۆمەڵگای دێهاتنشین، بەهێزترین و زۆرترین جۆری پەیوەندیە. تەنانەت پەیوەندیی خێڵەکی و شێخەکیش بەشێکی تری ئەو جۆرە پەیوەندیەن. لە ژێر سێبەری ئەم جۆرە پەیوەندیەدا، لە ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگای دێهاتنشین، زمانی لۆجیك ڕۆڵی نامێنێ و پیادە ناکرێ، لە هەموکێشە و ڕستە و دەربڕینێکدا، ڕەچاوی پلەکانی خزمایەتی و بێگانایەتی دەکرێ و بەردەوام ئەو بنەمایە بەکاردێ، کە دەڵێ: لایەنی براکەت بگرە و سەریخە، زۆرداربێ یان زۆرلێکراو (أنصر أخاك ظالما أو مظلوما). هەڵبەتە، تا ڕادەی شارستانیەت پێشتربکەوێ، ئەم پەیوەندیە لاوازتر دەبێ. بۆیە، پەیوەندیی خزمایەتی لە کۆمەڵگای شارنشین زۆر لاوازترە، لە کۆمەڵگای دێهاتنشین و لە یەکلاکردنەوەی هەر ململانێیەکدا، زمانی بیر و لۆجیك بەکاردێ. پەیوەندیە خزمایەتیەکان، دوای پەیوەندیە لۆجیکیەکان دێن و بەندایەتی و کۆیلایەتی کوێرانە و ڕێزگرتنی بێپایان، بەرەو نەمان دەچن و ئەرك و مافەکان شوێنیان دەگرنەوە. بۆیە ڕستە و دەربڕینەکانی زمانیش لەم ڕووەوە، چەکەرە دەکەن و شێوازی ئاخاوتنی تاکەکانی شارنشین لە دێهاتنشین جیادەبنەوە. ڕەنگدانەوەی ئەم جۆرە پەیوەندیەی دێهاتنشین، لە هەندێ پەندا دەردەکەوێ، وەك: (برا لە پشت برابێ، مەگەر بەڵا لە لای خوابێ)١٦٣. لە کۆمەڵگای دێهاتنشیندا، پتر ڕستەی فەرماندان بەکاردێ، وا باوە، تاکی بە تەمەن فەرمان دەکا، یان

---

١٦٣ شێخ محمدی خاڵ، پەندی پێشینان، ل٨٢.

ئامۆژگاری و بۆچونەکانی ئاراستە دەکا و لە سەر تاکی بە تەمەن بچوکتر پێویستە، فەرمانەکان جێبەجێ بکا. ڕەخنە، یان گفتوگۆ و مشتومڕ کەمتر دەبێتەوە.

**٢- پەیوەندیی هاوڕێیەتی:**

پەیوەندیی هاوڕێەتی ئەو پەیوەندیەیە، کە تەواو خۆشەکیە و تاکەکان لە ڕوانگەی لۆجیکیەوە، یەکتر پەسەند دەکەن و لە ژێر دەسەڵاتی هۆش و بیردا دەبن بە هاوڕێ. لێرەدا پەیوەندیی هاوڕێیەتی، پەیوەندییێکی ڕاستەقینەیە و تاکەکان بۆ یەکتر دەبن بە ئاوێنە و هەریەکە لە قسەکەر و گوێگر، خۆیان لە مێشکی یەکتر دەبیننەوە. خۆ دۆزینەوەی تاکەکان لە مێشکی بەرامبەرەکانیان، هاوڕێیەتی دروستدەکا، تاکو خاڵی هاوبەش زۆرتربێ، لەو هاووێنەییە، پەیوەندیی هاوڕێیەتیەکە، بەهێزتر و پتەوتر دەبێ. ئەو ئامێرەی خاڵە هاوبەشەکانی نێوان دو تاك دەدۆزێتەوە، زمانە و هۆکارە یارمەتیدەرەکەشی، ڕادەی تێکەڵبونە.

لە ناو کۆمەڵگای شارنشیندا، پەیوەندیی **هاوڕێیەتی** زۆر زیاترە، لە پەیوەندیی **خزمایەتی**، لە بەر چەند هۆیەك:

یەکەم- بە هۆی ئەو جە نجاڵی و سەرقاڵیەی باسمانکرد، پەیوەندیی خزمایەتی لاواز بوە و بەرەبەرە بێهێزتر دەبێ.

دوەم- لەبەر ئەوەی مرۆڤ بونەوەرێکی کۆمەڵایەتیە، پێویستی بە ئاڵوگۆڕی داتاکانی مێشکی هەیە، بۆیە پێویستی بە هاوڕێیەك، یان پتر هەیە بۆ گوتن و بیستن. بەهۆی ئەو گوتن و بیستنەش، خاڵە هاوبەشەکانی نێوان داتاکان دەردەکەون.

سێیەم- لەبەر زۆری ژمارەی دانیشتوان و قەڵەباڵغی زۆر، بەردەوام تاکەکانی کۆمەڵگای شارنشین، لێکدەکەون( تماس ) و ڕوبەڕوی یەکتر دەبنەوە. بۆیە دروستبونی برادەر و دۆزینەوەی خاڵی هاوبەش، کارێکی گران نیە. بۆ نمونە، هەندێ جار، لە یەکەم بینیندا، شێوە و ڕوخساری تاکێك لای بەرامبەرەکەی پەسەند نیە، بەڵام دوای ماوەیەك هەڵسوکەوت لەگەڵ یەکتری و ئاخاوتنی ڕۆژانە، هەستەکە پێچەوانە دەبێتەوە و ئەو دو تاکە دەبنە هاوڕێی گیانی بە گیانی، پێچەوانەی ئەمەش ڕاستە. کەواتە، پەیوەندیی هاوڕێیەتی، لە ناو کۆمەڵگای شارنشیندا، پەیتا پەیتا جێگای پەیوەندیی خزمایەتی دەگرێتەوە. بەمەش گروپی هاوبیر و هاوکار دروستدەبن، وەکو پارت، ڕێکخراو، تیپ و.......هتد، کە جێگەی خێڵ و تیرە و بنەماڵە و خانەدانی دەگرنەوە. ئەم دیاردەیە، ئەگەر لە کۆمەڵگای دێهاتنشین لە شێوەی پارتێکی ڕامیاری، یان گروپێکی ئاینی بەرچاویش بکەوێ، لە ئە نجامی پرۆگرامکردنی مێشکی تاکەکانە، نەك خۆدۆزینەوە لە یەکتری و هاوبەشی کردن لە داتاکانی

مێشکی تاکەکان. هەڵبەتە، ئەم جۆرە پەیوەندیە پیرۆزترین و مرۆڤانەترین پەیوەندیە. بەڵام ئەم پەیوەندیەش بە پێشکەوتنی ڕادەی شارستانی، بەرەبەرە شوێنپێی لەق دەبێ و جۆری سێیەم زاڵ دەبێ، کە پەیوەندیی خاوەنێتیە.

ئەوەی لەم پۆلینەدا مەبەستە، شێوەی ئاخاوتنی تاکەکانی کۆمەڵگایە، لە میانی ئەو پەیوەندیانە. هەڵبەتە، شێوەی ئاخاوتن لە ژێر کاریگەری و پەیڕەوی خزمایەتی جیاوازیی هەیە، لە گەڵ شێوەی ئاخاوتن لە ژێر کاریگەری و پەیڕەوی هاوڕێیەتی، یان خاوەنێتی. بۆنمونە، لە سیستەمی خزمایەتیدا، خزمی تەمەندار فەرمان بە بچوکتر دەکا و بچوك گوێڕایەڵە و مافی وەڵامی نیە. پەندێکی کوردی دەڵێ: (ئەگەر ئەتەوێ عەقڵت ساواکەی، لەگەڵ گەوران شەڕ و دەعوا کەی)١٦٤. بەڵام لە سیستەمی هاوڕێیەتیدا، گفتوگۆ، شوێنی فەرمان دەگرێتەوە و گەورە و بچوکی، فەرامۆشدەکرێ. بۆیە، ڕێژەی ڕستەی هەواڵدان و پرسیارکردن زۆرتر دەبێ لە ڕستەی فەرماندان. ڕەنگدانەوەی ئەم پەیوەندیە، لە هەندێ پەنددا دەردەکەوێ، وەك: (دەوڵەمەندیی بە دڵە، نەك بە ماڵ، گەورەیی بە عەقڵە، نەك بە ساڵ)١٦٥.

٣- پەیوەندیی خاوەنێتی.

پەیوەندیی خاوەنێتی، تا ڕادەیەکی زۆر لە هەمو کۆمەڵگاکاندا، پەیتا پەیتا بە پێی پێشکەوتنی ڕادەی شارستانیەت، ڕو لە زۆربونە و شوێنی هەردو پەیوەندیەکەی تر دەگرێتەوە، تەنانەت ئەگەر لەناویشیان نەبا، خۆیان لەگەڵ تێکەڵدەکا.

پەیوەندیی خاوەنێتی، نە لەسەر بنچینەی بۆماوەیی و خزمایەتیە و نە لەسەر خۆدۆزینەوەی هۆشەکیە لە تاکی بەرامبەردا، بەڵکو لە سەر بنچینەیەکی ماددی و سامانداری ڕوتە، واتە؛ سروشتی خۆپەرستی مرۆڤ و ئارەزوی خاوەنداریێتیی بۆ هەمو شتێکی باش و سودبەخش، زاڵە بەسەر هەمو پەیوەندیەکانی تر و لە ڕوانگەی بەرژەوەندیی تایبەت و ڕادەی سودمەندێتی تایبەتی خۆی، هەمو هاوکێشەکان لێکدەداتەوە و پێوانەی ماددی دەبێتە پێوەر، بۆ پەیوەندیی نێوان تاکەکان. تەنانەت ئەگەر تاکێك لە هەرسێ پەیوەندیەکەدا مافی هەڵبژاردنی تەنیا یەك پەیوەندیی هەبێ، ئەوا بێ سێ و دو، پەیوەندیی خاوەنێتی هەڵدەبژێرێ، بە بەڵگەی ئەوەی سەدان خزم و کەس لەسەر بستێك میرات یەکتریان کوشتوە و زۆر برادەریش لە یەکتر ترازاون. ئەم پەیوەندیە، ئەگەرچی لە کۆمەڵگای دێهاتنشینیشدا کەم نیە، بەڵام تا ڕادەیەکی زۆر، باڵی بەسەر کۆمەڵگای شارنشینندا کێشاوە و لەمەش

---

١٦٤ شێخ محمدی خاڵ، پەندی پێشینان، ل٣٠.

١٦٥ هەمان سەرچاوە. ل٢٤٢.

خرا پتر هەردو پەیوەندیەکەی تر دەسخەڕۆ (إستغلال) دەکا، بۆ چەواشەکردنی تاکی بەرامبەر، خۆی لە ناو بەرگی پەیوەندیی خزمایەتی و هاوڕێیەتیش دەشارێتەوە، بەمەش ڕۆژانە لە ئاخاوتندا، هەزاران ڕستەی مەرایی و پانکردنەوە بەکاردێن و بارودۆخێکی گومانکاری لە نێوان تاکەکان دروستدەبێ و ڕاست و درۆ لە مەبەست و ئاخاوتنەکاندا تێکەڵدەبێ و زمانلوسی و بەهرەمەندیی هۆنینەوە و ڕازاندنەوەی زمانی ئاخاوتن، ڕۆڵی خۆی دەگێڕێ.

ڕەنگدانەوەی ئەم پەیوەندیەش، لە هەندێ پەندا دەردەکەوێ، وەك: (ئەگەر بە ماڵی، بە مام وخاڵی، ئەگەر بێ ماڵی، ڕوت و ڕەجاڵی)١٦٦، (ئەگەر دەوڵەت هاتەسەری، بزەڕە وەکی کەری)١٦٧، (برایمان برایی، کیسەمان جیایی)١٦٨، (ماڵی سپی بۆ ڕۆژی ڕەش)١٦٩.

## بەشی سێیەم - کورتبڕی و کورتبونەوەی شێوەی ئاخاوتنی کۆمەڵگای شارنشین:

بە شێوەیەکی گشتی، سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگای شارنشین ناچارن، هەڵسوکەوت و ڕەفتار لە گەڵ ئەو هەمو زانیاری و کەرەسە تەکنەلۆجیە نوێیانەدا بکەن، کە بەردەوام وەکو پێویستیەکی ناچاری و سەرەکی (الاساسیات)، یان لاوەکی (الکمالیات)، لە ژیانی ڕۆژانەدا بەکاریان دەهێنن. هەڵبەتە، هەر ئامێرێك هەڵگری دەیان داتای زانیاریە، بۆ چۆنیەتیی و چەندایەتیی بەکارهێنانی، هەر ئامێرەی لە دەیان پارچە پێکهاتوە، کە هەر پارچەی ئەرك و ڕۆڵێکی هەیە و پێویستە بەکارهێنەر شارەزاییەکی گشتی هەبێ. جگە لەمەش، تاکی شار بە درێژایی ڕۆژگار و بە کاریگەریی دەزگاکانی بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندن، ڕۆژانە دەیان داتای زانیاری دەچێتە بۆتەی مێشکی و زانیاری دەبارەی گروپەکەی خۆی و گروپەکانی تریش پەیدادەکا. بەم پێیە داتای زانیاریەکان کەلەکەدەبن و تاکەکانی کۆمەڵگای شارنشین فریای دەربڕین و بیستنیان ناکەون، چونکە لەبەر پڕئیشی و سەرقاڵیان، هێندە کاتیان بە دەستەوە نیە، ئەگەر هەمو شەو و ڕۆژەکە بە دوای وەرگرتن و دانەوەی داتا زانیاریەکان بکەون، فریای ناکەون. بەکورتی واتە؛ کاتیان سنورداره. جگە لەمەش، توانا و وزەی قسەکردن و گوێگرتنیش سنوردارن. بۆیە تاکەکانی کۆمەڵگای شارنشین فشارێکی زۆر زۆریان

---

١٦٦ شێخ محمدی خاڵ. پەندی پێشینان. ل٣١.

١٦٧ هەمان سەرچاوە. ل٣٣.

١٦٨ هەمان سەرچاوە. ل٨٢.

١٦٩ هەمان سەرچاوە. ل٤١٥.

لەسەرە، بۆ فێربونی زانیاریە نوێیەکان و فێرکردنی منداڵەکانیان، بەڵام کات و وزەشیان سنوردارە. لێرەدا ئەم سنورداری وزەیە ڕێگە لە خێراترکردنی قسەکردن و بیستنیش دەگرێ، بۆیە گۆمەڵگای شارنشین بە ناچاری، پەنا دەباتە بەر (کورتبڕی)، واتە؛ گەیاندنی کرۆکی مەبەستەکان و فەرامۆشکردنی وردەکاریەکان (details). ئەم جۆرە ڕێگەچارەیە بەخواستە (إرادي-voluntary)، بەڵام کێشەکە تەنیا بەمە چارەسەر نابێ، بەڵکو فشاری شارستانی و داتا زۆرەکانی مێشکی کۆمەڵگای شارنشین، پاڵە پەستۆیەکی زۆر دەخاتە سەر زمانی ئاخێوەر و بە ناچاری زمان بەرە و گۆڕان١٧٠ و کورتبونەوە دەڕوا. واتە؛ ئەم کورتبونەوەیە بەخواست نیە و نابەخواستە (لاإرادي-consensual)، کە لە هەمو ئاستەکانی زماندا: دەنگ و وشە و ڕستە ڕودەدا. بەم پێیە، لە بەرژەوەندیی قسەکەردایە، کە زمان زۆر زۆر کورتبێتەوە و بە زنجیرە دەنگێکی کورت کۆمەڵێك واتا بگەیێنێ، چونکە کات و وزەیێکی زۆری بۆ دەگەڕێتەوە. بەڵام لێرەدا ئەم کورتبونەوەیە، لە بەرژەوەندیی گوێگردا نیە و بە ئاسانیی تێی ناگا. بۆیە دەشێ، داوای ڕونکردنەوە و درێژترکردنەوەی لێ بکا، ئەمەش هۆیەکە، کە ڕێگە نادا، زمان زۆر بە خێرایی کورتبێتەوە. کەواتە، دوا وێستگە، یان دوا سنوری کورتبونەوەی زمان، تا ئەو ڕادەیەیە، کە گوێگر تێی دەگا. بەم پێیە، دەبینی لە زمانی ئاخاوتندا، بە دەیان دەنگ و وشە و دەستەواژە و لاڕستە دەکرتێن و دەسوێن. تاکو ڕادەی شارستانی کۆمەڵگاکەش پێشکەوتوتر بێ، کورتبڕی و کورتبونەوە زۆرتردەبێ. شایانی باسە، لەو زمانانەی زو دەستیان بە نوسین کردوە، لە ئە نجامی کرتان و لێکدان و گۆڕانی دەنگەکان، لە زۆر وشەدا شێوەی نوسین و گۆکردن لەیەك جیابۆتەوە.

ئەوەی شایانی باسە، لەم ڕووەوە نەك تەنیا شێوەی ئاخاوتنی کۆمەڵگای دێهاتنشین و شارنشین جیاوازییان لێ پەیدا بوە، بەڵکو لە نێوان ئاخاوتنی شارێك بۆ شارێکی تر، جیاوازی دروستدەبێ١٧١، ئەمەش بە پێی باری جوگرافی و ئاسانی گەیشتنی زۆرتر و زوتری کاروانی شارستانیەت. بۆنمونە ئەگەر بەراوردێکی تەنیا ئامرازی پەیوەندیی١٧٢ بکەین، لە هەرسێ دیالێکتی باکور و ناوەڕاست و باشور، دەبینین:

---

١٧٠ Trask, R. L. Historical Linguistics. pp.١-١٤.

١٧١ Wardhaugh, R. An Introduction to Sociolinguistics. pp. ١٢٦-١٢٧.

١٧٢ Strang, B. M. H. A History of English. p٢٧٤.

| دیالێکتی باکـــــور | دیالێکتی ناوەڕاســـــت | دیالێکتی باشـــــور |
| --- | --- | --- |
| دایکا ئازادی و بابێ ئازدارێ | دایکی ئازاد و بابی ئازدار | دالگ ئازاد و باوگ ئازدار |
| خویشکا من و برایێ تە | خوشکم و برات | خۆشکەم و برات |

لە دالێکتی باکوردا، ئامرازی پەیوەندی، هەڵگری مۆرفیمی ڕەگەزی نێر یان مێیە، بەڵام لە دیالێکتی ناوەڕاستدا یەکسانییەك لە نێوان هەردو ڕەگەزدا پەیدا دەبێ و بۆ نێر و مێ، هەمان ئامرازی پەیوەندیی بەکاردێ، هەرچی دیالێکتی باشورە، ئامرازی پەیوەندیەکە هەر دەسوێ و نامێنێ.

## ( ئەنجامەکان )

لە کۆتایی ئەم باسەدا، دەگەینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١- لە بەر هاویەکی شێوەی ژیانی تاکەکانی هەر کۆمەڵگایەك، چ دێهاتنشین بن، چ شارنشین، شێوەی بیرکردنەوە١٧٣ و ئاخاوتن و کەرەسەی فەرهەنگیی زمانیان تا ڕادەیەکی زۆری هەستپێکراو وەکو یەکە.

٢- لەبەر کەمی جۆراوجۆریی پیشە و کەمی ڕەنگاوڕەنگیی ژیان، سامانی کەرەسەی زمانی کۆمەڵگای دێهاتنشین زۆر کەمتر و هەژارترە لە شارنشین، ئەمەش دەگەڕێتەوە، بۆ زۆریی پیشە و هەمەڕەنگیی شێوازی ژیان. هەروەها هاتنی سەدان ئامێر و کەرەسەی ماددی و بیرۆکەی جۆراوجۆری ئەبستراکتی بیانی، بەردەوام زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگای شارنشین ئاوێتەی وشەی بێگانە دەبێ و لە زمانی ڕەسەنی پەتی دوردەکەوێتەوە و بە پێچەوانە، لە دێهاتنشیندا تاوەکو ئاواییەکە دورتر بێ لە شارستانیەت، زمانەکەی پەتی و ڕەسەنتر دەمێنێتەوە.

٣- لە بەر بەرزبونەوەی ئاستی ڕۆشنبیری و پێشکەوتنی ڕادەی شارستانی، شێوەی ئاخاوتنی کۆمەڵگای شارنشین، سیمای گفتوگۆی بەخۆوە گرتوە، لە هاوسەنگکردنی هاوکێشەکان و چارەسەرکردنی گرفتەکان. بە پێچەوانەی ئەوە، کۆمەڵگای دێهاتنشین کۆمەڵە بنەما و پرانسیپێکی دابونەریتی بەخۆوە گرتوە و لادان لەم پرانسیپانە دەبێتە مایەی بەکارهێنانی هێز، (ئەگەر لە جافان یەکێك بمێنێ، حەقی بەر و دوا لە گشت ئەسێنێ)١٧٤. بۆیە لە ڕوانگەی خەڵکی شار، خەڵکی دێهاتنشین بە قیسکەتەنگ ( short

١٧٣ فیجوتسکي، ل. س. التفکیر واللغة. ص١٤٥.

١٧٤ شێخ محمدی خاڵ. پەندی پێشینان. ل٣٦.

tempered ) ناودەبرێن. خەڵکی دێهاتنشینیش خەڵکی شار بە کۆسە( trickster )
ناودەبەن.

٤- لە ئەنجامی سەرقاڵی و پرئیشی و ماندوبون و جەنجاڵیی تێکەڵبون، شێوەی ئاخاوتنی خەڵکی شار، زۆرتر سیمای مەرایی و نوکتەبازیی و درۆ، دەگرێتەخۆی، کە لە شێوە ئاخاوتنی کۆمەڵگای دێهاتنشین باو و پەسەند نین. بۆیە، لە ڕوانگەی تاکی دێهاتنشین، شارنشینەکان گومڕا و کەمباوەڕن و زۆرجار، زاراوەی ( سەرکۆت ) بۆ گەورەکان و ( دمڕوت ) بۆ گەنجەکان، یان بە توانجەوە، وشەی ( ئەفەندی ) بەکاردێنن. بەڵام لە ڕوانگەی شارنشینەکان، تاکی دێهاتنشین سەروشك و ئاڵۆزە( close mind )، تەنانەت هەندێ جار، دەستەواژەی، دژەبیر ( مانع التفكير )، بەرامبەر جامانەی سەر، بەکاردێنن.

٥- دیاردەی جنێودان، لە شێوەی ئاخاوتنی کۆمەڵگای شارنشین، بە تایبەتی لە فەرهەنگیی سامانیی بازاڕ و شوێنە گشتیەکان باو و بڵاوە، کە ئەم دیاردەیە، لە کۆمەڵگای دێهاتنشیندا کەمترە و بەرامبەر ئەمە نازناو و ناوتۆڵەی بێڕێز بۆ زۆر لە تاکەکان، یا بنەماڵەکان بەکاردێن.

٦- لە شێوەی ئاخاوتن و زاراوەکاندا دەردەکەوێ، پەیوەندیی نێوان تاکەکان، لە کۆمەڵگای دێهاتنشین بە زۆری خزمایەتیە و لە کۆمەڵگای شارنشین هاوڕێیەتیە. بەڵام لە هەردوکیاندا، بە پێی پێشکەوتنی ڕادەی شارستانیەت، پەیوەندیی خاوەنێتی زاڵدەبێ بەسەر هەردو پەیوەندیەکەی تر.

٧- بە شێوەیەکی گشتی، لە هەر کۆمەڵگایەکی بەکاربەر ( إستهلاكی )، تاکو ڕادەی شارستانیەت پێشکەوێ و ئاستی ڕۆشنبیری بەرزبێتەوە، شێوەی ئاخاوتنی کۆمەڵگاکە لە ڕەسەنایەتی دوردەکەوێتەوە و وشەی بێگانەی پتر دەبێ و زنجیرە دەنگەکانی زمانەکەی کورتدەبنەوە و دیاردەی کورتبڕیش زۆرتر بەکاردێ. بەم پێیە، شێوەی ئاخاوتنی کۆمەڵگای شارنشین، کورتبونەوە و کورتبڕی زۆرترە، لە شێوەی ئاخاوتنی کۆمەڵگای دێهاتنشین.

## ( ملخص البحث )

يتناول البحث الألقاب التي تستعمل من قبل أهل المينة لتقليل شأن أهالي القروية، مثل ( القرويين، العشائر، .....الخ ). وهذه الألقاب تختلف من مدينة لأخرى، مثل المدن السليمانية، أربيل و دهوك. علما بأن الفترة التي يتناولها هي قبل الألفية الثالثة حيث كانت الاسقرار تعم المناطق الكردية الى حد ما، و لكن خلال نهايات الألفية الثانية تغيرت

ديموغرافية السكان لعموم القرى الكوردية في الكوردستان الجنوبية، بسبب الظلم والاضطهاد والترحيل القسري والأنفال و استخدام الأسلحة الفتاكة والابادة الجماعية ......الخ التي مارسها نظام الشوفيني البعثي ضد القرى والأرياف الكوردية.


## ((Summary))
## Sociolinguistic Differences between Rural and Urban Subvarieties

This study sheds some light on the social and linguistic differences between rural and urban subvarieties in Kurdish. Many people regard rural subvariety and accent as debased and inferior from of Kurdish. They believe that certain rural expressions would provoke laughter, anger, and ridicule.

The study discusses the people social attitudes about the appropriateness of certain linguistic varieties to certain social contexts. The people of town regard themselves to be at the top of social scale, and they regard the villagers to be at the and of social scale, particularly in the case of peasants in isolated rural areas. This is due to the general economic, demographic and culture dominance of twon over country.

The study investigates the Kurdish society in the period before the third millennium, when the social condition in Iraqi Kurdistan, to a large extent, was stable. The effects of displancement, Arabization, and Anfal campagin were not so obvious.

In the first part of the paper, the daily life of both rural and urban Societies is evaluated. The Social effects on the language of each society are discussed.

In the second parts the relationship between the individuals of each society is classified. Depanding on this classification, the two regional subvarieties are compared.

The third part is a comparison between the rural and urban subvarieties, with regard to the principles of language simplification and brevity-including the loss of redundant teatures and the omission of irregularties.

The study ends with conclusions and bibliography.

## (سەرچاوەکان)


١- ابراهيم أنيس. (١٩٧٠). **اللغة بين القومية والعالمية**. قاهرة.

٢- شێخ محمدی خاڵ. (١٩٧١). **پەندی پێشینان**. چاپی دوهەم. چاپخانەی کامەران. سلێمانی.

٣- فيجوتسكي، ل. س. (١٩٧٦). **التفكير واللغة**. ترجمة طلعت منصور. قاهرة.

٤- كمال يوسف الحاج. (١٩٧٨). **في فلسفة اللغة**. الطبعة الثانية. بيروت.

٥- محمد معروف فتاح. (١٩٨٦). **سنورو بنەماو ئەرکەکانی کۆزمانەوانی**. رۆشنبیری نوێ. ژمارە ١١٢. دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی. بەغدا.

٦- موفق الحمداني. (١٩٨٢). **اللغة وعلم النفس**. جامعة الموصل.


## (سەرچاوە ئینگلیزیەکان)


١- Abercrombie, D. (١٩٨١). **The Social Basis of Language in Teaching English as a Second Language**. New Delhi..

٢- Bell, R. T. (١٩٧٨). **Sociolinguistics**. Goals, Approaches & Problems. ٢nd ed. London.

٣- Bernstein, A. (١٩٧٢). **Social Class Language & Socialization**. In Language & Social Context. Harmondsworth.

٤- Bolinger, D. (١٩٧٢). **Regarding Language**. New York.

٥- Fishman, J. A. (١٩٧٢). **The Sociology of Language**. In Language & Social Context. Harmondsworth.

٦- Fowler, R. (١٩٧٤). **Understanding Language**. Routledge Kegan Paul. Great Britian.

٧- Halliday, M. A. (١٩٨٢). **Language in Social Perspective in Language Perspectives** ed. Barri Wade, Heineman Books.

٨- Hudson, R. A. (١٩٩٣). **Sociolinguistics**. Cambridge.

٩- Lyons, J. (١٩٩٠). **Language & linguistics**. Cambridge.

١٠- Strang, B. M. H. (١٩٧٩). **A History of English**. ٣rd ed. London.

١١- Trask, R. L. (٢٠٠٣). **Historical Linguistics**. London.

١٢- Wardhaugh, R. (١٩٩٠). **An Introduction to Sociolinguistics**. Great Britain.

# به كام ئەلفوبێ بنوسین؟

لێکۆڵینەوەیەکی دەنگسـازیە

هەواڵنامەی کتێب

**پرۆفیسۆر دکتۆر**
عەبدوللا حوســێن ڕەســول

**ئەم توێژینەوەیە لە کۆنفرانسی زمانی کوردی پێشکەشکراوە، لە ١٩ـــ٢٢ی ئەیلولی ٢٠١١ لە هۆڵی مەحمود زامدار/ کتێبخانەی زەیتون/ پارکی سامی عەبدولڕەحمان بەڕێوەچو.**
**لە لاپەڕە (٢٥١-٢٩١) لە ژمارە (٢٠)ی گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی (٢٠١١) بڵاوکراوەتەوە.**
**دواتر وەزارەتی ڕۆشنبیری لە کتێبی تایبەت لە لاپەڕە (٧٨ – ١١١) لە ٢٠١٢ بڵاوکرایەوە.**
**بەرواری نوسین: ١٨ / ٨ / ٢٠١١**

## (بە کام ئەلفوبێ بنوسین؟)

**پێشەکی:**

**گومان لەوەدا نیە، گرنگترین بنەمای هەر نەتەوەیەك زمانە، بەڵام لە ناو کورددا زمانی کوردی هۆی هەرە سەرەکی مانەوەی نەتەوەی کوردە و مانەوە و لەناونەچونی گەلی کورد، بەندە بە مانەوە و پاراستنی زمانی کوردی[175].**

**سەرباری نەبونی ستانداردێك لە زمانی کوردیدا، کە هەمو دیالێکتەکان پێی ڕازیبن، ئەلفوبێیەکی یەکگرتوشی نیە. هەندێکیان بە ئەلفوبێی هاوشێوەی عەرەبی و هەندێکیان بە**

**١٧٥ باسی داستانە پڕ سەروەریەکانی کورد کەوتنە لاپەڕەکانی مێژو و باسی سنورە کۆنەکانی کوردستان کەوتنە لاپەڕەکانی جوگرافیا. با ڕاگەیاندن هەر هاوار بکا هەمەدان (ئەگباتان) پایتەختی ئیمپراتۆریەتی میدیا بو و کەرکوك (دڵ) یان (قودس)ی کوردستانە، بەڵام ئەمڕۆ داتاکان و ئامارەکان ڕۆڵی یەکلاکەرەوە دەبینن و لەسەر بنچینەی ڕێژەی کوردەکان لە هەر بستە زەوییێکی کورد بە موڵکی خۆی دادەنێ، بڕیاردەدرێ کە ئەم شوێنە کوردستانە یان نا. ئەمەشە وای لە داگیرکەران کردوە هەمو جۆرە سیاسەتێك پیادە بکەن بۆ توانەوەی کورد و هەمو هەوڵێك دەدەن بۆ بە عەرەبکردن و تورککردن و فارسکردن.**

ئەلفوبێی هاوشێوەی لاتینی دەنوسن، گرفتەکە لەوەش گەورەترە، کە لەسەر ژمارە و جۆری پیتەکانی هەریەك لەو ئەلفوبێیانەش هاوڕێکنین١٧٦.

کەتواری (واقع) کورد ئەوەی بەسەردا سەپاندوە، لە دابەشبون و پارچەبون (پشکی شێر)ی بەرکەوتوە. کورد لە ڕوی زمان و خاك و سیاسەت و ....هتد پارچە پارچە بوە، هەر پارچەیەکیش خۆی بە پەسەندتر دەزانێ و ملکەچی پارچەیەکی تر نابێ. لە هەمویان مەترسیدارتر پارچەبونی زمانە و یەکخستنەوەی زمانیش لە هەمو لایەنەکانی تر گرانترە.

ئەم باسە هەوڵێکە بۆ خستنەڕوی چەند ڕایەکی زانستی و پێشکەشکردنی چەند پێشنیارێکی گونجاو بەرەو لەیەکتر نزیککردنەوەی نوسینی کوردی بە ئەلفوبێی هاوشێوەی عەرەبی و لاتینی و بۆ لەیەك نزیککردنەوەی پارچەکان (دیالێکتەکان)ی زمان، بە هیوای ببێتە سەرەتا و یارمەتیدەرێك بۆ یەکخستنەوەی لایەنەکانی تریش.

هەڵبەتە زمان پێکدێ لە (دەنگ) و (واتا) و دەنگەکان هەڵگری واتاکانن، هەمو زار و زمانەکان لە واتاکان جیاوازیی ئەوتۆیان نیە١٧٧ و ئەوەی لە یەکیان جیادەکاتەوە دەنگەکانن. کەواتە، نزیککردنەوە و یەکخستنەوەی دەنگەکان، کە لە نوسیندا بە پیت خۆیان دەنوێنن١٧٨، ئاسانترین و گرنگترین قۆناغی سەرەتایە بەرەو نزیککردنەوەی دیالێکتەکان و یەکەم هەنگاو دەبێ بەرەو دروستبونی زمانی ئەدەبیی یەکگرتو.

لێرەدا پرسیارێك دێتە ئارا: ئایا لە نێوان بونی دو ئەلفوبێی نوسین و بونی جیاوازی و گرفتی زۆر لەناو خۆیاندا و لە نێوانیاندا، دەرفەت دەدەن بە کەلێنێکی نزیکبونەوە یان یەکخستنەوەی سەرجەم شێوازەکانی نوسین؟

---

١٧٦تۆفیق وەهبی لە ساڵی ١٩٢٩ ژمارەی پیتە کوردیەکانی بە (٤١) پیت داناوە، لە ساڵی ١٩٣٣ کردویەتی بە (٣٨) پیت. سەعید سیدقی کابان (٣٧) پیتی بۆ کوردی دەستنیشانکردوە. ئێرنست مەکارەس پیتەکانی کوردی بە (٤٢) پیت داناوە.

١٧٧ وشەی (گوڵ) و (وردە) و (Flower) هەمان واتان بەڵام دەنگەکانیان جیاوازن.

١٧٨(وەك ئاشکرایە (دەنگ) لە ڕێگای ئەندامەکانی ئاخاوتنەوە دەرجەبرڕێت و بە هۆی بیستنەوە هەستی پێ دەکرێ. (پیت) وێنەی دەنگە، بە نیشانە لە نووسیندا دیارکراوەو بەهۆی بینینەوە وەردەگیرێ.) (د. ئەورەحمانی حاجی مارف _ گیروگرفتەکانی ڕێنووسی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی_ گۆڤاری کۆری زانیاری عیراق "دەستەی کورد"، ب ٩، ١٩٨٢، ل١٦).

لە وەڵامدا دەڵێین، بەڵێ، بەو مەرجەی هەمو پارچەکان دەست لە پەسەندی و پیرۆزیی لایەنی خۆیان هەڵگرن و خاڵە جیاوازەکان لابدەن و بخەنە لاوە و تەنیا کار لەسەر ئەو خاڵانە بکەن کە تیایاندا هاوبەش و هاوڕێکن. واتە، بگەڕێنەوە بۆ ڕەسەنایەتیی زمانی کوردی نەك زار و شێوەزار، ئەو پیتانە بەکاربێنن کە لەسەریان کۆکن و پیتە کێشەدارەکان فەرامۆش بکەن و ئاسانترین فۆرم و کەمترین ژمارەی پیتەکان بەکاربێنن. ئەمەش ڕێگە لەبەردەم نزیکبونەوە و یەکخستنەوە و تەنانەت فێربونی منداڵی کوردیش ئاسان و واڵا دەکا.

بە مەبەستی وەدەستهێنانی گونجاوترین و ئاسانترین ئەلفوبێی کوردی، کە لەگەڵ هەمو دیالێکتەکان بگونجێ و منداڵی کورد زوتر و ئاسانتر فێری ببێ و گرفتی تیادا نەبێ، باسەکە بەم شێوە ڕێکخراوە:

لە بەشی یەکەمدا، بە ناونیشانی (گرفتەکانی نوسین بە ئەلفوبێی عەرەبی و لاتینی): لیستێکی گشتیی سەرجەم پیتە باوەکان بە هەردو شێوە (کە لە ٣٥ دەنگ پێکهاتوە)، بەرامبەر یەك ڕیزکراون و بە پێی پیتەکانی هاوشێوەی عەرەبی ڕیزبەندییان بۆ دانراوە. ئینجا بە پێی ڕیزبەندیەکە بە پیتەکاندا هاتوینەتە خوارەوە و هەر دەنگێك (پیتێك) گرفتی هەبێ، خراوەتە بەر تیشکی لێکۆڵینەوە و پاڵپشت بە بنەما دەنگسازیەکان، پێشنیاری گونجاو پێشکەشکراون.

لە بەشی دوەمدا، بە ناونیشانی (ئاسانترین ئەلفوبێی کوردی): لە ژێر تیشکی دەرئەنجامەکان و پێشنیارەکانی بەشی یەکەم، لیستێکی سادە و ئاسان لە پیتە کوردیەکان خراوەتە ڕو و لەگەڵ دوا پێشنیار.

لەکۆتاییدا، سەرباری ئەنجامەکان، پوختەی باسەکە بە عەرەبی و ئینگلیزی پێشکەشکراون و لیستی سەرچاوەکانیش خراوەتەڕو.

## (بەشی یەکەم)

## (گرفتەکانی نوسین بە ئەلفوبێی عەرەبی و لاتینی)

سەرباری کێشەی نەبونی زمانی ستانداردی کوردی و دابەشبونی زمانی کوردی بەلای کەمەوە بەسەر چوار دیالێکتی سەرەکی، کورد لە کێشەی نەبونی ڕێنوسێکی یەکگرتوش ڕزگاری نەبوە. ئەگەرچی وتار و نوسینی زۆر لەم بارەیەوە نوسراون[179]، بەلام زۆربەیان لە خەمخۆری نوسەرەکانیان هەست و بۆچونی تایبەتی خۆیان بەکارهێناوە بۆ چارەسەری ئەو گرفتانە و ڕێژەیەکی کەمیان پێوەرەکانی زانستی زمانیان بەکارهێناوە، پتر پشتیان بە لاساییکردنەوەی ئەلفوبێی عەرەبی بەستوە. زۆربەیان (فۆن و فۆنیم[180]) یان (دەنگ[181] و پیتیان) لەیەك جیانەکردۆتەوە[182]، بۆیە هەندێ پیتی سەرباریان بۆ نوسینی کوردی زێدەکردوە و لە ئەنجامدا گرفتێکی گەورەیان بۆ ئەلفوبێی کوردی دروستکردوە و بە سڕینەوەی ئەو پیتانە لەسەر بنەڕەتێکی زانستی زۆربەی گرفتەکان چارەسەردەبن.

| ژ | پیت | نمونە | pyt | Nmwne |
|---|---|---|---|---|
| ١- | ئـ | ئازاد، ئێرە، ئەستێرە، ئیش، ئومێد | ʔ | ʔzad, ĕʔre, ʔestĕre, ʔyş̭, ʔwmĕd |
| ٢- | ە | ەوان، وەرە، دەرەوە | e | ewan, were, derewe |
| ٣- | ا | او، ماستاو، اوارەکان | a | aw, mastaw, awarekan |

---

١٧٩ بڕوانە (گۆڤاری کۆڕی زانیاری عیراق "دەستەی کورد"، ب ٩، ١٩٨٢) کە تایبەتە بەم گرفتەی زمانی کوردی.

١٨٠ (فۆنێم بەو دەنگانە دەوترێ کە لە زماندا وشە پێکدەهێنن و بە گۆڕان و لاچوونیان واتا دەگۆڕن). (د. ئەورەحمانی حاجی مارف _ گیروگرفتەکانی ڕێنووسی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی_ گۆڤاری کۆڕی زانیاری عیراق "دەستەی کورد"، ب ٩، ١٩٨٢، ل١٧).

١٨١ ("دەنگ" لە ڕێگای ئەندامەکانی ئاخاوتنەوە دەردەبڕرێت و بە هۆی بیستنەوە هەستی پێ دەکرێ. "پیت" وێنەی دەنگە، بە نیشانە لە نووسیندا دیارکراوەو بە هۆی بینینەوە وەردەگیرێ). (هەمان سەرچاوە، ل١٦).

١٨٢ ("فۆنێم" لە "دەنگ" گرنگترە، چونکە جیاوازی دەخاتە نێوان وشەوە. هەمو فۆنێمێك دەنگە، بەلام هەمو دەنگێك فۆنێم نیە.). (هەمان سەرچاوە، ل١٧).

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| bax, berdbaran, nayab | b | باخ، بەردباران، نایاب[183] | ب | -٤ |
| perdax, kepr, top | p | پەرداخ، کەپر، تۆپ[184] | پ | -٥ |
| trĕ, temate, awat | t | ترێ، تەماتە، ئاوات | ت | -٦ |
| cwceľe, cĕbecĕkrdn, bac | c | جوجەڵە، جێبەجێکردن، باج | ج | -٧ |
| ç̭aw, kewç̭k, xaç̭ | ç̭ | چاو، کەوچك، خاچ | چ | -٨ |
| ḧesanewe, ḧewt, ḧewanewe | ḧ | حەسانەوە، حەوت، حەوانەوە | ح | -٩ |
| xwda, xwrma, bax | x | خودا، خورما، باخ | خ | -١٠ |
| dar, berd, bax | d | دار، بەرد، سەردان | د | -١١ |
| trĕ, petate, serdan | r | ترێ، پەتاتە، مزگەوت | ر | -١٢ |
| ĕr̂baz, pr̂ĕew, per̂ | r̂ | ڕێباز، پێڕەو، پەڕ | ڕ | -١٣ |
| zozan, zryze, r̂ez | z | زۆزان، زریزە، ڕەز | ز | -١٤ |
| jwan, jwjk, kej | j | ژوان، ژوژك، کەژ | ژ | -١٥ |
| sĕw, dersym, aras | s | سێو، دەرسیم، ئاراس | س | -١٦ |
| ş̭ew, peĕş̭w, ş̭e ş̭ | ş̭ | شەو، پەشێو، شەش | ش | -١٧ |
| ulyş̭yş̭, uerd, bauebau | u | عەلیشیش، عەرد، باعەباع | ع | -١٨ |
| ẍardan, ẍembar, da ẍ | ẍ | غاردان، غەمبار، داغ | غ | -١٩ |
| fĕnk, sefyn, kef | f | فێنك، سەفین، کەف | ف | -٢٠ |
| vyan, bĕryvan, solav | v | ڤیان، بێریڤان، سۆلاڤ | ڤ | -٢١ |
| qerec, qerebw, boq | q | قەرەج، قەرەبو، بۆق | ق | -٢٢ |
| kwrd, kerkwk, bwk | k | کورد، کەرکوك، بوك | ك | -٢٣ |
| gelawĕj, bergry, merg | g | گەلاوێژ، بەرگری، مەرگ | گ | -٢٤ |

١٨٣هەر وشەیەك کۆتایی بە پیتی ( ب ) هاتبێ، گومانی لێ دەکرێ لە بنەڕەتدا کوردی بێ.

١٨٤ ئەو وشانەی کۆتاییان بە پیتی ( پ ) دێ، لە کوردیدا کەمن.

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| -٢٥ | ل | لاواز، كولله، سەرپەل | l | lawaz, kwlle, serpel |
| -٢٦ | ڵ | گوڵاڵە،قەڵەو، ساماڵ | ĭ | gwĭaĭe, qeĭew, samaĭ |
| -٢٧ | م | میوان، شەماڵ، شەرم | m | mywan, ş̮amaĭ, ş̮erm |
| -٢٨ | ن | نەورۆز، پەنیر، سامان | n | newroz, penyr, saman |
| -٢٩ | ه | هەواڵ، بەهره١٨٥، | h | hewaĭ, behre |
| -٣٠ | و | وریا، تەون، خاو | w | wrya, tewn, xaw |
| -٣١ | وو | فەرموون، کووڕ، دوو | û | fermûn, kr̂û, d û |
| -٣٢ | ۆ | ۆمەر، دەهۆڵ، دۆ | o | omer, dehoĭ, do |
| -٣٣ | ی | یاری، یەریڤان، دیاری | y | yary, yeryvan, dyary |
| -٣٤ | ێ | ێرە، هەولێر، دێ | ĕ | ĕre, hewlĕr, d ĕ |
| -٣٥ | •• | من، گرتن، ورد١٨٦ | i | min, girtin, wirid |

یەکەم ـ گرفتی دەنگی هەمزە ( ئـ ):

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| -١ | ئـ | ئازاد، ئێرە، ئەستێرە، ئیش، ئومێد | ? | d, ĕʔre, ʔestĕre, ʔyş̮, ʔwmĕd |

دەنگی هەمزە ( ئـ ) لەو کاتانەدا پەیدا دەبێ، کە دەگێکی بزوێن ( ا، ۆ، ێ، ە، ی، و ) دەکەوێتە سەرەتای وشەیەك، چونکە لە کاتی گۆکردنی دەنگە بزوێنەکاندا، دەم کراوەیە و هەوا بەبێ هیچ بەربەستێك لە دەمی مرۆڤ دێتە دەرەوە. هەمو بزوێنەکان دەنگی گڕن و تاڵە ژێیەکان دەلەرێنەوە، بەڵام ئەم لەرینەوەیە هیچ بەربەستێك لە ڕێی دەرچونی هەوا دروست ناکا. بۆیە کاتێ دەنگێکی بزوێن دەکەوێتە سەرەتای وشە، پێویستی بە بەربەستێك دەبێ، تاکو هەواکە بگرێتەوە و ڕێگە نەدا، کە هەر دەم کرایەوە، هەوا بێتە دەرەوە. ئەگەرنا پێش ئەوەی قسەکەر دەست بە گۆکردنی ئەو وشەیە بکا کە بە بزوێن دەستپێدەکا، زۆربەی هەوای پەنگ خواردوی سیەکانی دێتە دەرەوە و وشەکەی پێ تەواو ناکرێ و بەم پێە کرداری ئاخاوتن

---

١٨٥ دەنگی ( ه ) ئەگەر لە پێشان لە کۆتایی وشەکان هەبوبێ، ئێستا ئەو دەنگە لە کۆتایی سواوە و نەماوە، وەك لە ( ڕێگاه، نیگاه، لە ڕاهی خوا، جیگاه، ڕەواه ← ڕێگا، نیگا، لە ڕای خوا، جیگا، ڕەوا.....هتد ).

١٨٦ کاتێ دەنگی ( ت ) یان ( د ) بە دوای دەنگی ( ر )دا دێن، بزرۆکە دروست نابێ، چونکە سوێنگەی دروستبونیان زۆر لەیەك نزیکە و بواری دەرچونی هەوا نامێنێ.

زۆر گران دەبێ. ئەم دیاردەیەش فۆنەتیکیە و نەك هەر لە زمانی کوردی لە زمانەکانی تریشدا هەیە١٨٧.

هەڵبەتە، ڕێژەی بەهێزی دەنگە بزوێنەکان جیاوازە و بە پێی ڕێژەی کرانەوەی دەم دەگۆڕێ. (ڕێژەی کرانەوەی دەمیش لە دەنگێك بۆ دەنگێك دەگۆڕێ و ئەمەش وایکردوە، کە دەنگەکان دابەش بن بۆ بزوێن و نەبزوێن و بە هۆی بە دوای یەك هاتنیان میکانیکیەتی ئاخاوتن بەردەوام دەبێ. بۆ نمونە، دەتوانرێ، بە شێوەیەکی گشتی بەم شێوەیە دابەش بکرێن)١٨٨:

| ڕێژەی کرانەوەی دەم | دەنگەکان | جۆری دەنگ |
|---|---|---|
| کرانەوەی زۆر | ا | بزوێنەکان |
| کرانەوەی ناوەندی | ۆ ێ | |
| کرانەوەی ئاسایی | ە | |
| نیمچەکراوە | ی و | نیمچەبزوێن |
| نیمچەداخراو | س،ش،ف،ڤ،م،.. | نەبزوێن |
| داخراو | ب،پ،د،ک،گ،.. | |

بەم پێیە ڕیزبەندیی پیتە بزوێنەکان بەم شێوەیەیە: (ا، ۆ، ێ، ە) و ڕیزبەندیی پیتە نیمچەبزوێنەکان بەم شێوەیەیە: (ی، و). هەریەك لە پیتە بزوێنەکان بکەوێتە سەرەتای وشە دەنگی هەمزە بۆ خۆی دروستدەکا، بەم شێوەیە:

١- پیتە بزوێنی (ا):

| بزوێن | | نمونە بە پیتی هاوشێوەی عەرەبی | بە پیتی هاوشێوەی لاتینی | نمونەی ئینگلیزی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ا | (ئـ)اش، (ئـ)او، (ئـ)اوس | a s̭aw, aws , | Are/ɑ:/, Ash/æ□/ |

٢- پیتە بزوێنی (ۆ):

| بزوێن | نمونە بە پیتی هاوشێوەی عەرەبی | بە پیتی هاوشێوەی لاتینی | نمونەی ئینگلیزی |
|---|---|---|---|

١٨٧ (چەند پیتێکی کێشەدار لە نوسینی کوردیدا)، د. عەبدوللا حوسێن ڕەسول، گۆڤارا زانکۆیا دهۆك، پەرپەندا -٧-، هژمارا -١-، تیرمەه ٢٠٠٤، ل٢.

١٨٨ هەمان سەرچاوەی پێشو، ل٣.

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٢ | ۆ | (ئـ)ۆ، (ئـ)ۆمەر، (ئـ)ۆکتۆبەر | o, omer, oktober | O, October /okt∂ub∂/ |

٣- پیته بزوێنی (ۆ):

| بزوێن | | نمونه به پیتی هاوشێوەی عەرەبی | به پیتی هاوشێوەی لاتینی | نمونەی ئینگلیزی |
|---|---|---|---|---|
| ٣ | ێـ | (ئـ)ێره، (ئـ)ێسته، (ئـ)ێش | ĕre, ĕste, ĕş | Egg/eg/, earn/ɜ:n/, |

٤- پیته بزوێنی (ه):

| بزوێن | | نمونه به پیتی هاوشێوەی عەرەبی | به پیتی هاوشێوەی لاتینی | نمونەی ئینگلیزی |
|---|---|---|---|---|
| ٤ | ه | (ئـ)ەو، (ئـ)ەنجام، (ئـ)ەستور | ew, encam, estûr | bet /∂bet/, ago /∂g∂u/ |

کاتێ پیتێکی نیمچەبزوێنیش (ی، و) بکەوێته سەرەتای وشه و ببێته بزوێن، واته؛ پیتێکی بزوێنی له دوا نەبێ، ئەوانیش دەنگی هەمزەیان پێویست دەبێ. بەم شێوەیەی خوارەوە:

٥- پیتی نیمچه[189] بزوێنی (و):

| بزوێن | | نمونه به پیتی هاوشێوەی عەرەبی | به پیتی هاوشێوەی لاتینی | نمونەی ئینگلیزی |
|---|---|---|---|---|
| ٥ | و | (ئـ)وتی، (ئـ)ومێد، (ئـ)وتێل | wty, wmĕd, wtĕl | نمونەی ئینگلیزی لەم جۆره نیه |

٦- پیتی نیمچه بزوێنی (ی)[190]:

| بزوێن | | نمونه به پیتی هاوشێوەی عەرەبی | به پیتی هاوشێوەی لاتینی | نمونەی ئینگلیزی |
|---|---|---|---|---|
| ٥ | یـ | (ئـ)یش، (ئـ)یدی، (ئـ)ینگلیز | yş, ydy, ynglyz | r/Iə(r)/, English/IŋglI |

کەواته، (کاتێ پیتێکی بزوێن بکەوێته سەرەتای وشه، له بەر ئەوەی دەمی مرۆڤ کراوەیه و بۆ گرتنەوەی هەوا بەربەستێك له رێی دەرچونی هەوا نیه، به ناچاری دەنگی هەمزه (ئـ) وەکو دەمگـر (صمام/valve)ێك دروستدەبێ و تاکو قسەکەر تانێکی تێ نەداو نەیکاتەوە، رێگەی هەوا نادا، له خۆیەوه و بێ سود بێته دەرەوه، بۆ ئەوەی هەواکه

١٨٩ هەردو دەنگی و) و (ی)، نیمچه بزوێنن، چونکه له کاتی گۆکردنیان رێژەی کرانەوەی دەم له نێوان بزوێن و نەبزوێنەکاندایه، واته؛ له چوار بزوێنه سەرەکیەکه ا، ێ، ۆ، ه) کەمتر کراوەیه و له نەبزوێنەکان پتر کراوەیه، بۆیه ئەگەر له برگەیەکدا، یەکێ لەم چوار بزوێنه سەرەکیەیان له پێش یا له دوا هات، خۆیان به نەبزوێن دادەنرێن، بەلام ئەگەر یەکێ لەم بزوێنانەیان له تەك نەهات، ئەوا خۆیان دەبن به بزوێن.ئەم دو دەنگه له نێوان خۆشیاندا کامەیان له سەرەتای برگه بێ، نەبزوێنه وی ، یو).

١٩٠ ژمارەی ئەو وشانەی دەنگی و ) یان یـ )ی نەبزوێنیان له سەرەتا هاتبێ، زۆرن. بەلام ژمارەی ئەو وشانەی و ) یان یـ )ی بزوێنیان له سەرەتا هاتبێ، زۆر دەگمەنن و ئەوانەش که هەن، زۆربەی له بنەڕەتدا کوردی نین. هەروەها وشەی ڕەسەنی کوردی، دەنگی (ۆ)ی له پێشەوه بێ، دیسان زۆر کەمن:

| (و)ی نەبزوێن | (و)ی بزوێن | (یـ)ی نەبزوێن | (یـ)ی بزوێن |
|---|---|---|---|
| وریا ، وەره ، ورچ ، وشه ، وشتر ، وازی ، وێران ، وانه ، ویستن ، وشك | ئوتی ، ئوتێل ، ئومێد ، (زۆر جار دەنگی (هـ) له جیاتی دەنگی (ئـ) بەکار دێ، دەشێ دەنگی (هـ) بنەڕەت بێ). | یەزدان ، یار ، یاری ، یان ، یانزه ، یاد ، یاسا ، یاساخ ، یانه ، یەك ، | ئیش (عیش)، ئینجا(إن |

پاشەکەوت بێ، بۆ گۆکردنی وشەکە و بەشی ئاخاوتنەکە بکا. چەند بەڵگەیەکی بەهێزیش هەیە بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستیانە:

١ـ تەنیا لە کاتێکدا بزوێن لە سەرەتا بێ، ئەم (ئـ) هەمزەیە پەیدا دەبێ و ئەگەر بزوێنەکان لە سەرەتای وشە نەبون، پێویست بەم دەنگە ناکا و نەبزوێنەکان ڕۆلی ڕێکخستنی تەوژمی هەواکە دەبینن و چۆنیەتی دروستبون و گۆکردنی ئەوان دەسەڵات بە سەر چاودێری کردنی ڕەوگەی هەواکە پەیدا دەکا، هەربۆیەش کاتێ هەمان وشەی هەمزەدار فۆرمێکی تری بکەوێتە پێش، بزوێنەکە پێویستی بە هەمزەکە نامێنێ، بێ ئەوەی کار لە واتا بکا:

| | بزوێنی سەرەتای هەمزەدار | هەمان وشە لە دوای فۆرمێك |
|---|---|---|
| ا | (ئـ)او، (ئـ)اش، (ئـ)ا | ماستاو، باراش، نا |
| ۆ | (ئـ)ۆ، (ئـ)ۆمەر | دۆ، مامۆمەر |
| ێ | (ئـ)ێرە، (ئـ)ێش | لێرە، سەرێشە |
| ە | (ئـ)ەنجام، (ئـ)ەستور | دەرەنجام، ورگەستور |
| و | (ئـ)وتو، (ئـ)ومێد، (ئـ)وتێل | قوتو،ناومێد، موتێل |
| ی | (ئـ)یش، (ئـ)یدی، (ئـ)یتر | پرِیش، چیدی، چیتر |

٢ـ پەیدابونی هەمزە (ئـ) لە دەسپێکی بزوێنی سەرەتا، لە زمانەکانی تریشدا هەیە و دیاردەیەکی فۆنەتیکیە، نەك فۆنۆلۆجی، (بڕوانە نمونە ئینگلیزیەکانی سەرەوە). ئەگەر نمونە کوردیەکانیش بە پیتی لاتینی بنوسرێنەوە، پێویست بە هەمزە ناکا، (بڕوانە، نمونە کوردیەکانی سەرەوە بە پیتی لاتینی، لە هەمان خشتەدا).

٣ـ دانان و دانەنانی ئەم هەمزەیە (ئـ)[191] لە نوسیندا، کار لە چۆنیەتی دەربڕینی وشەکە و لە واتای وشەکەش ناکا. کەواتە، ئەم دەنگە فۆنێم نیە و تەنیا ئەرکی فۆنەتیکی هەیە،

---

١٩١ ئەم دەنگە لەسەرەتادا نەدەنوسرا، لە نوسینەکانی پێش ساڵی ١٩١٩ نیگاری هەمزە (ئـ) نابینرێ، بەڵام لە دواییدا بە لاسایی کردنەوەی سەر و ژێر و بۆر (فتحە، کسرە و چمە)ی عەرەبی، یەکەمجار لە شێوەی (أ) و دواییش لە شێوەی (ئـ) لە نوسینی کوردیدا پەیدا بوە. لە زمانی عەرەبیدا هەمزە فۆنێمێکە لادانی دەبێتە هۆی واتاگۆڕین . هەندێ جار دەنگی هەمزە (و) دەکەوێتە کۆتایی ئەو وشانەی کۆتاییان بە بزوێنی (ە) هاتوە، وەك لە وەڵامدانەوە بە نەرێ: (نەو، بەو)، ئەمەش دیسان بۆ گرتنەوەی هەواکە بە کار دێ.

چونکه فۆنێم، کورتترین دەنگە کە واتا دەگۆڕێ. بەم جۆرە ئەگەر فۆنێم نەبێ، ڕەوا نیە لە نوسیندا هێمایەکی وەکو پیتی بۆ دابنرێ)١٩٢.

(ئەنجام و پێشنیار)

١- هەمو بەڵگەکان دەیسەلمێنن، کە هەمزە (ئـ) فۆنێم نیە لە زمانی کوردیدا، کەواتە، پێویست ناکا، نرخێکی بۆ دابنرێ و پیتێکی بۆ تەرخان بکرێ. بۆیە، وا ڕاستترە لە نوسیندا نەنوسرێ. ڕەنگە ڕاهاتن لەسەر نەنوسینی ئاسان نەبێ، چونکە بە نوسینی ڕاهاتوین، بەڵام نەنوسینی گرفتێکی ڕەنوسمان چارەسەر دەکا.

٢- دەبێ، بەو بڕیارەدا بچینەوە، کە دەڵێ: بڕگەمان نیە، بە بزوێن دەست پێ بکا، یان بڕگەمان نیە، تەنیا لە بزوێنێك پێکهاتبێ، وەك لەم دەقە دەرەکەوێ:

(منداڵ): باوکە جلەکانت بۆ هێنام؟

(باوك): (ئـ)ـا.

(دایك): نەچی ئەمانەش پیس بکەی!.

(منداڵ): (ئـ)ێ، (ئـ)ێ !.

دوەم ـ گرفتی دەنگی (ح) و (ع):

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ħesanewe, ħewt, ħewanewe | ħ | حەسانەوە، حەوت، حەوانەوە | ح | -٩ |
| ulyşyş, uerd, bauebau | u | عەلیشیش، عەرد، باعەباع | ع | -١٨ |

ئەگەر سەرنجێکی زمانە هیندۆئەوروپییەکان بدەین، بەتایبەتی زمانەکانی ڕۆژاوا، دەبینین: ئەم پیتانە لە نوسین بە پیتی لاتینیدا نین و تەنانەت لەو زمانانەی بەو پیتانەش دەنوسن لە ئارادا نین١٩٣. ئەم سەرنجە پرسیارێکمان لا دەوروژێنی: ئایا ئەم دو دەنگە لە زمانی کوردیدا فۆنێمن، یان نا؟

---

١٩٢ (چەند پیتێکی کێشەدار لە نوسینی کوردیدا)، د. عەبدوڵلا حوسێن ڕەسول، گۆڤارا زانکۆیا دهۆك، پەرپەندا -٧-، هژمارا -١-، تیرمەه ٢٠٠٤، ل٤.

١٩٣ ئەم پیتانە (ح، ع) لەوە دەچن، دوای هاتنی ئاینی ئیسلام و بە کاریگەریی زمانی عەرەبی لە سەر گەلانی ڕۆژهەلات دروست بوبن، ئەگەرچی زۆربەی ئەو گەلانەی کەوتونەتە

**هەروەها دیاردەی ئاڵوگۆڕکردن و تێکەڵکردنی هەردو دەنگی ح ) و ع ) لە ئاخاوتندا بەتایبەتی لە ناوچەی شێوەزاری سۆرانی لە دیالێکتی ناوەڕاستدا١٩٤. ئەمەش پرسیارێکی تر دەوروژێنێ: ئایا ئەم دو دەنگە لە زمانی کوردیدا دو ئەلۆفۆنی هەمان فۆنێمن، یان دو فۆنێمی جیان؟، دیسان ئایا وشەی کوردی ڕەسەنمان هەیە، ئەم دو دەنگەی تیادا بێ؟ .**

**ئەگەر بە شێوەیەکی وردتر، ئەم دو دەنگی (ح) و (ع) بخەینە ژێر تیشکی لێکۆڵینەوە، دەگەینە ئەم تێبینیانەی خوارەوە :**

**١ـ لەوە دەچێ، دەنگی ( ح ) و دەنگی ( ع ) دو دەنگی ڕەسەنی کوردی نەبن و بە کاریگەریی زمانی عەرەبی لە سەر زمانی کوردی هاتبنە ناو زمانی کوردیەوە، بە بەڵگەی ئەوەی لەو زمانە هیندۆ-ئۆروپییانەدا بەدی ناکرێن کە نەکەوتونەتە ژێر کاریگەریی زمانی عەرەبی، بە تایبەتی گەلە هیندۆ-ئۆروپییە ناموسوڵمانەکان، جگە لەمەش ئەو وشە کوردیانەی یەکێ لەم دو دەنگەیان تیادا بێ، زۆر دەگمەنن و ئەوانەش کە لە ئارادان، گومانی ڕەسەنایەتی و خۆماڵیان لــێ دەکرێ.**

**ئەو وشانەی دەنگی ( ح )یان تیادا بێ، وەك: ( حەفتە/هەفتە، حەوت/حەفت، حەفتا ) دەشێ، لە هەفتەوە وەرگیرابن، واتە؛ (هـ) گۆڕابێ بۆ (حـ). هەرچی (حەوانەوە) و ( حەسانەوە )ن، ئەمانەش لەوە دەچێ، لە (احتواء) و (أحسن)ەی عەرەبییەوە وەرگیرابن. ئەو وشانەی دەنگی ( ع )یان تیادا بێ، وەك: ( باعەباع، عەلیشیش ). جگە لەمانە بە دەیان وشەی عەرەبی بە تایبەتی ناوەکان هاتونەتە ناو زمانی کوردی. بێ گومان، بۆ زاڵبونی هەر**

---

**ژێر ئەو کاریگەریە، تا ئێستاش ناتوانن، وەکو خۆیان گۆیانبکەن، وەك گەلانی فارسی، بلوجی، ئەسیتی، پشتو ....هتد، زۆربەیان ( ح ) دەکەن بە ( ه ) و ( ع ) دەکەن بە هەمزە. وەك ( محەممەد ) دەبێتە (مهەممەد) و (عەلی) دەبێتە (ئەلی). لە هەندێ ناوچەی باشوری کوردستانیش وەك، پارێزگای هەولێر لای نەخوێندەواران ئاڵوگۆڕ، یان تێکەڵ دەکرێن.**

**١٩٤ ئەم دیاردەیە لای نەخوێندەواران زۆرە، بەڵام لە نوسیندا بە دەگمەن ڕودەدا، بە تایبەتی لای چینی ڕۆشنبیر، هەڵبەتە چینی نەخوێندەواریش بۆ لێکۆڵینەوەی وەسفی شیکاری بە کەرەسە و سەرچاوەی پەسەندتر دەزانرێ، لە چینی خوێندەوار کە دیاردە شارستانیەکان کاریگەریی زۆرتریان کردۆتە سەر شێوەی ئاخاوتنی خوێندەوار و ڕۆشنبیرەکان.**

زمانێك، قۆناغی هاتنی وشە، پێش قۆناغی دەنگە. بەم پێیە بە وردبونەوە لە زمانی ڕەسەنی کوردی، بۆمان دەردەکەوێ چەند وشەیەکی ڕەسەن، بە هەر یەکێ لەم دو دەنگە لە زمانی کوردیدا نین.

٢ـ ئاڵوگۆڕکردنی ئەم دو دەنگە لە زمانی کوردیدا، (بە تایبەتی لە شێوەزاری سۆرانیی دیالێکتی ناوەڕاستدا)، نابێتە هۆی گۆڕانی واتا. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەکی وەك: نارەسەنی ئەم دو دەنگە لە زمانی کوردیدا و دروستبونیان لە هەمان شوێنگەی قوڕگدا. {تەنیا جیاوازییان لەوەدایە: دەنگی (ح) کپە و دەنگی (ع) گڕە}، هەرچەندە تێکەڵکردنیان لە ناو چینی ڕۆشنبیران زۆر دەگمەنە. ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ، لە زمانی کوردیدا دەتوانرێ، بە پێوەری زمانەوانی بە ئەلۆفۆنی یەکتر دابنرێن.

٣ـ لە نوسینی کوردی بە پیتی لاتینیدا، ئەم دو دەنگە نرخیان بۆ دانەنراوە و هیچ هێمایەکیان بۆ نەکراوە بە پیت، ئەوەی بۆیان دانراوە، وەك (ḧ=ح) و (u=ع) هەوڵ و بۆچونی تایبەتی و تاکەکەسین و جێی خۆیان لە سەرجەم نوسینەکان بە لاتینی نەکردۆتەوە و بە پێچەوانەوە، تا ئێستا (ه) لە بری (ح) دەنوسرێ و لە بری (ع)یش ئەو بزوێنە دەنوسرێ کە بە دوایەوە دێ، واتە؛ وەك هەمزە نرخی نەدراوەتێ.

٤ـ لە لایەکی تر، دەنگی (ح) لە زۆربەی وشەکاندا ئاڵوگۆڕی شوێن لەگەڵ (ه) دەکا و لەو شوێنانەدا دەبنە ئەلۆفۆنی یەکتر. دەنگی (ع)یش لە زۆربەی وشەکاندا ئاڵوگۆڕی شوێن لەگەڵ هەمزە (ء) دەکا و خۆی نامێنێ و لەشوێنی ئەو وەستانێك دروستدەبێ و بزوێنەکەی دوای ئەو، هەمزەیەك دروست دەکا. وەك لەم خشتەیەی خوارەوە:

| ه ↔ ح | ع ↔ (ء) |
|---|---|
| هەفتە ↔ حەفتە | عاسمان ↔ (ء)اسمان |
| هەتا ↔ حەتا | عەرد ↔ (ء)ەرد |
| هیشك/هشك ↔ حشك (دیالیکتی ژورو) | قوڕعان ↔ قوڕ(ء)ان |
| هەسار ↔ حەسار | عومەر ↔ (ء)ۆمەر |
| هەرەکەت ↔ حەڕەکەت | عێل ↔ (ء)ێل |
| هەرد ↔ حەرد | عەزیزم ↔ (ء)ەزیزم |
| هەمی ↔ حەمی (دیالیکتی ژورو) | عەول ↔ (ء)ەول (أوَل) (دیالیکتی ژورو) |
| گوناهە ↔ گوناحە | عەیش/عیش ↔ (ء)یش |
| تەهها! ↔ تەححا! | عافەرین ↔ (ء)افەرین |

| | |
|---|---|
| | عارەق ↔ ( ء )ارەق |

**ئەنجام و پێشنیار:**

**لە بنەڕەتدا، هەردو دەنگی (ح، ع) کوردی ڕەسەن نین و لە عەرەبی هاتونەتە ناو زمانی کوردی و تا ئێستا وشەی ئەوتۆیان پێ دروست نەبوە، کە ئاڵوگۆڕیان ببێتە هۆی واتا گۆڕان. دەشێ، دەنگی (ه)، لە شوێنی (ح) دابنرێ، بێ ئەوەی واتا بگۆڕێ و هەمزە (ء)، کە لە کوردیدا فۆنێم نیە، شوێنی (ع) دەگرێتەوە، بێ ئەوەی کار لە واتا بکا. جگە لەمەش، بە پیتی لاتینی هێمایان بۆ نەکراوە. دەشێ، هەردوکیان لە ڕیزبەندیی پیتەکان بسڕێنەوە.**

**سێیەم ـ گرفتی دەنگی (خ) و (غ):**

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| xwda, xwrma, bax | x | خودا، خورما، باخ | خ | -١٠ |
| ẍardan, ẍembar, da ẍ | ẍ | غاردان، غەمبار، داغ | غ | -١٩ |

**لە ئاخاوتنی کوردیدا، زۆر وشە هەن، کە هەرجارەی بە یەکێ لەو دو دەنگە دەبیسرێن، یان دەنوسرێن، بێ ئەوەی کار لە واتایان بکا. بۆ نمونە وەك: (خەم/ غەم، خونچە/ غونچە، باخ/ باغ، داخ/ داغ، خیرەت/ غیرەت، دۆزەخ/ دۆزەغ،...). ئایا کامەیان ڕاستە؟ یان ڕەسەنە؟ ئایا ئەم دو دەنگەش ئەلۆفۆنن یان نا؟.**

**چەند سەرنجێك دەربارەی دەنگی (خ) و دەنگی (غ):**

**١ـ ئەگەر سەیری دیوانە کۆنەکانی شاعیرە کلاسیکیەکان بکەین، دەبینین، زۆربەی ئەو جۆرە وشانە، بە پیتی (غ) نوسراون. بەڵام بە تێپەڕبونی کات، بەرە بەرە تا بەرەو سەردەمی نوێ بێین، ڕێژەی بەکارهێنانی پیتی (خ) زۆرتر دەبێ بەرامبەر پیتی (غ). دەشێ، ئەمەش بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی دەنگی (خ) لە گۆکردندا، سوکترە لە دەنگی (غ). چونکە دەنگی (خ) کپە و دەنگی (غ) گڕە. ئەگەرچی هەردوکیان لە هەمان شوێنگەی قوڕگ و بە هەمان چەشن دروستدەبن.**

**٢ـ لە کۆمەڵێ وشە لە شوێنی یەکتر بەکاردێن و کار لە واتای وشەکان ناکا، بەتاییەتی دەنگی (خ) دەتوانێ، لە هەمو وشەیەك لە شوێنی دەنگی (غ) بەکاربێ. بەڵام دەنگی (غ)، لە هەمو وشەیەك لە شوێنی (خ) بەکارنایێ، وەك لەم وشانەدا نەبینراوە (غ) لە شوێنی (خ) بەکاربێ: (خودا، خورما، خاڵ، خاوێن، خراپە، خوشك، خوێ، خێرا، ئۆخەی، خەون، خەو، خەریك، خانو، خەستەخانە،...)، ئەگەرچی هەندێ وشەش هەیە، بە زۆری هەر (غ) بەکاردێ، بەڵام ئەم وشانە هەر لە بنەڕەتدا لە عەرەبییەوە بە (غ) دابەزیون بۆ کوردی، وەك: (غیرەت، غاردان، غەریب...).**

٣ـ به گەڕان بە ناو دیالێکتەکانی زمانی کوردیدا، دەتوانین، وشە بدۆزینەوە، بە ئاڵوگۆڕی (خ) و (غ) واتایان بگۆڕێ، وەك: (خار = دڕك)، (غاردان = ڕاکردن)، بەڵام (خار) لە دیالێکتی خوارو (شێوەزاری لوڕی....) واتای (دڕك) دەبەخشێ و (غاردان) لە دیالێکتی ناوەڕاست (شێوەزاری سۆرانی)، هەروەها (غار) بە تەنیا بەکار نەهاتوە و لە گەڵ چاوگی (دان) لێکدراوە، دیسان لە دیالێکتی خوارو لە بری (غاردان) چاوگی (دەوکردن) بە کاردێنن و لە دیالێکتی ناوەڕاستیش لە بری (خار) وشەی (دڕك) بەکاردێنن، واتا؛ هەردو فۆڕمەکە لە هەمان دیالێکت نین.

**ئەنجام و پێشنیار:**

لەم سەرنجانەی سەرەوە دەرەکەوێ، دەتوانرێ، دەنگی (غ) بە ئەلۆفۆنێکی (خ) دابنرێ و دەشێ، پیتی (خ) لە بری (غ)یش بنوسرێ و ئەمەش نابێتە هۆی واتاگۆڕین، لەم بارەشدا، ئارەزوی چۆنیەتی گۆکردنی بۆ قسەکەر دەمێنێتەوە١٩٥.

چوارەم ـ گرفتی دەنگی (و) و (وو):

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٣٠- | و | وریا، تەون، خاو | w | wrya, tewn, xaw |
| ٣١- | وو | فەرموون، کووڕ، دوو | û | fermûn, křû, d û |

تا ئێستا زۆر لە نوسەران گرفتی نوسینی یەك (و) و دو (وو)یان هەیە، تەنانەت هەندێ جار، لە هەمان نوسیندا چەندین وشە بە هەردو شێوە دەبینرێن، وەك: (وڵات/ ووڵات، وشە/ ووشە، نوسین/ نووسین، جوتیار/ جووت، چوون/ دەچوین، بووك/ بوکێنی، سووك/ سوکایەتی، پەڕتووك/ پەڕتوکخانە...(گەلێك لەو ووشانەی دەنگداری ((و=u))ی کورتیان تێدایە کردوویانە بە دەنگداری ((وو= û))ی درێژ. ئەمە گێرەشێوێنییێکە لە ئیملا و ڕاست نووسینی زمانی کوردیدا. ئەم هەڵانە گەلێ زۆرن لە نووسینی بڵاوکراوەدا.)١٩٦.

ئەو سەرنجانەی دەربارەی دەنگی (و) یا (وو) تێبینی دەکرێن:

١ـ دەتوانرێ شوێنی (و)ە کورتەکان و (وو)ە درێژەکان، بەم شێوەیەی خوارەوە، دەستنیشانبکرێن:

**أـ ئەگەر (و) لە سەرەتای بڕگەبێ، کورتە:**

---

١٩٥ (چەند پیتێکی کێشەدار لە نوسینی کوردیدا)، د. عەبدوڵلا حوسێن ڕەسول، گۆڤارا زانکۆیا دهۆك، پەرپەندا -٧-، هژمارا -١-، تیرمەه ٢٠٠٤، ل١٠.

١٩٦ (پاراستنی ئەدگاری نەتەوەیی لە ووشەی فەرهەنگی زمانی نووسینی کوردیدا)، مارف خەزنەدار، گۆڤاری ئەکادیمی، کۆڕی زانیاری کوردستان، ژمارە ٤، ٢٠٠٦، ل٢٠.

واتا، وازی، واژە، والا، وانە، وەچە، وەرین، وەرز، وەرگرتن، وەرد، وەرە، وەرزێر، وەستان، وەنەوشە، ورتە، وریا، ورچ، وردە، ورشە، وشك، ولات، وتار، ولاخ، وێران، وێنجە، وێژە، وێنە، ویستن، ...

ب ـ ئەگەر (و) لە ناوەڕاستی بڕگە بێ، کورتە:

جوان، چەوت، حەوت، خەوت، دوان، ڕوان، ژوان، شوان، گوان، لوان، ...خوڕ، دوڕ، شوڕ، کوڕ، گوڕ، لوڕ، هوڕ، ......

بەلام ئەگەر لە ناوەڕاست بێ و یەکێ لەم سێ پیتەی (ر، ك، ن) بە دوادا بێ، درێژ دەبێتەوە:

پور، تور، دور، زور، ژور، سور، .... بوك، پوك، توك، سوك، نوك، ....بون، چون، ڕون، ...

ج ـ ئەگەر (و) لە کۆتایی بڕگە بێ و نەبزوێن بێ، (واتە؛ بزوێنێکی لە پێشدا هاتبێ)، کورتە:

ئاو، ئەو، چاو، جاو، خەو، خاو، خێو، دێو، ڕاو، زیو، سێو، شێو، شیو، لاو، لێو، مێو، ناو، ........

بەلام ئەگەر (و) لە کۆتایی بڕگە بێ و بزوێن بێ، (واتە؛ بزوێنێکی لە پێشدا نەهاتبێ)، کورتە:

هەواڵنامەی کتێب

بو، تو، جو، چو، خو، دو، ڕو، زو، شو، مو، ...

٢ـ دەنگی (و) بە پێی کەوتگەی لە بڕگەدا کورتی و درێژیەکەی دەگۆڕێ. واتە؛ پتر لە ئەلۆفۆنێکی هەیە، هەرچەندە کورت و درێژیی پیتەکە دەسکاری و ئاڵوگۆڕ بکرێ، واتای وشەکە ناگۆڕێ، جگە لە وشەی (کوڕ)، لە درێژکردنەوەی (و)دا، واتای دەگۆڕێ و دەبێتە (کووڕ)، واتە، ئەم وشەیە لە گریمانەکە ناوێزە دەرەچێ و دەشێ، ئەم تاکە وشەیە بە دو (و) بنوسرێ. واتە؛ وشەی (کوڕ) سێ فۆنێمە: (ك+و+ڕ)، بەڵام وشەی (کووڕ) چوار فۆنێمە: (ك+و+و+ڕ).

٣ـ لە چاوگە (و)یەکاندا، گرفتی یەك (و) و دو (و) پتر ئاشکرا دەبێ، چونکە لە هەشت چاوگە (و)یەکەی شێوەی نوسینی ناوەڕاستدا، دو چاوگ، یەك (و)یان هەیە، کە مۆڕفیمی کاتی ڕابوردوە و شەش چاوگ، دو (و)یان هەیە: یەکێکیان، لەگەڵ ڕەگی کارەکە دایە و یەکێکیان، مۆڕفیمی کاتی ڕابوردوە، وەك لەم خشتەیەدا دیارە:

| چاوگ لە شێوەی نوسیندا | چاوگ لە هەندێ شێوەزاری تردا | ڕەگی چاوگ | مۆڕفیمی کاتی ڕابوردو | (ن)ی چاوگ |
|---|---|---|---|---|
| بون | بین | بـ | و / یـ | ن |
| چون | چین | چـ | و / یـ | ن |
| جوون | جوین/جاوین | جو | و / یـ | ن |
| دروون | دروین/دورین | درو | و / یـ | ن |
| سوون | سوین/سوان | سو | و / یـ / ا | ن |
| فەرموون | فەرموین | فەرمو | و / یـ | ن |
| گروون | گروین/گروان | گرو | و / یـ / ا | ن |
| هەنوون | هەنوین | هەنو | و / یـ | ن |

٤ـ تێبینی ئەوە دەکرێ، دەنگی (و)، زۆر جار لە دیالێکتی ژورودا، دەبێتە (ڤ). وەك: (چاو/ چاڤ)، (سێو/ سێڤ)، (نوسین/ نڤیسین)، (نوستن/ نڤستن)، (ئەوین/ ئەڤین)، (وڕەوڕ/ ڤڕەڤڕ)، (سوڕایەوە/ ڤەسڕا/ ڤەزڤڕا)....هتد. لێرەدا مەبەست ئەوە نیە، کامە دەنگ ڕەسەنترە، بەڵام مەبەست ئەوەیە، لە دیالێکتی ژورو و ناوەڕاستدا لەم جۆرە وشانە دەبنە ئەلۆفۆنی یەکتر، بەڵام گرفتەکە لەوەدایە، لە هەندێ وشەدا هەرگیز (و) نابێتە (ڤ)، وەك لە (وەرە، کوشتن، ....)، هەروەها (و)ی درێژ نابێتە (ڤ)، یان لە هەندێکیان (ڤ) نابێتە (و) وەك لە (مرۆڤ، ڤیان،....). لەگەڵ هەمو ئەمانەشدا، دەتوانرێ، دەنگی (ڤ) بکرێتە ئەلۆفۆنێکی دەنگی (و)، چۆنیەتی گۆکردنەکەشی بە پێی وشەکە دەگۆڕێ، هەروەکو ئەم دیاردەیە لە زمانی فارسیدا زۆر باوە. ڕێژەی بەکارهێنانی دەنگی (ڤ) لە دیالێکتی ناوەڕاستدا زۆر دەگمەنە، بەڵام لە دیالێکتی ژورودا زۆرە. بۆیە ئەو پێشنیارە پتر تایبەتە، بە دیالێکتی ژورو. بەڵام ئەگەر ئەوە بکرێ، دەبێتە هەنگاوێکی مەزن بەرەو پتر نزیکبونەوەی هەردو

دیالێکتەکە. بەم شێوەیە، ئەم وشانەی وەکو (کەو، شەو، چاو، لێو، سڵاو، ئەوین، ناو، سوڕان، نوستن، شوان .......هتد)، لە ناوەڕاستدا بە (و) دەخوێنرێنەوە و لە ژوروشدا بە (ڤ) دەخوێنرێنەوە.

ئەنجام و پێشنیار:

لە کوردیدا دەنگی (و)، کورت بێ، یا درێژ، یەك فۆنێمە و پێویست بەوە ناکا، بە دو شێوە بنوسرێ. چونکە واتا ناگۆڕێ. تەنیا وشەی (کووڕ)، پێویستە بە دو (و) بنوسرێ. لە گەڵ ڕەچاوی چاوگە (و)یەکان. وەك، لە خشتەی سەرەوە. هەروەها دەشێ، دەنگی (ڤ)ش بە ئەلۆفۆنێکی (و) دابنرێ.

پێنجەم ـ گرفتی دەنگی یەك (ی) و دو (یی):

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| yary, yeryvan, dyary | y | یاری، یەریڤان، دیاری | ی | -٣٣ |

نوسینی پیتی (ی)، بە تایبەتی ئەگەر لە سەرەتای وشە بێ، گرفت پەیدا ناکا.

بەڵام گرفتەکانی نوسینی (ی) لەم دۆخانەدا پەیدا دەبێ:

١ـ کاتێ ناوێك کۆتایی بە پیتی (ی) هاتبێ و بەهۆی (ی) ئامرازی پەیوەندیەوە، بە ناوێکی تر ببەسرێتەوە، پێویستە ڕەچاوی ئەوە بکرێ، کە سەرجەم دەبێتە دو (ی). وەك:

ـــ ئازادیی کوردەکان، بە ڕادەی ڕۆشنبیریی گەلانی دەوروبەرەوە بەندە.

ـــ شانۆگەریی - یاریی منداڵان - پەریی - خوشکم ئامادەی کردبو.

لە گۆکردندا، ئەم دو (یی)ە، وەك یەك (ی) گۆ دەکرێن. چونکە دەکەونە یەك بڕگە و دەنگی (ی)ــە بزوێنەکە، دەنگی (ی)ــە نەبزوێنەکە خامۆشدەکا.

٢ـ کاتێ ناوێك کۆتایی بە پیتی (ی) هاتبێ و ڕاناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاك، یان کۆی (دەستەی خاوەنی)ی بە دوادا بێ، دەبێ ڕەچاوی ئەوە بکرێ، دەبێتە دو (ی). وەك:

ـــ کوردەکان ئاشتی خوازن، ئازادییان لــێ زەوت مەکەن.

ـــ ئەو قوتابیە زۆر زیرەکە، دیاریی پێ بدەن.

٣ـ کاتێ ناوێك کۆتایی بە دو پیتی (یی) هاتبێ و بەهۆی (ی) ئامرازی پەیوەندیەوە بە ناوێکی تر ببەسرێتەوە، یان ڕاناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاك، یان کۆی (دەستەی خاوەنی)ی بە دوادا بێ، پێویستە ڕەچاوی ئەوە بکرێ، کە لە ڕوی تیۆریەوە سەرجەمیان دەبێتە سێ (ی). وەك:

ـــ شاییی دوانە، گڕ لە هەموانە.

ـــ لە بۆشاییی ئاسمان کێشی مرۆڤ کەم دەبێتەوە.

ـــ شاییيان لا مەکەن بە شین.

ــــ بۆشاییی بۆ بە جێ بهێڵە.

بەڵام لە ڕوی پڕاکتیکیەوە، نوسینی سێ (ی)⟵(ییی) ئاسان نیە و لە ڕوی گۆکردنیشەوە، هەروەك دو (ی) گۆ دەکرێن. بۆیە، وا پەسەنددەکرێ، کە هەر بە دو (ی) بنوسرێ.

٤ـ لە کاتی نوسینی کاری ڕابوردو لە چاوگە (ی)یەکاندا، کارەکە کۆتایی بە (ی)ی مۆڕفیمی کاتی ڕابوردو دێ، بۆیە دەبێ ڕەچاوی بە دوادا هاتنی ئەو ڕاناوە لکاوانە بکرێ، کە یەکەم پیتیان (ی)ـە، وەك:

ـ من فڕیم ، تۆ فڕیی ، ئەو فڕیØ ، ئێمە فڕیین ، ئێوە فڕین ، ئەوان فڕین.

ـ من خزیم ، تۆ خزیی ، ئەو خزیØ ، ئێمە خزیین ، ئێوە خزین ، ئەوان خزین.

ـ من کڕیم ، تۆ کڕیت ، ئەو کڕیی ، ئێمە کڕیمان ، ئێوە کڕیتان ، ئەوان کڕییان.

ـ نوسیم ، نوسیت ، نوسیی ، نوسیمان ، نوسیتان ، نوسییان.

٥ ـ کاتێ دەنگێکی بزوێن بە تایبەتی (ـە)، بە دوای دەنگی (ی)دا دێ، ئایا دەبێ بە دو (ی)؟ یان نا؟. لەم بارەدا، لە بەر ئەوەی (ی) نیمچە بزوێنە، دەشێ، بە پێی دابەشی بڕگەکان، بزوێن بێ، یا نەبزوێن. واتە؛ ئەگەر دەنگی (ی) و دەنگی (ـە) هەردویان بە بزوێن دابنرێن و هەر یەکە لە بڕگەیەك دابنرێن، ئەوا پێویستییان بە (ی)ێکی ناوبڕی نەبزوێن دەبێ، بەڵام ئەگەر هەردویان لە یەك بڕگە کۆ بکەینەوە، ئەوا دەنگی (ی) دەبێتە نەبزوێن و پێویست بە (ی) ناوبڕی نەبزوێن ناکا، وەك:

| ئەگەر (ی) بە نەبزوێن دابنرێ (یەك بڕگە) | ئەگەر (ی) بە بزوێن دابنرێ (دو بڕگە) |
| --- | --- |
| ئەم بابەتە دەنگـ/ســا/زیە. یان، دەنگـ/ســاز/یە.<br>ئەم هەژارە پارەی /نیە/.<br>ئەم بۆ/شــایـ/یا/نە پڕ بکەوە.<br>دیــار/یـێـ/کی بۆ بنێرە. | ئەم بابەتە دەنگـ/ســا/زیـ/یــە.<br>ئەم هەژارە پارەی /نیـ/یــە/.<br>ئەم بۆ/شــا/یــیـ/یا/نە پڕ بکەوە.<br>دیا/ریـ/یــێـ/کی بۆ بنێرە. |

ئاشکرایە، جۆری یەکەم ئاسانتر و بێ گرفتترە، لە ڕوی پڕاکتیکیەوە.

ئە نجام و پێشنیار:

ئەو وشانەی کۆتاییان بە یەك پیتی (ی)، یان دو پیتی (یی) دێ و پاشگرێکیان بە دوادا دێ، کە بە پیتی (ی) دەست پێ بکا، پێویستە لە نوسیندا فەرامۆشی هیچیان نەکرێ، ئەگەر لە گۆکردنیشدا دەرنەکەون. هەروەها ئەگەر دەنگی (ی) بزوێنێکی بە دوادا هات، وا

ئاسانترە، هەردوکیان لە بڕگەیەکدا کۆ بکرێنەوە، تاکو پێویست بە (ی)ێکی تری ناوبڕ نەکا.

## (بەشی دوەم)

## (تەوەری یەکەم)

## (گرفتەکانی نوسین بە ئەلفوبێی هاوشێوەی لاتینی)

**پێشەکی:**

لێرەدا، بە پێویست نازانرێ، باسی مێژوی نوسینەوەی ئەلفوبێی کوردی بە هاوشێوەی عەرەبی یان لاتینی بکەین، چونکە مەبەست ئەوەیە، کورتترین و ئاسانترین ئەلفوبێ بخرێتەڕو کە بە شێوەیەکی گشتی کورد لە هەمو پارچەکانی کوردستان بە ئاسانی پێی بنوسێ و بە شێوەیەکی تایبەتیش ئاسان بێ بۆ هەمو منالانی کورد بە ئاسانی فێری ببن و پێی بنوسن.

لە بەشی یەکەمدا، زۆربەی گرفتەکان بە پیتی هاوشێوەی عەرەبی خرانەڕو. هەڵبەتە، ئەم گرفتانە نوسینی کوردی بە پیتی هاوشێوەی پیتە لاتینیەکانیش دەگرێتەوە، بۆیە بە پێویستی نازانین، لێرەدا دوبارەی بکەینەوە. تەنیا ئەو گرفتەی لە بەشی یەکەمدا باس نەکراوە، گرفتی دەنگی بزرۆکە(i)یە کە لە نوسین بە پیتی هاوشێوەی عەرەبی دەرناکەوێ، بۆیە لەم بەشەدا، تەنیا باسی ئەو گرفتە دەکەین:

**گرفتی دەنگی بزرۆکە (i):**

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٣٥- | •• | من، گرتن، ورد | i | min, girtin, wirid |

چەند سەرنجێکی گرنگ دەربارەی بزرۆکە تێبینی دەکرێن:

١- بزرۆکە (كسرة مختلسة)، ئەو کورتە دەنگەیە، کە دەکەوێتە نێوان دو نەبزوێن. واتە؛ لە ئەنجامی گواستنەوەی شوێنی دروستبونی نەبزوێنی یەکەم بۆ نەبزوێنی دوەم لە ناو دەمدا، نەختێك هەوا دەرەچێ و ئەم بزرۆکەیە دروستدەکا. بۆ نمونە: لە وشەی (من)دا، هەردو دەنگی (م) و (ن)دا هەوا لە لوت دەرەچێ، بەلام لە (م)دا جوتبونی لێوەکان ڕێگە لە هەوای دەم دەگرێ و لە (ن)دا جوتبونی پێشەوەی زمان و پێشەوەی مەلاشو ڕێگەی هەوای دەم دەگرێ، بەلام تا قسەکەر لێوەکان لێکدەکاتەوە و پێشەوەی زمانی بەرزدەکاتەوە بۆ پێشەوەی مەلاشو، نەختێ هەوا لە میانی ئەو کرداری ڕاگوێزانە دزە دەکا و لە دەم دەچێتە دەرەوە، بەم بڕە هەوایە بزرۆکە دروستدەبێ. ئەم بڕە هەوایەش ئەگەر لە نێوان دو دەنگی کپ بێ، وەك:

خت، کش، چك، پف، کپ ... ) بە کپی دەرەچێ و ئەگەر لە نێوان دو دەنگی گڕ بێ، بە گڕی دەرەچێ، وەك: ( من، ژن، گڤ، بن، بڤ، گن ... )، بەڵام لە نێوان گڕێك و کپێك یان بە پێچەوانە، ئەوا خۆیشی بە ڕێژەی کاریگەریی هەر یەکێك لە دو دەنگەکە گڕ و کپی تێدەکەوێ. ئەم سیمایەش لە دەنگەکانی تر بەو ڕێژەیە نیە کە کپی و گڕیان بە تەواوی بگۆڕێ.

٢ـ دانان و دانەنانی، واتە؛ نوسین و نەنوسینی، نابێتە هۆی تێکدان، یان گۆڕینی واتای وشەکە، وەك: ( مـنـن، کورند، جـنـوان ... / من ، کورد ، جوان ... )، کەواتە، ئەم دەنگەش پێناسەی فۆنێمی بە سەردا ناسە پێ و فۆنێم نیە و دیاردەیەکی فۆنەتیکیە.

| | | |
|---|---|---|
| مـنـن، کورند، جـنـوان | Min,Kurid,Ciwan | Texts/teksts/, Actions/æk□ns/ |

٣ـ ئەم دیاردە فۆنەتیکیە لە زمانی تریشدا هەیە، وەك لە هەندێ وشەی ئینگلیزیدا پتر لە سێ کۆنسونانت بەدوای یەکدا دێن و دیاردەکە بە هێشوە کۆنسونانت ( Consonant Cluster ) ناو دەبەن وەك لە ( /Texts/teksts تێکستس)، ( /Actions/æk□ns ئـ )ەکشنس )، ( Students/stju:dnts ستیودنتس ... ).

ئایا بۆ لە زمانێکی تری هیندۆ-ۆڕوپی ئەبێ، چوار نەبزوێن بە دوای یەکدا بێن و لە کوردیدا نابێ؟ جگە لەمەش بە پێوەری ئێمە بێ، لە نێوان هەمویان ئەم بزرۆکە هەیە.

٤ـ لە بڕگەکاریدا هەندێ جار بزرۆکە( i )، دەنگێکی ئارەزومەندە. واتە؛ پەیدا دەبێ، یان پەیدانابێ، بە تایبەتی لە پێش بڕگەی ( وان )دا. بۆ نمونە: ئەگەر هەر یەك لەم وشانە ( /شوان/، /جوان/، /ژوان/ ... ) بە بڕگەیەك دابنێین، ئەوا بزرۆکە پەیدا نابێ، بەڵام ئەگەر بە دو بڕگەیان دابنێین، ئەوا بزرۆکە پەیدا دەبێ ( /شـi/وان/، /جـi/وان/، / ژi/وان/... ). ئەمەش لە گەڵ سیمای فۆنێم ناگونجێ.

**ئە نجام و پێشنیار:**

ئەگەرچی بزرۆکەش وەکو هەمزە ناتوانرێ، نکوڵی لە بونی بکرێ. بەڵام پەیدابونی دیاردەیەکی فۆنەتیکیە، نەك فۆنۆلۆجی. نوسین و نەنوسینی، نە واتا دەگۆڕێ و نە واتا تێکدەدا. کەواتە، فۆنێم نیە و پێویست ناکا، نرخێکی بۆ دابنرێ و پیتێکی بۆ تەرخانبکرێ. بەمەشدا دەبێ، بە یاساکانی بڕگەکاریدا بچینەوە و بڕگەی فۆنەتیکی و بڕگەی فۆنۆلۆجی لە یەك جیابکەینەوە و دان بەوەدا بنێین، بڕگەی فۆنەتیکیمان هەیە، کە فۆنێم، یا پیتی بزوێنی لە نێواندا نیە. وەك: ( من، ژن، گڤ، بن، بڤ، گن، خت، کش، چك، پف، کپ ... )

کە ڕەنگە، دەنگی نێوانیان گڕ، یا کپ بێ. هەروەها دەبێ، لە زمانەکەماندا، دان بە بونی (هێشوە کۆنسونانت) بنێین.

## (تەوەری دوەم)

## (چەند نمونەیەك لە ئەلفوبێی هاوشێوەی لاتینی)

لێرەدا چەند نمونەیەك لە ئەلفوبێی هاوشێوەی لاتینی دەخەینەڕو کە تا ڕادەیەك جیاوازییان هەیە و تا ئێستا لە لایەن سەرجەم نوسەر و سەنتەرەکانی نوسین و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی بینراو بە تەواوی پەیڕەو ناکرێن.

١ــ (لە ساڵی ١٩٢٠دا مامۆستا موحەممەد زەکی و میرزا موحەممەد باشقە ئەلفوبێیەکی کوردییان بە پیتی لاتینی بڵاوکردەوە، بە ناوی ((کتابی اولمینی قرائەتی کوردی))یەوە لە چاپخانەی حکومەت لە بەغدا چاپیان کرد)١٩٧:

| | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ك | k | ج | j | ی | i | گ | g | ف | f | ه | e | د | d | س | c | ب | b | ا | A |
| و<br>و | u | ت | t | س | s | ر | r | ق | q | پ | p | ۆ | o | ن | n | م | m | ل | l |
| ژ | z<br>h | پ | t<br>h | ش | s<br>h | خ | k<br>h | غ | g<br>h | ژ | d<br>h | چ | c<br>h | ز | z | ێ<br>ی | y | و | w |

٢ــ (حاجی جندی لە ساڵی ١٩٣١دا، قرائەتی ((کتێبا ئەلفبا)) ی بە لاتینی ـ روسی ـ فەرەنسی دانا)١٩٨:

| | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ژ | z | ز | z | ر | r | د | d | ج | c | خ | x | ح | h | ت | t | ب | b | ا | A |
| وو | u | و | y | ێ | e | چ | ç | ه | ə | بزرۆکە | б | یی | i | ۆ | o | ی | j | پ | p |

٣ــ (توفیق وەهبی بەگ، لە ساڵی ١٩٣٣دا، قرائەتێکی کوردی ((خوێندەواری باو)) بە پیتی لاتینی)١٩٩:

| | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ر | r | د | d | خ | x | ح،<br>ه | h | چ | ch | ج | c | ت | t | پ | p | ب | b | ا | A |
| ك | k | ق | q | ڤ | v | ف | f | غ | g<br>h | ش | s<br>h | س | s | ژ | j | ز | z | ڕ | r<br>h |

---

١٩٧ (ڕێنوسی کوردی لە سەدەیەکدا)، حامید فەرەج، بەغدا، ١٩٧٦، ل١٥.

١٩٨ هەمان سەرچاوە، ل٢٥.

١٩٩ هەمان سەرچاوە، ل٢٣.

| | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| g | گ | l | ل | l<br>h | ڵ | m | م | n | ن | w | و | u | وو | o | ۆ | y | ی | ê | ێ |
| iy | يـ<br>ی | i | بزرۆكە<br>. | e | ە | | | | | | | | | | | | | | |

٤ــ (كامەران عالی بەدرخان، لە ١٩٣٨دا، لە شام ((ئەلفابێیا من))ی بە پیتی لاتینی - فەرەنسی ئامێز بڵاوكردەوە)٢٠٠:

| | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| A | ا | b | ب | p | پ | t | ت | c | ج | ç | چ | h | ح،ھ | x | خ | d | د | r | ر |
| z | ز | j | ژ | s | س | ş̭ | ش | ẍ | غ | f | ف | v | ڤ | q | ق | k | ك | g | گ |
| l | ل | m | م | n | ن | w | و | u | وو | o | ۆ | e | ە | ê | ێ | i | بزرۆكە | î | ی |

٥ــ (جەمال نەبەز، لە ساڵی ١٩٥٧دا، لە ژێر ناوی ((نوسینی كوردی بە لاتینی)) قرائەتێكی دانا)٢٠١:

| | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| A | ا | b | ب | c | ج | ç | چ | d | د | e | ە | ê | ێ | f | ف | g | گ | h | ھ |
| ḧ | ح | i | بزرۆكە | î | ی | j | ژ | k | ك | l | ل | Ï | ڵ | m | م | n | ن | o | ۆ |
| p | پ | q | ق | r | ر | r̈ | ڕ | S | س | ş̭ | ش | t | ت | u | و | ü | وو | v | ڤ |
| w | وێ | x | خ | ẍ | غ | y | ێ | z | ز | | | | | | | | | | |

٦ــ موقەدەم عەزیز ئاكرەیی، لە ساڵی ١٩٦٧دا، بە كوردی لاتینی پەڕتوكێكی وێنەداری بە ناوی ((فێربونا زمانێ كوردی پ لاتینی)) لە چاپخانەی كوردستان چاپكردوە٢٠٢:

| | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| A | ا | b | ب | c | ج | ç | چ | d | د | e | ە | ê | ێ | f | ف | g | گ | h | ھ |
| i | بزرۆكە | î | ی | j | ژ | k | ك | l | ل | m | م | n | ن | o | ۆ | p | پ | q | ق |
| r | ر | r̂ | ڕ | s | س | ş̭ | ش | t | ت | u | ع | û | وو | v | ڤ | w | و | x | خ |
| y | ی | z | ز | | | | | | | | | | | | | | | | |

٧ــ (گیو موكریانی، لە ساڵی ١٩٧٢دا، بە كوردی لاتینی ئەلفوبێیەكی وێنەداری لە شكلی قرائەتدا بڵاوكردۆتەوە)٢٠٣:

---

٢٠٠ هەمان سەرچاوە، ل٢٧.

٢٠١ (ڕێنوسی كوردی لە سەدەیەكدا)، حامید فەرەج، بەغدا، ١٩٧٦، ل٣١-٣٢.

٢٠٢ (فێربونا زمانێ كوردی پ لاتینی)، موقەدەم عەزیز ئاكرەیی، چاپخانەی كوردستان، ١٩٦٧، ل٧-٩.

| | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| گ | g | ف | f | ێ | ê | وێ | ē | ە | e | د | d | چ | ç | ج | c | ب | b | ا | A |
| ڵ | Ï | ل | l | کی | k̲ | ك | k | ژ | j | یی | î | ی | i | ح | ḧ | ه | h | گی | g |
| ت | t | ش | ş̭ | س | s | ڕ | r̈ | ر | r | ق | q | پ | p | ۆ | o | ن | n | م | m |
| | | | | ز | z | ی | y | غ | ẍ | خ | x | و | w | ڤ | v | وو | û | و | u |

٨ــ د.بائیز عومەر ئەحمەد، لە ساڵی ٢٠٠٧ لە وتارێکی بە ناوی (ئەلفبێی یەکگرتووی کوردی بە تیپی لاتینی)٢٠٤، سی و یەك پیتی هاوشێوەی ئەلفبێیە دەسکاریکراوەکەی جەلادەت بەدرخانی٢٠٥ بۆ زمانی کوردی داناوە:

| | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ه | h | گ | g | ف | f | ێ | é | ی | e | د | d | چ | ć | ج | c | ب | b | ا | A |
| ق | q | پ | p | ۆ | o | ن | n | م | m | ل | l | ك | k | ژ | j | بزرۆکە | i | ح | h′ |
| ی | y | غ | ẋ | خ | x | و | w | ڤ | v | ئـ | u | ت | t | ش | ś | س | s | ر | r |
| | | | | | | | | | | | | | | | | | | ز | z |

## (تەوەری سێیەم)

## (ئاسانترین ئەلفوبێی کوردی)

لەم ڕۆژگارە ناسك و هەستیارەی نەتەوەی کورد پیایدا تێدەپەڕێ، کە پارچە پارچەیی هەمو لایەنەکانی خاك و زمان و ڕامیاری و ئابوری و کۆمەلایەتیی گرتۆتەوە، زۆر پێویستی بە هەنگاو و کرداری خۆنەویستانە و هەماهەنگی و یەکانگیریە. پێویستی بە وەلانانی خاڵە ناکۆك و کێشەدارەکانە و تێکەڵبونەوەیە، لەسەر بنەڕەتی خاڵە هاوبەش و بێگرفتەکان.

تا ئێرە لە ڕوی دەنگسازیەوە، گرفتی دەنگە کێشەدارەکان باسکرا و ئەنجام و پێشنیارەکان خرانە ڕو. کە گەیشتینە ئەم ئەنجامانە:

---

٢٠٣ (ڕێنوسی کوردی لە سەدەیەکدا)، حامید فەرەج، بەغدا، ١٩٧٦،ل٣٧-٣٨.

٢٠٤ (ئەلفبێی یەکگرتووی کوردی بە تیپی لاتینی)، د.بائیز عومەر ئەحمەد، گۆڤاری ئەکادیمی، کۆڕی زانیاری کوردستان، ژمارە ٥، ٢٠٠٧، ل٢٢٣.

٢٠٥ هەمان سەرچاوە، ل٢٢٧.

١ـ دەنگی هەمزە ( ئـ ): دەنگێکە و هەوای دەنگە بزوێنەکانی سەرەتای بڕگە دەگرێتەوە و هەمزە فۆنێم نیە و نابێ، پیتی بۆ دابنرێ.
٢ـ دەنگی ( ح ) دەنگێکی ڕەسەنی کوردی نیە و دەتوانرێ، بە ئەلۆفۆنێکی دەنگی ( ه ) دابنرێ و بە فۆنێم دانەنرێ و لە لیستی پیتەکان بسڕێتەوە.
٣ـ دەنگی ( ع ) دەنگێکی ڕەسەنی کوردی نیە و دەشێ، بکرێ بە هەمزە و وەکو هەمزە مامەڵەی لەگەڵ بکرێ و لە لیستی پیتەکان لابدرێ.
٤ـ دەنگی ( غ ) دەنگێکی ڕەسەنی کوردیە، بەڵام بەرەو لەناوچون دەچێ و دەگۆڕێ بۆ ( خ ). دەشێ، بە ئەلۆفۆنێکی فۆنێمی ( خ ) دابنرێ و لە لیستی پیتەکان بسڕێتەوە.
٥ـ دەنگی ( وو ) بە هەر شێوەیەك بنوسرێ، کار لە گۆکردنی ناکا و زۆر ئاساییە، ئەگەر لە لیستی پیتەکان نەمێنێ و بە ئەلۆفۆنێکی ( و ) دابنرێ.
٦ـ دەشێ، دەنگی ( ڤ ) بە ئەلۆفۆنێکی فۆنێمی ( و ) دابنرێ.
٧ـ دەنگی بزرۆکە ( i )، هەر لە بنەڕەتدا فۆنێم نیە و نوسین و نەنوسینی کار لە هیچ وشەیەك ناکا و پێویستە لە لیستی فۆنێمەکان نەمێنێ.

هەرچەندە لە ڕوی دەنگسازی و فۆنۆلۆجی کوردی، سڕینەوەی ( ٦ ) پیتی کێشەدار لە ئەلفوبێی کوردی کارێکی شیاوە و سەرجەم گرفتەکانی نوسینمان بۆ چارەسەردەکا، بەڵام ڕەنگە، بەهۆی ڕاهاتنمان لەسەر نوسینیان نەختێ ئاسان نەبێ. بۆیە لێرەدا پێویستە ڕەچاوی سودەکانی بکەین:

١ـــ یەکگرتنەوەی نوسینی کوردی لەسەرجەم پارچە و دیالێکتە کوردیەکان. بەتاییەتی ئەگەر بە پیتەکانی هاوشێوەی لاتینی بنوسرێن.
٢ـــ لادانی ئەم پیتانە دەمانگێڕێتەوە، بۆ ڕیزبەندیی خێزانی زمانە هیندۆ ئەوروپیەکان، کە خەریکە لەو خێزانە دوردەکەوینەوە. بەتاییەتی ئەگەر بە پیتەکانی هاوشێوەی لاتینی بنوسرێن. بە پێچەوانەش هەنگاوێك لە کلتوری هەندێ نەتەوەی کۆنەپەرستی داگیرکەری کوردستانیش دوردەکەوینەوە.
٣ـــ منالانی کورد لە هەمو دیالێکت و پارچەکانی کوردستان زۆر بە ئاسانتر فێری خوێندنەوە و نوسین دەبن و هاوهەست و هاوسۆزییەکی زیاتریش لە نێوانیان دروستدەبێ.
٤ـــ ئێستا ڕۆژگاری ئامێرە ئەلکترۆنیەکان و شارستانیەتی ئینگلیزی زمانەکانە، نوسینی کوردی بە پیتە لاتینیەکان زیاتر نزیکمان دەکاتەوە لەو ئامێرانە و سیستەمی نوسین لە مۆبایل و کۆمپیوتەر و سەتەلایت و ...هتد بەو پیتانە زیاتر کاراسانیمان بۆ دەکا.

٥ــ لیستی ئەم پیتانە هانی خوێندەواران دەدا ، وشەی بێگانە بەکارنەهێنن و بگەڕێنەوە، بۆ وشە کوردیە ڕەسەنەکان، بۆ نمونە، لە جیاتی وشەی ( شیعر )، وشەی ( هۆنراوە/ هۆزان )، لە جیاتی وشەی ( غەریب )، وشەی ( نامۆ ) بەکاربێنن، ...هتد.

٦ــ دەتوانرێ، لەو پیتانەی وەك (چ، ش، ێ، ڵ، ڕ)دا، کاتێ بە پیتەکانی هاوشێوەی لاتینی دەنوسرێن، هەر جۆرە سەر و ژێرێکیان بۆ دابنرێ، دەگونجێ. بۆ نمونە، بۆ پیتی ( ش )، دەشێ، بە هەر یەکێك لەم شێوانە بنوسرێ، (ŚŞŜŠ). بەڵام بۆ یەکخستن، وا باشترە، هەشت بن و لەسەرەوە بن.

لە ئاکامدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کە سادەترین و ئاسانترین ئەلفوبێی کوردی، ئەو ئەلفوبێیەیە، کە کەمترین ژمارەی فۆنێم، یان پیتی هەبێ و پیتی کێشەدار و بە گرفتی تێدا نەبێ. هەروەها بە جۆرە پیتێك بنوسرێ، کە لای هەمو ئەندامانی نەتەوەکە ناسراو بێ و لای هیچیان نامۆ نەبێ و سیما و ئەدگاری جیهانی پێوەبێ، ئەویش پیتەکانی هاوشێوەی لاتینین، کە زۆربەی وڵاتانی جیهان بەکاریدەهێنن، یان پێی نامۆ نین.

کەواتە، لەسەر ئەو دەرەنجامە، دەتوانین، لیستی (( ئاسانترین ئەلفوبێی کوردی )) بەم شێوەیە ڕێکبخەین:

| ژ | پیت | pyt | nmwne | nmwney r̂sta |
|---|---|---|---|---|
| -١ | ە | e | ewan, were, derewe | r̂o ewen hatne êre. |
| -٢ | ا | a | aw, mastaw, awarekan | arekan ger̂anewe. |
| -٣ | ب | b | bax, berdbaran, nayab | an debarê, ba bĉyne jwrewe. |
| -٤ | پ | p | perdax, kepr, top | daxêky pr̂ awm bo bêne. |
| -٥ | ت | t | trê, temate, awat | a katy temate w trêye. |
| -٦ | ج | c | cwceÎe, cêbecêkrdn, bac | ejny hacyyan cly cwan depoŝyn. |
| -٧ | چ | ĉ | ĉaw, kewĉk, xaĉ | xaney ĉawy ĉawm ĉay xoŝy heye. |
| -٨ | خ | x | xwda, xwrma, bax | škandny r̂ojw xwardny xwrma e. |
| -٩ | د | d | dar, berd, bax | y azady be xwên aw dedrê. |
| -١٠ | ر | r | trê, petate, serdan | ê ĉwme serdany braderany hewlêr. |
| -١١ | ڕ | r̂ | r̂êbaz, pêr̂ew, per̂ | êky westa r̂eceb le r̂wandz mawe. |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| an zryzeyeky zêr̂y le ml krdbw. | zozan, zryze, r̂ez | z | ز | -١٢ |
| ekey krd be jwany jwjkan.) pendy kwrdy | jwan, jwjk, kej | j | ژ | -١٣ |
| ry leber hataw spy krdwe.) pendy kwrdy | sêw, dersym, aras | s | س | -١٤ |
| honrawey peŝêwm xwêndewe. | ŝew, peŝêw, ŝeŝ | ŝ | ش | -١٥ |
| t sefyn bê tf le asn ke.) pendy kwrdy | fênk, sefyn, kef | f | ف | -١٦ |
| zancy qerec le ger̂andaye.) pendy kwrdy | qerec, qerebw, boq | q | ق | -١٧ |
| kwk dÎy kurdstane. | kwrd, kerkwk, bwk | k | ك | -١٨ |
| merge bergry le gely xoy deka. | gelawêj, bergry, merg | g | گ | -١٩ |
| w lempe hawwatay yektrn. | lawaz, kwlle, serpel | l | ل | -٢٠ |
| ÎaÎe w bêxaÎ  xuŝky ŝamaÎn. | gwÎaÎe, qeÎew, samaÎ | Î | ڵ | -٢١ |
| ywan mywey bo mn hêna. | mywan, ŝamaÎ, ŝerm | m | م | -٢٢ |
| vroz cejny kurdane. | newroz, penyr, saman | n | ن | -٢٣ |
| re w herêm hawêr̂y hawarn. | hewaÎ, behre | h | ه | -٢٤ |
| va le swÎtan mehmwd gewretre) p. k. | wrya, tewn, xaw | w | و | -٢٥ |
| ndoxa le dhok doy xoŝ heye. | omer, dehoÎ, do | o | ۆ | -٢٦ |
| an dyaryêky cwany daye bêrywan. | yary, bêrywan, dyary | y | ی | -٢٧ |
| vlêr paytexty herêmy kurdstane. | êre, hewlêr, dê | ê | ێ | -٢٨ |

بەم شێوەیە، دەبینە خاوەنی (٢٨) پیت، کە هێشتا دو پیتی لە زمانی ئینگلیزی زیاترە، کە ئێستا خەریکە دەبێتە زمانی ستانداردی جیهانی.

شایانی باسە، بونی دو جۆرە پیتی گەورە (capital) و بچوك (small) کێشەیەکی تر دروستدەکا، بە پەسەند دەزانرێ، تەنیا جۆری بچوکەکە هەبێ و خۆمان لەو گرفتە بپارێزین کەی بە گەورە و کەی بە بچوك بنوسین؟.

## (ئەنجامەکان)

١ـــ دەنگی هەمزە (ئـ)، لەو کاتانەدا پەیدا دەبێ، کە دەنگێکی بزوێن (ا، ۆ، ێ، ە، ی، و) دەکەوێتە سەرەتای وشە. چونکە لە کاتی گۆکردنی دەنگە بزوێنەکاندا، دەم کراوەیە و هەوا

بەبێ هیچ بەربەستێك لە دەمی مرۆڤ دێتە دەرەوە. کەواتە، فۆنێم نیە و پێویست ناکا، نرخێکی بۆ دابنرێ و پیتێکی بۆ تەرخانبکرێ.

٢ــ هەردو دەنگی ( ح، ع )، کوردی ڕەسەن نین و لە عەرەبی هاتونەتە ناو زمانی کوردی و تا ئێستا وشەی ئەوتۆیان پێ دروستنەبوە، کە ئالوگۆڕیان، ببێتە هۆی واتا گۆڕان. دەشێ، دەنگی ( ح ) بکرێ بە ئەلۆفۆنی ( ه ) و دەنگی ( ع )یش لەبەر ئەوەی وشەی ئەوتۆی کوردی پێ دروستنەبوە، دەشێ، بسڕێتەوە.

٣ــ دەتوانرێ، دەنگی ( غ ) بە ئەلۆفۆنێکی ( خ ) دابنرێ و دەشێ، پیتی ( خ ) لە بری ( غ )یش بنوسرێ.

٤ــ لە کوردیدا دەنگی ( و ) کورت بێ، یا درێژ، یەك فۆنێمە و پێویست بەوە ناکا، بە دو شێوە بنوسرێ، چونکە واتا ناگۆڕێ. هەروەها دەشێ، دەنگی ( ڤ )ش بە ئەلۆفۆنێکی ( و ) دابنرێ.

٥ــ پەیدابونی دەنگی بزرۆکە ( i )، دیاردەیەکی فۆنەتیکیە، نەك فۆنۆلۆجی و نوسین و نەنوسینی، نە واتا دەگۆڕێ و نە واتا تێکدەدا. کەواتە؛ فۆنێم نیە و پێویست ناکا، نرخێکی بۆ دابنرێ و پیتێکی بۆ تەرخانبکرێ.

٦ــ سادەترین و ئاسانترین ئەلفوبێی کوردی، ئەو ئەلفوبێیەیە، کە کەمترین ژمارەی فۆنێم، یان پیتی هەبێ و پیتی کێشەدار و بە گرفتی تێدا نەبێ و بە جۆرە پیتێك بنوسرێ، کە لای هەمو ئەندامانی نەتەوەکە ناسراو بێ و لای هیچیان نامۆ نەبێ، ئەویش پیتەکانی هاوشێوەی لاتینین.

## «سەرچاوەکان»


«١» ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ( گیروگرفتەکانی ڕێنووسی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی )، گۆڤاری کۆری زانیاری عیراق "دەستەی کورد"، ب ٩، ١٩٨٢.

«٢» ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ( نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی )، هەولێر، ١٩٨٥.

«٣» بائیز عومەر ئەحمەد، ( ئەلفبێی یەکگرتووی کوردی بە تیپی لاتینی )، گۆڤاری ئەکادیمی، کۆڕی زانیاری کوردستان، ژمارە ٥، ٢٠٠٧.

«٤» حامید فەرەج، ( ڕێنوسی کوردی لە سەدەیەکدا )، بەغدا، ١٩٧٦.

«٥» عەزیز ئاکرەیی، ( فێربونا زمانێ کوردی پ لاتینی )، چاپخانەی کوردستان، ١٩٦٧.

«٦» عەبدوللا حوسێن ڕەسول، ( چەند پیتێکی کێشەدار لە نوسینی کوردیدا )، گۆڤارا زانکۆیا دهۆك، پەڕبەندا -٧-، هژمارا -١-، تیرمەه ٢٠٠٤.

«٧» مارف خەزنەدار، ( پاراستنی ئەدگاری نەتەوەیی لە ووشەی فەرهەنگی زمانی نووسینی کوردیدا )، گۆڤاری ئەکادیمی، کۆڕی زانیاری کوردستان، ژمارە ٤، ٢٠٠٦.

## (ملخص البحث

تناول العديد من المقالات والبحوث كيفية كتابة الأبجدية الكوردية من حيث وجود الإختلاف في عدد الحروف و إختيار الأبجدية الشبيهة بالأبجدية العربية أو اللاتينية. ولكن للباحث آراء مختلفة جديدة بخصوص بعض الأصوات العلُ، مثل: (i) الكسرة المختلسة، و (وو) الواو الطويلة. و بعض الأصوات الصحيحة، مثل: (أ) الهمزة الكوردية، ح ، ع) الحاء والعين، خ ، غ) الخاء والغين. وتمت دراسة كل حرف من هذه الحروف في محور خاص، وفي نهاية كل محور يقدم الباحث استنتاجاته بخصوص ذلك الحرف مع الإقتراحات التي يراها مناسبة لكتابة اللغة الكوردية بالحروف الغير السائدة المشابهة للحروف اللاتينية.

و في النهاية قدم الباحث قائمة أبسط و أسهل أبجدية لكتابة اللغة الكوردية بالحروف الشبيهة بالأبجدية اللاتينية، حيث تتألف من (٢٨) حرفاً.

والبحث بصورة عامة يتألف من فصلين، يتناولان المشاكل المتعلقة بالأبجدية الشبيهة بالأبجدية العربية واللاتينية مع عرض الحلول والآراء المقترحة لكل منهما. إضافة إلى المقدمة يتضمن البحث ملخصاً باللغة العربية والإنكليزية مع قائمة المصادر المستعملة في البحث.



## Abstract
## (Which Alphabet to Write?)

No doubt, one of the most important basics of any nation is language. Concerning Kurdish nation, Kurdish Language has been the most important factor behind its survival, and its existence is bounded by the existence and protection of Kurdish Language.

In addition to the lack of an agreed upon standard variety of Kurdish on the side of all speakers, it also has no unified system of writing. Some use Arabic scripts and others use Latin. The problem is even bigger than this, which is the disagreement about the number and type of letters in each system of alphabet.

This has been imposed by the reality of Kurdish issue due to the separation and division which has affected the demography and policy of all parts. Each part considers it superior and does not follow any other part. The threatening problem is language and its unification is the most challenging.

This study is an attempt to introduce some scientific views and present some suggestions to unify the dialects hoping that it

serves as an introduction to the unification of other aspects. Obviously, language is a combination of sound and meaning, i.e., the sounds carry meaning. The dialects and varieties are to some extent similar in meaning; what make them different are sounds. So the unification of sounds that represented by letters in writing is the easiest and most important and introductory step towards bringing the dialects together and consequently the first step towards the birth of a unified literary language.

The question here is that "Does the existence of two alphabetical systems each with differences and problems let any attempt be appropriate to the unification of all writing systems?". The answer is "yes" if all parts leave all biases and work on the shared and approved aspects, which are by resorting to the origin rather than different varieties and dialects by adopting the shared and minimum possible number of letters accepted by all. This paves the way towards the unification and also easier child language acquisition.

In order to have the best and adoptable alphabet with easiest degree of acquisition, the study is organized as in the following:

The first section which is about the problem of writing with Arabic and Latin alphabet includes a list of all used 35 letters in both systems. They are sorted according to Arabic sequence of letters. Then, the problems or difficulties of any letter is dealt with according to the phonological rules the appropriate suggestions are given.

The second section is entitled the simplest Kurdish alphabet. On the light of the conclusions and suggestions of the first section, in this section there is a simple and easy list of Kurdish letters with some final suggestions. There are three texts as examples written according to the final list. Finally, in addition to the results and conclusions the research presents the summary in Arabic and English followed by the list of bibliography.

# مۆرفۆفۆنیم لە دیالێکتی ناوەڕاست

## توێژینەوەیەکی دەنگوشەسازیە

هەواڵنامەی کتێب

پرۆفیسۆر دکتۆر

عەبدوللا حوسێن ڕسول

**ئەم توێژینەوەیە لە دوەمین کۆنفرانسیی زانکۆی ڕاپەڕین بە ناونیشانی**
**(زمانی کوردی لەنێوان ئەرکی ڕۆشنبیری و ئەرکی زانستیدا)**
**لە ساڵی (٢٠١٣)، لە قەڵادزێدا پێشکەشکراوە.**
**بەرواری نوسین: ١ / ٩ / ٢٠١٣**

# «مۆرفۆفۆنیم لە دیالێکتی ناوەڕاستدا»

## توێژینەوەیەکی دەنگوشەسازیە٢٠٦

**پێشەکی:**

مۆرفۆفۆنیم، ئەو تاکە دەنگانەن کە لە ئاستی دەنگسازیدا فۆنیمن و دەتوانن لە ئاستی وشەسازیدا ببن بە مۆرفیم و لە ئاستی ڕستەسازیشدا ڕۆلی مۆرفیمیی خۆیان دەپارێزن و بە پێی کەوتگەی ڕستەییان ئەرکی خۆیان دەبینن.

زۆربەی مۆرفۆفۆنیمەکان مۆرفیمی بەندن و مۆرفیمی سەربەخۆیان زۆر کەمە، تەنانەت ئەوانەی لە ڕوی ڕوخساریشەوە (داڕشتن) سەربەخۆن لە ڕوی ناوەڕۆکەوە (واتاوە) بە مۆرفیمەکانی دەوروبەریانەوە بەند دەبن. هەندێ مۆرفۆفۆنیمەکان وشەداڕێژن و هەندێکیان ڕێزمانین.

لە ڕێزمانی کوردیدا، بە شێوەیەکی گشتی، باسی زۆر لە مۆرفۆفۆنیمەکان کراوە. هەندێکیان لە چوارچێوەی ڕۆنانی وشە یان ڕستەکان ناویان هاتوە و هەندێکیان وەکو ئامراز یان مۆرفیمی بەند ئاماژەیان پێکراوە، بەڵام وەکو باسێکی ورد و گشتگیر نەخراونەتە دو توێی توێژینەوەیەك. ئەم بابەتە هەوڵێکە بۆ کۆکردنەوە و تاوتوێکردنی سەرجەم

٢٠٦ دەنگوشەسازی = مۆرفۆفۆنیمی

مۆڕفۆفۆنیمەکان لە دیالێکتی ناوەڕاستی زمانی کوردیدا. هەوڵدراوە بە پێی ڕێبازی شیکردنەوە ڕوماڵ بکرێنەوە و کەموکوڕی و هەڵەکانی ڕێزمانی لاساییکردنەوەی پێشتر ڕاستبکرێنەوە.

لەم توێژینەویەدا بۆ ئەوەی توێژەر دوچاری دوبارەبونەوە و پۆلینکردنی ورد و ئاڵۆز نەبێ، بە پێی ڕیزبەندیی ئەلف و بێی کوردی[٢٠٧]: (ە، ا، ب، پ، ت، ج، چ، ح، خ، د، ر، ڕ، ز، ژ، س، ش، ع، غ، ف، ڤ، ق، ک، گ، ل، ڵ، م، ن، ه، و، ۆ، ی، ێ.) بە فۆنیمەکاندا هاتۆتە خوارەوە و هەر فۆنیمێك توانای بونە مۆڕفیمی هەبێ، توتوێکراوە و خراوەتە بەر تیشکی لێکۆڵینەوە.

ئەم توێژینەوەیە جگە لە ناوەڕۆك و ئەنجامەکان، لە کۆتاییدا پوختەی عەرەبی و ئینگلیزی و لیستی سەرچاوەکان خراوەتــەڕو.

هەواڵنامەی کتێب

## مۆڕفۆفۆنیم لە دیالێکتی ناوەڕاستدا

دەنگوشەسازی (مۆڕفۆنۆلۆجی یان مۆڕفۆفۆنۆلۆجی)[٢٠٨] ئەو ئاستەی زمانە کە دەکەوێتە نێوان هەردو ئاستی دەنگسازی و وشەسازی[٢٠٩]، کە تیایدا تیشك دەخرێتە سەر

---

٢٠٧ زمانەوانی. بەرگی پێنجەم. بەرگەکانی (٤-٧)ەم. سەلام ناوخۆش، نەریمان خۆشناو. ٢٠١٠. ل٢٠٦.

٢٠٨ لە ئینگلیزی ئەمەریکیدا بەم ئاستە دەوترێ: مۆڕفۆفۆنیمیکس (morphophonemic's). بڕوانە (David Crystal. A Dictionary of Linguistics & Phonetics. ٥th Edition. ٢٠٠٢. UK. P٣٠٢.).

پێکهاتەی ئەو مۆرفیمانەی لە فۆنیم پێکدێن٢١٠. لە دیالێکتی ناوەڕاستی زمانی کوردیدا ژمارەیەکی زۆر مۆرفیم هەن کە لە تاکە دەنگێك ( phoneme ) پێکدێن و وەك جۆرەکانی تری مۆرفیم ڕۆلی چالاك لە ئاستەکانی وشەسازی و ڕستەسازی دەگێڕن و هەندێکیان لەبەر بچوکی قەبارە و نیانی ( flexibility ) و خۆگونجاندنیان دەتوانن ڕۆلی زۆرتر و چالاکتر لەوانی تر بگێڕن. جگە لەمە، زمانی کوردی ڕێژەیەکی زۆر مۆرفیمی بەندی تیادایە٢١١ و دەکەوێتە بەر گروپی زمانە نوساوەکان (Agglutinative)٢١٢، ئەمە وایکردوە، ژمارەیەکی زۆر لە فۆنیمەکانی زمانی کوردی ڕۆلی مۆرفیم ببینن و ببنە مۆرفۆفۆنیم.

ئاشکرایە، فۆنیم ئەو کورتە دەنگانەن کە دەتوانن لە دەستەی وشە لەیەکچوەکاندا ( جوتۆکەکان ) واتای جیاواز دروست بکەن٢١٣. واتە، (کاتێ دەتوانرێ دو دەنگ بەکاربهێنرێن بۆ جیاکردنەوەی وشە هاوشێوەکان، دەوترێ ئەو دەگانە فۆنیمی جیاوازن)٢١٤. بۆیە فۆنیمەکان کورتترین دەنگن کە دەبنە هۆی واتا گۆڕین. بەلاَم (مۆرفیمەکان، بچوکترین فۆڕم و یەکەی بنەڕەتین لە ڕۆنانی ڕێزماندا)٢١٥. واتە، ئەو بچوکترین پارچانەی زمانن کە واتایان هەیە٢١٦، یان بچوکترین دانەی واتاداری زمانە٢١٧.

هەوالنامەی کتیب

---

٢٠٩ David Crystal. A Dictionary of Linguistics & Phonetics. ٥th Edition. ٢٠٠٣. UK. P٣٠٢.

٢١٠ Geoffrey Finch. Linguistic Terms and Concepts. ٢٠٠٠. USA. P٥٩.

٢١١ وریا عومەر ئەمین. مردنی وشە. گۆڤاری کاروان. ژمارە ٤٥. حوزەیرانی ١٩٨٦. ل١١-١٢.

٢١٢ عبدالواحد وافی. علم اللغه. الگبعه السابعه. دار نهچه مصر للگبع والنشر. ١٩٧٢. ص١١٥.

٢١٣J. D. O'Connor. Better English Pronunciation. ٢nd Edition. ٢٠٠٣. P١٥٠.

٢١٤ Peter Ladefoged. A Course in Phonetics. ٥th Edition. ٢٠٠٦. USA. P٣٣.

٢١٥ John Lyons. Language and Linguistics. ٢٠٠٢. Cambridge.P١٠٣.

٢١٦ F. S. Scott. & .... English Grammar. ١٩٧٨. London. P٨.

٢١٧ Bloomfield. Language. Henry Holt, Rinehart & Winston. ١٩٣٣. New York. P١٧٨.

هەندێ جار تاکە فۆنیمێك واتایەك هەڵدەگرێ و دەبێتە مۆرفیمێك. ئەم جۆرە فۆرمانە لە ئاستی دەنگسازیدا دەبن بو فۆنیم و لە ئاستی وشەسازی و ڕستەسازیدا دەبن بە مۆرفیم، بۆیە پێیان دەوترێ مۆرفۆفۆنیم (Morphophoneme). ئەم مۆرفۆفۆنیمانە سودی زۆریان بۆ زمان هەیە لە ڕوی ئابوریی زمانەوانی و بەفیڕۆنەدانی کات و وزەی218 ئاخێوەر.

مۆرفۆفۆنیمەکانی دیالێکتی ناوەڕاستی زمانی کوردی، بە پێی ڕیزبەندیی ئەلف و بێی کوردی بریتین لەمانەی خوارەوە:

**1: مۆرفۆفۆنیمی {ە}:**

فۆنیمی /ە/، یەکێکە لە فۆنیمە بزوێنەکانی زمانی کوردی، کورتترین دەنگە لە گروپی بزوێنەکاندا، لە هەمان شێوەی بزوێنی درێژی /ا/یە، بەڵام درێژی دەنگەکەی نزیکەی نیوەی ئەوە. (لە سنووری فۆنۆلۆژییدا ئەم دوو ڤاوڵە بەرانبەری یەکدی دائەنرێن چونکە تەنیا لە رووی کورت و درێژیەوە جیاوازن.... موعەددەلی گشتی ڤاوڵی درێژ 36,2 میللیمەتر و موعەددەلی گشتی ڤاوڵی کورت 23,1 میللیمەتر دەرچووە)219.

لە ئاستی ڕێزماندا، مۆرفیمێکی زۆر چالاکە کۆمەڵێك ئەرکی گرنك ئە نجام دەدا220. سەرجەم ئەرکەکانیشی دەگەڕێتەوە بۆ واتا وردەکەی کە (نزیکی)یە. ئەگەر بە وردی سەرنجی مۆرفۆفۆنیمی {ە} بدەین و لە ڕوی واتاییەوە تیشکۆی بخەینە سەر، لە سەرجەم ڕۆڵەکانیدا لە چوارچێوەی بەخشینی واتای (نزیکی) یا نزیکبونەوە کاردەکا. لەوانە:

**1-1- مۆرفۆفۆنیمی {ە}ی نزیککردنەوە لە ڕاناوی نیشانەدا:** ڕاناوی جیای کەسی سێیەمی تاك (ئەو / ئەم)، ئاماژە بە کەسێکی دورتر لە کەسەکانی یەکەم و دوەم دەکا. ئەمەش وایکردوە، ڕۆڵی ڕاناوی نیشانەش بگێڕێ. هەڵبەتە، کەسی یەکەم و دوەم، واتە قسەکەر و گوێگر کەسانی نزیکن و بەم ڕاناوە ئاماژە بۆ کەسە دورەکە دەکەن، کە لایان نیە و ناونراوە کەسی

---

218 دەروون عبدالرحمن ساڵح. ئیکۆنۆمی لە ئاستەکانی زمانی کوردیدا. هەولێر. 2012. ل53.

219 غازی فاتح وەیس. فۆنەتیك. بەغدا. 1984. ل71-73.

220 عەبدوڵلا حوسێن ڕەسول. ئەرکەکانی مۆرفیمی (ە) لە زمانی کوردیدا. گۆڤاری سابات. ژمارە 1. ساڵی 2005. ل38.

سێیەم. لێرەدا کاتێ مۆرفۆفۆنیمی {ه} وەکو پاشگرێك دەخرێتە سەر ئەم ڕاناوە، کەسە دورەکە نزیك دەکاتەوە و ڕاناوی نیشانەکە لە دورەوە دەگۆڕێ بۆ نزیك. بەراوردی ئەم نمونانەی خوارەوە بکە:

ــ ئەم / ئەو هات. ئەم+ {ه} - ئەمە / ئەو+ {ه} - ئەوە ئەمە / ئەوە هات.

ــ ئەم / ئەو جوانە. ئەم+ {ه} - ئەمە / ئەو+ {ه} - ئەوە ئەمە / ئەوە جوانە.

ــ ئەم / ئەو جیایە. ئەم+ {ه} - ئەمە / ئەو+ {ه} - ئەوە ئەمە / ئەوە جیایە.

شایانی باسە، دوری و نزیکی ڕاناوی نیشانە ناگەڕێتەوە بۆ هەردو دەنگی ⇦م⇨ و ⇦و⇨ لە ڕاناوەکانی (ئەم) و (ئەو)دا، چونکە هەردوکیان بۆ کەسی سێیەمی تاکی دورن بە پێی شێوەزاری ناوچەکان، بۆ نمونە تەنیا ڕاناوی نیشانەی (ئەو) و (ئەوە) لە شێوەزاری سۆرانی بەکاردێ و (ئەم) و (ئەمە) بەکارنایێ، لە شێوەزاری سلێمانی تا ڕادەیەك پێچەوانەیە. واتە، نزیکیەکە تەنیا دەگەڕێتەوە بۆ مۆرفۆفۆنیمی نزیکیی {ه} نەك ⇦م⇨ەکە.

**١ـ٢ـ چەمکی بەستنەوە:** مۆرفۆفۆنیمی {ه} دەتوانێ دو مۆرفیم یان دو وشەی سادە بەیەکەوە ببەستێتەوە و وشەیەکی لێکدراویان لێ دروستبکا، یان دو لاڕستە بەیەکەوە ببەستێتەوە و ڕستەیەکی سادەیان لێ دروستبکا. «ئامرازی (-ه) لەنێو زمانە ئێرانیێکاندا تەنێ لە زمانی کوردی دا بەدی دەکرێت. ئەمەش تایبەتێتی زمانی کوردی لە ئامرازەکانی خستنەسەردا دەردەخا»٢٢١.

**١ـ٢ـ١ـ بەستنەوەی دو وشە:** مۆرفۆفۆنیمی نزیکیی {ه} دەتوانێ دو وشە لەیەك نزیك بکاتەوە و بەیەکیان ببەستێتەوە. وەك لەم نمونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێ:

ــ مێرگەسور. ← مێرگ + {ه} + سور - مێرگەسور.

ــ گوڵەگەنم. ← گوڵ + {ه} + گەنم - گوڵەگەنم.

ــ گێلەپیاو. ← گێل + {ه} + پیاو - گێلەپیاو.

**١ـ٢ـ٢ـ بەستنەوەی دو لاڕستە:** هەروەها ئەو مۆرفۆفۆنیمە دەتوانێ دو بەشی ڕستەش بەیەکەوە ببەستێتەوە و لە یەکیان نزیك بکاتەوە:

ــ دەچمە هەولێر. ← دەچم + {ه} + هەولێر - دەچمە هەولێر.

---

٢٢١ کوردستانی موکریانی. ئامرازی (-ه) خستنەسەر و چەند ڕوونکردنەوەیەکی زمانەوانی. گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ. ژمارە ٨١. ١٩٨٠. ل١٨.

ـ بەردێکم هاوێشتە گۆمەکە. ← بەردێکم هاوێشت + {ە} + گۆمەکە = بەردێکم هاوێشتە گۆمەکە.
ـ میوانەکان گەیشتنە فڕۆکەخانە. ← میوانەکان گەیشتن + {ە} + فڕۆکەخانە = میوانەکان گەیشتنە فڕۆکەخانە.

لێرەدا سەرنجی ئەوە دەدرێ کە مۆڕفۆفۆنیمی {ە} دەتوانێ ئەرکی ئامرازەکانی پەیوەندی ببینێ و شوێنیان بگرێتەوە. دەشێ هەر ئەو مۆڕفۆفۆنیمەش بێ چوبێتە سەر ئامرازەکانی پەیوەندیی (ل، ب، د)ی دیالێکتی ژورو و لە ناوەڕاست بوبن بە (لە، بە، دە).

١ـ٣ـ چەمکی ناســاندن: بە هۆی واتا وردەکەی نزیکیی مۆڕفۆفۆنیمی {ە} توانیویەتی ئەرکی ناساندنیش ئەنجام بدا و کەسێکی دوری نەناسراو نزیك بکاتەوە و بیناسێنێ. «{ە}ش هەروەك (ەکە) نیشانەی ناسیاویە.... نیشانەی {ە}ی ناسیاوی کاتێك دەچێتە سەر وشە، دەتوانێ مانا و مەبەستی شتێك ئاشکرا بکا»٢٢٢. بۆ نمونە:
ـ (فڕانی و بە دارا هەڵگەڕا... کوردە ئارامی لێ بڕا. کورد + {ە} = کوردە.
ـ ئاگرێکی بۆ کردەوە... مارەی گەرم کردەوە. مار + {ە} = مارە.
ـ باوکە هەر خەریکی کار و کاسبی‌یە و ... باوك + {ە} = باوکە.
ـ جووە زۆر هات و چۆی ماڵی پادشای دەکرد..)٢٢٣ جـوو + {ە} = جـووە.

ئەگەر بە وردی سەرنجی نیشانەی ناساندنی (ەکە)ش بدەین، هەر هەمان دوبارەبونەوەی مۆڕفۆفۆنیمی نزیکیی {ە}یە و ناوبڕی (ك) کەوتۆتە نێوانیان٢٢٤. «(ە)ی ناسیاوی وەك (ەکە) بە دوای ناو و ئاوەڵناوەوە دەلکێنرێ. دوور نی یە ئەم نیشانەیە کورت کراوەی (ەکە) بێت»٢٢٥، واتە، «(ە)ی ناسیاوی، نیشانەیەکە ناو و ئاوەڵناوی پێ دەکرێتە ناسیاو»٢٢٦.

---

٢٢٢ ئەوڕەحمانی حاجی مارف. ڕێزمانی کوردی. بەرگی یەکەم مۆڕفۆلۆجی. بەشی یەکەم ناو. بەغدا. ١٩٧٩. ل١٩٦-١٩٧.
٢٢٣ هەمان سەرچاوە. ل١٩٧-٢٠٠.
٢٢٤ بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە گۆڤاری (سابات. ژمارە ١.ساڵی ٢٠٠٥. ل٣٩).
٢٢٥ ئەوڕەحمانی حاجی مارف. هەوڵێکی سەرەتایی بۆ دۆزینەوەی نیشانەکانی ناسیاوی لە دیالێکتی کرمانجی خوارووداَ. گۆڤاری زانکۆی سلێمانی. بەرگی ٣. ژمارە ٢. ١٩٧٧. ل١٤٦.
٢٢٦، ٦ هەمان سەرچاوە. ل١٦١.

**١-٤- چەمكی گۆڕینی ئاوەڵناو:** ڕێژەیەكی كەم لە ئاوەڵناو هەن، دوای وەرگرتنی مۆرفۆفۆنیمی {ە}ی نزیكی، لە بری ناساندنیان بەشی ئاخاوتنی ئەو ئاوەڵناوانە دەگۆڕن بۆ ناوی داڕێژراو. «پاشگری (ە) یاریدەی ڕۆنانی ناوی داڕێژراو دەدات»٢٢٧. وەك:

ــ خراپە. = (خراپ) ئاوەڵناو + {ە} مۆرفیمی نزیكی = (خراپە) ناوی داڕێژراو.

ــ چاكە. = (چاك) ئاوەڵناو + {ە} مۆرفیمی نزیكی = (چاكە) ناوی داڕێژراو.

ــ بەندە. = (بەند) ئاوەڵناو + {ە} مۆرفیمی نزیكی = (بەندە) ناوی داڕێژراو.

ــ تەختە. = (تەخت) ئاوەڵناو + {ە} مۆرفیمی نزیكی = (تەختە) ناوی داڕێژراو.

ــ سەوزە. = (سەوز) ئاوەڵناو + {ە} مۆرفیمی نزیكی = (سەوزە) ناوی داڕێژراو.

هەندێ جار بە هەمان شێوە، ئەم مۆرفۆفۆنیمە دەتوانێ ناوی داڕێژراو لە كاری ڕابوردو دروستبكا. وەك:

ــ كردە. = (كرد) كاری ڕابوردو + {ە} مۆرفیمی نزیكی = (كردە) ناوی داڕێژراو. (كردەی من و بردەی ئەو).

ــ بردە. = (برد) كاری ڕابوردو + {ە} مۆرفیمی نزیكی = (بردە) ناوی داڕێژراو.

ــ خواردە. = (خوارد) كاری ڕابوردو + {ە} مۆرفیمی نزیكی = (خواردە) ناوی داڕێژراو.

ــ دیدە. = (دیت) كاری ڕابوردو + {ە} مۆرفیمی نزیكی = (دیدە) ناوی داڕێژراو.

ــ گوتە. = (گوت) كاری ڕابوردو + {ە} مۆرفیمی نزیكی = (گوتە) ناوی داڕێژراو.

**١-٤- چەمكی كاتی ئێستا:** دەمی ئاخاوتن، نزیكترین كاتە و پێی دەوترێ (كاتی ئێستا). مۆرفۆفۆنیمی {ە}ش واتای نزیكی دەگەیێنێ، بۆیە بۆ ئاماژەكردن بە نزیكترین كات بەكارهاتوە و بوە بە مۆرفیمی كاتی ئێستا. ئەم مۆرفۆفۆنیمە بە ڕونی و بە ئاشكرا لە ڕستەی هەواڵدانی كەسی سێیەمی تاك و لە ڕستەی فەرماندانی كەسی دوەمی تاك دەردەكەوێ، چونكە ڕاناوی لكاو لەو دو شوێنەدا سفرە و دەرناكەوێ:

**١-٤-١- مۆرفیمی كاتی ئێستا لە ڕستەی هەواڵدانی كاتی ئێستا بۆ كەسی سێیەمی تاك:**

ــ ئازاد <u>كوردە</u>. = كورد (ف.ن) + (بـ)ی ڕەگی بون (Ø) + <u>(ە)ی مۆرفیمی ئێستا</u> + (Ø)ی ڕاناوی لكاوی ك ٣ تاك.

ـــ ژیان بەرخۆدانە.- بەرخۆدان (ف.ن) + (بـ)ی ڕەگی بون (∅) + (ە)ی مۆرفیمی ئێستا + (∅)ی ڕاناوی لکاوی ک ٣ تاک.

ـــ ئەو پیاوە باوکمە.- باوکم (ف.ن) + (بـ)ی ڕەگی بون (∅) + (ە)ی مۆرفیمی ئێستا + (∅)ی ڕاناوی لکاوی ک ٣ تاک.

١ـ٤ـ٢ـ مۆرفیمی کاتی ئێستا لە ڕستەی فەرماندانی کەسی دووەمی تاک:

ـــ وانەکەت بخوێنە.- (بـ) مۆرفیمی فەرماندان + (خوێن) ڕەگی کار + (ە)ی مۆرفیمی ئێستا + (∅)ی ڕاناوی ک ٢ تاک.

ـــ مەنوسە.- (مە) مۆرفیمی نەرێی فەرماندان + (نوس) ڕەگی کار + (ە)ی مۆرفیمی ئێستا + (∅)ی ڕاناوی لکاوی ک ٢ تاک.

١ـ٤ـ٣ـ بەڵام ئەگەر ڕاناوی لکاو دەرکەوت، مۆرفیمی کاتی ئێستا دەبێ بە سفر(∅) و دەرناکەوێ. لە ڕستەی هەواڵدانی کاتی ئێستا تەنیا لە کەسی سێی تاک مۆرفۆفۆنیمی {ە} دەردەکەوێ، چونکە ڕاناوی لکاو سفرە(∅)، لە سەرجەم کەسەکانی تر دەرناکەوێ، چونکە ڕاناوەکانیان سفر نین و دەردەکەون:

ـــ من کوردم.- کورد (ف.ن) + (بـ)ی ڕەگی بون (∅) + (∅) مۆرفیمی ئێستا + (م)ی ڕاناوی لکاوی کەسی ١ی تاک.

ـــ تۆ کوردی.- کورد (ف.ن) + (بـ)ی ڕەگی بون (∅) + (∅) مۆرفیمی ئێستا + (ی)ی ڕاناوی لکاوی کەسی ٢ی تاک.

ـــ ئێمە کوردین.- کورد (ف.ن) + (بـ)ی ڕەگی بون (∅) + (∅) مۆرفیمی ئێستا + (ین)ی ڕاناوی لکاوی کەسی ١ی کۆ.

ـــ ئێوە کوردن.- کورد (ف.ن) + (بـ)ی ڕەگی بون (∅) + (∅) مۆرفیمی ئێستا + (ن)ی ڕاناوی لکاوی کەسی ٢ی کۆ.

ـــ ئەوان کوردن.- کورد (ف.ن) + (بـ)ی ڕەگی بون (∅) + (∅) مۆرفیمی ئێستا + (ن)ی ڕاناوی لکاوی کەسی ٣ی کۆ.

١ـ٤ـ٤ـ هەروەها بە هەمان شێوە لە ڕستەی فەرماندانداندا بۆ کەسی دووەمی کۆ مۆرفیمی کاتی ئێستا دەبێ بە سفر(∅) و دەرناکەوێ، چونکە ڕاناو سفر نیە و دەردەکەوێ:

ـــ (ئێوە) بخوێنن.- (بـ) م. فەرماندان + (خوێن) ڕەگی کار + (∅) مۆرفیمی ئێستا + (ن)ی ڕاناوی کەسی ٢ی کۆ.

ـــ (ئێوە) مەنوسن.- (مە) م.نەرێی فەرماندان + (نوس) ڕەگی کار + (∅) مۆرفیمی ئێستا + (ن)ی ڕاناوی کەسی ٢ی کۆ.

ــ ( ئێوە ) وشیاربن.- ( وشیار ) فریزی ناوی + ( بـ ) ڕەگی کار + ( Ø ) <u>مۆرفیمی ئێستا</u> + ( ن )ی ڕاناوی کەسی ٢ی کۆ.

به هەمان شێوە مۆرفۆفۆنیمی {ە} لە ڕۆنانی کارەکانی ( ڕانەبوردو، ڕابوردوی بەردەوام و ڕابوردوی تەواو ) هەمان ڕۆلی کاتی ئێستا دەبینێ[٢٢٨].

**١ـ٥ـ چەمکی بچووککردنەوەی ناوی تایبەت:** هەندێ جار مۆرفۆفۆنیمی {ە} بە هۆی واتای نزیککردنەوە بنەڕەتیەکەی دەکەوێتە دوای ناوەکان و وەکو پاشگرێك بە مەبەستی بانگکردن یا ناساندنی ناوە بچووککراوەکان بەکاردێ. ئەم ئەرکەی لە ئەرکی ناساندن نزیکە، بەلام لەبەر ئەوەی ناوە تایبەتیەکان ناسراون پێویست بە ناساندن ناکا. لەم ئەرکەدا تێکەڵییەك دەبینرێ لە نێوان ( ناساندن )، ( بانگکردن ) و ( بچووککردنەوە ). بەلام ئەوەی گومان لە چەمکی ناساندن پەیدا دەکا، ئەوەیە، بە زۆری ناوەکان لە ڕستەکان یان دەقەکاندا پێشتر ئاماژەیان پێ نەکراوە. ئەوەی گومان لە بانگکردن پەیدا دەکا، ئەوەیە، جگە لە دۆخەکانی ڕستەی بانگکردن، وەك ناوەکە بە تەنیا یان ڕستەی فەرماندان، ئەم ناوانە لەگەڵ ڕستەی هەواڵدان و پرسیاریش بەکاردێن. هەروەها ئەوەی گومانیش لە چەمکی بچووککردنەوە پەیدا دەکا ئەوەیە، سەرجەم ناوە بچووککراوەکان بەشێکیان لە دواوە کرتاوە، واتە، خۆیان بچووککراونەتەوە. دەشێ وا دابنرێ بە پێی مەبەستی قسەکەر یا جۆری ڕستەکە یەکێ لەم ئەرکانە وەربگرێ. وەك:

ــ فاتە! وەرە. ــ باوکە! منیش لەگەڵ خۆت بەرە.
ــ نازە! نەختێك ئاوم بۆ بێنە. ــ مامە! تۆ چەند ساڵ لە باوکم گەورەتری؟
ــ خوشکە! فەرمو وەرە پێشەوە. ــ باپیرە! کاتی ئێوە تەلەفزیۆن هەبو؟

لەم دۆخەدا بەزۆری دەبێتە پاشگر بۆ ناوە بچووککراوەکان، لەبەر ئەوە دەشێ زۆرتر واتای مۆرفیمی بچووککردنەوە بگەیێنێ و شوێنی پارچە کرتاوەکەی ناوەکە بگرێتەوە. ئەم دیاردەیەش بە زۆری لە ناوە عەرەبیەکان ڕودەدا. وەك:

ــ عوسە چۆنی؟ ( بچووککراوەی عوسمان ). ــ ئامە فەرمو دانیشە. ( بچووککراوەی ئامینە ).

---

٢٢٨ بۆ پتر زانیاری بڕوانە: عەبدوڵلا حوسێن ڕەسول. ئەرکەکانی مۆرفیمی ( ە ) لە زمانی کوردیدا. ڕۆژنامەی هەرێمی کوردستان. ژمارە ١١٨. پێنجشەممە ١٩٩٧/٧/٢٤.

ــ عــه‌بــه‌ کــوی؟ ( بچوککراوه‌ی عه‌بدوللا ). ــ حه‌مـه‌ چو بۆ سلێمانی. ( بچوککراوه‌ی محه‌مه‌د ).

ــ سـه‌عـــه‌ چ کاره‌ی؟ ( بچوککراوه‌ی سه‌عید ). ــ ئـه‌حـه‌ خه‌ڵکی شاره‌زوره. ( بچوککراوه‌ی ئه‌حمه‌د ).

**٢: مۆرفۆفۆنیمی {ا}:**

فۆنیمی /ا/، فۆنیمێکی بزوێنی زمانی کوردیه. به پێچه‌وانه‌ی فۆنیمی /ه/، درێژترین ده‌نگه له گروپی بزوێنه‌کاندا. له ئاستی رێزماندا، مۆرفیمێکی زۆر چالاك نیه و ناتوانرێ واتایه‌کی ورد و دیاریکراوی بۆ ده‌ستنیشان بکرێ. به‌لام واتایه‌کی رابوردوی خۆنه‌کردی تیادایه که هێزی تێنه‌په‌ری به چاوگه‌کان ده‌به‌خشێ، ئه‌مه‌ش وایکردوه رێژه‌ی تێنه‌په‌ره ئه‌لفیه‌کان له چاوگه‌کانی تر زۆرتر بێ. «ئه‌و ((ا)) (a)یه که له دوای ته‌نه رابوردوه‌کانی (the past stems) په‌یره‌وی زمانه‌که‌ماندا ده‌بینرێ، هه‌ر ئه‌و ((ا)) سرشتییه‌ی (characteristic) په‌یره‌وی زمانه‌کانی هیندی-ئێرانییه‌یه که له سه‌رده‌مه‌کانی هه‌ره کۆنیان (ویده‌یی-سانسکریتی، اوێستایی، فارسی کۆن) و ناوه‌نجی یانه‌وه بگره هه‌تا ئه‌م سه‌رده‌مه تازانه‌ی ئێستایان، به لای ئێمه‌وه، له کوردیدا، له کاردان»٢٢٩. به‌م پێیه مۆرفۆفۆنیمی {ا} ده‌توانێ پتر له رۆلێك ببینێ له رێزمانی کوردیدا:

**٢-١- مۆرفۆفۆنیمی {ا}ی کاتی رابورد:** ئه‌م مۆرفۆفۆنیمه (مۆرفیمێکی ره‌سه‌نی رابوردوه و... رۆلێکی گرنگی هه‌یه له نیشاندانی کاتی رابوردو، به‌تایبه‌تی له کاره تێنه‌په‌ره‌کاندا)٢٣٠.

بۆ نمونه:

ــ پوشـه‌کـه سـوتا. ← سوت (ره‌گی کاری تێنه‌په‌ر) + {ا} (مۆرفیمی کاتی رابوردو) + (Ø) راناوی که‌سی ٣ی تاك.

ــ شـوشـه‌که شـکا. ← شـك (ره‌گی کاری تێنه‌په‌ر) + {ا} (مۆرفیمی کاتی رابوردو) + (Ø) راناوی که‌سی ٣ی تاك.

---

٢٢٩ تۆفیق وه‌هبی. ئه‌سلی پیته قاڵبی (ئه‌)ی شێوه‌ی سلێمانی. گۆڤاری کۆری زانیاری کورد. ژماره ١. به‌غدا. ١٩٧٣. ل٢٨.

٢٣٠ عه‌بدوللا حوسێن ره‌سول. مۆرفیمه رێزمانیه‌کانی کار. نامه‌ی دکتۆرا. زانکۆی به‌غدا. ١٩٩٥. ل٩٩.

ـ مەلەوانەکە خنکا. ← خنك (ڕەگی کاری تێنەپەڕ) + {ا} (مۆڕفیمی کاتی ڕابوردو) + (Ø) ڕاناوی کەسی ٣ی تاك.

ـ زەویەکەم کێڵا. ← کێڵ (ڕەگی کاری تێنەپەڕ) + {ا} (مۆڕفیمی کاتی ڕابوردو) + (Ø) ڕاناوی کەسی ٣ی تاك.

لەگەڵ کاری ڕابوردوی بکەر نادیاریشدا هەمان ڕۆلی کاتی ڕابوردو دەبینێ٢٣١.

**٢ـ٢ـ مۆڕفۆفۆنیمی {ا}ی تێنەپەڕی:** هێزی ئەوەی تیایە کاری تێپەڕ بگۆڕی بۆ تێپەڕ و دەتوانرێ بە مۆڕفۆفۆنیمی تێنەپەڕی دابنرێ. «مۆڕفیمی (ا) جگە لە چەمکی ڕابوردو، هێزێکی دروستکردنی کاری خۆنەکردی تیادایە»٢٣٢. کاتێ لە هەندێ کارە تێپەڕەکاندا کە (ا)یی نین، مۆڕفیمی کاتی ڕابوردویان بەتاییەتی (ی)یەکان بگۆڕین بۆ مۆڕفۆفۆنیمی {ا} کارەکە لە تێپەڕ دەگۆڕێ بۆ تێنەپەڕ. وەك:

ـ دڕین - دڕان. نامەکەم دڕی. - نامەکە دڕا.

ـ بڕین - بڕان. موچەکانیان بڕی. - موچەکانیان بڕا.

ـ گۆڕین - گۆڕان. ستایلەکەی گۆڕی. - ستایلەکەی گۆڕا.

ـ ڕشتن - ڕژان. دۆی دادەی ڕشت. - دۆی دادە ڕژا.

دەشێ ئەم دیاردەیە لە ئەنجامی سوانی مۆڕفیمی (ر)ی بکەرنادیار پەیدا بوبێ. بۆ نمونە:

ـ خانوەکەی فرۆشت. (بکەردیار) - خانوەکەی فرۆشرا. (بکەرنادیار) - خانوەکەی فرۆشا.

ـ کارەکەتان کرد. (بکەردیار) - کارەکە کردرا. (بکەرنادیار) - کارەکە کرا.

ـ کەلوپەلەکانیان بردن. (بکەردیار) - کەلوپەلەکان بردران. (بکەرنادیار) - کەلوپەلەکانیان بران.

تەنانەت لە کاتی گۆڕینی چاوگێکی تێنەپەڕ بۆ تێپەڕ بە هۆی پاشگری (ن)، ئەگەر چاوگە تێنەپەڕەکە (ا)ییش نەبێ، دەبێ بکرێتە (ا)یی، واتە مۆڕفیمی کاتی ڕابوردوەکەی

---

٢٣١ بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: عەبدوللا حوسێن ڕەسول. مۆڕفیمە ڕێزمانیەکانی کار. نامەی دکتۆرا. زانکۆی بەغدا. ١٩٩٥. ل١٠٠.

٢٣٢ هەمان سەرچاوە. ل١٢٥.

بگۆڕدرێ بۆ ( ا )، ئینجا پاشگری ( ن )ی بخرێتە سەر، بۆیە بەم پاشگرە وتراوە ( اندن )[٢٣٣].
بۆ نمونە:

ــ مردن = مران + ( د )ی ناوبڕ + ( ن )ی دووەمی چاوگ = مراندن.

ــ خزین = خزان + ( د )ی ناوبڕ + ( ن )ی دووەمی چاوگ = خزاندن.

ــ خەوتن = خەوان + ( د )ی ناوبڕ + ( ن )ی دووەمی چاوگ = خەواندن.

**٢ــ٣ــ مۆرفۆفۆنیمی {ا}ی ڕەگەز:** لە هەندێ شێوەزاری دیالێکتی ناوەڕاستدا، بەتایبەتی ئەو ناوچانەی هاوسنورن لەگەڵ دیالێکتی ژورودا ( وەك، ناوچەی شارەکانی ڕواندز، سۆران، حەریر و دەوروبەریان ) مۆرفۆفۆنیمی {ا} وەك مۆرفیمی ڕەگەز ( gender ) بەکاردێ و لە کاتی خستنەسەردا ئاماژە بە ڕەگەزی مێ دەکا. وەك:

ــ داکـا مـن. = داك ( ناوی مێ ) + {ا} ( مۆرفیمی خستنەسەر بۆ ڕەگەزی مێ ) + من ( ڕاناوی کەسیی یەکەمی تاك ).

ــ خوشکا تو. = خوشك ( ناوی مێ ) + {ا} ( مۆرفیمی خستنەسەر بۆ ڕەگەزی مێ ) + تو ( ڕاناوی کەسیی دووەمی تاك ).

ــ کـیـژا وی. = کیژ ( ناوی مێ ) + {ا} ( مۆرفیمی خستنەسەر بۆ ڕەگەزی مێ ) + وی ( ڕاناوی کەسیی سێیەمی تاك ).

شایانی باسە، ئەم دیاردەیە بە بەراورد لەگەڵ دیالێکتی باکور تا ڕادەیەك کاڵ بۆتەوە، بۆنمونە دەوترێ ( دا پیرا من ) بەڵام ( نەنێ من )یش بەکاردێ. تەنانەت ئێستا بەتایبەتی لە نەوەی نوێدا خەریکە {ێ} بۆ نێر و مێ بەکاردێ.

**٣: مۆرفۆفۆنیمی {بـ}:**

فۆنیمی /ب/، یەکێکە لە فۆنیمە نەبزوێنەکانی زمانی کوردی. ( ئەم دەنگە بە شوێنی دەربڕیندا لێوەکییە و
هەردو لێو هاوبەش دەبن و دەنگێکی ئاوازەدارە و لە شێوەی دەربڕینیشدا دەنگێکی تەوژمۆکە )[٢٣٤].

---

٢٣٣ بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: هەمان سەرچاوە. ل١٣٠-١٣٧.

٢٣٤ ئەوڕەحمانی حاجی مارف. زمانی کوردی لەبەر ڕۆشنایی فۆنەتیکدا. بەغدا. ١٩٧٦. ل٤١.

مۆرفۆفۆنیمی {بـ} ڕۆڵێکی زۆر گرنگ و چالاك دەگێڕێ. ئەم ڕۆڵە گرنگ و چالاکەشی دەگەڕێتەوە بۆ هەڵگرتن یان بەخشینی واتای (هاتنەئارایی). «واتای (هاتنەئارایی)ش زۆر گشتی و فەرهەنگیە لە ڕەوتی ئاخاوتندا و بە پێی ئەو فۆرمانەی پاش و پێشی دەکەون، واتای وردتر و تایبەتی تری جۆراوجۆر دەبینێ»٢٣٥. واتای ئارایی مۆرفۆفۆنیمی {بـ} و نیانیەکەی (مرونە) توانای ئەوەیان پێداوە، ئەم ئەرکە بایەخدارانە لە ڕزماندا ببینێ:

**٣ـ١ـ ڕەگی چاوگی بون:** مۆرفۆفۆنیمی {بـ} بەهۆی هەبونی واتای هاتنەئارایی توانیویەتی بە هاوکاری (و)ی مۆرفیمی کاتی ڕابوردو و (ن)ی چاوگ، چاوگێکی زۆر چالاك لە زمانی کوردیدا دروست بکا کە چاوگی (بون)ـە. واتە چاوگی بون پێکهاتوە لە (بون = مۆرفۆفۆنیمی {بـ} (هاتنەئارایی) + (و) مۆرفیمی کاتی ڕابوردو + (ن)ی چاوگ).

«مۆرفۆفۆنیمی (بـ)ی ڕەگی چاوگی (بون) توانای خۆگونجاندنی هەیە لەگەڵ فرێزە ناویەکان و هاوکاریکردنیان بۆ دروستکردنی ڕستەی جۆراوجۆر، بە واتای جیاواز، لە چوارچێوەی لەدەستنەدانی واتا گشتی و سەرەکیەکەی کە (هاتنەئارایی)یە و دەتوانرێ بە مۆرفیمی (ئارایی)ش ناوبرێ»٢٣٦. بەم پێیە « توخمێك بو)، واتە: (توخمێك هاتە ئارا). (توخمێك ئەبێ)، واتە: (توخمێك ئەهێتە ئارا) ...هتد.»٢٣٧.

لێرەدا «چەمکی کار بە تەنیا ئەگەڕێتەوە بۆ ڕەگی کارەکە، واتە: چەمکی ئارایی ئەگەڕێتەوە بۆ مۆرفیمی (بـ). (هاتنەئارایی) چەمکێکی درشت و گشتیە، ئەتوانرێ بە پێی فرێزەکە لێك بدرێتەوە و واتای تایبەتی دەستنیشان بکرێ. بۆ نمونە:-

ــ منداڵەکە بـو (لەدایك بو / منداڵێك هاتە ئارا).

ــ میوەکە بـو (پێ گەیی / میوەیەکی هەراش هاتە ئارا).

ــ چایەکە بـو (کـــوڵا / چایەکی کوڵاو هاتە ئارا).»٢٣٨.

---

٢٣٥ عەبدولوەهاب خالید موسا. (ڕێزمانی بون و هەبون) لە کوردیدا. نامەی ماستەر. زانکۆی سەلاحەددین. ٢٠٠٠. ل٢٩.

٢٣٦ هاوکار عمر خدر. گروپی ئارایی و جیاوازییان. نامەی ماستەر. زانکۆی سەلاحەددین.٢٠١٣. ل٢.

٢٣٧ عەبدوڵلا حوسێن ڕەسول. مۆرفیمە ڕێزمانیەکانی کار. نامەی دکتۆرا. زانکۆی بەغدا. ١٩٩٥. ل١٧٢.

٢٣٨ هەمان سەرچاوەی پێشو. ل١٧٣.

له تێکڕای ئەم نمونانەدا تێبینی ئەوە دەکرێ، مۆرفۆفۆنیمی {بـ} ڕۆلی ڕەگی کاری سەرەکی ڕستەی وەرگرتبێ و بووەتە ڕەگی چاوگی بون.

پێویستە ئاماژە بەوە بکرێ، ئەم مۆرفۆفۆنیمە لە ڕستەی هەواڵدانی کاتی ئێستا دەرناکەوێ و دەبێتە مۆرفیمی سفر (Ø). بۆنمونە:

ـ من ماموستام.- ماموستا (ف.ن) + (بـ)ی ڕەگی بون (Ø) + (Ø) مۆرفیمی ئێستا + (م)ی ڕاناوی لکاوی کەسی ١ی تاك.

ـ تۆ ماموستای.- ماموستا (ف.ن) + (بـ)ی ڕەگی بون (Ø) + (Ø) مۆرفیمی ئێستا + (ی)ی ڕاناوی لکاوی کەسی ٢ی تاك.

ـ ئەو ماموستایە.- کورد (ف.ن) + (بـ)ی ڕەگی بون (Ø) + (یـ) ناوبڕ + (ە) مۆرفیمی ئێستا + (Ø) ڕاناوی کەسی ٣ی تاك.

هۆی دەرنەکەوتن و بون بە سفری ئەو مۆرفۆفۆنیمەش دەگەڕێتەوە بۆ پێکهاتەی داڕشتنی ڕستەی هەواڵدانی کاتی ئێستا و ئەگەر مۆرفۆفۆنیمی {بـ} دەرکەوێ، ڕستەکان دەگۆڕێن بۆ داخوازی یان مەرجی. «لە دیالێکتی ناوەڕاستی زمانی کوردیدا، (بـ)ی ڕەگی چاوگی ⇦(هە)بون⇦ لە ڕستەی کاتی ئێستادا (هەواڵدان، پرسیاری، سەرسوڕمان...) دەبێتە سفر (Ø).... لەم جۆرە ڕستانەی کاتی ئێستادا هەرگیز (بـ)ی ڕەگی کار دەرناکەوێ، چونکە ئەگەر دەرکەوێ ڕستەکە دەبێتە ڕستەی مەرجی»٢٣٩.

٣ـ٢ـ ڕەگی چاوگی هەبون: مۆرفۆفۆنیمی {بـ}، جگە لەوەی بو بە ڕەگی چاوگی بون، دەبێتە ڕەگی چاوگی (هەبون)یش، بەوەی پێشگری (هە-)ی خاوەنی دەکەوێتە پێش چاوگی (بون) و واتای چاوگەکە لە (هاتنەئارایی) دەگۆڕێ بۆ (خاوەنداری ئارایی) و لەم بارەشدا مۆرفۆفۆنیمی {بـ} واتا بنەڕەتیەکەی خۆی کە ئاراییە لەدەستنادا. «مۆرفیمی بەندی (هە) مۆرفیمێکە بۆ توخمی باسلێکراو بەکاردێت، کە ناومان ناوە (مۆرفیمی خاوەنداری)، واتە، ئەو توخمەی باسی (هەبون)ی دەکرێ، ئینجا خاوەنی هەبێ یا نەبێ، واتە، بۆ خاوەنداری

---

٢٣٩ عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول و عەبدولوەهاب خالد موسا. وشەی سفر و مۆرفیمی سفر. گۆڤارا زانکۆیا دهۆك. پەربەندا (٧). هژمارا (١). ٢٠٠٤. ل٢٢.

دەشیٚ، بەڵام مەرج نیە خاوەندار بیٚ»٢٤٠. بۆ نمونە، کە دەوترێ: شتێك هەیە، واتە، شتێك لە ئارادایە. تۆ شتێکت هەیە، واتە شتێك لای تۆ لە ئارادایە. بۆ نمونە:
ـ ⇦ئەو هەØیە. - ئەو لە ئارادایە⇦. ⇦پارە هەØیە.- پارە لە ئارادایە⇦. ⇦پارەی هەØیە. - پارە ی/لای ئەو لە ئارادایە⇦.
ـ ⇦ئەو هەبـو. - ئەو لە ئارادابو⇦. ⇦پارە هەبـو.- پارە لە ئارادابو⇦. ⇦پارەی هەبـو. - پارە ی/لای ئەو لە ئارادابو⇦.
ـ ⇦ئەو هەبیٚ. - ئەو لە ئارادابیٚ⇦. ⇦پارە هەبیٚ.- پارە لە ئارادابیٚ⇦. ⇦پارەی هەبیٚ. - پارە ی/لای ئەو لە ئارادابیٚ⇦.

**٣-٣- ڕەگی چاوگی (بون) وەکو کاری یاریدەدەر:** کاتیٚ مۆرفۆفۆنیمی {بـ} دەبێتە ڕەگی چاوگی (بون)، جگە لەوەی دەتوانیٚ لەگەڵ فرێزێکی ناویدا ڕۆلی کاری سەرەکی بگێڕیٚ، هەروەها دەشتوانیٚ لەگەڵ فرێزە کاریەکاندا ڕۆلی کاری یاریدەدەر بگێڕیٚ، بەتایبەتی لەگەڵ مۆرفیمی (و)ی ڕابوردو کاری ڕابوردوی (بو) دروستدەکا و ئینجا لە دوای کاری سەرەکیی ڕستە ڕابوردوی دور دادەڕێژیٚ. بۆ نمونە:
ـ کە پزیشکەکە هات، منالّەکە بو. - کە پزیشکەکە هات، منالّەکە بو<u>بـو</u>.
ـ کە من بومە سەرباز، شەڕ دەستی پێکرد. - کە من بومە سەرباز، شەڕ دەستی پێکرد<u>بـو</u>.
ـ لە کاتی ئەنفال، هەڵەبجە کیمیاباران کرا. - لە کاتی ئەنفال، هەڵەبجە کیمیاباران کرا<u>بـو</u>.

**٣-٤-١- مۆرفۆفۆنیمی {بـ} وەك مۆرفیمی فەرماندان:** واتای هاتنەئارایی مۆرفۆفۆنیمی {بـ} وای لەم مۆرفیمە کردوە بتوانیٚ ببێتە مۆرفیمی فەرمان و داخوازی و خۆزگەیی. کاتیٚ ئەم مۆرفۆفۆنیمە دەکەوێتە دوای فرێزێکی ناوی یان پێش فرێزێکی کاری و ئاڕاستەی کەسی دوەم دەکریٚ، ڕستەکە دەبێتە فەرماندان و کەسی فەرماندەر داوا لە کەسی بەرامبەری دەکا کە کارێك بهێنێتە ئارا. بۆ نمونە، کە فەرماندەر پێت دەڵیٚ:
ـ وریا <u>بـ</u>ـە. واتە: وریایی لە خۆتدا بهێنە ئارا.
ـ خێرا <u>بـ</u>ـە. واتە: خێرایی لە جوڵەت بهێنە ئارا.

---
٢٤٠ عەبدولوەهاب خالید موسا. (ڕێزمانی بون و هەبون) لە کوردیدا. نامەی ماستەر. زانکۆی سەلاحەددین. ٢٠٠٠. ل٢٨.

ـ شیعرەکە بـنوسـەـ. واتە: لە شیعرەکەدا نوسین بهێنە ئارا. (یان توخمێك (شیعرەکە) بگۆڕە بۆ نوسراو).

ـ پوشەکە بـسوتێنە. واتە: لە پوشەکەدا سوتان بهێنە ئارا. (یان توخمێك (پوشەکە) بگۆڕە بۆ سوتاو).

لەم جۆرە ڕستانەدا، (ە)ی مۆرفیمی کاتی ئێستا داواکاریەکە دەکا بە فەرماندان، بەڵام ئەگەر ئەم کاتە بکرێ بە داهاتو، واتە مۆرفیمی (ە)ی کاتی ئێستا بکرێ بە (ێ)ی کاتی داهاتو، ڕستەکان سەرباری کەسی دوەم ئاراستەی هەمو کەسەکان دەکرێن و دەبن بە ڕستەی داخوازی.

**٣ـ٤ـ٢ـ مۆرفۆفۆنیمی {بـ} وەك مۆرفیمی داخوازی:** هەر هەمان مۆرفۆفۆنیمی {بـ} جگە لە ئەرکی ڕۆنانی ڕستەی فەرمانداندان دەتوانێ لە ڕۆنانی ڕستەی داخوازیش بەشداربێ. «هاوشێوەی ڕستەی فەرماندان، لە ڕستەی داخوازیدا مۆرفیمی (بـ-)ی ئارایی ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێ لە پاڵ ڕەگی کاردا بۆ ڕۆنان و دەربڕینی مەبەستی داخوازیکار لە هێنانە ئارای شتێکی کردەیی بێ یان زارەکی، بەرجەستەیی بێ یان واتایی. ئەم جۆرە ڕستانە بۆیە ناونراون داخوازی و لە ڕستەی فەرماندان جیاکراونەتەوە، چونکە دەربڕ (قسەکەر بێ یان نوسەر) فەرمان بە بەرامبەرەکەی (کەسی دوەم) ناکا تا شتێکی زارەکی یا کارەکی لە کاتی ئێستادا بهێنێتەئارا، بەڵکو داخوازیکار داخوازییەك لە نیهادی (subject) ڕستەکە دەکا – هەر یەکێك لە کەسەکان ئامادە بن یان ئامادە نەبن – کە داواکەی لە داهاتودا بهێنێتە ئاراوە»٢٤١. واتە، داخوازیکار، فەرماندەر نیە و دەخوازێ ئەم کارە لە داهاتودا ئەنجام بدرێ. بۆ نمونە:

ـ بـدوێـم. = (بـ) مۆرفۆفۆنیمی ئارایی + (دو) ڕەگی کار + (ێـ) مۆرفیمی کاتی داهاتو + (م) ڕاناوی ١ی تاك.

ـ بـسوتێی. = (بـ) مۆرفۆفۆنیمی ئارایی + (سوتـ) ڕەگی کار + (ێـ) مۆرفیمی کاتی داهاتو + (ی) ڕاناوی ٢ی تاك.

ـ بـڕوخێ. = (بـ) مۆرفۆفۆنیمی ئارایی + (ڕوخـ) ڕەگی کار + (ێ) مۆرفیمی کاتی داهاتو + (Ø) ڕاناوی ٣ی تاك.

---

٢٤١ هاوکار عمر خدر. گروپی ئارایی و جیاوازییان. نامەی ماستەر. زانکۆی سەلاحەددین.٢٠١٣. ل٥١.

هەروەها ئەم فۆڕمە بۆ مەرجیی داهاتوش بەکار دێ. وەك:

ــ ئەگەر بدوێم، هەرچی نهێنیە، ئاشکرا دەبێ.

ــ ئەگەر ڕژێمە ڕەگەزپەرست و تاکڕەوەکان بڕوخێن، کورد ئاسودە دەبێ.

**٣-٤-٣- مۆڕفۆفۆنیمی {بـ} وەك مۆڕفیمی خۆزگەیی:** هەروەها مۆڕفۆفۆنیمی {بـ} بەشداری دەکا لە ڕۆنانی ڕستەی خۆزگەیی. «ڕابوردوی خۆزگەیی لە ئەنجامی ڕێککەوتنی چەند ڕەگەزێك جگە لە ڕەگی کار و ڕاناوە لکاوەکان دێتە ئاراوە، کە ئەمانەن: ١- مۆڕفیمی (بـ)ی ڕەگی کاری (بو) کە چەمکی هاتنەئارایی ئەدا. ٢- مۆڕفیمی کاتی ڕابوردو (ا / ت / د / ی / و) کە چەمکی ڕابوردویەکی ئاسایی ئەدا. ٣- مۆڕفیمی (ا)ی ڕابوردو، ئەرکی ئەوە ئەبینێ، کە بواری ئەنجامدانی کارە ڕابوردوەکە دوبارە بکاتەوە بە ڕابوردو و لە ئەنجامدا چەمکی ڕونەدان دێتە ئاراوە و کارەکە هەرگیز ڕونادا. ٤- مۆڕفیمی (ە)ی کاتی ئێستا کە بواری کارە ڕابوردوەکە درێژ ئەکاتەوە تا کاتی ئێستا.»٢٤٢. لە ئەنجامی بونی دو مۆڕفیمی کاتی ڕابوردو (ڕابوردو × ڕابوردو) کارەکە چەمکی ڕونەدانی لێ پەیدا دەبێ و بە هۆی مۆڕفۆفۆنیمی {بـ}ی هاتنەئارایی، واتاکە دەگۆڕێ بۆ خۆزگەیی. وەك لەم نمونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێ:

ــ بـهاتنایە.- {بـ} مۆڕفۆفۆنیمی هاتنەئارایی + (ها) ڕەگی کار + (ت) مۆڕفیمی کاتی ڕابوردوی ئاسایی + (ن) ڕاناوی لکاوی کەسی دوەم یا سێیەمی کۆ (بکەر) + (ا) مۆڕفیمی کاتی ڕابوردو + (یـ) ناوبڕ + (ە) مۆڕفیمی کاتی ئێستا.

ــ بـمخوێندایە.- {بـ} مۆڕفۆفۆنیمی هاتنەئارایی + (م) ڕاناوی بکەر + (خوێن) ڕەگی کار + (د) مۆڕفیمی کاتی ڕابوردو + (∅) ڕاناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاك (بەرکار) + (ا) مۆڕفیمی کاتی ڕابوردو + (یـ) ناوبڕ + (ە) مۆڕفیمی کاتی ئێستا.

ــ بـمردایە.- {بـ} مۆڕفۆفۆنیمی هاتنەئارایی + (مر) ڕەگی کار + (د) مۆڕفیمی کاتی ڕابوردوی ئاسایی + (∅) ڕاناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاك (بەرکار) + (ا) مۆڕفیمی کاتی ڕابوردو + (یـ) ناوبڕ + (ە) مۆڕفیمی کاتی ئێستا.

---

٢٤٢ عەبدوڵلا حوسێن ڕەسول. مۆڕفیمە ڕێزمانیەکانی کار. نامەی دکتۆرا. زانکۆی بەغدا. ١٩٩٥. ل١٢٥-١٢٦.

**٣-٤-١- مۆرفۆفۆنیمی {بـ} وەك مۆرفیمی داڕێژەری ناوی بکەر:** هەندێ جار ڕێژەیەکی کە لە ناوە بکەرەکان لە {بـ}ی مۆرفۆفۆنیمی ئارایی و ڕەگی چاوگ دروست دەبن. «مۆرفێمی ب ناوی بکەر لە ڕەگی ڕانەبوردووی فرمانی تێپەڕەوە دروست دەکات»[٢٤٣]. وەك:

- بگۆڕ.= (بداله) = {بـ} م. ئارایی + (گۆڕ) ڕەگی چاوگی (گۆڕین).
- بکوژ.= (قاتل). = {بـ} م. ئارایی + (کوژ) ڕەگی چاوگی (کوشتن).
- بوێر.= (جاسر/جسور). = {بـ} م. ئارایی + (وێر) ڕەگی چاوگی (وێران).

**٤: مۆرفۆفۆنیمی {ت}:**

فۆنیمی /ت/ یەکێکە لە فۆنێمە نەبزوێنە کپەکانی زمانی کوردی و «کاتێك هەوای سەرکەوتوو لە سییەکانەوە بۆ قورگ بە بێ بوونی هیچ بەربەستێك لە لایەن تاڵە دەنگییەکان، هەواکە بەرز دەبێتەوە بۆ بۆشایی دەم. بۆ بەرهەمهێنانی دەنگی ⇦ت⇦ نووکی زمان بە بەشی هەرە پێشەوەی پووك دەنوسێت و بەشێکی نووکی زمانیش بە بەشی کۆتایی لای ناوەوەی ددانەکانی پێشەوەی ڕیزی سەرەوەی ددانەکان دەکەوێت.»[٢٤٤].

فۆنیمی /ت/ لە ئاستی فۆنۆلۆجی کوردیدا ڕۆڵێکی بەرچاو دەبینێ لە ئەرکی ناوبڕیدا بەتایبەتی لە نێوان ئەو بزوێنانەی بە دوای یەکدا دێن. وەك:

- دەخواتــەوە. = (دەخوا) کاری ڕانەبوردو + (Ø) ڕاناوی کەسی ٣تاك + (تـ) ناوبڕ + (ەوە) پاشگری دوبارە.
- دەڵێتــەوە. = (دەڵێـ) کاری ڕانەبوردو + (Ø) ڕاناوی کەسی ٣تاك + (تـ) ناوبڕ + (ەوە) پاشگری دوبارە.
- هاتوەتەوە. = (هاتوە) کاری ڕابوردوی تەواو + (Ø) ڕاناوی کەسی٣تاك + (تـ) ناوبڕ + (ەوە) پاشگری دوبارە.
- دەشۆیتــەوە. = (دەشۆ) کاری ڕانەبوردو + (یـ) ڕاناوی کەسی ٢تاك + (تـ) ناوبڕ + (ەوە) پاشگری دوبارە.
- دەچیتــە بازار؟.= (دەچـ) کاری ڕانەبوردو + (یـ) ڕاناوی کەسی ٢تاك + (تـ) ناوبڕ + (ە) مۆرفیمی بەستن.

---

٢٤٣ ڕەفیق شوانی. چەند بابەتێکی زمان و ڕێزمانی کوردی. هەولێر. ٢٠٠١. ل١٦٥.

٢٤٤ عبدالواحید موشیر دزەیی، دانا تەحسین محەمەد و دەرون عەبدولڕەحمان سالح. فۆنەتیك و فۆنۆلۆجی. هەولێر. ٢٠١٣. ل٥٥.

شایانی باسە، زۆر جار دوای لادانی پاشگری دوبارەکردنەوەی (ەوە)، بە هەڵە ئەم (ت)ی ناوبڕە بە تەنیا یان لەگەڵ (ێ، ی، ا) بە ڕاناوی لکاوی دەستەی ڕێککەوتن دانراون و وتراوە (ت)، (ێت) و (ات) ڕاناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاکن و (یت) ڕاناوی لکاوی کەسی دوەمی تاکە.

**٣-١- مۆرفۆفۆنیمی {ت} وەك مۆرفیمی کاتی ڕبوردو:** مۆرفۆفۆنیمی {ت} لە ڕێزمانیشدا دەبێتە ئەلۆمۆرفێکی کاتی ڕابوردو و لە چاوگە (ت)ییەکاندا ئەرکی مۆرفیمی کاتی ڕابوردو دەبینێ٢٤٥. وەك:

- هاتم. = (ها) ڕەگی کار + (تـ) مۆرفیمی کاتی ڕابوردو + (م) ڕاناوی لکاو
- دانیشتی. = (دانیش) ڕەگی کار + (تـ) مۆرفیمی کاتی ڕابوردو + (ی) ڕاناوی لکاو
- خەوت. = (خەو) ڕەگی کار + (تـ) مۆرفیمی کاتی ڕابوردو + (Ø) ڕاناوی لکاو
- کەوتین. = (کەو) ڕەگی کار + (تـ) مۆرفیمی کاتی ڕابوردو + (ین) ڕاناوی لکاو
- کوشتمی. = (کوش) ڕەگی کار + (تـ) مۆرفیمی کاتی ڕابوردو + (م) ڕاناوی بەرکار + (ی) ڕاناوی بکەر
- گرتمت. = (گر) ڕەگی کار + (تـ) مۆرفیمی کاتی ڕابوردو + (م) ڕاناوی بەرکار + (ت) ڕاناوی بکەر
- خستمان. = (خسـ) ڕەگی کار + (تـ) مۆرفیمی کاتی ڕابوردو + (Ø) ڕاناوی بەرکار + (مان) ڕاناوی بکەر

**٣-٢- مۆرفۆفۆنیمی {ت} وەك ڕاناوی لکاو:** مۆرفۆفۆنیمی {ت} جگە لە ئەرکی کاتی ڕابوردو، لە دەستە ڕاناوی لکاوی خاوەنیدا (م، ت، ی، مان، تان، یان)، دەبێتە ڕاناوی کەسی دوەمی تاك. وەك لەم نمونانە دەردەکەوێ:

- کوڕەکەت هات و جانتاکەتی برد.
- سەرت بە ڕابوردوی خۆت بەرزە.
- (کە گلۆلەت کەوتە لێژی، کەس خاست پێ نابێژی)٢٤٦.

---

٢٤٥ عەبدوللا حوسێن ڕەسول. مۆرفیمە ڕێزمانیەکانی کار. نامەی دکتۆرا. زانکۆی بەغدا. ١٩٩٥. ل١٠٤-١٠٧.

٢٤٦ پەندێکی کوردیە.

هەروەها هەمان {ت}ی ڕاناوی لکاو بۆ کەسی دووەمی تاك، پاشگری (ان)ی کۆ وەردەگرێ و دەبێتە ڕاناوی لکاو بۆ کەسی دووەمی کۆ لە هەمان دەستە ڕاناوی خاوەنیدا. وەك:
ـ پێتـان وایە، وڵاتەکەتـان یەکبگرێتەوە؟
ـ کارەکانتـان بە دڵی خۆتـان بەڕێوەدەچێ؟
ـ بخوێنن، خوێندن بۆ دیفاعی تیغی دوژمنتـان... هەمو ئان و زەمانێ، عەینی قەڵغان و سوپەرتـانە[247]...

**٥: مۆرفۆفۆنیمی {چ}:**

فۆنیمی /چ/ لە فۆنیمە کپە نەبزوێنەکانی زمانی کوردی. «ئەم دەنگە لە دەربڕیندا دەنگێکی (زارییە)، لەکاتی درکاندنیدا زمان بەرەو مەڵاشوو دەچێ، دەنگێکی کۆسپەك و کپە.»[248].

**٤ـ١ـ مۆرفۆفۆنیمی {چ} وەك مۆرفیمی پرس:** ئەم مۆرفیمە وەك مۆرفیمێکی سەربەخۆ دەتوانێ ڕۆڵی مۆرفیمێکی پرس ببینێ. لەم بارەدا دەبێتە ڕاناوێکی نادیاری پرس و پرسیار دەربارەی فرێزێکی ناوی دەکا، کە بەزۆری ناوەکە ڕۆڵی بەرکار دەبینێ. وەك:
ـ چ دەخۆی؟...چ دەڵێی؟... چ دەکەی؟... دەتەوێ، چ گۆرانییەك بڵێی؟... چ شتێك کاری تێکردوی؟....
ـ چ کاتێك ماوەت دەبێ، گەشتێك بکەین؟... ئارەزوی چ جۆرە فلیمێك دەکەی؟.... چ کارەی؟....

**٤ـ٢ـ مۆرفۆفۆنیمی {چ} وەك مۆرفیمی نەرێ:** پێویستە ئاماژە بەوە بکرێ، لە دیالێکتی ناوەڕاستی زمانی کوردیدا جۆرێکی تریش لە دەنگی ⇦چ⇨ هەیە، کە پێچەوانەی هەمو دەنگەکانی تر هەوا لە دەرەوە بۆ ناو دەم دەچێ و بە گیربونی پێشەوەی زمان لە پوکی سەر ددانەکانی پێشەوەی سەرەوە و لەگەڵ هەوڵی مژینی هەوا بۆ ناو دەم، نێوان زمان و مەڵاشو لە پڕ کردنەوەی کونێك لە نێوان پێشەوەی زمان و پوکی سەرەوە و هاتنە ژورەوەی تەوژمی هەوا لە نێوان ددانەکان ئەم دەنگە دروستدەکا، کە تا ڕادەیەکی زۆر هاوشێوەی دەنگی

---

٢٤٧ ئەحمەد موختار بەگی جاف.

٢٤٨ نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو. دەنگسازی. هەولێر. ٢٠١٣. ل٢٥.

⇦چ⇦ی ئاساییە، بەڵام نەختێ ئەستورتر یان قەڵەوترە. ئەم فۆنیمە ئەرکی نەرێ دەبینێ و کوتومت واتای (نەخێر، یان نەء) دەدا. وەك:

ــ پ): ئایا دەچی بۆ بازاڕ؟... و): {چ}.

ــ پ): دەزانی ئوتومبێل لێخوڕی؟... و): {چ}.

ــ پ): نانی بەیانیت خواردوە ؟... و): {چ}.

٦: **مۆڕفۆفۆنیمی {د}:**

فۆنیمی /د/ یەکێکە لە فۆنێمە نەبزوێنە گڕەکانی زمانی کوردی، هەندێ جاریش لە ڕەوتی ئاخاوتندا و بەتایبەتی لە کۆتایی وشەکاندا بەرەو کپی دەچێ و دەبێ بە ⇦ت⇦ یان ⇦د⇦یکی کلۆر. «هەندێ کۆنسنانتی گڕ لە هەندێ شوێنی تایبەتیدا ئەبن بە کپ وەکو (د) لە ووشەی (شاد)دا بە کپی ئەدرکێنرێ چونکە بەڕەڵلا ناکرێ»[249].

ئەم فۆنیمە لە ئاستی فۆنۆلۆجیی دیالێکتی ناوەڕاستدا دەتوانێ ببێتە ناوبڕ لە نێوان دو نەبزوێنی هاوشێوە یان لەیەکچودا. بۆ نمونە لەو ڕەگی کارانەی کۆتاییان بە فۆنیمی /ڕ/ یان /ر/ دێ و دەکرێن بە بکەر نادیار لە شێوەزاری سۆرانیی دیالێکتی ناوەڕاستدا، فۆنیمی /د/ دەبێتە ناوبڕی نێوان /ڕ/ یان /ر/ی کۆتایی ڕەگی کارەکان و مۆڕفۆفۆنیمی /ر/ی بکەرنادیار. وەك:

ــ کرِدرا، دەکرِدرێ..... برِدرا، دەبرِدرێ.... ژمێرِدرا / ژمارِدرا، دەژمێرِدرێ / دەژمارِدرێ.....

ــ بژێرِدرا / بژارِدرا، دەبژێرِدرێ / دەبژارِدرێ... هارِدرا، دەهارِدرێ..... برِدرا، دەبرِدرێ.....

هەورووەها لە بنەڕەتدا لەگەڵ پاشگری (اندن)ی پێپەڕاندنیشدا هەمان ڕۆلی ناوبڕی دەگێڕێ لەنێوان هەردو فۆنیمی نەبزوێنی (ن)ی چاوگدا. «لە ئەنجامی بەدوای یەکدا هاتنی دو دەنگی ⇦ن⇦، لە ڕوی دەنگسازیەوە کارێکی زۆر ئاسان نیە، لەبەر ئەوە لە هەندێ ناوچەدا (شێوەزاری سۆرانیی کوردیی ناوەڕاست) دەنگی ⇦د⇦ ئەبێتە ناوبڕ و کاری گۆکردن ئاسان ئەکا. ئەم دەنگە لە ناوچەکانی تردا (کوردیی ژورو و شارەزور) کەم بەکار ئەهێنن. لەو ناوچانەی کە بەکارەهێنرێ، ئەرکی دەنگی ⇦ا⇦ی کەمکردوە، کە مۆڕفیمی کاتی ڕابوردوە. خۆی بوەتە نیشانەی چاوگ و ئەرکی مۆڕفیمی کاتی ڕابوردوش ئەبینێ. کە لە ڕاستیدا دەنگی

---

249 غازي فاتح وةيس. فؤنةتيك. بةغدا. ١٩٨٤. ل٥١.

⇦ا⇦ مۆرفیمی کاتی ڕابوردوە و دەنگی ⇦د⇦ تەنیا ناوبڕە«[250]. وەك لەم نمونانەی خوارەوەدا دیارە:

ــ سوتان (چاوگی تێنەپەڕ) + (ن)ی دوەمی چاوگ - سوتانن (چاوگی تێپەڕێنراو) (شێوەزاری سلێمانی)

ــ سوتان (چاوگی تێنەپەڕ) + (د)ی ناوبڕ + (ن)ی دوەمی چاوگ-سوتاندن(چاوگی تێپەڕێنراو)(شێوەزاری سۆرانی)

ــ خنکان (چاوگی تێنەپەڕ) + (ن)ی دوەمی چاوگ - خنکانن (چاوگی تێپەڕێنراو) (شێوەزاری سلێمانی)

ــ خنکان (چاوگی تێنەپەڕ) + (د)ی ناوبڕ + (ن)ی دوەمی چاوگ-خنکاندن(چاوگی تێپەڕێنراو)(شێوەزاری سۆرانی)

لە ئەنجامدا ئەم دەنگی ⇦د⇦ی ناوبڕە سەرباری ئەرکە دەنگسازیەکەی توانیویەتی ڕۆلی مۆرفیمی کاتی ڕابوردوش لە مۆرفیمی (ا) وەربگرێتەوە یان هاوبەشیی بکا.

جگە لەمەش مۆرفۆفۆنیمی {د} دەتوانێ لە ڕێزمانی کوردیدا ئەرکی مۆرفیمی کاتی ڕابوردو ببینێ. لە چاوگە (د)یەکاندا، مۆرفۆفۆنیمی {د} کە نیشانەی ئەو جۆرە چاوگانەیە دەبێتە مۆرفیمی کاتی ڕابوردوش. وەك:

ــ کردن - (کر) ڕەگی کار + (د) مۆرفیمی کاتی ڕابوردو + (ن)ی چاوگ.
کارم کرد.

ــ بردن - (بر) ڕەگی کار + (د) مۆرفیمی کاتی ڕابوردو + (ن)ی چاوگ
شتێکت برد.

ــ خواردن - (خوار) ڕەگی کار + (د) مۆرفیمی کاتی ڕابوردو + (ن)ی چاوگ نانی خوارد.

ــ مردن - (مر) ڕەگی کار + (د) مۆرفیمی کاتی ڕابوردو + (ن)ی چاوگ
نەخۆشەکە مرد.

ــ ناردن - (نار) ڕەگی کار + (د) مۆرفیمی کاتی ڕابوردو + (ن)ی چاوگ
نامەکەیان نارد.

۷: مۆرفۆفۆنیمی {ر}:

---

۲۵۰ عەبدوڵلا حوسێن ڕەسول. مۆرفیمە ڕێزمانیەکانی کار. نامەی دکتۆرا. زانکۆی بەغدا. ۱۹۹۵. ل۱۳٤.

فۆنیمی /ر/ لە زمانی کوردیدا هەیە و دەنگێکی زاری (دەمۆکی) لەرۆکی گڕە و لە کاتی گۆکردنیدا نوکی زمان بە پانی لە پێشەوەی مەلاشو دەسوێ و تەوژمی هەوا بە لەرەلەر دێتە دەرەوە٢٥١. ﴿بۆ دروست کردنی ئەم دەنگە سەری زمان تەنیا یەك جار بە ئەسپایی لە پشتی دانەکانی سەرەوە ئەدا (ڕیزی پێشەوە) و ئینجا ئەگەڕێتەوە. ئەو هەوایەی کە لە سییەکانەوە دێتە دەرەوە تەنیا یەك جار زمان ئەلەرێنێتەوە﴾٢٥٢.

لە ئاستی دەنگسازیدا فۆنیمی /ر/ زۆر جار دەبێتە دەنگێکی ناوبڕ لە نێوان دو دەنگی بزوێنی بەدوای یەکدا هاتو لە دو مۆرفیمی جیاوازدا. بۆنمونە، لە ڕستەی فەرماندانداندا، ئەگەر ڕەگی کارەکە بە بزوێنێك کۆتایی هاتبێ و پاشگری دوبارەی (ەوە)ی بەدوادا بێ، دەنگی ⇦ر⇨ دەبێتە ناوبڕ لە نێوانیان (بەتایبەتی لە شێوەزاری سلێمانی دیالێکتی ناوەڕاستدا). وەك:

ــ ئاوەکە بخۆڕەوە. ▪ (بـ) مۆڕفیمی ئارایی + (خۆ) ڕەگی کار + (ر) ناوبڕ + (ەوە) پاشگری دوبارە

ــ دەرگاکە بکەڕەوە. ▪ (بـ) مۆڕفیمی ئارایی + (کە) ڕەگی کار + (ر) ناوبڕ + (ەوە) پاشگری دوبارە

ــ وانەکە بڵێڕەوە. ▪ (بـ) مۆڕفیمی ئارایی + (ڵ) ڕەگ + (ێ) م. داهاتو+ (ر) ناوبڕ + (ەوە) پاشگری دوبارە

جگە لەمەش کاتێ بەرکار وەرچەرخانی بەسەردادێ و دەبێتە (ێ)، لە ڕستەی فەرماندانی هەندێ کاردا، دیسان دەنگی ⇦ر⇨ دەبێتە ناوبڕی نێوانیان کاری فەرماندانەکە و (ێ)یەکە. وەك:

ــ شتەکە بدە بە من. ▪ بـمـدەڕێ.

ــ کتێبەکان بخە ناو جانتاکە. ▪ بیا نخەڕە ناوی.

ــ لەم تەنگانەیەدا بگە بە من. ▪ بـمـگەڕێ.

مۆڕفۆفۆنیمی {ر} لە ڕێزمانی کوردیی دیالێکتی ناوەڕاستدا ئەرکی بکەرنادری دەبینێ و ڕۆلی بکەرێکی نادیار دەگێڕێ، ئەم ئەرکەش بە دو شێوازی داڕشتن، یان بە دو فۆڕمی جیاواز دەستەبەر دەکا:

---

٢٥١ ئەوڕەحمانی حاجی مارف. زمانی کوردی لەبەر ڕۆشنایی فۆنەتیکدا. بەغدا. ١٩٧٦. ل٤٤.

٢٥٢ غازی فاتح وەیس. دەنگەکانی (ڵ)، (ل) وە (ڕ)، (ر) لەژێر تیشکی فۆنەتیك و فۆنۆلۆژی دا. گۆڤاری زانکۆی سەلاحەدین. بەرگی ٨. ژمارە ٢. ١٩٨٢. ل١٠٩.

**٧ـ١ـ مۆڕفۆفۆنیمی {ر} له بکەرنادیاری ناوی بکەردا :** ناوی بکەر (إسم الفاعل) ئەو ناوانەن کە لە {بـ}ی مۆڕفۆفۆنیمی ئارایی یان (نە)ی مۆڕفیمی نەرێ و ڕەگی کار و مۆڕفۆفۆنیمی {ر}ی بکەرنادیار دروست دەبێ. وەك:

ــ بخۆر/نەخۆر. = (نە) م. نەرێ + (خۆ) ڕەگی کار + {ر}م. بکەرنادیار. (ماڵی نەکە، نەخۆری، لۆ چەکمەسۆری).٢٥٣

ــ بکەر.= (فاعل) = {بـ} م. ئارایی + (کە) ڕەگی کار + {ر}م. بکەرنادیار.

ــ بشۆر.= (غەسسالەی جل شوشتن). = {بـ} م. ئارایی + (شۆ) ڕەگی کار + {ر}م. بکەرنادیار.

هەروەها شێوازێکی تری دروستبونی ناوی بکەر، پێکدێ لە ڕەگی کار و مۆڕفۆفۆنیمی {ە}ی نزیککردنەوە وەك مۆڕفیمی بەستن و مۆڕفۆفۆنیمی {ر}ی بکەرنادیار. وەك:

ــ بێژەر. ناوی بکەر) = (بێژ) ڕەگی کار + {ە} م. بەستن + {ر}م. بکەرنادیار.

ــ نوسەر. (ناوی بکەر) = (نوس) ڕەگی کار + {ە} م. بەستن + {ر}م. بکەرنادیار.

ــ خوێنەر. (ناوی بکەر) = (خوێن) ڕەگی کار + {ە} م. بەستن + {ر}م. بکەرنادیار.

ــ بینەر. (ناوی بکەر) = (بین) ڕەگی کار + {ە} م. بەستن + {ر}م. بکەرنادیار.

**٧ـ٢ـ مۆڕفۆفۆنیمی {ر} لە کاری بکەرنادیاردا :** ئەم مۆڕفۆفۆنیمە دەتوانێ ببێتە مۆڕفیمی بکەرنادیار لە ڕابوردو و ڕانەبوردوی کارە تێپەڕە بکەرنادیارەکاندا. «مۆڕفیمی (ر) جگە لە دروستکردنی ئاوەڵناوی بکەر، ئەتوانێ ڕستەی بکەرنادیاریش دروستبکا، بەوەی کە ئەرکی ئەنجامدانی کارێك ئەداتە پاڵ توخمێکی دەستنیشان نەکراو»٢٥٤. واتە، مۆڕفۆفۆنیمی {ر} خودی خۆی ڕاناو یان هێمای ئەو بکەرە نەناسراو یان نادیارەیە کە کارەکە ئەنجام دەدا.

ــ خانوەکە ڕوخێنرا. = (ڕوخێن) ڕەگی کار + (ر) مۆڕفیمی بکەرنادیار + (ا) م. کاتی ڕابوردو + (Ø) بەرکار.

ــ باخەکان دەسوتێنرێن. = د(ە) م.ئێستا +(سوتێن) ڕەگی کار+(ر) م. بکەرنادیار +(ێ) م. داهاتو+(ن) بەرکار.

---

٢٥٣ پەندێکی کوردیی ناوچەی سۆرانیی دیالێکتی ناوەڕاستە.

٢٥٤ عەبدوللا حوسێن ڕەسول. مۆڕفیمە ڕێزمانیەکانی کار. نامەی دکتۆرا. زانکۆی بەغدا. ١٩٩٥. ل١٦٩.

ــ زەویەکان کێڵران. (کێڵ) ڕەگی کار + (ر) مۆرفیمی بکەرنادیار + (ا) م. کاتی ڕابوردو + (ن) بەرکار.

**٨: مۆرفۆفۆنیمی {ش}:**

فۆنیمی /ش/ دەنگێکی زاری کپە، هەوا لە نێوان مەلاشو و زمانی جۆگەیی بەرەو پوکی سەرەوە دەخشێ. (دەنگێکی کپی پوکە مەلاشوی خشپەییە).٢٥٥

مۆرفۆفۆنیمی {ش} لە ڕێزمانی دیالێکتی ناوەڕاستی زمانی کوردیدا تەنیا یەك ڕۆلی فراوانی هەیە، کە واتای (هەروەها / بە هەمان شێوە) دەبەخشێ و فرێزی دوەم هاوشێوەی فرێزی یەکەم دەردەخا. «مۆرفیمی /ش/ لە ڕوی ڕستەسازیەوە دەتوانێ بە پێی مەبەستی قسەکەر بچێتە سەر بەشەکانی ڕستە وەك بکەر، بەرکاری ڕاستەوخۆ، بەرکاری ناڕاستەوخۆ، ئاوەڵگوزارە، تەواوکەر، کار..... تەنها ئەرکی بەستن ناگەینێ بەڵکو چەندین واتای تر دەدات وەك بۆ بەرانبەر کردن بە واتای بەلام، تەنانەت، هەروەها، هاوبەش بوون ....تاد. مۆرفیمی /ش/ یەکێکە لەو مۆرفیمانەی کە دەورێکی گرنگی هەیە لە زمانی کوردیدا بە شێوەیەکی بەربلاو و ئاشکرا ڕۆژانە بەکاری دەهێنین»٢٥٦، دەشێ لەگەڵ فرێزی ناوی یان کاری بەکاربێ و بە زۆری فرێزی یەکەم باسناکرێ، چونکە زانراوە. وەك:

ــ (چاوەکەم تۆش پیر دەبی، ڕیشت دەبێتە گۆرەوی ..... وەك بفەرمووی من فلانم، پێت دەڵێن توخوا هەوی؟!)٢٥٧.....

ــ کچەکە کوڕەکەی خۆشدەوێ و کوڕەکەش هەمان هەستی هەیە.

ــ منی مامۆستای دارام و باوکی داراش مامۆستای من بو.

ئەم مۆرفۆفۆنیمە جگە لە ناو و ڕاناوەکان، دەتوانێ بکەری ڕستەیەك لە کاری دوەمیش وەکو یەکەم هاوبەش بکا و ئەم مۆرفۆفۆنیمە ئەلۆمۆرفێکی تری هەیە، کە (یش)ـە. بەلام ئایا لە بنەڕەتدا «(یش)ە، یان (ش)ە؟...... ئەوە ئەگەیەنێ کە: دوو شت یا زیاتر،

---

٢٥٥ D. N. MacKENZIE. KURDISH DIALECT STUDIES-I. London. ١٩٦١. P٥.

٢٥٦ ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی. لێکۆڵینەوەی چوارەم مۆرفیمی /ش/ لە کوردی ناوەڕاستدا. چەند لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی. هەولێر. ٢٠١٣. ل٩٨،ل٨٩.

٢٥٧ دیوانی حاجی قادری کۆیی. هەولێر. ١٩٨٦. ل٢٧١.

له شتێکی ترا هاوبەشن. جا هەندێ جار ئەوە پیشان ئەدا کە: دوو کردار یا زیاتر هی یەك بکەرن وەکو: هوشیار لە باخەکەی ئەشـخوات و ئەشـبەخشێ و ئەشـفرۆشێ»٢٥٨.

ــ ئازاد جگەرەش دەکێشێ و دەشـخواتەوە.

لە شێوەزاری سۆرانی دیالێکتی ناوەڕاستدا، ئەگەر مۆرفۆفۆنیمی (ش) بەدوای مۆرفیمێك یان وشەیەك هات کۆتایی بە نەبزوێن هابێ، (یـ)یێکی ناوبر دێتە نێوانیان و دەبێتە (یش) و ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی هەندێ جار لە نوسیندا زۆرتر (یش) بەکاربێ. «ئەم مۆرفیمە لە کاتی بەکارهێنانیدا دوو شێوەی هەیە /ش، یش/ واتە دەتوانین ئەم دو شێوەیە بە ئەلۆمۆرفی یەکتر دابنێین، چونکە لە کاتی بەکار هێنانیاندا هیچ لە بابەتەکە ناگۆڕێ و هەر بۆ یەك مەبەست بەکاردەهێنرێن. تەنها جیاوازی نێوانیان ئەوەیە کە ئەگەر ئەو وشەیەی /ش/ەکەی دەچێتە سەری کۆتایی بە بزوێن هاتبوو ئەوا شێوەی /یش/ وەردەگرێت»٢٥٩.

ــ (منیش دەروونم شاد بێ... ملم لە بەند ئازاد بێ...

منیش ئەی مەلی پیرۆز... بە یەك چریکەی پڕ سۆز...

بەستەی وات بۆ ئەخوێنم... کە جوان جوان بتلەرزێنم.... )٢٦٠

ــ (ئەم گۆڕەم نیشانەی تاوانی باوکمە، بۆیە منیش تاوانی وام نەکرد)٢٦١. (نوسراوی سەر کێلی گۆڕی ئەبو عەلای مەعەڕری)

## ٩: مۆرفۆفۆنیمی {ك}:

فۆنیمی /ك/ دەنگێکی کپی زمانی کوردیە. (/ك/ قوڕگەگیرێکی کپی بە مەڵاشو وتراوە)٢٦٢. هەوای دەرچوی سیەکان بێ ئەوەی دەنگەژێیەکان بلەرێنێتەوە، لە نێوان دواوەی

---

٢٥٨ مەلا شوکر. بەکارهێنانی ئەوزاری "یش" بەپێ ی دەستووری زمانی کوردی. گۆڤاری بەیان. ژمارە ٤. ١٩٧٠. ل١٤.

٢٥٩ ساجیدە عەبدوڵلا فەرهادی. لێکۆڵینەوەی چوارەم مۆرفیمی /ش/ لە کوردی ناوەڕاستدا. چەند لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی. هەولێر. ٢٠١٣. ل٨٩-٩٠.

٢٦٠ دیوانی گۆران. بەغدا. ١٩٨٠. ل١٠٥-١٠٦.

٢٦١ حەمە حەمەئەمین قادر. کاروانی شیعری نوێی کوردی. بەرگی یەکەم. هەولێر. چاپی دوەم. ١٩٨٧. ل٢١.

٢٦٢ ئێرنیست. ن. ماکاروس. ڕێزمانی کوردی. وەرگێڕانی: برایم میرانی. گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ. ژمارە ١١٥. ئەیلولی ١٩٨٧. ل١٥٦.

زمانی کووڕبووەوە و نەرمەمەلاشودا پەنگدەخواتەوە و دوایی لەگەڵ دابەزینی لە پڕی کووڕی زمان هەوا بە تەوژم لە دەم دەردەچێ و تەوژمی بە گوڕی هەوای دەرچو دەنگی ⇦ك⇦ دروستدەکا.

لە ئاستی وشەسازیشدا مۆڕفۆفۆنیمی {ك} دەتوانێ ئەرکی مۆڕفیمی ناسیاوی و نەناسیاوی ببینێ، ئەویش لە ئەنجامی سوانی دەنگەکانی دەوروبەری:

**٩-١- مۆڕفۆفۆنیمی {ك} لە ڕۆڵی مۆڕفیمی ناسیاویدا:** لە دیالێکتی ناوەڕاستی زمانی کوردیدا پاشگری (-ەکە) مۆڕفیمی ناسیاویە. ئەم مۆڕفۆفۆنیمە بە هۆی دیاردە دەنگسازیەکان و سوانی هەردو بزوێنە /ە/ لە پێش و پاشی /ە/ دەنگی ⇦ك⇦، بەتایبەتی کاتێ (-ەکە) دەکەوێتە نێوان دو دەنگە بزوێنی تر، تەنیا دەنگی ⇦ك⇦ەکە دەمێنێتەوە و دەبێتە ئەلۆمۆڕفێکی (-ەکە)ی مۆڕفیمی ناساندن. وەك:

ـ مامۆستا (ناو) + ەکە (نیشانەی ناساندن) + ان (نیشانەی کۆ) = مامۆستاکـان[٢٦٣]

ـ مامۆستاکـان = مامۆستا (ناو) + (کـ) ئەلۆمۆڕفی ناساندن + ان (نیشانەی کۆ)

ـ پەنجەرە (ناو) + ەکە (نیشانەی ناساندن) + ان (نیشانەی کۆ) = پەنجەرەکـان

ـ پەنجەرەکـان = پەنجەرە (ناو) + (کـ) ئەلۆمۆڕفی ناساندن + ان (نیشانەی کۆ)

ـ شانۆ (ناو) + ەکە (نیشانەی ناساندن) + ان (نیشانەی کۆ) = شانۆکـان

ـ شانۆکـان = شانۆ (ناو) + (کـ) ئەلۆمۆڕفی ناساندن + ان (نیشانەی کۆ)

**٩-٢- مۆڕفۆفۆنیمی {ك} لە ڕۆڵی مۆڕفیمی نەناسیاویدا:** بە هەمان شێوە لە دیالێکتی ناوەڕاستدا پاشگری (یەك / ییێك / ێك / ەك) ئەلۆمۆڕفیمەکانی نەناسیاوین. ئەم مۆڕفۆفۆنیمە بە هۆی هەمان دیاردە دەنگسازیەکان و سوانی دەنگەکانی لە پێش دەنگی ⇦ك⇦، تەنیا دەنگی ⇦ك⇦ەکە دەمێنێتەوە، ئەمەش لەو کاتانەدا کە ناوەکە کۆتایی بە بزوێنی /ە/ بێ و دەبێتە ئەلۆمۆڕفێکی ئەلۆمۆڕفێکی نەناسیاوی، بە تایبەتی لە شێوەزاری سۆرانیدا. وەك:

ـ جامی پەنجەرەك شکا. = پەنجەرەك (ناوی نەناسراو) = پەنجەرە (ناو) + (ك) ئەلۆمۆڕفی نەناسیاوی.

---

٢٦٣ عەبدولواحید موشیر دزەیی. وشەسازی زمانی کوردی. هەولێر. ٢٠١٢. ل٤٠.

ـ کیلۆ تەماتەکـم بۆ بکڕە. = تەماتەك (ناوی نەناسراو) = تەماتە (ناو) + (ك) ئەلۆمۆرفی نەناسیاوی.

ـ پەنجەکـی پێوە نەماوە. = پەنجەك (ناوی نەناسراو) = پەنجە (ناو) + (ك) ئەلۆمۆرفی نەناسیاوی.

## ١٠: مۆرفۆفۆنیمی {م}:

فۆنیمی /م/ دەنگێکی (دەنگداری لێوەکی لوتیە)٢٦٤. واتە، لە کاتی گۆکردنیدا دەنگەژێیەکان دەلێرێنەوە و هەردو لێوەکان لەسەر یەك دادەخرێن و جیا لە دەنگەکانی پێشتر، هەوا لە لوت دێتە دەرەوە.

مۆرفۆفۆنیمی {م} لە ئاستی ڕێزمانیشدا ڕۆلێکی بەرچاو دەبینێ، بەوەی دەبێتە ڕاناوی لکاو بۆ کەسی یەکەمی تاك لە هەردو دەستەی خاوەنی و ڕێککەوتن. «(م): لە کرمانجیی باشووردا ئەم ڕاناوە لکاوە لەگەڵ کاری تێپەڕ و تێنەپەڕدا بۆ کەسی یەکەمی تاك بەکاردێ، وەك: خواردم. دەخۆم. چووم. دەچم. هەروەها لە حاڵەتی تملك دا، وەك: پێلاوەکانم. کتێبەکەم. سەرم. دەستم»٢٦٥. ئەم مۆرفۆفۆنیمە دەشێ کورتکراوەی ڕاناوی (من)ی سەربەخۆ بێ و لە بنەڕەتدا مۆرفیمێکی ڕەسەنی زمانە هیندۆ ئەوروپییەکان بێ، چونکە لە هەندێ لەو زمانانەدا ئەو فۆنیمە بەشداری لە دارشتنی ڕاناوی کەسی یەکەمی تاك دەکا، وەك ("me"، "my"، "mine").

١٠-١- مۆرفۆفۆنیمی {م} وەکو ڕاناوی لکاوی کەسی یەکەمی تاك لە دەستەی خاوەنی: ئەم مۆرفۆفۆنیمە لە دەستە ڕاناوی لکاوی خاوەنیدا (م، ت، ی، مان، تان، یان)، دەبێتە کەسی یەکەمی تاك (من) و ئەرکی خاوەنیی ئەو ناوانە دەگێڕێ کە دەبێتە پاشگریان. بۆ نمونە:

ـ دایکم و باوکم هاتن = دایکی من و باوکی من هاتن.

ـ ماڵەکەم لە ناوەڕاستی شارەکەم دایە. = ماڵەکەی من لە ناوەڕاستی شارەکەی من دایە.

---

٢٦٤ Ernest N. McCarus. A KURDISH GRAMMAR. New York. ١٩٥٨. P.٢١.

٢٦٥ لیژنەی زمانی کوردی. زمانەوانی. گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق "دەستەی کورد" بەرگی دەهەم. بەغدا. ١٩٨٣. ل٣١٧.

به هەمان شێوە ئەگەر ئەم مۆرفۆفۆنیمە (ان)ی کۆ وەربگرێ، دەبێتە ڕاناوی لکاو بۆ کەسی یەکەمی کۆ (ئێمە). واتە، (مان = م + ان). ئەم ڕاناوەش دەبێتە خاوەنی ئەو ناوانەی بە دوایانەوە دێ. وەك:

ـ دایکمـــان و باوکمـــان هاتن = دایکی ئێمە و باوکی ئێمە هاتن.

ـماڵەکەمـــان لە ناوەڕاستی شارەکەمـــان دایە. = ماڵەکەی ئێمە لە ناوەڕاستی شارەکەی ئێمە دایە.

ئەم مۆرفۆفۆنیمە سەرباری ئەرکی خاوەنێتی دەتوانێ، چ وەکو کەسی یەکەمی تاك لە دەستە ڕاناوی لکاوی خاوەنی، چ وەکو کەسی یەکەمی کۆ (بە هاوکاری —ان-ی کۆ) ئەرکی بکەر ببینێ لە لەگەڵ کاری ڕابوردوی تێپەڕ و ئەرکی بەرکار ببینێ لەگەڵ کاری ڕانەبوردوی تێپەڕ:

ئەرکی بکەر لەگەڵ کاری ڕابوردوی تێپەڕ:

ـ خواردم / خواردمـــان.... نوسیـــم / نوسیـــمـــان.... کێڵام / کێڵامـــان.... گرتـــم / گرتـــمـــان. (ڕابوردوی سادە)

ـ دەمـــخوارد/دەمـــا نخوارد...دەمـــنوسی/دەمـــاننوسی...دەمـــکێڵا/دەمـــانکێڵا...دەمـــگرت/دەمـــا ن گرت. (ڕابوردوی بەردەوام)

ئەرکی بەرکار لەگەڵ کاری ڕانەبوردوی تێپەڕ:

ـ دەمـــخوا / دەمـــا نخوا...... دەمـــنوســـــن / دەمـــاننوسن...... دەمـــــگری؟ / دەمـــانگری؟ (ڕانەبوردو)

ـ بمـــخوا / بمـــا نخوا...... بمـــنوســـــێ / بمـــاننوسێ...... بمـــــگری. / بمـــانگری. (داخوازی)

**١٠ـ٢ـ مۆرفۆفۆنیمی {م} وەکو ڕاناوی لکاوی کەسی یەکەمی تاك لە دەستەی ڕێککەوتن:**

هەروەها مۆرفۆفۆنیمی {م} دەبێتە ڕاناوی لکاوی کەسی یەکەمی تاك لە دەستەی ڕێککەوتن (م. ی. ∅. ین. ن. ن). ئەم مۆرفۆفۆنیمە لەم دەستە ڕاناوەدا ڕۆڵی ڕێککەوتن دەبینێ، لەگەڵ بکەر یا بەرکاری ڕستە بە پێی جۆری کارەکە و ئەو ئەرکەی پێی دەسپێرڕێ. بۆنمونە:

ـ من قوتابیم. (لەم ڕستەدا (م) دەبێتە بەرکار، چونکە چاوگی بون تێنەپەڕی بەرکاریە).

ــ من سوتـام. (لەم ڕستەدا (م) دەبێتە بەرکار، چونکە چاوگی سوتـان تێنەپەڕی بەرکاریە).

ــ من هاتـم. (لەم ڕستەدا (م) دەبێتە بکەر چونکە چاوگی هاتن تێنەپەڕی بکەریە).

ــ من دەردەچم. (لەم ڕستەدا (م) دەبێتە بکەر چونکە چاوگی دەرچون تێنەپەڕی بکەریە).

ــ ئەو منداڵە چیە؟! هەر بە قسە خواردمـی. (لێرەدا (م) بوەتە بەرکار چونکە کارەکە ڕابوردوی سادەی تێپەڕە).

ــ ئەو منداڵە چیە؟! هەر بە قسە دەیخواردم. (لێرەدا (م) بوەتە بەرکار چونکە کارەکە ڕابوردوی بەردەوامی تێپەڕە).

ــ ئەو منداڵە چیە؟! هەر بە قسە دەیخۆم. (لەم ڕستەدا (م) دەبێتە بکەر چونکە کارەکە ڕانەبوردوی تێپەڕە).

**١١: مۆرفۆفۆنیمی {ن}:**

فۆنیمی /ن/ دەنگێکی گرِی لوتیە. واتە، لە کاتی گۆکردنیدا دەنگەژێیەکان دەلێرێنەوە و لێوەکان دەکرێنەوە، بەڵام پێشەوەی زمان بە پانی بە پوکی سەرەوە دەلکێ و ڕێگەی دەرچونی هەوا نادا و هەوا لە لوتەوە دەردەچێ.

مۆرفۆفۆنیمی {ن} ڕۆڵێکی زۆر فراوان لە ڕێزمانی کوردی دەگێڕێ و بە هۆی واتا بنەڕەتی و گشتیەکەی کە چەمکی (کۆ) دەگەیێنێ، توانیویەتی چەند ئەرکێکی دیار ببینێ، وەك:

**١١ـ١ـ مۆرفۆفۆنیمی {ن} لە ئەرکی ڕاناوی لکاوی کەسی دوەمی کۆدا:** ئەم مۆرفۆفۆنیمە لە دەستە ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتندا (م. ی. Ø. ین. ن. ن) دەبێتە ڕاناوی کەسی دوەمی کۆ. وەك:

ــ ئێوە کوردن. (لەم ڕستەدا (ن) دەبێتە بەرکار، چونکە چاوگی بون تێنەپەڕی بەرکاریە).

ــ ئێوە دۆڕان. (لەم ڕستەدا (ن) دەبێتە بەرکار، چونکە چاوگی دۆڕان تێنەپەڕی بەرکاریە).

ــ ئێوە هەستان. (لەم ڕستەدا (ن) دەبێتە بکەر چونکە چاوگی هەستان تێنەپەڕی بکەریە).

ــ ئێوە تێدەکۆشـن. (لەم ڕستەدا (ن) دەبێتە بکەر چونکە چاوگی تێکۆشان تێنەپەڕی بکەریە).

ــ ئێوە چین؟! هەر بە قسە دەمـخۆن. (لێرەدا (ن) بوەتە بکەر چونکە کارەکە ڕانەبوردوی تێپەڕە).
ــ هەسـتـن، تێکۆشـن.... (لەم ڕستانەدا (ن) دەبێتە بکەر چونکە ڕستەی فەرماندانن).

**١١ـ٢ـ مۆڕفۆفۆنیمی {ن} لە ئەرکی ڕاناوی لکاوی کەسی سێیەمی کۆدا:** ئەم مۆڕفۆفۆنیمە لە دەستە ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتندا (م. ی. ∅. ین. ن. ن)، جگە لە کەسی دوەمی کۆ، دەشبێتە ڕاناوی کەسی سێەمی کۆ. وەك:
ــ ئەوان شەهیدن. (لەم ڕستەدا (ن) دەبێتە بەرکار، چونکە چاوگی بون تێنە پەڕی بەرکاریە).
ــ ئەوان خنکان. (لەم ڕستەدا (ن) دەبێتە بەرکار، چونکە چاوگی خنکان تێنە پەڕی بەرکاریە).
ــ ئێوە چون. (لەم ڕستەدا (ن) دەبێتە بکەر چونکە چاوگی چون تێنە پەڕی بکەریە).
ــ ئەوان دادەنیشـن. (لەم ڕستەدا (ن) دەبێتە بکەر چونکە چاوگی دانیشتن تێنە پەڕی بکەریە).
ــ ئەوان بە ئینگلیزی دەخوێنـن. (لێرەدا (ن) بوەتە بکەر چونکە کارەکە ڕانەبوردوی تێپەڕە).

**١١ـ٣ـ مۆڕفۆفۆنیمی {ن} لە ئەرکی دروستکردنی ئاوەڵناوی داڕێژراودا:** مۆڕفۆفۆنیمی {ن} جگە لە ئەرکی ڕاناوی، هەر بە واتا و چەمکی کۆکردنەوە، بەشداری دەکا لە دروستکردنی هەندێ ئاوەڵناوی داڕێژراودا. بە کردەیەکی واتایی کە دەبێتە پاشگری ناوێك و ئەو ناوە کۆدەکاتەوە لە کەسێك کە دەبێتە هەڵگری ئەو ئاوەڵناوە. وەك:
ــ چڵك (ناو) + ن (مۆڕفیمی ئاوەڵناو داڕێژ) = چڵکـن.
ــ کوڵك (ناو) + ن (مۆڕفیمی ئاوەڵناو داڕێژ) = کوڵکـن.
ــ کرم (ناو) + ن (مۆڕفیمی ئاوەڵناو داڕێژ) = کرمـن.
ــ چڵم (ناو) + ن (مۆڕفیمی ئاوەڵناو داڕێژ) = چڵمـن.
ــ شەرم (ناو) + ن (مۆڕفیمی ئاوەڵناو داڕێژ) = شەرمـن.

**١١ـ٤ـ١ـ مۆڕفۆفۆنیمی {ن} لە ئەرکی دروستکردنی چاوگدا:** ئەم مۆڕفۆفۆنیمە بە هەمان واتا کرۆك و بنەڕەتیەکەی کۆکردنەوە، توانیویەتی بەناوی (ن)ی چاوگەوە بەشداری بکا لە دروستکردنی هەمو چاوگە کوردیەکاندا. مۆڕفۆفۆنیمی {ن} لەم ئەرکەدا واتا کۆکردنەوەیەکی ئەبستراکتی ڕوت (مجرد) دەگەیێنێ، بەوەی کردەی ڕودانی ڕەگی کارەکە، کە لە ڕابوردودا بە

هەر شێوە و هۆکارێك ڕویاندابێ، کۆیاندەکاتەوە لە فۆرمێك کە ناونراوە (چاوگ). واتە، «چاوگ لە زمانی کوردیدا پێکهاتوە لە ڕەگی کار و مۆرفیمی کاتی ڕابوردو و (ن)ی چاوگ.
چاوگ = ڕەگی کار + مۆرفیمی کاتی ڕابوردو + (ن)ی چاوگ.....
(ن)ی چاوگ مۆرفیمێکی کۆی بێ لایەنە و ئەنجامدانی کارەکە ناداتە پاڵ هیچ توخمێکی دەستنیشانکراو، بۆیە ڕۆلی مۆرفیمی کات نامێنێ و کپ ئەبێ»٢٦٦. بۆ نمونە:
لە چاوگی سوتاندا، (سوت) ڕەگی کارەکەیە کە چەمك و واتای کرداری سوتانی هەڵگرتوە، ئینجا ئەم کردارە بە هەر جۆر و هۆکارێك بێ، مۆرفیمی (ا)ی کاتی ڕابوردوش چەمکی کاتی ڕابوردو دەخاتە سەر کردەی سوتان لە ڕابوردودا، بەڵام (ن)ی چاوگ هەمو ئەو کردەی سوتانانەی کە لە ڕابوردودا ڕویانداوە بە هەر شێوە و جۆر و هۆکارێك بن، کۆدەکاتەوە و واتایەکی گشتی و ڕەها بە فۆرمی سوتان دەبەخشێ، کە هەمو کردارێکی سوتان بگرێتەوە، بە ئاگر بێ، بە ئاوی گەرم بێ، بە تیشکی خۆر، هەورەتریشقە، ئەوین....هتد. بەم پێیە سەرجەم چاوگەکان پێکدێن لە ڕەگی کار و یەکێ لە مۆرفیمەکانی کاتی ڕابوردو (ا/ ی/ و/ د/ ت) و مۆرفۆفۆنیمی {ن}ی کۆ، کە پێی دەوترێ (ن)ی چاوگ:
ــ کێڵ (ڕەگی کار) + ا (مۆرفیمی کاتی ڕابوردو + ن (نونی کۆ / نونی چاوگ) = کێڵان (چاوگ).
ــ نوس (ڕەگی کار) + ی (مۆرفیمی کاتی ڕابوردو + ن (نونی کۆ / نونی چاوگ) = نوسین (چاوگ).
ــ ب (ڕەگی کار) + و (مۆرفیمی کاتی ڕابوردو + ن (نونی کۆ / نونی چاوگ) = بون (چاوگ).
ــ کرد (ڕەگی کار) + د (مۆرفیمی کاتی ڕابوردو + ن (نونی کۆ / نونی چاوگ) = کردن (چاوگ).
ــ کەو (ڕەگی کار) + ت (مۆرفیمی کاتی ڕابوردو + ن (نونی کۆ / نونی چاوگ) = کەوتن (چاوگ).

**١١-٤-٢- مۆرفۆفۆنیمی {ن} لە ئەرکی تێپەڕاندنی چاوگدا:** هەمان مۆرفۆفۆنیمی {ن}ی کۆ کە ناونرا بە (ن)ی چاوگ، دەتوانێ ئەرکی تێپەڕاندنی چاوگە تێنەپەڕەکانیش ببینێ، بەوەی جارێکی تر (ن)ێکی تری چاوگ دەخرێتە سەر چاوگە تێنەپەڕەکە و دەیگۆڕێ بۆ تێپەڕ:

---

٢٦٦ عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول. مۆرفیمە ڕێزمانیەکانی کار. نامەی دکتۆرا. زانکۆی بەغدا. ١٩٩٥. ل٩٧+٩٩.

ـ سوتان (چاوگی تێنەپەڕ) + ن (نونی کۆ / نونی چاوگ) = سوتانن (چاوگی تێپەڕێنراو).

ـ شکان (چاوگی تێنەپەڕ) + ن (نونی کۆ / نونی چاوگ) = شکانن (چاوگی تێپەڕێنراو).

ـ ڕژان (چاوگی تێنەپەڕ) + ن (نونی کۆ / نونی چاوگ) = ڕژانن (چاوگی تێپەڕێنراو).

بۆ لێکدانەوەی ئەو وەرچەرخانە، تێبینی ئەم خاڵانە دەکرێ:

١ـ لەم وەرچەرخانەدا تێکڕای چاوگە تێنەپەڕەکە (سوتان، شکان، ڕژان....) وەك ڕەگی کارێکی تێپەڕ ڕەفتاری لەگەڵ دەکرێ.

٢ـ مۆرفیمی (ا)ی کاتی ڕابوردو، ئەگەرچی وەکو جاران ڕەفتار دەکا و لە ڕانەبوردودا دەبێ بە (ێ)ی داهاتو، بەڵام لە چاوگی تێپەڕێنراودا جێگرەوەیەکی بۆ پەیدا دەبێ، کە لە زمانی ستانداردی ناوەڕاست و شێوەزاری سۆرانی و موکری..دا مۆرفۆفۆنێمی (د)ـە و لە شێوەزاری سلێمانیشدا سفرە (∅) و دەرناکەوێ. ئەم فۆنیمی /د/ەیش جگە لە ئەرکی مۆرفیمی کاتی ڕابوردو ڕۆڵی ناوبڕێکیش دەبینێ و ئاسانکاری دەکا بۆ دەربڕینی دو فۆنیمی /ن/ بەدوای یەکدا.

٣ـ مۆرفۆفۆنیمی {ن} جارێکی تر سەرلەنوێ دەتوانێ هەمان ڕۆڵی پێشتری ببینێ و ببێتەوە (ن)ی چاوگ، بەمەش چاوگەکە لە تێنەپەڕەوە دەکاتە تێپەڕ[٢٦٧]:

ـ سوتان (چاوگی تێنەپەڕ) + (د/ ∅) م. ڕابوردو + ن (نونی کۆ / نونی چاوگ) = سوتاندن / سوتانن

ـ شکان (چاوگی تێنەپەڕ) + (د/ ∅) م. ڕابوردو + ن (نونی کۆ / نونی چاوگ) = شکاندن / شکانن

ـ ڕژان (چاوگی تێنەپەڕ) + (د/ ∅) م. ڕابوردو + ن (نونی کۆ / نونی چاوگ) = ڕژاندن / ڕژانن

بە هۆی ئەم کردەیە زۆر جار ناوی دەنگە سروشتیەکانیش وەك (زیرە، زریکە، فیکە، گرمە، هاڕە، بۆڕە، چریکە، شیڕە، قوقە.... هتد) دەکرێن بە چاوگی تێپەڕێنراو، تەنانەت هەندێ جار ناویش دەخرێنە ناو (بەتایبەتی ناوە عەرەبییەکان) ئەو قاڵبە دەکرێن بە کاری تێپەڕێنراو، وەك (شیعر، نرخ، شەرع، ڕەنگ، حیزب، عەرەب، کورد ....) یان ئاوەڵناوی وەك (گەوج، عالم،...):

---

٢٦٧ بۆ وردەکاری و زانیاریی زۆرتر بڕوانە: تێپەڕاندن لە ل١٣٠-١٣٦. لە عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول. مۆرفیمە ڕێزمانیەکانی کار. نامەی دکتۆرا. زانکۆی بەغدا. ١٩٩٥.

**ــ زیرە ( ناو ) + ا ( م.ڕابوردو ) + ن ( نونی چاوگ ) = زیڕان ( چاوگی تێنە پەڕ )،**

**زیڕان ( چاوگی تێنە پەڕ ) + د ( م.ڕابوردو ) + ن ( نونی چاوگ ) = زیڕاندن ( چاوگی تێپەڕ ).**

**ــ شیعر ( ناو ) + ا ( م.ڕابوردو ) + ن ( نونی چاوگ ) = شیعران ( چاوگی تێنە پەڕ )،**

**شیعران ( چاوگی تێنە پەڕ ) + د ( م.ڕابوردو ) + ن ( نونی چاوگ ) = شیعراندن ( چاوگی تێپەڕ ).**

**ــ گەوج ( ناو ) + ا ( م.ڕابوردو ) + ن ( نونی چاوگ ) = گەوجان ( چاوگی تێنە پەڕ )،**

**گەوجان ( چاوگی تێنە پەڕ ) + د ( م.ڕابوردو ) + ن ( نونی چاوگ ) = گەوجاندن ( چاوگی تێپەڕ ).**

**لەم چاوگە پێپەڕێنراوانەدا تێبینی ئەوە دەکرێ، بە فۆڕمی تێنە پەڕ لە زماندا بەکارنایێ.**

### ١٢: مۆرفۆفۆنیمی {و}:

**فۆنیمی /و/ یەکێکە لەو دەنگانەی لە دەنگسازیی کوردیدا پانتاییەکی زۆرتری لە هەمو فۆنێمەکانی تر گرتوە، بەوەی پتر لە شێوەیەکی گۆکردنی هەیە و بە پێی کەوتگەی لە بڕگەدا جۆری بزوێن و نەبزوێنی هەیە. زۆربەی زمانەوانەکان پتر لە فۆنێمێکیان بۆ دەنگی ⇨و⇨ دەستنیشان کردوە[٢٦٨]، وەك ⇨و⇨ی کورت و ⇨وو⇨ی درێژ[٢٦٩]، ⇨و⇨ هەروەها ⇨وو⇨ی بزوێن و ⇨و⇨ی نەبزوێن[٢٧٠]. لە بنەڕەتدا هەر چوار جۆری ئەم دەنگە: کورت، درێژ، بزوێن و نەبزوێن هەر هەمان فۆنیمن و بە پێی کەوتەگەی بڕگەییان و دەنگەکانی دەوروبەری گۆڕانی بەسەر دادێ و کورت و درێژ دەبێتەوە و بە پێویست نازانرێ بە فۆنیمی جیاواز دابنرێن، یان بە پیتی جیاواز بنوسرێن. تەنانەت ئەو وشانەی بە هۆی کورتی و درێژی دەنگی ⇨و⇨ واتایان دەگۆڕێ زۆر دەگمەنن و هەرە باوەکەیان هەردو وشەی (کوڕ) و (کووڕ)ن. بۆیە هیچ گونجاو و لۆجیك نیە، تەنیا بۆ وشەیەك گرفتێکی گەورە لە زمان دروستبکەین پیتی (وو) دروستبکەین، کە تەنانەت نوسەرە ناودارەکانیش لە ڕاستی و دروستی یەك واو و دو واو هەڵە دەکەن. ڕاستیە فۆنۆلۆجیەکەشی ئەوەیە، کە وشەی (کوڕ) سێ**

---

[٢٦٨] ئەورەحمانی حاجی مارف. زمانی کوردی لەبەر ڕۆشنایی فۆنەتیکدا. بەغدا. ١٩٧٦. ل٢٨.

[٢٦٩] تەوفیق وەهبی. دەستووری زمانی کوردی. جیزمی یەکەم. بەغدا. ١٩٢٩. ل٥.

[٢٧٠] نوری عەلی ئەمین. ڕێزمانی کوردی. سلێمانی. ١٩٦٠. ل١١-١٢.

فۆنیم واته، سێ پیته (ك + و + ڕ) و وشەی (کووڕ) چوار فۆنیم واته، چوار پیته (ك + و + و + ڕ)، ئەگەر وشەیەکی ناباوی دەگمەنی تریش لەم شێوەیە هەبێ، دەتوانرێ بە چوار پیت دابنرێ[271].

مۆرفۆفۆنیمی {و} لە ڕێزمانی دیالێکتی ناوەڕاستدا ڕۆڵێکی فراوان دەگێڕێ و چەند ئەرکێکی گرنگ دەبینێ. سەرجەم ئەرکەکانی مۆرفیمی (و) دەگەڕێنەوە بۆ واتا بنچی و شاراوەکەی لەخۆی دەگرێ، کە بریتیە لە گەیاندنی چەمکی دوری. واته، پێچەوانەی مۆرفۆفۆنیمی {ە} کە واتای نزیکی دەگرتە خۆی، مۆرفۆفۆنیمی {و} ئاماژە بە هەر شتێك دەکا کە دور بێ. «مۆرفیمی (ە) واتایەکی گشتیی هەیە و چەمکی (نزیکی) ئەدا، بەڵام مۆرفیمی (و) واتا گشتیەکەی چەمکی (دوری) ئەدا. ئەم دو مۆرفیمە لە زمانی کوردیدا زۆر بەکاردێن و ڕۆڵی گرنگ ئەبینن و چەندین فۆرمی تایبەتییان لێ دروست ئەبێ. مۆرفیمی (ە) هێمایە بۆ هەر شتێکی نزیك، بەبێ دەستنیشانکردن (دون التحدید). مۆرفیمی (و)ش هێمایە بۆ هەر شتێکی دور، بێ دەستنیشانکردن. دوریش واته، نە من، نە تۆ. لە من و تۆ بترازێ هەمو شتێك لە گەردوندا دورە، ئەگەر ماوەی نێوانمان هەرچەندێك بێ.»[272]. ئەو ئەرکانەی مۆرفۆفۆنیمی {و} لە ڕێزمان دەیانبینێ، بریتین لە:

### ١١ـ١ـ مۆرفۆفۆنیمی {و} وەك مۆرفیمی کاتی ڕابوردو:

لە زماندا کاتی ئێستا نزیکترین کاتە و دەمی ئاخاوتن دەگەیێنێ، بۆیە مۆرفۆفۆنیمی نزیکی {ە}ی بۆ دانراوە، بەڵام کاتی ڕابوردو پێش دەمی ئاخاوتنە، واتە نزیك نیە و دورە، مۆرفۆفۆنیمی {و}ش لە بنەڕەتدا واتای دوری دەدا بۆیە یەکێ لە ئەرکەکانی گەیاندنی واتای کاتی ڕابوردوە. لەو چاوگە (و)ییەکاندا، مۆرفۆفۆنیمی {و} دەبێتە نیشانەی چاوگەکە و مۆرفیمی کاتی ڕابوردو:

ـ بون (چاوگ) = بـ (ڕەگی کار) + و (مۆرفیمی کاتی ڕابوردو) + ن (نونی چاوگ) = گرفتەکە چارەسەر بـو.

ـ چون (چاوگ) = چـ (ڕەگی کار) + و (مۆرفیمی کاتی ڕابوردو) + ن (نونی چاوگ) = ئازاد چـو بۆ قوتابخانە.

---

٢٧١ بۆ وردەکاری و زانیاریی زۆرتر بڕوانە: عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول. مۆرفیمە ڕێزمانیەکانی کار. نامەی دکتۆرا. زانکۆی بەغدا. ١٩٩٥. ل١٥٣-١٥٥.

٢٧٢ هەمان سەرچاوە. ل٨٠.

ـ دروون (چاوگ) - درو (ڕەگی کار) + و (مۆڕفیمی کاتی ڕابوردو) + ن (نونی چاوگ) - جلەکانم درو٢٧٣.

ـ فەرموون (چاوگ) - فەرمو (ڕەگی کار) + و (مۆڕفیمی کاتی ڕابوردو) + ن (نونی چاوگ) - ماموستاکە فەرموی

**١١ـ٢ـ مۆڕفۆفۆنیمی {و} وەك مۆڕفیمی ئاوەڵناوی کراو:**

ئاوەڵناوی کراو (إسم مفعول)، سیفەتێکی کاتیە دەدرێتە پاڵ کەسێکی دەستنیشاننەکراو، واتە کەسێکی دوری نەناسراو، دەکرێ دواتر لە ڕستەدا بە هۆی ڕاناوە لکاوەکانی دەستەی ڕێککەوتن دەستنیشانبکرێ، واتە تاکو نەکەوێتە ڕستە لە ئاستی وشەسازیدا کەسەکە دیارنەکراوە. ئاوەڵناوی کراو پێکدێ لە ﴿ڕەگی کار + مۆڕفیمی کاتی ڕابوردو (ا/ ی/ و/ د/ ت) + (و)ی مۆڕفیمی ئاوەڵناوی کراو کە هێمایە بۆ کەسێکی نادیار﴾.

ـ (سوتـ) ڕەگی کار + (ا) مۆڕفیمی کاتی ڕابوردو + (و) مۆڕفیمی ئاوەڵناوی کراو - (سوتاو) ئاوەڵناوی کراو.

ـ (ڕز) ڕەگی کار + (یـ) مۆڕفیمی کاتی ڕابوردو + (و) مۆڕفیمی ئاوەڵناوی کراو - (ڕزیـو) ئاوەڵناوی کراو.

ـ (مـر) ڕەگی کار + (د) مۆڕفیمی کاتی ڕابوردو + (و) مۆڕفیمی ئاوەڵناوی کراو - (مردو) ئاوەڵناوی کراو.

ـ (نوسـ) ڕەگی کار + (تـ) مۆڕفیمی کاتی ڕابوردو + (و) مۆڕفیمی ئاوەڵناوی کراو - (نوسـتو) ئاوەڵناوی کراو.

ـ (لەناوچـ) ڕەگی کار + (و) مۆڕفیمی کاتی ڕابوردو + (و) مۆڕفیمی ئاوەڵناوی کراو - (لەناوچو و) ئاوەڵناوی کراو.

ـ (بەربـ) ڕەگی کار + (و) مۆڕفیمی کاتی ڕابوردو + (و) مۆڕفیمی ئاوەڵناوی کراو - (بەربـو و) ئاوەڵناوی کراو.

لە بنەڕەتدا مۆڕفیمی (ر)ی بکەرناردیار کە هێمایە بۆ بکەرێکی نەناسراو پێچەوانی (و)ی مۆڕفیمی ئاوەڵناوی کراوە، کە دەگەڕێتەوە بۆ بەرکارێکی نادیار. وەك لە نمونەکانی (سوتێنەر >< سوتێنراو، تێکدەر >< تێکدراو، .....).

---

٢٧٣ لە هەندێ ناوچەدا (سۆران و دەوروبەری) دەبێتە دروین و ڕستەکە بەم شێوەی لێ دێ: جلەکانم درووی.

ئەم مۆرفۆفۆنیمە بە هەمان ئەرکی مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراو٢٧٤، بەشداری دەکا لە دارِشتنی رِستەی هەواڵداری لە دەمکاتی رِابوردوی تەواو. «لە رِابوردوی تەواودا (و)ی مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراو، دوای مۆرفیمی کاتی رِابوردو دێ و ئینجا رِاناوی لکاوی بکەر دێ کە لە دەستەی خاوەنیە و دوای ئەوە (ە)ی مۆرفیمی کاتی ئێستا دێ، دوای ئەویش رِاناوی لکاوی بەرکار دێ، کە لە دەستەی رِێککەوتنە»٢٧٥. وەك:

لە کاری تێپەرِدا:

ــ گرتــومە = (گر) رِەگ + (ت) م.رِابوردو + (و) م.ئاوەڵناوی کراو + (مـ) بکەر + (ە) م.ئێستا + (∅) بەرکار.

ــ کوشتویانن = (گر) رِەگ + (ت) م.رِابوردو + (و) م.ئاوەڵناوی کراو + (یانـ) بکەر + (∅) م.ئێستا + (ن) بەرکار.

لە کاری تێنە پەرِی بکەریدا:

ــ خەوتــون = (خەو) رِەگ + (ت) م.رِابوردو + (و) م.ئاوەڵناوی کراو + (∅) م.ئێستا + (ن) بکەر.

ــ چــو وە = (چــ) رِەگ + (و) م.رِابوردو + (و) م.ئاوەڵناوی کراو + (ە) م.ئێستا + (∅) بکەر.

لە کاری تێنە پەرِی بەرکاریدا:

ــ مــردوە = (مــر) رِەگ + (د) م.رِابوردو + (و) م.ئاوەڵناوی کراو + (ە) م.ئێستا + (∅) بەرکار.

ــ رِوخــاون = (رِوخـ) رِەگ + (ا) م.رِابوردو + (و) م.ئاوەڵناوی کراو + (∅) م.ئێستا + (ن) بەرکار.

### ١١ـ٣ـ مۆرفۆفۆنیمی {و} وەك مۆرفیمی بەستن:

---

٢٧٤ هەندێ ئاوەڵناو هەن، لەوە دەچێ بە هەمان سیستەم دارِێژرابن، بەڵام بنچینە کۆنەکەیان بە تەواوی دارنەماوە. بۆ نمونە: (زیندو لە زیندەگیەوە، هەروەها ماندو، تینو، ....).

٢٧٥ عەبدوڵڵا حوسێن رِەسول. پوختەیەکی وردی رِستەسازیی کوردی. چاپی دوەم. هەولێر. ٢٠٠٦. ل١٦.



هەزارنامەی کتێب

مۆرفۆفۆنیمی {و} جگە لەم ئەرکانەی سەرەوە دەتوانێ ڕۆڵی مۆرفیمی بەستنیش ببینێ و دو وشە یان دو ڕستە بەیەك ببەستێتەوە. لە بنچینەدا مۆرفیمی بەستنی (و) لە ئامرازی بەستنی (وە) هاتوە. تا ئێستاش ئامرازی (وە) لە سەرەتای پەرەگراف یان ڕستەی نوێ بەکاردێ، وەك دەوترێ: (وە هەروەها.....، وە لە دوای ئەوە....، وە بەم شێوەیە...، وە لە ئەنجامدا....هتد). ئامرازی بەستنی (وە) پێکهاتوە لە دو مۆرفۆفۆنیم «{و} + {ە} = وە». مۆرفیمی (و) واتای دوری دەدا و ئاماژە بە وشە یان ڕستەی پێشتر دەکا کە بە بەراورد لەگەڵ تازەکە دەبێتە دورتر و مۆرفیمی (ە)یش ئاماژە بە وشە یان ڕستە تازەکە دەکا کە نزیکترە. واتە، «ئەوەی پێشتر (دورتر) بە مۆرفیمی (و) هێمای بۆ ئەکەین و ئەوەی دواتر (نزیکتر) بە مۆرفیمی (ە) هێمای بۆ ئەکەین»٢٧٦. بۆ نمونە:

ـــ ئازاد هات وە نەوزاد هات. = ئازاد وە نەوزاد هاتن. = ئازاد و نەوزاد هاتن.

ـــ نەژاد نەیخوێند، وە لە ئەنجامدا دەرنەچو. = نەیخوێند وە دەرنەچو. = نەیخوێند و دەرنەچو.

لە ئەنجامی ئیکۆنۆمی زمان و کورتبونەوەی زمان بزوێنە کورتەکە /ە/ سواوە و تەنیا مۆرفۆفۆنیمی {و} ماوەتەوە. هۆکارێکی تری کەم بەکارهێنانی دەگەڕێتەوە بۆ هاوشێوە بونی لەگەڵ (و)ە کراوەکەی (حەرف عەتف)ی عەرەبیە و هەندێ کەس وا دەزانن یان بۆنی ئەوەی لێ دەکەن کە لە عەرەبییەوە هاتوە، هەرچەندە لە ڕەسەندا کوردیە.

**١١ـ٤ـ مۆرفۆفۆنیمی {و} وەك مۆرفیمی وشەداڕێژ:** هەندێ جار مۆرفۆفۆنیمی {و} وەکو پاشگرێك دەچێتە دوای وشەیەك و وشەیەکی تری نوێی لێ دروستدەکا، بەتایبەتی دەچێتە دوای ناوێك و دەیگۆڕێ بۆ ناوێکی تر، کە لە خۆی نزیکە لە ڕوی واتاوە. وەك:

ـــ بێـز (=قێز= بە پیس دانانی خواردنێك) + (و) پاشگری وشەداڕێژ = بێزو (مەگیرانی)٢٧٧.

ـــ دان (= دانەوێڵە = دەغڵ و دان) + (و) پاشگری وشەداڕێژ = دانـو (گەنمی کوڵاو).

ـــ جوان (= گەنج = شۆخ) + (و) پاشگری وشەداڕێژ = جوانـو (بێچوی ئەسپ).

---

٢٧٦ عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول. مۆرفیمە ڕێزمانیەکانی کار. نامەی دکتۆرا. زانکۆی بەغدا. ١٩٩٥. ل١٣٩.

٢٧٧ عەلی نانەوازادە. فەرهەنگی کوردیی هەرمان. بەرگی یەکەم. (ئا-ب). هەولێر. ٢٠٠٥. ل٤٩٤.

ـ کەند (شوێنی چاڵ) + (و) پاشگری وشەدارێژ = کەنـدو (شوێنی هەڵگرتنی دانەوێڵە = سایلۆ).

تێبینی ئەوە دەکرێ جگە لەو ئەرکانەی سەرەوە، مۆرفۆفۆنیمی {و} دەتوانێ لە شێوەزاری سۆرانی بەتایبەتی ناوچەی ڕواندز و دەوروبەری ڕۆلی ڕاناوی لکاوی خاوەنی بۆ کەسی دوەمی کۆ (تان) ببینێ، ئەم ئەرکە لە شێوەزاری سلێمانیش دەبیسرێ. وەك:

ـ کچەکەو یا بە شو؟. ـ ماڵەکەو لە کوێیە؟ (شێوەی ئاخاوتنی سلێمانی).

ـ کیژو بە مێرد دا؟. ـ مارو لە کێندەرێیە؟ (شێوەی ئاخاوتنی ڕواندز).

ـ نانـو خوارد؟ ـ ترومبێلـو کرِی؟ (شێوەی ئاخاوتنی ڕواندز).

**١٣: مۆرفۆفۆنیمی {ۆ}:**

فۆنیمی /ۆ/ یەکێکە لە دەنگە بزوێنەکانی زمانی کوردی. لە شێوە و شوێنی دروستبونی هاوشێوەی /و/ی بزوێنە و تەنیا جیاوازیی لەگەڵیدا ئەوەیە لە دەربڕیندا بە هۆی فراوانبونی بۆشایی دەم، قەڵەوتر و کراوەتر گۆ دەکرێ، واتە لە گۆکردندا دەنگێکی تێکەڵ لە هەردو بزوێنی /ە/ و /و/. هەربۆیەش لە ڕەوتی ئاخاوتندا هەندێ جار لە هەندێ وشەدا ئەم دو بزوێنە تێکەڵ دەبن و فۆنیمی /ۆ/ دروستدەکەن. وەك:

ـ مامـوەسـتا کـەونەکەمان بـوەتە سـەرپەرشـتیار. = مامـۆسـتا کـۆنـەکەمان بـۆتـە سـەرپەرشـتیار.

ـ ئەو شـەو لە ئاهەنگەکەدا هیچ داب و نەریتێك پەیڕەو نەکرا. = ئەو شـۆ لە ئاهەنگەکەدا هیچ داب و نەریتێك پێڕۆ نەکرا.

مۆرفۆفۆنیمی {ۆ} لە ئاستی ڕێزماندا چەند ڕۆلێکی کەمی هەیە و دەتوانێ وەکو مۆرفیمی بانگکردن و بچوککردنەوە ئەرك ببینێ:

**١٣-١ـ مۆرفۆفۆنیمی {ۆ} وەك مۆرفیمی بانگکردن:** بەهۆی قەڵەوی بەرزی دەنگی فۆنیمی /ۆ/ بەتایبەتی کە دەنگێکی گڕە و لەبەر ئەوەی بزوێنە دەتوانرێ بە پێی پێویست درێژ بکرێتەوە، وەکو مۆرفیمی بانگکردن بەکارهاتوە، بەتایبەتی لە شێوەزاری سۆرانیی دیالێکتی ناوەڕاست و تایبەتیتر بۆ ڕەگەزی نێر:

ـ هـۆ کابرا! لە کێڵگەی مینەکان وەرە دەرەوە. ـ کاکـۆ! وازی لێ بێنە.

ـ هـۆ براکەم! تـۆ لە کوێی؟. ـ خاڵـۆ! کەی دەچی بۆ شار؟

ـ بابـۆ! بۆ وەڵامم نادەیتەوە؟. ـ شـوانـۆ! ئاگاداری مەڕەکانت بە.

**١٣-١- مۆرفۆفۆنیمی {ۆ} وەك مۆرفیمی بچوككردنەوە:** ئەم مۆرفۆفۆنیمە زۆر جار وەك مۆرفیمێكی بچوككردنەوە، دەبێتە هاوكارێك بۆ دارشتنی ناوە بچوككراوەكان. لە كردەی بچوككردنەوەی ناوەكاندا، بەشێك لە كۆتایی ناوەكە دەكرتێ و لە شوێنی ئەو مۆرفۆفۆنیمی {ۆ} دادەنرێ و رۆلی بچوككردنەوەی ناوەكە دەگێرێ. ئەم دیاردەیە پتر لە ناوەكانی رەگەزی نێر رودەدا، بۆیە ئەم مۆرفیمە جگە لە ئەركی بچوككردنەوە، ئەركی مۆرفیمی رەگەزی نێریش دەبینێ، وەكو لە برگەی سەرەوەش رویدا، ئەمەش یەكێكە لە گرفتەكانی بیردۆزە یا پێناسەی مۆرفیم، كە هەندێ جار پتر لە واتایەك دەگرێتە خۆی. نمونەی ناوە بچوككراوەكان وەك:

ـ (شێرزاد) ناوی تەواو – (زاد) بەشی كرتاو = (شێر) بەشی ماوە + <u>(ۆ) م.بچوككردنەوە</u> + (شێر<u>ۆ</u>) ناوی بچوككراوە.

ـ (شاخەوان) ناوی تەواو – (ەوان) بەشی كرتاو = (شاخ) بەشی ماوە + <u>(ۆ) م.بچوككردنەوە</u> + (شاخ<u>ـۆ</u>) ناوی بچوككراوە.

ـ (رەمەزان) ناوی تەواو – (ەزان) بەشی كرتاو = (رەم) بەشی ماوە + <u>(ۆ) م.بچوككردنەوە</u> + (رەمـ<u>ـۆ</u>) ناوی بچوككراوە.

هەوالنامەی كتێب

**١٤: <u>مۆرفۆفۆنیمی {ی}</u> :**

فۆنیمی /ی/ وەكو فۆنیمی /و/ یەكێكە لە فۆنیمە نیمچە بزوێنەكانی زمانی كوردی. واتە، بە پێی كەوتگەی لە برگەدا دەشێ بزوێن یا نەبزوێن بێ. ئەگەر بزوێنێكی تر لە برگە هەبێ، فۆنیمی /ی/ دەبێتە نەبزوێن و بە پێچەوانە، لەكاتی نەبونی بزوێن لە برگەدا فۆنیمی /ی/ دەبێتە بزوێن. ئەم فۆنیمە ئەگەر بزوێن بێ یان نەبزوێن، كورت بێ یان درێژ، هەمان دەرچە و شوێنی دروستبونی هەیە. دەنگی ⇦و⇦ دەنگێكی گرە و لە كاتی دروستبونی دەنگەژێیەكان دەلەرێنەوە و دواوەی زمان گرمۆلە دەبێ و لەگەلْ نەرمە مەلاشودا كونێكی پانی قەبارە ناوەندی دەهێلنەوە و پێشەوەی زمان بە پانی لێژ دەبێتەوە بەرەو پێشەوەی پوكی خوارەوە بە بنی ریزە ددانە برەرەكانی خوارەوە دەنوسێ و لێوەكان بە كراوەیی كەمێك بەرەو تەنشتەكان دەكشێن و هەوا بە بێ بەربەست دێتەدەرەوە.

مۆرفۆفۆنیمی /ی/ لە ئاستی دەنگسازیدا هەندێ جار وەكو فۆنیمێكی نەبزوێن رۆلی ناوبرِ دەبینێ لە نێوان دو بزوێندا. واتە، «پیتی (ی) ئەبێتە ناوبرِ لە نێوان دو پیتە

بزوێندا، لەم بارەدا خۆی ئەبێتە نەبزوێن، چونکە پیتی (ی) پیتێکی نیمچە بزوێنە و لە گۆکردنیدا دەم کەم ئەکرێتەوە، بۆیە ئەتوانی وەك بزوێن و نەبزوێن ڕەفتار بکا»٢٧٨. وەك:

ـ (چوبایـە)ڕابوردوی خۆزگەیی=(چو)ڕابوردوی سادە+(بـ)م.ئارایی + (ا)م.ڕابوردو + (یـ)ناوبڕ+(ە)م.ئێستا+(∅)ك٣تاك.

ـ (هەیـە) هەواڵدانی ئێستا =(هە)م.خاوەنی + (∅)م.ئارایی + (یـ)ناوبڕ + (ە)م.ئێستا + (∅)ك٣تاك.

ـ (هەستایـەوە) هەواڵدانی ڕابوردو = (هەستا)ڕابوردوی سادە + (یـ)ناوبڕ + (∅) ڕاناوی کەسی ٣ تاك + (ەوە) پاشگری دوبارە.

ـ (هەستایـە سەرپێ)ڕستەی ڕابوردو =(هەستا)ڕابوردوی سادە+(یـ)ناوبڕ +(ە)م.بەستن+(∅)ك٣تاك+(سەرپێ) تەواوکەر.

ئەم مۆڕفۆفۆنیمە هەروەك لە دەنگسازیدا هاوشێوەی فۆنیمی /و/ە، بەوەی هەردوکیان نیمچە بزوێنن، لە ڕێزمانیشدا ئەرکەکانی هاوشێوەی مۆڕفۆفۆنیمی {و}ە، چونکە هەمان واتای بنەڕەتی دوری دەبینێ. «لە بنجدا مۆڕفیمەکانی (ی، و) هێمای توخمێکی دەستنیشاننەکراوی دورن، ... لە هەندێ ناوچەدا (کوردی باکور، لوڕستان) مۆڕفیمی (ی) لە بری (و)ش بەکاردێ»٢٧٩. ئەم مۆڕفۆفۆنیمە وەکو {و}ی هاوشێوەی دەتوانێ کۆمەڵێك ئەرك ببینێ، وەك:

**١٤ـ ١ـ مۆڕفۆفۆنیمی {ی} لە ڕۆڵی مۆڕفیمی کاتی ڕابوردو:** وەك پێشتر ئاماژەی پێکرا، لەبەر ئەوەی دەمکاتی ڕابوردو کاتێکی دورە بە بەراورد لەگەڵ کاتی ئێستا و مۆڕفیمی (ی)ش وەکو مۆڕفیمی (و) واتای دوری دەدا، بۆیە بە هەمان شێوە وەکو مۆڕفیمی کاتی ڕابوردو بەکاردێ و لە چاوگە (ی)یەکاندا جگە لەوەی وەکو نیشانەی چاوگ ناوبراوە، دەبێتە مۆڕفیمی کاتی ڕابوردو:

ـ (کـڕیـن) چاوگی یایی = (کـڕ) ڕەگ + (یـ) م.ڕابوردو + (ن) نونی چاوگ. = من پێنوسێکم کـڕی.

ـ (نوسیـن) چاوگی یایی = (نوسـ) ڕەگ + (یـ) م.ڕابوردو + (ن) نونی چاوگ. = تۆ نامەیەکت نوسی.

---

٢٧٨ عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول. مۆڕفیمە ڕێزمانیەکانی کار. نامەی دکتۆرا. زانکۆی بەغدا. ١٩٩٥. ل٨٥.

٢٧٩ هەمان سەرچاوە. ل١١٠.

ـ ( فـرِيـن ) چاوگی یایی = ( فـــرِ ) رەگ + ( یـ ) م.ڕابوردو + ( ن ) نونی چاوگ. = کـــەوەکـــە فـــرِی.

**١٤ـ٢ـ مۆرِفۆفۆنیمی {ی} وەکو ڕاناوی لکاوی کەسی دوەمی تاك:** یەکێ لە ئەرکەکانی ئەم مۆرِفۆفۆنیمە دەبێتە ڕاناوی لکاو بۆ کەسی دوەمی تاك لە دەستە ڕاناوی ڕێککەوتن ( م. ی. Ø. ین. ن. ن ). بۆ نمونە:

ـ مـن هاتـم. ( {م} ڕاناوی کەسی یەکەمی تاکە ). ـ ئێمە هاتـین. ( {ین} ڕاناوی کەسی یەکەمی کۆیە ).

ـ تـۆ هاتـی. ( {ی} ڕاناوی کەسی دوەمی تاکە ). ـ ئێـوە هاتـن. ( {ن} ڕانـاوی کەسـی دوەمـی کـۆ ).

ـ ئەو هاتØ. ( {Ø} ڕاناوی کەسی سێیەمی تاکە ). ـ ئەوان هاتـن. ( {ن} ڕانـاوی کەسـی سێیەمی کـۆ ).

**١٤ـ٣ـ مۆرِفۆفۆنیمی {ی} وەکو ڕاناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاك:** ئەرکێکی تری ئەم مۆرِفۆفۆنیمە دەبێتە ڕاناوی لکاو بۆ کەسی سێیەمی تاك لە دەستە ڕاناوی خاوەنی ( م. ت. ی. مان. تـان. یان ). بۆ نمونە:

ـ مـن خواردم. ( {م} ڕاناوی کەسی یەکەمی تاکە ). ـ ئێمە خواردمان. ( {مان} ڕاناوی کەسی یەکەمی کۆیە ).

ـ تـۆ خواردت. ( {ت} ڕاناوی کەسی دوەمی تاکە ). ـ ئێـوە خواردتـان. ( {تان} ڕانـاوی کەسـی دوەمـی کـۆ ).

ـ ئەو خواردی. ( {ی} ڕاناوی کەسی سێیەمی تاکە ). ـ ئەوان خواردیان. ( {یان} ڕانـاوی کەسـی سێیەمی کـۆ ).

هەروەها بە هەمان شێوە، ئەگەر ئەو مۆرِفیمی ( ی )ی ڕاناوی لکاوە، پاشگری ( ان )ی مۆرِفیمی کۆی بخرێتە دوا، ڕاناوەکە دەگۆڕێ لە کەسی سێیەمی تاك بۆ کەسی دوەمی کۆ. وەك لە دوا نمونەی سەرەوە دیارە.

**١٤ـ٤ـ مۆرِفۆفۆنیمی {ی} وەکو مۆرِفیمی خستنەسەر:** ئەم مۆرِفۆفۆنیمە وەکو مۆرِفیمێکی پەیوەندی یان بەستن دو وشە بە یەکەوە دەبەستێتەوە، وەکو نـاو لەگەڵ نـاو یان نـاو لەگەڵ ئـاوەڵنـاو ...هتد، کە ( پلەی هاتنیان بەم شێوەیە دەبێ:

دیارخراو + ئامرازی خستنەسەر + دیارخەر )٢٨٠. وەك لەم نمونانەی خوارەوە:
ـ هەولێری پایتەختــی هەرێمــی کوردســتان. ( ناو + ناو ).
ـ هەرزەکارێکی دەوڵەمەند بە ئوتومبێلێکی نوێ لە منداڵێکی هەژاری دا. ( ناو + ئاوەڵناو ).

**١٤ـ٥ـ مۆرفۆفۆنیمی {ی} وەکو مۆرفیمی خاوەنی:** ئەگەر مۆرفۆفۆنیمی {ی} بخرێتە نێوان ناوێك و ڕاناوێکی جیا یان ناوێکی تر، جگە لەوەی ناو و ڕاناوەکە بەیەکەوە دەبەستێتەوە، دەبێتە مۆرفیمی خاوەنی و ڕاناوە جیاکە دەکاتە خاوەنی ناوەکە. وەك:
ـ دایکــی من. ( دایك هی من = من خاوەنی دایکم ).
ـ خانــوی تۆ. ( خانو هی تۆ = تۆ خاوەنی خانوی ).
ـ ئوتومبێلی ئەو. ( ئوتومبێل هی ئەو = ئەو خاوەنی ئوتومبێلـ∅ـە ).
ـ ( بە دایکــی ئاڵام وت )٢٨١. ( دایك هی ئاڵا = ئاڵا خاوەنی دایکە ).
ـ خانــوی هەژاران قوڕە. ( خانو هی هەژاران = هەژاران خاوەنی خانوی قوڕن ).

**١٤ـ٦ـ مۆرفۆفۆنیمی {ی} وەکو مۆرفیمی ناوی واتایی:** ئەم مۆرفۆفۆنیمە دەتوانێ بەشداری بکا لە داڕشتنی ناوی واتایی ( مەعنەوی / ئەبستراکت٢٨٢ ). لەم بارەدا مۆرفۆفۆنیمی {ی} وەکو پاشگرێك دەچێتە دوای هەندێ ئاوەڵناو و ناوی واتایی دروستدەکا. وەك:
ـ ( هەتیو ) ئاوەڵناو + ( ی ) مۆرفیمی ناوی واتایی = ( هەتیوی ). ( منداڵەکە بە هەتیوی گەورە بو ).
ـ ( ئازاد ) ئاوەڵناو + ( ی ) مۆرفیمی ناوی واتایی = ( ئازادی ). ( کورد بە ئازادی نەژیاوە ).
ـ ( جوان ) ئاوەڵناو + ( ی ) مۆرفیمی ناوی واتایی = ( جوانی ). ( کوردستان لە جوانیــدا بەناوبانگە ).

---

٢٨٠ کوردستان موکریانی. ئامرازەکانی خستنەسەر لە زمانی کوردی دا. گۆڤاری زانکۆی سلێمانی. بەرگی ٤. ژمارە ١. ١٩٧٨. ل١٥٦.

٢٨١ ڕەفیق محەمەد محێدین شوانی. ئامڕازی بەستنەوە لە زمانی کوردیدا. سلێمانی. ٢٠٠٣. ل٧٤.

٢٨٢ ئازاد ئەحمەد مەحمود. مۆرفێمەکانی ( ی ) لە ئالی مۆرفۆلۆژیدا. ئەکادیمی گۆڤاری کۆڕی زانیاری کوردستان. ژمارە ٢. هەولێر. ٢٠٠٤. ل٩.

**١٤ـ٧ـ مۆڕفۆفۆنیمی {ی} وەکو مۆڕفیمی ئاوەڵناوی نیسبی:** ئەم مۆڕفۆفۆنیمە لە داڕشتنی ئاوەڵناوی نیسبیشدا بەشداری دەکا. لەم فۆڕمەدا مۆڕفۆفۆنیمی {ی} وەکو پاشگرێك دەچێتە دوای ناوی شوێنەکان وەکو شار و وڵات و ئاوایی و ناوچە و ... یان گەل و تیرە و خێڵەکان ...هتد و وەکو پاشگرێ دەبێتە هۆی دروستبونی ئاوەڵناوی واتایی. «پاشگری (ی)ی ئاوەڵناوی نیسبی، هەرچەندە لەگەڵ پاشگری (ی)ی ناوی ئەبستراکتی هاودەنگ و هاوشێوەن، لە خوێندنەوە و نووسیندا کت و مت یەکن و بەڵام سەرەڕای دوو ئەرکی ڕێزمانی، دوو پاشگری جیاوازن و لە دوو سەرچاوەی جیاوازەوە سەریان دەرهێناوە و پەلیان هاویشتوە. لە کوردیدا هەر پاشگرە و ئەرك و کاری تایبەتی خۆی هەیە»٢٨٣.

ــ (هەتیو) ئاوەڵناو + (ی) مۆڕفیمی ناوی واتایی = (هەتیوی). (منداڵەکە بە هەتیوی گەورە بو).

ــ (ئازاد) ئاوەڵناو + (ی) مۆڕفیمی ناوی واتایی = (ئازادی). (کورد بە ئازادی نەژیاوە).

ــ (جوان) ئاوەڵناو + (ی) مۆڕفیمی ناوی واتایی = (جوانی). (کوردستان لە جوانیدا بەناوبانگە).

**١٥: مۆڕفۆفۆنیمی {ێ}:**

فۆنیمی /ێ/ش یەکێکە لە فۆنیمە بزوێنەکانی زمانی کوردی. لە شوێن و چۆنیەتی دروستبونیدا تا ڕادەیەکی زۆر هاوشێوەی بزوێنی ⇦ی⇨یە، بەڵام لە کاتی گۆکردنی ⇦ێ⇨دا دەم بە ڕێژەیەکی زۆرتر دەکرێتەوە، بەڕادەیەك شەویلاگی سەرەوە و خوارەوە بە تەواوی لەیەك جیا دەبنەوە. «بزوێنی (ێ): بزوێنێکی درێژە، لە کاتی درکاندنیدا زمان بەرەو پێشەوە دەچێت و هەردوو لێوەکانیش بەرەو تەنیشت دەکشێن»٢٨٤.

هەندێ جار لە ڕەوتی ئاخاوتندا فۆنیمی /ێ/ لە ئەنجامی لێکدان یان تێکەڵبونی فۆنیمی /ی/ و فۆنیمی /ە/ دروست دەبێ. وەك لە وشەکانی:

ــ پەیوەندی = پێوەندی. (⇦ە⇨ + ⇦ی⇨ = ⇦ێ⇨).

ــ پەیڕەو = پێڕەو. (⇦ە⇨ + ⇦ی⇨ = ⇦ێ⇨).

ــ سولەیمانی = سولێمانی. (⇦ە⇨ + ⇦ی⇨ = ⇦ێ⇨).

---

٢٨٣ ئازاد ئەحمەد مەحمود. مۆرفیمەکانی (ی) لە ئالی مۆرفۆلۆژیدا. ئەکادیمی گۆڤاری کۆڕی زانیاری کوردستان. ژمارە ٢. هەولێر. ٢٠٠٤. ل٢٥.

٢٨٤ نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو. دەنگسازی. هەولێر. ٢٠١٣. ل٢٠.

مۆڕفۆفۆنێمی {یٚ} له ئاستی ڕێزماندا چەند ڕۆلێکی کەم دەگێڕێ و دەتوانێ ئەم ئەرکانه ببینێ:

**١٥-١- مۆڕفۆفۆنیمی {یٚ} له ئەرکی مۆڕفیمی ڕەگەزی مێدا:** ئەم مۆڕفۆفۆنیمه له شێوەزاری سۆرانیی دیالێکتی ناوەڕاستدا وەکو مۆڕفیمی ڕەگەزی مێ دەبێته پاشگری ئەو ناوانەی بۆ ڕەگەزی مێ بەکارهاتون، یان وەکو نیشانەیەکی دۆخ٢٨٥ دەبێته پاشگری ناوی شوێنەکان و کاتەکان. وەك:

ـــ پێرێ ئێوارێ له هەولێرێ چومە لای نازدارێ.

ـــ دونێ له دهۆکێ دیاریەکم لۆ نازەنینێ برد.

ـــ ئەوێ ڕۆژێ سەر له سبەینێ چومە سولێمانیێ.

**١٥-٢- مۆڕفۆفۆنیمی {یٚ} له ئەرکی مۆڕفیمی خاوەنیدا:** مۆڕفۆفۆنیمی {یٚ} له شێوەزاری سۆرانیی دیالێکتی ناوەڕاستدا بۆ ڕەگەزی نێر وەکو مۆڕفیمی خاوەنی ئەرك دەبینێ و دەکەوێته نێوان ناوێکی ڕەگەزی نێر (دیارخراو) و خاوەنەکەی (دیارخەر). وەك لەم نمونانه دەردەکەوێ:

ـــ کوڕێ ئازادی چوە مارێ نەشمیلێ.

ـــ مامـێ من مامۆستایێ مەکتەبێ مەیە.

ـــ برایێ تو له تکانێ خەزورێ خۆ دانیشتیه.

**١٥-٣- مۆڕفۆفۆنیمی {یٚ} له ئەرکی بانگکردندا:** ئەم مۆڕفۆفۆنیمه له شێوەزاری سۆرانییدا دەتوانێ وەکو پاشگرێك ببێته مۆڕفیمی بانگکردن٢٨٦. وەك:

ـــ کچێ! وەرە یارمەتیێ داکا خۆ بدە.

ـــ پلکێ! پێویستیت بە هاوکاری نیە؟.

ـــ خوشکێ! چایەکی تێکە.

---

٢٨٥ بۆ زانیاری زۆرتر بڕوانە: صباح رشید قادر و نەبەز فتاح بابکر. سیما سینتاکسییەکانی شێوەزاری خۆشناوەتی. گۆڤاری زانکۆی سەلاحەددین. ژمارە ٤٧. ٢٠١٠. ل٥-٤١.

٢٨٦ صباح رشید قادر و نەبەز فتاح بابکر. سیما سینتاکسییەکانی شێوەزاری خۆشناوەتی. گۆڤاری زانکۆی سەلاحەددین. ژمارە ٤٧. ٢٠١٠. ل٢٢-٢٣.

هەزارنامەی کتێب

**١٥-٣- مۆڕفۆفۆنیمی {یٚ} لە ئەرکی وەرچەرخانی بەرکاری بە یاریدەدا:** ئەم مۆڕفۆفۆنیمە هەندێ جار لە ئەنجامی وەرچەرخانی بەرکاری بە یاریدەی ڕستەکاندا دەبێتە مۆڕفیمی بەرکاری بە یاریدە و بە کردەیەکی فۆنۆلۆجی شوێنی بەرکاری بە یاریدە دەگرێتەوە. وەك لەم ڕستانەی خوارەوەدا:

ــ بەردێـکم لــە دزەکە دا. (بەردێك) بەرکار + (م) بکەر + (لــە) ئامرازی پەیوەندی + (دزەکە) ناو / بەرکاری بە یاریدە + (دا) کار

ــ بەردێـکم لە ئەو دا. (بەردێك) بەرکار +(م)بکەر+(لە)ئامرازی پەیوەندی + (ئەو) ڕاناوی جیا / بەرکاری بە یاریدە + (دا) کار

ــ بەردێـکم لە+ی دا. (بەردێك) بەرکار +(م)بکەر+(لە)ئامرازی پەیوەندی + (ی) ڕاناوی لکاو / بەرکاری بە یاریدە + (دا) کار

ــ بەردێـکم لـ(ە+ی) دا. - بەردێـکم لـ(ە+ی -یٚ) دا. - بەردێـکم لـ(یٚ) دا. - بەردێـکم لـێـدا.

بە هەمان دیاردەی وەرچەرخان:

ــ پارەم بــە کوڕەکەم دا. - پارەم پـێـدا.

شێوەیەکی تریش لە کورتبونەوە و وەرچەرخان هەیە. وەك:

ــ بەردێکم گــرتــە دزەکە. (بەرکاری بە یاریدە وەکو ناو).

ــ بەردێکم گــرتــە ئەو. (بەرکاری بە یاریدە وەکو ڕاناوی جیا).

ــ بەردێکم گــرتــە+ی. (بەرکاری بە یاریدە وەکو ڕاناوی لکاو).

ــ بەردێکم گــرتــێ. (بەرکاری بە یاریدە دوای وەرچەرخان).

## (ئەنجامەکان)

١- لە دیالێکتی ناوەڕاستی زمانی کوردیدا (١٥) مۆڕفۆفۆنیم هەن کە بریتین لە (ە، ا، ب، ت، چ، د، ر، ش، ك، م، ن، و، ۆ، ی، ێ، یٚ).

٢- هەرچەندە مۆڕفۆفۆنیم پێکهاتوە لە تاکە فۆنیمێك، بەڵام هەر مۆڕفۆفۆنیمێك واتایەکی هەیە. چونکە هیچ مۆڕفیمێك بەبێ واتا نە دەبێ بە مۆڕفیم و نە ئەرك وەردەگرێ. دەتوانرێ واتای هەندێکیان بە وردی و ئاسانی دەستنیشان بکرێ، بەڵام

واتای هەندێکیان بەند دەبێ بە مۆرفیمەکانی دەوروبەری و جگە لە واتا گشتیەکەی ناتوانرێ واتا وردەکەی بە ئاسانی دەستنیشان بکرێ.

٣- مۆرفۆفۆنیمی {ە} واتای نزیکی دەگەیێنێ.

٤- مۆرفۆفۆنیمی {ا} واتای ڕابوردو و هێزێکی خۆنەکرد دەگەیێنێ.

٥- مۆرفۆفۆنیمی {ب} واتای هاتنەئارایی دەگەیێنێ.

٦- مۆرفۆفۆنیمی {ت} و {د} واتای ڕابوردو دەگەیێنن.

٧- مۆرفۆفۆنیمی {چ} واتای پرسیار لە شتێکی نەزانراو دەگەیێنێ.

٨- مۆرفۆفۆنیمی {ر} واتای بکەرێکی نادیار دەگەیێنێ.

٩- مۆرفۆفۆنیمی {ش} واتای هاوشێوەکردن دەگەیێنێ.

١٠- مۆرفۆفۆنیمی {ك} واتای تاکێکی نەناسراو دەگەیێنێ.

١١- مۆرفۆفۆنیمی {م} واتای کەسی یەکەمی تاك دەگەیێنێ.

١٢- مۆرفۆفۆنیمی {ن} واتای کۆ دەگەیێنێ.

١٣- مۆرفۆفۆنیمی {و} و {ی} واتای دوری دەگەیێنن.

١٤- مۆرفۆفۆنیمی {ۆ} و {ێ} واتایەکی زۆر وردی دیاریکراویان نیە و بە پێی کەوتگە دەگۆڕێ.

## ملخص البحث

كون اللغة الكوردية من اللغات الصرفية، أي تشتق كلماتها من المورفيمات اللاصقة (المورفيمات البادئة affixes و المورفيمات اللاحقة suffixes) لذا توجد العديد من هذه المورفيمات على شكل أصوات منفردة. هذة الأصوات تشكلن فونيمات أو الحروف في مستوى الصوتي (الفونولوجيا)، ولكن في المستوى الصرفي و النحوي أي القواعد تحملن معاني مختلفة حسب المورفوفونيم و حسب موقعها من الجملة. في اللهجة الكوردية الوسطى توجد (١٥) مورفوفونيما وهما (ە، ا، ب، ت، چ، د، ر، ش، ك، م، ن، و، ۆ، ی، ێ). و لكل مورفيم معنى واحد و أكثر من وظيفة واحدة. حاول الباحث توضيح هذه المعاني و الوظائف لكل مورفوفونيم و تم دراستهن حسب التستسل الهجائي للحروف الكوردية.

البحث متكون من مقدمة و دراسة كل مورفوفويم من الناحية الصوتية (الفونولوجية)، تعين موقعه بين أعضاء النطق، كيفية تلفظه، و تصنيفه من حيث المتحرك والصامت. و من الناحية الصرفية (المورفولوجية) تم تحديد المعنى الدقيق لكل مورفيم ثم دلالة هذا المعنى في التراكيب المختلفة. أما من المستوى النحوي (السنتاكسي) حاول الباحث إستعمال هذه

المورفيمات في الجمل المختلفة و توضيح تراكيبها الدقيقة و كيفية تأدية وظائفهن حسب معنى التراكيب.

وفي النهاية إضافة الى النتائج و ملخص البحث تم عرض مصادر البحث.

## ( سەرچاوەکان )

سەرچاوە کوردیەکان:

١- ئەورەحمانی حاجی مارف. ڕێزمانی کوردی. بەرگی یەکەم مۆرفۆلۆجی. بەشی یەکەم ناو. بەغدا. ١٩٧٩.

٢- ئەورەحمانی حاجی مارف. زمانی کوردی لەبەر ڕۆشنایی فۆنەتیکدا. بەغدا. ١٩٧٦.

٣- ئەورەحمانی حاجی مارف. هەوڵێکی سەرەتایی بۆ دۆزینەوەی نیشانەکانی ناسیاوی لە دیالێکتی کرمانجی خوارووا. گۆڤاری زانکۆی سلێمانی. بەرگی ٣. ژمارە ٢. ١٩٧٧.

٤- ئازاد ئەحمەد مەحمود. مۆرفیمەکانی (ی) لە ئالی مۆرفۆلۆژیدا. ئەکادیمی گۆڤاری کۆڕی زانیاری کوردستان. ژمارە ٢. هەولێر. ٢٠٠٤.

٥- ئیرنیست. ن. ماکاروس. ڕێزمانی کوردی. وەرگێڕانی: برایم میرانی. گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ. ژمارە ١١٥. ئەیلولی ١٩٨٧.

٦- تۆفیق وەهبی. ئەسڵی پیتە قاڵبی (ئە)ی شێوەی سلێمانی. گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد. ژمارە ١. بەغدا. ١٩٧٣.

٧- تەوفیق وەهبی. دەستووری زمانی کوردی. جیزمی یەکەم. بەغدا. ١٩٢٩.

٨- حەمە حەمەئەمین قادر. کاروانی شیعری نوێی کوردی. بەرگی یەکەم. هەولێر. چاپی دوەم. ١٩٨٧.

٩- دەروون عبدالرحمن ساڵح. ئیکۆنۆمی لە ئاستەکانی زمانی کوردیدا. هەولێر. ٢٠١٢.

١٠- دیوانی حاجی قادری کۆیی. هەولێر. ١٩٨٦.

١١- دیوانی گۆران. بەغدا. ١٩٨٠.

١٢- ڕەفیق شوانی. چەند بابەتێکی زمان و ڕێزمانی کوردی. هەولێر. ٢٠٠١.

١٣- ڕەفیق محەمەد محێدین شوانی. ئامڕازی بەستنەوە لە زمانی کوردیدا. سلێمانی. ٢٠٠٣.

١٤- ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی. لێکۆڵینەوەی چوارەم مۆرفیمی /ش/ لە کوردی ناوەڕاستدا. چەند لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی. هەولێر. ٢٠١٣.

١٥- سەلام ناوخۆش. زمانەوانی، نەریمان خۆشناو. بەرگی پێنجەم. بەرگەکانی (٤-٧)ەم. هەولێر. ٢٠١٠.

١٦- صباح رشيد قادر و نەبەز فتاح بابكر. سيما سينتاكسييەكانی شێوەزاری خۆشناوەتی. گۆڤاری زانكۆی سەلاحەددين. ژمارە ٤٧. ٢٠١٠.

١٧- عەبدوللا حوسێن ڕەسول. ئەركەكانی مۆرفيمی (ە) لە زمانی كورديدا. ڕۆژنامەی هەرێمی كوردستان. ژمارە ١١٨. پێنجشەممە ١٩٩٧/٧/٢٤.

١٨- عەبدوللا حوسێن ڕەسول. ئەركەكانی مۆرفيمی (ە) لە زمانی كورديدا. گۆڤاری سابات. ژمارە ١. ساڵی ٢٠٠٥.

١٩- عەبدوللا حوسێن ڕەسول. پوختەيەكی وردی ڕستەسازيی كوردی. چاپی دووەم. هەولێر. ٢٠٠٦.

٢٠- عەبدوللا حوسێن ڕەسول و عەبدولوەهاب خالد موسا. وشەی سفر و مۆرفيمی سفر. گۆڤارا زانكۆيا دهۆك. پەربەندا (٧). هژمارا (١). ٢٠٠٤.

٢١- عەبدوللا حوسێن ڕەسول. مۆرفيمە ڕێزمانيەكانی كار. نامەی دكتۆرا. زانكۆی بەغدا. ١٩٩٥.

٢٢- عەلی نانەوازادە. فەرهەنگی كورديی هەرمان. بەرگی يەكەم. (ئا-ب). هەولێر. ٢٠٠٥.

٢٣- عەبدولوەهاب خاليد موسا. (ڕێزمانی بون و هەبون) لە كورديدا. نامەی ماستەر. زانكۆی سەلاحەددين. ٢٠٠٠.

٢٤- عبدالواحيد موشير دزەيی، دانا تەحسين محەمەد و دەرون عەبدولڕەحمان ساڵح. فۆنەتيك و فۆنۆلۆجی. هەولێر. ٢٠١٣.

٢٥- عەبدولواحيد موشير دزەيی. وشەسازی زمانی كوردی. هەولێر. ٢٠١٢.

٢٦- غازی فاتح وەيس. فۆنەتيك. بەغدا. ١٩٨٤.

٢٧- غازی فاتح وەيس. دەنگەكانی (ڵ)، (ل) وە (ڕ)، (ر) لەژێر تيشكی فۆنەتيك و فۆنۆلۆژی دا. گۆڤاری زانكۆی سەلاحەدين. بەرگی ٨. ژمارە ٢. ١٩٨٢.

٢٨- كوردستان موكريانی. ئامرازەكانی خستنەسەر لە زمانی كوردی دا. گۆڤاری زانكۆی سلێمانی. بەرگی ٤. ژمارە ١. ١٩٧٨.

٢٩- كوردستانی موكريانی. ئامرازی (-ە) خستنەسەر و چەند ڕوونكردنەوەيەكی زمانەوانی. گۆڤاری ڕۆشنبيری نوێ. ژمارە ٨١. ١٩٨٠.

٣٠- ليژنەی زمانی كوردی. زمانەوانی. گۆڤاری كۆڕی زانياری عێراق "دەستەی كورد" بەرگی دەهەم. بەغدا. ١٩٨٣.

٣١- مەلا شوكر. بەكارهێنانی ئەوزاری "يش" بە پێ ی دەستووری زمانی كوردی. گۆڤاری بەيان. ژمارە ٤. ١٩٧٠.

٣٢- نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو. دەنگسازی. هەولێر. ٢٠١٣.

٣٣- نوری عەلی ئەمین. ڕێزمانی کوردی. سلێمانی. ١٩٦٠.

٣٤- هاوکار عمر خدر. گروپی ئارایی و جیاوازییان. نامەی ماستەر. زانکۆی سەڵاحەددین. ٢٠١٣.

٣٥- وریا عومەر ئەمین. مردنی وشە. گۆڤاری کاروان. ژمارە ٤٥. حوزەیرانی ١٩٨٦.

**سەرچاوە ئینگلیزیەکان:**

١- Bloomfield. Language. Henry Holt, Rinehart & Winston. ١٩٣٣. New York.

٢- David Crystal. A Dictionary of Linguistics & Phonetics. ٥th Edition. ٢٠٠٣. UK.

٣- D. N. MacKENZIE. KURDISH DIALECT STUDIES-I. London. ١٩٦١.

٤- Ernest N. McCarus. A KURDISH GRAMMAR. New York. ١٩٥٨.

٥- F. S. Scott. & …. English Grammar. ١٩٧٨. London.

٦- Geoffrey Finch. Linguistic Terms and Concepts. ٢٠٠٠. USA.

٧- J. D. O'Connor. Better English Pronunciation. ٢nd Edition. ٢٠٠٣.

٨- John Lyons. Language and Linguistics. ٢٠٠٢. Cambridge.

٩- Peter Ladefoged. A Course in Phonetics. ٥th Edition. ٢٠٠٦. USA.

**سەرچاوە عەرەبیەکان:**

١- عبدالواحد وافی. علم اللغه. الگبعه السابعه. دار نهچه مصر للگبع والنشر. ١٩٧٢.

# کاریگەریی زمانی عەرەبی لەسەر زمانی کوردی

## توێژینەوەیەکی زمانەوانیی کارەکیە

هەواڵنامەی کتێب

**پرۆفیسۆر دکتۆر**
**عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول**

**ئەم توێژینەوەیە پێشکەشی دوەمین کۆنگرەی نێودەوڵەتیی زانستی کراوە، لە کۆلێژی پەروەردە ـ ئیبن ڕوشد لە زانکۆی بەغدا لە ١٢-١٣/٣/٢٠١٤ئە نجامدرا.**
**بەرواری نوسین: یەکشەممە ٢ / ٢ / ٢٠١٤**

# کاریگەریی زمانی عەرەبی لەسەر زمانی کوردی
## توێژینەوەیەکی زمانەوانیی کارەکیە

**پوختەیەك:**

زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیە و وەکو هەمو دیاردە کۆمەڵایەتیەکانی تر گۆڕانی بەسەر دادێ و کاریگەر دەبێ بەسەرجەم دیاردە کۆمەڵایەتیەکانی تری ناو کۆمەڵگاکەی و کارلێکیان لەگەڵ دەکا.

زمان وەك تەنێکی زیندو ڕەفتار دەکا و کاریگەر دەبێ بە زمانەکانی تر و کارلێکیان لەگەڵ دەکا، ئەو کارلێکەش پابەندە بە چەند هۆکارێکەوە٢٨٧, لەوانە:

١- ڕادەی لێکەوتەیی ( تماس ) و دور و نزیکی لەگەڵ زمانەکەی تر و پانتایی سنوری دراوسێیەتییان٢٨٨.

---

٢٨٧ عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول. مێژوی شێوەزاری گەرمیان. گۆڤارا زانکۆیا دهۆك. پەربەندا ( ٥ ). هژمارا ( ١ ). ئەیلول ٢٠٠٢. ل ( ٤ ).

٢- ڕێژەی هاموشۆ و تێکەڵبونیان و ڕادەی ئەرێیی و نەرێیی پەیوەندیی نێوانیان و جۆری هەست و کاردانەوەی دەرونیان بەرامبەر یەکتر.

٣- کات و ماوەی خایاندنی ئەو تێکەڵبون و پەیوەندیەی نێوانیان.

٤- ڕێژەی پێشکەوتن و دواکەوتنی هەردو کۆمەڵگاکە لە هەمو لایەنەکانی شارستانیەوە (کلتوری، ئاینی، ڕۆشنبیری، ئابوری، زانستی، تەکنەلۆجی، ڕامیاری، سەربازی، بازرگانی.....هتد).

٥- ڕێژەی دور و نزیکی هەردو زمانەکە لە ڕوی ڕەچەلەکی خزمایەتیەوە.

٦- ڕادەی کەم و زۆری ژمارەی ئاخێوەران (قسە پێکەران)ی هەر زمانێك.

لە هەمو ئەو خاڵانەی سەرەوەدا، هاوکێشەکە ڕاستەوانەیە، تاکو ڕێژەی خاڵەکە زۆرتر بێ، ڕادەی تێکەڵبون زۆرتر دەبێ، تاکو تێکەڵبونیش زۆرتر بێ، ڕێژەی کارلێك بەرزتر دەبێ، تاکو کارلێکیش بەرزتر بێ، ڕێژەی گۆڕان لەو زمانانەدا پتر دێتە ئارا، بەڵام ڕێژەی گۆڕانەکە لە زمانێکیان زۆر زیاتر دەبێ لە زمانەکەی تر، ئەویش بە پێی ڕادەی پێشکەوتنی باری شارستانی (وەکو لە خاڵی چوارەمی سەرەوەدا ئاماژەی پێکراوە)، کامەیان باری شارستانی پێشکەوتوتر بێ، کەمتر گۆڕانی بەسەردادێ و دەبێتە زمانێکی (زاڵ) و کامەیان باری شارستانی دواکەوتوتر بێ، پتر کاریگەریی زمانەکەی تری تیادا دەردەکەوێ و زۆرتر گۆڕانی بەسەردا دێ و دەبێتە زمانێکی (بەزیو)، واتە، لێرەدا هاوکێشەکە پێچەوانەیە.

ئەم توێژینەوەیە باس لە کاریگەریی زمانی عەرەبی دەکا لەسەر زمانی کوردی. بەهۆی ئەوەی لە دێرزەمانەوە نەتەوەی کورد دراوسێ و هاوسنوری نەتەوەی عەرەب بوە، کارلێکێکی زۆر لەنێوانیان ڕویداوە. نکوڵی لەوە ناکرێ، کە کاریگەریی زمانی عەرەبی زۆرتر بوە لەسەر زمانی کوردی، واتە، زمانی عەرەبی بوەتە زمانی زاڵ و زمانی کوردیش بوەتە زمانی بەزیو. ئەم زاڵبونەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند خاڵێك لەوانە:

١- زۆری ژمارەی قسە پێکەرانی زمانی عەرەبی بە بەراورد لەگەڵ زمانی کوردی.

٢- بەهێزی نەتەوەی عەرەب لە ڕوی باوەڕی ئاینیەوە و کۆبونەوەیان لەژێر چەتری ئاینی ئیسلام و بڵاوبونەوەی ئەو ئایینەکە بە زمانی عەرەبی.

---

٢٨٨ علي عبدالواحد وافي. علم اللغة. القاهرة. ١٩٧٢. ص ٢٤٠.

٣- بەهێزی نەتەوەی عەرەب لە ڕوی سەربازی و لەشکرسازیەوە، فەڵەمرەوی بەسەر کوردستاندا، بە بیانوی ئایینی فراوانکاری.

٤- سادەیی نەتەوەی کورد و خۆشباوەڕی و کەمی هەستی نەتەوایەتی و خۆپەرستی.

لە ئەنجامدا لە ماوەی پتر لە ١٥٠٠ هەزار و پێنج سەد ساڵدا زمانی عەرەبی کاریگەرییێکی زۆری لە هەمو ئاستەکاندا کردۆتە سەر زمانی کوردی.

بۆ تیشك خستنە سەر ئەو کاریگەریانە، ئەم توێژینەوەیە دابەشی سێ بەش کراوە:

لە بەشی یەکەمدا ـ تیشك خراوەتە سەر لایەنی دەنگسازی و گەڵاڵەکردنی گۆڕانکاریە دەنگیەکان و دروستبون و هاتنی فۆنێمی نوێ، لە زمانی عەرەبییەوە بۆ ناو زمانی کوردی.

لەبەشی دوەمدا ـ باسی ئەو پەیڤ و وشانە کراوە کە زمانی کوردی لە زمانی عەرەبی وەرگرتون و کوردانداني هەندێك لەو وشانە.

لەبەشی سێیەمدا ـ لایەنی ڕستەسازی خراوەتە بەر تیشکی توێژینەوە و کاریگەریی یاسا بنەڕەتیەکانی ڕستەی عەرەبی لەسەر ڕستەی کوردی و وەرگرتنی دەستورە ڕێزمانیەکان و کۆپیکردنیان لە ڕێزمانی کوردیدا.

هەولێرنامەی کتێب

لە کۆتاییشدا جگە لە ئەنجام و سەرچاوەکان پوختەی عەرەبی بابەتەکەش خراوەتە ڕو.

## کاریگەریی زمانی عەرەبی لەسەر زمانی کوردی

## بەشی یەکەم

## ئاستی دەنگسازی

### پێشەکی:

لەبەر نەبونی بەڵگەنامەی نوسراو و دیکۆمێنتی گومانهەڵنەگر، کاریگەریی زمانی کوردی و عەرەبی لەسەر یەکتر ئاشکرا و دیارنین، بۆیە لەم توێژینەوەیەدا هاتنی ئاینی ئیسلام بۆ کوردستان بە سەرەتاکانی کاریگەریی زمانی عەرەبی لەسەر کوردی دادەنێین، بەتایبەتی چونکە وەکو لە ئاسەوارەکانی زمانی عەرەبی لە ناو کوردیدا دیارە، زۆربەی کاریگەریەکە دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەریی ئەو ئایینە و ئاوێتەبونی لەگەڵ کلتور ناخی

زۆرینەی تاکەکانی کورد. (هەڵەیە گەر وادابنێین کە بیرکردنەوە و ئاخاوتن دو کرداری وابەستەنین، یان هەردوکیان هاوتەریین، یان لە چەند خاڵێکی دیارکراودا یەکتربڕن و بە یەکتر کاریگەر دەبن[289].

دیارە، ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی لە ڕوی لۆجیکی و کەتوارەوە (واقع) بە کاریگەریی زمانێك لەسەر زمانێکی تردا بچین، ئاستەکان پێچەوانە دەبنەوە، بەتایبەتی کاریگەریی زمانی عەرەبی لەسەر کوردی، سەرەتا لە ئاستی ڕستەسازیدا بوە، بە هاتنی دەقەکان لە فەرمودەکانی خوا (قورئان) و پێغەمبەر و وتەی یاران و ناوداران.... دوای ئەوەش بە مەرامی تێگەیشتنی ئەو دەقانە، پێویست بەوە بوە واتای وشە و دەستەواژەکان بزانرێ, بەمەش قۆناغی وشەسازی ڕێچکەی دوەم وەردەگرێ و ئینجا بۆ هەڵەنەکردن و ڕاستخوێندنەوەی قورئانی پیرۆز دەبوایە دەنگەکان (فۆنێمەکان) وەك خۆیان گۆبکرێن و پەیتا پەیتا ئەو فۆنێمانەش بخزێنە ناو زمانی کوردی و کاریگەریەکانی ئاستی دەنگسازی بێنە ئاراوە. لەم توێژینەوەیەدا لەبەر ئەوەی توێژینەوەیەکی زمانەوانی کارەکیە، بە پێی ئاستەکانی زمان، (دەنگسازی، وشەسازی و ڕستەسازی) بەشەکا نمان ڕیزکردوە.

### ١: گریمانەی پیتە کوردیە ڕەسەنەکان:ـ

لەبەر ئەوەی زمانی کوردی لە خێزانی زمانە هیندۆ-ئەوروپییەکانە، گومان لەوەدا نیە فۆنێمەکانی زمانی کوردی پێش کاریگەریی زمانی عەرەبی لەسەری هەر هەمان ئەو فۆنێمانە بن کە لە زمانەکانی ئەو خێزانەدا هەن. کەواتە، دەشێ گریمانەی ئەوە بکرێ، کە ئەم فۆنێمانە لە زمانی کوردیدا هەبوبن, (/ە/، /ا/، /ب/، /پ/، /ت/، /ج/، /چ/، /د/، /ر/، /ڕ/، /ز/، /ژ/، /س/، /ش/، /غ/، /ف/، /ڤ/، /ك/، /گ/، /ل/، /ڵ/، /م/، /ن/، /ه/، /و/، /ۆ/، /ی/، /ێ/)، بە بەڵگەی ئەوەی:

١- ئەم فۆنێمانە لە تێکڕای خێزانی زمانە هیندۆ-ئەوروپییەکان هەن.

٢- لەو دەقە کوردی و زمانە هیندۆ ئێرانیانەشدا هەن کە لە کۆندا ماونەتەوە.

٣- تەنانەت بەشداریشدەکەن لە ڕۆنانی تێکڕای وشە سادە ڕەسەنە کوردیەکان.

کەچی هەندێ فۆنێمی تر هەن، لەوەدەچێ بە کاریگەریی زمانی عەرەبییەوە هاتبنە ناو زمانی کوردی و بە پێچەوانەی ئەو سێ بەڵگەی سەرەوە، بۆمن دەردەکەوێ، کە لە بنەڕەتدا فۆنێمی ڕەسەنی کوردی نین. وەکو فۆنێمەکانی، (/ئـ/، /ح/، /خ/، /ع/، /ق/).

---

٢٨٩ ليف سيمينوف فيجوتسكي. التفكير واللغة. ترجمة طلعت منصور. القاهرة. ١٩٧٦. ص ٢٥٢.

**١ـ١: دەنگی هەمزە ( ئـ ):**

دەنگی هەمزە (ئـ) لە زمانی کوردیدا وەکو زمانە هیندۆ ئەوروپییەکانی تر فۆنێم نیە٢٩٠، میکانیزمی پەیدابونی لەوەدایە، هەر کاتێ فۆنێمێکی بزوێن کەوتە سەرەتای وشە یان بڕگە، دەنگی هەمزە (ئـ)٢٩١ دێتەئارا، چونکە لە کاتی گۆکردنی بزوێنەکاندا دەم کراوەیە و هەوا بێ بەربەست لە دەم دێتەدەرەوە٢٩٢، (ئەگەرچی بزوێنەکان گڕن، واتە" تاڵە ژێیەکان ئەلەرێنەوە، بەڵام ئەمە نابێتە بەربەست)، بۆیە ئەگەر بزوێن کەوتە سەرەتای وشە پێویستی بە بەربەستێك دەبێ تاکو هەواکە بگرێتەوە٢٩٣، ئەگەرنا پێش ئەوەی قسەکەر دەست بە گۆکردنی وشەکە بکا، زۆربەی هەوای پەنگ خواردوی سیەکان٢٩٤ دێتەدەرەوە و کرداری تەواوکردنی وشەکە گران دەبێ. ئەم دیاردەیەش لە زمانەکانی تریش هەیە٢٩٥. وەك لەم خشتەیەی خوارەوە٢٩٦:

| بزوێن | | نمونە بە پیتی عەرەبی | بە پیتی لاتینی | نمونەی ئینگلیزی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ا | (ئـ)او، (ئـ)اش، (ئـ)اوس | Aw, Aŝ, Aw( i )s | Are/α:(r)/,Ash/æ/ |
| ٢ | ۆ | (ئـ)ۆ، (ئـ)ۆمەر، (ئـ)ۆکتۆبەر | O,Omer,Oktober | O, October/Dkt∂Ub∂/ |
| ٣ | ێـ | (ئـ)ێرە، (ئـ)ێستە، (ئـ)ێش | Ĕre, Ĕste, Ĕŝ | Egg/eg/, earn/ɜ:n/, |

٢٩٠ عەبدوڵلا حوسێن ڕەسول. چەند پیتێکی کێشەدار لە زمانی کوردیدا. گۆڤارا زانکۆیا دهۆك. پەرپەندا ( ٧ ). هژمارا ( ١ ). تیرمەه ٢٠٠٤. ل٢.

٢٩١ ئەورەحمانی حاجی مارف، کورتەیەکی مێژووی نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق " دەستەی کورد"، بەرگی هەشتەم، بەغدا، ١٩٨١، ل٧٧ ـ ٧٩.

٢٩٢ A. C. Gimson, An introduction to the pronunciation of English, Bristol, ١٩٧٦, p٣٧.

٢٩٣ د. علي زوين، منهج البحث اللغوي بين التراث و علم اللغة الحديث، بغداد، ١٩٨٦،ص٧٠.

٢٩٤ عبدالرحمن أيوب، تحليل عملية التكلم و بعض نتائجه التطبيقية، مجلة عالم الفكر، المجلد العشرون، العدد الثالث، الكويت، ١٩٨٩، ص٣١.

٢٩٥ J. D. O, Connor, Better English pronunciation, London, ١٩٨٠, p٨٣.

٢٩٦ عەبدوڵلا حوسێن ڕەسول. چەند پیتێکی کێشەدار لە زمانی کوردیدا. گۆڤارا زانکۆیا دهۆك. پەرپەندا ( ٧ ). هژمارا ( ١ ). تیرمەه ٢٠٠٤. ل٢.

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٤ | ە | (ئـ)ەو، (ئـ)ە نجام ، (ئـ)ەستور | Ew, Encam,Estûr | Abet/∂bet/, ago/∂g∂U/ |
| ٥ | یـ | (ئـ)یش، (ئـ)یدی، (ئـ)ینگلیز | Îş, Îdî, Înglîzî | Ear/I∂(r)/, English/IŋglI |
| ٦ | و | (ئـ)وتی، (ئـ)ومێد ، (ئـ)وتێل | Utî, Umĕd, Utĕl | نمونەی ئینگلیزی لەم جۆرە نیە |

تەنانەت لەو ناوانەی بە فۆنێمی /ە/ دەستپێدەکەن، کاتێ بە دیاردەیەکی گشتیی دەنگسازیی ئەو فۆنێمە دەکەوێ (لەبەر گرانی درکاندنی ئەو فێمە، چونکە کپە و هەوا بێبەربەست دێتە دەرەوە و لە سەرەتایە) و لە دوای ئەو دەنگێکی بزوێن دێ و دەکەوێتە سەرەتا، یەکسەر هەمزەی بۆ پەیدا دەبێ، وەك: (هێستر - (ئـ)ێستر، هەسپ - (ئـ)ەسپ)، بەڵام لە هەمان دیاردەدا ئەگەر فۆنێمی دوای /ە/ بزوێن نەبو، ئەو هەمزەیە پەیدا نابێ، وەك: (هوشیار - وشیار، هوشی - وشی.....).

بەڵگەیەکی تریش بۆ سەلماندنی ئەوەی کە هەمزە فۆنێم نیە و بە هەڵە کراوە بە پیت، ئەگەر وشەیەکی تر هاتە پێش هەمزەدارەکە، پێویستیمان بەو هەمزەیە نامێنێ و ون دەبێ. وەك لەم خشتەیەی خوارەوە دیارە:

| بزوێنی سەرەتای هەمزەدار | | هەمان وشە لە دوای فۆڕمێك |
|---|---|---|
| ا | (ئـ)او ، (ئـ)اش ، (ئـ)ا | ماستاو ، باراش ، نا |
| ۆ | (ئـ)ۆ ، (ئـ)ۆمەر | دۆ ، مامۆمەر |
| ێـ | (ئـ)ێرە ، (ئـ)ێش | لێرە ، سەرێشە |
| ە | (ئـ)ە نجام ، (ئـ)ەستور | دەرە نجام ، ورگەستور |
| یـ | (ئـ)یش، (ئـ)یدی، (ئـ)یتر | پرِیش ، چیدی ، چیتر |

وەکو لەو نمونانەی سەرەوەدا دەرەکەوێ، لە ڕوی پێوەرە زمانەوانیەکان، دەنگی هەمزە لە زمانی کوردیدا فۆنێم نیە، چونکە لەو دۆخانەدا ناتوانرێ گۆنەکرێ و گۆکردنەکەی زۆرەکیە، بەڵام دانان و دانەنانی، واتە، نوسین و نەنوسینی نابێتە هۆی واتا گۆڕین، بەڵام لە زمانی عەرەبیدا دەبێتە فۆنێم و بە نەنوسینی وەکو پیتێك واتاکە دەگۆڕێ، یان تێکدەچێ. وەك: (دأب ≠ داب)، (سأم ≠ سام)، (كأن ≠ كان)، (زئیر ≠ زیر).....

لە نوسینەوەی ئەلفوبێی زمانی کوردی، بە تایبەتی دوای پەیدابونی قوتابخانەکان و دەرچونی پەڕتوکی (ئەلف و بێی نوێ)ی ئیبراهیم ئەمین باڵدار، ئەم دەنگە وەکو زڕپیتێك بەسەر نوسینی کوردی داسەپا و ڕاستکردنەوە و ڕزگاربون لێی کارێکی ئەستەمە.

**١ـ٢: فۆنێمی حێ /ح/:**

ئەم فۆنێمە لە سەرەتادا لە زمانی کوردیدا نەبوە و دواتر بە کاریگەریی زمانی عەرەبی هاتۆتە ناو زمانی کوردیەوە. کاریگەری پتر لەوەدا بو کە دەبوایە دەقە ئاینیەکان، بەتاییەتی دەقەکانی قورئان لەبەر پیرۆزییان کوتومت وەکو خۆیان بخوێنرێنەوە و گۆ بکرێن. ئەمە وایکرد، باوەڕداری کورد (کە زۆرینەن) بەتاییەتی خوێندەوارەکان، بەهرەی ئەوە وەربگرن ئەو پیتانە وەکو خۆیان گۆ بکەن و ماسولکەکانی کۆئەندامی ئاخاوتنیان ڕابێ لەسەر گۆکردنی تەواوی ئەو پیتانە و ئەمەش لە سەرەتادا ڕێگە خۆشکەرێك بو بۆ ململانێی ئەو فۆنێمانە لەگەڵ فۆنێمەکانی نزیك لە خۆیان و دواتریش وەرگرتن و دروستبونی وشەی هەڵگری ئەو فۆنێمانە.

دەرچەی فۆنێمە عەرەبییەکان



بەڵگەی ڕەسەن نەبونی ئەو فۆنێمە لە زمانی کوردیدا ئەوەیە کە:

١- وشەیەکی سادەی کوردی کۆنی ڕەسە نمان نیە کە ئەو فۆنێمەی تیادا بێ.

٢- هاتنی هەندێ وشەی عەرەبی بۆ ناو زمانی کوردی و مانەوەیان لە فۆڕم و واتا وەکو خۆیان، وەك ناوەکانی (ئەحمەد، محەممەد، مەحمود، حەلیمە، حەسەن، حوسێن، حەممالٚ، حەڕام، حەلال.....). هەروەها هاتنی هەندێ وشەی عەرەبی بۆ ناو زمانی کوردی، بە مانەوە و پاراستنی فۆڕمەکانیان و گۆڕان یان دەسکاریی واتایان، وەك (حاڵیبون، حاڵی حازر، حەیران، حەوانەوە // إحتوا, حەسانەوە // أحسن, زەحمەت، حەڵوا // حەلاوە ........).

٣- وەك دیاردەیەكی ئاسایی و گشتیی دەنگسازی، كەوتوەتە ململانێ لە گەڵ هەندێ لەو فۆنێمانەی لە دەرچەی خۆیەوە نزیكن، وەك فۆنێمی /ھ/، وەك لە هێڵكاری سەرەوەدا دەرەكەوێ. بۆنمونە (هەفتە - حەفتە، لەمەشەوە حەفت، حەڤدە، حەفتا... هاتونەتە ئارا ).

٤- لەبەر نامۆیی ئەو فۆنیمە، هەندێ جار بە پێچەوانە، فۆنێمی /ھ/ لە وشە عەرەبییەكاندا لەگەڵی كەوتۆتە ململانێ و شوێنی گرتۆتەوە, وەك لە (حەریر - هەریر، هوشتر - حوشتر، حەرەكە - هەرەكەت، حەتتا - هەتا, ......

٥- لە هەندێ وشەشدا، بەتایبەتی ئەگەر كەوتبێتە ناوەڕاستی وشەكە، گۆڕاوە بە فۆنێمی /ا/، كە ئەویش دەرچەكەی لەو نزیكە، وەك لە وێنەكەی سەرەوەدا دیارە، وەك لە (بەحس - باس، تەحڵ - تاڵ، جونحە - گوناه....

٦- یان هەندێ جار فۆنێمی /ح/ دەكەوێ، وەك ( محنەت - مەینەت، كەحل - كل، یەحن - سینی.....

كەواتە، ئەم فۆنێمە، بە كاریگەریی زمانی عەرەبی هاتۆتە ناو زمانی كوردی و ئەگەرچی بواری بەكارهێنانی زۆر كەمە بە بەراورد لەگەڵ فۆنێمە ڕەسەنەكان, بەڵام ئێستا بوەتە یەكێ لە فۆنێمەكانی زمانی كوردی و دەركردنی كارێكی ئەستەمە. (( لەوە دەچێ دەنگی ( ح ) و دەنگی ( ع ) دو دەنگی ڕەسەنی كوردی نەبن و بە كاریگەری زمانی عەرەبی لە سەر زمانی كوردی هاتبنە ناو زمانی كوردیەوە، بە بەڵگەی ئەوەی لەو زمانە هیندۆ ـ ئۆرووپیانەدا بەدی ـ ناكرێن كە نەكەوتونەتە ژێر كاریگەری زمانی عەرەبی، بە تایبەتی گەلە هیندۆ ـ ئۆرووپیە ناموسوڵمانەكان، جگە لەمەش ئەو وشە كوردیانەی یەكێ لەم دو دەنگەیان تیادا بێ زۆر دەگمەنن و ئەوانەش كە لە ئارادان گومانی خۆماڵیان لێ دەكرێ.
ئەو وشانەی دەنگی ( ح )یان تیادا بێ وەك: ( حەفتە / هەفتە، حەوت / حەفت، حەفتا " دەشێ لە هەفتەوە وەرگیرابن، واتە" (ھـ ) گۆڕابێ بۆ (حـ )"، حەوانەوە، حەسانەوە، " ئەمانەش لەوە دەچێ لە (إحتواء ) و (أحسن )ەی عەرەبییەوە وەرگیرابن ". ئەو وشانەی دەنگی ( ع )یان تیادا بێ وەك: (باعە باع ، عەلیشیش ). جگە لەمانە بە دەیان وشەی عەرەبی بە

تایبەتی ناوەکان هاتونەتە ناو زمانی کوردی، بێ گومان بۆ زاڵ بونی هەر زمانێك، قۆناغی هاتنی وشە، پێش قۆناغی دەنگە.))[٢٩٧].

**١ـ٣: فۆنێمی خێ /غ/:**

ئەگەر بە وردی چاوێك بە ڕەشنوشی دیوانی شاعیرە کۆنەکاندا بگێڕین و بە نوسراوی کۆنترین دەقەکاندا بچینەوە، پڕیەتی لەو وشانەی فۆنێمی /غ/ دەگرنە خۆ، وەك (باغ، غونچە، غەمزە، دۆزەغ، داغ، شەوچراغ، ساغ، سۆراغ، دەماغ، پەرداغ، ....) تەنانەت لە هەندێکیان هیچ چامەیەك بە پیتی (خ)[٢٩٨] نادۆزینەوە[٢٩٩]، یان یەك وشەی لەو بابەتەی وەك (چەرخ)[٣٠٠] کردوە بە پاشبەندی هۆنراوەکەی. هەرچەندە ئەمە ئەوە ناسەلمێنێ کە ئەو فۆنێمە هەر نەبوە، چونکە دیوان هەیە ژمارەیەکی بەرچاو لەو فۆنیمەی تیادایە[٣٠١]، هەروەها لەبەر ئەوەی لە هەندێ لە زمانە هیندۆ ئەوروپیەکاندا نیە، وەك ئینگلیزی و فەرەنسی و لە هەندێکیاندا گۆدەکرێ، وەك ئەڵمانی هۆڵەندی، کەواتە بەڵگەیەکی تەواوی ئەوتۆمان لەبەر دەست نیە، کە هەر نەبوبێ، بەڵام ئاشکرایە، لە کۆندا ڕێژەی بەکارهێنانی کەمتر بوە لە فۆنێمی /غ/، دواتر بە تێپەڕبونی کات، پەیتا پەیتا شوێنی ئەو فۆنێمەی گرتۆتەوە و ئێستا ڕێژەی بەکارهێنانیان ئاڵوگۆڕ بوە. ((بە تێپەڕبونی کات بەرە بەرە تا بەرەو سەردەمی نوێ بێین، ڕێژەی بەکارهێنانی پیتی (خ) زۆرتر دەبێ بەرامبەر پیتی (غ). دەشێ ئەمەش بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی دەنگی (خ) لە گۆکردندا سوکترە لە دەنگی (غ)، چونکە دەنگی (خ) کپە و دەنگی (غ) گڕە، ئەگەرچی هەردوکیان لە هەمان شوێنگەی قوڕگ و بە هەمان چەشن دروستدەبن.))[٣٠٢]. ئەم گۆڕانکاریە دەنگسازیە دوا ئەوە هاتوە کە کۆنەندامی

---

٢٩٧ عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول. چەند پیتێکی کێشەدار لە زمانی کوردیدا. گۆڤارا زانکۆیا دهۆك. پەڕبەندا (٧). هژمارا (١). تیرمەه ٢٠٠٤. ل٩.

٢٩٨ دیوانی نالی، لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەی مەلا عبدالکریمی درس و فاتح عبدالکریم و محمدی مەلا کریم. بەغدا. ١٩٧٦. ل١٦٧-١٦٨.

٢٩٩ دیوانی وەفایی، لێکۆڵینەوەی محەمەد عەلی قەرەداغی، بەغدا، ١٩٧٨. ل ٢٣٥.

٣٠٠ دیوانا مەلایێ جزیری، توێژاندنا ئادق بهائەددین ئامێدی، بەغدا. ١٩٧٧. ل١٨٣.

٣٠١ دیوانی مەولەوی، کۆکردنەوەی مەلا عبدالکریمی مدرس. بەغدا. ١٩٧٨. ل ٢٠٨- ٢٢٠.

٣٠٢ عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول. چەند پیتێکی کێشەدار لە زمانی کوردیدا. گۆڤارا زانکۆیا دهۆك. پەڕبەندا (٧). هژمارا (١). تیرمەه ٢٠٠٤. ل١٠.

ئاخاوتنی ئاخێوەری کوردی شێوازی گۆڕاوە و بەرەو شێوازی ئاخاوتنی سیستەمی زمانی عەرەبی ڕۆیشتوە، بە بەڵگەی ئەوەی تا ئێستا زۆربەی زمانەکانی خوشکی زمانی کوردی، وەك فارسی و بلوجی و ئەسیتی و پشتو... تا ئێستا ناتوانن وەك ئاخێوەرانی کورد زۆربەی فۆنێمە نارەسەنەکان کە لە عەرەبییەوە هاتون وەکو ئاخێوەری کورد گۆبکەن.

ئەگەر بەراوردێکی ڕێژەی بەکارهێنانی هەردو فۆنێمی /خ/ و /غ/ بکەین، دەبینین:

١- لە زمانی کوردی ئێستادا بە دەگمەن وشە هەیە، فۆنێمی /غ/ی تیادا بێ و نەتوانرێ بە فۆنێمی /خ/ ئاڵوگۆڕ بکرێ، تەنانەت ئەوانەش کە هەن، وشەی ڕەسەنی کوردی نین و لە عەرەبییەوە هاتون، وەك (غەریب ← خەریب)، (غاردان ← خاردان)، چاوگی (غار+دان) لە (غار // أغار)ی عەرەبییەوە هاتوە، واتە، هێرشی کرد، هەروەها وشەی (پێغەمـ+بەر) لە (پەیغام+بەر = پەیامبەر)ی فارسیەوە هاتوە.

٢- هەندێ وشەی کوردی یان خواستراو هەن، دەتوانرێ هەردو فۆنێمی /غ/ و /خ/ ئاڵوگۆڕبکەین بێ ئەوەی واتایان بگۆڕێ، وەك (غەم ← خەم، غونچە ← خونچە، باغ ← باخ، داغ ← داخ، پەرداغ ← پەرداخ، دۆزەغ ← دۆزەخ، غەلیفە ← خەلیفە، وچاغ ← وچاخ،.....).

٣- هەندێك وشەی تر هەن، فۆنێمی /خ/ لە پێکهاتەیاندا هەیە و ناتوانرێ بکرێ بە /غ/، واتە، ئاڵوگۆڕ نابن، وەك ((خودا، خاڵ، خاوێن، خراپە، خوشك، خوێ، خێرا، ئۆخەی، خەون، خەو، خەریك، خانو، خەستەخانە، .......))٣٠٣.

لە ئەنجامدا، پێشبینی ئەوە دەکرێ فۆنێمی /غ/ بەرەو نەمان بچێ لە زمانی کوردیدا و ئەوەی بوەتە هۆکاری مانەوە و پاراستنی، ئەو وشە عەرەبیانەن کە لە ئاخاوتنی ڕەمەکیی خەڵك بەکاردێن، وەك (غیرەت، غوبار، غافل، غەشیم، غەدر، .....)، هەروەها ئەو ناوە تایبەتیە عەرەبیانەی لەناو کوردا بەکاردێن، وەك (غەفار، غەرییە، غانم، مەغدید،...).

## ٤-١: فۆنێمی عێ /ع/:

---

٣٠٣ عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول. چەند پیتێکی کێشەدار لە زمانی کوردیدا. گۆڤارا زانکۆیا دهۆك. پەرپەندا (٧). هژمارا (١). تیرمەهـ ٢٠٠٤. ل١٠.

فۆنێمی /ع/یش یەکێکە لەو فۆنیمانەی لە کوردیدا ناڕەسەنە و لە بنەڕەتدا لە زمانی کوردیدا نەبوە، بەڵام دواتر بە هەمان شێوەی فۆنێمی /ح/ بە هۆی قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی عەرەبی بەسەر کوردستاندا، چ ڕاستەوخۆ فەرمانڕەوایی کردبێ، چ ناڕاستەوخۆ لەژێر کاریگەریی ئایینی ئیسلام، کە دەبوایە بە عەرەبی بێ و نابێ وەرگێڕانی تیادا بکرێ، جگە لە ڕاڤەکردن و لێکدانەوە. بە دەیان ئایەتی قورئان هەن، ئاماژە بەوە دەکەن، کە دەبێ قورئان هەر بە عەرەبی بێ، وەك ( إِنَّا أَنْزَلْنَاهُ قُرآناً عَرَبِيّاً...﴿٢﴾( يوسف ), ( لا تُحَرِّكْ بِهِ لِسانَكَ لِتَعْجَلَ بِهِ ﴿١٦﴾، فَإِذا قَرَأْناهُ فَاتَّبِعْ قُرْآنَهُ ﴿١٨﴾ ) ( القيامة ). ( كِتابٌ فُصِّلَت آياتُهُ قُرْآناً عَرَبِيّاً لِقَوم يَعْلَمونَ﴿٣﴾، وَلَوْ جَعَلْناهُ قُرْآناً أَعجَمِيّاً لَقالُوا لَوْلا فُصِّلَتْ آياتُهُ ءَأَعْجَميٌّ وَعَرَبِيٌّ....﴿٤٤﴾( فيلت )، ( ...يَقُولونَ إِنَّما يُعَلِّمُهُ بَشَرٌ لِسانُ الَّذي يُلْحِدونَ إِلَيْهِ أَعْجَميٌّ وَ هَذا لِسانٌ عَرَبِيٌّ مُبين﴿١٦﴾( النحل ), وَ هَذا كِتابٌ مُصَدِّقٌ لِساناً عَرَبِيّاً.....﴿١٢﴾( الأحقاف ) ). بەم پێیە کۆنەندامی ئاخاوتنی ئاخێوەرانی کوردیش دوای باوەڕهێنانیان بە ئایینی ئیسلام بە گۆکردنی ئەم فۆنێمە قوڕگیە گرانە ڕاهاتن و پەیتا پەیتا توانییان وەکو خۆی گۆی بکەن و دواتر بخزێتە ناو زمانی کوردی و بە هەر شێوەیەك بێ، شوێنپێیەك بچوك بۆ خۆی دابین بکا و ببێتە زرفۆنێمێك لە فۆنێمە کوردیەکان.

کۆمەڵێك بەڵگە هەن، دەیسەلمێنن کە ئەو فۆنێمە لە زمانی کوردیدا ڕەسەن نیە، وەك:

١- وشەیەکی سادەی کوردیی کۆنی ڕەسە نمان نیە کە ئەو فۆنێمە بگرێتەخۆی.

٢- هاتنی هەندێ وشەی عەرەبی بۆ ناو زمانی کوردی و مانەوەیان لە فۆڕم و واتا وەکو خۆیان، وەك ناوەکانی ( عەلی، عومەر، عوسمان، عەبدوڵڵا، عەباس، عەیب، شیعر، شاعیر، عومر ..... ). هەروەها هاتنی هەندێ وشەی عەرەبی بۆ ناو زمانی کوردی، بە مانەوە و پاراستنی فۆڕمەکانیان و گۆڕان یان دەسکاریی واتایان، وەك ( عاجباتی //عەجەب، عەرزوحاڵ، عەینەك //عوینات، نەعلە //نەعال، عەرەبانە // عەرەبە، ........ ).

٣- وەك دیاردەیەکی ئاسایی و گشتیی دەنگسازی، کەوتوەتە ململانێ لە گەڵ هەندێ لەو فۆنێمانەی لە دەرچەی خۆیەوە نزیکن، وەك فۆنێمی /ح/، وەك لە هێڵکاری سەرەوەدا دەرەکەوێ. هەرچەندە هەردوکیان لە زمانی کوردیدا ناڕەسەنن، بەڵام لە ناوخۆشیاندا دیاردەی ململانێ سەریهەڵدا، لە لایەن چینی نەخوێدەوار دیاردەکە بڵاوتر بو بەتایبەتی لە شێوەزاری سۆرانیی دیالێکتی ناوەڕاست. بۆنمونە ( حەفت

← عەفت ). لەبەر ئەوەی وەکو پێشتر ئاماژەی پێکرا، وشەی کوردی دەگمەن بو کە فۆنێمی /ح/ی تیادا بێ، بۆیە ئەو دیاردەی ئاڵوگۆڕە پتر لەو وشانەدا دەردەکەوێ کە عەرەبین و لە ئاخاوتنی رەمەکی خەڵك بەکاردێن، وەك: ( حەمەد ← عەمەد، حەمید ← عەمید، حەدیقە ← عەدیقە، حەمبار ← عەمبار، حاجی ← عاجی،....... ).

٤- لەبەر نامۆیی ئەو فۆنیمە، هەندێ جار بە پێچەوانە، فۆنێمی /ح/ لە وشە عەرەبیەکاندا لەگەڵی کەوتۆتە ململانێ و شوێنی گرتۆتەوە, وەك لە ( عەیشێ ← حەیشێ، عەمید ← حەمید، عالی ← حالی، عاجز - عادز ← حادز, ...... ).

٥- لە هەندێ وشەشدا، بەتایبەتی ئەگەر کەوتبێتە ناوەڕاستی وشەکە، گۆڕاوە بە فۆنێمی /ا/، کە ئەویش دەرچەکەی لەو نزیکە، وەك لە وێنەکەی سەرەوەدا دیارە، وەك لە ( جەعفەر - جافر، کەعبە - کابە، مەعروف - مارف، ملعەقە - مڵاك، معەتتەڵ - ماتڵ، دەعوەت - داوەت، قەلعە - قەڵا( ت )، تەعنە - تانە، مەعریفە - ماریفە( ت )، تەعلیق - تالیق، مەعنا - مانا، تەمەع - تەما، .... )، یان ( شەمع - شەمێ ).

٦- یان هەندێ جار فۆنێمی /ع/ دەکەوێ، وەك ( سەعات - سات، ، معامەلە - مامەڵە، شاعیر - شایەر، بەردی تاعەت - تاتەبەرد، ڕکاعەت - ڕکات، ..... ).

٧- لەبەر ئەوەی لە بنەڕەتدا فۆنێمێکی کوردی نیە و ئەگەر نەشهاتبایە بۆ ناو زمانی کوردی، گرفتێك دروست نەئەبو، بۆیە لەبەر بێبایەخیی ئەو دەنگە، لە هەندێ وشەدا ململانێ لەگەڵ دەنگی هەمزە دەکا و ئەرکی هەمزە دەبینێ، یان لەگەڵی ئاڵوگۆڕ دەبێ، وەك: ( ئاست ← عاست، ئاستەم ← عاستەم، ئاسمان ← عاسمان، هەرد - ئەرد - عەرد، قورئان ← قورعان, عومەر ← ئۆمەر، عاشق ← ئاشق، عوسمان ← ئۆسمان ...... ).

لەمەدا بۆمان دەرەکەوێ، ئەم فۆنێمەش بە کاریگەریی زمانی عەرەبی هاتۆتە ناو زمانی کوردی و ئەگەرچی بواری بەکارهێنانی زۆر دەگمەنە و ڕەنگە وشەی کوردیی ڕەسەن هەر نەبێ ئەو فۆنێمەی تیادا بێ, بۆ نمونە، ئەگەر هەمو زمانی کوردی بگەڕێی، بە ڕادەی پە نجەکانی دەستێك وشەی کوردی نادۆزیتەوە ئەو فۆنێمەی تیادا بێ، مەگەر لە دو وشەی ئاخاوتنی

سۆرانی بترازێ، کە ئیبراهیم باڵدار بە ماندوبونێکی زۆرەوە خزاندویەتیە ناو کتێبی ( ئەلف و بێی نوێ ) ی قۆناغی یەکەمی سەرەتایی، ئەوانیش وشەی ( عەلەشیش ) و ( باعەباع )ن، کە لە بنەڕەتا ( باڕەباڕ )ە، بەڵام ئێستا بە هەر شێوەیەك بێ، خۆی خزاندوەتە ناو لیستی پیتە کوردیەکان و بوەتە یەکێ لە فۆنێمەکانی زمانی کوردی، کە سودێکی ئەوتۆی لێ نابینرێ و بوەتە بارگرانی بەسەر پیتەکانی تر.

## ١ـ٥ : فۆنێمی قێ /ق/ :

فۆنێمی /ق/یش یەکێکە لەو فۆنیمانەی لە زمانە هیندۆئەوڕوپیەکان نیە، ئەمەش بەڵگەیەکی بەهێزە، کە لە سەرەتادا لە زمانی کوردیش نەبوە، تەنانەت ئێستاش لە هەندێ شێوەزاری ناوچەییدا وەك ( گوندەکانی باڵەکیان، مەجیداوە، بێلەنگر، شاوراوە و هاودیان لە دەڤەری سۆران ) و ( گوندی سرێشمە لە ناوچەی خەلیفانی سەر بە پارێزگای هەولێر ) لە هەندێ وشەدا هێشتا هەر فۆنێمی /ك/ لەبری /ق/ بەکاردێنن.

فۆنێمی /ق/ لە وشە کوردیە ڕەسەنەکاندا بەدەگمەن هەیە. بەزۆری ئەو وشانەی فۆنێمی /ق/یان تیادایە، وشەی عەڕەبین، هاتونەتە ناو زمانی کوردی، وەك ( قەلەم، قەلا، قایش، قایم، قیڕ، قانون، قەزا، مقەس، قەسساب، بەقاڵ، سندوق، قاوە، قوربانی، مۆسیقا، قافلە، قەعادە، .... )، یان تورکین، وەك ( قۆندەڕە، قوماندار، قاپی، قەیسی، پرتەقاڵ، قەرەوێلە، بانق، قازانج، قاپوت، قاسە، قات، قالۆچە، قۆڵ، قۆچ، فستەق، پاقلە، قەڵەبالغ، قادرمە، قەپاغ، قوژبن، ... ). تەنانەت ئەو وشانەش کە لەو دو زمانەی عەڕەبی و تورکیدا نین و لە کوردیدا هەن، گومانیان لێ دەکرێ کە لە بنەڕەتدا کوردی بن، وەك ( قوڕ، قۆرت، قەڵەو، ....هتد ).

لەبەر نارەسەنی فۆنێمی /ق/ لە زمانی کوردیدا، لەگەڵ فۆنێمێکی ڕەسەنی کوردی نزیك لە خۆی دەکەوێتە ململانێ، ئەویش فۆنێمی /ك/ـە، بڕوانە وێنەی دەرچەی فۆنێمەکان. فۆنێمی /ق/ و /ك/ لە ئەنجامی ململانێیان، لە زۆر وشەدا ئاڵوگۆڕ دەبن، وەك لەم نمونانەدا دەبینرێ: هەندێ جار /ك/ دەبێتە /ق/، ( کتتابی - قوتابی، کتتابیخانە - قوتابخانە، کاغەز ← قاقەز، کێچ ← قێچ، کشپل ← قشپل، .... )، هەندێ جاریش /ق/ دەبێتە /ك/ وەك لەم وشە تورکیانەدا ( قیز - کیژ، قاووق - کاڵەك، قاشیق - کەوچك، خەلق - خەڵك، .... )، جاری واش هەیە فۆنێمی /ق/ دەبێتە /خ/ یان /غ/، کاتێ وشە تورکیەکە دێتە ناو زمانی کوردیەوە، وەك ( یاقە - یاخە، تاقم - تاخم، قولاق - قولاغ, وەك لە ڕستەی _ گوێی بۆ قولاغ کردبو_ ، یاتاق - یاتاغ ... ).

له ئه نجامدا دەرەکەوێ، کە فـۆنێمی /ق/ بـە هـۆی کاریگـەریی زمـانی عەرەبیـەوە هاتۆتە ناو زمانی کوردی، ئینجا چ ڕستەوخۆ لە زمانی عەرەبیەوە هاتوە، یـان ناڕاسـتەوخۆ لە زمانی تورکیەوە، بەڵام بۆیە بەشی سەرەکیی کارگەریەکە بۆ زمانی عەرەبی دەگەڕێتـەوە، چونکە بە هۆی کاریگەریی ئەو زمانەوە بوە، کە ئاخێوەری کورد فێری گۆکردنی ئـەو فۆنێمـە بوە لەسەر گۆکردنی ڕاهاتوە.

## بەشی دوەم
## ئاستی وشەسازی

### پێشەکی:

لە دێرینەوە مرۆڤی کورد وەك هەر نەتەوەیەکی تر متوی خاکەکەی بوە و لەگەڵ ژینگەی کوردستان ئاوێتە بوە، بۆ هەر کەرەسە و دیاردەیەکی سروشتی و دەسکرد ناوی تـایبەتی داناوە، ئەو پەیڤ و زاراوانەی خۆیان دایانهێناون، بە وشەی ڕەسەنی کوردی دادەنرێن و کرۆکی زمانی کوردی پێکدەهێنن. لە لایەکی تر ڕێژەی پەیوەندیی نەتەوەی کورد لەگەڵ نەتەوەکانی دراوسێی، بوەتە هۆی ئاڵوگۆڕی کەرەسە ماددی (مەتیریاڵ) و واتـاییەکان (ئەبستراکت). گرنگترین و مەزنترین کەرەسەی واتـاییش زمانە، ئاڵوگۆڕی پەیڤەکانی زمان، جگە لە کەرەسە واتـاییەکان، ناوی کەرەسە ماددیەکانیش دەگرێتەوە. کەواتە لە ڕوی لۆجیکەوە، هەر نەتەوەیەك ئەو کەرەسانە وەردەگرێ کە خۆی نیەتی و ئەو کەرەسانە دەبەخشێ، کە بەرامبەرەکەی نیەتی. بۆیە تـاکو نەتەوەیەك کەرەسەی زۆرتری هەبێ زۆرتر دەبەخشێ و کەمتر وەردەگرێ، بە پێچەوانەش تـاکو کەرەسەی کەمتری هەبێ، کەمتر دەبەخشێ و زۆرتر وەردەگرێ. بەم پێیە ئەگەر کاروانی ژیان لە ئاستێکدا بوەستێ، هیچ نەتەوەیەك پێویستی بە بەخشین و وەرگرتنی زۆر نابێ، بەڵام لەبەر ئەوەی کاروانی ژیان بەردەوام لە بەرەوپێشچوندایە و ڕەوڕەوەی شارستانیەت بەرەو پێشکەوتن هەنگاودەنێ، بۆیە نەتەوە ستەکان بەردەوام پێویستییان بە نەتەوە پێشکەوتوەکان هەیە، ئینجا ئەو پێشکەوتنە لە لایەنێکی ژیان بێ. گەرچی بەردەوام، بەبێ بونی پێویستی، نەتەوە باڵادەستەکان بە هەر پاساوێك بێ، بۆ فراوانکردنی قەڵەمڕەویی دەسەڵاتی خۆیان و ڕوتاندنەوەی سامانی نەتەوەکانی تر، باڵیان بەسەر نەتەوەکانی تردا گرتوە. ئەگەر سەرنجێکی زانستیانەی ورد و بێلایەن بدەینە مێژوی دێرینی کورد، دەبینین، نەتەوەی کورد بەردەوام کەوتۆتە بەر جۆری دوەمی پەیوەندی، واتە بەردەوام لەلایەن دراوسێکانی پەلاماردراوە و داگیرکراوە، ئیتر بە

هەر بیانویەك بێ. گەورەترین شاڵاویش کە کرابێتە سەر کوردستان و لە هەمو شاڵاوەکانی تر کاریگەرتر بوبێ و زۆری خایاندبێ، شاڵاوی داگیرکاری عەرەبی بوە، کە بە پاساوی ئایینی بۆ ماوەی پتر لە شازدە سەدەیە کوردی خستوەتە ژێر باڵی خۆیەوە، بە بەڵگەی ئەوەی کوردیش خاوەنی ئاینی خۆی (زەردەشتی) بوە و کتێبی پیرۆزی ئایینی خۆی (ئاوێستا) هەبوە، واتە، کورد پێویست بە عەرەب و بە ئاین نەبوە، بەڵکو عەرەب بە بیانوی ئاین، پێویستیان بە کوردستان بوە. دوای ئەوەش ناچارکردنی کورد و نەتەوەکانی تر، کە ئیسلام بە زۆرەکی دەبێ هەر بە عەرەبی بێ و نابێ دەقەکان وەربگێڕدرێن، نەتەوەی کوردی دوچاری دو زیانی گەورەکرد: یەکەمیان، تا ئێستاش زۆربەی تاکەکان، بە مامۆستا ئاینیەکانیشەوە، نەیانتوانی بە تەواوی لە ئاینەکە بگەن و لێکدانەوەی جۆراوجۆر بۆ دەقەکان بکەن و زۆربەیان لە فەلسەفەی ڕەوای ئاینەکە نەگەیشتون. دوەمیشیان، مانەوەی دەقەکان بە عەرەبی، دەیان و بگرە سەدان وشە و زاراوەی عەرەبی هێنایە ناو زمانی کوردی و هەستێکی ئەوتۆی لای تاکی کوردی دروستکرد، کە زمانی عەرەبی باشتر و پیرۆزتر و پەرەسەندوتر و ....هتد و پێویستە فێرببێ، ئەمەش کاریگەریی دروستکرد لە سەر هەمو ئاستەکانی زمان، تەنانەت هێزی ماسولکەکانی کۆئەندامی ئاخاوتنی کوردی گۆڕی.

## ٢ـ١ قۆناغەکانی پاکسازیی زمانی کوردی لە وشەی عەرەبی:

ئەگەر بە وردی سەرنجی زمانی کوردی بدەین، دەبینین، لە ئەنجامی کاریگەریی زمانی عەرەبی بەسەر زمانی کوردیدا، ژمارەیەکی زۆر وشەی وشەی عەرەبی، بەتایبەتی لە ئاخاوتنی ڕەمەکی خەڵکدا بەدیدەکرێن. ئاشکرایە، بە بەراورد لەگەڵ نەتەوەکانی تر، ماوەیەکی زۆر نیە کورد دەستی بە نوسین کردوە، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ نوسینەکانی سەرەتا و دیوانی شاعیرانی کورد، تەنانەت تاکو نیو سەدە بەر لە ئێستا، دەبینین پتر لە نیوەی وشەکان عەرەبین و لە بۆتەی ڕێزمانی کوردیدا تاوێنراونەتەوە، بەڵام دواتر بەردەوام هەوڵدراوە نوسینی کوردی لە وشەی عەرەبی بژار بکرێ و وشەی کوردیی پاراو و ڕەسەن لە جێی وشە عەرەبیەکان دابنرێ. دەتوانرێ، ئەو هەوڵانەش لە سێ قۆناغدا پۆلین و جیا بکرێنەوە:ـ

١- دوای دامەزراندنی قوتابخانە کوردیەکان و دەسکردنی خوێندن بە کوردی، بەتایبەتی دوای شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ و دانانی بە بونی کورد و زمانی کوردی لە عێراق و کردنەوەی ڕادیۆی کوردی و بەشێکی کوردی لە زانکۆی بەغدا، نوسەر

ڕۆشنبیران هەوڵیان دا، بە کوردییێکی پاراوتر بنوسن و کتێبی قوتابخانەکان و گۆڤار و ڕۆژنامەکان پەیتا پەیتا بژار بکەن لە وشەی عەرەبی.

٢- قۆناغی دوەم لە بەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ دەست پێ دەکا، کە داننرا بە مافی ئۆتۆنۆمی بۆ باشوری کوردستان و نەتەوەی کورد و زمانی کوردی بون بە نەتەوە و زمانی دوەم لەسەر ئاستی عێراق و تێکڕای خوێندن، لە ناوەندی و دواناوەندیەکانیش کرا بە کوردی و چەندین گۆڤار و ڕۆژنامە بە کوردی دەرچون. هەروەها گەڕانەوەی کۆمەڵێك هەڵگری بڕوانامەی ئەکادیمی لە هەندەران ، کردنەوەی زانکۆ لە کوردستان و ئەکادیمیای کوردی لە بەغدا و کەناڵێکی تەلەفزیۆنی کوردی لە کەرکوك و....هتد، ئەمانە هەموی شاڵاوێکی بەرچاوی لە پاکسازیی زمانی کوردی دەستپێکرد و زمانی کوردی بەتاییەتی زمانی نوسینی دیالێکتی ناوەڕاستی زۆر بەرەو پێش برد.

٣- قۆناغی ڕاپەڕینی ١٩٩١، ئەم ڕاپەڕینە بوە هۆی ڕزگاربونی بەشێکی زۆری کوردستانی باشور لە ژێردەستی ڕژێمی بەغدا و لە ئەنجامدا حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزرا و سەرجەم فەرمانگە و دامەزراوەکان بە زانکۆکانیشەوە بون بە کوردی و بە دەیان پارتی سیاسی و دەزگای ڕاگەیاندنی بینراو و بیستراو نوسراو دامەزران و ژمارەی گۆڤار و ڕۆژنامە بە ڕادەیەکی نائاسایی زۆربون.

دوای ڕاپەڕین، لە ئەنجامی ئەو کاردانە دەرونیە توندەی کورد هەیبو دژی دەسەڵات و ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عەرەب لە بەغدا و سوریا، تێکڕا هەمو دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستان کەوتنە پاکتاوکردنی وشەی عەرەبی لە ناو زمانی کوردیدا و ئێستا لە نوسیندا، جگە لەو ناوە تاییەتیە عەرەبیانەی جێگرەوەیان نیە، بەدەگمەن وشەی عەرەبی دەدۆزیەوە. شاڵاوی ئەم کاردانەوە دەرونیە هێندە خێرا و بەهێز و بێ بەرنامە بو، سێ دەرکەوتەی نەرێیی لێ کەوتەوە:

١- ڕاستە وشەی عەرەبی لەناو زمانی کوردی پاکتاوکرا، بەڵام بە دەیان وشەی بیانی لە زمانەکانی تر، بەتاییەتی ئینگلیزی هاتنە ناو زمانی کوردی کە وشە عەرەبیەکە زۆر ئاسانتر بو بۆ تێگەیشتن.

٢- زۆرجار هەست بەوە دەكرا پاكتاوكردنی وشەی عەرەبی بۆ ئەوە نیە، وشەی زمانێكی تری بێگانەی وەك ئینگلیزی بخرێتە شوێن، بۆیە هەندێكیان وشەی دەسكردی ناقۆڵای ئەوتۆیان دادەتاشت كە بە خوێنەر هەرس نەدەكرا و زۆریان بە ناكامی مانەوە.

٣- هاتنە ناوەوەی شێوەزاری بادینی بە شێوەیەكی بێ بەرنامەیی و هەوڵدان بۆ دروستكردنی شێوازێكی تری زمانی فەرمی (ستاندارد)، بوە هۆی دوپارچەیی زمانی ستانداردی كوردی، بەڕادەیەك هەوڵدرا ئەم دو شێوازی نوسینە لەیەك بترازێن و هیچیان كەرەسە زمانیەكانی ئەوی تر بەكارنەهێنێ و شێوەزاری بادینی بۆ پڕكردنەوەی كەلێنەكانی كەوتە داڕشتنی سەدان وشەی نوێی ئەوتۆ كە زۆرێك لە خۆیان تێینەدەگەیشتن.

نكوڵی لەوە ناكرێ، ئاخاوتنی ئاسایی تەنانەت چینی ڕۆشنبیر و خوێندەواریش لە قسەكردندا فریای ئەو هەمو گۆڕانكاریە زۆر و خێرایەی نوسین نەكەوت، بۆیە تا ئێستا ژمارەیەكی زۆر وشەی عەرەبی لە ئاخاوتنی كوردیدا بەكاردێن، گومان لەوەدا نیە، ماوەیەكی زۆرتری دەوێ بۆ هەرسكردنی ئەو وشە نوێیانە و زاڵبونیان بەسەر ئەو وشە عەرەبیانەی دەمێكە جێ پێی خۆیان لە ئاخاوتندا كردۆتەوە.

ئەوەی لە سەرەوە ئاماژەی پێكرا بۆ ئەوە بو، بزانرێ كە ئێستا نوسینی كوردی وەكو جاران لە ژێر كاریگەریی زمانی عەرەبی نەماوەتەوە و تەنیا شوێنەوارەكانی ئەو كاریگەریە ماون، بەڵام ئاخاوتن هێشتا پێویستی زۆری بە پاكسازیە. بۆیە ئەوەی لە خوارەوە باسدەكرێ، پتر نوسینی كۆن و ئاخاوتنی ئێستا دەگرێتەوە.

## ٢-٢ فەرهەنگی وشەی عەرەبی لە ئاخاوتنی كوردیدا:

وەكو لەسەرەوە ئاماژەی پێكرا، ئەگەر لە سەرەتادا نوسینی كوردی پڕبوبێ لە وشەی عەرەبی، بەڵام ئێستا جگە لەو ناوانەی ڕەسەنی عەرەبین و جێگرەوەیان نیە، بە دەگمەن وشەی زەقی عەرەبی لە نوسینی كوردیدا ماون و ئەوانەش كە ماون، بە شێوەیەك كوردێنراون كە ناناسرێنەوە، بەڵام هێشتا ئاخاوتنی ڕەمەكی پڕیەتی لە وشەی عەرەبی. بۆیە دەتوانین، ئەو وشانەی پێشتر لە نوسیندا هەبون و ئێستا لە ئاخاوتندا ماونەتەوە، بەم شێوەیە پۆلینیان بكەین:

## ٢ـ٢ـ١ وشەی عەرەبی بواری کەلتوری:

لە ئە نجامی هاوتەریبی و دراوسێیەتی کورد لەگەڵ عەرەب لە دێرینەوە تا ئێستا و قەڵەمڕەوی ئیسلام و دەسەڵاتی عەرەبی بەسەر کوردستان بەگشتی و باشوری کوردستان بە تایبەتی، کەلتوری کوردی زۆر کاریگەربوە بە کەلتوری عەرەبی و لەو لایەنەوە بە دەیان وشە و زاراوەی عەرەبی بە درێژایی مێژو خزاونەتە ناو زمانی کوردی، کە دەتوانین لە چەند گروپێك کۆیان بکەینەوە:

I. **فەرهەنگی ئایینی**: ئەگەرچی کورد پێش ئیسلام خاوەنی ئاینێکی پەرەسەندوی خۆی بو، کە زەردەشت پێغەمبەرەکەیان بو و ئاوێستاش کتێبەکەی بو و جیاوازیێکی زۆری لەگەڵ ئیسلام و ئایینەکانی تر نەبو لە یەکتا پەرستی و چاکە و خراپە و پاداش و سزا، بۆیە دوای هاتنی ئیسلامیش ئەو بنەمایانەی لە زەردەشتیدا هەبون، وشە و زاراوەکانیان وەکو خۆیان مانەوە و وشەی عەرەبی شوێنی نەگرتنەوە، وەك ( خودا، پێغەمبەر، باوەڕ، نوێژ، ڕۆژو، فریشتە، بەهەشت، دۆزەخ، سروش...هتد )، بەڵام ئیسلام بە دەیان وشەی تازەی خزاندە ناو زمانی کوردی، کە تا ئێستاش زۆریان، بەتایبەتی ناوەکان، جێگرەوەیان لە زمانی کوردیدا نیە، وەك: (ئیسلام، کافر، موسوڵمان = موسلیم + مان، حەج، زەکات، شەهادە، شەهید، حەلال، حەرام، حەلال، تەڵاق، مارەیی = مهر، قورئان،حەدیس، ڕەمەزان، سورەت، ئایەت، میحراب، خوتبە، شێخ، سۆفی، خەلیفە، تەریقەت، زیکر، جیهاد، خێر، شەڕ، زینا، جەهەننەم، حۆری، مەلایکەت، جنۆکە، شەیتان، حەق، قەزا و قەدەر، ...هتد ).

II. **فەرهەنگی ناوە تایبەتیەکان**: کۆمەڵێك ناوی تایبەتی کوڕان و کچان لەبەر پیرۆزییان، چونکە ناوی کەسە ناودارەکانی سەرەتای موسوڵمانەتی بون، وەکو خۆیان هاتنە ناو کۆمەڵگای کوردی و تا ئێستاش ژمارەیەکی بێ پایانی تاکی کورد بەو ناوانە ناونراون، هەرچەندە دوای سەرهەڵدان و پەرەسەندنی هەستی نەتەوایەتی ڕێژەی ئەو ناوانە کەم بۆتەوە، بەڵام هێشتا لەناو بنەماڵە ئیسلام پەروەرەکان هێشتا ئەو دیاردەیە ماوە و دوای ڕاپەڕینیش، پارتە ئیسلامیەکان ڕۆلیان هەبو لە بنبڕ نەبونی ئەو دیاردەیە و جارێکی تر دیاردەی ناونان لەو بنەماڵە ئیسلامیانە سەری هەڵدایەوە. دەتوانرێ بوترێ زۆربەی ناوەکانی سەردەمی دەسەڵاتی پێغەمبەر و چوار جێگر ( خەلیفە )ەکانی ئێستا لە

کۆمەڵگای کوردی بە تایبەتی لە نەوەی پێش ڕاپەڕین بەدی دەکرێن، وەك: ( محەممەد، ئەحمەد، مەحمود، ئەبوبەکر، عومەر، عەلی، عوسمان، عەبدوڵڵا، حەسەن، حوسێن، سالح، زاهیر، کەمال، عەباس، ڕەسول، نەجات، عەبدولحەمید / مەجید / کەریم / عەزیز / قادر / سەلام / غەففار / سەتتار / فەتاح / ڕەزاق / جەبار / .... یوسف، بورهان، تۆفیق، ئیبراهیم، ئیسماعیل، ئەکرەم/ جەمال، مستەفا، تەها، سەعید، جەوهەر، سەدیق، خدر، جەعفەر، حیکمەت، مەولود، فاتیمە، عائیشە، خەدیجە، مریەم، سارا، حەبیبە، شوکریە، جەمیلە، ناجیە، حەلیمە، ماجیدە، بوشرا، کافیە، ێافیە، خالیدە، سامیە، نەزیرە، شەریفە، مەدینە، ڕازیە، ناهیدە، سەمیرە، ناجحە، خیریە، سەبیحە، ....هتد ).

III. **فەرهەنگی ویژە**: لە بواری ویژەدا کۆمەڵێ وشە و زاراوەی عەرەبی هاتنە ناو زمانی کوردی و تا ئێستا چەند دانەیەکیان لە نوسینیشدا بەکاردێن و لە قسەکردندا هێشتا زۆربەیان بەکاردێن، وەك: (ئەدەب، شیعر، شاعیر، قەسیدە، مۆسیقا، بەلاغە، عەرِوز، ڕەسم، قافیە، فەلسەفە، عەشق، دیوان، تەسەوف، غەزەل، شیعری حور، قالب، خەیاڵ، ئیلهام، سەجەع، واقیع، ..... ).

IV. **فەرهەنگی جنێو**: شایانی باسە، فەرهەنگی زمانی کوردی لە وشە و زاراوەی جنێودا ندا زۆر پاکە و ڕەنگە بە دەگمەن زمان هەبن ئەو پاکیەیان تیادا هەبێ، ئەمەش بەڵگەی ڕەوشت بەرزی نەتەوەی کورد دەگەیێنێ، و کرداری بەدڕەوشتی لەناو کورددا زۆر دەگمەن بوە، چونکە بونی هەر دیاردەیەکی بەرجەستە بێ یان واتایی ناوێکی بۆ دێتە ئارا. ئەگەر بە وردی بە فەرهەنگی زمانی کوردیدا بچینە خوارەوە وشەیەکی سادەی ڕەسەنی کوردی نادۆزینەوە کە بۆ جنێو بەکار هاتبێ. ئەو جنێوانەی بۆنی ڕەسەنایەتی زمانی کوردییان لێ بێ، جنێوی لێکدراون و لە ناوێك و پاشگری (دەر)ی ناوی بکەری چاوگی (دان)ەوە دارێژراون، وشەی (گان)ی کرداری سێکسی لە (gender)ی لاتینیەوە هاتوە و پاشگری (دەری) دەخرێتە دواوە و ئەمە ناشیرینترین جنێوی کوردیە و بە هەما ڕێسا پاشگری (دەر) دەخرێتە دوای هەردو دەرچەی ڕەگەزی مێینە و ئەم سێ وشە لێکدراوە پیسترین جنێوی ڕەسەنی کوردین، سەرجەم جنێوەکانی تر لە زمانی عەرەبی هاتونەتە

ناو زمانی کوردیەوە، وەك (حیز ـ لە حاز و إنحاز ـ ەوە هاتوە، واتە لایداوە)، (گەوواد ـ لە قاد و قواد ـ ەوە هاتوە واتە پێشڕەوی دەکا)، (قەحپە)[304]، (فاحیشە)، دەشێ زاراوەی (تیاترۆ) لە تورکیەوە هاتبێ. هەروەها کۆمەڵی وشەی عەرەبی کە واتای ئابڕومەندی دەبەخشن، لەسەر ڕێسای جنێوی (بێ ئابڕو)، لە پێشگری (بێ) و ئەو وشانە داڕێژراون، وەك (بێشەرەف، بێناموس، بێئەدەب، بێئەخلاق، بێغیرەت، بێنەسەب، بێئیحتیرام،.....)، تەنانەت زۆر کرداری ئاسایی مرۆڤایەتی، کە لە ناو زۆر نەتەوەکان بە دیاردەی ئاسایی دادەنرێن، بەڵام بە کاریگەریی کەلتوری عەرەبی وشەی (عەیب)ەی عەرەبییان بەسەردا بڕا و قەدەغەکران بە تایبەتی بۆ ڕەگەزی مێ، وەك (دڵداری، خۆشەویستی، ڕەشبەڵەك، گۆرانی، سەماکردن. گەڕان، نواندن،.....).

## ٢ـ٢ـ٢ وشەی عەرەبی بواری سەربازی:

لە ئەنجامی هێرشە سەربازیەکانی دەسەڵاتدار و ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عەرەبەکان لە عێراق و سوریا، بۆسەر کوردستان، بەتایبەتی دابەشکردنی کوردستان و لکانی دو پارچەی بەو وڵاتانە، دەیان وشەی سوپا و سەربازی هاتنە ناو زمانی کوردی، وەك (عەسکەر، جوندی، عەریف، نەقیب، ڕائید، عەقید، عەمید، لیوا، پۆستاڵ، بێریە، بەدلە، ڕەبیعە، چادر، خێمە، ڕەبیعە، ئەلغام، ڕەشاش، دۆشکە، قەنناسە، هاوەن، عەشوە، مەخزەن، عیتاد، فەوج، سریە، فرقە، فەیلەق، ساروخ، ناپاڵم، باڕوت، کیمیایی، ئەنفال، موفرەد، سەڵی، تەرحیل، مەفرەزە، ناقلە، قازیفە،.....).

## ٢ـ٢ـ٣ وشەی عەرەبی بواری ڕامیاری:

کاریگەریی عەرەب لە ڕوی ڕامیاریەوە لەسەر کورد زۆر بوە و تاکو ئەوان دەستیان بە خۆپەرستیی نەتەوەیی و دروستکردنی پارتی ڕامیاری نەکردوە، کورد بیری لە جوداخوازی و نەتەوەپەرستی نەکردۆتەوە، بۆیە بە لاساییکردنەوە و هەنگاوهەڵگرتن، بزوتنەوەی ڕامیاری و نەتەوایەتی لە ناو کوردیشدا هاتۆتە ئارا و لەم لایەنەشدا چەندین وشە و زاراوەی ڕامیاری هاتونەتە ناو زمانی کوردی، وەك (سیاسەت، حیزب، دیموقراتی، دیکتاتۆری، تەنزیم، بەعسی، شوعی، فاشی، شۆڤێنی، ئایدیۆلۆجیا، تەکتیك، ستراتیجی،

---

٣٠٤ المنجد في اللغة والأعلام. دار المشرق. بيروت. الطبعة الثلاثون. ١٩٨٨. ص ٦٠٩.

ئیمپریالیزم، زایۆنی، ئیسلامی، ئیرهابی، حوکمی زاتی، جاسوس، سندوقی ئینتیخابات، کورسی، تەرشیح، .....).

## ٢ـ٢ـ٤ وشەی عەرەبی بواری کارگێڕی:

لەبەر ئەوەی عەرەب زۆر پێشی کورد دامودەزگای کارگێڕی هەبوە و دەوڵەتداری کردوە، بۆیە کورد لە دروستکردنی حکومەتدا تا ڕادەیەکی زۆر هەمان شێوازی بەکارهێناوە و هەمان دامودەزگاکانی حکومەتی دامەزراندوە و چەندین وشە و زاراوەی لە عەرەبی وەرگرتوە، وەك ( حکومەت، وەزیر، وەزارەت، دەوڵەت، مەلیك، جمهوری، مدیر، موختار، قەزا، ناحیە، قایمقام، پۆلیس، دائیرە، دەوام، عەلاوە، مەعاش، ئیسمی، ڕەسمی، فلوس، دینار، کەنناس، فەڕڕاش، نفوس، جنسیە، پەساپۆرت، بانق، غەرامە،مەکتەب، قەڵەم، موڵك، میرات، تاپۆ، سەنەد، خزمەت، کتێب، دەفتەر، وەرەقە، لیژنە،.....).

وەکو پێشتر ئاماژەی پێکرا، ئێستاش لە ئاخاوتندا دەیان وشەی عەرەبی دەبیسرێن، لە بوارەکانی پەروەردە، فێرکردن، دادوەری، تەکنۆلۆجیا، بازرگانی، کۆمەڵایەتی، پیشەسازی و زانست و .....هتد. (( هاتنی ئەم کەرەسە بێگانانە لە دو ڕێگەوە دەبێ: یان بێگانەکان خۆیان دەیانهێنن و دایدەسەپێنن بەسەر زمانی بەزیو و خانەخوێ، یان خانەخوێیەکان خۆیان کەرەسەکان دەهێننە ناو زمانەکەیان بە ڕێگەی وەرگرتن و قەرزکردن. بەڵام لە یەك جیاکردنەوەی کەرەسە بێگانەکان کە لە کام ڕێگەوە هاتون کارێکی ئاسان نیە. بە گشتی ئەمە هەندێ لەو ڕێگایانەن کە وشەی عەرەبی پیادا هاتۆتە ناو زمانی کوردی: هاموشۆی ئاشتیانە و دۆستانە، وەك هاتنی دەیان وشەی عەرەبی لە مەیدانی ڕۆشنبیری، وەکو ( شیعر، شاعیر، ئەدەب، کتاب، قەڵەم، دەفتەر، مەکتەب، مەتعەم، فندق و .....هتد ). یا تێکەڵی زۆرەکی و هێرشی سەربازی و داگیرکردن، وەك هاتنی دەیان وشەی عەرەبی لەم مەیدانەوە، وەکو ( عەسکەر، عەریف، نایبعەریف، ڕەبیە، دەبابە، پۆستاڵ، تەسریح و .....هتد )، یان لە ڕێگەی ئایینیەوە هاتنی دەیان وشەی وەکو ( ئیسلام، حەج، زەکات، کافر، شەیتان، ڕەحمان، غەزەب، لەعنەت/نەعلەت، شەرع، مارەیی، تەلاق و.....هتد ) و چەندین ڕێگەی تری کۆمەڵایەتی ) وەك: ( سفوور، محجبە، هەموو جنێوە سادەکان ))[305] و بازرگانی و

---

( ٣٠٥ ) ئەگەر بە وردی سەیری زمانی کوردی بکەین ، هیچ جنێوێکی سادەی ( وشەی سادە ) تیادا نابینینەوە ، بەڵکو زۆربەیان لە زمانی عەرەبییەوە وەرگیراون ، ئەمەش پتر بەڵگەی ئەوەیە : ئەم دیاردە ناپەسەندانە لە وڵاتی کوردەواریدا نەبوون و دیاردەکە و ناوەکەی لەوانەوە هاتوونەتە ناو کورد . کۆمەڵناسە کوردەکان بەڵگەی بەرجەستەییان بۆ ئەم ڕاستیە

ڕامیاری....هتد. هەڵبەتە سەرجەمی ئەم لایەنانەش بەتایبەتی لایەنە ئابیەکانی ( الجوانب الایجابیە ) ڕواڵەتی شارستانیت دەخەنە ڕوو . ))٣٠٦، بەڵام لە نوسیندا خەریکە پەیتا پەیتا وشەی خۆماڵی یا ئینگلیزی جێگەیان دەگرێتەوە، ئەو ناوانەی لێ بترازێن، کە تایبەت بە عەرەبن و بەناچاری دەمێننەوە.

## بەشی سێیەم
## ئاستی ڕستەسازی

### پێشەکی:

بەر لە هەمو شتێك پێویستە ئەوە بزانرێ، ئەگەر زمانێکی بەزیو، بە کاریگەریی زمانێکی زاڵ، ئاستی ڕستەسازیی بگۆڕێ و لەژێر ئەو کاریگەریەدا بمێنێتەوە، ئەوا زۆری پێ ناچێ، ئەو زمانە بەزیوە بەرەو نەمان دەچێ. بۆیە گۆڕان لە ئاستی ڕستەسازی کردارێکی زۆر گرانە و بە ئاسانی ڕونادا. تاکو گۆڕانیش لە ئاستی ڕستەسازی ڕونەدا، ئەو زمانە هەر پارێزراو دەبێ، ئەگەر زۆربەی وشەکانیشی بن بە وشەی زمانە زاڵەکە. کاتێك وشەیەکی بێگانە لە زمانە زاڵەکە دێتە ناو زمانە بەزیوەکە، لەناو قاڵبی ڕستەی زمانە بەزیوەکە جێی خۆی دەکاتەوە و لە کۆتاییدا یان دادەتاشرێ و گۆڕانی بەسەردا دێ، تاکو خۆی دەگونجێنێ، یان وشەیەکی گونجاوتری خانەخوێ جێگەی دەگرێتەوە و بێگانەکە دەردەکرێ. بۆنمونە، ڕێزمانزان سەعید سدقی لە لاپەڕە (٣٣)ی کتێبی ( مختصر صرف و نخوی کوردی ) نوسیویەتی، ( لە جناب معلمان محترم رجا دەکەم لە بحث ضمیرانا لەگەل طلبە توزی بە صبر بن لازمە نظر دقتیان جلب بکری )٣٠٧، هەروەها عەلیی تەرەماخی، لە سەرەتای کتێبی دەستوری زمانی عەرەبی بە کوردی، نوسیویەتی، ( اعلم تو بزان ای مفردی مذکری مخاطب کو ژ بوی طایفا اکرادان را ژی لازمە کو بزمانی کورما نجی او ژ علمی صرفی بزانن ). کەواتە دوا

---

بە دەستەوەیە کە لێرەدا شایانی باس نیە . ئەمەش ئەوە ناگەیێنێ کە کورد جنێوی هەر نەبووە ، بەڵکو ئەگەر سەرنج بدەین ئەو زاراوە کوردیانەی بۆ جنێو بەکار دێن زۆربەیان وشەی لێکدراون ، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە زاراوەکان خۆکردن و درەنگتر لە سادەکان دروستکراون .

٣٠٦ عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول. مێژوی شێوەزاری گەرمیان. گۆڤارا زانکۆیا دهۆك. پەڕبەندا ( ٥ ). هژمارا ( ١ ). ئەیلول ٢٠٠٢. ل٧.

٣٠٧ سعید صدقی. مختصر صرف و نحوی کورد. جزء ١. بغداد. ١٩٢٨. ل ٣٣-٣٤.

قۆناغی گۆڕانی هەر زمانێك قۆناغی ڕستەسازیە، ئەگەر ڕستەسازی هەر زمانێك گۆڕا ئەو زمانە لەناو دەچێ. بۆیە یاساکانی ڕستەسازیی هەر زمانێك پێوەری سەرەکیی ئەو زمانەن، ئینجا ئاستەکانی تری وشەسازی و دەنگسازی دێن.

## ٣ـ١ گۆڕان لە ئاستی ڕستەی زمانی کوردی:

نکوڵی لەوە ناکرێ، ئەوەی نەتەوەی کورد و زمانی کوردی بە زیندویی هێشتۆتەوە، زمانەکەیەتی بە گشتی و ئاستی ڕستەسازیەتی بەتایبەتی، بەبەڵگەی ئەوەی لەسەردەمێکدا بێپایان وشەی عەرەبی هاتونەتە ناو زمانی کوردی و کاریگەرییان هەبوە لەسەر دەنگسازیی کوردی و کۆئەندامی ئاخاوتنی کوردیشیان بە فۆنێمە عەرەبیەکان ڕاهێناوە، بەڵام لە ئاستی ڕستەسازیدا گۆڕانێکی ئەوتۆ ڕوینەداوە، شایانی باس بێ. ئەمە واتای ئەوە ناگەیێنێ، هیچ ڕستە یان فرێزێکی عەرەبی لەناو زمانی کوردی بەکار نەهاتوە، بەڵکو مەبەست ئەوەیە، هیچ گۆڕانکاریەك لە یاساکانی داڕشتنی ڕستەی کوردی ڕوی نەداوە، ڕیزبەندیی کەرەسەکان وەکو خۆیەتی. بۆنمونە:

- کوڕەکە سێوێکی خوارد. (یاسای داڕشتنی ڕستەی کوردی بەم شێوەیەیە: بکەر + بەرکار + کار ).
- أكل الولد تفاحه. (یاسای داڕشتنی ڕستەی عەرەبی بەم شێوەیەیە: کار + بکەر + بەرکار ).

شایانی باسە تا ئێستاش لە ئاخاوتنی کوردیدا، بەتایبەتی باشوری کوردستان، بەدەیان ڕستە و فرێزی عەرەبی بەکاردێ، بەتایبەتی زۆر ئاماژە دەکرێ بە کورتە ئایەتی قورئان، فەرمودەی پێغەمبەر، وتەی ناوداران، شیعری شاعیران، پەند و قسەی نەستەقی عەرەبی ......، تا ئێستاش لە ئاخاوتندا دەیان دەستەواژەی ئایینی وەك (بیسمیللا، ئەلحەمدولیللا، ئەستەغفیرولڵا کراوە بە ئەستەغفیرەڵڵا، لاحەولەوەلاقووەتە ئیللا بیللا، ماشەڵڵا، ئیشاڵڵا، سوبحانەڵڵا، نەعوزوبیللا، بیلامانێ، بیلاتەشبیە، حاشەحازری، عەفومکە، خواحافیز، ...... ).

## ٣ـ٢ گۆڕان لە ئاستی ڕستەسازیی زمانی کوردی:

گومان لەوەدا نیە ڕستەسازیی زمانی کوردی لەسەرەتای هاتنە ئارای ئەو زانستە و نوسینەوە و دانانی سەرچاوەکانی ڕێزمانی کوردی، بە شێوەیەکی ڕون و بەرچاو کەوتوەتە ژێر

کاریگەریی ڕێزمان (قەواعید)ی عەرەبی و زۆر یاسا و ڕێسای (نەحو)ی عەرەبی بەسەر زمانی کوردیدا سەپاندوە و تا ئێستاش کاریگەرییان بەسەر ڕێزمانزانەکانەوە ماوە، تەنانەت هەندێکیان پێداگری لەسەر بونی هەندێ کەرەسە و یاسا و ڕێسا دەکەن، کە لە بنچینەی زمانی کوردیدا بونیان نیە. ئەم کارلێکردنی (قەواعید)ی عەرەبی، بەزۆری ڕاستەوخۆ ڕێزماننوسە کوردەکانی سەرەتا، لە قەواعیدی عەرەبییان وەرگرت و تا ڕادەکی زۆر لەسەر ڕێزمانی کوردی فۆتۆکۆپییان کرد، بەتایبەتی ئەو ڕێزماننوسانەی پەروەردەی حوجرە و مزگەوتەکان بون و سەرچاوەی زانستەکانیان کتێبە عەرەبییەکان بون، هەرچەندە نابێ نکوڵی لەوەش بکرێ، کە هەنگاوی زۆر مەزن و دڵسۆزانەیان ناوە و شایانی ستایشی زۆرن، بەڵام لە هەڵسەنگاندندا پێویستە ڕاستیە زانستیەکانیش بخرێنە ڕو. دواتر لەبەر ئەوەی سەرچاوەکانی ئەمانە بون بە بناغە بۆ نەوەی دوای خۆیان، تەنانەت ئەوانەش کە بڕوانامەی بەرزیان لە دەرەوەش هێنابو، تا ڕادەیەك پشتیان بەو سەرچاوانە بەستبو و زۆر لە ئەنجامەکانی ئەوانیان کرد بە کەرەسەی خاوی نوسینەکانیان و بەم جۆرە چەندین بۆچونی عەرەبیی ناڕاست بەسەر زمان و ئەدەبی کوردیدا دابڕان، تەنانەت ئەو بیر و بۆچونانە لە نوسینەکانی بەشە کوردیەکان و کۆڕی زانیاری کورد لە بەغدا و مامۆستاکان و کتێبی زمان و ئەدەبی کوردیی قوتابخانە و زانکۆکانیش ڕەنگی داوەتەوە. لە خوارەوەدا چەند نمونەیەك لەو بیر و بۆچونانە دەخەینە ڕو کە لە زمانی عەرەبییەوە، بە هۆی فۆتۆکۆپی کردنیان بەسەر زمان و ئەدەبی کوردییان داسەپاندوە:

## ٣-٢-١ گۆڕان لە بڕگەسازیی زمانی کوردیدا:

ئاشکرایە، لەسەرەتادا زۆربەی شاعیرانی کورد، لە خوێندنگە ئاینیەکانی مزگەوت و حوجرەکانی پێگەیشتبون و کاریگەریی زمان و ئەدەبی عەرەبییان ڕاستەوخۆ بەسەرەوە دیار بو، ئەو کاریگەریە وایکرد، بە هەمان پێوەر و قاڵبەکانی قەسیدەی عەرەبی دیوانی شیعرەکانیان بهۆننەوە و هەوڵ بدەن، وەکو ئەوان سەروای هەمو پیتەکان و کێشی هەمو (بەحرەکانی عەرەوز)ی عەرەبییان هەبێ، ئەمەش بۆ سیستەمی زمانی کوردی کارێکی زۆر گران بو، بۆیە ناچار بون هەندێك جار قاڵبی ڕستەی کوردی بشکێنن و جێگەی کەرەسە سەرەکیەکانی (بکەر + بەرکار + کار) ئاڵوگۆڕ بکەن. جگە لەمەش هەرچەندە هەندێ جار یاساکانی عەرەوزی عەرەبییان دەبەزاند و (بەحر)ی ڕیزپەڕیان دروستدەکرد، بەڵام لە هەموی کێشەدارتر، هەمان یاساکانی بڕگەی عەرەبییان بەسەر زمانی کوردیدا سەپاند و بڕگەسازیی

کوردییان دوچاری هەڵەی ئەوتۆ کرد، کە تا ئێستاش جگە لەوەی ڕاستنەکراونەتەوە، بونەتە دەرەنجامی بڕیای هەڵەتر و پتر ڕاستیە زمانەوانیەکانیان بەلاڕێدا بردوە. وەك:

١- هەرگیز بڕگە بە بزوێن دەست پێناکا. ئەم بڕیارە وایکرد، دان بە بونی دەنگی (ئـ) هەمزەدا بنرێ وەك فۆنێم و هەڵە لەسەر هەڵە بنیاتنرا. کەچی وەکو زمانە هیندۆ ئەوڕوپییەکانی تر، زۆر بڕگەمان هەیە بە بزوێن دەست پێ دەکەن، وەك: (/ا/ /وات/، /ە/ /چی/ /بۆ/ /ێـ/ /ران/؟. /ا/، /ە/ /بێ/ /ێـ/ /وا/ /رە/ /ب/ /چم/.

٢- هەرگیز بڕگەی کوردی لە یەك فۆنێم پێك نایێ. ئەمەش وایکرد، دان بە بونی فۆنێمێکی وەکو بزرۆکەدا بنرێ و بە زۆر ئەم دەنگە (کە لە هەمو زمانەکاندا هەیە و ئەو هەوایەیە کە دەکەوێتە نێوان دو فۆنێمی نەبزوێن) بکرێ بە فۆنێمێکی زمانی کوردی و تەنانەت لە نوسین بە لاتینیدا بە هەڵە هێمای پیتیشی بۆ دابنرێ، وەك: (/ب/ /ڕۆ/، /ب/ /را/ /کەم/ /ب/ /نێـ/ /رە/ /د/ /هۆك/!.

٣- هەرگیز بڕگە بە بێ بزوێن دروست نابێ. لەمەشدا بڕیارێکی هەڵە سەپێنرا بەسەر زمانی کوردیدا، کە دان بە بونی بڕگەیەك نانێ، کەلە دو نەزوێن یان زۆرتر پێکهاتبێ، وەکو ئەوەی لە زمانە هیندۆئەوروپییەکان دانییانراوە. هەروەها دیسان جەخت لەسەر بونی بزرۆکە دەکاتەوە وەکو فۆنێمێك. کەچی لە زمانی کوردیدا دەیان بڕگەمان هەیە لە هیشوە نەبزوێنێك پێکهاتون، وەك: (/مرد/، /پرچ/، /پشت/، /گرد/، ....).

کەواتە، بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو هەمو هەڵانە، پێویست بەوە دەکا چاو بە کۆمەڵێك یاسای بڕگەسازی کوردیدا بخشێنرێتەوە و بە بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای نوێ، لە تاقیگەکانی دەنگدا، ئەم هەڵانە ڕستبکرێنەوە. بە پشت بەستن بە یاسا زمانەوانیە سەرا پاکان، نەك یاسا زمانەوانیە عەرەبییەکان، دەردەکەوێ لە دەنگسازیی کوردیدا، هەردو دەنگی (ئـ) هەمزە و (i) بزرۆکە فۆنێم نین و نابێ بە پیت دابنرێن، بەم شێوەیەش، ئەگەر توێژینەوەیەکی وردی زانستانەی بڕگەسازیی کوردی بکرێ، خشتەکە دەگۆڕێ و ئەم (١١) یازدە جۆرە لە بڕگەی کوردی دەدۆزرێنەوە:

## یاســــــای بڕگەســــــازیی کوردی

( /C/= نەبزوێن / کۆنسونانت )، ( /V/= بزوێن / ڤاول ).

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١ | پ: نان دەخۆی؟. و: /a/V/، /ە/خۆم /e/xom/ | V | دایك: وەرە ژورەوە. منالّ: /ێ/ێ/ê/ê/ ...... |
| ٢ | /تۆ/ /to/، /نا/ /na/، /نۆ/ /no/،....... | C V | /دا/دە/ /da/de/، /با/بە/ /ba/be/..... |
| ٣ | /او/ /aw/، /اش/ /aş/، /ەو/ /ew/،.... | V C | /ای/ /ay/، /ۆی/ /oy/، /ەز/ /ez/....... |
| ٤ | /مەڕ/ /meȓ/، /کەڕ/ /keȓ/، /سەر/ /ser/ | C V C | /کەف/ /kef/، /شەو/ /ŝew/، /سێو/ /sêw/ |
| ٥ | /برا/ /bra/، /خوا/ /xwa/، /خوێ/ /xwê/ | CC V | /ترێ/ /trê/، /درۆ/ /dro/، /شلە/ /ŝle/... |
| ٦ | /ەرك/ /erk/، /ەشك/ /eŝk/، /ەسپ/ /esp/ | V CC | /ەرد/ /erd/،...... |
| ٧ | /شوان/ /ŝwan/، /ژوان/ /jwan/، | CC V C | /جوان/ /cwan/، /دوان/ /dwan/،...... |
| ٨ | /دەست/ /dest/، /دەشت/ /deŝt/، | C V CC | /هەشت/ /heŝt/، /خەست/ /xest/، /ڕاست/ |
| ٩ | پ: دەچی بۆ بازاڕ؟ و: /چ/، /ب/ناڤێ خودێ... | C | /ل/اسمانێ /b/navê xwdê/l/asmanê/ |
| ١٠ | /من/ /mn/، /ژن/ /jn/، /کل/ /kl/، /شل/ | C C | /مل/ /ml/، /دز/ /dz/، /کڕ/ /kȓ/، /سك/... |
| ١١ | /پرچ/ /prĉ/، /مرد/ /mrd/، /گرد/ /grd/ | C C C | /سرك/ /srk/، /وشك/ /wŝk/، /پشت/..... |

( دەشێ بڕگەکانی زنجیرە ( ٦، ٧ و ٨ ) بە پێی پێویستی شیعرەکە دابەشی دو بڕگە بکرێن )

لە خالّی ( ٩ ) نۆیەمدا، ئەم فۆنێمی /چ/ـە، پێچەوانەی هەمو فۆنێمەکانی تر، دوای نیمچە داخستنی دەم، هەوا لە دەرەوە دەچێتە ژورەوە.

سەربارى ئەمەش دەرکەوتوە، کە شیعری کوردی لەسەر سیستەمی پەنجەیی، دروست بوە، وات ژمارەی بڕگەکانی نیوە دێڕی یەکەم و دوەم یەکسانن و بە زۆریش ژمارەی بڕگەکانی هەر نیوە دێڕێك لە ژمارەی پەنجەکانی هەردو دەست پێپەڕ ناکەن و ڕێژەی هەرە زۆری ژمارەی بڕگەکانی نیوە دێڕێك، یا هەشت بڕگەیی یان پێنج بڕگەیین.

### ٣-٢-٢ گۆڕان لە ڕستەسازیی زمانی کوردیدا:

وەکو ئاماژەی پێکرا، لە ڕێزمانی کوردیدا کۆمەڵێك بڕیاری لاسایی کەرەوەی ( قەواعید )ی عەرەبی دراون، بۆ ئەوەی تویژینەوە نەکەوێتە بازنەی ڕەخنەکاری، هەوڵدەدرێ بە گشتی و بەبێ ناوهێنان ئاماژە بە هەندێ لەو لاساییکردنەوانە بدەین، وەك:

١- تا ئێستا بە کاریگەریی پیتی (ئـ) هەمزەی عەرەبی و بڕگەسازیی عەرەبی، زۆر لە زمانەوانە کوردەکان تا ئێستا دان بە بونی فۆنێمی (ئـ) هەمزە و فۆنێمی (i) بزرۆکەدا دەنێن لە زمانی کوردیدا.

٢- بونی ڕستەی ناوی و ڕستەی کاری: واتە، هەندێ لە زمانەوانان لەو باوەڕەدا بون، لە کوردیدا ڕستە هەیە، کاری تیادا نیە و تەنیا لە ناو پێکهاتون و کاریگەرن بە ( جملە إسمیە )ی عەرەبی و بە کاریگەریی هەمان ڕێزمان لە بری ( مبتدأ و خبر ) ناویان ناوە نیهاد و گوزارە.

٣- لە ئەنجامی خاڵی سەرەوەدا، هەندێکیان لە ڕستەی هەواڵدانی کاتی ئێستادا مۆرفیمی ( ە )ی کاتی ئێستا بە ڕاناو دادەنێن، بۆ کەسی سێیەمی تاك، وەك ( ئازاد زیرەکــــە. )، هەندێکی تریان بە کاری بێهێزی دادەنێن.

٤- تا ئێستاش هەندێ لە زمانەوانان لەو باوەڕەدان، چاوگی ( بون و هەبون )ی تێپەڕ و نەپەڕ هەن.

٥- تا ئێستاش هەندێ لە زمانەوانان لەو باوەڕەدان، کاری بەهێز و کاری بێهێز هەن و چاوگی ( بون ) بە کاری ناتەواو دادەنێن و کاریگەرن بە ( ألافعال الناقصە )ی عەرەبی.

## ( سەرچاوەکان )


**سەرچاوە کوردیەکان:**

١- ئەورەحمانی حاجی مارف، کورتەیەکی مێژووی نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق " دەستەی کورد"، بەرگی هەشتەم، بەغدا، ١٩٨١.

٢- دیوانی وەفایی، لێکۆڵینەوەی محەمەد عەلی قەرەداغی، بەغدا، ١٩٧٨.

٣- دیوانا مەلایێ جزیری، توێژاندنا ێادق بهائەددین ئامێدی، بەغدا. ١٩٧٧.

٤- دیوانی مەولەوی، کۆکردنەوەی مەلا عبدالکریمی مدرس. بەغدا. ١٩٧٨.

٥- دیوانی ناڵی، لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەی مەلا عبدالکریمی درس و فاتح عبدالکریم و محمدی مەلا کریم. بەغدا. ١٩٧٦.

٦- سعید صدقی. مختصر صرف و نحوی کورد. جزء ١. بغداد. ١٩٢٨.

٧- عەبدوڵلا حوسێن ڕەسول. مێژوی شێوەزاری گەرمیان. گۆڤارا زانکۆیا دهۆك. پەربەندا ( ٥ ). هژمارا ( ١ ). ئەیلول ٢٠٠٢.

٨- عەبدوڵلا حوسێن ڕەسول. چەند پیتێکی کێشەدار لە زمانی کوردیدا. گۆڤارا زانکۆیا دهۆك. پەڕبەندا ( ٧ ). هژمارا ( ١ ). تیرمەه ٢٠٠٤.

**سەرچاوە عەرەبییەکان:**

٩ـ عبدالرحمن أيوب، تحليل عملية التكلم و بعض نتائجه التطبيقية، مجلة عالم الفكر، المجلد العشرون، العدد الثالث، الكويت، ١٩٨٩.

١٠ـ علي عبدالواحد وافي. علم اللغة. القاهرة. ١٩٧٢.

١١ـ ليف سيمينوف فيجوتسكي. التفكير واللغة. ترجمة طلعت منصور. القاهرة. ١٩٧٦.

١٢ـ المنجد في اللغة والأعلام. دار المشرق. بيروت. الطبعة الثلاثون. ١٩٨٨.

سەرچاوە ئینگلیزیەکان:

**١٣ - A. C. Gimson, An introduction to the pronunciation of English, Bristol.**

**١٤ - J. D. O, Connor, Better English pronunciation, London.**

## ملخص البحث

## تأثير اللغة العربية على اللغة الكوردية

التماس الحدودي والتعايش التأريخي الطويل بين الأمة العربية و الشعب الكوردي، بكافة سلبيات و إيجابياته أدى الى تأثر اللغة الكوردية باللغة العربية و أخذ العديد من المواد اللغوية، بكافة حقولها الصوتية و الصرفية و النحوية.

استنادا الى مستويات اللغة، إضافة الى المقدمة والنتائج بادر الباحث اى تقسيم البحث الى ثلاثة فصول:

ففي الفصل الأول تطرق الى تأثير اللغة العربية على اللغة الكوردية عبر تأريخ التعايش المشترك، في الجانب الصوتي (الفونيتيك) و درج المواد المأخوذة من اللغة العربية.

و في الفصل الثاني تحدث الباحث عن تأثيرات اللغة العربية على اللغة الكوردية من الجانب الصرفي (المورفولوجيا) مع الإشارة الى المفردات الداخلة أو العابرة الى الغة الكوردية.

و تم في الفصل الثالث تناول تأثيرات العربية على الكوردية من الجانب النحوي (السنتاكس) بالإشارة الى التغيرات الحاصلة على التركيبات النحوية في اللهجات المحلية المجاورة للعربية.

وأخيرا قدم ملخصا أهم النتائج باللغة العربية والأنكليزية مع قائمة المصادر.

بالحروف السائدة المشابهة للحروف العربية. وكذلك إضافة إلى المقدمة يتضمن البحث ملخصاً باللغة العربية والإنكليزية مع قائمة بأهم المصادر المستعملة في البحث.


## «Abstract»

In spite of being many articles and researches about Kurdish letters, whence their existence or not, in addition to their numbers and direction for their writing. But the researcher has same new different opinions about some vowels, like: Short (i), double (وو), and some consonants, such as: (ئـ), (ح،ع), and (خ،غ). Every letter has been stadied in a particular section, and after every section, the researcher exhibits his deductions about that letter with his recommendations to Kurdish writing by these letters, which similar to Arabic alphabet.


هەوالنامەی کتێب